
٢٠٦



تابلۆی هونەرمەند: ڕێگار غەفور حەمە

# ڕامان

٢٠٦

مانگانەیەکی ڕۆشنبیری گشتییە ـ دەزگای ڕامان دەری دەکات
خولی سێیەم/ ساڵی نۆزدە/ تەمموزی ٢٠١٤



- **خاوەن ئیمتیاز**
  شەوکەت شێخ یەزدین
- **سەرنووسەر**
  ئازاد عەبدولواحید
- **بەڕێوەبەری هونەری**
  سەرکەوت وەلی
- **مۆتیف و پۆرترێت**
  قەرەنی جەمیل
- **بەرگ**
  باسم ڕەسام

ناوونیشان/ هەولێر ـ ڕێگای کەرکووک ـ تەنیشت قبووڵ مەرکەزی
ئەدرێسی ئەلیکترۆنی / www.raman-media.net
تەلەفۆن و مۆبایلی سەرنووسەر (ناوەوە)/ 2228506 - 07504494662
(دەرەوە)/ 009647504494662
تەلەفۆنی نۆرماڵ / 2230582
پۆستی ڕامان: azad_abdulwahid@yahoo.com
sarkautwali@yahoo.com



چاپخانەی خانی/ دهۆک
نرخ/ ٧٥٠ دینار

# ناوەرۆکی رامان

● **دەق**


- بە یەکەوە تەنیاین/ جەلال بەرزنجی/ 3
- دایکی ناساز/ د. هیوا شەمسی بورهان/ 5
- بیانوو دەگرم بە جادە/ گوڵستان وەلیە/ 6
- شەڤ و ئاخا نقستی/ ڕۆژەن بارناس/ 7
- کاتی نەرمونیانی خیز/ لە فارسییەوە: عەبدولخالق یەعقووبی/ 9
- ژاژی/ ناسر وەحیدی/ 10
- منداڵە دڵدارەکان/ هێمن بەرزنجی/ 13
- شەرم/ ئازاد ئەرگوشی/ 20
- گونەه/ ئیلهامی سیدار/ 22
- بەسەرهاتی کەرێک لە سەرەمەرگدا/ لە فارسییەوە: مەزهەر ئیبراهیمی/ 27
- بەها/ گۆران سەرگەڵوویی/ 29


● **هەڤپەیڤین**


- هەڤپەیڤینێک لەگەڵ چیرۆکنووس (کاکەمەم بۆتانی)/ ئا: ئازاد عەبدولواحید/ 36


● **ڕەخنە و لێکۆڵینەوە**


- شیعری لیریکی کوردی لەنێوان ڕوانینی شاعیرانە و ئاگایی شیعریدا/ عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا/ 56
- بەرەو بەدیهێنانی قوتابخانەی بەراوردکاری لە ئەدەبی کوردیدا/ حسەین کەلاری/ 61
- بنیادگەری و سیمۆتیک/ لە ئینگلیزییەوە: عەتا قەرەداغی/ 68
- چەمکی داهاتوو لە بۆچوونی کۆمەلایەتی هاوچەرخ و لە ئەدەبیاتی کۆندا/ لە فارسییەوە: محەممەد ئەحمەدی (ساماڵ)/ 77


● **وتار**


- خانای قوبادی و ڕۆڵی لە بنیادنانی مێژووی وەرگێڕان لە ئەدەبی کوردیدا/ هەردی عومەر حەسەن/ 87
- کاریگەری ئیسلام لەسەر پەندی کوردیدا/ تۆفیق کەریم/ 92
- نەخشە (پلۆت) لە کورتە چیرۆکدا چییە؟/ لە ئینگلیزییەوە: پشتیوان عەلی/ 96
- چاوخشانێک بەسەر بنەماکانی وەرگێڕاندا/ لە فارسییەوە: ئەحمەد چاک/ 100
- چۆن خوێندنەوە لەلای منداڵەکانت شیرین دەکەیت؟/ لە عەرەبییەوە: یاسین قادر بەرزنجی/ 105


● **هزر و فەلسەفە**


- میتافیزیک لە فەلسەفەی سەدەی حەڤدەی ئەوروپادا/ د. حەمید عەزیز/ 108
- سەرەتاکانی فەلسەفەی ئاکاری کانت/ سەعید کاکی/ 115


● **مێژوو**


- ناپلیۆن لە ڕۆژهەڵات/ سەباح عەلی جاف/ 127


● **هونەر**


- شانۆ نەمردووە، بەڵکو سەربەستە/ لە فارسییەوە: فاتیح فرومەند/ 133
- مێشەهنگڤڤان «بەر ب ڕەخنەڤانیا سینەماییدا»/ د. حوسێن حەبەش/ 138


● **خوێندنەوەی کتێب**


- زمانێک لە چەشنی هەنگوین/ قادر عەلیخا/ 141
- سانتیاگۆ دی کۆمپۆستێلا، جوانی و گەڕیدەیی/ هاشم سەڕاج/ 147
- کۆندری مەرگ/ جەلال سنجاوی/ 151


● **بە باڵابڕین**


- سروە و ڕامان، دوو ئەزموونی هەرمان، شاباڵی کەسکی پەیڤێک/ شەریف فەلاح/ 155



● **سووکە لەنگەر**


- بەگشتی نووسەرانیش ناخوێننەوە/ غەمگین بۆڵی/ 160

# به یه‌كه‌وه ته‌نیاین

جه‌لال به‌رزنجی
(كه‌نه‌دا)

ئه‌و كاتانه‌ی به‌یه‌كه‌وه بووین،
ڕێگایه‌ک،
نه‌ده‌چووه‌وه سه‌ر دووڕیان،
ده‌یبردینه‌وه ئه‌و شوێنه‌ی،
خه‌ڵكی وێنده‌رین.
چیایه‌ک هاوسێمان بوو،
ده‌چووینه سه‌ری،
له‌وێنده‌رێ،
دنیا ئه‌وه‌نده بوو كه ده‌مانبینی.
ئه‌و كاتانه‌ی به یه‌كه‌وه بووین،
په‌ڕه‌سێلكه،
ڕۆژمێرێكی زیره‌ک بوو،
له هێنانی مژده‌ی به‌هار بۆ ژووره‌كه‌مان،
دوانه‌ده‌كه‌وت،
ئه‌وكاتانه‌ی به یه‌كه‌وه بووین،
ژماردنی دۆلاری نه‌وت و غاز،
هی گه‌نده‌ڵی،
هه‌موو كاتمانی نه‌بردبوو،
كاتمان هه‌بوو،
بۆ
خۆشه‌ویستی،
دۆستایه‌تی و
چوونه پرسه‌ی ئازیزان.
ئه‌و كاتانه‌ی به‌یه‌كه‌وه بووین،
باره‌گای ئه‌و هه‌موو حزبه له گه‌ڕه‌كه‌كه‌مان نه‌بوو
بالێت نه‌بووین،
مرۆڤ بووین.
ئه‌و كاتانه‌ی به‌یه‌كه‌وه بووین،
هێشتا خودایان له عاردی تێكه‌ڵی سیاسه‌ت نه‌كردبوو،
كه بێهووده‌یی ده‌رگای لێده‌گرتین
ڕووناكیمان ده‌بینی،
له ئاسمانه‌وه ده‌هات،
بێ ترس ده‌چووینه ناوی،



دەبووین بە سێ گۆشـەیەکی ئارام،
وەک چۆن بەردێک،
لەبەرزاییەکرا بخەیتە ناو ڕووبارێک،
ئەوها شـەپۆلی سۆزمان،
بۆ یەکتر دەنارد.
ئەو کاتانەی بەیەکەوە بووین،
دیجیتاڵ،
پێوەندی نێوانمانی نەگۆڕیبوو،
لە فەیسبووک،
ئەو هەموو برادەرە بە قەسـتیانەو
لایکە بە درۆیانەمان نەبوو.
ئەو کاتانەی پێکەوە بووین،
هـزرمان
وەک ڕۆژێکی سـامـاڵی ئاسـمانی باکوور،
فراوان بوو.
دەزانم ناتوانین ڕابردوو بگۆڕین،
یان باز بۆ پێشـەوە بدەین
ڕەنگە ئەو قسـەیەم،
بۆ ئەوانەی،
بە نەشـئەی پێکی دوایی نوێخوازی،
کە تا ئێسـتا لەگەڵ نوێخوازی لێم تێکەڵ بووین،
مەسـت بووین،
سـەیر بێت.
ئەو کاتانەی بەیەکەوە بووین،
زمانی غـەمـزە،
لە زمانی ئەمڕۆمان ڕوونتر بوو،
بۆ گوزارشـت کردن لە خۆشـەویسـتی
ئەو ڕۆژانە،
دوو بووین،
بۆ چوونە ژوورەوە لە دەرگای خۆشـەویسـتی،
دەبووینەوە یەک
کەس نەیدەتوانی بێتە نێوانمان.
ئەو کاتانەی بەیەکەوە بووین،
زمانی دایکمان وا بچووک نەبوو،
ئێمـەیش بچووکتر.
ئەو ڕۆژانەی بەیەکەوە بووین،
بەناو ئەو دارانەی ئێواران
پڕ دەبوون لە باڵندە،
ڕەت دەبووین،
وامان هەسـت دەکرد،
ئێمـە مەلەوانین و ئەوانیش ئاون.
ئەو کاتانەی بەیەکەوە بووین،
منداڵێک لە ناوەوەمان بوو،
ڕابەرایەتی دەکردین،
ڕێگای گەشـت کردن لە مێشـکەوە بۆ دڵ،
وا دوور نەبوو،
نازانم بۆ پەلەمان بوو زوو گەورە بین،
هەردووکمان منداڵی یەک زەوین.
لە پێغـمبەرەکان گەڕێ،
خودامان یەکە،
بەڵام نازانم بۆ تۆ بوویت بە تیرۆریسـت و
منیش بە شـاعیر؟

# دایکی ناساز

د. هیوا شەمسی بورهان
(فەڕەنسا)

(بۆ بابم، بە یادی تووبا خاتوونی نەنکم)



تا چاو هەتەر دەکا بەفرە
زستانە خەوێکی قووڵ
چاوی گوندێکی بردووە.
دەردەباریکە
ئانگڕای دایکێک بووە.
نە دەرمانێک لەنێو ماڵدا
نە دکتۆرێک بەڕێوەیە.
چرای ژینی کز دەسووتێ.
چەند شەو دەبێ
لەبات کوڕە شەش ساڵەکەی
دەگەڵ دێوی ئازار دەنوێ.
وەکو جاران ماچی ناکا
هەر لە دوور ڕا
بۆن بە کراسەکەی دەکا
بە فرمێسکان تەڕی دەکا.
منداڵەکەش بە پرسیاران سەیری دەکا
نازانێ بۆ،
وەکو جاران ئازیز نییە؟
ئەو قەتارە فرمێسکانە لەبەر چییە؟

**تاران ١٩٩٨**

**نیوە نیوە**

جوانی و خۆشیی هەموو شارێک
هەر ئەوەندەی،
سەر بە کەشوهەوای خۆشە
سەر بە دار و گوڵی گەشە
سەر بە ئاوی زۆر و لێشە،
هەر ئەوەندەش
سەر بەو بەردە جوانانەن
لەسەر یەکتر دانراون و
خەڵک بە عیشق سواغی کردوون.
سەر بەو ڕێگا و بانانەن
لەم سەر بۆ و سەر کێشراون و
بەڕێکی قیلەتاویان لەسەر ڕشتوون.
بۆیە جوانی بارسەلۆنا
نیوەی بابەتێکی خوداییە،
نیوەکەی تر،
سەر بە هێندێک پیاو و ژنی
وەکو " ئانتۆنی گاودی"یە(*).

**٢٠١٤/٤/٢٢ بارسەلۆنا**

**Antoni Goudi**

**میعمارێکی خەڵکی بارسەلۆنایە. خزمەت و دەستکردەکانی بەهایەکی زۆریان بەو شارە بەخشیوە.**

# بیانوو دەگرم بە جادە


**گوڵستان وەلیە**
**(سنە)**

جادە لە تاقەتی مندا
عوبورێکە ماندوو لە پانتایی چەمەدان،
جادە لە تۆدا
خاکیتر لە هەمیشە سیگارێکە، تا دێت مژم لێ ئەدات
تەواوی من لە باوەشتا شوێنی خستووە
تەواوی تۆ لە ترمیناڵێکا خاڵی دەبێت
کەمێک لە من تیک تاک وەک میلی سەعاتێک
بیانوو دەگرێت بەدیوار، بیانوو دەگرم بە جادە
کە تا دێت گەورەتر لە هەمیشە شاری دەبێتەوە.
پاڵم داوە بە پشت شارێکا
تا تۆ گوم دەبیت بە عوبورەکانما
تا من، تا ئەو هەموو تایەی
تیک تاک بە دیوارەکانی ژوورەکەم تێک دەچیت و
ناچیت
جادە ئەمگرێت
لێوان لێوم ئەکا لە خاترە
سیگارێک دڵم ئەداتەوە
تا سەر پەنجەی خەیاڵێک
کە ختووکەم ئەدا بە نامورادی
جێ دەمێنم لەخۆم
سوار لەسەر پشتی جادەیەک
کە تا دێت سیگاریتر ئەبێت
هەسکە هەسکمە، تیک تاک غارم ئەدا عوبورت
تا جادەیەک، تا تۆ جێ دەمێنی لە مندا.



# شەڤ و ئاخا نڤستی

ڕۆژەن بارناس
(ستۆکهۆلم)



تاری
مەڕشەک ڕەش ڤەگرتبوو ل ئاخێ
مەڕشەک
ڕەشترین
ژ مەڕشێن میێ بزنێن قەڕ.
ئەندامێن ئاخێ،
کورتک و مەسیل،
کەندال و بەست،
دار و بەر
سەرانسەر
د بنی دە ڤەشاری.
دباری
ژ ئەسمان
وەک تایێ دەزیێ
زراڤ و درێژ
هوورک هوورک
باران
ب گرانی
باران دباری.
بهنەک بەلاڤ دبوو ل خوەزاییێ
بهنەک خوەش
ژ ئاخا خام
بیهنەک خوەزاییی
ڤەدلۆراند
دلێ شەڤدۆریان
ل پەساری
و ب لۆراندن
گیانەک خوەزۆکی ڕادەوەشاند
ل چووکان
کو د نێڤ درینەرمکان دە ڕادوەستان
هێلینا چێدکرن، ل سەر نکولێ داسا هەیڤێ
ژ خەیالان
ب سەرمەستی
و
دەڤبەستی
لێ
ئاخ نڤستی
نەخوەش ... بێحال

بریندارەکی گران،
ژ ئێش و سکێنجێ چاوا بێزار
بێتاقەت، بێمەجال
دمینە
دکەڤە ژ قدوومێ
وسا کەڕ و لال
و مۆڤکێنلاش ژ هەڤ فلتی
ب سستی
دلڤن
ئاخ، ژ هش ڤە چوویی و خایس کەتی
ئاخ نشستی...
ژنەک ب دەرگووش،
کو وندا دکەپتکا خوە ب بێنایی
لێ پێسیر
ژ شیر
چاوا دپەرچفن
و گران
دبن
ژێ،
سکێنج و ژان
چاوا شیش دکە نیڤەکا پۆلێن مل
ژ میبێ سەری،
هەتا نووچکێ نەینۆکێن د لنگان
- مینا ئاڤێتنا دل -
دژەنە
وسا
ل لاشێ ئاخێ دچێرە مسێوا
ژانەکا ڤەشاری
بێ دەرمان
بێ تەجرمان...
کولا ئاخێ ئەڤ،
هەر شەڤ
زارۆکێن خوە دبینە د خەوێ دە
ل سەر جۆت
گوندی گشت بوونە جۆتیاری
ئارزی
ل خوەسەر ب بریاری
گهشتنە هەڤ
و تەڤ
خوە دابە بەر پێسیرێن وێ
پێن داگرتی
مینا پتکێن ل بەر شیر
پێسیرێ مز ددن ب دلۆڤانی
دناپرینن
دگەزن جارجارنا ب شالووسی
و بێ ئەتلاهی
دمژن لێ ب چاڤنەباری
هەرشەڤ
خەونا ئاخێ ئەڤ
و هەر تم کەسەرا دلێ گوندیان
جۆتیاری یە، ب ملکداری.

**ئەڤ هەلبەستە ژ دیوانا (شعر - ١ -) ڕووپەلێن (١١٠-١١٣) هاتیە وەرگرتن، کو ژ وەشانێن (نوودەم)ێ بوویە و ل ستۆکهۆلم چاپبوویە. هەژییە بێژین کو ئەڤ دیوانە بەرهەڤۆکا هەردوو کۆشعرێن وی یێن پێشینە: (ل باندەڤا سپێدە) و (هەیڤ ل ئاسمانێ دیاربەکرێ).**

**«ڕامان»**

# کاتی نەرمونیانی خیز

سوهراب سپێهری
لە فارسییەوە: عەبدولخالق یەعقووبی
(بۆکان)

باران
لێوارەکانی پشووودانی دەشووشتەوە.
من لەگەڵ خیزەڵانی جێ هێشن کایەم دەکرد و
خەونم بە سەفەرە ڕەنگاوڕەنگەکانەوە دەدی.
من
خەمبار
بووم.

لە باخدا
سفرەیەکی ئاشنا
ڕاخرابوو.
شتێک لە نێوەڕاستی سفرە، وەک
تێگەیشتنی ڕووناک:
هێشوویەک ترێ
هەرچی گومانە داپۆشی.
چاککردنەوەی بێ دەنگی
گێژی کردم.
زانیم کە درەخت بوونی هەیە.
کاتێک درەخت بوونی هەیە
دیارە دەبێ بوونمان هەبێت.
دەشێ ببین و
شوێن پێی گێڕانەوە
تا دەقی سپی
هەڵگرین.
بەڵام
ئەی خەمی ڕەنگاوڕەنگ!



**سەرچاوە:**
**هشت کتاب، سهراب سپهری، انتشارات طهمورث تهران.**



# ژاژی

**ناسر وەحیدی**
**(بۆکان)**

ئێوارەیێکی درەنگی پاییزی، نزیک بانگی شێوان، سێ ڕێبوار گەیشتنە قەراغ ئاوایی. زۆر لەوەپێش بەر لە دەرکەوتنی ئاوایی، مشتومڕیان بوو، ئەگەرچی ئەو شوێنە جێی مەترسی نەبوو! بەڵام تاکو تاریکی بە تەواوی باڵی وەسەر وڵاتدا نەکێشابوو- ئەوان لە پشت گۆڕستانە کۆنەکەی گوندەکە خۆیان مت کرد بوو- نەجووڵابوون. عەلی وتبووی کاکە من بەر لەوەی بچمەوە ماڵێ، هەر لەبەر دەرکەوە دەزانم چێشتی چیمان هەیە. قەت نەبووە تەنیا جارێک بە سەهوو چووبێتم. متمانەم پێ بکەن با من ماڵی خانەخوێیەکەمان دیاری بکەم..

ئاسۆ وتبووی هەتیوە جا ئەوە کەی شتە! بە گۆڕی ئەو شەهیدانە من بە سواریش بەهەر کۆڵانێکدا بڕۆم، دەزانم کام ماڵ چێشتی چی لێناوە. قەتیش بە هەڵە نەچووم. باوەڕناکەن، تاقیم کەنەوە.

سامرندیش وتبووی ئەوانە دەبێتە چی بۆ ئێمە؟ خۆتان دەزانن ماوەی چوار مانگە لەسەریەک هەموو ڕۆژێک چێشتەنگاو و شیو ماشینەی قورمساغ و بەیانیش ئەو شیرێژە تیژ و ویشکەمان خواردووە. سەگ جارێکی بخوا، کوێر نەبێ، دڵنیام حەتمەن گڕوێ دەبێ. ئێوە هیچ سەیری خۆتان کردووە؟ زگمان بە پشتمانەوە نووساوە و لە دوورڕا دیارە چەند پەراسوومان هەیە. پاش خواردنی ئەو هەموو تەڕەماشە، دەمەوێ ئەمشەو تێر بەزگی خۆم چێشتێکی خۆش بخۆم. هەلە و هەڵکەوتووە، لە حەوا دەیقۆزمەوە. ئەم دەرفەتە بە کەس نادەم. من زۆرم دڵ بە کفتەو شۆرباوەوەیە. زۆرجار شەوانە خەوی پێوە دەبینم. دەتانبەمە ماڵێک کفتە و شۆرباویان هەبێ.

عەلی وتبووی خوا حەقە، کفتەو شۆرباویش زۆر خۆشە، بەڵام من حەزم لەپڵاو و گۆشتە. گۆشتی زەردکراو لە ژێر برنجدا و لەو خورما ڕەشە دەنک زلانەشی لە سەربێ. دایکم ڕۆژی جێژنان وای ساز دەکات. لێمگەڕێن با من ماڵی خانەخۆێیەکەمان دەسنیشان بکەم. دەتانبەمە ماڵێک پڵاو و گۆشتیان هەبێ.. ئاسۆ وتبووی شۆرباو قەلیش خۆشە

کوڕینە!. قەل هەر بەسەرما و سۆڵ خۆشە و ئێستاش وەختیەتی، ئەگەرچی بڕوا ناکەم خەڵک دڵی بێ هەروا بۆ خۆی قەل بکوژێتەوە! مەگین میوانێکی ماقوولیان هەبێ. لەبەر خۆبەوە پێکەنیبوو، وتبووی ئەگەرچی دەزانم خۆم نا ماقووڵ نیم، ئێوەش نازانم، بەڵام بەو بێ وەختە کوا قەل ساز دەکرێ؟ کاکە من ڕازیم، هەر چییەک بێ قەیناکە. هەرماش و شیرێژی گەواد نەبێ، هەر دەیانبینم هێڵنجم دێتێ ئەوی کەی زۆر گرینگ نییە.

سامرند وتبووی کاکە قسەی پیاو یەکە. ئەگەر گەڕەکە ماڵێکم بە قڕ دابێ، من ئەو شەو کفتە و شۆرباوم خواردووە و دەیخۆم، بێجگە لەوەش من هەستی بۆن کردنم زۆر بەهێزە. دڵنیا بن ئەگەر لە هەستی بۆن کردنی سەگ و تاژی زیاتر نەبێ، کەمتر نییە، سەیری لووتم کەن دەڵێی لووتی شایە. عەلی و ئاسۆش پێکەنیبوون. ئاسۆ وتبووی ئێمە هیچ، هەرکەس تەنیا جارێک تۆی دیبێ، دەزانێ شالووتی. هەتیو قەت سەیری کونە لووتی خۆت کردووە؟ دەڵێی تا کەوشە...

هەموو پێکەنی بوون. وادیار بوو ڕازی بوون کە سامرند ماڵی خانەخوێیەکەیان دەسنیشان بکا، بۆیە چەشنی تاجی ڕاو کەوتبووە پێش و بۆنی بە دەرک و بان و دەر و دیوارەوە دەکرد. عەلی و ئاسۆش وەک ڕاوچی کەوتبوونە دووی، ئەگەرچی دێیەکە زۆر گەورە نەبوو، سامرند پاش بۆن کردنی دە- پازدە ماڵێک لەبەر دەرکەی ماڵێک دەوێستێ. دەڵێ خۆیەتی. لە دەرکە دەدا. مێرمنداڵێک دەرکە دەکاتەوە، خوڵقیان دەکاتە ژووری. کابان خێرا بە باوەشێک داری قەڵاشتەوە وەژوور دەکەوێ. میوان بەخێر دێنێ و کوورە نێڵ دەدا. دەڵێ: تۆ غا ببەخشن پیاوەکەمان لە ماڵ نییە، تا چایەکە ساز دەبێ ئەویش دێتەوە. ئێمە ساحێب ماڵ نین، ماڵی خۆتانە. سامرند وتبووی خوشکم بە خوا ئێمەش هیچمان پیاو نین، دەنا بەم تەنگی بانگی شێوانە لێرە چ دەکەین. هەموو تێکڕا پێکەنیبوون. ژنەکە دەڵێ: تۆ غا قسەی وا مەکە، کێ بێ لە ئێوە پیاوتر.

قرچە قرچی سووتانی داری قەیسی و سنجوو بۆن و بەرامەیەکی خۆش دەخاتە هۆدەکە. چەقو لوڕێک لە زگی میوان سازدەبێ، لرفە لرف وقوڕە قوڕەی ڕیخۆڵە چکۆلە کە خەریک بوو ڕیخۆڵە گەورەی دەخوارد دەگەیشتە حەسارێ. کوڕگەل گۆڕەوی و زەنگاڵ دادەماڵن و خۆ سووک دەکەن، بەنۆرە دەچنە نێو سەرشۆرکە. دەست و دەموچاو دەشۆن.

بۆنی عەتری قاڵبە سابوونی تەڕ نەکراو و ئاوی شیلە و گەرم و خاولی نەرم و خاوێن، خەیاڵ لە شەقەی باڵی دەدا و بۆ تاوێک دەیانباتەوە ماڵێ.

سامرند لەنێو حەوشەی ماڵە. خاتوونی دایکی پاش ماچومووچ، پڕ بە سییەکانی بۆنی هەڵدەمژێ. خێزانی ماڵ وەقلی و بلی کەوتوون. دایە وەک خول خولە بە دەوریدا دەسووڕێ و هەزار جاران خۆی بە سەدەقەی سەری دەکا، زوو زوو ئایەتەلکورسی لە دەوری دەخوێنێ. منداڵی لێ دووردەکاتەوە، هەرتاوێ یەکێک لە بن باڵی دایەوە ئامبازی دەبێ و خۆ بە ملییەوە هەڵدەواسێ.

ئاسۆ بەر لە ویشک کردنەوەی دەست و دەموچاوی، دەسرە دەستی گراوەکەی لە باغەڵی دەردێنێ. نەشمیل لە ئاخر ژوان دابوویە. لەو کاتەوە وەک چاوترووکانێک ماوەی دوو ساڵی ڕەبەق تێ پەڕیبوو. لەگەڵ ئەوەی ئەو کات لاوێکی ناکامڵ بوو، لە کاتی ماڵئاوایی کردن ورەی وەبەر خۆی هێنابوو. وەک پیاوێکی کامڵ لەگەڵ نەشمیل دوابوو. نەشمیل زۆر گریابوو و وتبووی تا هەر کات ئەو بیەوێ لەسەری دەوێستێ، یان بە قسمەتی یەک دەبن، یان هی گڵ، ئەگەرچی گرکانێک لە دەروونی سەری هەڵدابوو، خۆی مت کردبوو. وتبووی ئەو ڕێیەی ئەو پێیدا دەڕوا، گەڕانەوەی نییە. بە نەشمیلی وتبوو خۆت بە شوێن چیدا دەبەستییەوە؟ نەشمیل ئەو دەسرەیەی دابوویە. ناوی هەردووکیانی بە زەنگیانەی سوور و بنەوش لەسەر چنیبوو. دەیزانی ئاسۆ حەزی لە ڕەنگی بنەوشە، بۆیە زۆربەی جلەکانی بنەوش بوون.

خەیاڵ شاباڵی دەقرتێ و ناتوانێ چیتر بفڕێ، زەینی کوێر دەبێ و شوێنێک نابینێتەوە عەلی بۆ برفێنێ! لە بنەماڵەیەکی حەوت کەسی، تەنیا خوشکێکی چکۆلەی مابوو. ماڵەکەیان بەر ڕۆکێت کەوتبوو، تەنیا ئەو خوشکەی دەرچوو بوو. تا ئەمڕۆ نەیزانیبوو لە کوێیە.. عەلی دەیزانی گۆڕان دژوارە و زۆر بە ئەسپایی جێگیر دەبێ. جاری وایە دەیان ساڵی پێویستە تا مرۆ قەناعەت بە خۆی بێنێ کە پێویستی بە گۆڕان هەیە. زۆری هەوڵ دابوو خۆی لەگەڵ ئەم بارودۆخە تازەیە بگونجێنێ.

ئەگەرچی ماوەیەکی زۆر لە پشت گۆڕستانەکە وچانیان دابوو، بەڵام ترس و دڵەڕاوکێ نەیهێشتبوو بە تەواوی بحەسێنەوە. تا وا دەکەن چا ساز دەبێ. چای گەرم ماندوویی ڕێ دەتەکێنێ.

کابان بۆ کاری نێو ماڵ وەدەر دەکەوێ. بێ وەختە و ئێستا پیاوی ماڵ نەهاتۆتەوە. کوڕی خانەخوێ کتری و

چادان و ئیستیکان دەباتە دەرێ. دیسان مەودایەکی دی ساز دەبێتەوە بۆ مشتومڕی میوانان. عەلی دەپرسێ بلێی چێشتی چیان هەبێ؟ ئاسۆ دەڵێ دڵنیام چێشتی گەرمیان هەیە. سامرند دەڵێ من قەت بە هەڵە ناچم. کفتەو شۆرباوە، بە سەری بابم پێکاومە، زۆری لە سەری مەڕۆن..


زۆر نابا کوڕی خانەخوێ دێتەوە ژوورێ و هەودای خەیاڵیان لێ دەپسێنێتەوە. هەرسێک لە یەک چرکەدا سەیری یەک دەکەن، پاشان نیگایان دەگوێزنەوە سەر خانەخوێ. سامرند دەپرسێ کاکە بۆ شێو چیتان هەیە؟ خانە خوێ دەڵێ: ژاژی. کابان لە دەرەوە بانگی کوڕەکەی دەکا. کوڕە وەدەر دەکەوێتەوە.

هەرسێ پێکەوە دەپرسن ژاژی چییە؟! عەلی دەڵێ: بلێی پلاو و گۆشت نەبێ؟ ئاسۆ دەڵێ پێم وابێ تەندوور پلاوە بە گۆشت و ئێسک. سامرند دەڵێ هەتیو ئەوە ئێوە دەڵێن چێ؟ کفتە و شۆرباوە و خەلاس.

پیاوی ماڵەکە وەژوور دەکەوێ. بە ڕووخۆشییەوە دەست و مشتاقیان لەگەڵ دەکا و بە گەرموگوڕی بەخێریان دێنێ. کتری و چادان پڕدەکرێتەوە و دەخرێتە سەر کوورە. خانەخوێ بە گلەییەوە دەپرسێ: تازە چای ساز دەکەن؟ سامرند دەڵێ چامان خواردۆتەوە، برسیمانە زەحمەت نەبێ بلێ با نان بێنن. کابرا دەنگ هەڵدەبڕێ نان بێنن. کەولێ نان ڕادەخرێ. نەردوویەک نانی تازەی لەسەرە. کوڕە چکۆلە دوو پیاڵەی بەدەستەوەیە وەژوور دەکەوێ و لەسەر سفرەی دادەنێ. پیاڵە پڕە لە شیرێژ و بیزا. هەرکەس یەک دوو پاروو دەخوا و دەست ڕادەگرێ. خانەخوێ چاویان لێ دەکا و دەپرسێ بۆ ناخۆن!؟ وادیار بوو زۆر برسین. سامرند دەڵێ: چاوەڕێین ژاژییەکە بێنن! خانەخوێ چاوێکیان لێ دەکا! بزەی دێتێ. دەڵێ خەجاڵەت خۆم. خۆتان باش دەزانن ئێرە دێیە و دوورە دەست، بەم بێ وەختە هیچ دەست ناکەوێ، دەی کاکە برا ئەوەی بەردەمتان ژاژییە.

سامرند دەست دەداتە پیاڵە شیرێژی بەردەمی. بەقینەوە دەیدا بە نێوقەدی دیواری ڕووبەڕوویدا. دەڵێ: قونێت دەگێم لێرەش لە یەخەم نابیتەوە، خۆتم لێ دەگۆڕی!

**٢٠ ڕێبەندانی ١٣٩٢ (٢٠١٣ز)**



# منداڵە دڵدارەکان

هێمن بەرزنجی
(سلێمانی)

دوێنی کەشوهەوا ناخۆش بوو.. تەنیا هەر ناخۆش نا ، بەڵکو بەو پێیەی بارانێکی زۆر باری، لافاو لەچەند گەڕەکێکی شار هەڵسابوو ، لە ئاسمان باران و هەورەگرمە و برووسکە ، لەسەر زەویش بیستنی دەنگی ئۆتۆمبێل و لووره لووری ئامبوڵانسی فریاگوزاریی ڕووداوەکان. ساڵی پار سەرۆکایەتی شارەوانی بە مەبەستی زیاتر بەهاناوەچوونی هاووڵاتییان تیمێکی فریاگوزاری دروست کرد ، ناویان نا تیمی فریاگوزاری ڕووداوەکان، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە ، هەمیشە ئەم تیمە دوای ڕووداوەکان دەردەکەوێت! بە هەرحاڵ من نامەوێت ڕووداوەکانی دوێنێتان بۆ بگێڕمەوە ، بۆچی بەم هەواڵە ناخۆشانە نیگەرانتان بکەم؟ دوێنێ پیرەپیاوێک خانووە گڵەکەی بەسەردا تەپی و بەو هۆیەوە مرد ، هەر دوێنێ منداڵێک بە جانتای قوتابخانەوە لافاو بردی و مەنهۆڵە سەرنەگیراوەکە هەڵیلووشی و خنکا.

با و بۆرانەکەی دوێنێ تاوەری کارەباکەی خست و نیوەی شار وزەی کارەبایان نەما ، دوێنێ ڕۆژێکی زۆر بێ تام بوو ، یەکێک لە ڕۆژە ناخۆشەکانی وەرزی بەهار بوو ، وەرزی بەهار کە هەمووان بەو جوانییەوە تەماشای دەکەین لە ڕاستیدا هێندەش جوان نییە ، وەرزێکی تەمەن کورتە ، تاکە وەرزێکە کە گۆڕانکاری سەیر و ترسناکی تیا ڕوودەدات. خودا لەم وەرزەدا بۆخۆی وەک هونەرمەندێک بە ئارەزووی خۆی ڕەنگەکان بەکار دەهێنێت و گۆڕانکارییەکان دروست دەکات، ئیتر من کارم بەسەرییەوە چییە ، کە ناتوانم ببینم و پرسیارێکی لەبارەی ئەم هەموو شتانەوە لێ بکەم کە ڕوودەدەن؟ بەهار چەندین ڕۆژی تێدایە هەوا و خۆر و با ، تەنانەت سروشتەکەشی زۆر ناساز و بێ تامە ، لەبەر ئەوە بەهار هەرچەندە جوانیش بێت بەشی خۆی دزێوی هەیە. ئەمڕۆ هەوا زۆر خۆشە... سەددەرسەد ژیان پێچەوانەی ڕۆژی دوێنێیە ، دەمەوێت بڕۆم سەرێک لە موریدی عیشق یار بدەم، ئەم شەو لە لای بمێنمەوە ، وەک وتم: ئەمڕۆ

کەشوهەواکەی زۆر خۆشە، کزەبایەکی فێنک دێت. خۆر سەری هێناوەتە دەر، لە بەرزایی شاخەکەوە، بە لاری تیشکەکەی لە درەختی حەوشەکەمان دەدا. درەختی حەوشەکەمان دارتووە، توویەکی دەنک گەورە و شیرین. دوو ساڵ لەوەبەر ڕەحیم کشتوکاڵباشی هات و لەگەڵ شاتوویەکی مزردا موتوربەی کرد. ئێستا لایەکی شاتووە و لایەکەی تریشی تووەسپییەکی دەنک گەورەیە.

ڕەحیم کشتوکاڵباشی عاشقی دایکم بوو، دایکم دەربارەی ئەم ڕەحیمە دەڵێت: لە کچێنییەوە ڕەحیم دەناسم، ماڵمان لە هەر کوڵانێک بووبێت، هاتووەتە ئەوێ، سلاو، چاک و چۆنییەکی دوورودرێژمان پێکەوە هەیە، دەمێکە کاروباری باخسازیمان ئەو دەیکات. دایکی من ناوی (پەخشان)ە، ڕەحیم هەمیشە بە گوڵپەخشانی نازدار بانگی دەکات، ئای چەند گوناحە کاک ڕەحیم، ڕەنگە تەمەنێکی زۆر سەوداسەری ژوانێک بووبێت لەگەڵ دایکم، ڕەنگە سەدان شەو بووکی خەیاڵی سەر جێگەی بووبێ، ڕەنگە ئەوکاتەی لەگەڵ دایکم پێکەوە بوون و گەنج بوون، زۆر جار لای کوڕە هاوتەمەنەکانی گوتبێتی: تەنیا خۆشەویستی من پەخە گیانە، ڕەنگە زۆر سیناریۆی خەیاڵیی لەبارەی عاشقبوونی خۆی و دایکم دروست کردبێت و بەدرۆوە بە هاوڕێکانی گوتبێت: ئەمڕۆ لەگەڵ پەخە بووم، پێکەوە چووین بۆ باخ و ماچم کرد، مەمکیم گرت و ناو دەمیم ماچ کرد... ئەوانە و زۆر شتی دیکەش، وەک ئەوەی گوتبێتی جارێکیان چووم باخەکەم بۆ بڕین کەس لەماڵ نەبوو، بەتاک و تەنیا خۆم و خۆی بووین. ئای... چیمان کرد... خوا هەر بە زیندوویی لێت خۆش بێت کاک ڕەحیم کشتوکاڵباشی.

ڕەحیم کشتوکاڵباشی، لەگوندی "باخی عاشق" لە دایک بووە، هەر لە منداڵییەوە لە تەمەنی دوازدە ساڵان، لەگەڵ ماڵی باپیرەی هاتووەتە شار و ماوەیەکی زۆر لای خاڵی شاگردی کردووە، سەرەتا لای خاڵە عەباس کە ناسراوە بە "عەباسی گون" لە بەیانیرا تا ئێوارە بە باوەشێنێکی پووش، شیشە گۆشتی برژاندووە، ئێوارانیش چووەتەوە ماڵی خاڵە عەباس. دواجار ڕەحیم لەکارەکەی بێزار بووە و بەخاڵی گوتووە: خاڵە من دەبێت بڕۆمەوە بۆ گوند، بیری دایکم دەکەم. کاتی گەڕانەوە، خاڵە عەباس هەندێک پارەی پێ دەدات، بەڵام ڕەحیم نارواتەوە بۆ گوند، بەڵکو دەچێتە ماڵی گوڵچینی پووری و لەوێ چەند ساڵێک دەمێنێتەوە. دواتر لەگەڵ مینەی کشتوکاڵباشی مێردی پووره گوڵچینی-دا پێکەوە دەستیان بە کاری باخسازی کرد. ئیدی بۆخۆی وردەوردە فێری ئەو کارە بوو، مەکینەیەکی چیمەن بڕین و مەقەستێکی مێوبڕینی کڕی و دەستی بە کار کرد.

میرخان بەگی باوکی دایکم، یەکەم کەس بوو کە باخەکەی پێ ساز کرد. لەوێ چاوی بە دایکم کەوت و عاشقی بوو، عیشقی دایکم، تاکە هۆکارێک بوو کە هەتا هەتایە نەیهێشت بگەڕێتەوە بۆ گوند و لەماڵی گوڵچین ژیا، ئای لە کاک ڕەحیم کشتوکاڵباشی، وای لەو دڵەڕەقەی دایکی منیش. بۆ یەکجار سۆزی نەدایە ڕەحیم کشتوکاڵباشی، بەیانی ئەمڕۆ سروشتێکی خۆشی هەیە. هەست بە دەنگی نووساوی چۆلەکە پاسارییەکە دەکەم، وەک ڕۆژانی تر ناجریوێنێت. ڕۆژانی دیکە چریکەیەکی چەهچەهەی خۆشی هەبوو. من لە منداڵیمەوە عاشقی چۆلەکە پاساریم، سەیرە ئەم بوونەوەرەم بێ تام خۆش دەوێت، تاکە بوونەوەرێکە کە حەزی بەئازادییە، ئەگەر ئەم بوونەوەرە بەند بکەی، مان لە خواردن دەگرێ تا دەمرێ، هەر بۆیە کەمالی "حەبێ شەل" ئەو ساڵە کە مانی گرت بۆ داکۆکی کەمئەندامان و مافەکانیان ناوی خۆی نابوو کەمال پاساری. ئێستا تێدەگەم کەمالی حەبێ بۆ ئەو ناوەی لەخۆی نابوو، خوا لەویش خۆش بێت، ئەویش مانی مەرگی گرت و مرد، کەروێشکە دایکانەکەی شادی خوشکم، لە کەناری دیوارەکەدا خۆی لەبەر خۆرەکەدا هەڵخستووە، شەوی ڕابردوو ئاو چووەتە کولانەکەیەوە و سەرمای بووە، گوێیەکانی زیاتر دەلەرزن، ئاوێکی ڕوون بە لووتیدا دێتەخوار، یەکەمین جارە ببینم کەروێشک بپژمێ، زۆر جار بینیومە بزن پژمیوە، وەلێ هەرگیز کەروێشکم نەبینیوە، شادی خوشکم لە خەمی چارەسەرکردنیایەتی، شتێکی سەیرم لە شادیدا هەست پێکرد، وەک ئەوەی پزیشکی فێتەرنەری بێت، بەتایبەت لە بواری چارەسەری کەروێشک، وەک پزیشکێک خۆی بە چارەسەرییەوە سەرقاڵ کردووە، شادی خوشکم ڕاستە لە بەشی دەروونناسی، خوێندکاری قۆناغی سێیەمی زانکۆیە،بەڵام زۆر حەزی لە باڵندە و ئاژەڵە. شادی ئەوەندە ئاژەڵدۆست و باڵندەدۆستە هێندە مرۆڤدۆست نییە، ئەو حەزی دەکرد لە ناو باڵندە و ئاژەڵدا بژیایە، کە منداڵ بوو هەر کە لێیان دەپرسی شادی تۆ شوو بە کێ دەکەیت؟ بێ سێ و دوو، دەیوت: بە ئاسکێکی جوان، بە تاووس، بە مەیموون. تەنیا هەر مرۆڤ نەبێت، هاهاهاها. ڕاستی بیرەوەرییەکی جوانە، وەختێ کە ئەمەم بیر

دەکەوێتەوە، دەزانم شادی هەر لە منداڵیشدا بیری جیاواز بوو، ساڵی پار کە چووینە گەشت، تووتکە سەگەکەی لە باوەش دەگرت و خێرا خێرا ماچی دەکرد و دەیوت: ئەک بەساقەو بم، شادی بە چەشنێ عاشقی باڵندە و ئاژەڵە، هیچ کەس بڕوا ناکات ئەو عاشقی هەموو شتێکە مرۆڤ نەبێت، گەر تا کۆتایی دنیا تەمەنی درێژ بێت و هەر وا بە جوانی بمێنێتەوە جگە لە ئاژەڵ و باڵندە هیچ شتێک نییە بیکاتە عاشقی خۆی، شادی لەو جۆرە مرۆڤانە بوو هەر لە منداڵییەوە تاقەتی دینداریی نەبوو، ڕام وایە ئەویش وەک نەنکە ئایشێ تا دەمرێت نوێژێک ناکات، نەنکە ئایشێ دەیوت: خوا کەی پێویستی بە نوێژی ئێمەیە، خودا بەوە بێتاقەت دەبێت کە ئاژەڵێکی سوودبەخشی بۆ بکەیت بە قوربانی، خودا نایەوێت لە بەیانیڕا تا ئێوارە خۆت برسی بکەیت ئەمە چییە خوا پێی خۆشە، نەنکە ئایشێ دەیگوت: مرۆڤ کە ناتوانێت خۆی کارێک بکات خوا دەکات بە ئامراز، وەک ئەوەی خودا جەللادبێت، هەمیشە دەڵێن خوا بتکوژێ، خوا کوێرت کا، چوزانم خودا بۆ هەموو سزایەک بەکار دەهێنن تا دەگات بەوەی وا نیشانی دەدەن خودا بەو هەموو میهرەبانییەوە دۆزەخێکی هەیە پڕ پڕە لە ئاگر، دەیوت: مرۆڤ کە خۆی لە دۆخێکی کەم توانابیدایە، تاوانی هەژارییەکەی دەخەنە ئەستۆی خودا، پێیان وایە خوا نایانداتێ. نازانم مرۆڤ چی لە خودا دەوێت، هەر ئەوەندە بەس نییە خەڵقی کردوون، هێناوینێتییە ژیانەوە، نەنکی من هەمیشە بەم جۆرە بیری دەکردەوە، جارێک باپیرە لە نوێژی هەینی هاتەوە، گوتی: ئایشێ چی پارەمان هەیە بۆم بێنە، تا بڕۆم دوو بەرانان بکڕم بیکمە قوربانی، نەنە بە سەرسوڕمانێکەوە وڵامی دایەوە: ئەم خەیاڵە چی بوو بۆت هات، ئەم پێچە چی بوو بەورگتدا هات، باپیرە بەتووڕەییەوە گوتی: ئایشی کوفربیر، مەلا گوتی دەبێ قوربانی بکەن، نەنە تاوێکی باش پێکەنی و گوتی: پیاوە خۆشەویستەکەی من چەند ساڵە مەلا دەناسیت؟ باپیرە گوتی: بیست ساڵە. نەنە: سوێندت دەدەم لە ماوەی ئەم بیست ساڵەدا بینیوتە مەلا کەڵەشێرێک بکات بەقوربانی بۆ خوا، وا ئێوە هان دەدات، باپیرە زەردەخەنەیەک گرتی و گوتی: دەی ئەوە منیش نەمکرد. نەنکی من هەمیشە وای هەست دەکرد خوا هیچ پێویستییەکی بە حاڵ و حیسابی مرۆڤ نییە، تەنیا مرۆڤی بۆ جوانی لەسەر زەوی دروست کردووە و زەوی پێ ئاوەدان کردووەتەوە. بیرمە جارێکی تر لەگەڵ شادی لە دهۆک بووین، لەگەڵ عەبدولقادری ئەدەب سەقەت ڕۆیشتین بۆ بازاڕ، لەنێو باخەکەدا هەرکە چاوی بە پەیکەرێکی گەورە کەوت، منی ڕاگرت، چاوە خڕە شیرینەکانی لە ژێر چاویلکە گەورە ئیتاڵییەکەدا پتر کردەوە، بە زەردەخەنەیەک کە لە لێوێکی تەنکی تەڕ و ددانە وەردەکانییەوە دروست ببوو وتی: کاکۆ خۆزگە لە جێگەی ئەو پەیکەرە ئاژەڵێک، یان باڵندەیەک دەبوو. ئاخر ئەم مرۆڤە خۆی زۆر جوانە وا پەیکەریشیان بۆ دروست کردووە؟ ئەو ڕای وابوو نابێت پەیکەر بۆ مرۆڤ دروست بکرێ، پێی وابوو مرۆڤ هەر هێندە جوانە نەژاکێ، ئەمانە هەمووی تایبەتمەندییەکانی شادی خوشکمن. بەیانیی ئەمڕۆ ژیان جۆرێکی ترە. من هێشتا لە نێو حەوشەکەدام. دەمەوێت بڕۆم بۆ لای موریدی عاشق یار، دەمەوێت ئەو شتەم پێ بڵێت کە دەمێک ساڵە چاوەڕوانم، شادی خەریکی چارەسەری کەروێشکە نەخۆشەکەیە، گوێم لە دەنگی نووساوی چۆلەکە پاسارییەکەیە، دایکم خەریکی هەڵواسینی شۆرتە تەڕەکەی باوکمە بەتەنافەکەدا، من بەو دڵخۆشییە بێ وێنەیەی دایکمدا. دەزانم باوکم شەوی ڕابردوو لەنێو ئەو باران و هەورە برووسکە و هەوا ناسازەدا مەلەیەکی خۆشی لە ناو دەریا خۆشەکەی دایکما کردووە. هەمیشە دایکم پێش جووت بوون لەگەڵ باوکم خواردنی خۆشمان بۆ ئامادەدەکات، پاش جووت بوونی شەویان بەیانیان خۆشترین بەرچاییمان دەداتێ، ئەمەش نیشانەیەک بوو. کە دایکم تێر بووە پێویستە ئێمەش تێرکات، هەمیشە ژنان دوای جووت بوون ڕوخۆشییەکی جوانترو دڵخۆشییەکی جوانتریان هەیە، تەنانەت میهرەبانترن، لەڕاستیدا ئەمە زیادەڕۆیی بیرکردنەوەیە، من نابێت کارم بەسەر ژیانی تایبەتی ئەوانەوە هەبێت، هێشتا لە ناو حەوشەکەدام حەزدەکەم باخەکە ئاو بدەم، لەو دیوی دیواری حەوشەوە پیاوە دەنگ گەورەکە بە خۆی و عارەبانە سێ چەرخەکەیەوە، هاوار دەکات: نانەوردە، نانەوردە دەکڕین، دەگۆڕینەوە، بەتەلی حاجەت، بە نەعل، بە شاڵی قاپ شتن، بە سۆندە، بە فاست، لەوە دڵنیام دایکم هیچ جۆرە وردەنانێک و پاشماوەی نییە بیبات بۆی، ئێمە لە ساڵی گرانییە شوومەکەوە نانەوردەمان نییە، یەکێک لە ئامۆژگارییە ئابوورییەکانی باوکم ئەوە بوو کە هەمیشە دەیوت: هەرکاتێک نانە وردەی نێو سەلەی نانەکە زۆربوو، شلەیەکی بامێی خەستوخۆڵ لێنێین و تێدەکوشین، بەم جۆرە هیچ کات نانە وردەمان نییە.

کـابراش با بۆخـۆی هەر بڵندتر هاوار بکات تا گـونی قۆڕدەبێت، ئێمە نانەوردەمان نییە، تا قافی قیامەت بەشی تریتێکی لە ئێمە دەست ناکەوێت.

سۆنیای خوشکم کە تازە لە حەمام هاتووەتە دەرەوە، قـژە تەڕەکـەی بە دەم وشک کـردنەوەوە خـاو دەکـاتەوە، سۆنیا وەک کچە ئەکتەرە ڕۆمانسییەکان زۆر حەزی لە میکیاژە. زۆر خۆی دەرازێنێتەوە، هەر کەسێک بەو جۆرە خۆڕازاندنەوەی سۆنیا ڕازی بێت کەوتووەتە هەڵەیەکی گەورەوە، دانانی عەدەسەی چاو، برژانگی دەستکرد، سوورکردن و چەورکردنی لێو، باریک کردنەوەی برۆکانی، هەڵواسینی مەمکەکانی بە ستیانێکی بچووک و ڕەق. دانانی دوو پارچە ئیسفەنجی ڕێکاری بۆ سەر شانەکانی لەم جۆرە شتانە، خوا لەوە خۆش بێت کە عاشقی سۆنیایە و بەیانیان کاتێ لە خەو هەڵدەستێت دەبینێت ئای چ ڕەنج بەخەسارێکە. ئای... لەم خوشکە زۆرزانەی من، سۆنیای فریوباز. بەهەرحاڵ ئیدی دواجار سۆنیاش جۆرێکە لە مرۆڤی ئازاد.

کوڕە بچکۆلەکەی قایەری برام حەزدەکات زوو زوو میز بکات. لای ئەو میزکردن چێژێکی تایبەتی هەیە، هەمیشە کە دەرپێکەی تا نیوەی سەر ڕانی دادەکەنێ، بەدوو پەنجەی بچکۆلە دەستی بە هینە بچووکەکەیەوە دەگرێت، هێزی دەداتە میزەڵدانی تا میزەکەی زیاتر بڕوات. ئای کە خۆشحاڵە، ئەمڕۆ پێی وایە میزەکەی ئەو لە ئاوی سۆندەکە زیاتر دەڕوات، ئێمە هەموومان وێڕای ئەوەی کە زۆر خۆشمان دەوێت ناومان ناوە عەبە میز هەڵدێر.

دایکم هێشتا ئەو خووەی تەرک نەکردووە، بە ڕاست خوویەکی خراپە. لەو خووانەیە کە ئێستا مۆدێلی نەماوە، خوویەک ڕەنگە لە داپیرانییەوە بۆی مابێتەوە، هەفتانە دوای ئیش و کارەکانی منداڵەکان و ماڵەکە یەک یەک بانگیان دەکات. قژە سەریان بۆ پاک دەکاتەوە لە ڕشک. ڕشک جۆرە دەعبایەکە تەنیا حەزی لە چوونە نێو قژی ئافرەتانە، ڕەنگە هۆکەی ئەوەبێت کە ئاسان لە سەرێکەوە بۆ سەرێکی تر دەڕوات، زۆری سەرنان بەیەکەوەی ئافرەتان بێت، ئافرەتان زۆر حەزیان لە قسەکردنی بە چپە چپە بەگوێی یەکدا، ئەوەش ڕێگەیەکی ئاسانە بۆ گواستنەوەی ڕشک لەسەرێکەوە بۆ سەرێکی تر، هەمیشە ئافرەتان لەنێو خۆیاندا بوون بە سێ کەس، دوانیان یەک دەگرن بۆ چرپە چرپ، ئەمەش حاڵەتێکی ئاسابیە بەدرێژی مێژوو هەر وا بووە.

شادی نایەوێت بڕوات بۆ لای دایکم، حەزی لە بینینی فلیمی هاری پۆتەرە، دایکم ناهێڵێ بڕوات و سەری دەخاتە سەر ڕانی، دایکم بە دەم گەڕان و خاوێن کردنەوەی قژی شادییەوە، بە بۆڵەیەکەوە دەڵێت: لەوەتی چوویتە زانکۆ، لەوەتەی لەگەڵ ئەو کچەتیوانەی بەشی ناوخۆدا دەخەویت، سەرت پڕ بووە لە ڕشک، سەرت شتێک کەمتر لە فەردە ئاردەکەی ماڵی نەزیرەخان ئەسپێ و ڕشکی تیایە.

من ئیدی ڕۆیشتم و نازانم لە ماڵەوە چ باسە، وا گەیشتوومەتە نەخۆشخانە و دەبینم لەسەر قەرەوێڵەی نەخۆشخانەکە، موریدی عیشق یار ڕاکشاوە. مورید بە خەستی نەخۆشە، پزیشکەکان ڕایان گەیاندووە حاڵی بەرەو خراپتر دەڕوات، پێویستە کە بڵێم نەخۆشخانەکە دەکەوێتە ناوەندی شارەوە، نەخۆشخانەکە چوار دەرگای سەرەکی هەیە، هەڵبەتە دوو دەرگای بەردەوام بە ڕووی نەخۆشەکاندا کراوەتەوە. نەخۆشخانەکە چوار نهۆمە، نهۆمی یەکەم تەنیا بەشی فریاکەوتنە. نهۆمی دووەم بەشی شکاوییە. نهۆمی سێیەم بەشی دەروونییە، موریدی عیشق یار لە نهۆمی سێیەم لە ژووری ژمارە شەشدایە. ژووری ژمارە شەش مورید و دوو دانە نەخۆشی تری تێدایە، هەر جۆرێک بێت ئەو دوو نەخۆشەی دیکە حاڵیان لە موریدی عیشق یار باشترە.

دوو نەخۆشەکەی دیکە ڕۆژێ جارێک دەیانبەنە ژووری کارەبا و کارەبایەک لە سەریان دەدەن و ئارام دەبنەوە، وەلێ مورید کەڵکی لێدانی کارەباشی نەماوە، ئێستا ئیتر پێویست ناکات کارەبای لێ بدەن، مورید وەک ئەو دووانەی دیکە ناتوانێت هاوار بکات و سەر بە دیواردا بکێشێت و پزیشکەکان بترسێنێت، تاو بداتە سەر و قژی پەرستارەکان.

من ئەم ڕووداوانەم بینیوە، هەر دوێنێ کە شەرەفی دوایین ڕۆژم لەگەڵ مورید پێ بەخشرا و لای مامەوە، کوڕە گەنجەکەی تەنیشت مورید، زوو زوو دەروونی تێک دەچوو، هاواری دەکرد، هاوارێکی ترسناک، هاوارێک کە هەموو هێزی ڕوح و جەستە لە دەنگدا تاقی دەکرێتەوە، هاوارێک کە دەتوانێت دیوارەکانی نەخۆشخانەکە ببڕێت و بچێتە نێو بیستنی هەموو ئەوانەی لەو نەخۆشخانەیەدان. ئەم جۆرە هاوارانە زەنگێکە بۆ بەهاناوەچوونی نەخۆشە دەروونییەکان، ڕووداوەکەی دوێنێ بەم جۆرە بوو. وەختێ کوڕە دەروون نەخۆشەکە هاواری لێ بەرز بووەوە، پتر هاوارەکانی بەرز

دەکردەوە، کوڕە دەروون نەخۆشەکە، کەسێکی لاواز و باڵابەرزە لە دامێنی نێو چەوانییەوە کەمێک قژی ڕووتاوەتەوە، چاوەکانی سەوز و دەرپۆقیو، لووتی فش، دەستەکانی درێژ، قاچی کورت، لەو جۆرە مرۆڤانەیە کە باڵایان بەرزە، ئەم جۆرە باڵابەرزانە قاچیان کورتە و لە کەمەریانەوە تا سەریان درێژە، پێم وایە ئەم جۆرە لەشولارە بۆ هەڵبژاردنی شۆخوشەنگی ساڵ نابێت.

تا دەهات دەروونی زیاتر تێک دەچوو، پەرستارەکان بەر لە پزیشکەکان گەیشتنە سەری، من لە ژوورەوە ترسێکی زۆرم لێ نیشت، هەڵبەتە زۆر ترسام بمکوژێت، ئەوان وان کە دەروونیان بۆ ماوەیەکی کاتی تێک دەچێت، هەموو شتێک بە ڕەوا دەزانن، تەنانەت کوشتنیش، بۆ ئەوان شکاندنی شووشەی پەنجەرە و هەڵدانی قاپ و خنکاندنی قازێک، هەڵکەندنی ملی پاسارییەک، تەنانەت کوشتنی مرۆڤێکیش گرینگ نییە، تەنیا دەیانەوێ ئەو گوشارە دەروونییە خاڵی بکەنەوە، وەلێ کاتێ باری دەروونییان ئاسایی دەبێتەوە، شتێکیان وەبیر نایەتەوە کە ئەنجامیان دابێ، وێڕای ئەوەی ترسێکی زۆرم هەبوو، نەمدەویست کەسێک بمکوژێت نەیناسم، لانی کەم کۆنە قینمان پێکەوە نەبێت و بە دوژمنی خۆمی نەزانم، من کە لە منداڵیدا تاکە نامەبەرێکی نێوان مورید و خانم گوڵشا بووم، دەمویست ئەو قسانەم بۆ بگێڕێتەوە کە هەموو جارێک پێی دەگوتم هەندێک قسەی شیرین و یادگاری جوانت لامە بۆتی دەگێرمەوە، من ساڵانێکی زۆر چاوەڕێی بیستنەوەیم. خودایە دەبێت ئەو قسە شیرینانەی من چی بێت؟ کە دەمێک ساڵە چاوەڕوانیی دەکەم؟ نامەوێت ئەو کوڕە دەروون نەخۆشە بمکوژێت لانی کەم هەژدە ساڵە دەمەوێت مورید بۆم بگێڕێتەوە.

ئێستا کە مورید لەبەر دەستمە نامەوێت ئەم دەرفەتەم لەدەست بچێت. پەرستارەکان گەیشتن، کوڕە گەنجەکە وەختێ گوێی لە تەپەی پێی پەرستارەکان بوو، دەرگاکەی داخست و خۆی دایە بەر دەرگاکە، هیچ مەترسییەک لە دەرەوە نەبوو، تەنیا ژوورەکە پڕ بووە لە مەترسی، دەبێت کەسێک بمرێ. من وام وت. من وام بیر کردەوە، هیوای ڕزگاربوون زۆر سەختە، لە ناخی خۆمدا تاکە ڕستەیەکی درێژبوو جەختم لەسەری دەکردەوە، من، یان مورید، یان ئەو بەدبەختەی تر لەسەر قەرەوێڵەکە بە دەرزییەک بێ هۆش کراوە، کوڕە گەنجەکە نایەوێت دەرگاکە بکاتەوە، خانمی پەرستار بە میهرەبانییەوە دەڵێت: هۆشیار دەرگاکە بکەوە، هاتووم بۆ لات هەواڵێکی خۆشم پێیە بۆت.

هۆشیار بە دەنگێکی پڕ لە نەڕەوە دەڵێت نامەوێت دەرگاکە بکەمەوە لەکونی دەرگاکەوە دەتانبینم کارەباتان پێیە لێم دەن. نایکەمەوە نا... نا، نا، نایکەمەوە، بەگیانی دایکم نایکەمەوە.

خانمی پەرستار دیسان میهرەبانتر دەڵێت: گیانەکەم دەرگاکە بکەرەوە هەواڵەکە زۆر لەوە خۆشترە کە چاوەڕوانی دەکەیت، ئیدی نامانەوێت کارەبات لێ بدەین پزیشکی پسپۆڕ بڕیاری داوە، تۆ پێویستت بە کارەبا لێدان نەماوە، سوێند دەخۆم.

هۆشیار بەو هەموو هێزەی خستبوویە گەڕ بۆ بەرگرتن لەکردنەوەی دەرگاکە، هێز لە یەک کاتدا لە جەستەیدا فڕی و بەدەرگاکەوە شل بوو. کەوتە سەر ئەژنۆ دەستی بە گریان کرد، بەردەوام دەیوت: تۆیت خانمی پەرستار تۆیت؟ پەرستار خانم تۆیت؟ نازەنینی پەرستار؟ دەی من لەگەڵ تۆ هیچم پێ ناکرێت، وەختێ گوێم لە دەنگت دەبێت ناتوانم ئارام نەبم، ناتوانم قووڵ لە زەردەخەنەکانت نەڕوانم، دەیکمەوە، تەنیا تکایە کارەبام لێ مەدەن، من باشم، باش دەبم.

لە ساتێکی ترسناکەوە بۆ ساتێک کە هەرگیز چاوەڕوانم نەدەکرد، ترس و تاریکی ساتەوەختی مەرگ ڕەوییەوە، مورید تا ئەو دەمەی بە سەختی تووشی نەخۆشی دەروونی نەببوو زۆر جار دەیگوت: ئافرەت کائینێکە کە دەتوانێت بەو ئەوینەی هەیەتی، لە گیانی نەخۆشێکدا شێرپەنجە چارەسەر بکات، هەمیشە دەیگوت هەر تەنیا نێرینەکان عاشقی جوانی و هەست و سۆزی ئافرەتان نین. تەواوی بوونەوەرەکانی دنیا بە جوانی و دەنگ و ئەوینی ئافرەتان سەرسامن. دەیگوت: جگە لە مرۆڤی نێرینە تەواوی بونەوەرەکانی تر کۆیلەی جوان و عیشقی ئافرەتن، ئافرەت لە دوای خودا تاکە بوونەوەرێکە، بە هەست و سۆز و خۆشەویستییەکەی، جیهان بەڕێوە دەبات. گەردوون بێ بوونی ئافرەت خاڵییە لە هێز، کونترۆڵیان بە دەست ئافرەتەوەیە.

هۆشیار وەختی بە دەرگاکەدا شۆڕ بووەوە، هێدی هێدی دەرگاکەی بۆ خانم نازەنینی پەرستار دەکردەوە، خانم نازەنینی پەرستار توانی بێتە ژوورەوە، هەرکە هات دەستی خستە سەرشانی هۆشیار، هۆشیار وەک ئەوەی لە ژوانی سەر جێگایەکدا بێت و تەواو بۆ سێکس برسیبێت، وەختێ چاوی بە خانم نازەنین کەوت، هەستایە

سـەر پێی و باوەشی پێـداکـرد، توند ناو قـەدی گـرت و دەمی خسـتـە دەمییـەوە دەسـتی لەپرچەکـانی توند کـرد، توند نووساندی بە دەرگاکەوە، بێ ئەوەی خانمی پەرستار هیچ نارەزاییـەک دەربـبـڕێت و جـوولە جـوولێـک بـکات، موریدی عیشق یار کە لەسەر جێگەکە ڕاکشابوو توانایی هەستانی نەبوو، زەردەخەنەیەکی هێنایە سەرلێوەکانی و چەپڵەیەکی دەنگ نزمی بە دەستە بێ هێزەکانی لێ دا. بە دەنگێکی کرکر، کە تەنیا من گوێم لێ بوو وتی: هەر بژی خـــانم نازەنـینـی پـەرســـتـــار، جگە لـە تۆ نەخۆشـدۆسـتـێکی تر شک نابەم، دیسـان هۆشـیـار لە باوەشی خانم پەرستاردا شل بوو، پەرستارەکـانی دیکە هاتن و دەسـتـیـان دایە ژێر باڵی و خـسـتـیـانەوە سـەر قـەرەوێڵـەکە، لە کانۆلابەندەکەی سەر دەستی چەپییەوە دەرزییەکی نووستە خەویان بۆ کرد بۆ ٢٤ کاتژمێر.

هەمـوو شـتـێـک ئارام بووەوە من هیچ ترسێکم نەمـا، نەشـدەبوو ترسم بمایە، ئەوان بۆ ٤ کـاتژمـێـر نوسـتـوون، تەنیـا من و مـوریدی عـاشق یار بەخـەبەرین، مـورید لە خـاڵی کـۆتـایی ژیاندایە پزیشـکەکـەی پێی ڕاگـەیاندووە چەند ڕۆژێکی دیکە دەمـرێت، مـورید خـۆی ئەم هەواڵە نازانێت، نازانم ئایا بە بیـسـتـنی هەواڵی مـردنی خـۆی خـۆشـحـاڵ دەبێت یان نا؟ من نـازانم دەمرێت یان... نا. لانی کەم تا نەهاتبوومە ئێرە حەزم دەکرد مورید لەو حاڵە خراپەی کە هەیەتی زووتر بمرێ. وەلێ ئێـسـتـا دەمـەوێت نەمرێت سەد ساڵی دیکە بژی، بۆ نەژی ژیان هەر خۆشە گەر نیـوەی تەمەنیش لەسەر قەرەوێڵەیەکی نەخۆشخانە بەسـەر بەریت. ژووری نەخـۆشـخـانە ئارام و بێ دەنگ. گوێم لە هەناسە هەڵکێشانیـانە، ناوبەناو پرخەیەک. لە ورەگـەنجـەکـە دێت، خـەوێکی ئارام خـەوێـک بە زۆر خەوێنراون، چاوەکانیان نیوە کراوە وەک ماری سەرپڕاو، مـوریدی عـیـشق یار داوای ئاو دەکـات بەم شـێـوەیە: ئئـئـاااو. ئئـاااو بە چرپەیەکی گـڕەوە وەک ئەوەی دوای خـواردنەوەی سـاردەمـەنیـیـەکی زۆر دەنگی نووسـابێت دەیوت: کـەسـێک لێـرەیە تۆزێک ئاوم بـاتێ؟ پێم وایە بینایی چاوەکـانیـشی لەدەست دا، لە جیگەی خۆم بڵند بووم مـوریـد من لێـرەم، کـەمـێک ئاوم پێ دا. دوای خواردنەوەی ئاوەکە خەریک بوو بخنکێم.

ئەو گوتی.

لە تینوانداا، من گوتم.

نا کەسێک دەستی لە بینەقاقامدا بوو ئەو گوتی، هیچ کەسێک لێرە نییە بەخەبەربێت من نەبێت منیش کاری وا ناکەم، من گوتم.

زەردەخەیەکی کرد چاوەکانی کردەوە، ڕاستی خەریک بوو بخنێکم ئەو گوتی:

مـوریدی عـیـشق یار دەمـێکە تۆ دەتەوێ شـتـێکم بۆ بگێڕیتەوە. گەر حاڵت باشە گوێت بۆ دەگرم، من گوتم.

سەرێکی بە ئاماژەی بەرزکردنەوە جووڵاند و داوای کرد قەرەوێڵەکەی بۆ بەرز بکەمەوە، پشتیبیەک بخە ژێر ملی. هەر وام کـرد تا ئەو کـاتەی مـورید توانی بە ئاسـانی پاڵ بداتەوە. هەناسـەیەکی قـووڵی پڕ بە قـەفـەسـەی سنگی هەڵکێشا، پاش کەمێک لەسەرخۆ بە هەمان دەنگ کە تەنیـا من هەسـتـم پێ دەکـرد، لێـوی جـووڵاند ئەوان خەوتوون. مورید گوتی:

دەمێکە خەوتوون بێ گومان لە خەوێکی قووڵدان، من گوتم:

تا ئەو کاتەی گەیشتینە ئەو کۆمەڵە قسەیەی ساڵەهایە بەدوایدا وێڵم. مـوریـد باسی ژیانی ڕابردووی دەکـرد، ڕابردووی مورات پڕ لە ژیان قەرەباڵغییەکی زۆر. مورید لە تەمـەنی حـەوت سـاڵیـدا دایکی مـرد، وەک منداڵە دایک مردووەکانی تر دایکە تازەکەی بۆ ئەوەی لە خۆی دووری بخـاتەوە، هەر زوو ناردییـە بازاڕ و لەوێ کـاری دەکرد، مـورید لە تەمەنی پازدە ساڵیـدا هەستی کرد کە بۆچی شـەوان زوو خـەوی لێ دەکـەوێت. دایکە تازەکـەی شەوانە دەنکێک حەپی بۆ دەکردە پەرداخێک شەربەت و هەر زوو دەیخـەواند، ئەمـەش هەشت سـاڵ بەردەوام بوو، کـاتێ مـورید بەوەی زانی ئیـدی هەڵهـات. ڕۆیشـتـە گـەرمـاوێک لەوێ بووە تونچی. مورید بۆ یەکەم جار لە کونێکەوە تەمـاشای ژنانی کرد وەختێ لە گەرمـاوەکەدا خۆیان دەشۆن، ئەم خووە چەند ساڵێک بەردەوام دەبێت تا ئەو کاتەی گوڵشا دەبینێت، جگە لەجوانییەکەی عاشقی دەبێت، هەر لەیەکـەم دیداردا بەگـوڵشـا دەڵێت من سیحرێکی تایبەتم هەیە، وێڕای ڕوخسارت دەزانم چەند دەست دەدەیت لەخـۆت کـاتێ خـۆت دەشـۆیت. دەزانم قەبارەی مەمکەکانت چۆنە. دەزانم نیشانەیەکی گەورە بە پشتتەوەیە، تەنانەت هەفتانە کاتێ خانم گوڵشا دەچێتە گەرماو دواتر دەیبینێت پێی دەڵێت: تۆ لیباسەکەت لەو ڕەنگەیە، ژێرکراس و ستـیـانەکـەت لەو شێـوەیە، خـاتوو گوڵشا سەرسام دەبێت بەم سیـحرزانییـەی مورید تا ئەو کاتەی خاتوو گوڵشا لە بەرەبەیانییەکدا بە بێ دەنگ لە نیـو جـێگەکـەدا دڵی ڕادەوەسـتـێت و ئیـدی وەخـەبەر نایەتەوە، مـورید تا ئێـسـتـاش نازانێ خـاتوو گـوڵشـا

مردووه، یان نا، ڕاستی دەبێت بڵێم بەچیدا بزانێ ئەوان کە لە ڕێگەی گەرماوەکە یەکیان بینیوە، تەنیا ئێمە هەواڵبەر و نامەبەریان ئێمە بووین، تا ئەمڕۆش بەویدا دەگەڕێت هەڵبەتە دوای ئەوەی تووشی مەیخۆرییەکی هەمیشەیی بوو، هەمیشە بە مەستی کوڵانەکانی شاری بەدوادا دەگەڕا. دواجار تووشی نەخۆشیی دەروونی بوو، وەلێ ئێستا ناتوانێت بەدوایدا بگەڕێت و لەسەر قەرەوێڵەی نەخۆشخانە کەوتووە.

موریدی عیشق یار بەدەم تەنگەنەفەسی و ڕشتنی فرمێسکەوە گوتی: کە منداڵ بوون، تۆ و کچە بچکۆلەکە نامەبەری ئێمە بوون، ئێمە کە چەند ساڵ دڵداری یەک بووین لەگەڵ... هەموو ئەو قسانەی ئێوەم لەیادە، نیوەڕۆیەکی دووەم مانگی پاییز لەسەر سەکۆکەی نزیک گەرماوی موفتی دانیشتبوون. لەگەڵ تیرینای بچکۆلە، بۆ یەکەم جار گوێم لێ بوو تۆ بە تیرینات دەگوت: وەرە با من و تۆ وەک کاکە مورید دەدە دڵداری پێکەوە بکەین..

تیرینا گوتی: دڵداری چییە.؟

تۆ گوتت دڵداری ئەوەیە ئێمە یەکمان خۆش بوێت.

تیرینا پێکەنی گوتی منیش حەزدەکەم.

باشە دەی ماڵێکیش دروست دەکەین لە ژووری نووستنەکە سیسەم دادەنێین با سیسەمەکە ئاوێنەیەکی گەورەی پێوەبێت.

تۆ گوتت سیسەممان بۆ چییە؟

تیرینا گوتی: ئێ گیانەکەم پێکەوە لەسەر سیسەمەکە یاری دەکەین خۆمان بەحەوادا هەڵدەدەین، تەقڵە لێ دەدەین، دواییش وەک دایکم و باوکم لەسەری دەخەوین.

تۆ گوتت من حەز دەکەم ماڵەکەمان حەمامێکی گەورەو بانوێیەکی تێدابێت.

تیرینا گوتی: باشە ئێمە حەماممان بۆچییە؟ چی بکەین لە حەمامەکەدا؟

تۆش گوتت لەناو بانویەکە مەلە دەکەین، یاری بە کەفاو دەکەین، لە پێشا بەکەف چاومان کوێر دەکەین با یەکتر بە ڕووتی نەبینین.

تیرینا گوتی وا دەکەین تۆ نابێت بێ وەفا بیت ها، ئەگەر بێ وەفا بیت تۆپەکەت دەتەقێنم، دوایی هیچ نابێت یاری پێ بکەیت.

تۆش گوتت باشە تۆش بێ وەفا نەبیت. ئەگەر بێ وەفا ببیت و توورەم بکەیت، میز بە بووکەشووشەکەتدا دەکەم.

تیرینا گوتی: سەیرکە من حەز ناکەم وەک کامە مورید دەدە گوڵشا بەدزییەوە یەکتر ماچ کەین، ئەها بیرتە ئەو ڕۆژە لە توونی حەمامەکەدا بە دزییەوە ماچی یەکیان دەکرد؟

تۆ گوتت: ئەی چی بکەین؟.

دەڕۆینە سەرچڵی درەختێک لەوێوە دەست دەکەینە ملی یەک و یەکتر ماچ دەکەین، ئەو وای گوت.

کە خۆشە تۆ وات گوت.

من منداڵیم لەو کاتەدا وەک فلیمێکی ڕەشوسپی هاتە پێش چاو. هەموو ئەوانەم بیرهاتەوە.

وتم کاک مورید، بەڵێ گوتم. وەرە با پێکەوە بڕۆین لەسەر کورسی بووک و زاواکە دانیشین...

تیرینا گوتی نابێ، نابێ، بەو جلانەوە نابێت، دەبێت تۆ جلی زاوایی، من جلی بووک. ئای بیرمان چوو کارتی بانگهێشت بڵاو بکەینەوە.

من گوتم... وای کورسیمان نەهێناوە لەگەڵ کێکی بووک. ڕاوەستە دەبێت بڕۆین مۆسیقا بێنین تۆ حەزت لەدەنگی کێیە؟

تیرینا گوتی. نا، نا، مۆسیقا و گۆرانیبێژمان ناوێ، خۆمان گۆرانی دەڵێین وا نییە؟

من گوتم. با با وا دەکەین منداڵەکانیش بانگ دەکەین ئێ.

تیرینا گوتی. کاک مورید ئەمانەم لەبیرە.


مورید زەردەخەنەکانی زیاتر دەبوو. بە هەمان دەنگەکە تەنیا من گوێم لێ بوو.

وتی: کەسێک بانگم دەکات تکایە بزانە کێیە؟

کەسێک دەنگی دوورە، ڕەنگە لە دەرەوە بێت من ڕۆیشتمە دەرەوە، تەواو گەڕام کەسێک نەبوو. وەختێ هاتمەوە مورید چاوەکانی داخستبوو. سەرم نا بە سنگییەوە، گوێم لە ترپەی لێدانی دڵی نەبوو.

دەستیم گرت لە جەستەیدا هەستم بە ساردییەکی هێجگار زۆرکرد. بە دەنگی بەرز هاوارم کرد: بەڕێز پەرستار فریاکەون.موریدی عیشق یار لە حاڵێکی خراپدایە. ئەمەم گوت و لە ترستدا هەڵاتم.

٢٠١٣/٤/٢٢



# شەرم

**ئازاد ئەرگوشی**

چەند سالێک بوو نزیکترین هاوڕێ بوون، تەنانەت کە دەچوونە سەفەریش زۆربەی جار پێکەوە دەڕۆیشتن. ئەوی نەیانی ناسیبایە دەیانگوت ئەمانە خوشک دایبابین. زانکۆیان پێکەوە تەواو کرد، زۆری پێ نەچوو کە هەردووکیان لە وەزارەتی شارەوانی دامەزران. ڕۆژێکیان بە (سەرگوڵ)ی دەستە خۆشکەکەی دەڵێ: دایکم گوتی بە سەرگوڵ بڵێ شەو ئەویش دەعوەتە، پێی بڵێ هەر چۆنێک بێت بێتەماڵمان.

سەرگوڵ گوتی: خێرە سەروین گیان، جا خۆ من پێویستیم بە دەعوەت نییە، من هەمیشە لە ماڵی ئێوەم، ماڵی ئێوە بە ماڵی خۆم دادەنێم، بەڵام پێم ناڵێی ئەم میواندارییە بەبۆنەی چییەوەیە؟

سەروین گوتی: نازانم ئاگاداری، یان نا، شێرزادی برام ئەوە چەند ساڵە حەز لە کچەخاڵەکەی دەکات، بڕیارە ئەم شەو بڕۆینە داخوازی.

سەرگوڵ بە بیستنی ئەم قسەیە دڵی داخورپا، دەتگوت دنیا بە سەریدا ڕووخاوە، ڕەنگی زەرد هەڵگەڕاو کەوتە هەناسەبڕکێ. لێوەکانی کەوتنە لەرزین، بە چاوە دەرپەڕیوەکانی تەماشای سەروینی دەکرد، دەمی کرایەوە، ئامادەبوو بۆ هاوار کردن، بەڵام هیچ دەنگێکی لێ دەرنەچوو. سەروین بە بینینی ئەم گۆڕانکارییانە واقی وڕما، بە هەردوو دەست شانەکانی سەرگوڵی گرت و ڕایهەژاند، بە نیگەرانییەوە گوتی: خێرە سەرگوڵ گیان چی ڕووی داوە؟ نەخۆشی؟ قسەیەکی خراپم کردووە؟

سەرگوڵ قسەی پێ نەدەکرا، تەنیا هەوڵی دا خۆی لە دەستی سەروین دەربێنێ و خێرا وەک ئەوەی کە لە دەست بەڵایەک هەڵبێ دەستی کرد بە ڕاکردن. هەرچی سەروین بانگی کرد بێ سوود بوو، ئەو لە سەر ڕاکردنی خۆی بەردەوام بوو، ناچار ئەویش بەدوای کەوت، دەیوست هەرچۆنێک بێت بزانێ سەرگوڵ چییەتی، کە ئەوها بە بیستنی ئەم هەواڵە شڵەژاوە؟

کاتێ سەروین خۆی گەیاندەماڵی برادەرەکەی، تەنیا لەماڵەوە بوو، سەرگوڵ بە بینینی سەروین لە شەرمان سەری داخست و فرمێسکەکانی دەسڕییەوە. سەروین هەوڵی هێورکردنەوەی برادەرەکەی داو وەک خوشکێکی میهرەبان لە باوەشی گرت و یەک دوو جار ڕوومەتە ناسکەکانی ماچ کرد، پاشان بە دەنگێکی دڵسۆزانە لێی پرسی: چی ڕووی داوە سەرگوڵ گیان، تکایە قسەم بۆ بکە، شتێک هەیە کە من نەیزانم، ئەوەندی من بزانم لەو ماوەیەی کە من و تۆ هاوڕێی یەکترین هیچ شک نابەم لە منت شاردبێتەوەو پێت نەگوتبم، نهێنیمان لە نێواندا نەماوە، هەردووکمان سەرچاوەی سەبووری بەخشین و هێورکردنەوەی یەکتر بووینە، کەواتە ئەگەر شتێک هەیە کە تا ئێستا پێت نەگوتووم تکایە پێم بڵێ، دڵنیابە ئەوەی لە دەستم بێ بۆتی دەکەم بە قوربان.

دوای ئەوەی سەروین لە قسەکردن وەستا، خێرا خۆی گەیاندە مەتبەقەکەو پەرداغە ئاوێکی بۆ هێنا و دایە دەستی، وەک دایکێکی میهرەبان دوای لێ کرد بیخواتەوە. سەرگوڵ چەند قومە ئاوێکی خواردەوە، پاشان ئاخێکی هەڵکێشا و بە داخ و کەسەرەوە گوتی: دەزانی سەروین گیان من ئەوە چەند ساڵە حەز لە شێرزاد دەکەم!

سەروین بە بیستنی ئەم قسەیە سەری سوڕما، چاوەڕێ بوو سەرگوڵ زیاتر قسە بکات، دوای وەستانێکی کورت سەرگوڵ گوتی: من ئەو ماوەیەی کە بوومەتە برادەرت هەمووی لە پێناوی خۆشەویستی و عیشقی شێرزاد بووە، ویستوومە بە هەر جۆر و شێوازێک بێت لێت نزیک ببمەوە تەنیا لە پێناوی خۆشەویستی شێرزاد!

سەرگوڵ بێدەنگ بوو، چاوەڕێی کاریگەری قسەکانی خۆی دەکرد لە سەر سەروین... بێدەنگی باڵی بەسەر فەزای ژوورەکەدا کێشابوو، بەڵام لە پڕێکدا سەروین لە شوێنی خۆی دەرپەڕی، بێ ئەوەی قسەیەک بکات بەبێ دەنگی چووە دەرەوە، چونکە ئەویش چەند ساڵێک بوو عاشقی برای سەرگوڵ بوو! بەڵام ئەویش وەک سەرگوڵ نەیتوانیبوو قسەی دڵی خۆی بۆی بدرکێنێ، ئێستاکەش برای دوو منداڵی هەیە، هاوڕێیەتی ئەم چەند ساڵەیان لە پەنای پەردەی شەرمدا توایەوە..!

## گوڵزار

خۆشترین ساتەکانی ژیانی پیرە باخەوان ئەوکاتە بوو کە گوڵزارەکەی بە گوڵ دادەپۆشی. هەموو بەیانییان بە دەنگی پێکەنینی گوڵ و چەهچەهەی بلبل لە خەو هەڵدەستا. هەمیشە بە بۆنی خۆشی گوڵ و گوڵزار سەرلەنوێ ژیانی دەست پێ دەکردەوە، بەڵام ئەو خۆشییەی درێژخایەن نەبوو، چونکە دەبوو باخەوان گوڵەکانی گوڵزارەکەی بکات بە بۆن و ئەو هەموو جوانییەی گوڵزارەکەی بکاتە قوربانی لەپێناوی گوزەران و بژێوی ژیانی خۆی، وەرزی قوربانیدانی باخەوانیش هەمیشە لە بەهاراندا بوو. بەهار وەرزی لەدایک بوونی گوڵزارەکەی بوو، بەڵام مەرگیشی هاوکات بوو لەگەڵ کۆتایی هاتنی وەرزی بەهار.

باخەوان هەموو ساڵ شایەتی لە دایک بوون و بە قوربانی بوونی گوڵزارەکەی بوو، هاوکات ئەویش لە ژانی لەدایک بوون و ساتە سامناکەکانی سەرەمەرگ بێ بەش نەبوو، ئەویش وەک گوڵزارەکەی هەر لە سەرەتای بەهارەوە لەکاتی لە دایک بوونی خونچەیەک، تا بوون بە گوڵێکی تەواو و لەرینەوەیان لەبەر شنەبای بەهاراندا هەموویانی کردووە. ناخۆشترین ساتەکانی تەمەنی ئەو کاتانە بوون کە دەستی دەکرد بە کۆکردنەوەو چنینی گوڵەکان، ئەوجا دەیانی خستە ناو مەنجەڵە گەورەکان، پاشان بە دەرپۆش سەری مەنجەڵەکانی دادەپۆشی، بەجۆرێک کە تەنیا ڕێگای هەناسەدانی گوڵەکان کونێکی بچووکی بۆڕی مسییەکان بوو کە سەرەکەی تریان بە بتڵەکانەوە قایم بکرێ.

ئەم بۆڕییە تەنیا ڕێگەی هەناسەی گوڵەکانە، بەڵام چ جۆرە هەناسەیەک بوو، لەگەڵ بەهێزکردنی بڵێسەی ئاگری ژێر مەنجەلەکان پەلکەگوڵەکان هەڵدەوەرێن و لەناو دەمای گەرمایی بێ بەزەیی ئاودا دەتوێنەوەو دەبن بە هەڵم، هەڵمەکەش لەڕێی بۆرییە مسییەکەوە دەچێتە ناو بتڵە شووشەکانەوە کە لەناو ئاوی سارد دانراون، بە گەیشتنی هەڵمەکە بۆ ناو بتڵەکان دەبێ بە دڵۆپە پێی دەگوترێ (گوڵاو)، یان بۆن بۆ ئەوەی لووتی کۆمەڵێک مرۆڤی لموز بڵند و بێ ئاگا لە جوانی بحەسێتەوە. بۆنەکە دڵۆپ دڵۆپ دەتکێتە ناو شووشەکانەوە کە باخەوان ئەم دڵۆپانەی بە دڵۆپە خوێنی خۆی دادەنێ کە دانە دانە دەتکێنە ناو شووشەکانەوە، پاشان شووشەکان خۆیان لەناو دەستی هەرکەس و ناکەسێک دەدۆزنەوە. باخەوانیش بێ بەش لە هەموو شتێک، تەنیا گوڵزارە بێ گوڵەکەی بۆ دەمایەوە. دەبوایە چاوەڕوان بێ تا دووبارە گوڵزارەکەی لەدایک بێتەوە بۆ ئەوەی خەندەیەک بێتە سەر لێوی، گەرچی دەیزانی ئەم خەندەیە تەمەن کورتەو بەشی هەرە گەورەی ئەو لەژیانیدا تەنیا فرمێسکی سوێرو داخی لەدەستدانی گوڵزارەکەیەتی، کە دەبوایە ساڵانە لە وەرزی بەهاردا شینی بۆ دابنێ.



# گونەھ

ئیلهامی سیدار
(ئامەد)

چڤاس وەخت دەرباس بووبوو نزانم، رەڤینیێن یەکنەساک ئێن تەکەرێن هەسنی ب خەوەکە گران ل سەر لاشێ من روونشتبوو، پشتی دەمەکە درێژ ئانجاخ ب دەنگێ باڤێ خوە شیار بووبووم.
«رابە کورێ من، ئەم هاتن.»
د کۆمپارتمانا سەراقەت زیڤینی دکر دە، ب هەستەکە وەک کو د هێلەکانەکێ دە بهەژم ب سڤکاهیێ دکەتم و چاڤێ من ژ گەردوونا کو ل پەی جامێن قالند بەرەڤاژی داژۆت نەدقەتیا، ب شوون دە چاوا وسا د خەوەکە کوور دە چووبووم!
تو فەرقا نها جهێ کو ئەم لێ پەیا دبوون، ژ جهێ مە یێ بەرێ تونە بوو، دیسا ستاسیۆنەکە موتەوازی، لۆژمانەکە زەرا بانێن وێ ب کرەمتێن سۆر لێکری و باخچەییێن ب دارێن شین خەملی...
کارمەند بوو بابێ من، لێ تو فیاڤا وی تونە بوو، تەڤی کو ئونیفۆرمایەکە وی یا چرووسکدار هەبوو ژی، کەسی پوتە پێ نەددا، لێ ئەڤ یەک تەو نە خەما وی بوو، د حالێ خوە دە، یەکی پڕ خوەگرتی بوو، د کار مارێن مالێ دە ژی وەک بەرمالیەکێ لباک بوو، د ناڤ هەفتەیەکێ دە ب تەنا سەرێ خوە ئەو مال چاوا تەکووز کربوو و چاوا هەر تشت ب رێکووپێک کربوو! پشتی مە چەند هەفتەیەکە دن دێیا من ژی هات. ب بەنگنیەکە نەپەن پێ گرێدایی بووم، لێ ئەز ب خوە ژ بۆ وێ ئەوڤاسی نە ب قیمەت بووم؛ د گەردوونا خەونان دە وەک جندرەلایەکە کو ل بەندا شەهزادەیێ خوە بە، ئەلەقەیا خوە نە ب من، نە ب باڤێ من و نە ب تو تشتێن گرێدایی ڤێ دنیایێ دانی، دبێ قەی خوە ئایدی ڤێ دنیایا ژ رێزێ نەددیت.
ئەو رۆژا کو ژ ترێنێ پەیا بووبوو، چ ب خوەپێگرتنا دەستکا دەری، چ ب گاڤپیڤانێن پێپەلووکان، ب هەر لڤێن خوە ئەسالەتەک و روهتەنکیەک ددا دەر؛ نها خەیالا وێ یا خوەشک کو وەک زندی ل بەر چاڤێ منە، پشترە ب خویانا خوە

یا ئەسـیل تم ممە. دە رەنالا سـتـەندهالی ب بیـرا من دخست. ئەز و باڤێ خوە ب کەلەجان ل هێڤیا وێ بوون، گاڤا ژ پێپەلووکان خویا کر باڤێ من د بێهنەکێ دە خوە گهاندێ و ب نازکی ژ دەستێ وێ گرت کو ب رەحەتی ژ پێپەلووکان داکەڤە ژێر، من ئەو چاخ فەرق کر کو کەسێن ل ستاسیۆنێ گش ب ئاورێن هەیرانی لێ مێزە دکن، دبێ قەی هەتا وێ گاڤێ لەقایی دەلالیەکێ وەها نەهاتبوون. ئەوقاس خوەشکبوونا وێ ئەو چاخ ژ بۆ من واتەیەکە جودا ئیفادە نەدکر، بەس دایکا من بوو ئەو، دایکا منا دەلال!

پشتی هاتنا وێ، ژیانا مە وەک بەرێ ژ جهێ کو مابوو دەوام کر. ژیانا من ژی هەر کو دچوو بێتر ب رێکوپێک دبوو، هزنا ڤەقەتینا هەڤالێن کەڤن ب هەیەجانا ناسکرنا هەڤالێن نوو هێدی هێدی ئاش دبوو، نەخاسم د ناڤ هەڤالێن نوو دە یەک هەبوو کو هەیاما زارۆکتیا من دێ پێ تەشەیەکە نوو بگرتا. ئیرۆ ب من وسا تێ کو گیانا وی وەک کو نە ئایدی ڤێ دنیایێ بە، وەک کو ژ دنیایەکە دن بە.

مە ل دبستانێ هەڤ ناس کربوو، هەسەن بوو ناڤێ وی؛ یەکی قەمەر یێ ب خویانا خوە قەلس، لێ هەم ژ من درێژتر و هەم ژی خوەدی گەودەیەکە ب هەستی و خورت بوو، ب کەسایەتا خوە یا پێشاوا ل دۆر خوە کۆمەکە هەڤالان جڤاندبوو. د دەمەکە کورت دە ئەم بووبوون وەک نال و بزمێر، د هەر جهێ کو ئەم دچوونێ دە، د هەر کارێ کو مە دکر دە، د هەر لیستکا کو مە دلەیست دە کەسێ هەری نێزکی وی ئەز بووم. وەک هەر کەسێن ل دۆرا وی من ژی ژێ پڕ حەز کربوو و د دەمەکە کن دە نزانم ب هەستەکە چاوا نەپەن کو ئیرۆ ژی ناهێتە راڤەکرن پێ هاتبووم گرێدان. گەلۆ ب چ تایبەتیا خوە ئەوقاسی تەسیرەکە مەزن ل سەر مە کربوو؟ ب باشبوون و ئادلبوونا خوە، ب تێگهیشتیبوونا خوە، ب بێدەنگیتیا خوە، ب کووراهیا خوە یان، یان ب خوەگرتیبوونا خوە؟ ئیرۆ ب من وسا تێ کو تایبەتیەکە وی یا ل سەر ڤان گشان هەبوو؛ ئاورێن وی! ئاورێن بخومام، ب خایس، درێژ و کوور؛ ئاورێن رازدار کو تم ل دووراهیان دگەڕیان، وی ل دووراهیان دنهێرت، بێیی کو ژ ئیستقامەتا خوە ئاڤەرێ بە، زوور دنهێرت، کی دزانە ل کوو رادوەستیا!

ژ ئالیێ دن ل مالێ هەر تشت وەک بەرێ بەر ب ئالۆزیێ ڤە دچوو؛ د ناڤبەرا دێیا من و بابێ من دە خرەجرِ کێم نەدبوو، دایکا من ئا کو قەت دەستێ خوە د ئاڤا سار و گەرم دە نەدکر، تم ب سەر باڤێ من دە دچوو، گۆتنا دگۆت، وەک زارۆکان ئەو دازراند؛ هەچی باڤێ من بوو ل بەر ڤان ئێریشێن حورمەتا کو وەک دینان ئاشقێ وێ بووبوو، ب سەبرەکە ئەیوبی سەماخ دکر و هەتا ژ دەستێ وی دهات جەوابا وێ نەددا.

دێ چەند سال د ناڤ رە دەرباس بووبوونا کو ئەز ئێ هێ نوو هین بووبووما، دێیا من ب باڤێ من رە نە ب دلێ خوە زەوجیبوو؛ گاڤا کو وان ئەو ژ خۆشەویستێ وێ یێ خزان ب دارێ زۆرێ ڤەقەتاندبوو و هێ کو ناڤێ وێ پێ رە دەرنەکەتبوو وان ئەو ب لەزەلەز ب کارمەندەکی خوەدی کار و ب سەربخوە رە ب سەری کربوو، ئا وێ رۆژێ دلێ خوە د هناڤا خوە دە کوشتبوو.

دەم وەک ئاڤێ دهەرکی.

رۆژ، هەفتە و مەه ل سەر هەڤ دەرباس بووبوون و ئەز بووبووم یەکی ژ ڤێ دەرێ، دبێ قەی ل ڤر ژ دایک بووبووم و ل ڤر مەزن بووبووم، ئەوقاس ل ڤێ دەرێ خوەدی دەرکەتبووم و ئەڤ دەر ئەوقاس خوەدی ل من دەرکەتبوو... تەقەز د ڤێ یەکێ دە پارا هەری مەزنا هەسەنی بوو.

گاڤا هاڤین هات و وەختێ قەرنەیان نێزک بوو، ژ لێیستکێ پێ ڤە تو کولا دلێ مە نەمابوو، لەورا ئەز ژی هەسەن ژی ئەم د دەرسان دە پڕ سەرکەفتی بوون و ژ ڤێ و پێ ڤە تو هەوجەییا مە ب مەکتەبێ نەمابوو؛ لەوما ئەم ب هنجەتا چووینا مەکتەبێ ژ مالێ دەردکەتن، لێ قەت نەبە پییێ مە ژی ب مەکتەبێ نەدکەت.

یقلمەکە ئەجێب ئا ڤێ دەرێ هەبوو، زڤستانان ب سار و سەقەمێ و هاڤینان ژی ب ئار و ئاگری مرۆڤ دفەتساند. پشتی نیڤرۆیەکێ بوو، ل مالێ ب تەنا سەرێ خوە گەلەک ئاجز بووبووم، ژ بۆ بێهنڤەدانەکێ من خوەست هنەکی دەرکەڤم دەرڤە، لنگێن من ئەز راستەرێ بەر ب مالا هەسەنی ڤە کاش کرم. تاخ پڕ ساکین دخویا، هەر جه ڤکیڤالا بوو، نزانم چما لێ ژ نەدیتی ڤە خۆفەکێ ئاڤێتبوو دلێ من. باخچەیەکی مەزن ئێ مالا هەسەنی هەبوو، قۆریدۆرەکە ژ دارالینکان د ناڤ بێهنا گولەهنگڤین هەتا بەر دەریێ هوندرین درێژی ددا؛ هەستەکە خەریب کەتبوو دلێ من، دەنگەک ژ هناڤا من سەراقەت، ب شوون دە ڤەگەرە دگۆت، ل بەر دەریێ دارین قاسەک دودل سەکنیم، پشترە من گۆت تەمام و ب دەربێن بزدۆک من ل دەری خست و گاڤەکێ ب پاش ڤە

کشـیام، دەری ژ نشکان ڤە ڤـەببـوو، مەتین بوو، کـەکێ هەسەنی، ب تەمەنێ خوە ژ مە پڕ مەزنتر؛ ب دیتنا وی ساوەکێ ئاڤێـتـبـوو دلێ من، ژ بەرێ ڤە ژێ زەهف دترسیام، یەکی پڕ تاری بوو، ئاوڕێن وی تاری، دلێ وی تاری...

وەک کو فافکی ببم،«هەسەن؟» من پرسی.

«نە ل مالێ یە!» گۆت.

من کر کو ب شووندە ڤەکشم،

«وەرە.» گۆت، «بکەڤە هوندر.»

من فام کر کو نیەتەکە خەراب د دلێ خوە دە دسێورینە، ئیـفـادەیا روویێ وی، چرووسـینا چاڤـێن وی ئەز پڕ ساواندم، من تو بەرسڤ نەدا و یەکسەر بەر ب دەری ڤە بەزیام، گاڤا من دەستێ خوە ئاڤێتە بزمکا دەری هەمان دەمی دەری ل سەر روویێ من ڤـەبوو، مـەجیت بوو، ب شـارەتا مـەتینی ب چەنگێ من گرت و ئەز ب خوە رە کاش کرم، خۆفا کو ئاڤێـتبوو دلێ من قەت نەدهات سێوراندن، ژ ترسان درانێن من ل هەڤ کیپ بووبوون، ب وێ ترسێ نزانم چاوا من خوە ژ دەستێ مەجیتی خەلاس کر و جارەکە دن بەر ب دەریێ هەوشێ ڤە رەڤیام.. ئێدی ب هەولێ جان چاوا بێهن چکیایی ژ وان کوچەیان ب چاڤکۆری رەڤیابم، پشتی دەمەکێ من هەو دیت کو ئەز ب دەرڤەیی تاخێ کەتمە، لێ چما کەس تونە بوو، چما کەس ب هاوارا من دە نەدهات، خوەدێیۆ چ جهەکی بێیۆم بوو ئەڤ دەر، چما من کەس نەددیت، چما کەس ب هاوارا من دە نەدهات؟ دەمەک وسا ژ ترسان من نەوێربوو ل دوو خوە بنهێرتا، ئێدی بێهن ل من چکیابوو، گاڤا د ناڤ خوێدانێ دە لەهزەیەکێ سەکنیم و من ل دەروودۆرا خوە نهێرت، هەو من دیت کو ئەز د کووراهیا بێپەژنیەکێ دە ئاسێ مە. ل دەرڤەیی تاخێ بووم، تەنێ چەند مال و چەند تەمەل خویا دکر، من ئەو جەسارەت ب خوە رە نەددیت کو خوە بگهینم دەریەکی و ژخوە ئەو هەر دو بێناموس دکر هەر دەم ژ هەر جهی زل بدایا، هەما وێ گاڤێ چاوا چاڤێ من ل ملێ راستێ ب تەمەلێ خانیەکی کەت، ئەز نەسەکنیم و من خوە د دەربەکێ دە ئاڤێت بۆدرۆما وی تەمەلی. هوندر زەهف تاری بوو و وەک بیرێن لەخەمێ بێهن ددا، من پۆزێ خوە گرت و خوە د قونجەکی دە قونجفاندە سەر هەڤ. لێ زەهف نەچوو کو ژ دەرڤە هین دەنگ هاتن گوهێ من، خوەدێیۆ دلێ من چاوا هاتبوو بەر دەڤێ من، قاسەکی دن ئەو هەر دو سەگباب وەک پسیکێن کو چاڤێ وان ل تاریێ دچرووسن وان خوە ئاڤێتە هوندر و د وێ تاریێ دە وان ئەز دیتم، مەجت وەک چاڤدێرەکی ل بەر دەڤێ دەری مابوو، مەتین هێدی هێدی بەر ب ئالیێ من ڤە دهات، گاڤا کو نێزکی من بوو ئەز ژ جهێ خوە پەنگزیم و د وێ کۆخا تاری، بێهنگەننی و فەتسۆکی دە بەزەرەڤەک دەست پێ کر، زەهف نەئاژۆت، وی بەرازی ژ چەنگێن من ئەز هشک زەفت کربووم، د ناڤ لەپێ وی بێناموسی دە ب هەولێ جان دپەرپتیم؛ نزانم چاوا لێ تام د وێ ئەسنایێ دە ژ نشکان ڤە قیژینیەک ژ بەر دەڤێ دەری بلند بوو، مەجیت بوو، مەتین ب تەلاش ئەز بەردام و ب تەلبێ وی ڤە چوو، من باش پێ دەرنەدخست کو چ د ناڤبەرا وان دە دقەومی، لێ خوەش خویا دکر کو ئەو هەر دو د ناڤ تەلاشەیەکە دە دقرقلین، یەکی ژ دەرڤە ب کەڤرەکی سەرێ مەجیتی شکاندبوو و من د سەرێ خوە دە وسا دسێوراند کو خوینا ژ سەرێ وی دچزری نیشانا رزگاربوونا من بوو.

جارا ئەول بوو کو من فام دکر رۆنی مەزنترین کانیا بەختەواریێ یە.

ل دەرڤە تشتەکی نەئاسایی نەدخویا، ئەو هەر دو سەگباب ژ چاڤان وندا بووبوون ژی، لێ گاڤا نێزکی ئالی تاخا خوارێ بووم من دیت کو هەسەن ژ پشتا دیوارێ خانیەکی شارەتان ل من دکە، خوەدێیۆ، چ بەختەواریەکە مەزن بوو، دلێ من چاوا وەک چووکەکی کو ژ خەفکەکێ خەددار خەلاس بووبە ب فڕێ کەتبوو!

وێ رۆژێ ژ تەمەنێ من چەند سال زایی بووبوو، چەند د کوراهیا بێدەنگیەکێ دە وەربووبووم نزانم، تشتێ دزانم پشتی وێ رۆژێ ب رۆژان من نەخوەست کو هەسەنی ببینم، د ناڤ شەرمێ دە بووم، وەک کەتیەکی، بێمەجالیا من، بێچارەتیا من!

بەس هەفتەیەک دەوام کر، داویا هەفتەیێ هات، هەسەنی ل دەری خست.

«ئەم دەرکەڤن!» گۆت و ئەم دەرکەتن، چەند هەڤالێن دن ژی ژ تاخێ تەڤ ل مە بوون. گەرما حەزیرانێ د سەر سەرێ مە رە دقژلاند؛ هەسەن کەت پێشیا مە و مە ژی دا دوو وی؛ ئەم چوون، مە بەرێ خوە دا ناڤ زەڤیێن گەنمان، ژ ناڤ سلمێن کو د سەر سەرێ مە رە داڤێتن دەرباس بوون، خوێدانا ئەنیا مە وەک مۆریکان، ئەم چوون، چوون و چوون... داویێ ئەم گهاشتن قەراخا گۆلەکە شیلۆ، گەمار و چەپەلی، لێ د وێ گەرما هاڤینێ دە چاوا چاڤێ مە ب ئاڤێ کەتبوو ئێدی کێ کاربوو ئەم راوەستاندانا!

وێ رۆژێ پشتی ئەسرکی ئەم ب هالەکی شەرپەزە

ڤەگەڕیابوون مالێ، ژ هەر دەرێ مە هەڕی و ئاڤا گەننی دحەڕکی، و گاڤا چاڤێ دێیا من ب وی هالێ پەریشان ب من کەت وەک دینان لێ هات و هەما ل بەر دەری خودێ چ دابە شقامەکە هشک ل بن گوهێ من تەقاند و ئەز ل پەی خوە لەزەلەز کشکشاندم سەرشۆکێ! داویا وێ رۆژێ گاڤا کەتم ناڤ جهان ئەوقاس ژحالدەکەتی بووم کو دۆترا رۆژێ هەیا نیڤرۆ نکاربووم ژ ناڤ جهان رابووما، دێیا من وێ رۆژێ دەرڤە ژ من رە قەدەخە کر، لێ دیسا ژی من رێیەک ژ خوە رە دیت و ب دزیکا خوە ئاڤێتە دەرڤە؛ ل ژۆر تاڤ سۆر دکر و چەند بەژن د سەر من رە داڤێت، من تەرەوزان شۆپاند و بەر ب تاخێ ڤە مەشیام، گەرمەکە قڕلاندی هەبوو، دکر مەژیێ من بکەلاندا، دەمەک ب شووندە بێگاڤ مام کو خوە باڤێژم بن سیا دارجێویەکێ، ل دەروودۆرێ کەس خویا نەدکر، رەوشەکە پڕ خەریب بوو، گەلۆ هەڤال بێیی من ب جهەکی ڤە چووبوون؟ هەر چ بە ئەز ئێ قاسەکی دن هین بیبووما. مالا هەسەنی هنەک ل ژۆر بوو، گاڤا من چاڤێ خوە ل وێ دۆرێ هنەک گەراند ژ نەدیتی ڤە دیمەنەکە خەریب بالا من کشاند؛ زارۆکەک وەک کو ژ هش چووبە ل بن وێ تاڤا تووژ مینا مریەکی ل ئەردێ درێژ کەتیە، گاڤا من باش لێ مێزە کر، ژ تیشۆرتێ وی یا زەر من پێ دەرخست، هەسەن بوو! هەمان ژ جهێ خوە رابووم و ب بایێ بازێ گهیشتمێ، ل ئەردێ وەک تەرمەکی ئا وسا ڤەزەلیایبوو، من بانگ لێ کر، بەرسڤ نەدا، ژ هش ڤە چووبوو، زەهف ترسیام و ب تەلاشەکێ هەمان ژ جهێ خوە پەنگزیم، د بێهنەکێ دە گهام بەر دەریێ مالا وان و من دایکا وی ژ رەوشێ هایدار کر، لەزەلەز هاتە سەر کورێ خوە و من نەدیت هەما قیرینەکە چاوا پێ کەت، دوورە جیران ژی گهیشتن و پەڤرە وان ئەو راکر بر مالێ...

وێ رۆژێ هەتا دەرەنگێ شەڤێ کەسێ ژ مە تو ئاگاهی ژ هەسەنی نەستەند، دۆترا رۆژێ ئەم هین بوون کو وان ئەول ئەو بریە ساخلخ عوجاخی، بژیشک لێ نهێرتیە کو رەوشا وی پڕ خەدداره، وان ئەو هەمان هەوالەیی نەخوەشخانەیا باژێر کریە. وێ شەڤێ خەو نەکەتە چاڤێ من، رۆژا دن بەندەماینا من ئا دلتەپین دەوام کر. پشتی ژ هەڤالان هین بووم کو سەدەما هەر تشتی ئەو بەرازێ برایێ وی بوو. مەتین، وێ رۆژێ ژ بەر فەسادیا ژنەبیا کو خوەدیێ وێ زەڤیێ گەڤمان کو ئەم ژ ناڤێ دەرباس بووبوون و چووبوون وێ گۆلا گەماری، چەند سیلە لێ

خستیە، هەسەن ژی دەنگێ خوە نەکریە و نەدایە دەرڤە، وی رۆندکێن خوە ل هناڤا خوە کۆم کرنە، پشترە ژ قەهران خوە ئاڤێتیە دەرڤە و دەڤەروو ل ئەردێ درێژ کەتیە.

زەهف نەچوو خەبەرا نەخێرێ هات؛ هەسەن ژ خوینوەرڤینا مەژی مربوو و خوەدێیێ چ ب من هاتبوو؛ وێ شەڤێ، ئەو شەڤا کو قیرنا ژ دلێ بێدەنگیێ بەرز بووبوو و پشترە هێسرێن چاڤان بووبوو باران و ئەرد و ئەزمان ژ خوینا دلان سۆرگەوەزی بووبوو، چ ب دلێ من ئێ لیان هاتبوو!

خەدێیێ چ ب من هاتبوو! هەسەن مر! هەسەن مر...

وێ قیرینا کو د هناڤا من دە وەک باهۆزەکێ دەنگ ڤەددا، ب هەموو دلسۆژیا خوە هێمایا مرنا کامباخ د موخەیلا من دە درێسیا.

جارا ئەول بوو کو ب هلما سارا مرنێ رە روو ب روو دمام. جارا ئەول بوو کو من لاشێ مریەکی ب چاڤان ددیت.

گاڤا من لاشێ دەستەبراکێ خوە یێ خوەشەویست ل سەر وی کەڤرێ سار ئێ وسا هشکووهۆلا دیت، فکرا ژ مرنێ وێدەتر تو رێ تونە یە، ژ وێ چاخێ وەک کاکلەکی د بنهشێ من دە جه دگرت. لێ تشتا کو وێ چاخێ د مەژیێ من دە خوە ددا دەر، «تونەبوون» بوو، هەسەن تونە بوو، ئێدی د ژیانا من دە تو تشت تونە بوو، ڤێ یەکێ واتەیێن مرنێ گش پووچ کربوون، لاشێ هەسەنی ئا وسا ل سەر کەڤرەکی هشکووهۆلا، راستیەکە خەدار ئا کو هناڤا من ڤکیڤالا کربوو.

چ حەیف کو ل مالێ ژی تو تشت د رێ دە نەدچوو، دێیا من هەر وەک خوە بوو، لێ باڤێ من؟ دبێ قەی باڤێ من ڤەدگوهزی تشتەکی دن، خوی و خسلەتێ وی ڤەدگوهەری، جارنان نەدهات مالێ، نەدچوو سەر کاری ژی، کەسی نزانبوو کو ب کوو ڤە وندا دبوو، کەسی نزانبوو وسا چ پێ دهات. پشتی کو هەستا مرنێ جارا ئەول سرایەتی گیانا من کربوو ئێدی ژ هەر تشتی دترسیام، پشتی هەسەنی خوەدێ نەکە هەکە تشتەک ب باڤێ من ژی بهاتا گەلۆ دێ هالێ من چ ببوویا؟

وو دێیا من! بێ نزانم ژ بەر چ وسا ئەجێب تەڤدگەریا، ما ئەز نە کورێ وێ بووم، ئەو نە دایکا من بوو، دبوو کو ژ باڤێ من هەز نەکرا، لێ گونەهێ من چ بوو گەلۆ؟ بێاقووبەتیا وێ یا ل هەمبەری باڤێ من، ب هەلوەستێن وێ یێن ئێریشکار گهاشتبوو ئاستا هەری بلند، هالبووکی باڤێ من ئێ رەبەن ئەو چقاس ب سەر دە

بچوویا ژی، هەتا ژ دەستێ وی دهات دەنگێ خوە نەدکر و داڤێت ناڤ دلێ خوە، یەکانە تەسەلیا وی پیالەیێن ئاراقان بوو.

ئەو شەڤا کو د ناڤبەرا وی و دێیا من دە شەڕەکی مەزن دەرکەتبوو، تشتا ئەجێب ئەو بوو کو باڤێ من ل هەمبەری وێ ب هەلوەستەکە نەدیتی دەنگێ خوە بلند کربوو و دۆترا رۆژێ ژی وندا بووبوو.

«نازیان دکە.»

«چاوا دایێ!»

«قاشۆ دخوازە من راست بکە.»

«باڤێ من!»

«کا بلا بزڤڕە!»

«قەی دێ بزڤڕە؟»

«هەلبەت دێ بزڤڕە؛ لنگێ پێخواس ل بەر دەرێ سۆلدروو یە.»

دلێ مرۆڤەکی چاوا ئەوقاسی قالند دبوو، مرۆڤەک چاوا ئەوقاسی هشک و چاوا ئەوقاسی دلرەق دبوو، من چاوا کاربوو وێ کەسێ ب هەزکرنەکە ئەوقاسی مەزن د دلێ خوە دە بهەباندا، نها هێ ژی گاڤا بێیی ڤینا خوە وێ ب بیر تینم چاوا هەیا هەستیان درجفم؟

وەک وێ بوو؛ پشتی چەند رۆژان باڤێ من وەک کو تو تشت نەبووبە زڤڕی و دێیا من تشتێن نەدیتی ئانین سەرێ وی.

خوەدێ ژ کێ زەهف حەز بکە وێ/ی دستینە بال خوە.

دهاتە گۆتن کو هەسەن ل ور ئە، ل بال خوەدێ یە، لێ خوەدێ ل کوو بوو؟ گاڤا قیڕینێن ژ قەلشتەکێن گیانێ من بەرز دبوون و واتەیێن ژیانا من یەکۆ یەکۆ پووچ دبوون، من های نین بوو کو بایێن کو من د ڤالاهیێن خوە دە بەربا دکن ئاگاهدارێ باهۆزێن هەری مەزن ن. گاڤا د دۆژەها خوە دە ل زارۆکتیا خوە دگەریام، من ژیانا خوە یا بەرێ، خەیالێن خوە، هێڤیێن خوە، هەموو پێشنوومایێن خوە د گۆڕستانەکە کو واتەیێن ژیانێ پووچ دکر دە هشتبوون. نها ل ڤێ ژیانا کو ماسوومیەتا من ژ دەستێ من هاتبوو ستەندن، دێ کێ ئەز بەر ب دنیایەکێ بێرێبەر ڤە بریندار کاش بکرما، ژ باڤێکی بریندار پێ ڤە چ مابوو د دەستێ من دە؟

شەڤەکێ دیسا ل بەر پاجێیا ڤەکری ل ناڤ ستێرکێن چرووسی د ناڤ خەیالان دە ل سوورەتێن هەسەنی دگەریام کو ژ نشکان ڤە ل ئالی دن خڕەجڕەک دەست پێ کربوو، باڤێ من گەلەکی ب هێرس بوو، «تە ئەز خاپاندم، تە ئەز کرم بەنیشتێ دەڤێ خەلکێ، تە ئەز خاپاندم، تە ئەز کرم قۆدۆشێ ڤی وەلاتی، تە ئەز خاپاندم!» خوەدێیۆ، ئەز کەتبوومە چ تایەکە سار، وان ل عودەیا خوە قیامەت رادکر و ئەز ل عودەیا خوە د ناڤا تایەکە سار دە تو تشت ژ دەستێ من نەدهات، من دکر ژ کەربان دین ببم کو تام د وێ ناڤێ دە ب دەنگێ تەقینەکێ ژ جهێ خوە پەنگزیم، دوورە قیڕینەکە بەرز بوو و دوورە دەنگێ تەقینەکە دن... من بازدا و من خوە ئاڤێت بەر دەرێ وان، ژ ئالیەکی ڤە من دەری ددا بەر کولمان و پەحینان، ژ ئالیەکی ڤە ژی قیڕنێن من دگهیشت ئەرشێ ئالا، پشترە جیران گهیشتن هاوارا من، وان دەری شکاند و ئەو کەتنە هوندر؛ خوەدێیۆ، ئەو چ دیمەنەکە ئەرژەنگ بوو کو ئەز ژ هش بربووم؛ دێیا من ل ئەنیا وێ نیشانەکە سۆرگەوەز، ل ئەردێ ڤەزەلیای، هەر دو دەستێن وێ وەک کو بخوازە خوە ل ژیانێ بگرە گوڤاشتی، خوین ژ روویێ وێ دکشە بەر ب ستوویێ وێ و ل دەروودۆرا وێ بەلاڤ دبە، چەند گاڤ ب شووندە باڤێ من پشتا خوە دایە قەریۆلێ، تفنگا کو بن چەنەیا وی قول کریە ژ دەستێ وی شەمتیە، ئیفادا چاڤێ وی وەک کو بەخشینێ بخوازە ژ دلۆڤانیا خوە تو تشت وندا نەکریە...

* * *

گاڤا ب گۆڕستانا هناڤا خوە سەرێ من ل چۆنگا مەتا من ژ وێ ناڤچەیا هزنێ دوور دکەتم، وەک کو ژ کابووسەکێ شیار ببم و بەر ب ماجەرایەکە نوو ڤە بچم ب من دهات. مەزنترین ئێشا کو باڤێ من دیاری من کربوو، ئیرۆ کو بەستا ژیانەکە زندی ددا ب من قەت وەک ناکۆکیەکی نەدهات.

**١٥ مژدار /ئامەد**

**تێبینی: ئەڤ کورتە چیرۆکە ل ٢٠١٢ ێ ب ڕێنڤیسا لاتینی هاتبوو نڤیسین و د کۆڤارا چرووسکێ دە هاتیە بەلاڤ کرن. هەروەسا ل مالپەرێ (کەلتوورنامە)دا بەلاڤ ببوو.**



# بەسەرهاتی کەرێک لە سەرەمەرگدا

**سادق هدایەت**
**لە فارسییەوە: مەزهەر ئیبراهیمی**
**(سنە)**

ئاخ خ خ! ئێشوئازار هەموو گیانی داگرتووم و لەشی هێناومەتە لەرزین. ئەمە دەستخۆشانەی چەند ساڵ ڕەنجدانمە لە پێناو گیاندارێکی دووپێی پێنەزانی چەوسێنەر! ئەمڕۆ ئاخرین ڕۆژی تەمەنمە و بەمەش دڵم سوکنایی دێ. پاش بەسەربردنی ژینێک پڕ لە زەجر و نەهامەتی، هەڵگرتنی بارگەلی تاقەتپڕووکێن و خۆڕاگریی لە بەرانبەر زەبری دار و زنجیر و جنێوی ڕێبواران، ئێستاش هەر خۆم بە بەختەوەر دەزانم کە ئەم ژینە ترسێنەرە بەجێ دەهێڵم.

ئێرە شەقامی "شەمیران"ە. ئەمڕۆ لە بەر کەمتەرخەمی خاوەنەکەم، ماشینێک قاچەکانی شکاندم و ئاوا پەکم کەوت. دوایەش خەڵک بڕێکیان لێدام و ڕاکێشی قەراغ شەقامەکەیان کردم و بە جێیان هێشتم، ڕەنگە لە بیریان چووبێت ئێستاش دەتوانن لە ناڵ و پێستەم کەڵک وەرگرن. وێدەچێ لێم ناهومێد بووبێتن. بڵێی لە کاتی خۆیدا خواردنم بۆ بێنن؟ نا نا... دەبێ لەو پەڕی ژان و برسیەتیدا بمری، چون ئەتۆ ئیتر هیچ قازانجێکت نییە.

ئاخ! ئازاری زامەکانم زۆرتر بووە و بەردەوام خوێنیان لێوە دەچۆڕێ. خوایە ئەمە چ دەعبایەکە زاڵ بۆتە سەرمان و ژینی لە سووکایەتی و پیسی و چەرمەسەری ئاخنیوین؟ هەستی سانا و سروشتی بریندار کردووین و هەمیشە لەشمان زامدارە بە دەستییەوە و بە یەکجاری ژینی لێ کردووینەتە ژان. بە ڕواڵەت زۆر لێکدەچین و لە ئاکامدا وەک یەک دەمرین؛ لەم لایەنەوە جیاوازیمان نییە؛ بەڵام دەڵێی لەشی خۆی لە دار و بەرد ئافرێنراوە، چۆن بە قامچی لێمان دەدا و پێی وایە هەستی پێناکەین، ئەگەر بۆخۆی هەستی بەو ژانە بکردبایە، بێ گومان دڵی پێمان دەسووتا. ئەو ئامێرانەی بۆ ئەشکەنجەمان بە کاریان دێنن سروشتی نین و دەسکردی خۆیانن.

ماوەیەکە لە وڵاتانی ڕۆژئاوا بۆ پارێزگاری لە مافی گیانلەبەران کۆڕگەلێکیان لە ژێر ناوی "مرۆڤایەتی" پێکهێناوە. بۆ بەرەنگاری لە چەوساندنەوە و ئەشکەنجەدانی ئێمەمانان یاسای تایبەتییان داناوە. بڵێی ئەوانیش هەر لەم ڕەگەزە

بن؟ هەرگیز! ئەگەریش لەمان بن، دڵنیام دڵی ئەوان لە بەرد نییە.

زانایانی زانستە سروشتییەکان جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان ئێمە و خۆیاندا بەدی ناکەن و مرۆڤ بە سەرپەلی گیانداران دەزانن، بەڵام یەکێک لە زانا ناودارەکان – دیکارت – بە پێی وتەی خۆی سەلماندی کەوا مرۆڤ، بێجگە لە مەکینەیەکی بزۆک، هیچی تر نییە! هەندێ زانای تر دژی ئەم خەیاڵە خاوە وەستان؛ لەوانە: "شۆپنهاوەر" لایەنگری لە ئێمە دەکا و دەڵێ: (بناغەی ئەخلاق بەزەییە، نە تەنیا لەمەڕ هاورەگەز، بەڵکو سەبارەت بە هەموو گیانلەبەرێک) و لە کتێبەکەیدا بە نێوی "ئەخلاق"، تا ڕادەیەک لە هەست و هۆشیاری ئێمە دەدوێ. یەکێکی تر گوتوویە: (ئەمە وەک گەمەیەکە بۆ دایکان، کە دەبینن منداڵەکانیان ملی مەلێ هەڵدەکێشن و سەگ و پشیلە لە یاریدا بریندار دەکەن. ئەمانە بناغەی گەندەڵی و دڵبەردی و بنچینەی چەوساندنەوە و ناپاکین). بەڕاستی گرنگترین هۆکاری ئەو زوڵمەی لە ئێمەمانان ڕۆیشتووە و دەڕوات، بۆ پەروەردەی چەوسێنەرانەی منداڵان لە لایەن دایکگەلیانەوە دەگەڕێتەوە.

مەخابن ئێمە زاری قسەمان نییە، ئەمەش بۆتە هۆی چارەڕەشیمان. بەتەنیا ئەرستۆ لە حەقیقەتی ژیانی ئێمە تێگەیشتووە و دەڵێ: «مرۆڤ گیانلەبەرێکی پەیڤۆکە» (١). هەر لە بەر ئەم پەیڤینەیە ئێمە بووینەتە قوربانی حەز و ئارەزووی هەندێ گیانداری ڕژد. ئەز نازانم بۆچی مرۆڤ گوێ لە زاناکانیان ناگرن؟

**پەراوێز:**

**١-پەیڤۆک: ئەوەی توانایی پەیڤین و قسەکردنی هەبێت، ناتقی عەرەبی.**

**سەرچاوە:**

**ماڵپەڕی ketabnak.com**

# بەها

**گۆران سەرگەڵوویی**
**(سلێمانی)**

کات: کۆتایی زستان.
شوێن: ماڵێک.

ژوورێک ڕازاوەیە بە ڕەنگی جوان، تاکە قەنەفەیەکی گەورە لە قوولایی ژوورەکەدا دانراوە، لەلای ڕاست و چەپی ژوورەکەشەوە تاکە بچووکەکانی دانراون، ئاوێنەیەک بە دیواری چەپی ژوورەکەدا بەلای ئەو دەرگەیەدا هەڵواسراوە کە دەچێتە سەر ژووری چێشتخانەکە، دەرگەی چوونە دەرەوە لەلای ڕاستی ژوورەکەیەو سەبەتەیەکی بچووکی خۆڵی لەلاوەیە، تەلەفۆنێک لە سووچی ڕاستی ژوورەکە دانراوە، ئینجانەیەک کە گوڵێکی لەناودایە لەسووچی چەپی ژوورەکەیە، پەنجەرەیەکی گەورە دەکەوێتە سەر دیواری دواوەی ژوورەکە.

-١-

**مێرد:** (خەریکی خۆ ئامادەکردنە بۆ ڕۆشتن، زەنگی تەلەفۆنەکە لێ دەدات، ژنەکە لەپەنجەرەکەوە سەیری تەلەفۆنەکە دەکات کەمێک شڵەژاو دیارە، مێرد دەچێت بۆ لای تەلەفۆنەکە) دە ئافرەت ئەو پاڵتۆیەم بۆ بێنە، بەڵێ....تۆ چۆنیت دەنگوباست؟ زۆر سوپاس.... (ژنەکە دەڕوات) بەڕاست؟ واتە کێشە کەوتووەتە دەزگای چاپەکەوە؟ ئمممم...بەداخەوە، هیوادارم بتوانن زوو چاکی بکەنەوە، نانا دەی کێشە نییە خوات لەگەڵ. (دەیەوێت گاڵتە لەگەڵ ژنەکەی بکات) یاخوا بەخێر بێن (ژن دێتە ژوورەوەو پاڵتۆکەی پێیە) بەڵێ بەڵێ لە ماڵێن چاوەڕێتان دەکەین، منداڵەکانیش بێنن زۆر باشە، بەڵام نابێ شەویش بڕۆنەوە، زۆر سوپاس ئەویش باشە سڵاوی هەیە بۆتان، دەی خوات لەگەڵ خوات لەگەڵ.

(تەلەفۆنەکە دادەخاتەوە).

**ژن:** ئەوە کێ بوو؟

**مێرد:** ماڵی پوورە سارا بوون ئێوارە دێن بۆ ئێرە، ناهێڵم شەویش بڕۆنەوە.



**ژن:** ئێ زۆر باشە ها پاڵتۆکەت، برۆ و خێرا وەرەوە، دوو کاتژمێری ماوە بۆ ئێوارە، ئینجا....

**مێرد:** تۆ واز لەوە بێنە با خێرا ئەم ناوە پاک بکەینەوە، جارێ زۆری ماوە (بەخێرایی دەکەونە پاککردنەوەی ئەو ناوە. ژنەکە چەپکە گوڵێک دەهێنێت و لەسەر مێزی ناوەڕاستی ژوورەکە دایدەنێت).

**مێرد:** (دەستی دەگرێت و دایدەنیشێنێت) بەسە ماندوو بوویت، دانیشە.

**ژن:** دە باشە تۆش برۆ و خێرا وەرەوە.

**مێرد:** گیانەکەم ناڕۆم وتیان مەیە دەزگای چاپەکە تێکچووە، منیش وتم کێشە نییە.

**ژن:** (بزە دەکات) فێڵبازی ناشیرین.......

**مێرد:** ناتەوێت سەیرم بکەیت؟

**ژن:** دەی هەستە منداڵەکانی پوورە سارا حەزیان لە شفتەیە، قیمەمان نییە...ئا، کەرەوزیشت بیر نەچێ.

**مێرد:** باشە بەسەر چاو، بەڵام شتێک هەیە، نازانم پێت بڵێم!؟ پێت نەڵێم!؟

**ژن:** چییە؟ شتم لێ دەشاریتەوە؟

**مێرد:** نەوەڵا چۆن دڵم دێت شت لە ژنە جوانەکەم بشارمەوە، بەڵام نازانم دەترسم تووڕە بیت!!

**ژن:** تووڕە نابم.

**مێرد:** بەڵێن بێت؟

**ژن:** بەس مەسەلەی ئەو بێوەژنە نەبێت، کە بەحسابی خۆت یارمەتی دەدەیت؟

**مێرد:** ژنەکە!؟ تۆ بۆ ئەوەندە سەیر بیر دەکەیتەوە، من تەنیا ویستم بڵێم کە ماڵی پوورە سارا نایە...

**ژن:** (پێی دەبڕێت) نەخێر.

**مێرد:** خانم من هاوڕێی ڕەحمەتیی مێردەکەی بووم، دوای ئەوە خۆت ئەو ژنە زۆر باش دەناسیت.

**ژن:** بەڵێ ئەم جارەشیان هەر زانیم مەسەلەکە ئەو بێوەژنەیە، پێشم دەڵێی تووڕە مەبە، دەتەوێ تێم بگەیەنیت بەبەرچاوی خۆمەوە خیانەتم لێ دەکەیت و بێ دەنگیش بم؟

**مێرد:** خانم من خیانەتت لێ دەکەم تەنیا لەبەر ئەوەی خۆشم ویستوویت، دەمەوێ ڕێزت لێ بگرم، تەنانەت تا ئێستاش لێت ناپرسم ئەم هەموو تەلەفۆنە چییە دەیکەیت؟

**ژن:** کوا من تەلەفۆنم کردووە بەیانیان بەیەکەوە دەچین بۆ دەوام و بەیەکیشەوە دەگەڕێینەوە، شەوانیش هەر بەیەکەوەین تا خەومان لێ دەکەوێت.

**مێرد:** (پێدەکەنێت بە گاڵتە پێهاتن و تووڕەییەوە) بەڵێ ڕاست دەکەی خانم، بەڵام دوای ئەوەی کە دەزانی من نوستووم هەڵدەستی تەلەفۆن دەکەیت، تەنانەت ئەگەر بشخنکێم لە تینوان هەڵناستم پەرداخێک ئاو قوزەڵقورت بکەم، بۆ ئەوەی تۆ هەست نەکەی من بە خەبەرم.

**ژن:** (دەگری) من تەنیا بۆ کاروباری فەرمانگە تەلەفۆنم کردووە.

**مێرد:** نەخێر بۆ ئەوە دەیقۆزیتەوە کە من تۆم خۆش دەوێ؟ بۆ تۆ وادەزانی من گێلم؟ نەخێر خانم من گێل نیم، ئاگام لە هەموو کەین و بەینەکانتە، خۆت باش دەزانیت کە سەبارەت بە هەڵەکانت چەند خۆڕاگرم، تەنیا لەبەر ئەوەیە بەخۆتدا بچیتەوە و باش بیت، بەڵام ڕەنگە شایەنی ئەوە نەبیت و لە پڕێکدا هەموو شتێک لەدەست بدەیت، ئاگادار بە شاعیر گێل نییە. (دەچێتە دەرەوە).

تاریکی

-٢-

**ژن:** (لەسەر تاکە قەنەفە گەورەکە خەوی لێ کەوتووە، وەک ئەوەی خەون ببینێت، دەبزرکێنێت) کوا من تەلەفۆنم کردووە، ... بەیانیان بەیەکەوە دەچینە دەرەوەو...(لەپڕ ڕادەچڵەکێت) ئای بسم الله... ئای... خوایەگیان خێربێت (دەچێتە لای تەلەفۆنەکەوە و سەیرێکی دەرگاکە دەکات) بەڕاستی خەونێکی ناخۆش بوو، بابچم پەرداخێک ئاو بخۆمەوە.

**مێرد:** (لە چێشتخانەکەوە) پێویست ناکات خانم خۆم ئاوەکەت بۆ دەهێنم (ژنەکە دەترسێت و دەگەڕێتە دواوە، مێرد وردە وردە دێتە ناوەوە، پەرداخێک ئاو و دەمانچەیەکی پێیە ئامادەی کردووە، بۆ تەقاندن ڕووبەڕووی ژنەکە دێ).

**ژن:** ئەو دەمانچەیە لابە، بۆ وا دەکەیت؟ چی بووە؟ دەمانچە شەیتانە، لایبە تکات لێ دەکەم!

**مێرد:** نەخێر، فەرموو ئاوەکەت نۆش کە.

**ژن:** دەمانچە هی گاڵتە نییە، ئەم دەمانچەیەت لە کوێ بوو؟

**مێرد:** ئەوە تێپەڕی بەئارەزووی خۆت لێ پێچینەوەم لەگەڵ بکەیت، ئاوەکەت بخۆرەوە (بە تووڕەیی) دەی

ئاوەکەت بخۆرەوە.

**ژن:** هەر زانیم ئەم خەونە خێری تێدا نییە (ئاوەکە دەخواتەوە)

**مێرد:** (کەمێک بیر دەکاتەوە) قسە بکە چیت لە ژێر سەردایە، با لە زاری خۆتەوە گوێم لەشتەکان بێت.

**ژن:** بەخوا هیچم نەکردووە، تۆ چیت بیستووە؟ بۆ وا دەکەی؟

**مێرد:** هیچ... هەستە... دانیشە... هەستە... دانیشە... (دەیەوێت گاڵتەی پێ بکات) هەستە... دانیشە... هەستە، ئێستا هەستاویت وا نییە؟

**ژن:** بەڵێ

**مێرد:** دە کەواتە هەر هەستە، دانیشە... هەستە... دانیشە، هەستە، دانیشە، هەستە...

**ژن:** ئەوە چیتە بۆ وا دەکەیت؟

**مێرد:** هیچ بێ دەنگ بە، دانیشە... هەستە... ئێێێێێ... بڵێ خۆشم دەوێیت.

**ژن:** (بە ترسەوە) خۆشم دەوێیت.

**مێرد:** بەرزتر.

**ژن:** (زیاتر هاوار دەکات) خۆشم دەوێیت.

**مێرد:** بڵێ هەرگیز ناتوانم لەبیرت بکەم.

**ژن:** هەرگیز ناتوانم لەبیرت بکەم

**مێرد:** هەرگیز لەبیرت ناکەم، خۆشم دەوێیت

**ژن:** هەرگیز لەبیرت ناکەم، خۆشم دەوێیت.

**مێرد:** دەکەواتە هەستە... دانیشە... هەستە... دانیشە.

**ژن:** (زۆر ترساوە و گوێڕایەڵە)

**مێرد:** ئەم جارەیان بڵێ... خۆشم دەوێیت ووو هەموو ژیانم بۆ تۆیە.

**ژن:** خۆشم دەوێیت و هەموو ژیانم بۆ تۆیە.

**مێرد:** خۆشم دەوێیت ووو، ووووو هەموو ژیانم بۆ تۆیە.

**ژن:** ئێ خۆشم دەوێیت و

**مێرد:** من کەی وتوومە ئێ لە (خ)یەکەوە

**ژن:** خۆشم دەوێیت و هەموو ژیانم بۆ تۆیە.

**مێرد:** کچێ وا نا، جوان بیڵێ بڵێ خۆشم دەوێیت ووو، وووووووەکە درێژ دەکەیتەوە، خۆشم دەوێیت وووووو هەموو ژیانم بۆ تۆیە.

**ژن:** خۆشم دەوێیت وووووو هەموو ژیانم بۆ تۆیە.

**مێرد:** ئێ ئاوا، ئێستا تێگەیشتی؟

**ژن:** بەڵێ.

**مێرد:** دەکەواتە بیڵێرەوە.

**ژن:** چی بڵێمەوە؟

**مێرد:** بڵێ خۆشم دەوێیت ووووو هەموو ژیانم بۆ تۆیە.

**ژن:** بڵێ خۆشم دەوێیت وووو

**مێرد:** ئەه.. (لاسایی دەکاتەوە) بڵێ خۆشم دەوێیت وووو، بڵێ یەکە هی منە تۆ هەر دەڵێیت خۆشم دەوێیت وووو هەموو ژیانم بۆ تۆیە

**ژن:** خۆشم دەوێیت ووووو هەموو ژیانم بۆ تۆیە.

**مێرد:** ئێە ئێستا تێگەیشتیت؟

**ژن:** بەڵێ.

**مێرد:** دە کەواتە مەیڵێرەوە. دەڵێم مەیڵێرەوە..

(کەنار گیرە) منیش خۆشم دەوێت و هەرگیز ناتوانم لەبیری بکەم، بۆیە ئەم چەرخەم بە دیاری بۆ هێناوە (دەمانچەکە دەتەقێنێت چەرخە) گیانەکەم منیش خۆشم دەوێیت و هەموو ژیانم بۆ تۆیە، فەرموو ئازیزەکەم ئەمە تەنیا چەرخێکەو بەدیاری بۆم هێناویت. تەنیا گاڵتەیەکم لەگەڵ کردی هیوادارم ببووری، (ژنەکە بێ دەنگەو تووڕەیە لەسەر قەنەفەکە دادەنیشت، مێرد چەرخەکەی دەداتێ، ئەویش فڕێی دەداتە سەر قەنەفەکە).

**مێرد:** وتم گاڵتەم لەگەڵ کردیت.

(هەردووکیان بێ دەنگن، بێ دەنگی ژنەکە مانای وایە دڵگرانە لێی، بێ دەنگی پیاوەکەش ئەوەیە کە ڕاڕایە لەسەر ئەوەی چۆن بتوانێت دڵی چاک بکاتەوە).

**مێرد:** خانمەکەم، دەڵێم، دەتۆ سەیرم بکە، تەنیا گاڵتەیەکی بچووکم لەگەڵ کردیت، تەنانەت ناتەوێت سەیریشم بکەیت؟.....

**ژن:** کەی هاتیتەوە؟

**مێرد:** یەک دوو خولەک پێش ئەوەی بە خەبەر بێیت. ئاگام لێت بوو کە ڕاچڵەکایت. وابزانم خەونت دەبینی.

**ژن:** بەڵێ ڕاستە، کەمێک لەم گاڵتەیەت دەچوو دەم وت خوایە بۆ وا دەکات؟

**مێرد:** دەتۆ واز لەوە بێنە دوایی خەوەکەم بۆ باس بکە. برسیمە چیت لێناوە؟

**ژن:** خواردنێکە بەدڵی تۆیە.

**مێرد:** دەگیانەکەم بیهێنە بۆ ئێرە حەزدەکەم ئەم ئێوارەیە لێرە نان بخۆین.

**ژن:** باشـە. (پەرداخـە ئاوەکـە هەڵدەگـرێت و دەیەوێت بچێتە چێشتخانەکە).

**مێرد:** بوەستـە، دیارییـەکەت بیـر چوو (چەرخـەکـەی دەداتێ) بەدڵت نییە؟

**ژن:** (سـەرنجـێکی دەدات) با بە دڵمـە زۆر سـوپاس. (دەچێتە چێشتخانەکەوە).

**مـێـرد:** (لە گـیـرفـانیـدا پێنووس و کـاغـەزێک دەردەهێنێت، دەیەوێت شـتـێـک بنووسـێت، بەڵام پێنووسەکە نانووسێت، بەدەم خۆیەوە گۆرانی دەڵێت و پێنووسـەکـە فڕێ دەداتە ناو سـەبەتەی خـۆڵەکەوە) بێم یارمەتییەکت بدەم؟

**ژن:** نانا ئەوە هاتم (لەسـەر سینییـەک خـواردنەکـەی ڕازاندووەتەوەو دێتە ژوورەوە)

**مێرد:** ئاااااااااا ی دەستەکانت خۆش ژنە جوانەکەم، بابچم دەستم بشۆم (لەچێشتخانەکەوە)هیچت بیرنەچووە بیهێنم؟

**ژن:** نەخێر. (نان دەخوات).

**مـێـرد:** (لە پەنجـەرەکـەی دواوەی ژوورەکـەوە دڵێکی گەورە دەهێنێتە ژوورەوە، ژنەکە ئاگای لەمە نییە).

**ژن:** چیت کرد؟ دەوەرە با نانەکەمان بخۆین.

**مێرد:** (لەپڕ دڵەکە دەخاتە بەردەمی، ژنەکە دەترسێت و لێی وەردەگرێت)هیوادارم ئەم دڵەت بە دڵ بێت دڵەکەم، ئەم دیبارییەشم بۆ هێنابوویت، بەڵام ویستم یەکـەم جار گاڵتەیەکت لەگەڵ بکەم.

**ژن:** دەست خـۆش سـوپاس جوانە، دەی با نانەکـەمـان بخۆین. (لە نان خواردن بەردەوام دەبن) خواردنەکەت بە دڵە؟

**مێرد:** (وەڵام ناداتەوە بە خێرایی نان دەخوات).

**ژن:** بۆ وەڵام نادەیتەوە؟

**مێرد:** کـچێ نابینی چۆن دەیخۆم؟ ئەگەر بەدڵم نەبێ بەو شێوازە دەیخۆم؟

**ژن:** کەمـێک هێـواشتـر با نەخنکێیت ها ئەم پەرداخە ئاوە بخۆرەوە.

**مێرد:** دەست خۆش (دەیخواتەوە).

**ژن:** هەست بە تەنیایی دەکەم.

**مێرد:** بۆ؟ ئەی ئەوە نییە منت لەگەڵدام؟

**ژن:** من مەبەستم لە کەسێکی ترە.

**مێرد:** کەسێکی تر؟! مەبەستت چییە؟!

**ژن:** (کەمێک دەشڵەژێت) هیچ گیانەکەم، مەبەستم ئەوەیە ئێمە پێویستمان بە کەسێکی ترە

**مـێـرد:** (بزە دەیگرێت) ڕاست دەکـەی ئەم مـاڵە منداڵێکی کەمە، تۆ خەم مەخۆ گیانەکەم ئەم جارە زیاتر ئاگات لەخۆت بێت بۆ ئەوەی منداڵەکە بپارێزیت، ئەگەر منداڵەکـە دروست بوو بەتەواوەتی پشـوو وەربگرە تا منداڵەکـە لەدایک دەبێت، منیش دەمـەوێت منداڵێکی ژیرمـان هەبێت بۆ ئەوەی هەمـیشـە خۆم خواردن بکەم بە دەمییەوە.

**ژن:** منداڵ شیر دەخوات نەک خواردن.

**مـێـرد:** بە منداڵی شـیـر دەخـوات کـە گـەورەش بوو خواردن.

**ژن:** من زۆر میهرەبان دەبم لەگەڵی.

**مـێـرد:** منیش هەوڵ دەدەم هاوڕێیـەکی باش بم بۆی و فـێری دەکـەم کـتـێبی خۆش بوێت (کـەمـێک بێ دەنگ دەبێت)، بەڵام گومانم هەیە.

**ژن:** گومان لەچی گیانەکەم؟

**مێرد:** گومانم لە بیرکردنەوەکانمان هەیە، خۆ مەرج نییە هەر دەبێ ژن و پیـاو منداڵیـان هەبێ، ڕەنگە ژیانیـان وا جوانتـر بێت کـە تا لێوارەکـانی پیربوون بۆ یەکـتـر و لە مردنیشدا پێکەوە بن.

**ژن:** تۆ هەمـیشـە بیـرکـردنەوەت جیـاواز بـووە، تەنانەت شیعرەکانیشت هەروان تۆ ئەو کاتەی دەبیتە پیاوی سەر لووتکەکان ئیدی چنگت بە تەواوەتی لە خۆر گیردەبێت.

**مێرد:** ئاااای ژنە جوانەکەم من ئەو دەمـانە تۆی پەری لە هەورەکـان دەدزم، بەناو ڕوحـتـدا ڕۆدەچم، دەتکەم بە هەناسەیەک لە خۆم و هەرگیزیش هەناسە نادەم (دڵەکە بە سووچی پەنجەرەکەوە هەڵدەواسێت).

**ژن:** منیش هەرگیز بێ تۆ ئاوڕێک بۆ دواوە نادەمەوە.

**مـێـرد:** لەبیـرم دێ دایکم ڕقی لە پێکەنین بوو، ناوونیـشـانی یەکـەم نووسـینم بوو کـە بۆ تۆم نووسی، ئێستاش پێم نەداویت.

**ژن:** کەواتە ئێستە بۆم بخوێنەرەوە.

**مـێـرد:** بۆ مـەگـەر بڕیارە بتـدەمێ تا بۆت بخـوێنمـەوە؟ چاوەڕێ بکە لە کاتی خۆیدا دەتدەمێ.

**ژن:** دەبێ ئەم شتە چی بێت؟! (بیری لێ دەکاتەوە).

**مـێـرد:** بیـری لێ مـەکـەرەوە، دەسـتـەکـانت خۆش بێت خواردنەکە زۆر بەلەزەت بوو.

**ژن:** باشە دەی، سوپاس (هەڵدەستێت خواردنەکە لا دەبات).

**مێرد:** بە ئەرک نەبێت لەگەڵ خۆتدا ئەو دەفتەر و پێنووسەم بۆ بێنە، گیانەکەم هەر جانتاکەمم بۆ بێنە.

**ژن:** بە چاوان (گەیشتووەتە دەرەوە).

**مێرد:** (لەگەڵ دڵەکەدا قسەدەکات).

**با لێوی ئەستێرەکان ماچ بکەین**
**با بەردێک بگرینە تاریکی و بیشکێنین**
**با بگەڕێینەوە بۆ ئاسمان**
**ئاگامان لە درەختەکان بێت**
**با لە کووچەکانی ئاسماندا بژین**
**با لە ڕەنگەکانی ئەوێدا بتدۆزمەوە**
**با مۆسیقاکانی ئەوێ بناسین**
**با لە پارکی هەورەکاندا ڕاکشێین**
**با لەبەر تازەترین باراندا بخوسێین**
**با نووری مانگمان بکاتێ**
**با لە ڕۆشنایی مانگدا بتوێینەوە**
**دەبا ئێرە بەجێ بێڵێن**
**بەڵام کە چووین نایەینەوە**
**من حەزدەکەم لەوێ بمرین.**

**ژن:** (دێتە ژوورەوە و جانتایەکی پێیە) بۆچی ئاوا کتێبەکانت بڵاوبوونەتەوە؟ دەستێکیان پێدا بێنە.

**مێرد:** (پێدەکەنێت)

**ژن:** بەچی پێدەکەنیت؟

**مێرد:** (زیاتر پێدەکەنێت).

**ژن:** بەچی پێدەکەنیت؟

**مێرد:** دەڵێی پیر بوویت؟ وەرە وەرە ماچێکم بدەرێ (دەچێت بۆ لای ژنەکەی، ژنەکە تاساوە و هەر سەیری دەکات، خەریکە ماچی دەکات، بەڵام زەنگی تەلەفۆنەکە لێ دەدات و ژنەکەش جانتاکە لەسەر قەنەفەکە دادەنێت و دەچێت تەلەفۆنەکە هەڵدەگرێت).

**ژن:** بەڵێ........ نا نا........(دەشڵەژێت) بەڕێز بە هەڵە وەرت گرتووە...... ببورە ماڵی ئەوان نییە، وتم بە هەڵە وەرتگرتووە، باشە خوات لەگەڵ (دایدەخاتەوە) ئەوە تۆ پێشتر بەچی پێدەکەنیت؟ بۆ پێم دەڵێی پیر بوویت؟

**مێرد:** چییە بۆ ئاوا شڵەژاویت؟

**ژن:** کوا؟ من نەشڵەژاوم، هەر تەلەفۆنەکە هەڵەبوو.

**مێرد:** ماڵی کێیان دەویست؟

**ژن:** (ناتوانێت بەباشی قسە بکات) نازانم ناوێکی وت......دەتۆ واز لەوە بێنە با بچم "چا " بهێنم (دەڕوات).

**مێرد:** (ڕادەمێنێت و بیر دەکاتەوە، جانتاکە هەڵدەگرێت) دەزانی بەچی پێدەکەنیم؟

**ژن:** (لە چێشتخانەکەوە) بە چی پێدەکەنیت گیانەکەم؟

**مێرد:** ئەو جانتایەی کە بۆت هێناوم، هی خۆتە، هی من نییە.

**ژن:** (بە خێرایی دێتە ناوەوە، بەرەو جانتاکەی دەڕوات وەک ئەوەی شتێکی تێدابێت و نەیەوێت بیبینێت) بە ڕاست؟

**مێرد:** (زنجیری جانتاکە دەکاتەوە) بەڵێ، جانتاکەت پێنووسی تێدایە؟

**ژن:** ئەی پێنووسەکەی خۆت؟ (جانتاکەی لە دەست ڕادەکێشێت و شتەکانی ناوی دەکەونە سەر زەوی، ڕەسمێکیش بەردەبێتەوە).

**مێرد:** پێنووسەکەم نەیدەنووسی فڕێم دایە سەبەتەی خۆڵەکەوە.

**ژن:** (زۆر شڵەژاوە، شتەکان هەڵدەگرێتەوەو ڕاستەوخۆ پەلاماری ڕەسمەکە دەدات) من دەچم پێنووسی دیکەت بۆ دەهێنم.

**مێرد:** ئەوە وێنەی کێیە؟

**ژن:** (تەواوی شتەکان کۆدەکاتەوەو دەیانکاتە ناو جانتاکەوە) بابچم پێنووسی دیکەت بۆ بهێنم (دەڕوات).

**مێرد:** (قسە بۆ خۆی دەکات) خۆ وەڵامی پرسیارەکەی نەدامەوە، لە وێنەی خۆشم نەدەچوو (بۆ ژنەکە) جانتاکەی خۆمم بۆ بێنە.

**ژن:** جانتاکەت لە کوێیە؟

**مێرد:** وا بۆ خۆم هاتم (دەگاتە بەردەم دەرگەکەو ژنەکەش بە خۆی و جانتاکەوە دێتەوە، پیاوەکە دەستی دەگرێت) ناتەوێ لە ناو ئەم ئاوێنەیە بە یەکەوە هەندێک سەیری یەکدی بکەین؟

**ژن:** ئەوەتا جانتاکەتم دۆزییەوە.

**مێرد:** دەست خۆش (لێی وەردەگرێت) حەزدەکەم هەندێک سەیری خۆمان بکەین.

**ژن:** پێنووسەکەت بۆچی بوو؟

**مێرد:** ویستم ئەمشەو خۆمان بنووسمەوە.
**ژن:** خۆمان؟
**مێرد:** بەڵێ
**ژن:** ئەی تۆ چەند ساڵە خەریکی چیت؟
**مێرد:** ئاخر نووسینەوەی ئەمشەو ڕەنگە جیاواز بێت ئەمشەو هەستێکی سەیرم هەیە.
**ژن:** ئاهـ (وەک ئەوەی شتێکی بیر کەوتبێتەوە) "چا"یەکە، بڕۆ دانیشە با چایەکەت بۆ بێنم....(دەڕواتە دەرەوە).

تاریکی
-٣-

(ژن و مێردەکە لەناو پەنجەرە گەورەکەی دواوەی ژوورەکەن).
**مێرد:** من هیچ کاتێک کەمتەرخەم بووم لە دەربڕینی خۆشەویستی بۆ تۆ؟
**ژن:** نەخێر.
**مێرد:** ئەی بۆچی ئەم ماوەیە بە نیگەرانی دەتبینم؟
**ژن:** نازانم.
**مێرد:** تۆ ماوەیەکە حاڵت باش نییە، ئێ باشە من چەند ڕۆژە پێت دەڵێم با بچین بۆ لای پزیشک بۆ بە گوێم ناکەیت؟
**ژن:** کێشەی من بە پزیشک چارەسەر ناکرێت.
**مێرد:** کە تۆ دەڵێیت کێشەی من بە پزیشک چارەسەر ناکرێت، کەواتە تۆ کێشەیەکت هەیە، دەمەوێ بۆم باس بکەیت، من هاوبەشی ژیانی تۆ نیم؟
**ژن:** با
**مێرد:** ئەی بۆ لێم دەشاریتەوە؟ گیانەکەم ئاخر منیش بەرگەی ئەمە ناگرم.
**ژن:** دە تۆ واز لەمە بێنە.....
**مێرد:** (قسەکەی پێ دەبڕێت) واز لە چی بێنم ئاخر پێم ناڵێی واز لە چی بێنم؟من هەرچییەک دەڵێم تۆ دەڵێی وازی لێ بێنە، من ناتوانم ئارام بگرم، لە کاتێکدا دەزانم کە تۆ کێشەیەکت هەیە.
**ژن:** دڵنیابە هیچ کێشەیەکم نییە، هەموو شتێک بە تێپەڕبوونی کات چارەسەر دەبێت، ئێستا با بزانم تۆ کتێبە تازەکەت کەی بڵاو دەبێتەوە؟
**مێرد:** بەیانی، بەڵام بۆ من هیچ گرنگ نییە لە کاتێکدا کە دەزانم تۆ نیگەرانیت.

**ژن:** (بەخۆشحاڵییەوە) بەڕاست بەیانی بڵاو دەبێتەوە؟
**مێرد:** بەڵێنم بدەیە کە هەرگیز بە نیگەرانی نەتبینم.
**ژن:** بەڵێن بێ ئیدی ئاوا نامبینی.
**مێرد:** کەواتە منیش بەڵێنت دەدەمێ بەنرخترین شتت پێشکەش دەکەم، ئەمشەو بۆت دەکەم بەئاوێنەکەوە، هەر کاتێک ئارەزووت کرد لێی بکەرەوە، باشە گیانەکەم؟
**ژن:** زۆر باشە، زۆر سوپاس، من خەوم دێت، شەوت شاد.
**مێرد:** منیش دەچم دەرگاکەی پشتەوە دادەخەم.
**ژن:** نا نا خەمت نەبێ خۆم دامخستووە.
**مێرد:** زۆر باشە ئەو جانتایەم بەرێ، ئەها ئەوەتا منیش کەمێکی دیکە دێم. (جانتاکەی دەداتێ) دەست خۆش شەوت شاد، ئەرێ تۆ بۆ خۆت نەگۆڕیوە؟
**ژن:** ئێستا دەچم خۆم دەگۆڕم و دەخەوم، شەو شاد (دەڕوات).
**مێرد:** (دێتە سەر قەنەفەکەو جانتاکەی دەکاتەوە، لە ناو ئاڵۆزی کەلوپەلەکاندا، (زەرفێکی) نامەی پێچراوە دەردەهێنێت و لە پشتەکەی شت دەنووسێت وەک ئەوەی نووسینەکە لەبەر خۆیەوە بڵێتەوە) بە بیرم دێت دایکم ڕقی لە پێکەنین بوو، ئەمە یەکەم نووسینمە کە بۆ تۆم نووسیوە...... تکایە نامەوێ بە نیگەرانی بتبینم (وەک ئەوەی مێژووەکەی لەسەر بنووسێت) پێنج شەممە کات پشتی نیوەی شەوی شکاندووە. (ژنەکە لە پەنجەرەکەی پشتەوە دەردەکەوێت و بە دزییەوە تێدەپەڕێت) خۆشم دەوێیت. (هەڵدەستێت و بە ئاوێنەکەوە هەڵیدەواسێت، ژنەکەو پیاوێک لە پەنجەرەکەوە دەر دەکەون و دێنە ژوورەوە، پیاوەکە دەمانچە لە مێرد سوار دەکات، مێرد ئێجگار دەتاسێت و زمانی قسەکردنی دەوەستێت، ژنەکە ناو بە ناو لە پەنجەرەکەوە سەیری دەرگاکەی پشتەوە دەکات و ترس سەرتاپای داگیر کردووە، پیاوەکە زیاتر مێرد دەترسێنێت......
**مێرد:** تۆ کێی؟؟!!!
**پیاو:** شش.
**مێرد:** خانم ئەم پیاوە کێیە؟؟!!! (پیاوەکە ژنەکە ماچ دەکات).
**ژن:** بیکوژە.
**پیاو:** بگرە.
**مێرد:** پێویست ناکات، تەواو، چیت دەوێت لەم ماڵە

ببیه و برۆ.

**پیاو:** بۆ دوو شت هاتووم.

**مێرد:** پاره و ئاڵتوونه‌كه له‌ژێر قه‌نه‌فه‌كه‌یه ده‌توانیت ببیه‌یت و برۆیت.

**ژن:** پاره و ئاڵتوون؟! بۆ بێوه‌ژنه‌كه‌ت داناوه؟

**پیاو:** هه‌رچه‌نده بۆ ئه‌وه نه‌هاتووم، به‌ڵام ئه‌گه‌ر هه‌بێت خراپ نییه. (له‌گه‌ڵ ژنه‌كه‌دا ده‌یانه‌وێت قه‌نه‌فه‌كه لابه‌ن، مێرد هه‌ڵێک ده‌قۆزێته‌وه و ده‌مانچه‌كه له پیاوه‌كه ده‌ستێنێت).

**مێرد:** نه‌جووڵێیت. (ده‌چێته لای ته‌له‌فۆنه‌كه و ده‌یه‌وێت ته‌له‌فۆن بكات).

**پیاو:** پێویست ناكات وایه‌ره‌كه‌یم له‌ده‌ره‌وه پچڕاندووه. (ژنه‌كه نامه‌ی سه‌ر ئاوێنه‌كه لێ ده‌كاته‌وه و ماچی ده‌كات).

**مێرد:** خانم ئه‌مه ئه‌نجامی ته‌له‌فۆنه‌كانت بوو؟ ئه‌مه بوو چاره‌سه‌ری كێشه‌كانت؟ له‌به‌ر ئه‌مه هه‌ستت به‌ته‌نیایی ده‌كرد؟

**ژن:** تكات لێ ده‌كه‌م ته‌نیا ئه‌م جاره ببه‌خشه.

**پیاو:** پێویست به‌وه ناكات خانم. (ده‌ست ده‌كاته ملی ژنه‌كه).

**مێرد:** ده‌ستت لابه، برۆ ده‌ره‌وه له‌ماڵه‌كه‌م.

**پیاو:** ناڕۆمه ده‌ره‌وه له‌ماڵه‌كه‌ت.

**مێرد:** به‌نه‌فره‌ت بیت، تۆ ده‌بێت بمریت.

**پیاو:** هه‌هه‌هه..زۆر به‌داخه‌وه، ده‌مانچه‌كه‌ی تۆ فیشه‌كی تێدا نییه. (یه‌ده‌گی ده‌مانچه‌كه له‌گیرفانی خۆی ده‌رده‌هێنێت) ئه‌و ده‌مانچه‌یه دانێ (چه‌قۆیه‌ک له‌گیرفانه‌كه‌ی دیكه‌ی ده‌رده‌هێنێت) وتم ئه‌و ده‌مانچه‌یه دانێ، هه‌وڵی ڕاكردن مه‌ده (چه‌قۆكه ده‌خاته سه‌ر ملی ژنه‌كه) ئه‌گینا خانمه‌كه‌ت له‌ده‌ست ده‌ده‌یت.

**ژن:** تكایه ده‌مانچه‌كه دانێ له‌به‌ر منداڵه‌كه‌مان به‌ته‌نیا به‌جێم مه‌هێڵه.

**مێرد:** (ده‌مانچه‌كه له‌سه‌ر مێزه‌كه داده‌نێت) تكایه وازی لێ بێنه (پیاوه‌كه ده‌مانچه‌كه هه‌ڵده‌گرێت و مێرد ده‌چێت بۆ لای ژنه‌كه‌ی).

**ژن:** (پاڵێک به مێرده‌كه‌یه‌وه ده‌نێت) ده‌لاچۆ.

**مێرد:** خانمه‌كه‌م ئاخر!

**پیاو:** پێم وتی بۆ دوو شت هاتووم، گیانی تۆ و ده‌ستی ناسكی ئه‌م خانمه جوانه.

**ژن:** وتم بیكوژه. (پیاوه‌كه فیشه‌كێک ده‌نێت به‌مێرده‌وه و ده‌یكوژێت، ژنه‌كه نامه‌كه ده‌كاته‌وه تێیدا نوسراوه).

"ئه‌و كاتانه‌ی تۆ ده‌نووستی دایكم نه‌یده‌هێشت پێ بكه‌نم، كه تۆ ده‌بینم هه‌موو گیانم ده‌خرۆشێت، هه‌موو كاتێک بیرت ده‌كه‌م، ئه‌و كاتانه‌ی كه لێم دووریت هێنده‌ی گه‌ڵای دره‌خته‌كان، هێنده‌ی ئه‌ستێره‌كان بیرت ده‌كه‌م، به‌ڵام ئه‌و كاته‌ی له‌لامیت، هێنده‌ی ساردی به‌سته‌ڵه‌ک و هێنده‌ی گه‌ردوون بیرت ده‌كه‌م..! ئه‌گه‌ر ڕۆژێک مردم ئاگات له‌كتێبه‌كانم بێت، وریای ئه‌و دێڕانه به كه بۆ تۆم نووسیون، هیوادارم له‌پێناو تۆدا بمرم، پێ بكه‌نه خۆشحاڵ به بۆ ئه‌وه‌ی هه‌رگیز به‌نیگه‌رانی نه‌تبینم، ئه‌گه‌ر خۆشحاڵ بوویت به‌وه‌ی كه ته‌نیام بكه‌یت برۆ به‌جێم بێڵه، چونكه من ئاسووده ده‌بم به‌وه‌ی كه تۆ خۆشحاڵ بیت...

(ده‌نگی ئۆتۆمبێلی پۆلیس دێت)



## کاکه مەم بۆتانی:
## ئەو ئەفـــسانانـەی لە کـــارەکـــانمدا هەن، دروســتکراوی خـۆمن.. مـەبەسـتی سـەرەکی ڕوانگەش نویٚ کردنەوەی تەکنیک و داڕشتن و ڕستەی سواو بوو.

**هەڤپەیڤین: ئازاد عەبدولواحید**

**(٢ – ٢)**

کاکه مەم فەخری بۆتانی کە تا ئەمڕۆکە (١٨) کتێبی چاپکراوی لە چەند بوارێکی هەمـەچەشنی نووســیندا بڵاوکـردووەتەوە، هەوڵە سـەرەتاییـەکـانی نووسـینی لە ساڵانی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو لە گۆڤاری (هەتاو) دەست پێکردووە، لەو ساکەوە تا ئێستا نزیکەی شەست ساڵی لەو حەفتاو هەشت ساڵەی تەمەنی، بە کاروباری نووسینەوە خەریک بووە.

هەرچەندە کـاکەمـەم بۆتانی تا ئەمـڕۆکە بەردەوامـە لە نووسین، بەڵام هەندیٚ جـار ڕێکەوتووە لە مــاوەی ئەو شەست ساڵەدا، کاتی دوورودرێژ (بە پاساوی جیاواز) لە ناوەندی ڕۆشنبـیـری و لە نووسین و بڵاوکـردنەوە دابڕاوە، دواتر لە پەنای کـۆچیـرۆکـێک، ڕۆمـانێک، بیـرەوەری و یاداشـتـێک، یان کـاری ڕێکخـراوەیی لە یەکێتیی نووسەرانی کورد دەرکەوتووەتەوە.

ساڵی ١٩٧٠ لەگەڵ چەند هاوەڵێکی، یەکێک بووە لەوانەی بەیاننامــەی ئەدەبیی (ڕوانگە)یان ئیــمــزا کردووە، کە ئەو تەوژمە نەفەسێکی نوێخوازانەی هەبووە و بووەتە مـایەی شڵەقـاندنی گۆمی ئەدەبی کوردی کـە پێشتر بە درێژایی ساڵانی شەستەکان ئەدەبیاتی کوردی باڵی خامۆشی و سستی بەسەردا کشابوو.

کـاکـەمـەم بۆتانی هەوڵی نووسـینی شـانۆنامـەیشی داوە، بەڵام زیاتر وەک چیـرۆکنووسـێک دەرکـەوتووە، دواجــار وەک زۆربەی چیــرۆکنووســانی کــورد ڕووی کــردووەتە ڕۆمــاننووسین و سـۆز و مـەیلی جـارانی بۆ نووسینی کورتە چیرۆک کەم بووەتەوە.

لەم هەڤـپـەیڤـینەدا هەوڵمـان داوە گـەشـتـێک بەناو ئەزموون و بیروڕایەکانیدا بکەین و بە قسەی بهێنین، با پێکەوە بزانین کـاکـەمـەم بۆتانی ئەو سـەرەی لەبەر هەتاو سپی کردووە، یان هەوڵی ئەزموون و داهێنانێکی تایبەتمەند قاڵی کردووە و سەری سپی کردووە؟

**رامان:** چیرۆکی زۆر کورت، پۆستەرە چیرۆک، بلیتە چیرۆک، پێکەچیرۆک.. بۆ ئەوانە دەڵێی چی؟

**کاکەمەم بۆتانی:** ئەوانەش جۆرێکن لە چیرۆک و (ناتالی ساروت)ی ئەدیب بە ئێمەی ناساند، هەندێکمان لە هەندێ کارماندا سوودمان لێوەرگرت، خۆی بە بەرهەمی منیشدا کردووە، لە کۆچیرۆکی زۆر کورتی (خەرەندی مەرگ - ١٩٨٨)دا ڕەنگی داوەتەوە، لەم دواییەشدا بە کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی چاپکراوەتەوە، ئەم (٣٤) پۆستەرە چیرۆکە، ڕەنگدانەوەی ساتە تاڵەکانی کیمیابارانی هەڵەبجەی شەهید بوو، پاش تاوانە دڕندانەکە بە هەفتەیەک دەستم بە نووسینیان کرد، بە دەست و خەتی خۆم و بە ناوی خۆمەوە بەسەر ڕووناکبیران و ئەدیبانی نیشتمانپەروەردا بڵاوم کردەنەوە.

**رامان:** بۆ چیرۆکنووسی کورد ئەزموونگەری چەند پێویستە؟

**کاکەمەم بۆتانی:** بە قەدەر چیرۆک خۆی، بەشێکی زۆری دەقی چیرۆک بۆ ئەزموونی چیرۆکنووس دەگەڕێتەوە کە هەست و نەستی تێدا دەزێ و دەژێ، بەڵام بە ئاقارێکی تایبەتیدا دەبات، لای من کاری ئەدەبی کردەیەکی بەردەوامی تێگەیشتن و زانینەو لە فۆرمێکدا بەرجەستە دەکرێ.

**رامان:** چەند خۆت لە نووسینی چیرۆکدا بە ئەزموونگەر دەزانیت؟

**کاکەمەم بۆتانی:** منیش لە تۆ دەپرسم، چیرۆکەکانم چەند ئەزموونی پێوە دیارە؟ ئینجا کە من هەموو شتێکم خستە بەردەستی ڕەخنەگر و لێکۆڵەرەوەوە، ئیتر ئەو بەڕێزە کاری چی دەبێ؟

**رامان:** چۆن لە چیرۆک و ڕۆمانەکانتدا، مامەڵەت لەگەڵ ئەفسانەدا کردووە؟

**کاکەمەم بۆتانی:** من دەمەوێ بپرسم بۆ ئەفسانە هاتۆتە ناو کارە ئەدەبییەکانەوە، بە تایبەتی ڕۆمان؟ بۆ جوانکاری دەق بووە، یان ڕووداوەکە لەسەری فەرز کردووم؟ حەز دەکەم ئەوە بزانیت کە من دەستم بەکارێک کردووە، بیرم لەوە نەکردووەتەوە چۆن ئەفسانە لە کارەکەمدا بەرجەستە بکەم، کاتێ هەستم کردووە خۆی بەسەرما سەپاندووە. ئەگەر سەرنجی ئەو بەرهەمانەم بدەیت، ئەو ئەفسانانەی لە کارەکانمدا هاتوون، زۆربەیان


ئازاد عەبدولواحید - کاکەمەم بۆتانی

دروستکراوی خۆمن و تێکەڵ بە میتود کراون، حەز دەکەم بگەڕێیتەوە سەر هەر چوار ڕۆمانەکەم، بۆ ئەوەی پتر ڕاستی بۆچوونەکەمت بۆ ڕوون ببێتەوە.

**رامان:** تۆ پێت باشە زیاتر مامەڵە لەگەڵ ئەفسانەیەکی کوردی، یان بێگانە بکرێت؟

**کاکەمەم بۆتانی:** بێ گومان ئەفسانە کوردییەکان وەک هەموو شتە خۆڕسکەکانی ئەم بەیارە پڕ نهێنییە، مۆرکی کوردانەی پێوە دیارە، ئەدیبانی ئەمەریکای لاتینیش هەروا ناکەن؟ چ پێویستم بە ئەفسانەی گەلانی تر هەیە، کە ئەوەندە لە بەرهەمەکانیاندا بەکارهاتووە، نەک هەر سواوە، خۆشیان لێی وەڕس بوون.

**رامان:** کەم تا زۆر لە بارەی چیرۆکەکانی تۆ نووسراوە، هەست دەکەیت ئەو نووسەرانە مافی تۆیان دابێت؟

**کاکەمەم بۆتانی:** زۆر کەم لەسەر چیرۆکەکانم نووسراوە، دەشزانم بۆ.. لە هەر دەورێکی ئەدەبیمدا، کۆمەڵێک بەربەستی گشتی و تایبەتی هەبووە، گلەییشم لە ڕەخنەگران و لێکۆڵەرەوەکان نییە، چونکە بەهۆی چاودێرێکی چاپەمەنیی هاوڕێم، کۆمەڵە چیرۆکی (بازنە - ١٩٧٩)م لە دەستیان دەرباز کرد، چاوەڕوان بووم هەر ساتێ بێن و قۆڵبەستم بکەن، ئینجا ڕەخنەگر و لێکۆڵەرەوە چی بکەن؟ بەڵام ئێستا بۆ؟ ئەمە لە دوو حاڵەت تێناپەڕێ، یان ئەو کۆمەڵە چیرۆکانە شایەنی ئەوە نین ئەو مامۆستا بەڕێزانە خۆیانی پێوە خەریک بکەن، یان...؟! من وای بۆ دەچم، هەر کۆمەڵە چیرۆکێکم، دەورێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، خۆیان بەسەریاندا سەپاندووە، لە ویژدانی ئەدیبێکی کوردایەتی، وەک ئەدەبی بەرگری و بەرەنگاری نووسراوە،

له دنیای ئەدەبی ڕیالیزمییەوە بەرجەستە بووە، ئەوەی منی دڵخۆش کردووە، ئەو ژمارە کەمەی لەبارەی بەرهەمەکانمەوە نووسراون، لە ئارەزووی خۆیانەوە سەرچاوەیان گرتووە، نە دەستیاو و نە تەکلیفی تێدا نەبووە، ڕەخنە و لێکۆڵینەوەکان و هەڵسەنگاندنەکان، بۆچوونی تایبەتی خۆیان بووە.

**ڕامان:** لەناو هەموو ئەوانەی لە بارەی تۆوە نووسیویانە، زیاتر کام نووسینەیانت بەدڵ بووە و لە کارەکانی تۆ نزیک بووەتەوە کە پێی ئاسوودە بووبیت و هەستت کردووە مافی تۆی دابێت؟

**کاکەمەم بۆتانی:** ئینجا برا کێ لەسەر خۆم و بەرهەمەکانمی نووسیوە؟! دنیای خۆم و بەرهەمەکانم ئەوەندە جەنجاڵە، کەم نووسەر و ڕەخنەگر پێی دەوێرێ، لە هەموو نووسینەکاندا (ڕەنگدانەوەی ڕیالیزمی سیحری لە ڕۆمانەکانی کاکەمەم بۆتانی دا)ی (حسێن سابیر عەلی) چۆتە ناو ناوەڕۆکی کارەکانمەوە.

**ڕامان:** لە چیرۆک و ڕۆمانەکانتدا زیاتر مەیلت بۆ لای ناوەڕۆکە، یان تەکنیک و ئاستە هونەرییەکەشت بەلاوە مەبەستە؟

**کاکەمەم بۆتانی:** لەبەر ئەوەی تا ئەمڕۆش لە کوردستانێکی ژێر ستەمی نەتەوایەتی و چینایەتی داگیرکەراندا دەژین، هەموو چرکەیەکی ژیانی مرۆڤەکانی سەر ئەم خاکە، هەوێنی هەزاران هەزار چیرۆک و ڕۆمانە، بەڵام چۆن بنووسرێن، چ شێوەیەکی ئەدەبی لە خزمەتی ناوەرۆکەکەیاندا دەبێ؟ لای من شێوە و تەکنیکی کارەکە هەمیشە منی بەگیر هێناوە و دەهێنێ، لەبەر ئەوە دەبینی چەندان تەکنیکی ئەدەبیم بەکارهێناوە.

**ڕامان:** کاریگەریی ڕوانگە بۆ ئەدەبیاتی کوردی، هەر تەنیا شڵەقاندنی گۆمی ئەدەبیاتی کوردییە، یان زەمینە خۆشکردن بوو بۆ نوێ کردنەوە؟ ئایا کاریگەریی ڕاستەوخۆ و گەورەی بەسەر شاعیران و چیرۆکنووسانی کوردا بەجێ هێشتووە؟ کامەیانە؟

**کاکەمەم بۆتانی:** لەسەر بانگەوازی (ڕوانگە) و نووسەران و لایەنگیرانی (بە چاک و خراپ و گومانەوە) زۆر وترا، زۆر نووسرا، وەک خۆشت دەزانیت من لە هەموو (ڕوانگەییەکان) کەمتر دواوم و دەدوێم، ئەگەر دەرفەتم بدەیت حەز دەکەم تۆزێ بە درێژی قسەی لەسەر ئەوە بکەم.

**ڕامان:** باشە با لەسەرەتاوە دەست پێ بکەین..

**کاکەمەم بۆتانی:** کام سەرەتا؟ سەرەتای هەموو چالاکییەکی ئەدەبی لە دۆخی ئەو خاکەوە سەرچاوە دەگرێ کە تێیدا دەژی، ئەگینا چالاکییەکی نامۆیە و زوو پووچەڵ دەبێتەوە.

**ڕامان:** دە کەواتە بە ئارەزووی خۆت بدوێ و ئەو لایەنانەمان بۆ ڕوون بکەرەوە.

**کاکەمەم بۆتانی:** شەستەکانی سەدەی ڕابردووی عێراقی سیاسی، بە خەباتی چەکداری کوردستانیانی باشوور چاوی هەڵێنا و کودەتاکەی (١٩٦٣) سەربازی عەرەبی نەژاد، گەمارۆی ژیانی دا، دەیان هەزار کۆمۆنیستی نیشتمانپەروەر (بە ئەدیب و ڕووناکبیرە کوردەکانیشەوە) لە زیندان توند کران، یان خۆیان حەشاردا، یان لەناوبران.. ئەوەی مرۆڤایەتی پێی ناخۆش بوو لە دژیان کرا، پاش چەند مانگێک لە گفتوگۆ و دانووسانی سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلول و دەسەڵاتی سیاسیی بەغداش شەڕ دەستی پێکردەوە، ڕەشبگیری (حوزەیران) و قەتڵوعام و تاوانەکانی ناو یاریگای (سلێمانی) و بەستنەوەی خەڵکی بێ دیفاعی (کۆیی) بە دینگەکانی ناو بازاڕ و گوللەباران کردنیان، ئەمانە سەرەتای داخستنی هەموو دەرگاکانی ژیان بوو. سانسۆر لەسەر هەموو نووسینێکی کوردی هەبوو، تەنانەت ئەگەر مەدح و ستایشی دەسەڵاتی سیاسیشی تێدا بووبێ، بە هەموویان بوونە ئاستەنگ لەبەر دەنگ و ڕەنگ و قەڵەمی کوردی و تازەکردنەوەوە.. ئەو چەند ساڵە (١٩٦٣- ١٩٦٨) تاریکترین ڕۆژانی ژیانی قەڵەمی کوردی بوو، ئەو بەرهەمانەی لەو ماوەیەدا بڵاوکراونەتەوە بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن.

**ڕامان:** دیسانەوە بە تۆخی چوویتەوە ناو سیاسەت، تکایە وەرەوە ناو مەسەلە ئەدەبییەکان.

**کاکەمەم بۆتانی:** ئینجا قوربان تا ئەمڕۆش، لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا سیاسەت دەوری دیاری نییە؟ ئەم

**ئەو نووسینانەی لە بارەی بەرهەمەکانمەوە نووسراون، لە ئارەزووی نووسەرەکان خۆیانەوە سەرچاوەیان گرتووە، نە دەستیاو و نە تەکلیفی تێدا نەبووە.**

ماوە کپ و بێدەنگەی ئەدەبی کوردی و گەشەکردنی بزووتنەوەی ئەدەبی عەرەبی عێراقی بە تایبەتی، ئەدیبانی کوردی لە خوێندنەوە و خۆپێگەیاندن ئاڵاند، بە تایبەتی ئەدیبانی لاو و پڕ هەست و کار.. بێ گومان قوتابخانە ئەدەبییەکانی ئەوروپا و بەرهەمەکانیان، بانگەوازی سوریالییەکان، جووڵانەوە ئەدەبییەکانی فەڕەنسا، نەک هەر ئەدیبی عەرەبی عێراقی هەژاند، کاریگەری لەسەر ئەدیبانی کوردی لاویش هەبوو. لە ڕاستیدا ئێمەی دانیشتووی بەغدا و گفتوگۆ و دیتنی ئەدیبانی لاوی عەرەب، بە تایبەتی شەوانی یانەی (عەدلییە) و گۆڕینەوەی بیروڕاو بۆچوون و تێبینییەکانمان لەسەر بەیانی (شیعری- ١٩٦٩)، قوتابخانە ئەدەبییە تازەکان، ئەمانە هەموویان بەتێکڕا، بوومەلەرزەیەکی لەناو ئەدیب و ئەدەبیاتی کوردیدا دروست کرد.

**ڕامان:** ئەمە بەیەک ئاراستە بوو؟


**کاکەمەم بۆتانی:** کاری تازەکردنەوە موڵکی کەس نییە، من لە ئێوە دەپرسم، مەعقوولە ئەو هەموو گۆڕانکارییانەی باسم کردن، کاریگەری نەکردبێتە سەر ئەو چەند ئەدیبەی ڕوانگە؟ بەڵام نابێ لەبیرمان بچێ دوو شت دەوری تێدا دی: ئێمە خاوەن بەرهەمی دیاری خۆمان بووین و کارەکەمان خستە شێوەی (بانگەوازێک).

**ڕامان:** باشە لەو هەموو بگرە و بەردە و بێنە و بەردەیەی تووشی بانگەوازی ڕوانگە هات، تۆ بۆچی دووروونزیک خۆت لەو نووسینانە نەکردە ساحێب؟ نە وەڵامی کەست دایەوە و نە ڕوون کردنەوەیەکت دا و نە زۆر خۆت لەسەری پیاو خەراپ کرد.. هۆیەکەی چییە؟

**کاکەمەم بۆتانی:** ئەوە تەبعی منە، هەست ناکەیت تا ئێستاش ئەو بێدەنگییەم پێوە دیارە؟ پێویست نەبووبێ قسەم نەکردووە، کردار مەحەکە، سەرەڕای ئەوەش لە هەندێ کات و شوێنی پێویستدا بیروڕای خۆم داوە.

**ڕامان:** تۆ هەر بە ڕێکەوت چوویتە ناو بزووتنەوەی (ڕوانگە)وە، یان وەک شێرکۆ بێکەس و حسێن عارف هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ پرۆژەکە بوویت؟ یان بەهۆی نزیکیت لێیانەوە تۆش بەگەڵیان کەوتیت؟

**کاکەمەم بۆتانی:** بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و هەستی ئەدەبی و ئارەزووی تازەکردنەوەی ژیانی ڕۆژانەی



**لە ڕاستەوە: کاکەمەم بۆتانی – هێمن موکریانی**
**حوزەیرانی ١٩٧٧ لە کۆڕێکی ئەدەبیدا لە هەولێر**

ناو بەغدا، شێرکۆ بێکەس و حسێن عارف و جەلالی میرزا کەریم و منی بەیەکەوە کۆکردەوە، کە بێ یەکتری ئیدارەمان نەدەکرد، بەڵام هەر پێش بانگەوازی ڕوانگە، لەگەڵ لەتیف حامید، جەمال شارباژێڕی، قوتابیانی بەشی ئاداب لە زانکۆی بەغدا، ئەدیب و ڕووناکبیران لە مامۆستایانی زانکۆ و دانیشتووی بەغدا، بەیەک دەگەیشتین، بە تایبەتی پاش ئەوەی کودەتا سەربازییەکە، دەسەڵاتی شۆڤێنی بەعسی وەلا ناو کەلێنێکی لە دەرگای دیموکراتی بۆ کورد کردەوە و دواتر ئەم پرۆژەیەی گەڵاڵە کرد، بەڵام دەبێ ئەوە ڕاستییە فەرامۆش نەکەم کە داینەمۆی بانگەوازی ڕوانگە و نووسینی لە شێرکۆ بێکەس و حسێن عارف بەرجەستە بوو، بە پێچەوانەی تەبعی من و جەلال میرزا کەریم. بیرکردنەوە لە دەرکردنی بانگەوازێک بۆ ئەدیبانی کورد لە دانیشتنەکانی هەر چوارمانەوە گەڵاڵە بوو، چەند جارێ خرایە بەر باس و لێکۆڵینەوە، بەڵام شێرکۆ بێکەس نووسی، گەڵاڵەی بانگەوازەکە، هەر چوارمان قسەمان لێوەکرد، دواتر دەستکاری پێویستیشی بۆ کرا.

**ڕامان:** هەندێ ناو کەوتوونەتە ناو بانگەوازی ڕوانگەوە (وەک زانیومە و زانیاری ڕاستم لەلایە) ئەوانە لە دوا ساتەکاندا خراونەتە ناو لیستی ناوەکانی ئیمزایان کردووە، واتە ئەو کەسانە ڕاگوزار و سەرپێیی کەوتوونەتە ناو لیستەکەوە.. ئەوەیان چۆنە؟ پێویستە بۆ مێژوو و ڕاستکردنەوەی هەڵەکان بۆ مێژوو، ڕاشکاوانە قسەی خۆتان بکەن؟

**کاکەمەم بۆتانی:** پرسیارێکی حەساسە و حەز دەکەم بە وردی لێی بدوێم.. هەوڵدان بۆ تازەکردنەوە و دۆزینەوەی

ڕێبازی ئەدەبی و نوێکردنەوەی شێوە، تەنانەت ناوەڕۆکی بەرهەمی ئەدەبی مـــوڵکی هەمـــوومـــانە، لە چەند ڕووناکبیرێکدا گیر ناخوا و چڕ نابێتەوە، چونکە بیری ڕۆشنبیری کورد لە نوێخوازیدا قاسیر نییە. ئەو ساتانەی ئێـمەی دانیشـتووی بەغـدا: شـێرکۆ بێکەس، حسـێن عارف، جەلال میرزا کەریم، من (پاش گەڕانەوەی شێرکۆ بێکەس بۆ سلێمـانی و هاموشۆی بەردەوامی بۆ لامان) لێک دانەدەبڕاین و هەریەکەمـان بە جـۆرێک تەئسـیـری لەسـەر ئەویتـر هەبوو، پتـر لە یەک حـاڵی دەبووین و بۆچوونەکانمان گەڵاڵە دەکرد.

کۆمەڵێک ئەدیبی لاو و تازە پێگەیشتووش لە بەغداو شارەکانی کوردستانی باشوور، بە تایبەتی هەندێ ئەدیبی لاوی (کفری) نزیک لە چیرۆکنووسی نوێخواز (لەتیف حـامـیـد بەرزنجی) لە دەرگـای تازەکـردنەوەیان دەدا، بەڵام لە بارەی جۆری تازەکردنەوەوە، بە تەواوی لەگەڵ یەک نەدەگـونجـاین، بۆیە لەگـەڵمـان واژۆیان نەکـرد، لە ڕاسـتـیـدا داوای واژۆکردنمان لێ نەکردن، ئەو نوێخوازانەی لەگەڵمان بوون و واژۆیان کرد، شاعیری دیار جەمال شەرباژێڕی و چیرۆکنووسی نوێخواز کەمال ڕەئووف محەمەد بوون.

## ئەرکی ئەکادیمیانەی زانکۆکان نە تەواو بووە و نە دەبێ، چونکە دنیایەکی پڕ کار و چالاکی و تازەکردنەوە و دۆزینەوەیە.

نابێ ئەو ڕاسـتـییـە فـەرامۆش بکەین، هەر لە سەرەتاوە جەمال شارباژێڕی لەگەڵ هەنگاو و کارەکەدا بوو، بەڵام لەبەر بارودۆخی تایبـەتی خـۆی، لە دانیـشـتن و کۆبوونەوەکاندا شێرکۆ بێکەس نوێنەرایەتی دەکرد، کە دەگەڕایەوە سلێمانی لە هەنگاوەکان ئاگاداری دەکردەوە، بۆیە لای ئێـمە ئەندامـێکی بانگەوازەکـە بوو. کـەمـال ڕەئووف محـەمـەد لێپـرسـراوی بەشی ئەدەبی ڕۆژنامـەی (هاوکـاری) هەفـتـانە بوو، کـە دەزگـایەکی وەزارەتی ڕاگـەیاندن دەری دەکـرد و دەوری لە بڵاوکـردنەوەی بەرهەمی ئەدەبی کوردیدا هەبوو، بانگەوازەکە برایە لای ئەو بۆ ئەوەی بۆمـانی بڵاو بکاتەوە، کـە ناوەکـانی خوێندەوە، پێی داکوتا ئەمیش لەگەڵمان واژۆی بکات، لە ڕاستیدا بەگشتی ئێمە لاریمان لە توانایی و چالاکی نوێخـوازانەی کـەمـال ڕەئووف مـحـەمـەد نەبوو، بەڵام حەزمـان دەکرد وا بە پەلە کـارەکـە نەکـات، ناچار ڕازی بووین و ناوی ئەویش داندرا، پاش ئەوەی بانگەوازەکـە بڵاوکـرایەوە، دەنگدانەوەی جـۆرە تەقـینەوەیەکی دروستکرد کە کەمال ڕەئووف محەمەد چاوەڕوانی نەبوو، بۆ ژمارەی دواتر پاشگەزبوونەوەی خۆی بڵاوکردەوە، بۆیە لە ژمارە (١)ی گۆڤاری (ڕوانگە) ناوەکەیمان نەنووسی، بەڵام دیسان دەڵێم، ئەوە هیچ لە توانایی کەمال ڕەئووف محەمەدی چیرۆکنووس کەم ناکاتەوە.

**ڕامـان:** تۆ ڕاسـتـتـرەو و چەپڕەو و کـۆنەخـواز و کـلاسـیکەکـان بەناحـەزی (ڕوانگە) دەزانیت، ئەی کێ پشتگیری دەکردن؟

**کاکەمەم بۆتانی:** هەبوون لەگەڵ کارەکەدا نەبوون، بەڵام هەموو ئەدیبە لاوە نوێخوازەکان نەک هەر لەگەڵ کارەکە بوون، هەندێکیان ڕەخنەیان لێدەگرتین کە دەبوو بەوانیش بڵێین لەگەڵمان واژۆی بکەن، بەڵگەشم بانگەوازی (ئەی قەڵەمە نەترسەکان یەکگرن) بوو کە دژی کـۆنەپەرسـتـەکـان بڵاوکـرایەوە. دەوری (٣٠) ئەدیبـێکی لاو و دیار لەگـەڵمـان واژۆیان کرد.

**ڕامـــان:** لەناو بزووتنەوەی ڕوانگەدا زیاتر شێرکۆ بێکەس و حسێن عارف وەک دینەمـــۆی جـــوولاندنی ئەو بزاڤـــە و داکـۆکـیکار و چالاک دێنە بەرچاو، زیاتر لەوەی تۆ و جـەلالی مـیـرزا کـەریم و کەسانی دی بن.. تۆ لەم بارەیەوە چی دەڵێی؟

**کاکەمەم بۆتانی:** ڕاستە..

**ڕامـان:** یەکـێک لە کـەمـوکـوڕییـەکـانی بەیانناـمـەی (ڕوانگە) ئەوەیە کە بەیاننامەکە دەرچوو، دەقی زیندووی لە پاڵدا نەبوو، نموونەی جـوان و سـەرکـەوتوو لەپاڵ ئەو بەیاننامەیە پێشکەش نەکرا، ئێوە دەڵێن چی؟

**کاکەمەم بۆتانی:** بەشی یەکەمی پرسیارەکەت ڕاستە، بەڵام غەدر لە بەرهەمەکانی ڕوانگە و ئەدیبانی نوێخوازی ئەو سەردەمە مەکە، ئەوان نەک هەر گۆمەکەیان شڵەقاند، بەردی بناغەی ئەدەبی نوێی ئەم سەردەمەشیان دانا.

**ڕامـان:** ڕاسـتـە ناوی تۆ لەگـەڵ لیـسـتی ناوەکـانی بەیاننامـەی ڕوانگەیان ئیـمزا کردووە، هاتووە، بەڵام پێم بڵێ چیرۆکەکانت چەند ئەو نوێخوازییەی ڕوانگە جاڕی بۆ دەدا، لەلای ڕەنگی داوەتەوە؟

**کاکەمـەم بۆتانی:** بانگەوازی ڕوانگە، سەرنجی وشـەی (بانگەواز) بدەن، وەک ڕێباز و قـوتابخـانە ئەدەبییـەکـان

سنووری نوێکردنەوە و جۆری تازەکردنەوە و مەرجی ڕێبازی تازەکردنەوەی دانەخست، ڕاشکاوانە دەڵێ کە ئەو ئەدیبانەی بڕوایان بە نوێخوازی هەیە، خۆیان بە خاوەنی ئەم بانگەوازە بزانن، خۆی لە ناوەرۆکی تازەکردنەوەکە نەداوە، تەنانەت بۆ شێوەی دارشتنیشی نەچووە، بۆیە لامان سروشتی بوو، ئەدیبە نوێخوازەکان بە هی خۆیانی بزانن، هەر ئەم دەروازە فراوانەی بانگەوازەکە بوو، کە نەیارانی ڕوانگە (بە چەپ و ڕاست و کلاسیک و..) دەگەڕان لاوازترین بەرهەمی ئەدیبە لاوەکانیان وەک نموونەی ئەدەبەکە دەهێنایەوە و خۆیان لە بەرهەمە سەرکەوتووەکان نەدەدا. هەموومان دەزانین کاری چیرۆکنووسین وەک هونەرێکی نوێ لای ئێمە تارادەیەک تازە بوو، بۆیە ئەگەر سەرنجی بانگەوازەکە بدرێ، دەبینین پتر مۆرکی شیعری پێوە دیارە، ئەمەیش بۆ دوو هۆ دەگەڕێتەوە: گەلاڵەکەی شێرکۆ بێکەس ئامادەی کردبوو، شێوە و ناوەرۆکی شیعری کوردی پێویستی پتری بە تازەکردنەوە بوو، لەبەر ئەوە من ئازاد بووم لەوەی نوێکردنەوەی شێوە دارشتنی چیرۆک چۆن دەبینم، ئینجا دەچینە سەر ئەوەی هەڵبژاردنەکە سەرکەوتوو بوو، یان نەء.

**ڕامان:** ئەگەر هەموو نوێخوازییەکەی تۆ لەو سەردەمەدا بریتی بێ لە کۆچیرۆکی (بوومەلەرزە لە گۆمی مەندا)، ئەوە من پێم باشە لایەنە نوێ و نوێخوازانەکەی ئەو کۆچیرۆکەمان بۆ دەستنیشان بکەیت، چونکە بێجگە لە هونەرێکی دەستکرد و زۆر لەخۆکردوو، شتێکی دیکەی تێدا نابینم، تۆ وەڵامت بۆ ئەم دەستکردو زۆر لەخۆکردنە چییە؟

**کاکەمەم بۆتانی:** حەز دەکەم ئەو زانیارییە ڕاست بکەمەوە کۆچیرۆکی (بوومەلەرزە لە گۆمی مەندا- ١٩٦٩) بەپێی نووسینی چیرۆکەکان و لە چاپدانیان بۆ پێش بانگەوازی ڕوانگە دەگەڕێنەوە، لە شێوە و دارشتن و ناوەرۆکدا، مۆرکی ئەدەبی ڕیالیزمی بەرگری پێوە دیارە و هەوڵی ئەدەبی بەرەنگاریشی تێدا دەبینرێ. لەوانەیە مەبەست کۆچیرۆکی (سمکۆڵی ئەهریمەن- ١٩٧٣) بێت، ئەویش لە ناوەرۆکدا بۆ هەمان قوتابخانە سەردەکەونەوە، بەڵام لە تەکنیک و وێناکردنی دیمەن و هەوڵی کەشفکردنی سیمای ناوازەیی و شاراوەیی دیمەنەکان گۆڕانی بەسەرداهاتووە و بەرەو ڕیالیزمی نوێ هەنگاوی



**لە ڕاستەوە: ڕەووف بێگەرد، کاکەمەم بۆتانی، دڵشاد عەبدوڵلا، عەبدولڕەزاق بیمار، ڕۆستەم باجەڵان، شێرکۆ بێکەس مەزاری مەولەوی - بەهاری ٢٠٠٠**

ناوە، بەلای منە، چ زۆر لەخۆکردن و نووسینێکی دەستکردی تێدا نییە، مەگەر دارشتنەکەی بە دڵتان نەبێت، ئینجا برا من چی بکەم؟ هەر ئەوەندەم لەبار بووە.

**ڕامان:** مەبەستم ئەو کۆچیرۆکەیە کە تا جاڕدانی بەیاننامەی ڕوانگە هەر ئەوەتان هەبوو.. باشە وەک خوێنەر و چاودێرێک لەو سەردەمەدا کە لەگەڵ گرووپی (ڕوانگە)دا بەیاننامەیەکتان ئیمزا کردو خۆتان وەک (نوێخواز) لە ئەدەبیاتی کوردیدا ناساند، نوێخوازییەکەی هاوڕێکانت لەچیدا دەبینی؟

**کاکەمەم بۆتانی:** پێش هەموو شتێک وەک پرسیارەکەت، ئێمەی (نوێخواز)، یان (نوێکار) کە بانگەوازەکەمان بڵاوکردەوە، ئایا هیچ کارێکی نوێمان نەکردبوو؟ دەبا ڕەخنەگر و لێکۆڵەرەوەکان بەسەر گۆڤار و ڕۆژنامە ئەدەبییەکانی کۆتایی شێستەکان و سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردووی پێش بانگەوازەکەدا بچنەوە، بێ گومانم هەست بە گۆمە شڵەقاوەکە دەکەن و چەندان نموونەی سەرکەوتوویان بەرچاو دەکەوێ. لەو بروایەشدام لای منی چیرۆکنووس و (حسێن عارف)یش، کە هەردووکمان لە قوتابخانەی ئەدەبی ڕیالیزمی پەروەردە بووین، مەبەستی سەرەکی تازەکردنەوەکە، شێوەی دارشتن و تەکنیک و بەکارهێنانی ڕستەی نەسواو بوو، کە خزمەتی ناوەرۆکی دەقەکە بکات. ئەگەر لێکۆڵەرەوە و ڕەخنەگرانی ئەدەبی کوردی لەو ڕایەدا بن نموونەی سەرکەوتوو، لە پاڵ ئەو بانگەوازەوە پێشکەش نەکرابێ، ئەوە غەدر لە خۆیان دەکەن، پێش ئەوەی ناحەقی لە ڕوانگەخوازەکان بکرێ.. من تەنیا ئەوە

دەپرسم: ئەگەر وەک لەتیف هەڵمەت وتبووی (هێلکەی پیس بوو، هیچی هەڵنەهێنا) ئەی چۆن ئەو هەموو هەرایەی بەدواداهات؟! چەپڕەوەکان دەیانووت بەرهەمی وردە بۆرژوازیە، ڕاستڕەوەکان وتیان ئاڵۆزی و تەمومژی دەستکرد، کلاسیکییەکان لایان وابوو هەوڵێکی سەرکێشانەی منداڵبازارییە؟ ڕەنگە هەمووشیان حەقیان هەبێ وای بۆ بچن، چونکە هەر دەستەو ڕێباز و قوتابخانەیەک لە دیدی خۆیەوە تەماشای کارەکانی دەکرد.

**ڕامان:** پێت وایە (ڕوانگە) سوودی بە زمانی کوردی گەیاندبێت؟ لە کاتێکدا لە پاڵ ڕوانگەوە، دەربڕینی سەیروسەمەرە و ڕستەو دەستەواژەی بێ سەروبەر دەکەوتنە بەرچاو؟

**کاکەمەم بۆتانی:** بێ گومان ئەمە وایە.. وەک لە بانگەوازەکەدا هاتووە تەقەللایەکی ڕوانگەخوازەکان، دارشتنەوەی (وشە) بوو لەناو (ڕستە)دا، کە مانایەکی نوێ ببەخشێ، تا وشەکان پانتاییەکی تریان هەبێ و ڕستە سواوەکان جێ بهێڵن، لە هەموو کار و دۆخێکی واشدا، ئەو شڵەژان و پاشاگەردانییە ڕوودەدا، بۆ نموونە: قەڵەمەکانی پاش ئەم نیمچە ئازادییەی لە بەشێکی کوردستانی باشووردا هەیە، هەمان دۆخ چ لە ئەدەب و چ لە سیاسەتدا دووبارە نەبۆتەوە؟ بەڵام با ئەوەندەش تاریکبین نەبین، لەو دەورەدا کاری گۆڕینی سروشتی بەدی دەکرێ.

**ڕامان:** بەشێوەیەکی گشتی چۆن لە نوێخوازی لە کورتە چیرۆکی کوردی گەیشتوویت؟

**کاکەمەم بۆتانی:** ئەم پرسیارە ئاوی زۆر دەوێ، نوێخوازی لە هەموو بوارەکانی ژیاندا، لە (کەوانە)یەکدا نائاخنرێ، هەر دەور و زەمانێک، کات و شوێنی نوێخوازیی خۆی هەیە، دنیای ئەدەبییش لە شێوە و ناوەڕۆک پێکهاتووە، دەبێ هەردووکیان بگرێتەوە. هەر چیرۆکێک چ زۆر و چ کەم هەردووکیانی لە ئامێز گرت، ئەوە لەو دەرگایەی داوەو دەبێ ڕەخنەگر حسێبی بۆ بکات.

**ڕامان:** بابەتێکتان لە گۆڤاری (بەیان-١٩٧٢) سەبارەت بە (چیرۆک و چیرۆکنووسین) نووسیوە، بەڵام دوای ئەو وتارەتان هیچ نووسین و وتارێکی دیکەتانم لە هیچ شوێنێکدا بەرچاو نەکەوت کە لە بارەی چیرۆک و ڕۆمان نووسینێتتان، هۆیەکەی چییە؟

**کاکەمەم بۆتانی:** من لە دنیای ئەدەبدا هەوڵی چیرۆکنووسین و ڕۆماننووسینم داوە، گەرەکیشم بووە لە بواری نوێخوازیدا کار بکەم. هەندێ جاریش خۆم بە دنیای پەخشان (هۆنراوەی پەخشان)دا کردووە، بەڵام نووسینی باس و لێکۆڵینەوە و ڕەخنەی ئەدەبیم، بەکاری سەرەکی خۆم نەزانیوە و بە لامەوە زۆر پێویست نەبووە، ئەگەر داوام لێ نەکرابێ، خۆم لە قەرەی نەداوە، بەڵام کە نووسیویشمە، سەرپێیانە نەبووە و وەک دەڵێن: لە بنی هەمانەکەم داوە.

**ڕامان:** وەک چی؟

**کاکەمەم بۆتانی:** (ئیلتزام لە ئەدەبی کوردیدا) کە لە کۆڕی ئەدەبی لاوانی (١٩٧٤)، لە هۆڵی زانکۆی (موستەنسرییە) پێشکەشم کرد.

**ڕامان:** چیت تێدا وتبوو تا لە بنی هەمبانەکەت دابێ؟

**کاکەمەم بۆتانی:** ئەوەی کە تا ئیستا خۆم کردوومە و داوا لە ئەدیبانی کورد دەکەم، ئەم ڕێچکەیە بەرنەدەن تا ئەو ڕۆژەی کوردستانێکی سەربەخۆی یەکگرتووی ئازادمان دەبێ و چەوساوەکان بە ئامانجی چینایەتی خۆیان دەگەن.

**ڕامان:** بەشێوەیەکی گشتی هیچ وەرگێڕانێکی تۆم لە هیچ زمانێکەوە، لە هیچ گۆڤار و ڕۆژنامەیەک نەدیوە، هۆی لانەکردنەوەتان لە وەرگێڕان چییە؟

**کاکەمەم بۆتانی:** لای من کاری وەرگێڕانی ڕۆژانە، بۆ گۆڤار و ڕۆژنامە کاری سەرپێین، بەڵام لەو دەرگایەشم داوە، کۆمەڵە چیرۆکێکی ئەدیبانی عەرەبم، نەک هەر کردووەتە کوردی، ئامادەی سەر شانۆیشە، هەروەها گفتوگۆیەکی فەیلەسووف (برتراند ڕاسل) لە کتێبێکدا کۆکراوەتەوە کە لەساڵی ١٩٦٥وە کردوومەتە کوردی.

**ڕامان:** بۆ بڵاویان ناکەیتەوە؟

**کاکەمەم بۆتانی:** بۆ؟ منیش نازانم!

**ڕامان:** ئەی بۆچی ئێستا (وەک ئاگام لێیە) سەرقاڵی ڕاسپاردنی وەرگێڕەکانیت تا چیرۆکەکانت بۆ بکەنە عەرەبی و ئینگلیزی و فارسی؟

**کاکەمەم بۆتانی:** ئەوکاتەی مەڵبەندی گشتی یەکێتیی نووسەرانی کورد بڕیاری دا، هەندێ پارە بۆ چاپکردنی بەرهەمی ئەندامەکانی تەرخان بکات،

لیژنەی ڕۆشنبیری پێشنیاری کرد ئەنتۆلۆجیا بۆ شیعر و چیرۆک بە زمانەکانی (عەرەبی، تورکی، فارسی، ئینگلیزی) ئامادە بکات، د. هیمداد حسێن داوای کرد چیرۆکەکانی خۆمی بۆ دەستنیشان بکەم، بۆ مێژوو دەڵێم، جەنابیشتان وەک شایەد، من لەگەڵ ئەوە نەبووم چیرۆکی منی تێدا بێت، پێشنیاریشم کرد کاری ئەدەبی ئەوانیتریش لە هەر چواریاندا دووبارە نەبێتەوە. لەو ڕۆژانەدا بەهۆش خۆم هاتمەوە و ئەم پرسیارەم کرد: ئەرێ برادەرانی زمانزان، هیچ بەرهەمێکی من شایەنی ئەوە نییە نیشانی گەلانی دی بدەن؟! لەو سەروبەندەدا خاتوو (گوڵاڵە نووری) پێشنیاری کرد (خەرەندی مەرگ)ی کیمیابارانی هەڵەبجە بکاتە (ئینگلیزی)، هەر ئەوەش پاڵی پێوەنام ئەو کورتیلە چیرۆکانە بدەمە (محەمەد حسێن)ی وەرگێڕ بیانکاتە عەرەبی، ئەوەبوو کوردی و عەرەبی و ئینگلیزییەکەی پێکەوە دەرچوو، ئەم هەنگاوە ڕشتی کردم کە خۆم لە دەرگای زمانزانەکان بدەم، چ بە هیمەت، چ بە قیمەت هەندێ کارم وەربگێڕنە سەر زمانەکانی تر، دەبێ کارێکی باشم کردبێ؟!

**ڕامان:** تا ئێستا نەمدیوە و گوێم لێ نەبووە نیازی وەرگێڕانی چیرۆکێک، ڕۆمانێکی جیهانیت هەبووبێ.. ئایا ئەوە بەو مانایەیە کە هیچ چیرۆک و ڕۆمانێک سەرنجی تۆیان ڕانەکێشاوە تا حەز بە وەرگێڕانیان بکەیت؟

**کاکەمەم بۆتانی:** تا ئێستا بیرم لە وەرگێڕانی ئەو جۆرە کارانە نەکردووەتەوە.

**ڕامان:** ئەی بۆچی زۆر بە دەگمەن نەبێ وەرگێڕانی چیرۆک و بەرهەمەکانی تۆم بەرچاو نەکەوتووە؟

**کاکەمەم بۆتانی:** ئینجا دەبێ من بەزمانزانەکان بڵێم بەرهەمەکانم بە زمانەکانیتر بڵاو بکەنەوە؟! یان دەبێ خۆیان ڕەزامەندیم لێ وەربگرن بۆ ئەو کارە؟ من دەزانم و دەبیستم ئەو کارانە چۆن دەکرێن، بەڵام بڕوام بەوە نییە، جەنابیشت لە من باشتر ئەو ڕاستییە دەزانیت، بڕوام پێ بکە زۆربەی ئەو وردە کارانەش کە کراون دەوری منی تێدا نەبووە و بە سوپاسیش ڕانەگەیشتووم.

**ڕامان:** ئەو چیرۆک و ڕۆمانانەی تا ئێستا لەلایەن کۆمەڵێک وەرگێڕی کوردەوە کراونەتە کوردی، چەند توانیویانە کەلێنێک لە کتێبخانەی کوردیدا پڕ بکەنەوە؟

**کاکەمەم بۆتانی:** لەبیرمە کە گۆڤاری (الثقافة الأجنبیة)ی بەغدا دەرچوو، گلەییەکی زۆر هاتە سەر ستافەکەی کە نەیانتوانیوە بیگەیەننە ئاستی ئەو گۆڤارانەی لە میسر و لبنان دەردەچوون، سەرنووسەرەکەی وتی ئەگەر ئیمە بەو کەموکورییەشەوە هەوڵ نەدەین، چۆن دەگەینە کەماڵ؟ هەر لەم بارەیەوە کاتێ دکتۆر کاوس قەفتان کتێبێکی مێژوویی کردە کوردی، ڕووسیزانەکانی هاوڕێی لێیان لە هەڵا دا کە زۆر سەرکەوتوو نەبووە، لە دانیشتنێکدا وتم دکتۆر هەر ئەوەندەی پێکراوە، فەرموون ئێوە باشتری بکەن.. ئەوەندە بەسە لە مەبەستم بگەن؟ ئەمڕۆ کتێبخانەی کوردی و خوێنەری کورد پێویستی بە وەرگێڕانە، ئەگینا ڕێڕەوی ژیانی لێ ڕوون نابێ، هیچ کارێکیش بێ کەموکوڕی نابێ.

**ڕامان:** ئەی بە پێچەوانەوە؟ ناساندنی بەرهەمی کوردی بە بێگانە چۆن دەبینی؟

**کاکەمەم بۆتانی:** پڕ بە دڵ دەستخۆشییان لێدەکەم، چونکە دەرگایەکی گرنگی تایبەتییە بۆ ناساندنی بەرهەمی بیر و ئەدەبی کوردی بە بێگانە، بەڵام ئەم کارە، بە تاکەکەس مەیسەر نابێ، چونکە وەرگێڕان و چاپکردنیش بەس نییە، دەبێ بازاڕی بۆ بدۆزرێتەوە، ئەگینا ماندووبوونیان لە کۆگاو ژێرخانەکاندا دەبێتە خۆراکی مشک و جورج و کەڕوو لێیان دەدا.. دەبێ وەزارەتی ڕۆشنبیری، لە ڕێی پێوەندی ڕووناکبیری بە



وەزارەتی وڵاتانی تر، کۆمپانیاکانی چاپکردن بە کۆمپانیاکانی بێگانە، ئەو دەرگایە بۆ ناساندنی بەرهەمی کوردی بکاتەوە.

**رامان:** هیچ ڕێکەوتووە لە ڕۆژنامەیەک، گۆڤارێکدا کاری ڕۆژنامەوانیت کردبێ؟ تا وەک هەڵسوڕێنەری گۆڤار و ڕۆژنامەیەک کار بکەیت؟

**کاکەمەم بۆتانی:** سەرەتای دەرچوونی گۆڤاری (شەفەق)ی کوردی و عەرەبی، کە زۆربەی نووسەرانی کوردی دانیشتووی کەرکووک، بە سەربەرزییەوەو خۆبەخشانە کاریان تێدا دەکرد، منیش کارم تێدا کرد.

**رامان:** ئەوانەی خۆبەخشانە کاریان دەکرد کێ بوون؟

**کاکەمەم بۆتانی:** ئەوانەی دەمدین بەڕێزان: مارف بەرزنجی، مارف خەزنەدار، عەبدولسەمەد خانەقا، ئیبراهیم ئەحمەد (بلە)، عومەر عارف، ئەوانە نەک هەر خۆبەخشانە کاریان تێدا دەکرد، ئامادەش بوون یارمەتی (ماددی)شی بدەن.

**رامان:** ئەی بینایەی گۆڤارەکە لە کوێ بوو؟

**کاکەمەم بۆتانی:** دیوەخانەکەیماڵی شێخ عەبدولقادر بەرزنجی بوو، کە دەکەوتە خوار قەڵاوە، نزیک بازاڕ و مزگەوتی ئەخی حسێن، کە تا ئێستاش خانووەکە بە پێوەیە.

**رامان:** دەوری تۆ لەوێ چی بوو؟

**کاکەمەم بۆتانی:** وەک شاگردێکی بچووکی بەردەستیان بووم، هەر کارێکیان پێ سپاردبام دەمکرد، ئەمە یەکەم هەنگاوی دنیای ڕۆژنامەوانیم بوو. لە ڕاستیدا نەک هەر لە خۆمڕا نەدەدەی بەرهەم و نووسینەکانم بخەمە بەردەستی ئەو کەڵە نووسەر و ڕووناکبیرانەوە، لە سەرەتاشەوە پێوەندیم لەگەڵ چاپخانەی کوردستان و گۆڤاری (هەتاو)ی هەولێردا هەبوو، بەرهەمە ئەدەبییەکانم بۆ ئەوان دەنارد، دوای شۆڕشی تەمووزی ١٩٥٨یش لە ئەنجامی هاموشۆ و پێوەندیی ئەدەبی، ماوەیەک وەک نوێنەری گۆڤارەکە لە کەرکووک (خۆبەخشانە) بابەتم بۆ دەناردن و هەواڵم بۆ کۆ دەکردنەوە. شۆڕشی تەمووز زەربەیەکی گەورەی لە گۆڤاری (شەفەق)دا، ئەو نووسەرانەی یارمەتییان دەدا، وەک سەرکردەی دیاری بزووتنەوەی کوردایەتی و ئومەمیەت لە شارەکەدا بەدەرکەوتن و لە گۆڤارەکە تەکینەوە تا گەیشتە ئەوەی من وەک نوێنەرێکی حیسابیی گۆڤارەکە، خۆبەخشانە ساڵانەی بۆ کۆ بکەمەوە.

**رامان:** بەڵام ئەمانە هەمووی بەکاری ڕۆژنامەوانی داناندرێن..

**کاکەمەم بۆتانی:** بێ گومان وایە.. چونکە هەموو خوێندەوارێک ئەوەی پێ دەکرێ، کارەکان لە ئیشی کارگێڕی و داراییەوە نزیکترە، نەک ڕۆژنامەوانی.

**رامان:** کاری ڕۆژنامەوانیت لە شوێنی دی نەکردووە؟

**کاکەمەم بۆتانی:** قوتابی کۆلێژی پەروەردە بووم، دەستەی بەڕێوەبەری (یانەی سەرکەوتنی کوردان) وەک بەڕێوەبەری کارگێڕی یانەکە، بە مانگانەیەکی کەم دایمەزراندم، ئێواران کارەکانی یانەکەم بەڕێوە دەبرد، لە ئەنجامی ئەوە ناسیاری زۆرم پەیدا کرد، زۆربەی ڕووناکبیرانی کوردی بەغدام ناسی کە لە پشووی هاوینەشدا هاموشۆی یانەکەیان دەکرد، هەر لەوێش دەنووستم. لە سەرەتای کاردا، هەندێ ئیشی سەرپێیی گۆڤاری (هیوا)م پێ سپێردرا، لە ئەنجامدا وەک دەستەی بەڕێوەبەری گۆڤارەکەش دەستنیشان کرام، کە دەتوانم ئەوەیان بەکاری ڕۆژنامەنووسیی دابنێم.

**رامان:** ئەو ڕووناکبیر و ئەدیبانەی ئەوسا هاموشۆی یانەکە و گۆڤارەکەیان دەکرد کێ بوون؟

**کاکەمەم بۆتانی:** ئەوەی لەبیرم مابێ وەک بەڕێوەبەری یانە، یان وەک دەستەی نووسەرانی گۆڤار بەڕێزان: عەلائەددین سەجادی، موکەڕەم تاڵەبانی، عەبدوڵەجید لوتفی، محەمەدی مەلا کەریم، جەلال تاڵەبانی (مام جەلال)، ڕەشید عارف، محەمەد بریفکانی، محەمەد توفیق وردی بوون، دەبێ ئەو ڕاستییەش فەرامۆش نەکەم، یانەی سەرکەوتنی کوردان و گۆڤارەکەشیان، پاش شۆڕشی تەمووز و چالاکی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی شیوعی عیراق لە بەغداو دروستبوونی چەندان ڕێکخراوی پیشەیی و کۆمەڵایەتی، نەتەوەیی و چینایەتی ئەو دەورەی جارانی نەما، کە کودەتا سەربازییەکەی ١٩٦٣یش ڕوویدا، زۆربەی ڕووناکبیرە کۆمۆنیستە کوردەکانی بەغدا زیندانی کران، یان خۆیان شاردەوە و چ چوونە ناوچە ڕزگارکراوەکان، خاوەنی دیاری یانەکە عەلائەددین سوجادی بوو، منیش تا بوومە پێشمەرگە، کارەکانی گۆڤار و یانەکەم بەڕێوە دەبرد.

**رامان:** لەناو ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا، شەڕە وتارت کردووە؟

**کاکەمەم بۆتانی:** نایەتە بیرم، چونکە بە درێژایی ژیانم حەزم لەو جۆرە کارانە نەکردووە. من لەو بڕوایەدا بووم و تا ئێستاش هەر وای بۆ دەچم، ئێمە لە بیر و کار و کرداردا، لە ڕاست و هەڵە و چاکە و خراپە پێکهاتووین، بەڵام گرنگ ئەوەیە ڕاستی و چاکە زۆرینەی ژیانی ئەو کەسە پێکبێنێ، من زۆر سوودم لەو ڕەخنانە وەرگرتووە کە لە خۆم و بەرهەمەکانم گیراون، ناحەزەکانیشم (وەک دەڵێن) داومنەتە دەست خوا.

**رامان:** باسێکی ئەو وتارەمان بۆ بکە کە لە گۆڤاری (کاری میللی)دا لە بارەی شیعری (ئاشتی کوردستان)ی زێوەری شاعیر نووسیوتە و هێرشت کردبووە سەری، کە ئەم وتارە لە کاتی خۆیدا هەرایەکی ناوەتەوە.

**کاکەمەم بۆتانی:** چاپی یەکەمی دیوانی زێوەر (وەک لە بیرم بێ) بەسەرپەرشتی نەجمەددین مەلا و لەسەر ئەرکی کتێبخانەی (گەلاوێژ)ی سلێمانی چاپکرا، لە پەراوێزی هۆنراوەیەکدا نووسرابوو کە پاش گرتنی شێخ مەحموود، (ئینگلیز) دەسەڵاتی ئیداری شارەکە دەگرێتە دەست، زێوەریش خۆی دەرباز دەکاو لە کوردستانی خۆرهەڵات دەگیرسێتەوە، پاش ماوەیەک هۆنراوەی (ئاشتی کوردستان) بۆ (برادەرێکی) خۆی دەنێرێ، ئەویش دەیگەیەنێتە دەست لێپرسراوە ئینگلیزەکە، لە پاداشتی شیعرەکە لێی دەبوورێ و دەیکاتە بەڕێوەبەری قوتابخانەش. ئەم پەراوێزە تووشی شۆکی کردم، چونکە هەر لە مێردمنداڵییەوە بە هەڵبەستە نیشتمانییەکانی ئەم شاعیرە ئاشنا ببووم و وەک (بێکەس) سەیرم دەکرد. دیوانەکە چەندساڵێک بوو بڵاوکرابووەوە، بنەماڵەی زێوەر هیچ ڕوونکردنەوەیەکیان نەدابوو، هێرشەکەی سەر دەسەڵاتی شێخ مەحمووودیش ئەوەندە توند بوو، بە منی نەتەوە پەرست هەرس نەدەکرا، سەربەست بامەڕنی سەرپەرشتیی بەشە کوردییەکەی گۆڤاری (کاری میللی) دەکرد، جگە لە دۆستایەتی، حەزیشی لەو جۆرە نوسینانە بوو کە دەنگ بداتەوە، ئەوە بوو لە بەشە کوردییەکەی ئەو گۆڤارە بڵاوی کردەوە.

**رامان:** دوای بڵاوبوونەوەی وتارەکەت، سەداو دەنگدانەوەکەی چۆن بوو؟

**کاکەمەم بۆتانی:** ڕووناکبیران و ئەدیبانی شارەکە بەگشتی پێیان ناخۆش بوو، هەندێ لەو ڕایەدابوون پێویستی نەدەکرد (کای کۆن) بەبا بکەم، هەندێکی تریش وای بۆچووبوون بە ئەنقەست ئەم کارەم کردووە تا لە پلەو پایەی زێوەر کەم بکەمەوە. بێ گومانم لەوەی کە مرۆڤ فریشتە نییە، شێخ مەحموود و هەموو سەرکردە و ڕابەرەکانی کوردایەتیش مرۆڤن، هەڵەیان کردووە و دەیکەن، من لەگەڵ ئەوە نەبووم و نابم کە ئەو هەڵە و کەموکوڕیانە دیزە بە دەرخۆنە بکرێن، بەڵام چۆن باس دەکرێن؟ وەک تانەوتەشەر لە کار و دەسەڵاتە کوردییەکە، یان بۆ ڕاستکردنەوە و هۆشیارکردنەوە؟

**رامان:** بەڵام دیارە لە پەنای ئەو نووسینەوە مەبەستی دیکەشت هەبووە؟

**کاکەمەم بۆتانی:** ڕەنگە ئەم هۆنراوەیەم کردبێتە بیانوو کە بە ئەدیب و ڕووناکبیرانی ئەو سەردەمەی کوردستان بڵێم ئاگاداری هەڵوێست و کردار و بەرهەمەکانتان بن، دنیا سەری بە پووش نەگیراوە، زەمەنێک دێ قەڵەمێک بەرهەمەکانتان (پەڕە) بکات و لەگەڵ هەڵوێستتان بەراوردی بکات.

**رامان:** گۆڤاری (شەفەق) لە ساڵی ١٩٥٧ پێشبڕکێیەکی بۆ چیرۆکی کوردی ڕاگەیاند، خۆشت ئەوکاتە لە کەرکوک بوویت و هاتوچۆشت دەکردن، بۆچی بەشداریت لەو پێشبڕکێیەدا نەکرد؟



**کاکەمەم بۆتانی:** چونکە بەرهەمەکانم لەو ئاستەدا نەدەدی بەشداری بکەم، بە تایبەتی کە دەمزانی کەڵە چیرۆکنووسە کوردەکانی ئەوسا لە لیژنەکەن.

**ڕامان:** لە ڕۆمانەکانتدا چۆن کەڵکت لە (مێژوو) وەرگرتووە؟ یان چۆن ساتوسەوا و مامەڵەت لەگەڵ مێژوودا کردووە؟

**کاکەمەم بۆتانی:** مێژوو، فەلسەفە، زانست، هونەر، کولتوور، ژیانی کۆمەلایەتی لە چوارچێوەی کات و شوێندا کۆ دەبنەوە، هیچ بەرهەمێکی ئەدەبییش نییە لە دەرگاکانی نەدا، نەک چیرۆک و ڕۆمانە ڕیالیزمییەکان کە دەوری پەنجا لقوپۆپیان لێدەبێتەوە، قوتابخانە تازەکانیش ناتوانن خۆیانی لێ گێل بکەن، چونکە هەر سات و شوێنی نووسینی بەرهەمەکە، ئەوە لەگەڵ خۆی دەهێنێ. من کە بەرهەمەکانم لەکانیی کوردایەتییەوە سەرچاوە دەگرن، بەزەقی شەقڵی کات و شوێنیان پێوە دیارە، کە بەرهەمەکەی لەسەر بیناکراوە، بەڵام ئەو ئەدیبانەی لەو سەرچاوەیەوە کار دەکەن، دەبێ بە وردی ئاگایان لەوە بێ کە کارە وێرانکاری و تێکدەرەکان تێکەڵ بە کارە شۆڕشگێڕییەکان نەکرێن، دەبێ خود و داهێنان و کار و کردار و ئایدیا بە جۆرێک لەناو یەکدا بتوێنەوە کە دنیایەکی ڕوون بە خوێنەری بەرهەمەکە بناسێنێ، سەیرم بەو ئەدیبە دێ، کە ڕۆمانێکی سەرکەوتوو بە زمانی کوردی دەنووسێ، نە بە ئاماژە، نە بە باگراوەند، خۆی لە ساتێکی مێژووی پڕ ئازاری داگیرکەرانی وڵاتەکەی نادات.

**ڕامان:** بەڵام ڕۆمان وەک هونەرێکی سەربەخۆ، نە مێژوو گێڕانەوەی ڕاستەوخۆیە و نە گێڕانەوەی ژیانی تایبەتی کەسەکانە (سيرة ذاتية)، تۆ دەڵێی چی؟

**کاکەمەم بۆتانی:** بێ گومان هیچیان نییە و هەردووکیانیشە، لێرەدا مەبەست لەو بەرهەمانەیە کە ڕێبازی ڕیالیزمیان گرتووە.

**ڕامان:** بە درێژایی تەمەنی نووسین و خوێندنەوەتان، چەند خۆتان بۆ خوێندنەوەی لایەنی فیکر و فەلسەفە تەرخانکردووە؟ بۆ نووسینی چیرۆک و ڕۆمانەکانت چەند سوودت لێیان وەرگرتووە؟

**کاکەمەم بۆتانی:** لەسەرەتاوە باسی سەرچاوە فیکری و فەلسەفییەکانم کرد کە منی گەیاندە دنیای سیاسی و گەلاڵە بوونم لە ناو فەلسەفەدا، بەڵام چەند بۆ کارە ئەدەبییەکانم سوودم لێوەرگرتوون، ئەوە ڕەخنەگران و لێکۆڵەرەوەکان دەتوانن لێی بدوێن، کەسیش بە دۆی خۆی نالێ ترشە.

**ڕامان:** چۆن لە چیرۆک و ڕۆمانەکانتدا مامەڵەت لەگەڵ تیمەی سێکس کردووە؟

**کاکەمەم بۆتانی:** بە ڕەهایی لە بارەی سێکس نانووسرێ، لە کۆمەڵگایەکی محافیزکاری دنیای ئیسلامی، کە کوردیشی گرتۆتەوە، ئەو کارە بەڕەوا و ناڕەوا هەر لەگەڵ ئافرەت ناکرێ، ئەی هەتیوبازی نییە؟! من بەپێی دۆخی ئابووری و کۆمەلایەتی مامەڵەم لەگەڵ کردووە و لە بەرهەمەکانمدا ڕەنگیان داوەتەوە، چونکە سێکسیش وەک هەموو پێویستییەکی تری ژیان، نێرومێ پێویستی پێیەتی.

**ڕامان:** ئەی چۆنت چارەسەر کردووە؟

**کاکەمەم بۆتانی:** دیارە بەپێی ڕێبازی فیکریی خۆم بۆی چووم و لەگەڵ واقیعدا ئاوێتە کراوە، چونکە دوانەیەکی سروشتییە.

**ڕامان:** چەند پێویستە چیرۆکنووس ئاوڕ لەم بوارە گرنگە بداتەوە؟

**کاکەمەم بۆتانی:** بۆ دەتوانێ بە چاک و خراپ ئاوڕی لێ نەداتەوە؟ ئەی گوایە چی دەنووسێت؟ دەزانی لە هەندێ دەوری خەباتی سیاسی، سێکس وەک چالاکییەکی نیشتمانی بەکارهاتووە؟ سەرسام مەبە، ئەویش چەکێکی دوو سەرەیە!

**ڕامان:** حاڵی نەبووم!

**کاکەمەم بۆتانی:** ئێمە بەپێی عورف و عادەتی کوردەواری لەو مەسەلەیە دەڕوانین، لە زۆربەی خاکماندا ڕەنگە لە هەموو ئیسلامەکانی تری دنیا توندترمان گرتبێ، بەڵام بۆ مەسەلەی سێکس دوو نموونەت بۆ دەهێنمەوە، ڕەنگە لای خۆمان نموونەی نەبێ، کە پتر لە سەرچاوەیەکەوە ئەو زانیارییەم خوێندۆتەوە و زانیومە سێکس وەک چەکێک لە دووەمین جەنگی جیهانی بە فراوانی لە بەرەی جاسووسییەت بەکارهاتووە و ئافرەتەکە وەک خەباتی نیشتمانی سەیری کردووە و نهێنی بە دوژمن درکاندووە، چەند ساڵێک لەمەوبەریش لە کتێبێکی فەلەستینییەکاندا، کە بۆ هەمان مەبەست نووسرابوو، کارەکە بە پیرۆز زانرابوو، بۆیە ئەم مەسەلەیە وا بە ڕەهایی باس ناکرێت.

**ڕامـــان:** بۆچی دوای نسکۆی شــۆڕشی ئەیلوول (لە ساڵی ١٩٧٥) کە لە شاخ هاتیتەوە، بڕیارت دا لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمەدا هیچ بابەت و نووسینێکی خۆت بڵاو نەکەیتەوە؟


**کـاکـەمـەم بۆتانی:** ئەوەی لە بەهاری ١٩٧٥ ڕوویدا، لای من تێکشکانی شـــۆڕشی ئەیلوول و نوچدانی کوردایەتی بوو، سەرکردایەتی شۆڕشیش هەندێ هۆکاری ئەو هەرەسەی لە کتێبێکدا تۆمار کرد، هەر بۆیەش دەست پێکردنەوەی تازەیان ناو نا (شۆڕشی گوڵان)، باڵەکەی تریش بە (شۆڕشی نوێ) ناوزەدیان کرد، بەڵام حەز دەکەم بڵێم ئەوەی ڕووی دا لە گرنگیی شۆڕشەکە کەم ناکاتەوە، لە بارەی بڵاوکردنەوەی چیرۆکیش زۆرجار ئەم مەسەلەیە دەهێنمەوە، لە ساڵانی خەباتی سیاسیی (لەنین) لە ماڵی ئافرەتێک خۆی دەشارێتەوە، هەموو جارێک داوای لێدەکات گۆڤار و ڕۆژنامەکانی دەسەڵاتی بۆ بکڕێ، لە ئەنجامی یەکتری دواندن، ئافرەتەکە دەپرسێ: ئامادەی لەو بڵاوکراوانەدا بابەت و بەرهەمی خۆت بڵاوبکەیتەوە؟ لە وەڵامـــدا دەڵێ ئەگـــەر ڕێم بدەن، بەناوی خـــۆم نووسـینەکـەم وەک خـۆی بڵاوبکەنەوە، نەک ئامـادەم بابەتیان بۆ بنێرم، زۆریشم پێخۆش دەبێ، ئینجا برا کە من گـەڕامـەوە نەک هەر ئامـادە بووم لە ڕۆژنامـە و گـۆڤـارەکـانی دەسـەڵاتی سـیـاسی نەتەوەی باڵادەست و دۆستەکانی بنووسم، دوو – سێ جاریش لە دەرگامدان.

**ڕامان:** تازە ئەوە دەبیستم.. وەک؟

**کـاکـەمـەم بۆتانی:** چیـرۆکی (لە زیندە بەچاڵ کـردنی ئافرەتێکی نەزۆکدا – ١٩٧٥)م بۆ گۆڤاری (ڕۆشنبیری نـوێ) نـارد و لـەوێ لـە چـاپ درا، پـێـش ئـەوەی (مەلزەمەکە) کۆ بکرێتەوە (وابزانم ژمارە ٤٠ی گۆڤارەکە بوو)، ئەدیبێک لاپەڕەکانی بەرچاو دەکەوێ، هەر زوو خۆی دەگەیەنێتە لای دکتۆر ئیحسان فوئاد کە ئەوکاتە بەڕێوەبەری گشـتیی ڕۆشنبیری کوردی بوو، گۆڤارەکە ڕادەگرن، ئەو چیرۆکە و هۆنراوەیەکی فەرید زامداریش دەردێنن و سەرلەنوێ مەلزەمەکە چاپ دەکەنەوە، وابزانم ئەو مەلزەمەیە تا ئەمڕۆ لای فەرید زامدار پارێزراوە. هەوڵی دووەمم کـۆمـەڵە کـورتیلە چیـرۆکـێک بوو بۆ ڕۆژنامـەی (هاوکـاری)م نارد کـە بە ڕیالیـزمی ئامـاژە نووسرابوون، بەڵام لە دەستی (ئەدیبان)ی ناو ڕۆژنامەکە ڕزگاری نەببوو، کلک و گوێیان کردبوو و (٣-٤)یەکیان لێ بڵاوکـردبۆوە، یەک- دوو هەوڵی تریشم هەبوو کـە بە دەردی ئەمـانە چوون. خۆت دەزانی بڵاوکردنەوەی بەرهەم گــڕوتینێک بە نووســەر دەدات و پێــوەندی لەگــەڵ خـوێنەوارانی ناپچـڕێ، بۆیە ئەم هەڵوێسـتـەم جـۆرە ساردبوونەوەیەکی لە مندا دروست کرد، بەڵام لە نووسینی نەخستم.

**ڕامان:** وەک چی؟ ناوی هەندێ لەو نووسینانەمان پێ بڵێ کە بڵاوت نەکردبوونەوە؟

**کاکەمەم بۆتانی:** پەنام بردە بەر ڕۆمـاننووسین، هەندێ مەسەلەی مێژوویی، سەرەتای نووسینی یاداشتی خۆم، بەڵام جـەخت دەکـەمـەوە کـە زیانێکی زۆری لێـدام، پەشیـمـانیش نیم، چونکە لەو دەورانەدا کە نەتوانی وەک خۆت دەتەوێ کـارەکـانت بخـەیتـە بەر دیدی خـوێنەران، بێدەنگی هەڵوێستـە، شەهیدبوونی پتر لە بیست ئەدیب لە سـەنگەرەکانی خەباتی سیاسی و شۆڕشگێڕی، زیان کـەوتن نییـە لە خـۆی و لە قـەڵەمـەکـەی؟! بەڵام هەر چۆنێک لێک بدرێتەوە هەڵوێستە. دابڕان لە خوێنەرانت کارێکی قورس و ناخۆشە، بەڵام لای من ئەوە باشترین چارە بوو لەوەی ببـمـە دەهۆڵ ژەن. ڕۆژێکیـان بۆ کـاری فەرمانبەری چوومە سلێمانی و لە بەڕێوەبەریەتییەکە تەها بابان-ی ئەکتـەرم دی، مـەسـەلەی بڵاونەکـردنەوە هاتە گۆڕێ، لەو کاتەدا کچە فەرمانبەریکی تازە شاعیر هاتە ژوورەوە، تەها بابان لێی پرسی: بەرهەمی کـاکـەمـەم



بۆتانیت خوێندۆتەوە؟ وتی بەڵێ، بەڵام دەمێکە هیچی دیار نییە، ڕەنگە مردبێ، یان ئاوارەیە.. کە منی پێناساند، تەریق بووەوە، ئینجا بزانە بڵاونەکردنەوە چەند لە خوێنەر دوورت دەخاتەوە.

**ڕامان:** هەر ئەو کاتانە نووسینت لە گۆڤاری (شۆڕشی کشتوکاڵی)شدا هەیە؟

**کاکەمەم بۆتانی:** وەک وتم کەوتمە کاری درێژخایەن، ئەوەی لە گۆڤارەکەدا بڵاوبۆوە، باسێکی پڕ زانیاری زانستیی بوو سەبارەت بە دارستان بەناوی (دارەبەن لە پارێزگای سلێمانی)، هەروەها لە گۆڤاری (ئابووری زان)یشدا باسێکی ئاماری ئابووریم لە بارەی (بەرهەمی ڕۆژانەی کرێکارانی نەمامگە) بڵاوکردەوە.

**ڕامان:** هەندێک دەڵێن ئەو بڕیاری بڵاونەکردنەوەیەت، لەو کات و سەردەمەدا، هۆیەکەی بێ بەرهەمیت بووە؟

**کاکەمەم بۆتانی:** بڕوا مەکە، چونکە بە یارمەتی برادەرێک توانیم کۆمەڵە چیرۆکی (بازنە – ١٩٧٩) لە دەمی مەقەستی چاودێری چاپەمەنی ڕزگار بکەم و بڵاوی بکەمەوە، کە هەمووی ئەدەبی بەرگری و بەرەنگارییە و بە شێوەی ڕیالیزمی ئاماژەیی نووسراون. یەکێتیی نووسەرانی کوردستانیش (لە شاخ) چەند چیرۆک و باسێکیان (بەناوی خوازراوەوە) لە گۆڤارەکەیاندا بۆم بڵاوکردەوە، هەر لە شاخ (لە دووتوێی یاداشتی شاردا)ی مێژوویيم بەناوی (عەلی خالید حەمید) بڵاوکردەوە.. لەناو شارەکانیشدا بەشداری چەند چالاکییەکی ئەدەبیم کردووە و چیرۆکی نوێم خوێندووەتەوە، بێجگە لەمانەش چەند کارێکی وەرگێڕانم کردووە، هەر لەو ساڵانەدا خۆم لە مێژووی (بلوج)دا، ئەوەندە پێوقدومی ڕەش بوو، ئیفلاسی بە دوو دەزگا کرد.

**ڕامان:** ئەی بۆ ئێستا ئەوانە چاپ ناکەیت؟

**کاکەمەم بۆتانی:** لە تەمەڵی.. با ئەوانەش بۆ ڕۆژی خۆیان بمێنن.

**ڕامان:** چۆن شوێن و کات لە چیرۆک و ڕۆمانەکانتدا ڕەنگیان داوەتەوە؟ بایەخدان بەو دوو لایەنە گرنگییەکەی بۆ چیرۆک و ڕۆمان چییە؟

**کاکەمەم بۆتانی:** نەوەی خاکێکی کوت کوتکراوی داگیرکراوی ژێر پۆستاڵی سەربازان، ئەوەی لە مێژووی (هەمەج)یش نەدیترابێ، بەو خاک و نەتەوەیە بکرێ، دەبێ چۆن سەیری شوێن بکات؟ ئینجا ئەو کەسەش خۆی بە ئەدیب و ڕووناکبیری نەتەوەکەی بزانێ، بۆیە لە بەرهەمەکانمدا کات و شوێن لە (کۆلیت)ی گوندێکەوە تا شەقام و باڵەخانەی شارێ، لە بەرهەمەکانمدا ڕەنگیان داوەتەوە، لە هەندێکیاندا پانتاییەکی لە ڕووداو و کەسەکاندا گرتووە، لە بەرهەمێکی تردا شوێن وەک کەسێکی سەرەکی خۆی دەنوێنێ.

**ڕامان:** بایەخدان بەو دوو لایەنە گرنگییەکەی بۆ چیرۆک و ڕۆمان چییە؟

**کاکەمەم بۆتانی:** لە دوو ڕووەوە تەئسیر دەکەنە سەر دەقە ئەدەبییەکە، وەک بابەت و هونەری نووسین و دارشتنی.

**ڕامان:** چیرۆک و ڕۆمان وەک دوو هونەری شارستانی نوێ، خوێنەرەکانی ئەوسا چۆن پێشوازییان لێکرد؟

**کاکەمەم بۆتانی:** لە شوێنێکی تری ئەم گفتوگۆیەماندا ئامارێکم لە دەمی شاعیران و چیرۆکنووسان باس کرد، دەتوانم هەر ئەوەندەی بخەمە سەر کە ئەوانەی بەرهەمەکانیان دەکڕی و دەیان خوێندنەوە، تام و لەزەتێکی تایبەتیان لێوەردەگرتن، چونکە خۆیان و چوار دەوریان تێدا دەدی.

**ڕامان:** بۆچی ڕەمزییەتێکی دەستکرد و داخراو، یان تەمومژ، بەرۆکی نووسینەکانت بەرنادەن؟ ئەوە لە ڕۆمانی (درز)یشدا هەر هەیە، کە چیرۆک و ڕۆمانی تۆی نەفەس بڕ و تووشی داخراوی کردووە، لە جیاتی ئەوەی حاڵەتێکی ئیستێتیکی لەلات بخوڵقێنێ؟

**کاکەمەم بۆتانی:** توخوا ئەمە پرسیارە، یان ڕەخنە؟! ئەو بەرهەمانەم کە ڕێبازی ڕیالیزمی ڕەمزی، یان ئەفسووناوی لەخۆ دەگرن، لای ئێوە دەستکرد، داخراو، تەمومژاوییە؟! کاکە برا.. بڕوام پێ بکە هیچ بەرهەمێکم نییە ژانم بەناوەرۆک و دارشتنەکەیەوە نەگرتبێ، وەک ژانی شاکەسەکەی جینگڵەم پێوە نەدابێ، هەمیشە بیریشم لەوە کردۆتەوە، چۆن خوێنەر بۆ کارەکەم ڕابکێشم، ئینجا ئەگەر سەرکەوتوو نەبووبم، خەتای چیرۆکەکە نییە، بەڵکو من نەمتوانیوە باشی دارێژم، یان جۆرە گومانێک دروستدەکات. ڕەنگە ئەو جۆرە بەرهەمانە بەو شێوە دارشتنە لە دنیای چیرۆک و ڕۆمانی کوردیدا تارادەیەک تازەبن، گوێ و چاو و بیری خوێنەری کوردی پێ ڕانەهاتبێ، یان هەر لە سەرەتاوە بەگومانەوە سەیر دەکرێ و بە لاسایيەکی سەرنەکەوتووانە دادەنرێ.

**ڕامان:** بەڵام ڕەمز ئەگەر زۆر هونەریانە و وەستایانە لە کاری داهێنەرانەدا بەکار نەیەت، ئەوە تێکستەکە تووشی تەمومژێکی داخراوی ڕەزاگران و ناحەز دەکات؟

**کاکەمەم بۆتانی:** بێ گومان وایە، بەڵام دەبێ ئەو ڕەمزانەی من بەکارم هێناون وابن؟

**ڕامان:** لە مێژە خەریکی نووسینت، بەڵام لە چاو ئەو ئەزموون و مێژووە دووردرێژەی نووسینت، کارەکانت سەرنجی ڕەخنەگر و لێکۆڵەرەوەکانی ڕانەکێشاوە و زۆریان لە بارەیەوە نووسیوە.. بە ڕاشکاوی هۆی ئەمە بۆچی دەگێڕیتەوە؟

**کاکەمەم بۆتانی:** کە بەرهەمی هەندێ ئەدیب دەخوێنمەوە و لەگەڵ دەنگدانەوە و باسەکانی لە بارەیەوە دەنووسرێن بەراوردی دەکەم، منیش ئەم پرسیارە لەخۆم دەکەم، بەڵام وەڵامەکانم ڕازیکەر نەبوون، چونکە بەرهەمەکانم بە ڕۆمان و چیرۆک و کورتیلەچیرۆکەکانەوە، لە شێوەی تەکنیک و ناوەرۆکدا، ڕێبازی ڕیالیزمییان لەخۆ گرتووە، هەندێ چیرۆکم خراونەتە بازنەی خوێندنی هەندێ کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆکانی کوردستانی باشوور، زۆربەی کارەکانیشم ئەدەبی بەرگری و بەرەنگارین، کە بەلای منەوە تا هەموو پارچەکانی ئەم خاکەمان لەژێر پۆستاڵی داگیرکەران ڕزگار دەبن، نەک شوێنی ئەم جۆرە بەرهەمانە لەق نابێ، بەڵکو لەگەڵ خەباتی سیاسی و شۆڕشگێری ڕزگاری نەتەوایەتی و چینایەتی نەشونما دەکات، (دەشبێ بیکات)، ڕەنگە کۆیان لە ڕابردووی سیاسی و کۆمەڵایەتیشم نەبێ، ئەی بۆ وەک پێویست سەرنجی ڕەخنەگران و لێکۆڵەرەوەکانی ڕانەکێشاوە؟ لە دنیای ڕووناکبیری ئەم کەرتەی وڵاتماندا دەژیم، وەک دەبینم و دەبیستم هەندێ لە هۆیەکان پێوەندی بە بەرهەمەکەوە نییە، لەگەڵ ڕێزم بۆ قەڵەمەکانیان، پارتایەتی، دەستیاو، تەکلیف دەور دەبینێ، بە شانازییەوە دەڵێم تا ئەمڕۆ ڕووم لە کەس نەناوە لەسەر کارەکانم بنووسن، چونکە ئەوە نەنگییە بۆ بەرهەمەکە و نووسەرەکەی و ڕەخنەگرەکە، من لە ناخەوە بەوەندە ڕازیم کە نووسەرێک، ڕەخنەگرێک بە حەز و ئارەزووی خۆی کارێکم هەڵدەسەنگێنێ، بێ گومانم ئەوەی نووسیومە و دەینووسم، جێگای خۆی لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا کردۆتەوە و دەکاتەوە.

**ڕامان:** جگە لەوەی کە لە بارەی چیرۆک و ڕۆمان نەتاننووسیوە، ئێوە لە نووسین و دەربڕینی بیروڕای خۆشتان لە بارەی بابەتە گەرموگوڕەکانی ئەدەبیات و ڕۆشنبیریی کوردی هەر کەمتەرخەم دیارن و زۆر کەم ڕووتان کردووەتە بواری نووسین، هۆیەکەی چییە؟

**کاکەمەم بۆتانی:** من پەروەردەی دنیای سیاسی (چینایەتی- نەتەوایەتی) نهێنی و خەباتی ژێرزەمینیم، ئەوە فێری کەمدوویی کردووم و لە دنیای نووسینی ئەدەبیشمدا ڕەنگی داوەتەوە، سەرەڕای ئەوەش لە بەرهەمەکانمدا دوودڵم، تا ئەمڕۆش کەم نووسین و بەرهەمم هەن، پێش بڵاوکردنەوەیان نەیاندەمە چەند دۆستێک و بیروڕایان لە بارەیانەوە وەرنەگرم. ئەگەر چاوێک بە مێژوو و دۆڵابی کتێبخانەکەمدا بگێڕیت، چەندان نووسین و کاری ئەدەبی و سیاسی نیوە و نیوەچڵ دەدۆزیتەوە، هەندێکیان بۆ هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو دەگەڕێنەوە.. دەبێ تەواویان بکەم و ڕووناکی ببینن؟ نازانم.

**ڕامان:** وەک ئاگادارم لە زانکۆدا هەندێ تێز لە بارەی کارەکانت وەرگیراوە، ئەو هەوڵانە چۆن دەبینیت؟

**کاکەمەم بۆتانی:** بێ گومان شادم بەوەی لە هەندێ زانکۆدا گرنگی بە بەرهەمەکانم دەدرێ، بەڵام جەخت دەکەمەوە، نە ڕاستەوخۆ، نە بە ئاماژە، داوام لە هیچ دکتۆرێک، قوتابییەک نەکردووە لە بارەی بەرهەمەکانم بنووسن. ئەوانەی کراون و دەکرێن بۆ بۆچوونی هەردوولایان دەگەڕێتەوە. بەداخەوە زۆربەیانم نەدیوە، خۆزگە کارەکانی زانکۆ بگەیشتبایەوە دەستی ئەدیبەکان تا لە ئەرشیڤی خۆیان بیانپارێزن.

**ڕامان:** تۆ پێت وایە ڕەخنەی ئەکادیمی بە ئەرکی خۆی ڕاگەیشتبێ و توانیبێتی کەلێنێک پڕ بکاتەوە؟

**کاکەمەم بۆتانی:** ئەرکی ئەکادیمیانەی زانکۆکان نە تەواو بووە و نەدەبێ، چونکە دنیایەکی پڕ کار و چالاکی و تازەکردنەوە و دۆزینەوەیە، لە بواری ئەدەبیشدا هەر سەرەتایە، ئینجا ئەگەر ڕەخنەی ئەدەبی ئەکادیمی نەیتوانیبێ گۆمەکە بشڵەقێنێ، ئەی ئەو هەموو تێز و باسانەی قوتابییەکان کاریان تێدا دەکەن چی کردووە؟ بەداخەوە ئەو بوارەش بێ عەیب و خەوش نییە، بەڵام بێ گومانم کارەکانیان دەگاتە ئاستێک شانازییان پێوە بکەین.

**رامـــان:** چەند لەگــەڵ ئەو خــوێندنەوە رەخنەییـــانە هاوڕایت کە بەمیتودێکی نوێ رەخنە و لێکۆڵینەوەکانیان پراکتیک دەکەن و دەنووسن؟

**کاکەمەم بۆتانی:** من لەگەڵ ئەوە بووم کە هەزار خونچە بگەشێتەوە و دنیای ئەدەبیمان (بۆن) باران بکات، ئەوەی هەیە و هی تریش پەیدا بن، ئەوە نیشانەی راستیی رێبازی کاری ئەدەبیمانە، بە مەرجێک لاساییەکی کوێرانە نەبێ. رەنگە لە هەندێ پراکتیک نەگەم و پێی رازی نەبم، بەڵام نە دەبێ رێی لێبگیرێ و نە بە چاوی سووک تەماشا بکرێ، ئەوەش لە ئەنجامدا دەتوانێ خۆی بچەسپێنێ، یان ئەوەتا لەجێی خۆی دەپووکێتەوە، دنیای ئەدەبیش هەروا بووە، نەتخوێندۆتەوە چ گاڵتەیەک بەشیعری (گۆران) کراوە؟

**رامان:** ئەو نووسینە رەخنەییانەی بەناوی رەخنەی بنیادگەری دەنووسرێن، چۆنیان تێدەگەیت؟

**کاکەمەم بۆتانی:** سەرەتایەکی سەرکەوتووانەیە بۆ دامەزراندنی رەخنەی نوێی ئەدەبی کوردی.

**رامان:** خۆت لە کوێی تەوژمە نوێیەکانی رۆمانی سەردەم دەدۆزیتەوە؟ ئایا توانیوتە بەو تەکنیک و هونەرە نوێیانە ئاشنا بیت و رۆمانەکانی خۆتیان لێ بێبەش نەکەیت؟

**کاکەمەم بۆتانی:** نە تازە دەستم بەکاری ئەدەبی کردووە، نەرارام لەو هەنگاوانەی ناومن تا خۆم بەلایەکدا بخەم و لە تەک تەوژمێک، قوتابخانەیەکی تازەدا خۆم بگونجێنم، لەلایەکی تریشەوە تەکنیکەکانی رێبازی ریالیزمی، لەگەڵ بیروبۆچوون و ئایدیای نەتەوەیی و چینایەتیم ئاوێتە بووە، تەکنیکەکان بەپێی دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئاوێزانی یەکترین. لەم ماوەیەدا لە گۆڤارێکدا باسێکم خوێندەوە کە رۆمانێک هەڵدەسەنگێنێ، تەکنیکی ریالیزمی ئەفسووناوی باس دەکات، وەک یەکەم جار بێ رۆمانی کوردی پێ نووسرابێ، لە کاتێکدا چەندان رۆمانی تری پێ نووسراوە، کە هەر چوار رۆمانی منیش دەگرێتەوە.

**رامان:** ئەو جۆرە رۆمانانە سەرەتا رۆژنامەنووسەکانی ئەمەریکای لاتین نووسییان.

**کاکەمەم بۆتانی:** بەڵێ، ئەوەی ساغ بۆتەوە ئەو جۆرە نووسینە لە ئەمەریکای لاتین سەری هەڵدا و سیمای خۆیانی پێوەیە، بەڵام حەز دەکەم جەخت بکەمەوە، رەنگە ئەدیبانی هاورێشم پشگیری قسەکەم بکەن، وەختێک بیرم لەو جۆرە نووسینە کردەوە، یەک دێڕم لە بارەی (ریالیزمی سیحری) نەخوێندبۆوە، بەڵام ئەو رۆمانانەم دیبوو و خوێندبوومنەوە و تەئسیریان لەسەرم هەبوو، چونکە ئاشنایەتییەکیان لەگەڵ حەقایەتی کوردەواریدا هەبوو، بە تایبەتی حەقایەتەکانی کۆنی بەرئاگردان و دیوەخانەکانی ئەو سەردەمە، سەربوردەکانی پێش لایلایەی خەوتنمان، ئەمانە هانیاندام کاری تێدا بکەم.. لە دۆخی سیاسی پاش راپەرینیش، پێویستیم بە ریالیزمی رەمزی نەما، بۆ ئەوەی مەبەستی خۆم لە خوێندەوارم بگەیەنم، رووم کردە ئەم شێوە نووسینە.

**رامان:** نموونەی جوانی ئەو جۆرە رۆمانانە بە زمانی کوردی کامانەن؟

**کاکەمەم بۆتانی:** ئەوە بۆ رەخنەگر و لێکۆڵەرەوەکان بەجێ دەهێڵم.

**رامان:** ئەوە دووەم جارە خۆت لەو جۆرە پرسیارانە دەدزییەوە.

**کاکەمەم بۆتانی:** وا باشترە، چونکە بە راستی ناتوانم لەو بەراوردەدا عادیل بم.

**رامان:** ئەی لە کەیەوە لە نووسینەکانتدا هەستت بە شێوازبەندی (نمطیة) کردووە؟ یان هەست دەکەیت لە نووسیندا خۆت دووبارە دەکەیتەوە؟

**کاکەمەم بۆتانی:** بۆ تۆ هەست دەکەیت خۆم دووبارە کردبێتەوە؟ لە دارشتن، لە تەکنیک، لە ناوەرۆک، لە مەبەست دووبارەت دیوە؟ بۆ بەرهەمە ئەدەبییەکانم چەندن تا دووبارە بکرێنەوە؟ من ئەوەندەم پێماوە نەگەمە خۆدووبارەکردنەوە، ئەوەش دەدەمە دەست رەخنەگرەکان.

**رامان:** کاریگەریی زۆری کارەساتی وەک ئەنفال و تراژیدیاکانی کورد، بەسەر نووسەرانی چیرۆک و رۆماننووسانەوە هەیە، ئایا توانیوتە بەشێوەیەکی هونەریانە و داهێنەرانە ئەو تراژیدیایانە بەسەر بکەیتەوە؟

**کاکەمەم بۆتانی:** ئەوەی لەکۆتاییەکانی هەشتاکان دیمان و بەسەرمان هات، ئەوە قەترە بە دەریایەکە لەوەی چێشتوومانە، پتر لە هەزار و چوار سەد ساڵە بەشێوەیەکی (مونەزەم) ئەم گەلە سزا دەدرێ و سەرکردە و رابەر و میرەکانیان لە ناکۆکی و ململانێدان. سی ساڵێک لەمەوبەر، لە گۆڤارێکی رۆشنبیریی عەرەبی

عیراقی باسێکم له بارەی (غەزوو)ی عیراق خوێندەوە، ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام و تا ئێستا لەبیرمە، بەشانازییەوە نووسیبووی کە (غەزوو)ی ناوچەی (شەنگال) کراو کرانە ئیسلام، پاش گەڕانەوەی سوپا، زۆربەیان هەڵگەڕانەوە و چوونەوە سەر ئایینی باو و باپیریان، دووبارە (غەزوو) کرایەوە، قەتڵوعام کران و سەر بۆ ئەوان و سامان و ژنیش بۆ سەربازەکانیان، ئەوانی تریش (نەفی) کران و خەڵکی تریان لە شوێنیان داناوە. ئەرێ عەیبە (ئەرمەنەکان) تاوانەکانی دەوڵەتی (عوسمانی)یان لەبیر نەکردووە و لە زۆربەی بەرهەمە ئەدەبییەکانیاندا ڕەنگی داوەتەوە و بە (مەحافیل)ی نێودەوڵەتیدا دەیگێڕن؟! ئەی (هۆلۆکوست)ی جوولەکە، تا ئێستاش هەر باسێکی گەرم نییە؟ بەداخەوە ئێمە گەلێکی سادە و ساکار و ساویلکەین، بە دوو بەڵێن و بەدوو قسەی خۆش شتمان لەبیر دەچێتەوە، یان لەبیر خۆمانی دەبەینەوە، هەندێ جار بیانووش بۆ تاوانەکان دەهێنینەوە.

**ڕامان:** دەتەوێ بڵێی چاو لەجیاتی چاو، ددان لەباتی ددان بێت؟

**کاکەمەم بۆتانی:** ئینجا ئەوسا جیاوازیمان چی دەبێ؟ بەڵام دەبێ مێژووی تاوان، تاوانی مێژوو نەک هەر لەبیر نەکەین، بەڵکو لە هەموو بەرهەمەکانماندا ڕەنگ بداتەوە.. بیرتە کە یەکێتیی نووسەرانی کورد پاداشتی تەرخان کرد بۆ ئەو ڕۆماننووسانەی لەسەر کیمیاباران و ئەنفال بەرهەمیان هەبوو، یان لەبەر دەستیاندا بوو،، زۆر بەداخەوە زۆربەیان گوێیان لێ خەفاند؟ من لەو بەڕێز و خۆشەویستانە دەپرسم، گەورەترین و دیارترین ڕۆماننووسی ئیتاڵی، ئەڵمانی، ڕووسی کە کارێک دەکەن، چ بە (باگراوند)، چ بە (فلاشباک) لە (شاکەسێک)دا، لە (شوێنێک)دا وێرانکاری جەنگ بەبیر خوێنەریان ناهێننەوە؟

**ڕامان:** باشە لەم ڕووەوە پێشنیارت چییە؟

**کاکەمەم بۆتانی:** دوو مانگێک لەمەوبەر یەکێتیی نووسەرانی کورد، نامەیەکی ڕاستەوخۆی بۆ وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوان نارد و وێنەی لێ دایە شوێنە تایبەتمەندەکان، چەند جارێکیش لە دەرگای ئەو وەزارەتە درا، بەڵام بەداخەوە کەس خۆی لێ نەکردە خاوەن! بۆ؟ نازانم؟

**ڕامان:** داواکە چی بوو؟

**کاکەمەم بۆتانی:** خەڵاتێکی ساڵانەی شایستە بۆ ڕۆمان و چامەی شیعری و دەقی شانۆیی و سیناریۆی سینەمایی تەرخان بکرێ کە لە بارەی کارەساتەکانی ئەنفال و کیمیاباران و زیندەبەچاڵکردنی فەیلییەکان و بارزانییەکان دەنووسرێن، دەبێ ئەو جۆرە بەرهەمانە شایستەی ڕێزلێنان نەبن؟ یان ئەوانەی کارەکەیان بەدەستەوەیە مەبەستیان نییە؟ یان بەرهەمی ئەدیبانی کورد لەو ئاستەدا نییە؟

**ڕامان:** ئەگەر خۆت سەرپشک بکەن لە دەستنیشانکردنی سیمای نوێخوازی و نوێ بوونەوە لە چیرۆکەکانی خۆت، وەک ڕەخنەگر و خوێنەرێک، ئەو لایەنانەی چیرۆکەکانت چۆن دەستنیشان دەکەیت؟

**کاکەمەم بۆتانی:** ئەم پرسیارە بە چەند شێوەیەک دووبارە دەکەیتەوە و دەتەوێ قسەم لێ دەربێنی، منیش خۆمی لێدەدزمەوە، چونکە کەس بە دۆی خۆی ناڵێ ترشە، بەڵام جەخت دەکەمەوە ژانی بەرهەمم هەراسانم دەکات، گینگڵم پێدەدا، چەند جارێک پاکنووسی دەکەمەوە، زۆربەشیان نیشانی هاوکارانم دەدەم، هەندێ جاریش لە شێوەی داڕشتن و تەکنیک، پەنام بۆ سەجەع بردووە، ئینجا نوێکردنەوەیان پێوە دیارە، یان نەء، سەرکەوتووم، یان نەء، ئەوە بۆ مامۆستایانی ڕەخنە و لێکۆڵینەوە دەگەڕێتەوە.

**ڕامان:** هەندەران و تاراوگە چییان بە تۆ گەیاند؟ چەند سوود و زیانی بۆ نووسینت هەبوو؟ بۆچی گەڕایتەوە؟

**کاکەمەم بۆتانی:** ئەوەش حەکایەتێکی خۆی هەیە، ئەگەر حەز دەکەی بۆتی دەگێڕمەوە!

**ڕامان:** باشە فەرموو..

**کاکەمەم بۆتانی:** سەباحی غالب نووسەر و ڕووناکبیری کوردی نیشتەجێی (لەندەن) لەڕێی ڕێکخراوێکی ڕووناکبیری کوردی ئەو وڵاتەوە، دیداری (پیرەمێرد)ی شاعیری ڕێکخست، منیش (ئافرەت لە هۆنراوەکانی پیرەمێرد)م پێشکەش کرد، لەو ماوەیەدا ڕێکخراوێکی ئەدەبی کوردی لە (دانیمارک) دەعوەتی کردم، لەوێ لەسەر ئەدەبی کوردی باسێکم پێشکەش کرد. لەو ماوەیەدا خزم و دۆستانی هەندەران دنەیاندام داوای پەنابەریی بکەم، دۆخی نالەباری کوردستان و شەڕی نەگریسی ناوخۆ و شەهیدکردنی تاکە براکەم، بیانووی

باش بوون بۆ داواکـــــەم، پەرپمەوە (ســــوێد) و داوام پێشکەش کرد، ئەو بیـانووانە و سیفـەتە ئەدەبییـەکەم، یاریدەدەرم بوون تا لە مـاوەیەکی زۆر کـورت ئیـقـامـەی هەمیشەییم بدەنێ، بەڵام زۆر کەم لە سوێد ماومەتەوە، پێـشـــتـــر ســالێ چەند هەفـتـــەیەک دەچوومـــەوە تا (ئیـقـامـە)کەم نەفەوتێ، وا پتر لە پێنج سالێش دەچێ نەچوومەتەوە، بۆیە تەئسیرێکی ئەوتۆی لەسەرم نەبووە.

**رامـان:** داهێنانی ئێـمـەی کـورد بایی ئەوە هەیە کـە رەخنەیەک بێت و بیتیورێنێ، واتە (تەنزیری) بۆ بکات؟

**کاکەمەم بۆتانی:** چ لە بارەی سیاسی و چ رۆشنبیری و ئەدەبی، چ لە بارەی ژیانی کۆمەڵایەتی دەتوانم بڵێم نە ء.

**رامان:** کتێبێکت لە شاخ بەناوی خوازراو بۆ چاپکرا، بۆچی ئەو کتێبەت لەوێ چاپکرد؟ ئایا بواری چاپکردنی نەدەدرا تا لە شار چاپ و بڵاوبکرێتەوە؟ یان چی؟

**کـاکـەمـەم بۆتانی:** لەو رۆژەوە کـە لە (پارتایەتی) دابڕاوم، بەخۆم و بەرهەمەکانمەوە، بەشێکی دانەبڕاو بووم لە بزاڤی کوردایەتی، ئەوەندەی لە تواناییشمدا بووبێ چ لە شـار و چ لە شـاخ بەشداریی شـۆڕشی ڕزگـاریخـوازی کوردستـانم کردووە، کە یەکێـتیی نووسەرانی کوردیان هەڵوەشـانـدەوە، پەنام بۆ (یەکــێـــتــیی نووســەرانی کـوردسـتـان)ی شـاخ برد و وەک ئەندامـێکیـان کـارم بۆ دەکـــردن و بە دزییـــەوە بەرهەمم بۆ دەناردن و ســـەرم لێدەدان. هەر لەو ساڵانەدا خەریکی نووسینی کتێبێکی سیاسی- مێژوویی بووم لەبارەی (بلوچ و بلوجستان) کە هۆی کـەرتبـوونی خـاکیـان، ژیانی سیـاسی نەتەوەییـان، دۆخی کۆمەڵایەتییان، زۆر لە کورد و کـوردستـان دەچێ، گـەرەکم بوو لـەو رێیـەوە مـەبەسـتی سیـاسی و نـەتەوەیی خـۆمـانی تێـدا تۆمـار بکـەم، بەم بۆنەیەوە مـەلا جـەمـیل رۆژبەیانی مێژوونووس پێی وتم کە هەندێ مێژوونووس، بلوج دەبەنەوە سەر کـورد، بەڵام بەبیـرم نایێ پشـتـگیـری ئەو رایەی کـرد، یان نە ء. پێش یادی دوو سـەد سـاڵەی دروستکردنی شاری سلێمانی، ئەدیب و رۆشنبیرانی شاخ داوایان لێم کـرد، بۆ ئەو رۆژە باسـێـک لەســـەر شـاری سلێـمانی ئامادە بکەم، دەستم لە (بلوج و بلوجسـتـان) هەڵگرت، کـار و چالاکـیـیـەکـانی سـەد و پەنجا و پێنج رۆژەی حکوومـەتی کـوردسـتـانی باشـوورم بەڕابەرایەتی مەلیک مەحموود دەست پێکرد، رەنگە بمتوانیبایە، ئەم بەشـــە لە شـــار چاپ بکەم، بەڵام دۆخی ســــیــــاسی دامـەزراندنی حکوومـەتەکـە، پێکهـێنانی حکوومـەتی عـیـراقی و سیـاسـەتی دەوڵەتانی دراوسێ، پرۆژەکـانی دەوڵەتان، براوەی یەکەمین شەڕی جیهـانی لە بارەی کورد و ویلایەتی (مووسڵ) بە دەزگـای سانسـۆری چاپەمـەنی بەغـدا هەرس نەدەکـرا، بۆیە بەناوی خـوازراوەی (عـەلی خالید حەمید) کتێبی مێژوویی- سیاسی (لە دووتوێی یاداشـتی شـاردا) چاپ کـرا، تا ئێـسـتـاش (شـارەوانی سلێمانی) دوو جاری چاپکردۆتەوە.

**رامـان:** بەگـشــتی ناوی (دە) کــتــێـبم پێ بڵێ کـە کـــاریگەریی زۆریان بەســـەرتەوە هەبووبێ و لە ژیانی نووسەرایەتی تۆدا، وەرچەرخانێکیان دروست کردبێ؟

**کـاکـەمـەم بۆتانی:** ئەم پرسـیـارە قـورسـانە لە کـوێ دەدۆزیتـــەوە؟! هەرچەندە توانایی (مـاددی)م زۆر لاواز بوو، بەڵام بارودۆخی خێـزانیم لەبار بـوو کـە لە بەرهەمـە رۆشنبـیـرییـەکـانی پەنجـاکـانی سـەدەی ڕابردوو بێ بەش نەبم، بە تایبـەتی سـەرەتای سـاڵانی کـەرکـووکم، کـە ئیـــبـــراهیم ئەحـــمـــەد (بلە) و عـــومـــەر دەبابە پێکەوە پارێزەرییـان دەکرد و لەژێریشەوە کاری مەکتەبی سیاسی پارتـیـــیـــان بەڕێوە دەبرد. لەو مــاوەیەدا هەرچی دەســتم کەوتبێ بەلاوەم نەناوە، بە تایبـەتی ئەوانەی پێوەندییـان بە کـوردسـتـانەوە هەبووبێ، وەک کـتـێـبـەکـانی رەفـیـق حـیـلمی. بە زمـانی عـەرەبیش العـراق الشـــمـــالي، بروتوکولات حکمـاء صـهـیـون، لە ئەدەبدا دیوانەکـانی گۆران، قانع، کامەران، ئەوە بێجگە لە رۆژنامەی ژین و گـۆڤـارەکـانی هەتاو، هیـوا، شـەفـەق. کە کـەوتمە دنیـای رێکخـــســـتنی پارتایەتیـــیـــەوە، جگە لە بڵاوکـــراوە نهـێنییـــەکـانی پارتی دیموکـراتی کـوردســتـان و حـزبی شـیـــوعـی عـیـــراقی پێش شـۆڕشی ١٩٥٨، هەرچی پێـوەندی بە خـەباتی نەتەوایەتی و چینایەتی گـەلانەوە هەبوو، دەمـقـۆزتـنەوە. پاش تەمموزی ١٩٥٨یش دەرگـای دوو دەری لەســەر رۆشنبـیـریی گـشــتی و ســیـاسی و چینایەتی و نەتەوایەتی خــرایە ســەر پشت، زۆربەی بەرهەمە بە عـەرەبی کراوەکانی مارکس، ئینگلز، لەنین، ستالین، ماوتسی تۆنگ، فەهدم خوێندەوە، لەپێناو مافی چارەی خۆنووسینی کوردستانیان شتم لێیان هەڵێنجاوە.. ئەی بۆ هەست ناکــەیت بەرهەمــەکــانم ئاوێتــەی ئەو بیروباوەڕەن؟

**رامـان:** وا دەردەکــەوێ ســەرچاوە ســیــاســیــیــە-

مێژوویییەکان دەوری خۆیان بەسەرتەوە هەبووبێ؟

**کاکەمەم بۆتانی:** بەڵام بەداخەوە ئێمەی پاش جەنگی سارد چۆن سوودمان لە هەڵەکانی خۆمان لە پاش (یەکەم و دووەمین جەنگی جیهان) وەرنەگرت، خەریکە ئەمڕۆش بە دەردی جاران دەچین، خەباتی چینایەتیش بە دەردی ئێمە چووە.

**ڕامان:** تەمومژ، یان ڕەمز، کامەیان زیاتر بەپێویستییەکی هونەریی بۆ چیرۆک و ڕۆمان دەزانیت؟

**کاکەمەم بۆتانی:** لەبیرت چوو کە (ڕەمز)ییەتت بە (تەمومژ) دانا، بە تایبەتی لە کۆمەڵە چیرۆکی (بازنە-١٩٧٩)، ئێستا بۆ لێکیان جیا دەکەیتەوە؟ ئیمتیحانی من دەکەیت؟ لای من کارە (ڕەمز)ییەکانم لە دنیای ئەدەبدا، بە پێویستییەکی هونەریم زانیوە بۆ گەیاندنی مەبەستم بە خوێنەران، ئینجا ئەگەر سەرکەوتوو نەبووبم لە داڕشتن و بەکارهێنانی ڕەمز و بووبنە (تەمومژ) عەیب لە ڕێبازی ڕیالیزمی ڕەمزیدا نییە، عەیب لەمنی بەکارهێنەریەتی. بەرهەمی تەمومژاوی چۆن دەتوانێ مەبەستی خۆی لە خوێنەر بگەیەنێ؟

**ڕامان:** بێ گومان (ڕەمز) لە (تەمومژ) جیایە، بەڵام کاتێک بەباشی (ڕەمز) بەکار نەیەت، ئەوە دەبێتە تەمومژێکی ڕەزا قورس و نەخوازراو.. پێمان وایە تا ئەمڕۆکەش کورد نەیتوانیوە ناسنامەیەکی تایبەت و جیاوازی بۆ ڕۆشنبیرییەکەی هەبێ، بیروڕای ئێوە لەو بارەیەوە چییە؟

**کاکەمەم بۆتانی:** بێ گومان وایە، وردە هەنگاو نراوە و دەنرێ، بەڵام تا ئێستا نەتوانراوە ناسنامەیەکی تایبەت بە خۆمان هەبێ، ئەوەش سەیر نییە، هێنانەدی گۆڕانکاری لە پێکهاتەکانی ڕووناکبیریی لەپێناو قوتابخانەیەکی ڕەسەنی کوردستانی، دوور لە خۆ نامۆ کردنە، بەجۆرێک مافی ڕەهای مرۆڤ بپارێزێ و ڕوح و جەستە و ئایدیا ئاوێزانی یەکدی بن. ئێمەی کوردستانی کە لە (کوتێکی) بەشی کوردستانی باشووردا دەژین، ژیانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕووناکبیریمان لە گۆڕاندایە، ماوەیەکی گەرەکە تا سەقامگیر دەبێ، ئینجا دەبێ بەشەکانی تری ژێر دەسەڵاتی نەتەوە باڵادەستەکان چۆن بن؟ دەبێ ڕووناکبیرانی کورد خۆیان هەڵنەخەڵەتێنن و لاسایی نەکەنەوە، بەڵام نابێ ئەوەندەش ڕەشبین بین، هەموومان هەست بەو بناغە ڕۆشنبیرییە دەکەین کە پێوەی خەریکین، باش دەزانین کە دەرگای زانست و مەعریفە خراونەتە سەرپشت، گۆی زەوی بۆتە (شارۆچکە)یەک، ئازادم لە وەرگرتنی هەموو شەپۆلە مەعریفییەکان، بەڵام ئازادی مرۆڤی کوردستانی لە پاراستنی زمانەکەیدایە، دەبێ ئەویش لەگەڵ گۆڕانە زانستییەکاندا گەشە بکات، مەبەستم داڕشتنی ڕستەو داتاشینی وشە و زاراوەی سەقەت نییە، چونکە نە پڕ بەپێستی مانا دەدا، نە لەگەڵ زمانەکەدا دەگونجێ، مەبەستم خودی کوردییە، وەک وشە و داڕشتن و ڕێزمان.

**ڕامان:** چارە چییە؟ دەبێ دەستەو ئەژنۆ چاوەڕێ بین؟

**کاکەمەم بۆتانی:** بێ گومان نەء.. بۆ شۆڕش بە خەنجەر کرا؟ دەبێ کەڵک لە هەموو پێشکەوتنەکانی هونەری و ئەدەبی و ڕۆشنبیری وەربگرین، چونکە ژیانی کۆمەڵایەتیشی پێوە بەندە، بەڵام لەگەڵ ئەو ئەدیبانە نیم کە بە بیانووی قەوارە و مانای تازەی وشە و ڕستە نەک خەریکی پێشخستنی زمانمان نین، بەڵکو دەیشێوێنن.. ئەوەی ئەدەبیاتی کوردی دوای دووەمین جەنگی جیهانی، (ژیان) و (گەلاوێژ) کردیان، زمان و نووسینی ئەدەبی کوردییان لە (وشە) نامۆکانی داگیرکەرانی دەرودراوسێ پاک دەکردەوە، داخەکەم ئەمڕۆ هەندێ لە شاعیرەکانمان بۆ جوانی دەیهێنینەوە ناو داڕشتنەکانیان. مەبەست لە نوێخوازی و ناسنامەی تایبەتی کوردستانی، بەشێک بێ لە ئەدەبی مودێرن و پۆست مودێرن و .. یان تایبەتمەندییەکانی دەق لە ئاست فۆرم و ناوەرۆک و زماندا بێت؟ خوێنەری کوردستانی کە دەقەکەی بۆ دەنووسرێ، چۆن دەقەکە هەڵدەسەنگێنێ؟ چونکە خوێنەر مافی تێگەیشتنی دەقی هەیە.

**ڕامان:** بۆچی تا ئەمڕۆکە کەلەپووری کورد خوێندنەوەیەکی نوێ و سەردەمیانەی بۆ نەکراوە؟ ئەو خوێندنەوە هاوچەرخانەیە چەند بۆ ئەمڕۆکە بە پێویست دەزانیت؟

**کاکەمەم بۆتانی:** بۆ نەکراوە؟ ئەویش بەشێکە لەو دەورە ئاڵۆزەی پێیدا تێدەپەڕین، ئەو هەموو بەربەست و کۆسپانەی لەبەردەمی کار و چالاکی کوردستانیدایە، ئەو بنیاتانەی کە پشت بە تیوری زانستیانە دەبەستن، تا لە کەلەپوور و فۆلکلۆر و کلاسیک بگەین، بە تەواوی

نەچەسپاوە کە پێویستە ئەمە بکرێ، دەرخستنی بەهای ئیستێتیکی و سایکۆلۆژی و فیکری لە کارەکاندا، گەشەکردنی لێکۆڵینەوە تیورییەکانی دەقە کەلەپوورییەکان، بەدەقە ئاینییەکانیشەوە پێویستی بە پرۆسەی ئازادی بیروڕا دەربڕین و زانستییانەی تێگەیشتنیانە، چونکە لە پشت کەلەپوورەکانەوە، هەندێ هێما هەن کە پێوەندی بە کات و شوێنەوە هەیە.

**رامان:** ئێوە لەو ئەدیبانەن کە کارتان لەسەر یاداشت، بیرەوەری، بەسەرهات نووسینەوە کردووە، لای تۆ گرنگی ئەو کارانە لەچیدان، نووسینیان پێوەندی بە ڕۆمانەوە چییە؟

**کاکەمەم بۆتانی:** بەشێکی زۆری مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕووناکبیریمان بە شاردراوەیی ماونەتەوە، نووسەرانیشیان لە دیدی خۆیانەوە وێنایان کردوون، کە بە چەندین جۆرە شێوە لێکدەدرێنەوە، من ئەو بەرهەمانەم وەک مێژوونووسێک نەخستۆتە سەر کاغەز، ڕووداوەکانم وا بەزەقی و وشکی نەگێڕاوەتەوە، هەر کارێکیان بخوێنیتەوە، هەست بەوە دەکەیت نەک هەر ڕاستگۆیانە، بەڵکو باسەکانیش سیمایەکی چیرۆک و ڕۆمانیان وەرگرتووە. جیاوازی ڕۆمان و بەسەرهات، ڕەنگە کەسایەتییەکان و شاکەسی ڕۆمان لەناو مێژوودا نەبووبن، بەڵام لە یاداشت و ڕووداو و بەسەرهاتدا، شاکەس و ملململانێی بیرەوەرییەکانی ئەوکات و شوێنە وێنا دەکات.

## کاکەمەم فەخری بۆتانی

– کاکەمەم بۆتانی: لە ١٩٣٧/١/١٠ لە شاری کۆیەی سەر بە پارێزگای هەولێر لە دایک بووە.

– لە ١٩٤٧: بۆتە قوتابی پۆلی سێی قوتابخانەی (گۆیژە) لە سلێمانی، ئاستی فێربوونی (مام ناوەندی) بووە. حەزی لە وەرزش و خەتخۆشی بووە.

– لە ١٩٥٣:

(١) بۆتە قوتابی سانەوی سلێمانی.

(٢) بۆتە ئەندامی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان (کە نهێنی بوو)

(٣) پاش نیوەی ساڵ، بەماڵەوە چوونەتە کەرکوک و لە گەڕەکی (ئیمام قاسم) دانیشتوون.

(٤) بۆتە قوتابی ناوەندی (ئەلشەرقییە)، دەرگای ئەدەب و سیاسەتی پتر بۆ کراوەتەوە و بە نهێنی کاری کردووە.

– ١٩٥٦: بۆتە ئەندامی (پارتی دیموکراتی کوردستان) کە نهێنی بووە و ئەدەب و سیاسەت و خوێندنی کردۆتە پیشە.

– ١٩٥٧: یەکەم چیرۆکی لە گۆڤاری (هەتاو)ی هەولێر بڵاوکردۆتەوە.

– ١٩٥٨: پاش شۆڕشی تەمموز، چالاکی سیاسی و ئەدەبی گەشەی کرد، وەک نوێنەری گۆڤاری هەتاو بابەتی بڵاو دەکردەوە.

– ١٩٥٩: بەشی زانستی دواناوەندی (کەرکووک)ی تەواو کردووە.

– ١٩٦٠-١٩٦٣:

(١) قوتابی کۆلێژی (پەروەردە)ی زانکۆی بەغدا بووە.

(٢) بڵاوکردنەوەی لێکۆڵینەوە و چیرۆک لە گۆڤارەکانی: هەتاو، هیوا، ڕۆژنامەی (ژین).

(٣) بۆتە لێپرسراوی پارتی دیموکراتی کوردستان لە کۆلێژ و پەیمانگاکانی ئەو ناوچەیە و خوێندن و پارتایەتی و چالاکی قوتابیانی پێکەوە کردووە.

– ١٩٦٣: پێش ئەوەی خوێندنی دوا پۆلی تەواو بکات، لەگەڵ دەست پێکردنەوەی شۆڕشی ئەیلوول، چۆتە شاخ.

– ١٩٦٤:

(١) پارتی دیموکراتی کوردستان تووشی کەرت بوون بوو، ئەم ئامادە نەبوو لەگەڵ هیچ باڵێکیان کار بکات.

(٢) سەرەڕای ئەوەی لە بنەماڵەیەکی سیاسی بوو و هەموو کەسوکاری لەدەرەوە بوون، لەبەر ئەوەی لەگەڵ هیچ باڵێکیان نەبوو، یارمەتییان لێ بڕی، بە ئاوارەیی و بەبرسێتی و لە مزگەوت نووستن خوێندنی تەواو کرد.

– ١٩٦٥: دیبلۆمی لە دار و دارستان وەرگرت.

– ١٩٦٦: کە ئەفسەریی تەواو کرد، بە ڕۆژانە لە بەڕێوەبەرایەتیی دارستانی هەولێر دامەزرا.

– ١٩٦٧: بە تەواوی تێکەڵی دنیای ئەدەب بوو، چیرۆک و نووسینی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمەدا بڵاودەکردەوە، بەرهەمەکانی لەسەر ڕێبازی ڕیالیزمی بوون.

- ١٩٦٩:
(١) لەگەڵ هاوەڵانی: حسێن عارف، شێرکۆ بێکەس، جەلال میرزا کەریم، جەمال شارباژێری ڕێبازی ئەدەبی (ڕوانگە)یان دامەزراند.
(٢) چاپکردنی کۆمەڵە چیرۆکی (بوومەلەرزە لە گۆمی مەندا) کە ئەدەبی بەرگری بوو.
- ١٩٧٣: بڵاوکردنەوەی کۆمەڵە چیرۆکی ڕیالیزمی بەرگری و بەرەنگاری بەناوی (سمکۆڵی ئەهریمەن).
- ١٩٧٤: پێوەندی کردن بە شۆڕشی ئەیلوولەوە، وەک جێگری بەڕێوەبەری گشتیی ڕۆشنبیری ناو شۆڕش دامەزرا، سەرپەرشتیی چەند چالاکییەکی هونەری و ئەدەبی و شانۆیی کورد لە ناوچەی (چۆمان) و ئۆردووگاکانی (ئاوارەکان) لە (خۆرهەڵاتی کوردستان).
- ١٩٧٧-١٩٨١: بڵاوکردنەوەی کۆمەڵە چیرۆکی (بازنە) کە هەمووی ئەدەبی بەرگری بوون و بەشێوەی ڕەمزی نووسرابوون.
- ١٩٨٤-١٩٨٥: چاپکردنی کتێبێکی مێژوویی لەسەر حکوومەتی شێخ مەحموود بەناوی (لەدووتوێی یاداشتی شاردا) لە چاپخانەی شۆڕش بەناوی نهێنی (عەلی خالید حەمید) لە ساڵی ١٩٨٤ چاپ کرا.
- ١٩٨٨-١٩٩١: پاش چەند ڕۆژێ لە کیمیابارانکردنی هەڵەبجە، (٣٤) چیرۆکی زۆر کورتی نووسی و بەناوی (خەرەندی مەرگ) بەناوی خۆی و بەدەستی خۆی، بەسەر ئەدیبان و ڕووناکبیراندا بڵاوی کردەوە، کە بە یەکەم بەرهەمی ئەدەبی دادەنرێ لەسەر تاوانی کیمیابارانی هەڵەبجە نووسرا بێت.
- ١٩٩٩:
(١) بەشداری میهرەجانی (پیرەمێرد)ی کرد، کە لەلایەن سەباح غالب لە (لەندەن) ئامادە کرابوو.
(٢) لە دانیمارک کۆڕێکی لەسەر (ئەدەبی کوردی و شەڕی براکوژی) گرت.

**بەرهەمەکانی:**

**١- چیرۆکی کورت:**
- بوومەلەرزە لە گۆمی مەندا- بەغدا، ١٩٦٩.
- سمکۆڵی ئەهریمەن - سلێمانی، ١٩٧٣.
- بازنە- هەولێر، ١٩٧٩.

**٢- چیرۆکی زۆر کورت:**
- خەرەندی مەرگ- هەولێر، ١٩٩٢.

**٣- ڕۆمان:**
- درز- هەولێر، ١٩٩٧.
- کەوشەنی پەیکەرتاشێکی تر، ٢٠٠٣.
- میری ئاوایی وەرزێر، ٢٠٠٧.
- وازیەکانی ڕەشەگۆم، کەرکووک، ٢٠١٠.

**٤- پەخشانی هەڵبەستی شیوەن:**
- هۆ.. تاکە برا- ڕانیە، ٢٠٠٧.

**٥- مێژوویی و سیاسی:**
- لە دووتوێی یاداشتی شاردا لەژێر ناوی (عەلی خالید حەمید) لە ساڵی ١٩٨٤ لە شاخ چاپ کرا، دووجار لە سلێمانی چاپ کراوەتەوە، ٢٠٠٣.
- تورکمانی کوردستانی باشوور- لەژێر ناوی (سامی فەخری)، سلێمانی، ٢٠٠٢.
- کاکە بلە.. لەیادمن- کەرکووک، ٢٠٠٧.
- کاکی کاکان، هەولێر، ١٩٩٧.

**٦- ئاماری کشتوکاڵی:**
- دارەبەن لە پارێزگای سلێمانی - بەغدا- هەولێر، گۆڤاری کشتوکاڵ، ١٩٨١.

**٧- ئابووری:**
- بەرهەمی ڕۆژانەی کرێکارانی دارستان، گۆڤاری (ئابووریزان)، ١٩٨١.

**٨- یاداشتەکانی نووسەر:**
- کاکەمەمێکی تر، سلێمانی، ٢٠٠٣.
- ژانەرێیە خۆڵەمێشییەکان، سلێمانی، ٢٠٠٧.
- بەهارێزان، سلێمانی، ٢٠٠٨.

# شیعری لیریکی کوردی
# لە نێوان ڕوانینی شاعیرانە و ئاگایی شیعریدا

## (ژنێک لە بەفر داگیرم دەکات) وەک نموونە

**عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا**

دەقی داهێنەرانە (ئیبداعی) بەردەوام لەگەڵ ناونان و دامەزراوە باوەکاندا لە ململانێدایە، بەردەوام لەگەڵ پانتایی ڕۆشنبیریی هەژار و چاوەڕوانی باوی خوێنەران نامۆ دەکەوێتەوە، بەو مانایەش مەرج نییە هەمیشە دەق و وەرگر بکەونە سەر هەمان ڕێگا و هەمان بیرکردنەوە و دنیابینییەوە، بەڵکو یەکێک لە مەرجە سەرەکییەکانی کارلێکردنی دەق و خوێنەر لە لەیەک نەچوونە، وەک چۆن یەکێک لە مەرجە سەرەکییەکانی دەقی ئیبداعی هەنگاونانە بەرەو نادیار، بەرەو پڕشنگی جوانی، بەرەو ئازادی...تاد شیعر بە بێ ئازادی هەناسەی ژیانی کورتە. دەمەوێ بڵێم مەرج نییە شیعر دەنگدانەوەی دەنگە باوەکانی پانتاییەکی دیاریکراوی ڕۆشنبیریی و چاوەڕوانی باوی خوێنەران بێت، بەڵام گومان لە دەنگدانەوەی بێدەنگی شیعر ناکرێت، دەنگدانەوەی بێدەنگی لە دنیابینی و جوانی و شیعرییەتەوە سەرچاوەکانی خۆی هەڵدەگرێتەوە، کەچی سەرچاوەکانی دەنگ لە دووتوێی ڕەنگدانەوەی سنوورەکانی ماناو دەلالەتەکانییەوە دەسەڵاتی خۆی پرۆسیسە دەکات، بەو مانایەش بێدەنگی لە ڕێگای جیابوونەوەی لە دەسەڵات، فەزایەکی پڕ لە ئاگایی و جوانی بۆ خۆی دەسازێنێت!! لێرەوە دەشێ جوانی بێدەنگی هەوڵێک بێت، بۆ بڕینی داخراو و ڕێگا پێنەدراوەکانی (دەسەڵاتی چەسپاو)، بە دیوەکەی دیکەش دەبێت بڕوامان بەوە هەبێت، کە هەمیشە لە ناخی ناخەوەی ئاگاییەوە بێدەنگییەک خۆی حەشار داوە، دەبێت بڕوامان بەوە هەبێت، کە هەمیشە ئیرۆسیەتی بێدەنگی وەک ڕووداو، کراوە و ئەکتیڤە و نکوڵی لە هەمووان دەکات، لە خۆ لەیەک خشانی سێکسییانەی دەم و وشە، لەو دەم قەڵەباڵغییەی کە لە تۆتۆلۆژیای دەنگەوە سەرچاوەی گرتووە... کەواتە ئەوەی کە دەگوترێت، گرنگ نییە، ئەوەی کە دەشێ بگوترێت و دەسەڵات (بە هەموو ماناکانییەوە) سانسۆری دەکات، گرنگە!

### نزگرە

**لەسەر با**
**ناوی هەردووکمان هەڵبکۆڵە**
**دوا نامەی کە ناردبووت**
**لە نزگرەی منداڵێک دەچوو**
**تازە ژیر بووبێتەوە**
**سەفەر هیچ سوودێکی نییە**
**تەنیا سەرەتایەک نەبێت بۆ کۆتایی**
**کۆتاییش لوغزێکە بۆ سەرەتایەکی تاڵ**
**با بە یەکەوە چاوەڕوانی باران بین**

**با بە تەنیا چاوەڕوانی غوربەت بین.**

(ژنێک لە بەفر گیرم دەکات، ئەیوب گەلالی، ل١٦..
بە داوای لێبوردنەوە من هەندێ ڕستە و وشەم لەو پارچە شیعرە قرتاندووە، وەک سانسۆر نا، وەک چێژ و جوانی تایبەت، وەک خوێنەرێکی بەشدار لە بەرهەمهێنانی دەقدا).

کۆمەڵە شیعری (ژنێک لە بەفر گیرم دەکات، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١٣)ی شاعیر(ئەیوب گەلالی)م خوێندەوە و سەرنجەکانی خۆم نوسییەوە، وەک ئەوەی هەستم ئاراستەم بکات، وەک جیهانبینی و کردە و جووڵە، نەک لەبەر ئەوەی، کە یەکەم جارە شیعری ئەیوب گەلالی دەخوێنمەوە، لەبەر ئەوە نا، کە ڕیتم و زمانی سادەی ئەو شیعرانە قابیلی خوێندنەوەی جیاواز نین، لەبەر ئەوەش نا، کە وەک دەق لە بازاڕی ئەدەبی کوردی تەماشایان نەجوولاندووە، بەڵکو لەبەر ئەوەی، کە بە ئارەزووی خۆم پاشگری (دا)م لە ناوونیشانی ئەو کۆمەڵە شیعرە قرتاندووە، لەبەر ئەوەی، کە مەبەستمە سەرنجەکانی خۆم لەسەر ئەو فەزا شیعرییە سادە و ڕیتمە بە جۆرێک لە جۆرەکان (خۆماڵی)یە(١) تۆمار بکەم، کە وەک قەبارە بۆ ئاستێک لە شیعری لیریکی کوردی (چوارین و پارچە و غەزەل، شیعری دڵداری...تاد) دەگەڕێتەوە و وەک ناوەرۆکیش تەعبیر لە جوانی و سروشت و عیشق و ژیانی کۆمەڵایەتی دەکات، ئەو جۆرە شیعرە هەر لە کۆنەوە بۆ مەبەستی گۆرانی چڕین دادەنران، بۆ گەیشتن بە ڕۆشنبیری و زانیاری بۆ هەموان.

دکتۆر (مارف خەزنەدار) لە کتێبەکەی (مێژووی ئەدەبی کورد- بەرگی یەکەم، ل١٧٣) دەڵێت بەرهەمی ئەدەبی کوردی لە ڕووی ناوەرۆکەوە لە تێکڕای دیالێکتەکانی زمانی کوردی دەکرێ بە دوو بەشەوە، (لیریک) و (ئیپیک)، هەروەها دوو جۆر لە لیریک جیا دەکاتەوە: شیعری لیریکی خۆماڵی و شیعری لیریکی ئیسلامی. خەزنەدار پێیوایە لیریکی خۆماڵی لە زمانی ستانداردی خەڵکی کوردەوە نزیکە، لەبەر ئەوە دەشێ (شیعری میللی)یشی پێ بڵێین. زیاتر شاعیران ئەو شێوەیان گرتووە بۆ ئەوەی دەنگی خۆیان بگەیێننە زۆربەی خەڵکی.(٢)

ئەدۆنیس لە کتێبی (شیعرییەتی عەرەبی)(٣)دا دەڵێت: شیعری(٤) جاهیلی بە شێوەی "سروود- ئاوازخوان"ی(٥) لەدایک بووە، واتە وەک بیستراو، نەک وەک خوێنراوە، وەک گۆرانی (Song) نەک وەک نووسین. هەر لەو بارەوە نووسەر و ڕەخنەگری عیراقی



**ئەیووب گەلالی**

(نازم عۆدە)(٦) دەنووسێت: شیعری عەرەبی بە درێژایی مێژوو، شیعری لیریکی بووە، ئەوەش لەگەڵ شیعری خۆرئاوایی پێچەوانە دەکەوێتەوە، چونکە شیعری خۆرئاوایی شانازی بە پلە بەرزەکانی درامایی بوونی خۆی دەکات، شیعری خۆرئاوایی لە وزە ناوەکییەکانی فەلسەفەی خۆرئاوا لە دایک بووە، ئەگەرچی ئەوە بەو مانایە نییە، کە شیعری عەرەبی بەرانبەر دنیا خاوەنی بیرکردنەوەیەکی ستراتیژی نەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شیعری عەرەبی نەیتوانیوە بوارێکی تیوری پەتی بنیاد بنێت، تا لەوێوە خوێنەر بەرەو مەعریفەی شیعری، یان ئاگایی شیعری ڕابکێشێت، بەڵام دواتر لە کۆتایی چلەکان لە سەر دەستی شاعیری عیراقی (نازک مەلایکە) شێوازێکی دیکە لە نووسینی شیعریی هاتە کایەوە، کە بە قەسیدەی (تەفعیلە) ناو نرا، بەو مانایەش نازک مەلایکە هەر تەنیا پێشەنگی جۆرێک لە مەعریفەی شیعریی نەبوو، بەڵکو لە دامەزراندنی گوتارێکی ڕەخنەییش بووە پێشەنگ، گوتارێک کە توانی بنەما هونەرییەکانی ناوەوەی قەسیدە کەشف بکات، بەم جۆرە گوتاری مەعریفی لای نازک مەلایکە و هەندێکی دیکە لە شاعیران بە شێوەیەکی بنەڕەتی بایەخیان بە (دەرککردن و وەسفکردنی بنەمای دەرککردن) دەدا، بەڵام لە بیرمان نەچێ ئەو شێوەیە لە گوتار، بۆ ڕەخنەگر و شاعیر (تی.ئێس.ئیلیەت) دەگەڕێتەوە، بە دیوەکەی

دیکەش وەک دەزانین هەمــــوو ئەوانە بەشـــێک لە مەعریفەی شیعریی پێکدەهێنن. ئەگەر لەو بارەوە ئاوڕ لە ئەدەبی کــــوردی و ئەزمـــوونی (گــــۆران ١٩٠٤-١٩٦٢)(٧) شاعیری سروشت و جوانی بدەینەوە، دەشێ بڵێین، گۆران یەکەم شاعیری کوردە، کە بنیاد و شێوازی زاڵی کــۆنی عــەرووزی تێکشکاند و جــارێکی دیکە شیعری کوردی بۆ کێشی خۆماڵی (هیجا- پەنجە)، یان بۆ شیعری میللی کوردی گەڕاندەوە، لێرەدا لە سەر ئەو بنەمـایەی کـە مـێـژوونوسـانی ئەدەبی کـوردی قـسـەی لێدەکەن، ئەو کـێشـە شیـعرییـەی گۆران ڕاسـتەوخۆ بە ئەدەبی میللی شێوە دیالێکتەکانی گۆران و هەورامییەوە بەندە، بەڵام گــۆران و هاوڕێکانی توانیـیـان پەیکەری قەسیدەی کوردی لە شێوە ستوونییە کلاسیکییەکەیەوە بۆ شێوەیەکی سەربەست بگۆڕن؟!

دەمەوێ بڵێم ئەگەر شێوەی ستوونی شیعری کلاسیکی کـوردی ڕاسـتـەوخـۆ لە (حـوجـرە و مـزگـەوت)ـەوە سـەری دەرهێنا بێت (وەک هەندێ لە مـێـژوونـووسـان دەڵـێن، لەوانەش دکـتـۆر مـارف خـەزنەدار) ئەوە دەتوانین بڵـێین هەر لەسەر ئەو شێوە دابەزینە ستوونییە (نێرسالاری)یە شـیـعـری کـلاسـیـکی کـوردی هەوڵی داوە بەرگـری لە ناسنامـەی ئایینی ئیـسـلامی بکات، نەک ناسنامـەی نەتەوەیی!! (هەڵـبـەتە مـەبەسـتم نیـیـە بڵـێم شـیـعـر ناسنامەی نەتەوەیە)، بەڵام شێوە شیعرییە سەربەستەکە، یان ئازادەکەی گۆران و هاوڕێکانی بە تێکشکاندنی ئەو جـۆرە لە بیـرکـردنەوە و دەرچوون لەو پێـوانە و وەزیفـە مێژوویيە ڕابوونەوە و توانییان وەزیفەیەکی ئیستێتیکی بۆ شیـعری نوێی کـوردی دابهێنن کـە هەڵگری زمـانێکی پاراو و وێنەی شیعری بێت، بەو مانایەش شیعری ئازاد، گـەیشتن بوو بـە دەقی واڵا! بە دیوەکـەی دیکەش گـۆران وەک شـاعــیــرێکی ڕۆمــانسی لە فــۆرمــێکی نوێدا توانیـویەتی شێوە لیریکییەکەی شیعری کوردی پەرە پێ بدات... وەک چۆن (هێـــمن ١٩٢١-١٩٨٦)ی(٨) شـاعـیـر توانیـویەتی ئەو لیـریکیـیـەتە وەک کـۆمـەڵێ خۆزگەی بەدی نەهاتوو، بنەخشێنێ. هەر لەو پانتاییەوە (ئەحمەد هەردی ١٩٢٢-٢٠٠٦)(٩) وەک گەڕیدەیەکی ئەبەدی شیعری بە دەوری سێبەری ڕاز و خەونەکانی خۆی دەخـولایەوە. هەر یەک لە (کـامـەران مـوکـری ١٩٢٩-١٩٨٦) و (مـــحـــەمـــەد ســـاڵـح دیلان ١٩٢٧-١٩٩٠)(١٠) و مـەدهۆش و دڵزار و هێـدی (خـالیـدی حیسـامی) و پیربـاڵ مەحـمـود و خـالید دلێر و پەشێو و فـەرەیدوون عـەبدول بەرزنجی...تاد ئەو شـێـوە لیـریکیـیـە وەک تایبەتمەندییەک لە تایبەتمەندییەکانی دەنگ، کێش، سـەروا، هاوئاوازی و ڕیتـمی ناوەوە بەرز دەکـەنەوە، ئەمـرۆش ئەحـمـەد مـحـەمـەد، ئیـسـمـاعـیل خـورمـاڵی، سـەرکەوت ڕەسـووڵ، مـحـەمـەد کوردۆ، ڕەنج سـەنگاوی، عەبدولڕەحمان بێلاف...تاد بە شێوەیەک لە شێوەکان کار لەو زمانە سادە و لیریکییەدا دەکەن.

کـــەواتە لە لایەک دەتوانم بڵـــێم لە مـــیـــانی ئەو بەراوردکـردنەی نێـوان شـیـعـری خـۆرهەڵاتی بەگـشـتی و شـیـعـری خـۆرئاواییـەوە، بۆمـان دەردەکـەوێت کـە هەر لە سەرەتاوە، واتە لە ئەدەبی کلاسیکەوە جیاوازی نێوان ئەو دوو شـیـعـرە، جـیـاوازی نێـوان دوو بیـرکـردنەوە و دوو دنیـابینی بووە، چونکە یەکەمیـان دژ بە ئەدەبی شەعبی هاتۆتە ناوەوە، یان لەبەر ئەوەی دژ بە سیستم و ئاکار و نۆرم و پێوانە باوەکان کاری کردووە، بۆیە بە چینی باڵا و ئەرستۆکراتەوە لکێنراوە. دووەمیان وەک ئاشکرامان کرد سەر بە نۆرم و پێوانە باوەکانی سیستمی زمانی شەعبی و ئەدەبی مــیللی و فــۆلکلۆرە، بەڵام من هەوڵی ئەوە نادەم، کـە بڵێم (شـیـعـر) دەکەوێتە دەرەوەی لیـریکەوە، بەڵکو قسەی من لەسەر گرتنی گۆشەنیگای شاعیرانە و ئاگای شیعری، یان شیعرییەت چڕ دەبێتەوە!

ئەگەر گۆشەنیگای شاعیرانە پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە دیتن، یان دنیـابینی و خـەونبـینیـیـەوە هەبێت، بەو مـانایەی کـە تەواوی سنوورەکـانی عـەقڵ و یادەوەری دەبەزێنێ، ئەوە تێگەیشـتنمـان بۆ ڕوانینی شـاعـیـرانە دیتنی دنیا و شتەکانە بە چاوێکی نوێوە، ئەو هەڵوێستە نوێیە ڕەگەزێکی بنەڕەتییە لە ڕەگەزە بەرهەمهێنەرەکانی دەلالەتی شیـعـری، هەر بەو مـانایەش شیـعـر دەبێـتـە ڕوانینی شـاعـیـرانە، خـەونبـینی، یان دنیـابینی (الرؤیا).(١١)

دەمەوێت بڵێم شیعر سنوورەکانی عـەقڵ و یادەوەری تێدەپەڕێنی، لە دیارەوە هەنگاو بەرەو نادیار هەڵدێنێت، بۆ ئەوەی دنیـایەکی دیکەی نوێ لە پێـوەندی نێـوان وشەکان و شـتـەکان دروست بکات، چونکە شیـعـر هەر تەنیا هۆنینەوە و ڕیتم و لاساییکردنەوە نییـە، بەڵکو کەشفکردن و دنیابینییـە، بەڵام ئاگایی شیـعریی، یان گـوتاری شـیـعـریی لە وەزیفـەیەکی دووانەییدا خـۆی دەبینێتەوە لە لایەک بە ئەرکی ڕاڤەکردن ڕادەبێتەوە، لە لایەکی دیکە هەوڵی دامەزراندنی بوارێکی مەعـریفی لە بارەی ڕەوانبێژی شیعریی دەدات.

کـەواتە وەک چۆن ڕەخنەگـر نازم عـۆدە بایەخی ئەو مەعـریفە شیعرییەی بە نازک مەلایکەوە پەیوەست کرد، دەشێ لەو بارەوە جـۆرێک لە هاوگونجان لە نێوان (شێخ نووری شـێخ سـاڵح، گـۆران و هاوڕێکانی) و (نازک

مـــەلایکە و بەدر شـــاکـــر ســـەیاب و هاوڕێکانی)دا بدۆزینەوە. چونکە ئەوان توانییان هەم دنیابینییەکی نوێ بە شیعر ببەخشن، وەک چۆن توانییان ئاسۆی چاوەڕوانی خوێنەر و مەعریفە و ئاگایی شیعریی لەو بنبەستبوونە ڕزگار بکەن، کە (مێژوو) وەزیفەکانی دیاری دەکرد، بەو مانایەش شیعری نوێ لە (بەرکار)ـەوە بەرەو (بکەر) و ڕووداو هەنگاوی هەڵێنا، زمانی شیعریی لە ئاوازخوانی و هەرزەگۆییەوە بەرەو ئیستێتیکا و شیعرییەت بۆوە. لە لاساییکردنەوە و بەرگری کردنەوە بەرەو کەشفکردن و خەونبینییەوە.

بە کورتی ئەو سەرنجانەی دەمەوێ لەو نووسینەدا بە خـوێنەرانی بگەیەنم، لەسـەر دوو بنەمـا وەسـتـاوە، یەکەمیـان قسەکردنە لە ڕوانینی شـاعیـرانە، ئەوی دیکەیان ئاگایی شیعرییە، بەڵام بەر لەوەی بە شێوەیەکی گشتی سەرنجەکانم بخەمە ڕوو، دەمەوێ دەستخۆشی لە (ئەیوب گەلاڵی)ی شـاعیر بکەم، چونکە تا سنووری شیعر و خۆزگە توانیویەتی وشە بە ڕستەوە بکات، بە هەسـتـێکی سـادە و دەربڕینی ڕەوان و ئیـقـاعی سـەرئاوکـەوتوو، هەوڵی داوە شـیعـر وەک بەفـر داگیـر بکات؟!

هاوڕێی شاعیر ئیتر (تۆ و شیعر و خۆزگە) دەستتان کردووە بە یەکدا، بەڵام قسە لەو دەست تێکەڵکردنەیە، کە تا چەند خەملێوە! تەنیا خەملێنیش بەس نییە، چونکە شیعر زۆرجار بۆ هەمووان وەک (با) دێ و وەک (باران) ژیان تەڕ دەکات، شیعر بۆ هەمووان زۆرجار عەشق و خۆزگە و مەرگ و شکست تێکەڵ بە یەکتر دەکات، بەڵام لەبیرمان نەچێ، کاری ئەدەبی بە سروشتی خۆی بکەرە، کاری ئەدەبی بە سروشتی خۆی ڕووداوە، دەمەوێ بڵێم نابێت بەو شێوە (باوە) پێشوازی لە شیعر بکەین، نابێت هەر شتێ هاتوو و نەگەڕاوە قبووڵی بکەین، چونکە ژیان کورتە، تەنیا ئاوڕ لە ئیبداع دەداتەوە. پێویستە لە پشت ئەو پێشوازیکردنە دنیابینی و خەون و خەیاڵی شاعیرانەمان هەبێت، هەڵگری ئاگایی شیعریی و پرس و ئاگایی سەردەم بین، دەبێت زنجیرەی وشە سادەکان و چاوەڕوانی باوی خوێنەران لەیەکتر بترازێنین، من مەبەستم ئەوە نییە، وشە سادەکان بە وشەی ناسادە ئاڵوگۆڕ بکەین، بەڵکو دەمەوێ بڵێم با ئەو گوێچکە و ڕێچکە و بیرکردنەوە (پەککەوتەیە) و ئەو وەزیفە مێژووییەی شیعر بگۆڕین، کە خووی بە پرسیاری تەقلیدی و بەکار هێنانی تەقلیدییانەی وشە سادەکان و هەرزەگۆیی و نائامادەیی هونەری گرتووە و لەگەڵ گفتوگۆی کراوە و جیاواز و فرەڕەهەند ناکۆک دەکەوێتەوە، با ئەو تێڕوانین و چاوەڕوانییە (هەستی سادە و دەربڕینی ڕەوان و ئیقاعی سەرئاوکەوتوو) ئەو تێڕوانین و چاوەڕوانییە باوەی کە خوێنەرە باوەکان شانازی پێوە دەکەن و شارەزایی و زیرەکی خۆیانی تێدا دەبیننەوە، بخەینە گۆمە مەنگەکەی مێژووەوە.

بە کورتی سەرنجەکانم لەسەر کۆمەڵە شیعری (ژنێک لە بەفر داگیرم دەکات) قسەکردن نییە، لە سنووری دیاری شیعر، لە سنوورە باوەکانی شیعر، بەڵکو دەمەوێ ڕێگایەک بۆ سنوورە نادیارەکانی شیعر خۆش بکەم، قسەی من ناچێتە خانەی هەستی سادە و دەربڕینی ڕەوان و ڕیتمی شیعرییەوە، بەڵکو ئاماژە کردنە بە دۆزینەوەی ساتە بێ وێنەکان! شیعر گرتنی ئەو ساتە بە جێماو و بێ وێنانەیە، کە لە مرۆڤ دەکەوێ، گوتنی نەگوتراو و وسبە لێکراو و پەراوێزخراوەکانە، بەرجەستەکردنی لەبیر کراوەکان و دەست لێنەدراوەکانە، شیعر قسەکردن نییە لە دیار، کە بە شێوەیەکی زۆر سادە لە کۆی ئەمڕۆی شێوە لیریکییەکەی شیعری کوردی دەبینرێت، بەڵکو شیعر کەشفکردن و ڕامکردنی بێدەنگی وشەیە، بێدەنگییەک کە ڕوخسارە مەزنەکەی خۆی لە جوانی و کرانەوەدا هەڵدەگرێتەوە، بێدەنگییەک کە هەمیشە ئامادەیی گوتنی تێدایە، نەک خۆ بە دەستەوەدان، بەڵکو ئامادەیە وەک ڕووداو، وەک ئاگایی بە نێوماندا درێژ بێتەوە و خۆی



زیاد لە ڕوویەک (دەروونی، سیاسی، کۆمەڵایەتی، تیۆلۆژی...تاد) بنەخشێنێت، شیعر ئەو بێدەنگییەیە، کە جۆرێک لە جوانی و ئاگاییمان پێدەبەخشێت، شیعر قسەکردنە لەو بێدەنگییە بێ ئەوەی وشە بە فیڕۆ بدات! شیعر جۆرێکە لە خۆ ڕووتکردنەوە، بەو مانایەی کە بێدەنگی لە دووتوێی خۆیدا نێودژییەکی داپۆشراوی هەڵگرتووە، پێویستی بە کەشفکردنە، بەڵام لە سەر بنەمای لەیەک نزیککردنەوەی ئیرۆسیەتی (زمان و ڕووداو). بە بڕوای من ئەوەی لەو کۆمەڵە شیعرە تەخشان و پەخشان کراوە دەنگ و وشەیە، دووبارە من قسە لە هەستی سادە و دەربڕینی ڕەوان و ئیقاعی وشە ناکەم. جوانی شیعر لەوەدایە بە کورتترین دەستەواژە، ڕوانینێکی بەرفراوان بخاتەوە، لە سێبەری بێدەنگی بە ڕیتمی سەردەم دەنگ بداتەوە.

**من و شەو**
**جادەمان جێهێشت**
**لە کۆتایی ڕێگادا**
**شەو خۆری لە ئامێز گرت**
**من جێگای بە تاڵی تۆ**
**(کەیوان میهرەگان-و:مەریوان هەڵەبجەیی)** (١٢)

دەمەوێ بڵێم شیعر پەناگەی ڕوانین و بیرکردنەوە و جێ بەخۆ نەگرتنی وشەیە، بەو مانایە نا، کە وشە دەگات، وشە سەما دەنەخشێنێ، بەو مانایە نا، کە ئاوازخوانی و گۆرانی و هەرزەگۆییە، بەڵکو بەو مانایە، کە لە نێوان ڕووتبوونەوە و پۆشین، لە نێوان خەون و ڕاستی، گەیشتن و نەگەیشتن. شیعر دیار نامێنێ و چێژ جێگای دەگرێتەوە! کەواتە شیعر بەرجەستەکردنی ڕووتی و پۆشینە لە ساتە بێ وێنەکاندا، شیعر کەوتنە نێو بۆشاییەکانی خەیاڵە، بە ئیقاعی سەردەم.

**سەرچاوە و پەراوێزەکان:**

١- کێشی خۆماڵی (پەنجە، کەرت، بڕگە، سیلاب- هیجایی).

٢- د. مارف خەزنەدار (مێژووی ئەدەبی کوردی) بەرگی یەکەم، دەزگای ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠١، ل ١٧٣.

٣- شیعرییەتی عەرەبی، ئەدۆنیس، عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا کردوویەتی بە کوردی و پەراوێزی بۆ نووسیوە، لە خانەی چاپ و بڵاوکردنەوە، ساڵی ٢٠١٣ چاپ و بڵاو کراوەتەوە.

٤- (قودامە ئیبن جعفر، ٣٣٧ک) دەڵێت:- شیعر گوتنێکە خاوەن کێش و سەروا، دەلالەت لە مانایەک دەکات. بەڵام (ئیبن سینا، ٤٢٧ک) دەڵێت:- شیعر ئاخاوتنێکی خەیاڵکراوە، لە کۆمەڵێک گوتنی ڕیتمی هاوگونجاو، یەکسان پێکهاتووە و کێشەکانی لەدوایین پیتدا دووبارە دەبێتەوە. بۆ زێتر شارەزایی بڕوانە: الإيقاع في شعر سميح القاسم، دراسة أسلوبية، إعداد، صالح على صقر عابد، غزة-فلسطين، ٢٠١١-٢٠١٢، ص٧.

٥- لەبری وشەی "نشيد" بەکار هێنراوە. ئەو وشەیە لە زمانی عەرەبی بە (أنشودة: اغنية: ترنيمة، مزمور=psalm,ode). ڕەگی (نشد) لە بواری هونەری: قطعة من الشعر تنشد على إيقاع واحد= anthe, hymn دێت. بەڵام وشەی (ئاواز)ی کوردی لە زمانی عەرەبی بە (نغم، إيقاع، لحن...) دێت، بۆیە دەکرێ وشەی "سروود"یشی بۆ بەکار بهێنین، کە لە عەرەبی بە (نشيد، غناء) دێت. بەکورتی لێرەدا مەبەست ئەوەیە، کە شیعری جاهیلی هەر تەنیا لەسەر هۆنینەوە و ڕیتم و ڕێکخستنی ئاواز ناوەستێ، یان تەنیا سروودێکی ڕیتمدار نییە، بەڵکو فیکریشە.

٦ - ناقد من العراق: دكتوراه في الفكر النظري الحديث في مـقال بعنوان (خطاب المعرفة الشعرية و مشكلاته): nazem1965@yahoo.com

٧- یەکەمین کۆمەڵە شیعری گۆران (بەهەشت و یادگار ١٩٥٠) لەسەر ئەرکی مامۆستا (عەلائەددین سەجادی) چاپ کراوە، وەک خۆی لە سەرەتای ئەو کۆمەڵە شیعرە دەنووسێ ناوەڕۆکی ئەو شیعرانە لەگەڵ بابەتەکانی جوانی و دڵداری دێنەوە. لە ئەدەبی فارسی دەشێ ئاماژە بە (نیمایوشیج) بدەین کە توانی بنیادی زاڵی شیعری فارسی تێک بشکێنێ، شیعری نیمایی لە ڕێگای قەسیدەی (تەفعیلە) و گەڕانەوە بۆ خود و هەڵکشان بەرەو لووتکە، بە زمانێکی نوێ و دنیابینییەکی نوێوە توانی گۆڕانکاری لە فۆرم و موزیکی شیعریدا دروست بکات و سەرسام بوونێکی گەورە بخاتە نێو شاعیرە لاوەکانەوە، نیما بە شاعیرە لاوەکانی گوت شیعر چۆن لە ناختان دادەگیرسێ وا بنووسن، ئەو شتانە دووبارە مەکەنەوە کە شاعیران بە شێوەیەکی ئیفلیج دووبارەی دەکەنەوە.

٨- هێمنی شاعیر بێجگە لە (تاریک و ڕوون) خاوەنی کۆمەڵە شیعری (ناڵەی جودایی)یە، ناڵەی جودایی هاوار و نزا و ئازاری ناخی پڕ لە ناسۆری شاعیرە و تەعبیر لە ڕوحێکی نیگەران و سەرگەردان دەکات.

٩- هەردی لە ساڵی ١٩٥٧ کۆمەڵە شیعری (ڕازی تەنیایی) بە چاپ گەیاندووە.

١٠- یەکەمین کۆمەڵە شیعری بە ناوونیشانی (شەڕ و ئاشتی) لە ساڵی ١٩٥٤ لە سلێمانی بە چاپ گەیاندووە.

١١- بۆ زێتر بە دواداچوون، بڕوانە: تجديد الرؤيا الشعرية في الشعر العربي الحديث بين المفهوم والإبداع، د. الوارث الحسن، صحيفة المثقف، (العدد: ١٧٧٩ الاحد: ٢٠١١/٦/٥).

١٢- دەمم بۆنی گوڵی مریەم دەدات، کەیوان میهرەگان، وەرگێرانی: مەریوان هەڵەبجەیی، لە بڵاوکراوەکانی حەڤدەمین فیستیڤاڵی گەلاوێژ، چاپخانەی دلێر، سلێمانی ٢٠١٣ ل٣٨.

# بەرەو بەدیهێنانی قوتابخانەی بەراوردکاری
# لە ئەدەبی کوردیدا

**حسەین کەلاری**
**(کەلار)**

ئەگــــەر وشــــەی ئەدەب لەرووی خــــوازە و زاراوەی زمانییەوە بگرین، سەدان ساڵ پێش ئێستا بوارێک بووە لەبوارەکـانی زانیـاریی مـرۆڤـایەتی، کـە بنەمـا بـووە بۆ زانست و هونەر و داهێنان و نوێکردنەوە، ئەدەب لایەنێ کــە پێــــوەندی بە نـاخـــەوە هەیە، دەربڕی ویست و خـەفـەکـراویی ناخی مـرۆڤـە، وەک لایەنی سـۆز و ڕوح و...تاد یەکێک بووە لە سیما جیاکارەکانی چاخەکانی مـێـژووی مـرۆڤـایەتی، بەتایبـەت لەدوای سـەدەکـانی ناوەڕاستی ئەوروپا و لەسەردەمی ڕابوون و ڕێنیسـانس، لەپاڵ بزووتنەوەی هونەری و عـەقـڵگەرایی و بـوارەکـانی دیکەی زانیاریدا.

ئەدەب لەپاڵ گۆڕانکاری و گەشەسەندن و پەرەسەندنی جـومگەکـانی دیکەی ژیاندا، بەپێی (جـەدەلی) یەتی مێژوو، لەگەشەکردن و پەرەسەندندا بووە. نموونەش بۆ ئەم بۆچوونەمـان فراوان بوونی بەشەکـانی ئەدەبناسـییـە، کە ئەدەبی کوردیش دەگرێتەوە و هیچی لەئەدەبی گەلانی تر کـەمـتـر نەبـووەو نابێت، گـەرچی تووشی دابەش بوون و داگـیـرکـاری و چەوسـاندنەوەی نەتەوایەتی و هەوڵدانی سـڕینەوەی ناسنامـەی لەنەخـشـەی بووندا بووە، وەک هەوڵە نەگریسـەکانی ڕژێمی لەناوچوو، بە کیمیاباران و ئەنفال و تـەخت کـردنی هەمـوو دێهـاتی کـوردسـتـان، کـە ناسنامەی ڕەسەنی هەمەلایەنەی گەلی کورد بوون.

ئەوەی لێرەدا مەبەستە، لێکۆڵینەوەیەکە لەسەر لقێکی گرنگی ئەدەبناسی، کە دوو سەدەیە لە ئەوروپا بەتایبەت لە فـــەڕەنســـا بەشـــێـــوەی پرۆگـــرام و لێکۆڵینەوە و توێژینەوەکـاری لە ئارادایە وپراکـتـیـزە دەکرێت، تەوژم و تەکــانێکی لەبوارەکــەی خــۆیدا بە ئەدەب داوە، بەڵام هەرچەندە ئەدەبی کـوردی پەنجـەرەو دەرگـاو فـەزای خـۆی بەڕووی شنەبای قــوتابخــانە و شــەپۆلی گــۆڕانکاری پەرەسەندن و گـەشەکردنی ئەدەبدا واڵا کردووە، هەروەها گـۆمی نـیـمـچـە مـەیـیـوی ئەدەبی لەئەنجـامی بزووتنەوەی نوێخـوازیدا شـڵـەقـێنرا، هەرچەندە لەلایەنی ئەدەبی دووەمـەوە بوو، کە ئەدەبی تورکی نوێ بووەوە، بەڵام لقی بەراوردی ئەدەبی درەنگانێک هاتە ناو ئەدەبناســـیـی کـوردەوە، لە مـاوەی نیـوەی دووەمی سـەدەی ڕابردوو بێ ئەوەی قـوتابخـانە و ئاراسـتـە و هێـڵی تایبـەتی خـۆی هەبێت، وەک قــوتابخــانەی فــەڕەنسی و ئەمــریکی و سۆشیالیستی سۆڤێتی جاران، هەتا لەڕووی هاوسەنگی

ئەدەبییەوە، کە بریتییە لە بەراوردکردنی ڕەگەزەکانی یەک ئەدەب لەناو خۆیدا، واتە نووسەرەکانی یەک نەتەوە، بەڵام هەوای هەڵکردووی ئەم لقە گرنگەی هەڵمژیوە.

وڵاتانی عەرەبیش لەسەدەی ڕابردوودا، هێشتا خاوەن قوتابخانەی بەراوردیی ئەدەبی خۆیان نەبوون، هەرچەندە لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا، خوێندکارانیان بۆ ئەمریکاو ئەورووپا دەنارد، بۆ ئینگلتەرا بۆ خوێندنی باڵا لە بواری پسپۆڕێتی زانستی و بۆ فەرەنسا بۆ پسپۆڕێتی لەبواری زانستە مرۆڤایەتییەکاندا لە زانکۆی سۆربۆن لەوانە: ((طه حسين، محمد غنيمي هلال، محمود طرشونه، عبد المطلب صالح، ضياء خضير...تاد))، کە زۆربەیان میسری بوون، ئەم جۆرە ناردنانە (بعثات)، پێی دەوترا گەشتی زانستی، چونکە دوای کۆتایی پێ هێنانی خوێندن دەگەڕانەوە وڵاتەکەیان، ئەمانە کەوتنە ژێر کاریگەریی ئەو مامۆستاو زانکۆ و قوتابخانە ئەدەبییانەی ئەو وڵاتانەی کە خوێندنیان تێدا تەواو دەکرد، کە هاتنەوە لە ژێر ئەو کاریگەرییەدا بوون، ئەمەش بە بەرهەمەکانیانەوە دیارە، یەکێک لەو بوارە بەرهەمییانە، ئەدەبی بەراورد بوو، وەک لە بەرهەمەکانی (محمد غنيمي هلال)دا دەردەکەوێت، بەڵام نەیانتوانی هەنگاوی پێویست بۆ گۆڕانکارییەکان بنێن. لە وڵاتانی ئەمریکای لاتین، یان باشووریش، بەرازیل هەنگاوی باشی ناوە، هەروەها لە کیشوەری ئاسیاش، هیند هەنگاوی ناوە، هەرچەندە خاوەن مێژوویەکی زێڕینە لە ئەدەب و فەلسەفە و بیردا.

ئەوەی گرنگ و شایەنی باسە لەم پێشەکییەدا، ئەوەیە کە ئەدەبی بەراوردی، حەقیقەتێکی مێژوویی- ئەدەبییە، چونکە جیهانی تەکنۆلۆژیا، تەکانی بەهێز و بەربڵاوی بەجیهانی بوون (globalization)ی ژیار و ژیانی گەلان داوە، کە ئەدەب پێگەیەکی گرنگ و پێویستە لەم بوارەدا. ئەوەی ماوە بیڵێم و دڵنیام، ئەوەیە کە ئەکادیمییەکان و ئەدیبان و نووسەران و کەسانی دیکەی ئەدەبدۆست، شتی گەڵاڵەکراو و کەرستەی باشیان لەم ڕووەوە ئامادە کردووە، وەک چۆن ڕەوڕەوەی مێژوو، ناوەستێت، کاروانی ئەدەبی کوردیش شان بەشانی ئەدەبی جیهانی کەوتووەتە ڕێ و هەموو ئامانجەکانی دەپێکێت، کە یەکێک لەوانە بەدیهێنانی قوتابخانەی


گۆران

ئەدەبی بەراوردکاریی کوردییە وەک پێویستییەکی مێژوویی و سەردەمانە.

گەلێ پێناسەی ئەدەبی بۆ ئەم لقەی ئەدەبناسی کراوە، یەکێک لەوانە پێناسەی (گوتێ)یە، کە دەڵێت: (هەر ئەدەبێک هەناسەی ئەدەبەکانی دیکەی بۆ نەیەت و سەرلەنوێ خۆی دانەڕێژێتەوە، کروشکە دەکات و هەڵدەپرووکێ) لە کۆی پێناسەکان دەگەمە ئەنجامێک، یان پێناسەیەک ئەمە پوختەکەیەتی: ئەدەبی بەراوردکاری، بریتییە لە بەراورد کردنی بەرهەمە ئەدەبییەکانی گەلانی جیهان بەپێی بنەماکانی قوتابخانە بەراوردییە سەرەکییەکان لە زەمەنێکی دیاریکراودا بۆ دەرخستنی کاریگەرێتی بەئاگای بەرهەمەکان و سوودمەندبوون لە یەکتر بۆ گەشەکردن و ئاڵوگۆڕکردنی ژیار و کەڵچەری مرۆڤایەتی.

لێکۆڵینەوەی بەراوردی لە ئەدەبدا بوارێکی فراوانی گرتووەتەوە، لە لێکۆڵینەوەی زانستەکانی ئەدەبدا، ئەم لێکۆڵینەوانە، دیمەنێکی، بەراوردکاری و لێکۆڵینەوەیی و ڕەخنەیی لەخۆ دەگرن، بریتین لەشیکارکردنی جەستەی دەقی ئەدەبی زمانە جیاوازە بەراورد کراوەکان. کە دوو جۆری سەرەکی لەخۆ دەگرێت:

١- دەرخستنی کاریگەریتی نووسەرێک لەسەر نووسەرێکی تر بە بەراوردکردنی دەقەکانیان بە بەرجەستەکردنی خاڵەکانی لێکچوون بەپلەی یەکەم، دواجار خاڵە جیاوازەکان بەپێی شەنگستەکانی قوتابخانەی فەرەنسی و سۆشیالیزمی، کە بەچەند ساڵێک دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩١٧ سەری هەڵدا، ئەمە لە جۆری بەراوردی ئەستوونی بەدی دەکرێت.

٢- دەرخستنی لایەنی داهێنان و جوانکاری لە بەراوردێکی تەریبی، واتە هاوشانیدا، ئەمە لە قوتابخانەی ئەمریکیدا، سەری هەڵداو پەیڕەو دەکرێت، کە بایەخ بەکاریگەری نێوان دەقە، یان بەرهەمە بەراورد کراوەکان نادات، ئەم چەشنە بۆ ئەدەبی بەراوردی کوردی دەست دەدات، چونکە کاریگەری ئەوتۆی لەسەر ئەدەبی تر نییە، بەم جۆرە قوتابخانەیە دەڵێن: بەراوردی ئاسۆیی، ئەمانە قوتابخانە سەرەکییەکانی ئەدەبی بەراوردکارین.

بەراورد بەگشتی وەک بەرپەرچدانەوەی فەرەنسی، لەبواری یاساو پزیشکی، پرۆسەکەی بۆ سەدەی شازدەیەم دەگەڕێتەوە، بەڵام وەک پرۆسەی ئەدەبی و هونەری بۆ سەرەتای سەدەی نۆزدەم دەگەڕێتەوە و فەرەنسا بەمەڵبەندی ئەم پرۆسەیە، یان قوتابخانەیە دادەنرێت، ڤیلمان یەکەم مامۆستایە لەم بوارە ئەدەبییەدا، ئەمە لە ئەورووپا، دواجار لە ئەمریکا و یەکێتیی سۆڤێتی جاران لە سێ قوتابخانەی جیاوازدا، واتە بەشەنگستەی جیاواز، هەرچەندە قوتابخانەی سۆشیالیزمی، کە لە هەندێ ڕووەوە لەگەڵ قوتابخانەی فەرەنسیدا لەیەک دەچن، بەڵام زیاتر بایەخ بە بەرهەمی سۆشیالیستیانە دەدات، بۆ خزمەتی فەلسەفەو ئایدیۆلۆژیای سۆشیالیزمی، کە بنەمای فەرمانڕەوایی بوو لە سۆڤێتی جاران.

بەنیسبەت ئەدەبی کوردییەوە، هەرچەندە لە سییەکانی سەدەی ڕابردووەوە بەزەقی کتێب و بڵاوکراوە و وەرزنامە و گۆڤار دەردەچێت تا سەرەتای نەوەدەکانی هەمان سەدەو دواتر، خاوەن هەنگاوەکان لەمەڕ توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی بەراوردی ئەدەبی کوردییەوە، بەتایبەت لە حەفتاکانی هەمان سەدە لەژێر کاریگەریتی ڕێکەوتنامەی (ئازاری ١٩٧٠)دا، دەرگا واڵا بوو بۆ دەرچوونی زۆر جۆرە گۆڤاری ئەدەبی و هزری و ڕۆشنبیری و کەلەپووری و گشتی وەک: بەیان، ڕۆژی کوردستان، ڕۆشنبیری نوێ، نووسەری کورد، حەفتەنامەی هاوکاری. ئەمە لە بواری گەشەکردنی ڕۆژنامەنووسیی کوردیداو لەدوای ڕاپەڕینی مەزنی خەڵکی کوردستان.

لە بەهاری ١٩٩١ داو ڕزگاربوونی زۆربەی ناوچەکانی کوردستان لە ڕژێمی لەناو چوو، دامەزراندنی چەندین دەزگای چاپ کردن و بڵاو کردنەوە، دەرچوونی هەردوو گۆڤاری کاروان و ڕامان لە هەولێری پایتەخت، تەکانی بەهێزی بە خۆیەوە بینی، بڕیاردانی خوێندنی پرۆگرامی ئەدەبی بەراوردی لە بەشەکانی زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی لە زانکۆکانی کوردستان و لە قۆناغە جیا جیاکانی خوێندن: (بەکالۆریۆس، ماستەر، دکتۆرا)، کە سەرەتایەک بوو بۆ ئاوڕدانەوە لەم مەیدانە، یان ئەو لقە گرنگەی ئەدەب، وەرگرتنی نامە و تێز لەسەر ئەم بابەتە لە هەردوو قۆناغی ماستەر و دکتۆرا لە خوێندنی باڵا، بێجگە لە توێژینەوەی دەرچوون لە بەشەکانی زمان لە زانکۆکان و بەرهەمی لێکۆڵینەوەیی و توێژینەوەیی پسپۆڕ و نووسەر و ئەدیبان هەموو هەنگاو بوون لەم ڕووەوە. ئەوەی شایەنی باسە کتێبەکەی دکتۆر عەزیز گەردی، کە لە ساڵی ١٩٧٨ بەناوی (ئەدەبی بەراوردکاری)یەوە چاپی کردووە، یەکەم بەرهەمی کوردییەو لەم ڕووەوە پێشەنگە. ئەم بەرهەمانە کە گەڵاڵە کراون، لە ئایندەدا دەبنە کەرستە بۆ قوتابخانەی بەراوردی ئەدەبی کوردی.

نیاز لەم لێکۆڵینەوەیە، یان بۆچی ئەم پرۆژەیە؟

١) ئەدەبی بەراوردکاری وەک لێکۆڵینەوەیەکی نوێ بەنیسبەت ڕۆژهەڵات، کە کورد بەشێکە لێی، گرنگێتی بۆ گەشەکردنی ئەدەب بەگشتی و ئەدەبی هاوچەرخ بەتایبەتی هەیە.

٢) بەراوردی ئەدەبی بووەتە دەروازەیەکی گرنگ بۆ بەجیهانی بوونی ئەدەب، کە بووە بە حەتمییەتێکی مێژوویی جیهانی، کە ناتوانیت لێی دوورە پەرێز بێت، کەناڵێکە لە کەناڵەکانی کاریگەریتی ئەدەب، یان ئەڵقەیەکە لە ئەڵقەکانی پەیوەست بەئەدەبی گشتی و جیهانییەوە.

٣) ناساندنی ئەدەبی کوردی، بەتایبەت شاکارەکانی، بەئەدەبی جیهانی و کارتێکردنی (جەدەلی)، دوولایەنی

له یەکتری.

٤) لەم ڕێگەیانەوە هەوڵ بدرێ لەسەر بنەمای تایبەت و گونجاو لە ڕوانگەی کەسایەتی ئەدەبی کوردییەوە شەنگستەکانی قوتابخانەی بەراوردیی کوردی گەڵاڵە بکرێت.

٥) وەک هەستێک و سیمایەکی نەتەوایەتی لەنێو ئەدەبی گەلاندا بەرجەستە بکرێت و ببێتە دەرگاو ڕوویەکی دیکەی ناسنامەی ئەدەبی کوردی، بۆ کار تێکردنی دوو لایەنە. وەک لەسەرەوە ئاماژەم پێ کردووە.

**ئەو سەرچاوە کوردییانە، کە لەبەر دەستدان:**

دکتۆر عەزیز گەردی لەم بوارەدا پێشەنگە، چونکە یەکەم بەرهەمی بەراوردی ئەدەبی لەژێر ناوونیشانی (ئەدەبی بەراوردکاری)دا داناوە. هەروەها لەگۆڤارەکاندا بابەت لەسەر ئەم لقە گرنگەی ئەدەب بلاوکراوەتەوەو دەکرێتەوە، بەڵام لەنەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا، لە سەرەتای هەزارەی سێیەمدا نامە و تێزی زانکۆیی لەم بوارەدا بەرچاو دەکەوێت، کە ئەدەبی بەراوردکاریی کوردی لە گەڵ زمانی عەرەبی و ئینگلیزیدا کراوە، بۆ زمانی فارسی ئاگام لێی نییە. نموونەی ئەم بەرهەمانە: لە تێزی دکتۆراکەی د. عادل گەرمیانی دا، لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردی لەمیانی (گۆران و بەدر شاکر سیاب)دا کراوە، بەناوونیشانی (وێنەی بابەتی لە هۆنراوەکانی (گۆران و سەیابدا))، لەتێزی دکتۆراکەی (د. ظاهر لطیف کریم)دا، کە لە بریتانیا بەدەستی هێناوە وەک بیستوومە لە میانی (گۆران و بەدر شاکر سیاب)دا ئەنجامی داوە، چونکە تا ئێستا، یان بلاو نەکراوەتەوە، یان نەمبینیوە، (د. لطیف محمد حسن)، لە لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەیی بەراورددا لەمیانی (تی. ئێس ئیلیەت و پیرە مێرد)دا، بەهەڵبژاردنی هۆنراوەی (وێرانە خاک)ی ئیلیەت و (کزەی دەروون)ی پیرەمێرد، لەژێر ناوونیشانی (پەندی ئاگر)دا، ئەنجامی داوە، خاتو نیان نەوشیروان فوئاد، لە تێزی دکتۆراکەیدا، لە ژێر ناوونیشانی (الشحنة الدینامیکیة في الابداع الرومانسي بین (شیللی و گوران و نازک الملائکة) دا لێکۆڵینەوەی بەراوردی ئەنجام داوە. (*) ئەگەر بەراورد لە میانی دوو دەقی کوردیدا بوو، ئەوە دەبێتە هاوسەنگیی ئەدەبی، نموونەم لەبەر دەستدا نییە،



شیللی

پێویست ناکات.

**ئەو هۆکارانە چین بۆ سەرهەڵدانی ئەم قوتابخانەیە؟**

١) گەشەکردنی زانکۆکانی کوردستان و دان پێدانانیان لەلایەن زانکۆکانی جیهانەوەو تەرخان کردنی کورسی خوێندن بۆ هەموو بوارەکانی مەعریفی و زانستی و ئالوگۆڕکردنی زانیاری و ڕۆشنبیری.

٢) کردنەوەی مەڵبەندێک بەناوی مەڵبەندی دیراساتی بەراوردی لە یەکێک لەزانکۆکانی کوردستان، هەولێر، یان سلێمانی، یان دهۆک بێت و بودجەیەکی سەربەخۆی بۆ تەرخان بکرێت، دەستەیەک لە مامۆستایانی زانکۆی پسپۆڕ سەرپەرشتی بکەن و گۆڤارێکی ئەکادیمی تایبەت بەو بوارە دەربکەن.

٣) بەستنی کۆڕ و وۆرک شۆپ و سیمینار و لێکۆڵینەوە، تایبەت بە زمان و ئەدەبی کوردی، تێیدا جەخت لەسەر بابەتی بەراورد کاری ئەدەبی بکرێتەوە، هاوچەشنی ئەم چالاکییانە لە زانکۆی بەغدا ببێت و پێوەندی لە نێوانیاندا (زانکۆی بەغدا و زانکۆکانی هەرێم)دا ببێت، ئەگەر عیراق بەشداری لە کۆنفرانسە ئەدەبییە جیهانییەکانی تایبەت بەم لقە کرد، با دەستەی

بەراوردی کــوردیش وەک کــەســایــەتیــیــەکی ســەربەخــۆ بەشداری بکات، واتە خوێندنەوەی کوردی تێدا بێت.

٤) بایەخـدان بەشـاکـارە ئەدەبییــەکـانی نووســەر و شـاعـیـرە گـەورەکـانی کـورد وەک (شـیـعـر و چیـرۆک) و بلاوکردنەوە، یان لە گۆڤارە ئەدەبییەکانی جیهاندا، داوا بـکرێت لێـکـۆڵیـنـەوە و توێژیـنـەوەی ئەدەبی بەراوردی لەسەر بکرێت(**).

٥) خـوێندنەوەی ئەو نامـە و تێـزە زانکۆییـانە، کـە لەســـەر بەراوردی ئەدەبی نـووســـراون لە یەکـــێـک لە کـەناڵەکـانی ڕاگـەیاندن بەناوی (خـوێندنەوەی نامـەی ماسـتەر، یان تێزی دکـتۆرای بەراوردی)، شایەنی باسە جاران لە ڕادیۆی بەغدا گفتوگۆی نامە و تێزی ماستەر و دکتۆرا پەخش دەکرایەوە.

٦) بایەخ بەوەرگێڕانی ئەو بەرهەم و کتێبانە بدرێت، کە سەر بە بەراوردی ئەدەبین و وەرگێڕەکانمان هان بدرێن، ئەو کـتـێـبـانەی کـە لەسـەر بەراوردکاری نووسـراون وەری بگێڕن و پاداشـتی شایـستەیان بدرێتێ، چونکە ئێسـتـا زەمینە لەبار و فراوانە و دەرگا والایە وەک:

أ) توانایی ماددی.

ب) ئـاســـانی پێــوەندی کــردن بەهۆی کــەناڵەکــانی ڕاگەیاندن، کە یەکێکیان (ئینتەرنێتە).

ج) زۆری بەرهەم و وەرگێڕی باش.

د) ســەرکــەوتنی ئەم پرۆژە خـزمـەتی ئەدەبی کــوردی بەگشتی دەکات و ئەدەبی هاوچەرخ بەتایبەتی.

هـ) هاوشـان کـردن، یان تەریب کـردنی ئەدەبی کـوردی لەگەڵ ئەدەبی جیهـانیدا، چونکە هۆکارێکی پۆزەتیڤە بۆ گەشەکردنی دۆخی ئەدەبی و سیاسی کورد لەم کەناڵەوە.

## بنیــاد بەندیی (الهــیکل البنیــوی) ســەرهەڵدانی قوتابخانەی بەراوردیی کوردی.

**یەکـەم:** لەڕووی زاراوەی ئەدەبی و کـێـشـەکـانیــیـەوە تەمـاشا بـکرێت. دکـتـۆر عـەزیز گـەردی زاراوەی (ئەدەبی بەراوردکــاری) بەکــارهێناوە، کــاریگەری قــوتابخــانەی فـەرەنسی لەسـەرە، ئەم قـوتابخـانەیە مـەرجی تۆکـمـەو سەختی بۆ پرۆسەکە داناوە، داکۆکی لەسـەر بەفەرەنسی بوونی پرۆســەکــە دەکــات بەهەمــوو لایەنەکــانیــیــەوە: ناسنامـەی نووسەر، خاک، زمان، یەک ڕەگەزی ئەدەب، واتە هەمـووی زادەی فـەرەنسـا بن، بەڵام دکـتـۆر عـادل گـەرمـیـانی، زاراوەی (بەراوردی ئەدەبی) هەڵبـژاردووە، بەڕای ئەو لەگــەڵ لۆژیـک و بارودۆخی ئەدەبی کــوردیدا دەگونجێت. بەرهەمەکەی دکـتـۆر عـەزیزیش گرنگی خۆی هەیە، چونکە یەکـەم بەرهەمـە و سـەرچاوەیەکی گـرنگە و دەبێت لەپێش چاو بگیـرێت. ئەمـانەی خوارەوە پوختـە و ڕوونکردنەوەی زاراوە ئەدەبییەکانی قوتابخانە بەراوردییە سەرەکییەکانن:

١) الادب المقارن.

٢) الادب المقارن      لە ئەدەبی عەرەبیدا.

٣) المقارنة الادبیة

١) ئەدەبی بەراورد

٢) بەراوردی ئەدەبی     لە ئەدەبی کوردیدا.

٣)ئەدەبی بەراوردکاری

ئەدەبی بەراورد کار - لە ئەدەبی فەرەنسیدا.

١) بەراوردی ئەدەبی

٢) ڕەخنەی بەراوردی    لە ئەدەبی ئەمریکیدا.

زانسـتی ئەدەبی بەراوردی سـۆشـیـالـیـزمی - لە ئەدەبی سۆڤێتی جاراندا

فـەرەنسـیـیـەکـان حەز دەکـەن دەقـەکـان ئەورووپایی بن و جەمـسـەرێکی فـەرەنسی بێت بەمە دەڵێـن: مـەڵبـەندێتی ئەورووپی.

ئەدەبی سـۆشـیـالیـزمی سۆڤێـتی جـاران دەرفـەت دەدات دەقی فــۆلکلـۆری بەراورد بـکرێت، ئەمــە لەگــەڵ بنەمــا فەرەنسییەکە ڕێک ناکەوێت، چونکە خاوەنی کەسی دیار نییە.

**دووەم:** دابەش کـردنی ڕامـیـاری، کـولـتـووری، ئەدەبی، زمـانی و...تاد کـورد، کـە پەرت کـردن و بەپارچە کـردنی ستەمگەرییانەی کورد و کوردستانە، ئەمە جۆرە دابڕان و ئـاڵۆزییــەکی دروست کــرد، چونکە نـووســەرانی کـــورد بەزمـانی نەتەوەی داگـیـرکـار دەنووسن، وەک تورکـیـاو ســـوریا، بۆ نموونە، بەڵام نـوسین بەزمـــانی کـــوردی و لەخاکی کوردستاندا بێت، بە کەشوهەوای کوردی هۆنراوە بنووسێت، یان پاڵەوانانی ڕۆمان و چیرۆکەکان، کورد بن و ناوی کــوردییــان لێ بنرێت و نووســەر خــۆی بە کــورد بزانێت، ئەمە بۆ پرۆسەی بەراوردی و هاوسەنگی ئەدەبی دەست دەدات، بەڵام نووســەر، ئەدیب بەغــەیری زمــانی کــوردی بنووســێت، واتە بەزمــانی ئەو وڵاتـە کـە لێی

نیشتەجێیە و ناسنامەی ئەو وڵاتەی هەڵگرتووە، ئەوە هەر پرۆسەیەکی بەراوردکاری بکرێت، دەبێتە موڵکی زمانی ئەدەبی ئەو وڵاتە.

ئەوەی گرنگە بە لامانەوە، با جیاوازی زمان و ناسنامە و جۆری ڕێنووس، واتە (پیت) نەبێتە ڕێگر بۆ بەشداری کردنی ئەو بەرهەمانە، کە نیشانەکانی پێشوویان تێدا بەدی دەکرێت، کە مۆرکی کوردەوارییان پێوە دیارە، بەشداری کردنیان لە دەوڵەمەندکردنی ئەدەبی کوردی، بەتایبەت پرۆسەی بەراوردکاری کردن و بە بەهێزکردنی هەستی نەتەوایەتییە لای هەموان. ئەو نووسەرانە گوناهیان چییە کە بەسەر ئەو وڵاتانەدا دابەش کراون و ناچارن بەزمانی نەتەوەی داگیرکار بنووسن.

**سێیەم:** دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ بەکوردی کردنی ناسنامەی بەرهەمی نووسەرانی کورد لەو وڵاتانەی، کە کوردی بەسەردا دابەش کراوە، بەوەی چواندووە کە چۆن بایەکی بەهێز درەختێک لە کوردستان هەڵکەنێت، لە یەکێک لەو وڵاتانەدا بگیرسێتەوە، لق و چڕۆ بکات، ئەو لق و چڕۆیە زادەی ئەو درەختەیە، ئەو دەڵێت: لە کۆتاییدا ئەو بەرهەمانە دەبنە موڵکی ئەدەبی کوردی.

**چوارەم:** بەشداری کردنی نووسەر و ئەدیبانی کورد لە فیستیڤاڵ و کەرنەڤاڵی میللی جیهانیدا، یان فۆلکلۆری جیهانی بە هەردوو بەشە سەرەکییەکەیەوە - کەرستەیی، زارەکی، بە پێشکەش کردنی لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی بابەتی فۆلکلۆری بەزمانی کوردی بۆ ئەوەی لەوێ گفتوگۆی لەسەر بکرێت و لە گۆڤاری فۆلکلۆری جیهانیدا بڵاو بکرێتەوە، فۆلکلۆری کورد لەم ڕووانگەوە زۆر دەوڵەمەندە:

(أ) چونکە خاوەن سروشتێکی ڕەنگینە، (ب) گەلێکی دێرینە، (ج) کەرستەو کەلەپووری کوردەواری زۆری لەبەردەستدایە، (د) هەستی نەتەوایەتی بەهێزە لەئەنجامی داگیرکردن و چەوساندنەوەی نەتەوایەتی، سەرەڕای ئەوەی زانستی بەراوردیی سۆشیالیزمی ڕێگە بە دەقە فۆلکلۆرییەکان دەدات بەراورد بکرێن، چونکە زۆر لایەنی لێکچوونیان تێدایە.

**پێنجەم:** دانانی کورد بەیەک نەتەوەی یەکگرتوو لە پرۆسەی بەراوردیدا و هەژمار کردنی ناسنامەی نەتەوایەتی نووسەران، نەک زمانەکەی، چونکە پەرت کردنی دوور لە دەسەڵاتی خۆی بووە.بەمە ئەدەبی کوردی دەتوانێت بەراورد و سەودا لەگەڵ قوتابخانە بەراوردییەکاندا بکات، هەرچەندە جارێ کاتی ئەوە نەهاتووە، چونکە هۆکار و زەمینەکان جارێ بەتەواوی لەبار نین.

**شەشەم:** وانەی بەراوردی ئەدەبی کوردی تەنیا بە مامۆستای پسپۆڕ بدرێت، ئەگەر نەبوو، ئەو کاتە بدرێتە ئەو مامۆستایەی ئارەزوو و حەزی لێیە، خوێندکارانی ماندوو دەکات و زیاتر مامۆستای ڕەخنەی ئەدەبی بێت بە نووسینی توێژینەوە و گفتوگۆ و لێکدانەوە لەناو وانەبێژییەکانداو خۆشەویست کردنی ئەم ماددەیە لای خوێندکاران و پێدانی ناوونیشانی سەرچاوە کوردییەکان و زمانانی تر وەک: ئینگلیزی و عەرەبی و فارسی، هەرچەندە خوێندکارانی کورد لەم زمانانەدا لاوازن.

**حەوتەم:** ئەکادیمیەتی بەراوردی، پێشنیار دەکەم ماددەی ئەدەبی بەراورد لە کتێبەکانی (پرۆگرامەکانی) زمان و ئەدەبی کوردیی قۆناغی ئامادەیی بخوێنرێت، با سادەو سەرەتاش بێت، وەک زەمینەو بیرۆکە، چونکە لقێکی گرنگە لە ئەدەبیاتناسی و نوێیە بە نیسبەت ئەدەبی کوردییەوە.

**هەشتەم:** داوا لە نووسەر و ئەدیبە کوردەکانی نیشتەجێی ئەوروپا و ئەمریکا بکرێت، هەروەها مەرج دابنێن بۆ هەندێک لە خوێندکارەکانی بەشی زمان لە خوێندنی باڵا لەوێ، بڕوانامە لەم بوارەدا بەدەست بێنن، ئاوڕی پێویست لەم لقەی ئەدەب بدەنەوە. دیارە هاندەریان نەبووە، هەوڵ بخەنە گەڕ، چونکە ئەوان لەناو جەرگەی ڕووداوەکانن و سەرچاوەی باش و بەهێزیان لایە، لایەنی پراکتیزەکردنیش فەراهەم کراوە.

**نۆیەم:** با هاوسەنگیی ئەدەبی کوردی بایەخی پێ بدرێت، چونکە ئەویش لەسەر بنەمای شیکاری، ڕەخنەیی کار دەکات و تەواوکاری پرۆسەی بەراوردە، ئەمە جۆرێکە لەگەشەکردنی ئەدەبی بەراوردکاری، چونکە کەرستەیەکی زۆری لەبەردەمدان، لەم ڕووەوە هەنگاو نراوە، بەڵام سەرەتایە.

## پێشبینی و ئاکام

**یەکەم:** ئەوەی دەرکەوتووە فەرەنسا نزیکەی دوو سەدەیە کانگەی ئەم لقە ئەدەبییەیە، دواجار بە ئەوروپاو

جیهان بلاو بووەوە، چونکە لەسەدەی نۆزدەمدا ڕووگەی ئەدەب و ئەدەبی بەراورد و هونەر بوو، قوتابخانەکانی هونەر و ئەدەب لەوێوە دەرکەوتن و تەشەنەیان کرد، فەرەنسییەکان لەم ڕووەوە جۆرە شانازییەکیان بەخۆیانەوە دەکرد، چونکە بەقەرەبووی دۆڕانەکانی ناپلیۆنیان لەجەنگە جیهانییەکاندا، دەزانی.

**دووەم:** سەدەی بیستەم لەم بوارەدا بە سەردەمێکی گەش و پرشنگدار دەبینرێت، چونکە چەندین جۆرە کتێب و سەرچاوە و وەرزنامە و ڕۆژنامە و گۆڤار و نامیلکە لەم سەدەیەدا دەرچوو و بەراوردی ئەدەبی بووە ماددەیەکی ئەکادیمی لەزانکۆ بەناوبانگەکانی جیهان و کۆرسی خۆی هەیە، وەک لەفەرەنسا بەدی دەکرێت.

**سێیەم:** ئەدەبی کوردی دێرینە، دەوڵەمەندە، لەچاو ئەدەبیاتی جیهانی پێشکەوتوودا هیچی کەمتر نییە، تەنیا ئەم لقە نەبێت، ئەویش کەرت کەرت کردنی و باری کۆمەڵایەتی ئاڵۆز و ئایینی و ڕامیاری و...تاد وای کردووە ئەم لقە درەنگ بێتە ئاراوە، بەڵام لەسەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو، بەهۆی ڕزگارکردنی زۆربەی خاکی کوردستانی باشوورو کەوتنە گەڕی هەردوو زانکۆی سەلاحەددین و سلێمانی و کردنەوەی زانکۆی دهۆک و مەڵبەندی ئەکادیمیای تر و کردنەوەی چەندان خانەی پەخش و چاپەمەنی و وەرگێڕان و دانانی زۆر جۆرە کتێب و وەرگرتنی (قبووڵ کردنی) نامەو تێزی ماستەر و دکتۆرا لە زانکۆکانی کوردستان لە بوارەکانی ئەدەب و زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی کە تەکانی باشی بەم بوارە دا.

**چوارەم:** پێشنیاری جێگیرکردنی پرۆگرامی بەراوردی ئەدەبی لە زانکۆ کانی کوردستان، برەو پێدان و سوود وەرگرتن لە ئەزموونی زانکۆکانی جیهان لەم ڕووەوە. ئەمانە هەموو گەواهی ئەوە دەدەن، کە بەراوردی ئەدەبیی کوردی، ئاسۆیەکی فراوان و گەشی لەپێشدا واڵا کراوەتەوە و ئاییندەیەکی زێڕین چاوەڕوانێتی.

**پێنجەم:** ئەدەبی کوردی ئەگەر لەم لقەی بێ بەش بکرێت، بەتایبەت لەم قۆناغە ئەدەبییەدا، ئەوە کەلێن و شەبەقێکی گەورەی تێ دەکەوێت کە بەئاسانی پڕ نابێتەوەو چاک نابێتەوە و زەمەنیش بەزەیی بەکەس و کۆمەڵدا نایەتەوە و ئەدەبەکەمان لە ڕێڕەوی ئەدەبی جیهانیدا دەبێتە پاشکۆ و دواکەوتوو.

**(*) ئەم زانیارییانەم لە دکتۆر فەرهاد قادر کەریم و مامۆستا ئازاد محەمەد سەعید وەرگرتووە، سوپاسیان دەکەم.**

**(**) بۆ بوارەکانی ئەدەبی بەراوردکاری، ژمارەیەک بەرهەمی شێرکۆ بێکەس لە گۆڤاری (المواقف)، کە ئەدۆنیس خاوەنیەتی و لەپاریس دەردەچێت- وەرگێڕراوەو بلاو کراوەتەوە. دیارە شاعیرانی تریش بەرهەمیان بۆ زمانە زیندووەکانی جیهان وەرگێڕراوە، بۆ نموونە فەرهاد شاکەلی.**

**سەرچاوە:**

**(١) ئەدەبی بەراوردکاری، عەزیز گەردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٨.**

**(٢) قۆناغی ماستەری ئەدەبی کوردی، وانەبێژییەکانی ماددەی ئەدەبی بەراورد، کۆرسی یەکەم، سەرەتای مانگی نۆیەم بۆ کۆتایی مانگی پازدە ساڵی خوێندنی ٢٠٠٦-٢٠٠٧ کە لەلایەن د. عادل گەرمیانی وتراوەتەوە.**

**(٣) زانیاری خۆم.**

# بنیادگەری و سیمۆتیک

**تێری ئیگلتۆن**
**لە ئینگلیزییەوە: عەتا قەرەداغی**
**(سلێمانی)**

ئێمە لە کۆتایی پێشەکییەکەدا لە بەدواداچوونی ڕەخنەی نوێدا، تیوری ڕەخنەی ئەمەریکی و تەکنیکی زیاتر ڕوو لە ئالۆزبوونی تەواوەتی ئەو ڕەخنەیەو کەوتنە شەڕی پاشماوەکانی دژ بە زانستی نوێ و ئاراستەی بەپیشەسازی بوونمان بەجێ هێشت، بەڵام لەبەرئەوەی کۆمەڵگەی ئەمەریکای باکوور لە ساڵانی پەنجاکاندا گەشەی کرد و گەشەکردنەکەی لە ڕووی بیرکردنەوەی زانستی و ڕێبەرێتییەوە زۆر توند (ڕەق) بوو، وادەرکەوت کە شێوەیەکی زیاتر لە تەکنۆکراتی ڕەخنەگرانەی کەجێگای داخوازی بێت، داواکرابێت.

ڕەخنەی نوێ کاری خۆی بەباشی کردبوو، ئەمەش بەو مانایە بوو کە زۆر سادەو تایبەتمەند بوو بۆ ئەوەی ئەو بنەمایانە بەدەست بهێنێت کە بیێتە بەشێکی ئەکادیمی لووتبەرز. ڕەخنەی نوێ لە جەختکردنی چڕوپڕیدا لەسەر دەقی ئەدەبی دیاریکراو، یان پەرتکراو و ڕەچاوکردنی هەستیارێتی پڕ لە نەرمونیانی، مەیلی ئەوەی هەبوو کە ڕووە فراوانتر و زیاتر بنیادییەکانی ئەدەب بخاتە لاوە. مێژووی ئەدەبی چی بەسەرهاتبوو؟ ئەوەی پێویست بوو، ئەو تیۆرییە ئەدەبییە بوو کە پارێزگاری لەو ئاراستە فۆرمالیستییە بکات کە لە ڕەخنەی نوێدا هەبوو، واتە بایەخدانی بەهێزی بە ئەدەب وەک ئەوەی کە بابەتێکی جوانناسییە زیاتر لەوەی کە جێبەجێ کردنی کۆمەڵایەتی بێت.

لە هەمان کاتدا بۆ ڕەخنەی نوێ دەشیا لە هەموو ئەمانە شتێکی زیاتر سیستماتیکی و زانستی دروست بکات. لە ساڵی ١٩٥٧دا وەڵامەکە گەیشت، ئەویش ئەو کاتەی کە ڕەخنەگری کەنەدی نۆرسرۆپ فرای کە بەشێوەیەکی بەرز و گشتگیر هەموو ڕەگەزە ئەدەبییەکانی لە ژێر ناوونیشانی (توێکاری ڕەخنەدا) کۆکردەوە. بیروبۆچوونی فرای ئەوە بوو کە ڕەخنە لە بارێکی پڕ لە پشێوی نازانسییانەدا بوو، پێویستی بەوە بوو بە شێوەیەکی جوان ڕێک بخرێتەوە. فرای وای دەبینی کە مەسەلەی هەڵسەنگاندن بریتییە لە بەها زاتییەکان و قسەی پڕوپووچ، بۆیە بە توندی داوای پێداگری لەسەر سیستمێکی بابەتییانە دەکرد. فرای پێی وابوو ئەمە شتێکی شیاوە، چونکە ئەدەب خۆی سیستمێکی لەو جۆرەی پێکهێناوە. لەڕاستیدا ئەدەب تەنیا کۆکردنەوەیەکی بێ بەرنامەی نووسینە پەرشوبڵاوەکان

نەبوو لە درێژەی مێژووودا نووسرابوون. ئەگەر تۆ ئەدەبت بە وردی هەڵسەنگاندبایە، ئەوە دەتبینی کە ئەدەب بەپێی چەند یاسایەکی بابەتی دیار کاری کردووە، ڕەخنەیش خۆی توانیویەتی بە پێکهێنانی ئەو یاسایانە ببێتە بابەتێکی سیستماتیکی. یاساکانیش بریتی بوون لە شێوازە یەکەمییەکان و(ئەسڵی) ئەفسانەو ڕەگەزە جۆراوجۆرەکان کە بەهۆیانەوە سەرجەمی بەرهەمە ئەدەبییەکان بنیادنراون. لە ڕەگوڕیشەی هەموو ئەدەبێکدا چوار (جۆری گێڕانەوە) هەن، کە بریتین لە کۆمیدیا، ڕۆمانتیک، تراژیدیاو گاڵتە (ئایرۆنی)، کە دەشێ وەها ببینرێن کە وەک چوار ئەفسانە بەدوای یەکدا بێن، کە ئەوانیش ئەفسانەی وەرزەکانی بەهار و هاوین و پاییز و زستانن. دەشێ تیوری شێوازە ئەدەبییەکان دابنرێت بە شێوەیەک کە لە ئەفسانەدا پاڵەوان لە جۆردا لەوانی تر بەرزتر بێت. لە ڕۆماندا پاڵەوان لە پلەدا لەوانی تر بەرزترە، هەروەها پاڵەوان لە شێوازەکانی گێڕانەوەی بەرزی تراژیدیاو داستاندا (مەلحەمە) لە پلەدا لە کەسەکانی تر بەرزترە، بێ ئەوەی لە ژینگەکەی خۆیدا بەرزوباڵا بێت. پاڵەوان لە شێوازەکانی گێڕانەوەی ئاست نزمی کۆمیدیاو ڕیالیزمدا هاوشانە لەگەڵ ئەوانی ترماندا "واتە هاوشێوەی کەسانی ئاساییە"، لە داشۆرین و گاڵتەجاڕیدا (ئایرۆنی) پاڵەوان لە ئێمە نزمترە.

دەشێ تراژیدیاو کۆمیدیا بۆ جاری دووەم دابەش بکرێن بۆ لاسایی کردنەوەی بەرزو لاسایی کردنەوەی نزم و گاڵتەجاڕی و(ئایرۆنی). تراژیدیا دەربارەی گۆشەگیری مرۆڤە، بەڵام کۆمیدیا لەبارەی یەکگرتنی مرۆڤەوەیە. سێ نموونەی دووبارە بووەوەی سیمبۆلیزم هەیە، ڕووداوی جددی بۆ دروستکردنی تێکشکاندن و گۆڕان، شەیتانی، پێوانەیی، کە دەستنیشان دەکرێن، پاشان دەشێ کۆی سیستەمەکە بخرێتە ڕێ وەک تیورێکی خولی لە مێژووی ئەدەبیدا: ئەدەب لە ئەفسانەوە تێپەڕدەبێت بۆ گاڵتەجاڕی (ئایرۆنی)، پاشان لەویشەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەفسانە، لە ساڵی ١٩٥٧دا، ئێمە بە ئاشکرا لە جێگایەکدا بووین لە قۆناغی گاڵتەجاڕیدا (ئایرۆنی) لەگەڵ ئاماژەکان بۆ گەڕانەوەیەکی ئاستەنگ لەڕێدابوو بۆ قۆناغی ئەفسانەیی.

بۆ ئەوەی فرای سیستەمە ئەدەبییەکەی بچەسپێنێت، کە ئێمە لەسەرەوە، بێجگە لە خستنەڕوویەکی کەم نەبێت



**ماثیۆ ئارنۆڵد**

هیچی ترمان لەبارەوە نەگوت، پێش هەموو شتێ پێویست بوو ئەو بەهای هەڵسەنگاندنەکان بەلاوە بنێت، چونکە ئەو بەهایانەی هەڵسەنگاندنەکان تەنیا ژاوەژاوی زاتین. کاتێ ئێمە شیکاری ئەدەب دەکەین، مانای وایە لەبارەی ئەدەبەوە قسە دەکەین، کاتێکیش ئەدەب هەڵدەسەنگێنین، واتە ئێمە لەبارەی خۆمانەوە قسە دەکەین. دیسان پێویستە ئەم سیستەمە هەموو مێژوویەک بخاتە دەرەوەی خۆی، تەنیا مێژووی ئەدەب نەبێت. بەرهەمە ئەدەبییەکان لە بەرهەمە ئەدەبییەکانی ترەوە بەرهەم دەهێنرێن، نەک لە ماددەی تری دەرەوەی سیستەمە ئەدەبییەکە خۆی. کەڵکی تیوری فرای ئەوەیە کە هەمان شێوەی ڕەخنەی نوێ ئەدەب لەوە دەپارێزێت کە بە مێژوو ناشیرین و پیس ببێت، هەروەک فرای، ئەدەب وەک دووبارە بەکارخستنەوەی داخراوی ژینگەی دەقەکان سەیر دەکات، بەڵام جیاواز لە ڕەخنەی نوێ، فرای لە ئەدەبدا مێژوویەکی جێگرەوە، لەگەڵ سەرجەمی ڕەهەندە گەردوونییەکان و هەموو بنیادە کۆکراوەکانی مێژوو خۆی دەدۆزێتەوە. شێواز و ئەفسانەکانی ئەدەب بە مێژوودا تێدەپەڕن و بە مەبەستی هاوشێوەکردنی مێژوو، یان لە کۆمەڵێ جیاوازی دووبارە بووەوەدا لەسەر هەمان بیرۆکە مێژوو دەڕووخێنن. بۆ ئەوەی ئەو سیستەمە بە زیندوویی


بمێنێتەوە، پێویستە بە توندی دابخرێت: نابێت بوار بە هیچ شتێکی دەرەکی بدرێت بێتە ناوەوە، نەوەک پۆلەکانی بشێوێنێت. هەر لەبەر ئەمەیە کە پاڵنەری زانستییانەی فرای داوای فۆرمالیزمێک دەکات کە زۆر تەواوتر بێت لە فۆرمالیزمی رەخنەی نوێ. رەخنەگرانی نوێ رێگایان دا کە ئەدەب لە هەندێ رووی گرنگەوە زانراو بێت و جۆرێک لە مەعریفە لەبارەی دنیاوە بەرهەم بهێنێت: فرای سوورە لەسەر ئەوەی کە ئەدەب بنیادێکی فرمانی(زمانی) سەربەخۆیەو بەتەواوی جیاکراوەیە لە هەر سەرچاوەیەک کە لە پشتییەوەیەتی و جیهانێکی شاراوەو بەسەرخۆدا داخراوە، کە ژیان و واقیع تێیدا لە سیستمێکی پێوەندی زمانیدان(١). هەموو ئەوەی کە سیستمەکە دەیکات بریتییە لە دووبارە تێکەڵاو کردنەوەی یەکە رەمزییەکان لە پێوەندی بوونیاندا پێکەوە، زیاتر لەوەی کە لە پێوەندیدا بێت لەگەڵ هەر جۆرە راستییەک کە لە دەرەوەی سیستمەکە بێت. ئەدەب بریتی نییە لە رێگای زانینی راستی، بەڵکو جۆرێکە لە خەون بینینی یۆتۆپییانەی دەستەجەمی کە لە درێژەی مێژوودا بەردەوام بووە، لەگەڵ دەربڕینی ئەو ئارەزووە سەرەکییانەی مرۆڤدا، کە گەشەی بە شارستانێتی مرۆڤایەتی داوە، بەلام بەبێ ئەوەی کە ئەمە هەرگیز ئەو ئارەزووانەی مرۆڤ تێر بکات. لەلایەکی ترەوە ئەدەب وەک گوزارشت کردن لە خودی تاکەکەسی دانەران(نووسەران) سەیر ناکرێت، کە ئەو کەسانە زیاتر نین لە ئەرکەکانی ئەم سیستمە گەردوونییە: ئەدەب لە بابەتی کۆکراوەی رەچەڵەکی مرۆڤ خۆیەوە هەڵدەقوڵێت، کە ئەویش بە شێوەیەک دەبێت بۆ بەرجەستە کردنی شێوازی یەکەمین، یان وێنەکانی دەلالەتی گەردوونی.

بەرهەمەکەی فرای جەخت دەکاتە سەر رەگوریشەی یۆتۆپییانەی ئەدەب، چونکە بە ترسی قووڵی جیهانی راستەقینەی کۆمەلایەتی و بە قێزکردنەوەوە لە مێژوو خۆی نیشانە کراوە. لە ئەدەبداو تەنیا لە ئەدەبدا، مرۆڤ دەتوانێت لە پیسییە دەرەکییەکانی زمانی سەرچاوەیی رزگاری بێت و ماڵێکی روحی بدۆزێتەوە. ئەفسانە تیۆرییەکان، بە شێوەیەکی دەلالەتدارانە، بریتین لە وێنەکانی پێش بەشاریبوونی بازنە سرووشتییەکان و سۆزوخولیای گەرانەوە بۆ بیرەوەرییەکانی مێژووی پێش بەپیشەسازی بوون. مێژووی راستەقینە بەلای فرایەوە بریتییە لە کۆیلایەتی و رەت نەکردنەوە، ئەدەبیش وەک تاکە شوێنێک دەمێنێتەوە کە ئێمە دەتوانین تێیدا ئازاد بین. جێگای بایەخە کە پرسیار لە جۆری ئەو مێژووە بکەین کە ئێمەی تێدا دەژین بە گوێرەی ئەم تیۆرییە بۆ ئەوەی بەلایەنی کەمەوە تا ئەندازەیەک جێگای قایل بوون بێت. جوانی ئەم رێبازە ئەوەیە کە بەشێوەیەکی لێهاتووانە جوانییە توندڕەوەکان یەک پێدەگرێت بۆ پۆلێن کردنێکی چالاکی "زانستییانە" و ئەدەبیش دەپارێزێت وەک جێگرەوەیەکی خەیاڵی بۆ کۆمەڵگەی مۆدێرن، لە کاتێکدا وادەکات کە رەخنە بە گوێرەی ئەو کۆمەڵگەیە جێگای رێز بێت. رەخنە تێک شکێنەرێکی چوستوچالاک بۆ زۆربڵێیی ئەدەب دەخاتە روو. هەروەک بە توانایییەکی کۆمپیوتەرییەوە هەموو بەرهەمێکی ئەدەبی بۆ ئاستێکی ئەفسانەیی دیاریکراو دادەبەزێنێت، بەلام ئەمە لەگەڵ سۆز بۆ جوولاندنی لە رادەبەدەری رۆمانسییانەدا تێکەڵاو دەکات. لە روویەکەوە، ئەم تیۆرییە شتێکی نامرۆییە کە سووکایەتی دەکات و لە ناوەند دەرکردنی خودی تاکەکەسی مرۆڤە و لەبەرانبەردا بە ناوەندکردنی هەموو شتێکە لە سیستمی کۆکراوەی ئەدەبی خۆیدا. لە روویەکی ترەوە، ئەم تیۆرییە کاری مرۆیی مەسیحییەکی پەیوەستە (چونکە فرای پیاوێکی ئایینییە)، ئەو وای دەبینێت ئەو جوولەیەی کە ئەدەب و شارستانێتی دەجوولێنێت بریتییە لە - ئارەزوو- کە دواجار تەنیا لە مەملەکەتی خوادا جێبەجێ دەکرێت.

وەک هەندێ خاوەن تیوری ئەدەبی کە ئێمە سەرنجمان لە تیۆرییەکانیان داوە، فرای ئەدەب وەها پێشکەش دەکات کە کۆپییەکی جێگرەوەی ئایین بێت. ئەدەب دەبێتە پێگەیەکی بنەرەتی بۆ شکستی ئایدیۆلۆژیای ئایینی و ئەفسانەی جۆراوجۆریش پێشکەش دەکات کە پێوەندییان بە ژیانی کۆمەلایەتییەوە هەیە. فرای لە (رێبازی رەخنەییدا- ساڵی ١٩٧١) "ئەفسانە پەیوەستبووەکان" بە هەڵوێستی خۆپارێزانەوە لەبەرانبەر "ئەفسانەکانی ئازادی" لیبراڵی دادەنێت و ئارەزوو دەکات هاوسەنگییەکی رێک لە نێوان هەردووکیاندا هەبێت. پێویستە ئاراستەکانی دەسەلاتی سەرکوتکەری پارێزکار، یان خۆپارێز بە هۆی ئەفسانەی ئازادییەوە راست بکرێنەوە، لە کاتێکدا کە هەستی پارێزکارانەی رێکخستن پێویستە خولیاکانی لیبراڵیزم پاراو بکات بۆ

نابەرپرسیاریێتی کۆمەڵایەتی. ئەوەی کە سیستمی بەهێزی ئەفسانەیی لە هۆمیرۆسەوە بۆ مەملەکەتی خودا پێی دەگات، بە کورتی، پێگەیەکە لە شوێن لە نێوان کۆماری لیبراڵ و دیموکراتی پارێزکاردا. تاکە هەڵەیەک کە فرای ئێمەی لێ ئاگادار دەکاتەوە، هەڵەی شۆڕشگێڕییە کە بەشێوەیەکی ساویلکانە ئەفسانەکانی ئازادی بە خراپ ڕاڤە دەکات و وای دادەنێت کە کۆمەڵێ ئامانجن لە رووی مێژووییەوە بەدەست دەهێنرێن. شۆڕشگێڕێتی تەنیا بریتییە لە ڕەخنەیەکی خراپ، کە ئەفسانەو واقیع تێکەڵاو دەکات، هەرچۆن منداڵێک تێکەڵوپێکەڵی دەکات لە نێوان ئەکتەرێکی مێینەو خانزاد، یان شاژنێکی جوانی ڕاستەقینەدا. شتێکی نایابە کە ئەدەب وەک ئەوەی هەیە، جیابووەتەوە لە هەر بایەخدانێکی کردەیی بێ بەها، کە لە ئاکامدا زۆر، یان کەم توانایی هەیە پێمان بڵێت کام ڕێگا هەڵبژێرین. فرای لە نێو نەریتی مرۆییانەی ماتیۆ ئارنۆڵددا جێگای خۆی گرتووەو وەک دەڵێت حەزی لە " کۆمەڵگەی ئازاد و بێ چین و شارییە". ئەوەی ئەم مەبەستیەتی لە کۆمەڵگەی بێ چین، هەمان شێوەی ئارنۆڵد لە پێش خۆیدا، کە ئەویش لە رووی کردارییەوە کۆمەڵگەیەکە بەشێوەیەکی تەواو دان بە بەهاکانی (فرای)دا دەنێت کە بەهای لیبراڵی چینی ناوەندن.

بۆچوونێکی نەچەسپاو هەیە کە دەشێ تێیدا بەرهەمی نۆرترۆپ فرای وەک بەرهەمی بنیادگەرێک وەسف بکرێت، ئەمەش لە رووی دەلالییەوە هاوکاتە لەگەڵ گەشەکردنی بنیادگەری کلاسیک لە ئەوروپادا. بنیادگەری وەک ئەو زاراوەیە خۆی ئاماژەی بۆ دەکات پەیوەستە بە بنیادەوە، زۆر تایبەتتریش پەیوەستە بە تاقیکردنەوەی ئەو یاسا گشتییانەوە کە بنیاد تێیاندا کار دەکات. دیسان هەمان شێوەی فرای (بنیادگەریی کلاسیک) بایەخ بە کەمکردنەوەی دیاردە تاکەکەسییەکان دەدات، وەک نموونەی روون بۆ ئەم یاسایانە، بنیادگەری تەواو مەزهەبێکی دیار لە خۆدەگرێت کە لای فرای نادۆزرێتەوە: ئەویش ئەو بروابوونەیە کە پێی وایە یەکەکانی تاکەکەسی هەر سیستمێک هیچ مانایەکیان نییە، تەنیا بە هۆی چاکەی پێوەندی نێوان خۆیانەوە نەبێت بە یەکترییەوە، ئەمەش لە بڕوایەکی سادەوە نایەت کە پێویست بێت تۆ


ڕۆمان یاکۆبسن

بنیادگەرانە سەیری شتەکان بکەیت. تۆ دەتوانیت قەسیدەیەک وەها هەڵبسەنگێنیت کە بنیادە، لە کاتێکدا هێشتا مامەڵەکردن لەگەڵ هەریەکە لە بەشەکانی ئەو قەسیدەیە زۆر، یان کەم لە خۆیاندا مانا بەخشن. لەوانەیە قەسیدەکە یەک وێنەی تێدا بێت لەبارەی خۆرەوەو وێنەیەکی تریش لەبارەی مانگەوە، تۆش بایەخ بەوە دەدەیت کە چۆن ئەو دوو وێنەیە پێکەوە دەگونجێن بۆ پێکهێنانی بنیادێک، بەڵام تۆ تەنیا کاتێک دەبیتە هەڵگری شوناسی بنیادگەر کە ئیدیعای ئەوە بکەیت مانای هەر وێنەیەک بە تەواوی پەیوەستە بە مانای وێنەیەکی ترەوە. وێنەکان مانایەکی گەوهەری (چەسپاو)یان نییە، بەڵکو مانایەکیان هەیە لە ئەنجامی پێوەندیبوونیان بە یەکترییەوە بەرهەم دێت. تۆ پێویستت بەوە نییە بچیتە دەرەوەی قەسیدەکە، بۆ ئەوەی لە بارەی خۆر و مانگەوە زانیاری وەربگریت بە مەبەستی ڕاڤەکردنی ئەو دوو وێنەیە، بەڵکو ئەوان هەریەکەیان ڕاڤەو پێناسەی ئەوی تریان دەکات.

بووارم بدەن با هەوڵ بدەم لە ڕێگای نموونەیەکی سادەوە ئەمە روون بکەمەوە، وای دادەنێین ئێمە چیرۆکێک شی دەکەینەوە کە تێیدا کوڕێک دوای ئەوەی لەگەڵ باوکی

شەڕ دەکات،ماڵەوە بەجێ دەهێڵێت، لەبەر گەرمای ئەو ڕۆژەدا بەپێ بەناو دارستانێکدا دەڕوات و دەکەوێتە چاڵێکی قووڵەوە. باوکەکە دێتە دەرەوە بەدوای کوڕەکەیدا دەگەڕێت، سەیری چاڵەکە دەکات، بەڵام لەبەر تاریکی ناو چاڵەکە، ناتوانێت کوڕەکەی ببینێت، لەو کاتەدا خۆر ڕاستەوخۆ بەرزدەبێتەوە بۆ سەر سەری پیاوەکە، تیشکی خۆر قووڵایی چاڵەکە ڕووناک دەکاتەوە و ڕێگا بۆ باوکەکە خۆش دەکات کە منداڵەکەی ڕزگار بکات. دوای ئاشتبوونەوەیەکی پڕ لە خۆشی، پێکەوە دەگەڕێنەوە بۆ ماڵەوە.

ئەمە ناشێت گێڕانەوەیەکی بەتایبەتی دانراو بێت، بەڵام خاسیەتی ئاسانکاری تێدایە. بەئاشکرا، دەشێ ئەم ڕووداوە بە هەموو جۆرە ڕێگایەک ڕاڤە بکرێت. لەوانەیە ڕەخنەگری شیکاری دەروونی چەندین ئاماژەی گرێی ئۆدیبی تێدا ئاشکرا بکات و نیشانی بدات کە چۆن کەوتنە ناو چاڵەکە بۆ ئەو منداڵە سزایەکە کە منداڵەکە خۆی نائاگایانە ئاواتی بۆ دەخوازێت بە لەبەرچاوگرتنی ناکۆکییەکەی لەگەڵ باوکیدا، یان لەوانەیە کەوتنە چاڵەکەوە جۆرێک لە خەساندنی ڕەمزیانە بێت، یان گەڕانەوەو پەنابردنی ڕەمزیانە بێت بۆ نێو منداڵدانی دایکی. دەشێ ڕەخنەگری هیومانیست ئەم ڕووداوە وەک بە دراماکردنێکی توند و تیژی ئەو گیرگرفتانە بخوێنێتەوە کە لە چوارچێوەی پێوەندییەکانی مرۆڤدا حەشاردەدرێن. دەشێ جۆرێکی تر لە ڕەخنەگر وەها سەیری ئەم ڕووداوە بکات کە یارییەکی درێژکراوەی بێ ئامانجە بە وشەکانی (کوڕ/خۆر- son-sun) ئەوەی ڕەخنەگری بنیادگەر دەیکات، بریتییە لە نەخشەکێشانی چیرۆکەکە لە شێوازی هێڵکاریدا. یەکەم یەکەی دەلالەتداری چیرۆکەکە ئەوەیە کە " کوڕ لەگەڵ باوکیدا شەڕدەکات" کە دەشێ وەک "نزم دژی بەرز ڕادەپەڕێت"دووبارە بنووسرێتەوە. ڕێگاکردنی کوڕەکە بەناو دارستانەکەدا بریتییە لە جووڵەیەک بەدرێژایی تەوەری ئاسۆیی، لەبەرانبەر تەوەری شاولیدا کە (نزم/بەرز)ـە، هەروەک دەشێ ئاماژەی بۆ بکرێت وەک (ناوەند). کەوتنە ناو چاڵەکەوە، مانای کەوتنە شوێنێکەوە کە نزمترە لە ڕووی زەوی، ئەوەش جارێکی تر دەلالەتی نزمی هەڵدەگرێت، خۆریش لە لووتکەدا دەلالەتی بەرزی هەڵدەگرێت. بە کەوتنی تیشکی خۆر لە ناو چاڵەکە، بە مانایەک ئەوە دەگەیەنێت کە خۆر بەرەو نزمی چەماوەتەوە، بەمەش یەکەم دالی یەکەی گێڕانەوە هەڵدەگەڕێتەوە، لەوێدا کە نزم بوو، لە ڕووی بەرزدا وەستا. ئاشتەوایی نێوان باوک و کوڕ هاوسەنگی بۆ نێوان نزم و بەرز دەگێڕێتەوەو پێکەوە ڕێکردنیان بەرەو ماڵەوە دەلالەتی ناوەندبوون (Middle) هەڵدەگرێت و ئەم دەستکەوتەش بارێکی ناوەندی گونجاو نیشان دەدات. لە نێو خۆشی سەرکەوتندا، بنیادگەر یاساکانی خۆی ڕێک دەخاتەوەو دەگات بە چیرۆکی دواتر.

ئەوەی تێبینی دەکرێت سەبارەت بەم جۆرە شیکردنەوەیە، ئەوەیە کە ئەمیش وەک فۆرمالیزم، ناوەرۆکی ڕاستەقینەی چیرۆکەکە دەخاتە نێوان دوو کەوانەوەو بەتەواویش جەخت دەکاتە سەر ڕوخسار، یان شێوە. تۆ دەتوانیت جێگای "باوک و کوڕ، چاڵ و خۆر"، بە ڕەگەزی تەواو جیاواز بگرێتەوە، بۆ نموونە "دایک و کچ، باڵندەو تەپکە"، لەگەڵ ئەو جێگرتنەوەیەشدا هێشتا چیرۆکەکە هەروەک خۆی دەمێنێتەوە. مادام بنیادی پێوەندییەکان لە نێوان یەکەکاندا دەپارێزرێن، گرنگ نییە تۆ کام بەش هەڵدەبژێریت. ئەمە حاڵەتی خوێندنەوەی دەروونشیکارییانە، یان مرۆییانەی حیکایەتەکە نییە، کە پشت بەم بەشانە دەبەستێت کە دەلالەتی گەوهەریی دیاریکراویان هەیە، کە بۆ تێگەیشتن لێی، دەبێ ئێمە بگەڕێینەوە بۆ زانینی خۆمان لەبارەی جیهانی دەرەوەی دەقەکەوە، بێ گومان ئەوەش مانایەکی هەیە کە خۆر بەرزەو چاڵەکان نزمن، بۆ ئەو مەودایەش ئەوەی کە وەک ناوەرۆک هەڵدەبژێردرێت گرنگە، بەڵام ئەگەر ئێمە بنیادی گێڕانەوەمان وەرگرت و تێیدا ڕۆڵی ڕەمزی (ناوەندگێڕ) مان کرد بە شتی سەرەکی لە نێوان دوو بەشدا، ئەوە دەشێ ئەو ناوەندگێڕە هەر شتێک بێت لە کوللەیەکی بچووکەوە بۆ تاڤگە.

دەشێ پێوەندییەکانی نێوان بەشە جیاوازەکانی چیرۆکەکە پێوەندی هاوتەریبی، دژیەکی، هەڵگەڕانەوە، یەکسانبوون...تاد بێت. خۆ ئەگەر ئەم بنیادەی پێوەندییە ناوخۆییەکان بە پارێزراوی بمێنێتەوە، ئەوە یەکەکانی تاکە کەسیی شوێنیان دەگرنەوە. دەشێ سێ خاڵی تر لەبارەی ئەم میتودەوە تێبینی بکرێت. یەکەم بۆ بنیادگەری شتێکی گرنگ نییە کە ئەم چیرۆکە بە زەحمەت ببێتە نموونە بۆ ئەدەبی باڵا. ئەم میتودە بە تەواوی بێ باکە

لەبارەی بەهای کولتووری بابەتەکەوە، هەرشتێک بێت لە "جەنگ و ئاشتییەوە" بۆ " هاواری جەنگ"، چونکە ئەم میتودە شیکارییە، نەک هەڵسەنگاندن. دووەم بنیادگەری ڕیسواکردنێکی بەهێند وەرگیراوی هەستی گشتییە.. بنیادگەری مانای ئاشکرای چیرۆکەکە ڕەت دەکاتەوەو لەبری ئەوە بەدوای پەرتکردنی بنیادە قووڵە دیارەکاندا دەگەڕێت، واتە ئەوانەی کە لە رووکەشی چیرۆکەکەدا دیار نین. بنیادگەری لە بەهای دیارەوە ناکەوێتە مامەڵەکردن لەگەڵ دەقدا، بەڵکو لە شوێنی خۆی لای دەبات بۆ جۆرێکی تەواو جیاواز لە بابەت. سێیەم ئەگەر ناوەرۆکە دیاریکراوەکانی دەقەکە شایانی گۆڕین بوون، ئەوە بۆچوونێک هەیە کە تێیدا مرۆڤ دەتوانێت بڵێت" ناوەرۆکی" گێڕانەوە بریتییە لە بنیادەکەی، ئەمەش هاوشێوەی ئەو وانیشاندانەیە کە گێڕانەوە بە ڕێگایەک لەبارەی خۆیەوەیە دەیکات، کە بابەتەکەی بریتییە لە پێوەندییە ناوکۆییەکانی و شێوازی تایبەتی خۆی بۆ دروستکردنی مانا.

بنیادگەری ئەدەبی لە سالانی شەستەکانی سەدەی بیستدا پەرەی سەند، ئەویش وەک هەوڵێک بۆ ڕانانی میتودو ڕوانینی قووڵی دامەزرێنەری زانستی زمانی بنیادگەری نوێ فردیناند دی سۆسۆر لە ئەدەبدا. بەهۆی زۆر خستنەرووی سادەیەوە کتێبەکەی دی سۆسۆر (وانەکان لە زانستی گشتی زمان)دا سالی ١٩١٦ سەردەمێک دروست دەکات کە ئێستا وانەکانی لەبەردەستدان. من تەنیا هەندێ لە پێگە سەرەکییەکانی ئەو کتێبە دەخەمە ڕوو. سۆسۆر زمانی وەک سیستمێکی ئاماژە(دەلالات) سەیر دەکرد، کە دەبوو لە ڕووی (سینۆکرۆنیکەوە- ئێستاوە) توێژینەوە بکرایە، واتە توێژینەوەی زمان بکرایە وەک سیستمێکی تەواو لە چرکەساتێکی دیاریکراودا، نەک توێژینەوەی (دایاکرۆنیکی- بەپێی مێژوو)ی زمان بکرایە لە پەرەسەندنی مێژوویی خۆیدا. دەبوو وەها سەیری هەر (دەلالەت)ێک بکرایە وەک ئەوەی پێکهاتبێت لە (دال)(وێنەی دووەم، یان هاوشێوەی نووسینییەکەی)و مەدلولێک (چەمک، یان مانا). ئەم سێ نیشانە ڕەشە (c-a-t) ئاماژەدەرن (دال) کە مەدلوولی cat واتە پشیلە لە مێشکی ئینگلیزیدا دەورووژێنن. پێوەندی نێوان دال و مەدلوول پێوەندییەکی لە خۆوەیی، یان خۆڕسکییە.

هیچ هۆیەکی زگماکی نییە بۆ ئەوەی ئەم سێ نیشانەیە مانای پشیلە بگەیەنن، بێجگە لە نەریتی کولتووری و مێژوویی.

بەراوردی وشەی chat بکە لە زمانی فەڕەنسیدا، واتە پشیلە. پێوەندی نێوان سەرجەمی نیشانە و ئەوەی نیشانە بۆی دەگەڕێتەوە (واتە ئەوەی کە سۆسۆر پێی دەڵێت سەرچاوە، کە بوونەوەرێکی لەڕاستیدا خوریداری چوارپێیە) دیسان شتێکی زگماکییە. هەر ئاماژەیەک لە سیستەمەکەدا مانای هەیە، کە تەنیا بەهۆی باشی جیاوازییەکەیەوە لەوانی تر. پشیلە cat مانای هەیە نەک لە خۆیدا، بەڵکو لەبەرئەوەی پشیلە (شەبقە، یان بێ ئابڕوو، یان شەمشەمە کوێرە cap, cad, bat) نییە. گرنگ نییە کە چۆن دال دەگۆڕێت، مادام پارێزگاری لە جیاوازیی بوونی خۆی لە دالەکانی تر دەکات، تۆ دەتوانیت بە زۆر ئاوازی جیاواز بیلێیت، مادام ئەو جیاوازییە پارێزراوە.

دی سۆسۆر دەڵێت: لە سیستمی زانستی زماندا، هیچ شتێک نییە، بێجگە لە جیاوازی: مانا بەشێوەیەکی تەمومژاوی لە ئاماژەدا گەوهەری نییە، بەڵکو وەزیفییەو بەرهەمی جیاوازبوونیەتی لە ئاماژەکانی تر. لە کۆتاییدا، سۆسۆر بڕوای وابوو کە زانستی زمان دەکەوێتە پشێوییەکی بێ ئومێدییەوە ئەگەر خۆی پەیوەست بکات بە قسەی ڕاستەقینەوە، یان بە قسەوە وەک سۆسۆر داوای دەکرد. سۆسۆر بایەخی نەداوە بە لێکۆڵینەوەی ئەوەی کە خەڵک بە ڕاستی دەیگوت، ئەو بایەخی داوە بە بنیادی بابەتی ئەو ئاماژانەی کە وایان کرد قسەکانیان لە ئاستی یەکەمدا شیاو بێت، کە سۆسۆر ئەمەی بە زمان langue ناودەبرد. هەروەک سۆسۆر بایەخی بەو بابەتە ڕاستەقینانە نەداوە کە خەڵک لەبارەیانەوە دواون. بە مەبەستی توێژینەوەی زمان بە شێوەیەکی کاریگەرانە، دەبوو سەرچاوەکانی ئاماژەکان، واتە ئەو شتانەی کە بەڕاستی ئاماژەی بۆ کردوون لە نێوان دوو کەوانەدا دابنرانایە.

بنیادگەری بەگشتی هەوڵێکە بۆ ڕانانی ئەم تیورییەی زانستی زمان بەسەر بابەتەکان و چالاکییەکانی تردا، بێجگە لە زمان خۆی. تۆ دەتوانی ئەفسانەیەک، یان پێشبڕکێی بەرەنگاربوونەوە، یان سیستمی خزمایەتی و خێڵایەتی، یان لیستی جۆراوجۆری خواردنەکان لە

خواردنگە، یان وێنەکردنی زەیتی وەک سیستەمێکی ئاماژەکان ببینێت. شیکردنەوەی بنیادگەرێک هەوڵدەدات بە ڕێگای پەرتکردن زنجیرەیەک یاسای سەرەکی پەرت بکات کە بەهۆیانەوە ئەم ئاماژانە یەکیان پێ دەگیرێت بۆ ماناکان. بنیادگەری تا ئاستێکی بەربلاو ئەوە پشتگوێ دەخات کە ئاماژەکان بەڕاستی دەیڵێن، لە جیاتی ئەوە جەخت دەکاتە سەر پێوەندییە ناوکۆییەکانی هەر ئاماژەیەک بە ئاماژەیەکی ترەوە. بنیادگەری. وەک فریدریک جامیسۆن دەڵێت: بنیادگەری هەوڵێکە بۆ دووبارە بیرکردنەوە لە هەموو شتێک لە ڕوانگەی زانستی زمانەوە(٢). بنیادگەری نیشانەیەکی ئەو ڕاستییەیە کە زمان بە کێشەکانی و ڕووە نائاشکراکانی و ناوەڕۆکەکانییەوە بووەتە نموونە و خولیایەک بۆ ژیانی فیکریی سەدەی بیستەم.

تێڕوانینەکانی دیسۆسۆر لە بواری زانستی زماندا کاریگەری لەسەر فۆرمالیستەکانی ڕوسیا هەبوو، هەرچەندە فۆرمالیزم خۆی بەتەواوی بنیادگەری نییە. فۆرمالیزم لە ڕووی بنیادەوە دەڕوانێتە دەقە ئەدەبییەکان و سەرنج دەخاتە سەر سەرچاوە بەمەبەستی پشکنینی ئاماژە خۆی، بەڵام بە شێوەیەکی تایبەتمەندانە بە ماناوە خەریک نابێت بەوەی کە جیاوازییە، یان بەوەی لە زۆربەی بەرهەمەکانیدا پەیوەستە بە یاسا قووڵەکان و بنیادە گرنگەکانی دەقە ئەدەبییەکانەوە. یەکێک لە فۆرمالیستەکانی ڕوسیا کە زمانەوانیش بوو، ئەویش (ڕۆمان یاکۆبسن)ـە سەرەکیترین پێوەندی لە نێوان فۆرمالیزم و بنیادگەری نوێی ئەمڕۆدا پێشکەش کرد. یاکۆبسن ڕابەری (ئەڵقەی زمانیی مۆسکۆ) بوو، کە ئەو ئەڵقەیەش لە دەستەیەکی فۆرمالیست پێکهاتبوو، لە ساڵی ١٩١٥ دامەزراو لە ساڵی ١٩٢٠ یاکۆبسن کۆچی کرد بۆ پراگ بۆ ئەوەی ببێتە یەکێک لە گەورەترین تیوردانەرانی بنیادگەری چیک. (ئەڵقەی زمانیی پراگ) لە ساڵی ١٩٢٦دا دامەزراو هەتا هەڵگیرسانی جەنگی دووەمی جیهانی بەردەوام بوو. دوای ئەوە ڕۆمان یاکۆبسن جارێکی تر کۆچی کردو ئەم جارەیان چوو بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، لەوێ لە ماوەی جەنگی دووەمی جیهانیدا ڕووبەڕووی ئەنترۆپۆلۆژیستی فەرەنسی کلۆد لیڤی شتراوس بووەوە، لەو ڕووبەڕوو بوونەوەیەوە پێوەندییەکی فیکری لە نێوانیاندا دروست بوو کە ڕۆڵی بەرچاوی لە پەرەسەندنی بنیادگەری نوێدا بینی.

دەشێ هەژموونی یاکۆبسن لە هەموو شوێنێکی فۆرمالیزم و بنیادگەری چیکی و زانستی زمانی نوێدا هەست پێ بکرێت. ئەوەی یاکۆبسن بەشداری تێدا کردووە، بە تایبەتی بۆ شیعرییەتە، کە ئەو وەک بەشێک لە بواری زانستی زمان دایناوەو بیرۆکەیەک بوو کە پێی وابوو شیعرییەت پێش هەموو شتێک پێکهاتووە لە دانانی زمان لە جۆرێکی دیاری کراو لە پێوەندی خودئاگایی لەگەڵ خۆیدا. ئەرک بینینی شیعرییەتی زمان ئاشکرایی ئاماژەکان بەهێز دەکات و سەرنج بەرەو لای خاسییەتە ماددییەکان ڕادەکێشێت زیاتر لە بەکارهێنانی سادەی ئەو ئاماژانە وەک پێوەندی ڕووبەڕوو بوونەوەیان. لە شیعرییەتدا، ئاماژە لە بابەتەکەی ڕووت دەکرێتەوە، بەوەش پێوەندی ئاسایی نێوان ئاماژەو سەرچاوە دەشێوێنرێت، کە ئەوەش شتێکە بوار بە ئاماژە دەدات ئازادییەکی دیاریکراوی هەبێت بەوەی کە بابەتێکی بەهادارە لە خۆیدا. کۆی پێوەندیکردن بە لای یاکۆبسنەوە شەش ڕەگەز لەخۆ دەگرێت کە بریتین لە: نێرەر، بۆ نێردراو، ئەو پەیامەی لە نێوانیاندا دەڕوات، ئەو کۆدە هاوبەشەی کە وا لەو پەیامە دەکات ڕوون بێت(جێگای تێگەیشتن بێت)، بەریەک کەوتن، یان ناوەندی فیزیکی پێوەندیکردن و چوارچێوەیەک کە پەیامەکەی بۆ دەگەڕێتەوە. هەر یەکە لەم ڕەگەزانە ئەگەری ئەوەی هەیە دەسەڵات بکات بەسەر کردارێکی پێوەندیکردنی دیاری کراودا. زمان لە باری تێڕوانینی نێرەرەوە وەها دەبینرێت کە " هەڵچوون"، یان دەربڕینی بارێکی عەقڵی بێت، بەڵام لە باری تێڕوانینی بۆنێردراوەوە "ئارەزووە"، یان هەوڵدانە بۆ کاریگەرییەک، ئەگەر پێوەندیکردن پێوەندی هەبێت بە ڕەوتەکەوە، ئەوە شتێکی سەرچاوەیی دەبێت، ئەگەر زمان ئاراستە کراو بێت بۆ کۆدەکە خۆی، ئەوە (میتا زمانیی) دەبێت (وەک ئەوەی کاتێ دوو کەس گفتوگۆدەکەن ئەگەر لەیەکتر تێبگەن)، ڕۆیشتنی پێوەندی کردن بە شێوەیەکی گۆشەیی(لار) بەرەو بەریەککەوتن خۆی زۆر باشە(دڵنیاییە-phatic)، (ئەمەش مانای ئەوەیە: باشە، دواجار ئێمە لێرەدا قسە دەکەین). ئەرکی شیعری بەرزو باڵادەست دەبێت، کاتێ پێوەندیکردن جەخت بکاتە سەر پەیامەکە خۆی- واتە کاتێ وشەکان

خۆیان لە تێڕوانینی ئێمەوە لە پێشەنگی گرینگیدانمانن، زیاتر لەوەی کە لە لایەن کەسێکەوە بۆ هەر مەبەستێک و لەهەر بارودۆخێکدا بگوترێن(٣).

دیسان یاکۆبسن بایەخ دەدات بە زۆر جیاکاری شاراوە لەلای دیسۆسۆر لە نێوان خوازە (میتافۆر)و کینایەدا(میتۆنۆم)دا. لە خوازەدا ئاماژەیەک دەگۆڕدرێت بە ئاماژەیەکی تر، چونکە شتێکی هاوشێوەیە لەگەڵیدا. هەڵچوون(سۆز) دەبێتە کڵپە. لە کینایەدا، ئاماژەیەک لەگەڵ ئاماژەیەکی تردا پەیوەست دەکرێت، باڵ پەیوەست دەکرێت لەگەڵ فڕۆکەدا، چونکە باڵ بەشێکە لە فڕۆکە، هەروەها ئاسمان پەیوەست دەکرێت لەگەڵ فڕۆکەدا بەهۆی نزیکی ماددیانەیانەوە پێکەوە. ئێمە دەتوانین خوازە دروست بکەین، چونکە زنجیرەیەک لە ئاماژەمان هەیە کە یەکسانن. هەڵچوون، کڵپە، خۆشەویستی...تاد. کاتێ دەدوێین، یان دەنووسین، ئەوە ئاماژەکان هەڵدەبژێرین، ئەویش لە ڕەهەندە شیاوە یەکسانەکاندا، پاشان پێکەوە کۆیان دەکەینەوە بۆ پێکهێنانی ڕستەیەک. هەرچۆنێک بێت ئەوەی لە شیعردا ڕوودەدات ئەوەیە کە ئێمە لە پرۆسێسی پێکەوە کۆکردنەوەی وشەکان، هەروەها لە هەڵبژاردنیاندا سەرنج دەخەینە سەر یەکسانەکان. ئێمە ئەو وشانە پێکەوە دەچنین کە لە ڕووی سیمانتیکی، یان ئیقاعی، یان دەنگی، یان لە هەندێ ڕێگای ترەوە یەکسانن. لەبەرئەوەیە کە یاکۆبسن دەتوانێت لە پێناسەیەکی بەناوبانگدا، بڵێت : ئەرکی شیعری بنەمای یەکسانبوون لە تەوەری هەڵبژاردنەوە بۆ تەوەری یەکخستن نیشان دەدات(٤). ڕێگایەکی تری گوتنی ئەمە ئەوەیە کە لە شیعردا لێچوون زیاتر دەکرێت لەبەرانبەر لێک نزیکیدا–Contiguity، وشەکان پێکەوە لە پێناوی ئەو بیرۆکانەدا ناچنرێن کە دەیانگوازنەوە، وەک ئەوەی کە لە قسەی ئاساییدا ڕوودەدات، بەڵکو وشەکان پێکەوە دەچنرێن بە جۆرێک کە چاو لەسەر نموونەکانی لێکچوون و دژیەک و تەریببوون و...تاد بێت، کە ئەمانەش بەرهەم دەهێنرێن لەلایەن دەنگ و ماناو ئیقاع و مانای زیادەوە -Con notation. هەندێ شێوازی ئەدەبی، بۆ نموونە پەخشانی ڕیالیستی مەیلی بەلای ئەوەدایە ببێتە کینایە، ئاماژەکان بە هۆی نزیکبوونیان لە یەکترەوە پێکەوە ببەستێت، شێوازی تریش لە جۆری شیعری ڕۆمانسی و سیمبۆلیزم لە ئاستێکی بەرزدا خوازەن (واتە میتافۆر)(٥).

یاکۆبسن و جان مۆکارۆڤیسکی و فیلیکس ڤۆدیکا و کەسانی تریش کە نوێنەرایەتی قوتابخانەی پراگ دەکەن، جۆرێک لە گواستنەوە لە فۆرمالیزمەوە بۆ بنیادگەری نوێ نیشان دەدەن. ئەمان بیرۆکەکانی فۆرمالیستەکانیان فراوان کرد، بەڵام بەشێوەیەکی زۆر چەسپاو ئەو بیرۆکانەیان لە چوارچێوەی زانستی زمانی سۆسۆردا بە سیستم کرد. لە ڕوانینی ئەمانەوە قەسیدە وەک " بنیادی ئەرکی" سەیر دەکرا، کە تێیدا دالەکان و مەدلوولەکان بەهۆی تاکە زنجیرەیەکی ئاڵۆز لە پێوەندییەوە بەڕێوەدەبرێن. پێویستە ئەم ئاماژانە لە بوونی خۆیاندا توێژینەوە بکرێن، نەک وەک ڕەنگدانەوەی واقیعێکی دەرەکی: جەختکردنی سۆسۆر لەسەر پێوەندی هەڕەمەکی نێوان ئاماژەو سەرچاوە، وشەو شت، یارمەتی جیاکردنەوەی دەقی داوە لە دەوروبەرەکەی و بابەتێکی سەربەخۆی لێ دروست کردووە. لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا بەرهەمی ئەدەبی پەیوەست بووە بە دنیاوە بە هۆی چەمکی فۆرمالیستی "بە نامەئلووفکردن"ـەوە. هونەر سیستمێکی ئاماژەی نەریتی دەخاتە باری نامۆبوونەوە و دووری دەخاتەوەو سەرنجی ئێمە لەسەر پرۆسێسی ماددییانەی زمان خۆی چڕدەکاتەوە، بەوەش پەی پێبردنی ئێمە نوێ دەکاتەوە. لە بەهێند وەرنەگرتنی زماندا، ئێمە جارێکی تر بەئاگایی خۆمان دەگوازینەوە. بەهەرحاڵ، زیاتر لە فۆرمالیستەکان، بنیادگەرانی چیک سووربوون لەسەر یەکێتی بنیادی بەرهەمەکە. دەبوو تێگەیشتن لە ڕەگەزەکانی ئەو بەرهەمە وەک ئەرکی یەکەیەکی داینامیکی وەربگیرایە، کە یەک ئاستی دیاریکراو لە ئاستەکانی دەقەکەی تێدا جێبەجێ بکرایە (کە وەک قوتابخانەی پراگ گوتوویەتی ئەویش ئاستی باڵادەست بوایە)، وەک ئەو کاریگەرییە دیاریکراوەی کە شێواندوویەتی، یان هەموو ئاستەکانی تری ڕاکێشاوەتە بواری هێزی تایبەت بە خۆی.

بەم جۆرە بنیادگەرانی پراگ دەشیا وەها دەربکەوتنایە کە تەنیا وەک وێنەیەکی زیاتر زانستییانەی ڕەخنەی نوێ بن. ئەم پێشنیارەش تۆوی ڕاستییەکی تێدایە، بەڵام سەرباری ئەوەی کە بەرهەمی هونەری وەک سیستمێکی داخراو بینراوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو بەرهەمە هونەرییە وەک بابەتێکی پەیوەست بە بارودۆخی کۆمەڵایەتی و

میژووییەوە دانراوە. بەپێی بۆچوونی جان مۆکارۆڤسکی بەرهەمی هونەری وەک تاکە دژی پاشخانێکی تەواو گشتی دەلالەتەکان ناسراوە. ئەویش لەو ڕوانگەیەوە کە لادانێکی سیستماتیکی بووە لە پێوانەی زانستی زمان. لەبەرئەوەی ئەم پاشخانە دەگۆڕێت، بەپێی ئەویش ڕاڤەکردن و هەڵسەنگاندن دەگۆڕێت، لە ئاکامی ئەوەشدا بەرهەمی هونەری دەگاتە خاڵێک کە دەشێ لەو خاڵەدا ئەو بنەمایانەی نەمێنێت کە چیتر بە بەرهەمێکی هونەری تەواو بزانرێت. شتێک نییە کە مۆکارۆڤسکی لە کتێبی " ئەرکی جوانناسی: پێوانەو بەها وەک ڕاستی کۆمەلایەتی" ساڵی ١٩٣٦" گفتوگۆی بکات کە ئەرکی جوانناسی هەبێت بێ لەبەرچاوگرتنی شوێن و کات، یان ئەو کەسەی کە هەڵیدەسەنگێنێت. هەروەک هیچ شتێک بوونی نییە ئەگەر بەرهەمی هونەری ئەو ئەرکە لە بارودۆخی گونجاودا هەڵنەگرێت. مۆکارۆڤسکی جیاوازی دەکات لە نێوان بەرهەمی ماددی هونەری" کە کتێبیکی فیزیکییە و وێنەکێشان، یان پەیکەرتاشی خۆی، لەگەڵ بابەتی جوانناسیدا کە تەنیا لە ڕاڤەکردنی مرۆڤدا بۆ ئەم ڕاستییە فیزیکییە بوونی هەیە.

لەگەڵ بەرهەمی قوتابخانەی پراگدا، زاراوەی بنیادگەری زۆر، یان کەم لەگەڵ زاراوەی سیموتیکدا تێکەڵ دەبێت. سیمۆتیک، یان سیمۆلۆژیا مانای توێژینەوەی سیستماتیکانەی ئاماژەکان، ئەمەش ئەوەیە کە بنیادگەرانی بواری ئەدەبی ئەنجامی دەدەن. زاراوەی بنیادگەری خۆی ئاماژە بۆ میتودێکی بەدواداچوون دەکات، کە دەشێ بەسەر ڕەهەندی تەواوی بابەتەکاندا جێبەجێ بکرێت لە یارییەکانی دوو گۆلییەوە هەتا شێوازەکانی بەرهەمهێنانی ئابووری.

زانستی سیمۆتێک زیاتر بوارێکی تایبەتی توێژینەوە نیشان دەدات، ئەویش بواری ئەو سیستمانەیە کە لەباری ئاساییدا وەک ئاماژەکان دادەنرێن، بۆ نموونە: چامە (قەسیدە)، بانگ کردنی باڵندەکان، نیشانەکانی هاتوچۆ، نیشانە پزیشکییەکان و شتی تریش، بەلام ئەم دوو وشەیە تێکەلاودەبن، لەبەرئەوەی بنیادگەری مامەڵە لەگەڵ هەندێ شت دەکات کە ناشێت ئاسایی وەک سیستمێکی ئاماژەکان بیری لێ بکرێتەوە، هەرچەندە کە هەمان شێوەش بووە -بۆ نموونە پێوەندییەکانی خزمایەتی لە کۆمەڵگەی خێلایەتیدا- لە کاتێکدا کە زانستی سیمۆتیک بە شێوەیەکی بەربلاو میتودەکانی بنیادگەری بەکار دەهێنێت. دامەزرێنەری زانستی سیمۆتیکی ئەمەریکی (س. ئێس. پیرس) سێ جۆرە بنەڕەتی ئاماژەی جیاکردەوە. جۆری ئایکۆنی Iconic- کە لەوێدا ئاماژە شتێک بوو لەوە دەچوو کە دەینواند (بۆ نموونە وێنەیەک کەسێک دەنوێنێت). جۆری پێڕستی، ئاماژەیی Indexical- کە تێیدا ئاماژە شتێکە تێکەڵ دەبێت لەگەڵ ئەوەی کە دەینوێنی (دووکەڵ لەگەڵ ئاگر، زیپکە لەگەڵ سوریژە). جۆری سێیەم: هێمایی Symbolic- وەک ئەوەی دیسۆسۆر دەیڵێت ئاماژە بە شێوەیەکی هەڕەمەکی، یان نەریتی بە سەرچاوەکەیەوە دەبەسترێتەوە. زانستی سیمۆتیک ئەم پۆلێنکردنەو زۆر پۆلێنکردنی تر دەگرێتەوە. زانستی سیمۆتیک جیاوازی دەکات لە نێوان نیشانکردن (Denotation- واتە ئاماژەکە چی دەنوێنێت)، لەگەڵ واگەیاندن (Connotation- ئاماژەی تر کە تێکەڵ دەبێت لەگەڵیدا) لە نێوان کۆدەکان (ئەو بنیادانەی کە یاساکە بەڕێوەیان دەبات و مانا بەرهەم دەهێنن) و ئەو پەیامانەی کە لەلایەن ئەو بنیادانەوە ڕەوانە دەکرێن و جیاوازیکردن لە نێوان نموونە (Paradigmatic واتە کۆمەڵێک ئاماژە کە دەشێ هەریەکەیان ئەوی تریان بنوێنێ) و سینتاگماتیک (کە لەوێدا ئاماژەکان پێکەوە لە زنجیرێکدا پێکەوە دەبەسترێن). زانستی سیمۆتیک لەبارەی میتا زمانەوە دەدوێت، کە تێیدا یەک سیستمی ئاماژە سیستمێکی تری ئاماژە نیشان دەکات (بۆ نموونە پێوەندی نێوان ڕەخنەی ئەدەبی و ئەدەب). ئاماژە فرە ماناکان لە مانایەک زیاترو ژمارەیەکی گەورە لە چەمکی تەکنیکی تریان هەیە. بۆ ئەوەی ببینین کە ئەم جۆرە شیکردنەوەیە لە جێبەجێ کردندا چۆن دەردەکەوێت، دەشێ ئێمە بە کورتی سەیری بەرهەمی نووسەری سیمیۆتیکی سۆڤێتی یۆری لۆتمان بکەین کە ڕابەری ئەو ئاراستەیە بوو کە پێی دەگوترا قوتابخانەی تارتۆ.

**سەرچاوە:**

**Terry Eagleton: Literary Theory, Blacwell, second edition, 1996, pp.79- 88**

# چەمکی داهاتوو لە بۆچوونی کۆمەڵایەتی هاوچەرخ و لە ئەدەبیاتی کۆندا

**محەمەد قاعد**
**لە فارسییەوە: محەمەد ئەحمەدی (ساماڵ)**

**(٢ - ٢)**

٣

ئەزموونە هەستیارییەکان چ جۆرە شتگەلێکن؟ هەست، حاڵەتێک، یان ئاڵوگۆڕی حاڵەتێکە، بەرهەمی ئاڵوگۆڕە کیمیاییەکانی خوێنن، لە ئاکامی دەڵێنی ڕژێنە دەروونییەکانەوە؛ حاڵەتگەلێکی وەک تووڕەیی، سۆز، عیشق، ڕق، ترس و لەو چەشنانە. ئەو حاڵەتانە لە داهێنانی بەرهەمی هونەریدا، تا ڕادەیەک کاریگەرییان هەیە، هەرچەند بەو ڕادەیە نییە کە زۆرجار باسی لێ دەکرێ. داهێنانی هونەری لە پلەی یەکەمدا ئاکامی لێهاتوویی زاتییە و پتریش ئاکامی شێلگیری و وەدەستهێنانی لێزانی و تەمرینە، هەرچەندە هێندێک بابەتی شێتی و حاڵەتە دەوران دەورانەکانی خەمۆکی لە کۆمەڵێک هونەرمەند و نووسەراندا بووەتە هۆی ئەوەی کە ڕۆڵی هەستیاری، دۆزینەوە و ئیلهام، لە ڕادەبەدەر گەورە کراوەتەوە. دۆزینەوە و داهێنانی مادده هۆشبەرە زۆر بە هێزەکان لە سەد ساڵی ڕابردوودا، پتر بووەتە هۆی بەربڵاویی ئەفسانەی موجیزاتی ئیلهام(١٦)، لە ڕۆژگارانی کۆندا تێکەڵاوێکی پیاوبەزێنی وەک تلیاکی تواوەی نێو شەراب(١٧)، تێکهەڵشێلراوێک بوو کە وەک مەنجەنیق، ڕێڕەوانی تەریقەتی هەڵدەهاوێشتە نێو بەستێنی هۆشیاریی گەردوونی و عیرفانی ئاسمانی و تەختی بەرز و مانا و ماددەوە(١٨).

دەبێ ئەم بەشەی بیر و کردەی عیرفانی بە پێوەندیدار لەگەڵ ڕابردوو بزانین، ڕەنگە هۆگرانی ئەمڕۆیی عیرفان، کەسانێک بن بە سەلیقەی تایبەتەوە لە بواری ئەدەبیاتی کۆندا. هۆنەرانی شیعرە نوێ عیرفانییەکانیش، ئەو چەمکانە پتر وەک کلێشە بە کار دێنن و وێناچێ کە هەموویان بۆ گەیشتن بەو دنیایانە، خۆ لە قەرەی ئەزموونی خۆسڕکردنی خۆیان بدەن. خانەقا ئەمڕۆییەکانیش یانە و کلووپن، وەک هەموو یانە و کلووپێکی دیکە.

بەڵام چلۆن دەکرێ، دنیا عیرفانییەکان و تێگەیشتنە دۆزینەوەییەکان بکرێنە بەرهەست؟ ئەگەر داوا لە لێکۆڵەرەوانی عیرفان بکەین کە بەبێ پشت بەستن بە شیعر و دووپاتکردنەوەی هۆنراوەکانی پێشوو، قسەی خۆیان بکەن، کارێکی بێهوودەمان کردووە. لە شیعردا و بە شیعرەوەیە کە باسی عیرفانی مانا دەکرێت و ئەزموونی هەستی عیرفانی دەبێتە شیاوی دەربڕین. وەک چۆن لە بواری چالاکی ڕاوچییاندا، پڵینگی چنگ بە خوێن، هاوتایە لەگەڵ هەستی ترس و ئازایەتی، شیعری

کلاسیکیش لە بواری عیرفاندا، ئامرازێکە بۆ دەربڕینی ئەو شتەی کە مرۆی عیرفانپەروەر ئیدیعا دەکات کە ئەزموونکراوی خودی خۆیەتی.

لەم تێکۆشانەدا لانی کەم، دوو بابەتی گرنگ قوت دەبنەوە. یەکەم: شیعر دەربڕینێکە لە نێو ناخەوە بۆ خوێنەرێکی نەناسراو لە بارودۆخێکی نادیاردا. دەربڕینی شاعیرانە، ورتەورتێکە بەرانبەر بە خۆ و بە دنیا. شیعر بیرکردنەوەیە بە دەنگی بەرز، نەک وتوویژ و لێک تێگەیاندن لە نێوان دوو، یان چەند کەسدا. حافز لە شیعرێکدا دەڵێ: " مەهێڵە رۆژی وەفاتم بە خاک بسپێرن / لە نێو خومێکی شەرابا لە مەیکەدەی رۆنێ"(١٩) ئەمە پەیامێک نادا و ناکرێ وای دابنێین کە ئەوە قسەیەکی تایبەت بۆ کەسێک، یان کەسانێک دەکات، چونکە ئەگەر وا بوایە، لە راستیدا رووبەرووی رستەیەک دەبووینەوە کە فەرمانێکی شیاوی جێبەجێ کردنی لە خۆیدا هەڵدەگرت، بەڵام شاعیری ئەم بەیتە شیعرە لەبارەی تەرمی خۆیەوە وەسیەتێکی سەیر و نەشیاو و بێ مانا ناکات، بەڵکو بە دەنگی بەرز هەستە لە گوتن نەهاتووەکان و وەهمە سرکەکان و چەمکە خێراکانی نێو مێشکی خۆی دەردەبڕێ. قسەی لەو چەشنە ناتوانێ لایەنی گەیاندن و پەروەردە و رازیکردنی تێدا بێت، چ لە لایەن خودی بێژەرەوە و چ لە لایەن کەسێکەوە کە دواتر بیەوێ بە یارمەتی ئەو قسەیە شتێک بسەلمێنێت. هەر بەو شێوەیە، شیعرگەلی درەوشاوەتری حافز، وەک: " عارفێ نێ بە زمانی گوڵی سۆسەن بدوێ/ تا بڵێ چۆنە کە چوو، بۆ بە رەزا هاتەوە باز"(٢٠) رستەیەک نییە کە پرسیارێکی تێدا بێت، بەڵکو دەردە دڵێکی هەستیارانەیە و رامانێکە لە گەڕی تاهەتایی شەو و رۆژدا بەراورد لەگەڵ نەمانی دڵتەزێنی مرۆڤ و داخ و کەسەرێکە بۆ ناپایەداریی هەبوونی مرۆڤ. نە لە ئاکامی گەرمی و ساردی هەوادا خاڵێکی نامۆ وەبەرچاو دەکەوێت و نە دوابەدوای یەکدیدا هاتنی وەرزەکان بەڵایەکی هێند گەورەیە کە پێویست بێ باسیان لێوە بکرێت.

عیرفانخوازان بە دووپاتکردنەوەی بەردەوامی ئەم جۆرە هۆنراوە بە سۆزانە، نە تەنیا کەڵکیان لێ وەردەگرن بۆ راگوێستنی هەستی خۆیان و سەلماندنی ئەوەی کە کۆمەڵێک تێگەیشتنی هاوبەشیان پێکەوە هەیە، بگرە تەنانەت وەک ئامرازێکی یاریدەری فێرکاری بۆ سەلماندنی کۆمەڵێک بیرۆکە لە بارەی دنیا و هەبوونەوە



حافز

لە کاریان دێن، بەڵام شیعر بۆ فێرکردن نییە. بە گشتی حافز لە هۆنینەوەی غەزەلدا، شارەزاتر بووە لە هاوچاخانی ئێمە، بەڵام ناتوانرێ بسەلمێنرێ کە هەستی ئەو لە هەستی ئێمە قووڵتر بووە، یان لە بارەی دنیا و هەبوونەوە لە ئێمەومانانی پتر زانیوە. ئەو جۆرە شیعرانە، درەوشانەوەی هەستن، هەستی رووت، بەبێ هیچ لایەنێکی فێرکاری، سەلمێنەر، یان باوەڕهێنەر. لەبەرکردن و وەک گۆزەی سەروبن داباراندنەوەیان نیشانەی هیچ پێشکەوتنێکی مەعریفەتناسانە و تێگەیشتنێکی قووڵتر نییە لە دنیا. زیاتر لە بەسەرهاتی بەگژداچوون و بەرەنگاربوونەوەی شێر و بەور و پڵەنگ دەچێ لەو بەسەرهاتانەدا کە راوچی پێیان خۆشە بیگێڕنەوە و بەرەنگانیش دڵنیان ئەو جۆرە بەرەنگاربوونەوانە هەرگیز روویان نەداوە. شێرەکانی پێدەشتی ئەدەبیاتی کلاسیک، بلبلانی هۆنەر بوون لە سەردەمی خۆیاندا و لە زەمانێکی دیکەدا کاری خۆیان کرد و رۆیشتن. لە ئەمریکا تیرەیەکی لێیە پێیان دەڵێن، مۆرمۆون. لە سەرەتای کتێبی ئایینەکەیاندا، وێنەیەکی رەنگی چاپ کراوە، کە وێنەی بەردەنووسێکی زێڕە لە سەردەمی داریوشی هەخامەنشی و لە ژێریدا نووسیویانە؛ مۆرمۆونەکان تەختەیەکی زێڕینیان هەبووە، رێک لە

وێنەی ئەم تەختە زێڕینە کە بە داخەوە ون بووە. یانی بەردەنووسی پاشایانی سەردەمی کەونارا دەبێتە برەوی بانگەشەکەرانێکی ئەمڕۆیی کە تەختەی خۆیان بە هۆکارێکی نادیار لێ ون بووە: ئێستا ئەگەر ئێوە پێچەوانەی ئەو شتەش ببینن، باوەڕ بە ڕاستیی ئەم ئیدیعایەش دەکەن.

خاڵی دووەم: پێوەندی و ڕێژەی تێگەیشتنی مرۆڤە لە نەزانینی خۆی. تێگەیشتنی ئێمە لەبارەی دنیاوە، وەک دوورگەیەک وایە لە نێو دەریایەک لە نەزانراوەکان، ئەگەر ئەم خوازە سادەیە وەربگرین، دەتوانین بەو ئاکامە بگەین کە ڕادەی ڕووبەڕووبوونەوە و دەستڕاگەیشتنی ئێمە بە نەزانراوەکان. شیاوە لەگەڵ بەرینایی دوورگەی زانستەکانمان. هەر لەم خوازەیەدا دەتوانین بەستێنی دوورگەی زانیارییەکانمان، بە پرسیارەکانی خۆمان دابنێین، یانی لێواری وێککەوتنی دوو بەستێنی زانیارییەکان و نەزانراوەکان. ڕووبەری بازنە بە لێکدرانی نیوژێکانییەوە و چێوەکەشی بە ئەندازەی نیوژێی لێکدراو لە دوودا گەشە دەکات. لەبەر ئەوە، پێوەندی زانستی مرۆڤ لەگەڵ پرسیارەکانی بەردەوام و پلە پلە بەرینتر دەبێتەوە، بەڵام شکی تێدا نییە کە پرسیارەکانی ئێمەش پەرە دەستێنن. نەزانی بریتییە لەو شتەی کە نایزانین و ناشزانین کە نایزانین (زاراوەی "نەزانینی تێکەڵاو" پێداگرییە لەسەر ئەم پێناسەیە). لە بیرکاریدا دەبێ بە ئەژماری نەزانراوەکان، هاوکێشە هەبێ، کەواتە هەر پرسیارێک هێندێک زانیاریشی تێدایە.

دنیای زانستی و زەینیی مەولەوی لەسەر بناغەی دنیابینیی ئەفلاتوونی – ئەرستۆیی بوو. لەو زەمانەوە تاکو ئێستا زۆر شت بە زانیاری ئێمەوە زیاد بووە، بەڵام پرسیارەکانیشمان بە هەمان ڕێژە زیادی کردووە. بەشێک لە پرسیارەکانی ئەرستۆ – مەولەوی هێشتا هەر بێ وەڵام ماونەتەوە؛ بەشێک لە گریمانەکانیشیان هەروا بایەخی خۆیان ماوە. کاتێک کە عیرفانخوازانی سەردەمی ئێمە بازنەی زانیارییەکانی مرۆڤ بە پێوەری حەوت سەد ساڵ لەمەوبەر دەپێون، بەکردەوە ئەژماری پرسیارە دەربڕاوەکانیش کەم دەکەنەوە: هەموو پرسیارێک دەبێ بنەمایەکی لە زانیارییەکاندا هەبێ، چونکە نەزانی بە هیچ شێوەیەک ناتوانێ بنەمای پرسیار بێت. لەبەر ئەوە لە سەردەمی ئێمەدا، پشت بەستن بە دنیا عیرفانییەکان، وەک ئەوە وایە کە دووربینێکی دووچاوە، بە پێچەوانەوە بە کار بێنین کە ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کە شتە نزیکەکان زۆر دوورتر و بچووکتر ببنەوە لەو شتەی کە هەن. لێهاتوویی و شارەزایی عیرفانخوازانی هاوچاخی ئێمە پتر لە بەدیهێنانی ئەو جۆرە خەتای دیتنە و تێکەڵاوکردنی وێنەی دنیاگەلێکی جۆراوجۆردا کورت دەبنەوە.

کایەی عیرفان بە پشتیوانی شیعر و پشت بەستنی ڕەها بەو جۆرە دەربڕینەوە، دواهاتێکی دیکەیشی هەیە: دژواریی ڕووبەڕووبونەوەی ڕەخنەگرانە لەمەڕ ناوەرۆکی وتەدا دووهێندە دەبێتەوە. دنیابینینی عیرفانی خۆی لەسەر بنەمای تێگەیشتنی دۆزینەوە هەڵبەستراوە. ڕوانگەی دۆزینەوە ئەزموونێکی هەستیارییە بەبێ شێوازێکی دیار و وەرگری ڕەخنە. تێکەڵاوبوونی لەگەڵ شیعر، ڕەخنەگرتن لە ناوەرۆکەکەی نامومکینتر دەکات. (مەبەست ئەوە نییە کە چونکە ڕوانگەی دۆزینەوە بۆ تێگەیشتنی دنیا تەواو نییە، کەواتە خاڵی بەرانبەری، واتە زانستی ڕەهای سەلمێنراو و پۆزێتیڤیستیی ڕووت، هەموو گرفتەکان ڕوون دەکاتەوە. لە بەستێنی زانستدا کۆمەڵێک بنەما و چەمک، تەنانەت بەر لەوەی شیاوی ئەزموون کردن بن، بە پشتیوانی کۆمەڵێک ئەزموونی دیکە، لەسەر کاغەز وەردەگیرێن.)

شیعر هەر لە خۆیدا، دیاردەیەکی پێچەڵاوپێچە، بە قەرار و بڕییە دەروونییەکانی خۆیەوە؛ تەشکێکی وەها ناسک و توێ لە توێداچنراو ناتوانێ ببێ بە بناغەیەکی پتەو بۆ بیناکردنی فەلسەفەی ناسین. ناتوانین بە خوێندنەوەی شیعری حافز، زیاتر و باشتر لەوەی کە تێگەیشتووین، لە دنیا تێبگەین. شیعری حافز دەربڕی هەست و ویست و هەراسانی و داخ و کەسەر و کۆمەڵێک ئەزموونی هەستیارانەی دیکە، بەڵام مێژوو و سیاسەت و دەروونناسی و گەشەی شارستانییەت و سەربردەی ئایینەکان نییە. لایەنی هەستیاری تەنیا بەشێکە لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دنیا. نوقمبوون لەو دنیایەدا کە بە تەواوی هەستیارانەیە و گێژبوون بە ژەهری بەردەوامبوون لە ژێر تەوژمی عیرفاندا، کۆوەبوونی مێشکی مرۆڤ دەشڵەژێنێ و پشت بەستن بە دوو شێوازی ناسینی تەواو لێک جوداواز، درز دەخاتە یەکبوونی مێشکەوە. هەڵبەت عیرفانخوازان دەڵێن وانییە و عیرفان دەبێتە هۆی بەهێزبوونی لەسەر یەکبوونی زەینی تاک بۆ ئەوەی بە پلەی بەرزتر بگات لە تێگەیشینی دنیادا، بەڵام ئەوەی لە ڕاستیدا بەرچاو

دەکەوێت، ئەوەیە کە ئەکتەرانی شانۆ عیرفانییەکان، هەموو باسێکی زانستی، لە دەروونناسی و کۆمەڵناسییەوە بگرە، تا فیزیا و بیرکاری، هەموویان لە توێی مشتێک شیعری کۆندا دەکەنە لەیستۆک بۆ ئەوەی سەرنجی بیسەر ڕابکێشن و تووشی ترس و دڵەڕاوکەی بکەن. ناوەڕۆکی ئەو شیعرانە لە هەموو بوارەکاندا لەگەڵ بنەما تازە و پەسندەکانی ئەمڕۆی خەڵکدا یەک ناگرنەوە.

عیرفانخوازان دەیانەوێ بە خشکە ناوەڕۆکی شیعرەکانی مەولەوی بکەن بە واتای فەرزکراو و بەسەر بیسەریدا بسەپێنن. دنیای مەولەوی دنیای ئەرستۆیی بوو. ئەندازە (هەندەسە)ی سەردەمی ئەرستۆ ئێستاش هەر بایەخدارە، بەڵام زانستە دەروونناسییەکان نا.

فیزیولۆژیی جالینۆسی، کە بناغەی زانستی پزیشکی بوو لە چاخی مەولەویدا، لە قامووسی زانستی ئەمڕۆییدا، وەک باوەڕێکی ئەنتیکە سەیری دەکرێت و گەرمی و ساردی سرشت و زەرداو و گلاراو و بەڵغەم و شتی دیکە، دەچنە خانەی فۆلکلۆرەوە نەک زانست، هەرچەند سەردەمانێک وەک زانست پێناسە کراون. ئەو کایە هۆنراوە واتەییانە هیچ سرێکیان لە خۆ نەگرتووە کە بە درکاندنیان لە زانیاری ئێمە زیاد بکەن. حافز و مەولەوی لە پلەی یەکەمدا شاعیر بوون، بە تایبەت لە دنیابینیی حافزدا، سەرەڕای شیعرە جوانەکانی، پەیکەرێکی ڕێکوپێک لە ڕوانگەی حافزدا نییە کە ببێتە سەر چاوەیەک بۆ تێگەیشتن لە دنیا، بەڵام کەسانێک هەن کە لە مەولەوی شایەد دێننەوە بۆ حافز و لە حافز بۆ مەولەوی. لوودڤیک ڤیتگنشتاین، فەلسەفەزانی پۆزیتیڤیستی نەمسایی دەڵێ، هێندێک هۆکار لەوە دەچن کە بۆ سەلماندنی ڕاستیی هەواڵی ڕۆژنامەیەک، نوسخەیەکی دیکەی هەمان ڕۆژنامە بگرین بە شایەد. لە ڕێچکەی ڕەوتی زانستدا، شاعیران (هەروەها فەیلەسووفانیش) نە هیچ جێگە و پێگەیەکیان هەبووە و نە لە نواندنەوەی وێنەیەکی زانستەکانی سەردەمی خۆیان، کارێکیان لە دەست هاتووە. دەربڕینی عیرفانی، شتێک نییە پتر بێ لە کایەکردن بە واتەکان و ئەدەبیاتی هۆنراوەیی ئێمە سەرانسەر لە ڕووی نووسینەوەیەکی تووتییانەیە. لەم بارەیەوە نابێ شەرم بمان گرێت و خۆ لە ڕاستی لابدەین.

لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕەخنەگرانە لەگەڵ عیرفاندا، پێویست ناکا کە بیسەلمێنین ئێمە لە باب و باپیرانمان



**جەلالەددینی ڕۆمی**

کەمترمان پێویستی بە هەستیاری هەیە، کەواتە، کەمتریش پێویستیمان بە ڕوانگەی عیرفانی هەیە. ئەدیبان و بیرمەندانی کۆنیش تاقمێک منداڵی بلیمەتی زۆر هەستیار نەبوون کە بەر لە خەوتن، ئەفسانەیەک بگێڕنەوە، یان بیستن. هۆشیاریی ئەوانیش بە قەد هۆشیاری لە سەردەمی ئێمە و لە هەموو سەردەمێکی دیکەدا گرنگ بووە.

خاڵی جێگای سەرنج ئەوەیە کە تێگەیشتنەکانی ئەوانیش، وەک هەموو تێگەیشتنەکان لە هەموو زەمانەکاندا، لە ئاسۆی فیکریی سەردەمێکی دیاردا چەقیوە، ئەگەر بۆ گەشەی مرۆڤ لە سەردەمی غارنشینییەوە تا ئەمڕۆ، هێمایەک لە ڕێچکەی گەشەی تاکدا لە بەر چاو بگرین، دەکرێ بڵێین کە عیرفان وەک دنیابینییەکی فەلسەفی، تاریک و ڕوونی نێوان کۆتایی منداڵی و دەسپێکی سەردەمی خۆناسینەوە، ئەو سەردەمەی کە مرۆڤ وردە وردە فێر دەبێ کە دنیای دەوروبەری ئەو تەنیا درێژەی جەستە و زەینی ئەو نییە، بەڵام هێشتا هەر لە ڕوانگەیەکی زۆر عیرفانییەوە چاو لە دنیا دەکات. لەو قۆناغەی گەشەکردندا، یەکەم خۆنواندنی ئەو، یان غەمگین بوونە، یان لە ناخی دڵەوە خۆشحاڵ دەبێت و هەتا قۆناغی وەدەستهێنانی وێنەیەکی بەرچاو

لە خۆی، ڕووبەڕووبوونەوەیەکی نازەینی لەگەڵ دنیا و لە دەرەوە ڕوانین لە خـۆی مـەودایەک هەیە. لە بەراوردێکی هاوشێوەدا، لە نەریتە ئەدەبییـەکاندا، دەکرێ عیرفـان بە قۆناغی ڕۆمانتیزم و تەوەری هەستەکان دابنرێ.

یەکێک لەو قـۆناغـانەی کە کـولتـووری خـۆرئاوا، لە ڕێچکەی تێـــــپـــــەڕین لە قـــــۆناغـی مـنداڵی و خـەیاڵپـەروەرییـەوە بەرەو پێگەیشـتنی فـیکری لێـوەی گـوزەرا، تێپـەڕبوون بـوو لە بۆچوونە چەقبەستووەکانی قوتابخانەی ئەفلاتوون. لە لایەنی هزری کۆمەڵایەتییەوە، قوتابخانەی عیرفانخوازان، برەو بەو تێگەیشتنە دەدات کـە فـامـینی بابەتەکـان لە ڕێگای هۆکـار و توێژینەوە و بەراوردەوە نابێت، بەڵکو تەنیا لە گەیشتن بە چرکەساتی ڕاستەقینەدا وەدیار دەکەوێت. لەبەر ئەوەیە کە عیرفان بە بڵاوکردنەوەی ئەو بانگەشەیە کە ڕاستەقینەیەکی گشتی و تەواو هەیە، بەڵام جارێ لەبەر دەستی ئێـمـەدا نییـە بەکـردەوە دەبێـتـە بەربەست لەسـەر ڕێگای گـەشـەی ئیـــشـــتـیـــای ناسـینی کـۆمـەڵگا و دنیـا لە ڕێگای ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاسـتەوخۆ و دۆزینەوەی قـانووفمەندی هەردووکیانەوە. ئەو کاتەی کەسانێک لەو پێوەندییەدا باسی هێزە بان سروشتییەکان دەکەن و بە سووکی سەیری شێوازەکانی لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی میتوددار دەکەن، لە ڕاسـتیدا پلەی عیـرفان ئەنگاوتەیی خۆیان دەنوێن، ڕەنگە عیرفانخوازانی هاوچاخی ئێمە، ئەم بۆچوونانە بە کەمبایەخ بزانن و بڵێن کە ئەمانە پێوەندییـان بە دنیـا مـانادارەکان و شوناس (معرفت)ی بێ گەردەوە نییـە، بەڵام هەر چییـەک بێ، کـارێکی دژوار و زەحمـەتە کـە بۆچوونی کـۆمـەڵایەتی نهـێن لە نێـو نەریتـە ئەدەبی–عیرفانییەکانی ئێمەدا، تا هەر ڕادەیەک ئارامبەخش و بەسـۆزیش بن، بتـوانن ژیانی هەمـووان و داهاتووەکـەی لەوە باشتر بکەن کە هەیە، یان شێوازێک فێری مرۆڤی ئەمـڕۆ بکەن کـە لە توانایی هەمـوو شـێـوازێکی دیکە بەدەرە.

٤

لە گـۆڕینی ناوەڕۆکی عیـرفـانیی نەریتی ئەدەبی بۆ بۆچوونی کـۆمـەڵایەتیـدا، عـیـرفـانخـوازن بە چاوێکی سـووکـەوە دەڕوانـنە ڕووبەڕووبوونەوە ئەخـلاقـخـوازەکـان لەگەڵ قـوتابخـانەکـەی خۆیان. خۆبواردن لە بێگەردی و داوەربییە سەرانسەر ئەخلاقییەکان، شتێکی خراپ نییە، چونکە ئەو بنەمـایەی لەبەر چاو گـرتووە کـە سـالانێکی دوورودرێژ و جـوداوازی گـەلێکی زۆر لە نێـوان ئێـمـە و سەردەمی سەرهەڵدانی عیرفاندا بوونەتە مەودا.

شـێـوازی ڕوحی، خـۆخـاوێن کـردنەوە، لەبەرچاوگـرتنی هەمـوو لایەک و خـۆبواردن لە دەمـارگـرژی کـۆمـەڵێک سـیـــفـــەتی پۆزەتیــڤن، بەڵام گـرنگ ئەوەیە بزانین لە ڕاهێنانی خـودی عـیـرفـانخـوازاندا، تاکـو چ ڕادەیەک لەبەرچاو دەگیرێن.

بۆ وێنە، ئەو کـــەســـــانەی کـــە لەبارەی ڕەندی (چاونەترسی)ی حـافـزەوە لە هیچ پێداهەڵگوتنێک خۆ نابوێرن، ئاخۆ ئامادەن قبـوولی بکەن کە ئەو کـارەیان بە کردەوە بانگەشەکردنە بۆ جۆرێک هزری کۆمەڵایەتی، کە ڕەندی (چاونەترسی) و ڕوانگـەی بەردەوامی ڕەندێتی (چاونەترسانە) لەبارەی تاک و ڕووداوەکـانەوە، دەتوانێ بانگەشە بێ بۆ ڕوحی خۆلادانی ڕەها لە نییـەتی باش. هەر تـەنیــا لەبارەی ئەو کـەسـانە نەبێ کـە خـۆمـانە و ڕازدارن؟(٢١).

ڕەندی (چاونـەترسی)ی بەردەوام، لە کــــردەوەدا، چ جـوداوازییـەکی لەگـەڵ شک و بێ بـاوەڕی لە بەرانبـەر نییـەت چاکیی دیتراندا هەیە؟ ئەمە مـەترسییـەکی زۆر گـەورەیە کـە چاودێرێکی دڵپیس بەردەوام پێدەکـەنێ بە دڵپاکیی دیتران، خۆی نەتوانێت لە قۆناغی بێ کردەوەیی دەربچـێـت و بگـات بە شـوناسـێکی هاوبەش لەگـەڵ دیتراندا. سەردەمانێک ڕەندی (چاونەترسی) قەڵغانێک بوو لە بەرانبـەر گورزی قورسی حوکمدارانی سارانشین، زاهیـدانی ڕیاکـار و سیـسـتـمی فـیکری و کـۆمـەڵایەتی ئەواندا. سـۆفـیـگەری لە هەمـوو سـەردەم و شـوێنێکدا ئافـەت و بەڵا بوو، بەڵام بە ئازادی بیرکردنەوەی عـارفـانە بە کردەوە هاوسەنگییـەک بوو بۆ پێکهێنانی هاوسەنگی لەگـەڵ شـەریعـەتی فـەرمی کـە پێی خـۆش بوو هەمـوو شـتـێک قـەدەغـە بکات، هەمـوو شـتـێک بە حـەرام ڕابگەیەنێت، مـەگین ئەوەی کـە ئیــزنی حـەڵاڵبـــوون وەربگرێت. ڕەندی (چاونەترسی)ی عـــارفـــانە وەک هەرێـمـێکی ناوبژی وابوو، لە نێـوان گـوشـاری کـوژەری لایەنگرانی پاکی و مـــینبـــەر و شـــۆڕەکـــاتی نەزانیی گـشـتـیـدا، بەڵام ڕێگایەکی وا نەبوو کـە هیچ کـەسـێک پێیدا بە هیچ کوێیەک بگات.

مەحمووودی هوومەن، مامۆستای گیانشادی فەلسەفە، لە یەکـێک لە یەکـەمین تێکۆشانە بە ڕواڵەت ڕژدەکـانی توێژینەوە لەبارەی حافزەوە، هەوڵی دا پێڕستێک لەبارەی پێناسـەکـانی ڕەندی (چاونەترسی)یەوە ڕیز بکات:

"چاوەترسان کۆگای دژبەرانن: لە لایەکەوە سەریان لە ڕازی سروشت دەرهێناوە؛ لە لایەکی دیکەوە، لە هەموو شتێک بێ خەبەرن"(٢٢).

یانی هەر تەنیا وەرگێڕانی چەمکە پێچەڵاوپێچەکانی غەزەلە عیرفانییەکان بە شێوەی پەخشان، هەروەها هەوڵ دەدات: "تەنیا مەرجی ڕەندی (چاوەترسی) ئەوەیە کە کەسەکە هەموو هەواڵەکان ببیستێت و دوای ئەوەی بۆ ماوەیەکی کورت باوەڕیان پێ دەکات، لە ئاکامی لێ وردبوونەوەی قووڵدا، ناڕاستی و بەشکبوونیان هەڵنێ و ڕوویان لێ وەربگێڕێت؛" بەڵام وێدەچێ هەستی کردبێ کە ئەمەش پێناسەیەکی لەسەر یەک و تەواو نییە و پتر لەسەر بنەمای ڕەتکردنەوە ڕاوەستاوە نەک سەلماندن، لە درێژەدا دەنووسێ: "ڕەندی (چاوەترسی) لەگەڵ حاشالێکردن (نیهێلیزم) یەک نین"، پاشان لە شرۆڤەیدا دەڵێ: حاشالێکردنی ڕەندانە (چاوەترسانە) ئاکامی جوولانەوەیە بەرەو ڕێگای گەیشتن بە زانیاری، لە کاتێکدا کە نیهێلیزم بە مانای حاشاکردنە لە شوناس، هەر لە سەرەتای وەڕێ کەوتنەوە. دەکرێ بە ڕوونی ئاکامی ئەو جۆرە بەراوردە نوێباوانە لە ڕووبەڕووبوونەوەی شێوازی بیرکردنەوەی کۆنیان لەو کورتە مێژووە خەیاڵییەدا ببینرێ." ئەگەر قۆناغەکانی ژیانی حافز شی بکەینەوە، دەبینین کە ڕەندی (چاوەترسی)ی ئەو لە سێ قۆناغدا پێگەییوە:

نوێ ڕەندی (چاوەترسی)، کۆنەڕەندی (چاوەترسی) و ڕەندی (چاوەترسی)... تاکو تەمەنی سی، یان سی و پێنج ساڵان نوێ ڕەند بووە... تاکو تەمەنی چل و پێنج ساڵان کۆنەڕەند بووە. قۆناغی ڕەندی (چاوەترسی)ی حافز لە چل و پێنج ساڵانەوە دەست پێ دەکات و تا کۆتایی ژیانی بەردەوام دەبێت"(٢٣) ئەو ژان هەڵگرتووانەی کە بیانەوێ لەو قۆناغە تێپەڕ بن، دەبێ شەرحێک وەسەر یەک بنێن لە ئەزموونەکانی سەردەمانی منداڵی و خانەنشینیی حافز.

ئەو باسەی سەرەوە مشتێکە لە خەرمانێک بۆ هەڵێنجانی ئایدیالۆژیا و دنیابینی لە خەیاڵاتی نێو چەمکە شیعرییەکان و پشت بەستن بە شێوازە تێکەڵوپێکەڵەکان بۆ درێژدادریی لە بابەتێکی وەک ژیانی حافزدا کە کەموزۆر هیچ زانیارییەک لەبارەی ژیانییەوە لەبەردەستاندا نییە. ئێمە نازانین کێ‌یە غەزەلی لە چ تەمەنێکدا نووسیوە، چەند ساڵ ژیاوە (بە گوێرەی قسەکانی خۆی تەمەنی درێژ نەبووە) و چ جۆرە مرۆڤێک بووە.

بەڵام توێژەری بەڕێز دیاریی دەکات کە لە چ تەمەنێکدا نوێ ڕەند بووە و کەی بووە بە کۆنەڕەند. هەر چەند دۆزینەوەی مانای وشە کۆنەکان و پێشنیارکردنی هاوتای ئەمڕۆیی بۆ ئەو واتایانە کارێکی بە سوودە، بەڵام نابێ سەرلەبەری هەموو شێوازی فیکر و ڕوحی خەڵکی سەردەمانی ڕابردوو بسەپێنە نێو قاڵبی وشە و چەمکە ئەمڕۆییەکانەوە. شیکردنەوەی ڕەوتی بەرهەمەکانی هونەرمەندێک دەتوانێ لە شرۆڤەی ژیانی خۆی پتر دەربڕی مەبەست بێ، بەڵام گەڕان لە جوداوازییەکانی سی ساڵان و چل ساڵانی ژیانی حافزدا و داهێنانی زاراوەگەلی وەک نوێ ڕەند و نیمچەڕەند و تەواوڕەند و کۆنەڕەند، تەنیا نوقمبوونە لە خەیاڵپەروەریدا و کەڵک وەرگرتنە لە کۆمەڵێک لەبز وەک کار و کاسبی. هەر لە بنەڕەتدا ناکرێ قۆناغەکانی گەشەی تاکی مرۆڤ لە دنیا کۆن و نوێکاندا وەک یەک سەیر بکرێن. بۆ نموونە لە دنیای کۆندا، مێرمنداڵی، ئەو مانا زۆر گرنگەی نەبووە کە ئەمڕۆ هەیەتی.

لە پێڕستە ڕیزکراوەکەی هوومەندا، تەنانەت سیفەتێکیش وەبەرچاو ناکەوێت کە لە ڕوانگەی خەڵکی ئەمڕۆدا هێندێک نەرێنی بێت. لەو سیفەتانەدا کە کۆمەڵێک ئایین بۆ زاتی توانایی بەرز (خودا) بە زاریاندا هێناوە، سیفەتگەلی ناچارکەر (جبار) ؛ وەک " تووڕە (قاهیر)، زاڵ (مسلط)، ناچارکەر (جبار)" و تۆڵەئەستێن (منتقم) دێنە بەرچاو، بەڵام سیفەتی داخ لە دڵ نابینرێت. کاتێک دەپرسین، چلۆن زاتی باری تەعالایان تاقی کردۆتەوە کە تێگەیشتن خودا تۆڵەئەستێنە و زۆر بە توندیش تۆڵە دەستێنێتەوە، بەڵام بە هیچ شێوەیەک داخ لە دڵ نییە، دەمانگێڕنەوە بۆ سەرچاوەی ئاوەز. لە ئەوپەڕیدا، یانی ئەوەی کە مرۆڤ، دنیا و هەبوون وەک خۆی دەئافرێنێ؛ یانی زمان دەتوانێ ببێ بە گەشتێک بەرزتر لە ئاستی دەلالەتکردن لە چەمکەکان و دەتوانێ ڕێسایەکی نیشانەناسی سەربەخۆ بۆ خۆی دابێنێت کە بە دوای مەدلولدا بگەڕێت. ڕەندی (چاوەترسی)ش یەکێکە لەو سیفەتانەی کە کەسانێک لە کاتێکدا کە لە ئاوێنەی دنیادا چاو لە خۆیان دەکەن، حەز دەکەن ڕەندی لە ڕواڵەتی خۆیاندا بەدی بکەن و بە خەیاڵپڵاو بڵێن کە "حافز تا تەمەنی چل، یان چل و پێنج ساڵان کۆنەڕەند بوو"، چونکە کەسایەتی مرۆڤی ئەم سەردەمە دەکەن بە مۆدیل. سەد ساڵی دیکەیش ڕەنگە

(له خوێندنەوەیەکی نوێدا) سیفەتەکانی تۆڵەئەستێن (منتقم) و ناچارکەر (جبار)یش لە پێرستی تایبەتمەندییەکانی توانایی بەرز بسڕنەوە و بۆ چاونەترسیش کۆمەڵێک تایبەتمەندی خۆی داتاشن، لەوانەیە تاکو ئەو کاتە پێوەرەکانی ئاکاری کۆمەڵایەتی گۆڕابێت.

قوتابخانەی عیرفان بە خەڵکی دەگوت، لە جیاتی ترسان لە خودای تووڕەی بە جەبری فەرمی، دەکرێ هێمای مانایی بەرزترمان خۆش بوێ، خودا ڕاستەقینەیە و ڕاستەقینەش لە نێو دڵماندایە؛ کەواتە بۆ سەلماندنی مافی چێژوەرگرتن لە ژیان، پێویست ناکات، بەرپرس بین و وەڵامی کەسێکی دیکە بدەینەوە و ئەگەر زۆربەی عاقڵان وەها بیر بکەنەوە، یادی خوا لە دڵیاندا دەبێت و دەستی خوا بە سەریانەوە دەبێت. ئەمڕۆ کە ژیانی باو لە بەرانبەر بۆچوونە پیرۆزەکاندا جێگیر دەبێت، بمانەوێ و نەمانەوێ بە فەرمیش دەناسرێت، هەروەها لە بارودۆخێکدا کە بڕیارە هەموو کەسێک لە دارشتنی بیچمی داهاتوی کۆمەڵگای خۆیدا بەشداری بکات، بەشی دووەمی ئەو بۆچوونە وردە وردە دێتە دی. کێشمەکێشی نێوان بیرمەندانی کۆن لەگەڵ زاهیدان و شارەزایانی شەریعەت، لە لای ڕووناکبیری ئەمڕۆیی هەستی نزیکایەتی و هاودەردی ساز دەکات، سەرەڕای هەمووی ئەمانەش، دژوارە کە چاونەترسی و پێکەنین لەبەرانبەر ئیدیعادا، لە ڕێزەی بایەخەکان دابنێین. دنیابینیی لێوڕێژ لە چاونەترسی و چاونەترس بوون دەتوانێ ببێتە هۆی ڕەخسانی کەشێکی پڕ لە دوودڵی و شک لە لای لایەنی بەرانبەر، کە لەو کەشەدا هەموو کەسێک دڵنیایە کە ئەوی دیکە، هەرچی دەیڵێ و هەر کارێکی دەیکات باوەڕی پێی نییە و ئەو شتەی بە ناوی دڵنیاییەوە بەسەر دیتراندا دەسەپێنرێ، هەر وەهمێکی پووچەڵە و هیچی دیکە. کاتێکیش ڕوون بێتەوە کە هەموان شێلگیرانە درۆیان کردووە، چونکە ئەوە هەمان کایەی گشتی و هەمان ئاکارە کە لە هەموان چاوەڕوان دەکرا، هەموو کەسێک شانازی بە خۆیەوە دەکات کە چاونەترسێکی کۆنەکارە، چونکە نە باوەڕیان بە قسەی هیچ کەس کردووە، نە تەنانەت کردەوەی هیچ کەسێکیان بە هێند وەرگرتووە.

لە کۆمەڵگایەکی وەک ئێراندا، کاری باش لەم پێوەندییەدا ئەوەیە کە لە گوژمی چاونەترسی و چاونەترسبوون کەم بکرێتەوە و تاکەکان هان بدرێن کە ڕاستگو بن و نەرم بن و لەگەڵ بارودۆخەکاندا هەڵبکەن. گەلان، لە ماوەی ئەزموونە تاڵە کۆمەڵایەتی و فریودەرانە بەردەوامەکان لە لایەن خراپکارانەوە، فێر دەبن کە زۆر خێرا باوەڕ بە قسەی هەموو کەسێک نەکەن و هێندێک درەنگ باوەڕ بکەن، بەڵام بانگەشەی چاونەترسی لە ئێران، چ لە چوارچێوەی شیعردا، یان بە هەر شێوەیەکی دیکە، وەک شەکراو وایە بکرێ بە گەرووی کەسێکدا، کە زۆری بادەخۆری کردبێت و حاڵی تێکچووبێت. لە کۆتاییشدا، چاونەترسی، هەر ڕازیبوونە بە هەبوونی خوا وەک بەرزترین مانا، لە هەمان کاتیشدا خۆبواردنە لە خۆ بەدەستەوەدانی سەروەریی شەریعەت- یانی دووڕوویی و پێکەنینی تاڵ لە ژێر لێوانەوە.

ڕەنگە کاتی ئەوە هاتبێ کە قوتابخانەی چاونەترسی و گوێ پێنەدان، وردەوردە جێی خۆی بدا بە تۆزێک ڕاستگۆیی و ڕەوانبێژی. دەبێ بۆچوونی ئەم کۆمەڵگایە لە عیرفان بپاڵێورێ و لە ژێر چنگی ئەدەبیاتی هۆنراوەدا ڕزگار بکرێ و بیر لە داهێنانی زمانێک بکرێتەوە بۆ هەڵسەنگاندنی هەموو بیر و بۆچوونەکان، بۆ وێنە چەمکە ئەدەبییەکان. چێژوەرگرتن لە لایەنە هەستیارانە و جوانیناسانەکانی وتە و واتا بە جێی خۆی، بەڵام ئەوەی کە چەمکە چوارچێوەدارەکانی ئەدەبیاتی هۆنراوەی کۆن، بە بەرزتر لە هەموو زانیارییەکانی ئەمڕۆ دابنرێن و هەم ناوەڕۆکی بیرکردنەوە و هەم شێوازی بیرکردنەوەمان بۆ دیاری بکەن، ئەوە بەربەستێکی گەورەیە لەسەر ڕێگای جوولانەوەی هزر لە کۆمەڵگادا.

ڕەوتی بیرکردنەوە و مێژوو و شارستانییەت پڕە لەو ڕێگاچارانەی کە بە چارەسەرکردنی بابەتی بەرسەرنج، بابەتێکی نوێی داهێناوە. بە ئەزموون لێمان ڕوون بۆتەوە کە دەشێ هەموو شتێک لە بارودۆخی نوێدا، ببێ بە دژی خۆی و ئەم ئاڵوگۆڕی هەبوونە بەشێکە لە ڕەوتێک کە ناچارە درێژەدار بێت، مەگین لە زەمانێکدا کە هەموو شتێک ڕاوەستابێت و دنیای ماددیی داهێنراوی مرۆڤ و بۆچوونەکانی لە بێدەنگییەکی هەمیشەییدا بەستبێتی. عیرفان، لە باشترین بواردا، یەکێک لەو ڕێگا چارانە بوو: عەقڵی لە کێشە تاقەتپڕووکێنەکان و بۆچوونیشی لە گوشارە دژوارەکان ڕزگار دەکرد و بواری کورتە حەسانەوەیەکی بۆ لایەنگرانی هەست و شیعر و هونەر دەرەخساند؛ لە خراپترین شیکردنەوەشدا، لێزگەیەک لە وەهم بوو کە ڕەنگە لە ئاکامی داڕووخانی کۆمەڵایەتیدا، بوو بە ماکە. ئەمڕۆ ئەو بۆچوونەی کە ئەو بنەمایانە بە

بەرەودار دەزانێ، نە تەنیا جێگای شکە، بەڵکو پێویستی بە بەرەنگاربوونەوەیەکی ڕژد هەیە.
ئێمە وەک کۆمەڵێک وردەمێروولە واین لە سووچێکی پاپۆڕی گەورەی نێو ئۆقیانووسدا کە بەسەر دەریایەکی بێ بنەتاوە شەپۆلان دەپێوێ. لە نێو ئێمەدا کەسانێک بیریان لە بەسەرهاتەکانی نێو پانتایی پاپۆڕەکە و قووڵایی دەریاکە کردۆتەوە و کەسانێکیش هۆگرانە گوێیان لە بۆچوونەکانی ئەوان ڕاگرتووە.
بەڵام کوا تاکو ئێستا توانراوە ڕێ لەوە بچێت کە بە هۆشترین مێروولەکانیش سەریان لەوە دەرکردبێت کە ئەم پاپۆڕە کەی و لە کێهە بەندەردا لەنگەری ترازاندووە و بەرەو کوێ دەچێ، سووکان لە دەستی کێدایە، لێواری زەریا لە کوێیە، ئەو پاپۆڕەکەی دەگا بە کوێ و ناوی ئەو بەندەرە چییە؟ شکی تێدا نییە کە ئێمە کۆمەڵێک مێرووڵەی هۆشیارین و نابێ ناهومێد بین لە توانایی پێشکەوتنی خۆمان، بەڵام هەر کاتێک بوارمان بۆ دەرەخسێ کە ڕازێکی گەورە ئاشکرا بکەین، لەگەڵ مەتەڵۆکێکی زۆر گەورەتر ڕووبەڕوو دەبینەوە.
یەکێک لە دۆزینەوە گرنگەکانی ئێمە، مێروولە بچووکەکان، لە بواری دنیای بەریندا، تێگەیشتن لەو خاڵە بووە کە ئێمە لەسەر گۆیەک دەژین. تازەترین دۆزراوەی ئێمە ئەوەیە کە گۆیەکەی ئێمە، لە گۆیەکی دیکەدا، گەمارۆ دراوە، کە زۆر زۆر گەورەترە، هەرچەند بەرتەسکە، بەڵام هەرگیز ناگەینە لێوارەکانی، چونکە لەبەر خڕبوونی، بێ بنەتایە، بەڵام نە پەنجا و چوار نامیلکەکەی ئەفلاتوون لە بارەی دابەزین و ڕێنوێنی ڕوحەوە هیچ زانیارییەکی لە بارەی حزوورمان لە نێو پاپۆڕی زەوی و زەریای دنیادا لێ زیاد کردین و نە ئەو خەرمانە شیعرەی کە شاعیرانی ئێرانی لەسەر بنەمای ئەو مەزندانەدا نووسییان. بەرهەمی ئەو داڕشتنە واتاییانە شتێک نەبوو پتر بێ لە دەربڕینی بە سۆزی حاڵەتە هەستیارییەکان. زۆربەی هەرە زۆری ئەو شتانەی کە نووسییان لەسەر بنەمای کۆمەڵێک گریمانە و مەزندە بوو کە لە ڕێگای زمانی عەرەبییەوە لە یۆنان و ڕۆمەوە هاتن:
بەشی جوان و شیرینی ئوستوورەکانیان فرێ دا، چونکە لەگەڵ ئیسلام دانوویان پێکەوە نەدەکوڵا، چەندین سەدە هەر خەریکی چڵ و پۆپە ڕواندن بوون لەو وەهمانەدا کە لە بارەی هەبوونی مرۆڤ و دنیاوە دەدوان کە دواتر لەگەڵ تەسەوف- کە قوتابخانەی پیرۆزی سواڵکەری بوو، ئەویش لە هیندستانەوە هاتبوو- تێکەڵاو بوو، ئیتر چێشتی مجێورێکی لێ کەوتەوە کە جاری وابوو دەیانکردە نێو قاپی مەسنەوی و جاری واش بوو قاڵبی غەزەل، تەنانەت ئەمڕۆش، تێگەیشتن لەو شڵپێتاوە و ناسینەوەی توخمە سەرەکییەکانی، ئەگەر نەشیاو نەبێت، دەتوانین بڵێین کە یەکجار زۆر دژوارە. ئەو شاعیرانە نە هیچ شتێکیان دۆزیبیەوە و نە لە بواری شوناسناسییەوە، سەریان لە هیچ ڕێگایەک دەرکرد. هەموو هونەرەکەیان لە حەکایەتخوانی و شێوازی ڕەوانی دەربڕینیاندا کۆبووەوە کە چەندین سەدەیە ئێمە پێوەی گرفتارین، ئەگەر خاڵێک دۆزرابێتەوە، لە ڕێگای دۆزینەوە و ئەزموون و کەڵەکەبوونی زانستەوە بووە، نەک لە سۆنگەی خەیاڵپەروەرییەوە، داهاتووی ئێمە و بەربنایی دوورە دیمەنەکانی تێگەیشتنی ئێمە، پێوەندی بە ڕادەی سەرکەوتنمانەوە هەیە لە داهێنانی بیرۆکە و ڕوانگە و ئەزمووندا.
ئێمە بەشێک لە کاتی خۆمان بۆ سەرگەرمبوون بە ڕاوەماسییەوە دادەنێین، بۆ ڕابواردن بە سازلێدانەوە، یان بە کۆکردنەوەی تەمرەوە، بە بێ ئەوەی کە لەبەر چاوی بگرین چ شتێک دەکەوێتە دەستمان لە سۆنگەی ئەو جۆرە کارانەوە، بەڵام هەمووی ئەو کارانە بە شێوازگەلێک جێبەجێ دەکەین کە لەگەڵ زانیارییەکانی دیکەمان دژایەتییان نییە. هیچ کەسێک بۆ ڕاوەماسی ناچێ بە تەمای ئەوەی کە ڕۆژێک لە نێو زگی ماسیدا کلیلێکی زێڕین بدۆزێتەوە؛ لەوە ناچێ هیچ کەسێکیش بە تەمای ئەوە بێ کە لە نێو ئەو تەمرانەی کە کۆیان دەکاتەوە، بە هەڵکەوت تووشی تەمرێک بێت کە خەریتەی وشکارۆی ونبوونی ئەتلانتیس بێ. سەیری فیلم و شانۆ دەکەین، بەڵام بە پێی بڕیارێک کە بۆ ماوەی نواندن بشێت. دوای ئەزموونێکی لەو چەشنە، سنووری نێوان ڕاستەقینە و خەیاڵ و وەهمەکان لە مێشکی ئێمەدا، ناچڕژێ و هەموو چالاکییەکان بە مەنتیقێکی هۆشیارانە و لە سەرەوە و لە دەرەوە، یانی لە ڕێگای ئەوپەڕ-زمانەوە هەڵدەسەنگێنین.
چالاکییەکی وەک عیرفانبازی، بە ناچاری دوولەتبوونی مێشکی بەدوادادێ، چونکە زانیارییەکانی ئێمە ڕەت دەکاتەوە و هەڵگری مەنتیقێکی گشتی و بەدەر لە چێوەی زمانی ڕابردووان نییە. ئەوەی کە بەدوای لەتبوونی زەیندا دێ ئەوەیە کە هەر دوو لەتەکەی مێشک، هەم لەتە عیرفانییەکەی و هەم لەتە

ناعیرفانییەکەی، لە بنیاددا لاواز دەبن.

ناکرێ ڕۆژانە لە زانستگا وتارە زانستییەکان بلێینەوە، یان بخوێنین و شەوانەش دڵمان بسپێرین بە نێوان پەردە عیرفانییەکان؛ بەیانی بخوێنینەوە کە دەبێ لە باسە نێوان ڕشتەییەکاندا زۆر هۆشیار بین کە بۆ وێنە، لە پێوەندیدانی بنەماکانی دەروونناسی بە ئابوورییەوە، یان بنەماکانی کۆمەڵناسی بە مرۆڤناسییەوە، بە شێنەیی بین، بەڵام ئێوارێ گوێمان لەوە بێ کە دەڵێ هەمووی ئەمانە ئاوی نێو دیزەیەکن و بە کەوچکی قووڵ هەڵدەهێنجرێن، چونکە عارفانی گەورەی سەدەکانی ڕابردوو وایان کردووە، ئەگەر کاری لەو چەشنە، لە ئەمڕۆشدا، ڕاست و شیاوە، کەواتە دەبێ شێوازە تازەکانی فێرکاری و وانەگوتنەوە و ڕیزبەندی کردنی زانستەکان هەر زۆر بە خێرایی فڕێ بدرێن. لە ناخی هەموو کەسێکدا، مەنتیق و هەستیاری لە ڕووبەڕووبوونەوە و پێکەوەهەڵکردن و گۆڕینەوەدان و (بێجگە لە نەخۆشییە دەروونییە پەشێوحاڵەکان) شەڕێکی نەبڕاوە لە نێوان عیشق و عەقڵدا هەبوونی نییە. زۆربەی ئەوەی کە عیرفانچییانی هاوچەرخ وەسەر یەکی دەنێن، یەکسەر هەڵەوەرییە، هەرچەند لە ڕابردوودا لەبارەی وەها کێشەیەکدا کۆمەڵێک کڵێشە لە برەودا بووە. ئێمە ناتوانین بارودۆخێک بێنینە بەرچاوی خۆمان کە ئەو شارە بەرینانەی ئێستا هەبن، بەڵام هێشتا پێنسیلین نەدۆزرابێتەوە؛ یان دوای چەندین سەدە سووڕانەوە بە دەوری ئەم گۆی زەوییەدا، هێشتا هەر پێمان وابێ کە زەوی تەختە.

قوتابخانەی عیرفانی هاوچەرخ، یان عیرفانی نوێ، دوو چالاکی دژ بەیەک پێکەوە، دەڵێتەوە؛ هەم بیر لەو شتانە بکەینەوە کە نایانزانین، هەم ئەو شتانەی کە دەیانزانین، جارێ وابنوێنین کە نایانزانین. هەوڵی یەکەم لە ڕوانگەی مەنتیقەوە ناشێت و هەوڵی دووەمیش لە ڕوانگەی ئەزموونەوە.

هەر قوتابخانەیەکی کە بە پێچەوانەی بۆچوونی لیۆناردۆ داڤێنشی، پێی وابێ شاگرد بە تۆزی پێی مامۆستاش ناگات، نە تەنیا دواکەوتوو و کۆنەپەرستە، بگرە شتێکی ساختەی درۆزنیشە. لە چێوەی زانستە ڕاستییەکاندا، شاگرد بە گشتی و لە بەراوردی نەوەیەکدا، نەک بە شێوەی تاک لە مامۆستای خۆی پتر دەزانێت و مامۆستاش بە دڵخۆشییەوە، لەو بابەتە ئاگادارە، چونکە هەوڵی داوە بۆ وەدیهێنانی ئەو پێشکەوتنە، پێشکەوتنێک کە نەک هەر تەنیا لەبەر تایبەتمەندی و بلیمەتییەکانی شاگرد، بەڵکو لە بەرەکەتی کەڵەکەبوونی زانستەوە دەستەبەر دەبێ.

نەگەیشتنی شاگرد بە پلەی مامۆستا، یانی ئەوەی کە ئەو خشتەی دابەزینە دوای چەند نەوە لە سفریش پتر ڕۆبچێ و چەندایەتی زانیارییە بەر باسەکان بگات بە ڕادەی نەرێنی- ئەو ڕەوتەی کە پێی دەڵێن داڕووخان.

نابێ چاوەڕوانیمان لەو عارفانەی کە لە ڕاستەقینە ئاسمانییەکاندا نوقم بوون، هەبێت کە سەرنج بدەنە ئەو جۆرە خاڵانە، بەڵام ئەوانەی لە زانستگان، دژوارە بتوانن پاساوێکی جێی باوەڕ بۆ خۆلادان لەو بابەتە بەرچاوانە بخەنەڕوو.

لە هەموو بوارێکدا دەکرێ هەم نموونەی بەرز و هەم نموونەی نزمیش بدرێت بەدەستەوە. لایەنگرانی عیرفانیش دەتوانن بڵێین کە لە بوارە جێی سەرنجەکەی ئەوانیشدا، کارێکی باش و پێویست دەکرێت. کۆمەڵێک هەڵکشان و داکشانی وەک پێکەوە بەکار هێنانی وەرگێڕانی ئینگلیزی شیعرەکانی مەولەوی لەگەڵ مۆسیقای خۆرئاوا و خۆرهەلات و...تاد، دەتوانێ لە نزیکترکردنەوەی کولتوورەکان لەگەڵ یەکدیدا، بە کەڵک بێت، بەڵام سەرەڕای هەموو بناغە ئەدەبی و کۆنەکانی عیرفان، نزیکەی هەموو ئەو دەنگ و هەرایانەی کە لە چاخی ئێمەدا، لە بواری عیرفاندا بەڕێوە دەبرێن، دەکەونە ڕیزی شانۆ و تێپەڕاندنی کات و ڕابواردن و زێن و یووگاوە.

بەیانییەک زوو، زەنازەنا بەرز دەبێتەوە کە مەلەوانێکی بێ هاوتا، دەریای مانا دەپێوێت و بیسەر دەباتە نێو قووڵایی دەریای گیانەوە. تەلەڤزیۆن دەکەیتەوە: دەریا هێندە قووڵە و تۆفان هێندە بە گوڕمە، ئەگەر توند توند خۆت بە دەسکی کورسییەکەتەوە نەگریت، ڕەنگە وەک پاڵەوانی چیرۆکی "سەفەر بۆ نێو دڵی زەوی"ی ژوول ڤێرن سەر لەو سەری گۆی زەوی دەربێنی، تەنانەت لەوسەری کەشکەلان و ئاسمانەکانیش. بەسەر خەون و خەوەنووچکەدا زاڵ دەبیت و پتر چاوت دەکەیتەوە: ماسییەکی بچووک بە شڵپەشڵپ لە مەودایەکی چەند مەتریدا، دەجار و بگرە سەت جار دێت و دەچێ و لە سۆنگەی گوێگرانێکی دەستپەروەردەوە، بە ڕواڵەت دڵنیایە کە تووشی هیچ تۆڕ و داو و بەربەستێک نایەت و هیچ کەسێک لێی ناپرسێت کە مانای ئەو قسانە چییە.

پەنا بۆ حافز دەبەیت: چەند ساڵ لەوەپێش، هەمان چیرۆکمان بۆ بێچووە نەهەنگێک دارشتبوو؛ دەساڵ لەوە پێش بۆ کەسێکی دیکە؛ بیست ساڵ لەوە پێشیش بۆ کەسێکی دیکە. لە راستیدا، ئەوە تەنیا ناو و بیچمی نەهەنگە دەریاییەکەیە کە دەگۆڕدرێ: پاژەکانی دیمەنەکە و رستە و بەیتە شیعرییەکان و شێوازی نواندنەکە و فیلمسازییەکە هەر هەمانە و هەر هەمانیش دەبێت. شۆئەکتەرە عیرفانبازەکانی تەلەڤزیۆن، بە هەنبانەی پڕ لە شیعر و نوکتە و قسەی جوان و نەقڵی خۆشەوە، هەوڵ دەدەن ئەگەر بۆ چەند چرکەش بێت، بینەر رازی بکەن کە ئەو شتەی دەیزانێت و دەشزانێ کە دەیزانێت، لە بیر خۆی بەرێتەوە، بۆ ئەوەی ئەوان بتوانن ئەو قسەی کە خۆشیان نایزانن چییە و بەکاری چی دێت، دەرخواردی بدەن.

بزەی فێنک و لە خۆڕادیوی شۆئەکتەر نیشانەی رادەی سەرکەوتنیەتی لە رازی کردنی ئێمە و ماناندا، بۆ وەرگرتنی شێوازێکی تێکدەری مێشک و تێکڕای هزر. شێوازێکی نازانستی و دژە عەقڵ کە نامانەوێ و نابێ قبوڵی بکەین.

**پەراوێزەکان:**

**١٦- تەنانەت لە ئەمریکای ئەم چەند دەیەی دواییەشدا، قەلەندەرانی نوێ عیرفانیی وەک (ئالێن گینزبێرگ و جەک کرۆواک و ویلیام بارووز)یش کە پێگەیەکی بەرچاویان لە ئەدەبیاتدا وەدەست هێناوە، هەموو شتێکیان لە سۆنگەی خواردنی ئێل ئێس دی-یەوە وەچنگ نەکەوتووە و داهێنانی بەرهەمەکانیان وزە و کاتی تێچووە.**

**١٧- "چ دەرمانێکی ساقی کردە نێو مەی / کە کەس نەیا لە سەر، دەسماڵ و بڕیار" عومەر ساڵحی ساحێب (کۆلیل)، حافز بە کوردی، تاڤگەی ئەوین، زانستگای کوردستان بە هاوکاریی ناوەندیی لێکۆڵینەوەکانی کوردستانناسی، چاپی یەکەم ١٣٩١ی هەتاوی، غەزەلی ژمارە ٢٤٥.**

**١٨- "گەلێک دەرمان و خواردنەوەی هۆشبەر و سەرخۆشکەر لە سەردەمانی کەوناراوە، لە لای کاهینان و عارفان کەرەسەیەک بووە بۆ ئەوەی حاڵەتی لەو جۆرە بە شێوەی دەستکرد ساز بکەن هەم لە خۆیان و هەمیش لە دیتراندا. ئەوەی کە سەرچاوەی ئەو چەشنە دۆزینەوە عیرفانیانە، جۆرێک بۆچوون و خەیاڵاتە، یان جۆرە فێ لێهاتنێکە، یان بۆ وێنە جۆرێک ئاڵۆزیی ڕوحییە کە پێوەندی بە گەڕیانە هەستیارەکانی دەروونی کۆمەڵێک لەو نەخۆشانەوە هەیە، هەڵبەت کە جێگای لێدوانە، بەڵام گومانی تێدا نییە کە هەر چۆنێک بێ ئەو لایەن و دۆزینەوانە، حاڵەتگەلێکن کە بۆ هەموو کەسێک دەست نادەن و ئەو کەسانەی کە لێهاتوویییەکی ڕوحانی تایبەتیان نەبێ، لە تێگەیشتنی ئەو حاڵەتانە بێ نسیب دەبن. ئەو لێهاتوویییە تایبەتە ڕوحانییەی کە ڕەنگە لایەنی نەخۆشیشی هەبێ، بابەتێکە کە سەرچاوەی سەرهەڵدانی بیرۆکەی مەعریفەتە لە لای سۆفیگەری و عارفان و ئەو شتەی کە تاکو ئەو رادەیە هەموو چەشنە جۆراوجۆرەکانی عیرفان لە نێو گەلانی جوداوازی دنیادا لێک دەچوێنێ، لە سایەی هەبوونی ئەو لێهاتوویییە ڕوحانییەتەوەیە". عبدالحسین زرین کوب، ارزش میراث صوفیه (چاپ چهارم، امیرکبیر، ١٣٥٦)، ص٢٨.**

**١٩- عومەر ساڵحی ساحێب (کۆلیل)، حافز بە کوردی، تاڤگەی ئەوین، زانستگای کوردستان بە هاوکاریی ناوەندیی لێکۆڵینەوەکانی کوردستانناسی، چاپی یەکەم ١٣٩١ی هەتاوی، غەزەلی ژمارە ٢٦٣.**

**٢٠- عومەر ساڵحی ساحێب (کۆلیل)، حافز بە کوردی، تاڤگەی ئەوین، زانستگای کوردستان بە هاوکاریی ناوەندیی لێکۆڵینەوەکانی کوردستانناسی، چاپی یەکەم ١٣٩١ی هەتاوی، غەزەلی ژمارە ١٧٤.**

**٢١- نووسەری ئەم وتارە دەڵێ: "بۆ چەمکی (رندی= ڕەندی، ڕێندی) هاوتایەکی باشترم پێ شک نایەت. ئەم واتا پڕ مانایە لە فارسیدا بە (کلبی مسلکی = سەگ ڕەوشتی، سەگ مەزهەبی) مانا کراوەتەوە، کە بۆ خوێنەری ئەمڕۆیی هیچ مانایەکی نییە."**

**٢٢- دکتر محمود هومن، "حافظ چه می گوید"، در حافظ (کتابخانەی طهوری، ١٣٥٣) جلد اول، ص٥٨.**

**٢٣- هەمان سەرچاوە، ص ٣٦٥-٣٦٤.**

**سەرچاوە:**

**محمد قاعد، دفترچه خاطرات و فراموشی و مقالات دیگر، (انتشارات طرح نو، چاپ سوم، ١٣٨٨)، تهران.**

# خانای قوبادی و ڕۆڵی له بنیادنانی مێژووی وەرگێڕان له ئەدەبی کوردیدا

هەردی عومەر حەسەن
(دەربەندیخان)

لەگەڵ پێشکەوتنی کۆمەڵگا و کرانەوەی کۆمەڵ بەسەر دنیای دەرەوەدا، گرنگی زیاتر و بایەخی پتر بەلایەنی وەرگێڕان دەدرێت، ئەمە چەندە بیروهۆشی خوێنەر بەزانیاری و بەرهەمە بیانییەکان دەوڵەمەند دەکات، هەروەها بە بەرهەمە ناودارەکان و خاوەن خەڵاتە تایبەتەکانیش ئاشنایان دەکات، کتێبخانەکانیش زیاتر دەوڵەمەند و بنیادی فیکری زیاتر پتەوتر و تۆکمەتر دەکات. ئەمە بۆ ئێستا بەم شێوەیە، ئەی دەبێ لە ڕۆژانی کۆنی ژیانی کوردەواری و هەژاری کتێبخانەی کوردی و داخران و دەست ڕانەگەیشتن بە بەرهەمی دەرەوە چەندە پێویست و بەبەهابێت، بێ گومان قسەکردن و لێکۆڵینەوە لەسەر شاعیران و ناودارانی کورد، لەمێژووی ئەدەبی کوردیدا، کارێکی هەروا سادە و ئاسان و کردەیی نییە، بەڵکو هەڵگری چەندین ئاڵۆزی و دەرخستنی لایەنە شاراوەکانی ژیانیان و بەرهەمەکانیان، ئەگەر مەحاڵیش نەبێت، ئەوە کارێکی فرە دژوار و سەختە، چونکە مێژووی نووسراوی کوردی تۆمارێکی لاوازە و گەڕان و پشکنین بەدوای ژیان و بەرهەمیاندا بەهۆی نەبوونی سەرچاوەی تایبەتەوە کەم جار هەیە بێ هەڵە و پەڵە بێت و بتوانرێت مافی تەواوی خۆی بدرێتێ.

خۆشبەختانە ئەو لایەنە دیارانەی ژیانی شاعیرانیش کە ئێستا لەبەردەستدان و خوێنەران و نەوەی نوێ سوودی لێ وەردەگرن، بە هەوڵ و ماندووبوونی نووسەران و لێکۆڵەرەوان هاتووەتە بەرهەم، چونکە بەزۆری شاعیران و ئەدیبانی مێژووی کورد ژیان و تەمەنی خۆیان لە بەرهەمەکانیاندا ڕەنگی داوەتەوە و تۆماریان کردوون، ئەمەش پێویستی بەلێکۆڵینەوە و بەدواداچوون بووە بۆ سەلماندنیان.



**خانای قوبادی**

خانای قوبادیش وەک هەر شاعیرێکی دیکەی ناو دنیای ئەدەبی کوردی، بە حوکمی کۆنیی مێژووی سەردەمی ژیانی ئەم شاعیرە، کەمترین سەرچاوە و لێکۆڵینەوەی تایبەتی لەسەر کراوە، بگرە سەرجەمی ئەو هەوڵانەش کە دراون لەئاستی ئەو کەڵەشاعیرە و ئەو ئەستێرە گەشاوەیەی ئاسمانی ئەدەبی کوردیدا نییە و نەتوانراوە سەرجەمی بەرهەمەکانی و دەرخستنی لایەنە شاراوەکانی ژیانی وەک پێویست لەلایەن لێکۆڵەرانەوە شەنوکەو بکرێت.

ئەوەی لێرەدا قسەی لەسەر دەکرێت، هەوڵێکی سەرەتاییە بۆ ناساندنی لایەنێکی بچووکی بەرهەم و هەوڵەکانی خانای قوبادی لە مەسەلەی وەرگێڕانی داستانە گرنگەکانی ئەو سەردەمە، بە تایبەت داستانەکانی شاعیری فارسی (نیظامی گەنجەوی)، لە ئەدەبی فارسیدا لە پاڵ فیردەوسی و سەعدی و حافز دەژمێررێت.. لە ستایشی کارەکانی خانادا نووسەری ناوداری کورد محەمەدی مەلاکەریم دەڵێت: "ئەگەر بەچاوی هەڵسەنگاندنێکی ئەدەبییەوە ئەم بابەتانە بخوێنینەوە بۆمان دەردەکەوێت خانا چۆن هونەرمەندێ بووە و کارەکەی لە جیهانی ئەدەبیدا چ شاکارێکە و مایەی چۆن شانازییەکە بۆ ئەدەبی کوردی".

خانای قوبادی "ناوی (محەمەدی کوڕی قوبادبەگ)ە، لە نەوەی ئەمیرخانە و خانی قوبادییەکان بووە، باوکی خانا (قوبادبەگ) چوار کوڕی هەبووە، بێجگە لە خانا (یووسف ئاغا، شۆڕە بەگ، سەید ئەحمەد بەگ) کەسایەتییەکی حکومڕانی بووە و ناوچەیەکی گەورەی بەدەستەوە بووە، لەهۆزی قوبادی جافی جوانڕۆیە."لە (١٧٠٤ - ١٧٧٨ز) ژیاوە، نازناوی خانا لەشیعرەکانیدا بە (خانا، خانە، خانای خان قوباد، خان بەگ) ناسراوە. لە بنەماڵەیەکی خوێندەوار لەدایک بووە، هەر بە منداڵی خراوەتە بەرخوێندن لای مەلاکانی هەورامان، پاشان چووەتە سنە و فیقهی ئیسلامی خوێندووە، دوای ئەوە گەلێ شوێنی تری کوردستان گەڕاوە و بەدوای خوێندندا، شاعیر و مەلایەکی بەئاگا و شارەزابووە، خانا لەهەموو داستانەکانیدا پەیڕەوی هەمان قاڵبی کردووە، کە شاعیرانی مەدرەسەی ئەدەبی گۆران پەیڕەویان کردووە. "سەردەمی ژیانی خانا، لە قۆناغێکدا بووە کە ئێران، هاوزەمانی قۆناغێکی نائارامی مێژووی ئێرانە، ئەفغان پەلاماری ئێرانیان داوە و کۆتاییان بەزنجیرەی دەسەڵاتی سەفەوی (١٧٢٢ز) هێناوە و لەو دەمانەشدا، ئەمارەتی ئەردەڵان و بابان بە تایبەتی بەشێ بوون لەم شەڕانەو ناوچەکانیشیان مەیدانی هەندێ لە جەنگە خوێناوییەکان بووە و توانیویەتی سامانێکی ئەدەبی گەورە پێکەوە بنێ و کەڵەکە بکات و بەمیراتی بەجێی بهێڵێت."

خانای قوبادی "وەک زۆرێک لە نووسەران و ڕووناکبیران دەڵێن سەرجەم (خەمسەی)نیزامی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی."لەپاڵ ئەمەشدا بەرهەمە شیعرییەکانی خۆی پەرە پێداوەو کۆڵەکەیەکی سەرەکی قوتابخانەی گۆران بووە و"بەرهەمی شیعری خانا بە شێوەیەکی گشتی لە ڕووی ڕوخسارەوە بەسەر دوو هونەری شیعریدا دابەش دەبێت یەکەمیان: لیریکی (گۆرانی). دووەمیان: ڕۆمانی شیعری (چیرۆکی شیعری)ی بووە." لەمەڕ وەرگێڕانی داستانە بەناوبانگەکانی ڕۆژهەڵات لە ئەدەبی فارسی و عەرەبیدا کە لەلایەن شاعیرانی گۆرانەوە بە شیعر هۆنراونەتەوە باو بوون، ئەو بەرهەمە گرنگانەش کە خانا کاری لەسەرکردوون لە ئەدەبی فارسی وەرگیراون و هەندێکیان بەرگێکی کوردییان بەبەردا کراوە لەوانەش(خسرەو و

شیرین، شیرین و فەرهاد، لەیل و مەجنوون، یووسف و زلێخا، سولتان ئیبراهیم و نۆش ئافەرین، ئەسکەندەرنامە...تاد) "دەبێ لەو سەردەمەدا لەهجەی گۆرانی زمانی کوردی لە ئاستێکی بەرزی گەشانەوەدا بووبێ، تا بتوانێت داستانی وا درێژ بەو هەموو بابەتە جیاوازەی پێ بنووسرێت. دەبێت جۆرێک لە پێوەندی ئەدەبی لەنێوان کوردستان و ناوەندە ئەدەبییەکانی ئێراندا هەبووبێت، تا ئەم سەرچاوە گرنگانە بگاتە بەردەستی شاعیری کورد لەو ناوچە شاخاوی و دابڕاوانەدا" گەلێک شاعیری فارسی ئەو کاتە بەگشتی کاریگەرییان لەسەر ئەدەبی کوردی، بەتایبەت لەسەر قوتابخانەی گۆران دیارە". لەم جۆرە داستانانەدا، "بەها بەرزەکانی ڕەوشتی مرۆڤ وەک ڕاستگۆیی، پاکی، جوامێری، لەخۆبران و خۆشەویستی بەرجەستەکراوە." ئەمە بێجگە لەوەی کە دەیسەلمێنێت لایەنی ڕۆشنبیری خانا چەندە بە ڕوخساری بەرهەمەکانییەوە دیارە، تا بتوانێت شاکاری وەها جوان و بەهێز وەرگێڕێتە سەر زمانی شیرینی کوردی.

ئەوەی جێگای هەڵوێستە لەسەرکردنە، ئەم کارانەی خانا کە کردوونی و چەند داستانێکی گرنگی ئەو سەردەمەی لە زمانی میللەتانی دیکەوە بۆ وەرگێڕاوین، کەمترین لێکۆڵینەوەو بایەخی پێ دراوە، چونکە وەک پێویست ئەم کارانەی نەکراونەتە بابەتی لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکانی کتێبخانەی کوردی، بێجگە لەوەش کەمترین زانیاری لەسەر ئەم کەڵە شاعیرە خراوەتە ڕوو.

(خسرەو و شیرین) محەمەدی مەلا کەریم چاپی کردووە، بریتییە لە (٥٥٢٦) بەیت، ساڵی(١١٥٣ک-١٧٤١ز) نووسیویەتی، وەک لەدێڕێکی شیعردا کاتی نووسینی (خسرەو و شیرین)ی دیاری کردووە و دەڵێت:

**رووی دووشەنبەی ذی حجەالحرام**

**هەزار و یەک صەد پنجاو صەد تمام**

ئەم شاکارەی خانا بووەتە ناسنامە و هێمایەک هەر بە ناوهێنانی خسرەو و شیرین قەڵەمی بڕشتی خانا دێتە بیرت و خانای پێ دەناسیتەوە. یەکێک لەو خاڵە جەوهەرییانەی کە هەستی پێ دەکرێت، ئەوەیە خانای قوبادی هەر دەقێکی وەرگرتبێ بە بۆنوبەرامەی فۆلکلۆری کوردی و هونەری ڕازاندنەوەی زمانەوانی کوردییەوە، چێژوخۆشییەکی وەهای پێ داوە کە وەک دەقێکی کوردی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، بیرو ئەندێشەی خوێنەری بەشێوەیەک بەو دەقانەوە ئاڵاندووە کە بۆ ئەو کات، نەک هەر تازە بووە، بەڵکو وەک داهێنانیش تەماشاکراوە، ئەو نووسەر و لێکۆڵەرەوانەی کە گوزەریان بە بەرهەمەکانی خانادا کردووە ئەوەیان پیشان داوە، کە لەتەنیشت وەرگێڕانی ئەو بەرهەمانەدا ویستوویەتی بەرگێکی کوردی، ڕاستتر بڵێین بەرگێکی خانایی لەبەر بکات، بە گوێرەی پەیڕەوی خۆی ڕازاندنەوەو دەستکاری هونەریی کردووە، بۆ ئەوەی وەک بەرهەمێکی کوردییانە قبووڵ بکرێت. حەکیم مەلا سالح دەڵێت: "ئەگەر لەو بەرهەمانەی خانا وەریگێڕاون وردبینەوە، دەبینین کە شێوەی وەرگێڕانەکەی ئەوە نییە، دێڕ بە دێڕ بەدوای نیزامیدا ڕۆشتبێ، بەڵکو ناوەرۆکەکەی لەو وەرگرتووە و بەو شێوەیەی کە خۆی پێی باش بووە دایڕشتووەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا لە گەلێک شوێندا دەقا و دەق بەیتەکانی ئەوی هێناوە، گرنگ ئەوەیە هەردوو شێوازەکە ناوی وەرگێڕانە و مێژوویەکی ئەدەبی بۆ کورد دروست کردووە". محەمەدی مەلا کەریم لە وەسفی ئەم داستانەدا دەڵێت: "خانا بە پیشاندانی دیمەنی جوان و وەسفی ورد و دەربڕ و ڕەوانبێژییانەی گۆشت و دەمار و پێستی پێ پۆشیبێت و خوێنی تێزاندبێ و گیانی کردبێ بە بەردا، ئەوەی ئەم داستانە ئەخوێنێتەوە لە هەستی شانازی خانا بە خۆی، بە کورد، بە کوردستان ئاگادار ئەبێ، بە باوەڕی لە بارەی ستەم و دادپەروەری و جۆری حکومڕانی و ڕژێمی کۆمەڵایەتی ئاشنا ئەبێ، هەڵوێستی دەربارەی ئافرەت، خۆشەویستی، بەسەربردنی ژیان و گەلێ بابەتی تری واوە بۆ دەرئەکەوێت، شارەزای گەلێ سەری ژیانی ناوەوەی دەرباری حکومڕانان و پیلانگێڕانیان و پێوەندی ڕاستەقینەی حکومڕانان و کاربەدەستانی بەردەستیان و جۆری بیرکردنەوەی چینی حکومڕانان ئەبێ، لە فۆلکلۆری جەنگ و ڕاو و ڕابواردن و شایی و شیوەن و گەلێ سەری تری ژیانی چینەکانی سەرەوەی کۆمەڵی کۆنی کوردەواری شارەزا ئەبێ".

دکتۆر مارف خەزنەداریش دەڵێت:"خسرەو و شیرینی خانا بەرهەمێکی ڕەسەن و نوێ و داهێنراوی کوردییە، بێ گومان شاعیر شارەزاییەکی تەواوی لە چیرۆکەکەی نیزامی بووە، لەبەر ئەوەیە لە هەندێ جێگە خانا دەخوێنیتەوە نیزامی دێتەوە یادت، بەڵام بە گشتی لە زۆر جێگە خانا فەزایەکی تازەی دروست کردووە، لای نیزامی

نییـه، بێجگه لەوە، بەلای ئێـمـەوە دیالۆگـەکـانی خـانا هونەروەریتـرن، لەوانەی گـەنجـەوی، چیـرۆکـەکـە بە گشـتی کـوردانـه خـۆی دەنوێنێت، ڕیالیـزم زیـاتر بەوەی خـانـاوە دیاره، لەبەر ئەوە خـسـرەو و شـیـرینی خـانـای قـوبادی دەچێــتــه نـاو بەرزترین بەرهەمی ڕەســەنی داهێنراوی شـیـعـری کـوردییـەوە. بە وشـەی جـوان، ڕسـتـەی پـاراو، تەعبیری ڕازاوە و هەناسەیەکی کوردانە نووسراوەتەوە".

بێ گومان زمـانەکانی فارسی و عەرەبی لەو سەردەمەدا لە لـووتکەدابوون و سـەرجـەمی دەقـەکـان بەو زمـانـانه نووسراون و بۆ شاعیرێک سەخت بووە بتوانێت دەست بۆ وەها کـارێک بـبـات، ئـەمـەش زۆرجار بەخـراپ بەسـەریدا شکاوەتەوە، بۆیە ڕایەک هەیە گـوایه خـانـای قـوبادی بەهۆی وەرگێڕانی قورئانی پیرۆز و کردنی بەشیعر تووشی سـزاو لێـپـێـچـینەوەی کـاربەدەسـتـانی ئەوکـات بووەتەوە، مـاوەیەک لەلایەن دەسـەڵاتدارانی باجەڵانییـەوە زینـدانی کـراوە، وەک دەگـێـڕنـەوە"دەسـتـەیەک مـەلای ئـەو سـەردەمـه بەگـــومـــڕای دەدەنـه قـــەڵـەم، چونـکـه ئـایـەتی قـــورئـانی تێکهـەڵکێـشی شیـعرەکـانی کـردووە." هەوڵی خـانا لەو کـاتەدا بۆ ئەوە بووە لەپاڵ زمـانـەکـانی تر ویـسـتـوویەتی زمــانی شــیــرینی کــوردیش بـبــاتـه ئـەو ئـاســتــەو بـۆیـان بســەلمێنێت کـه زمـانی کـوردی نەک هەر لەئاسـتی ئەو زمانانەدایە، بەڵکو لەوان شـیـرینتـرە وەک لە پێـشـەکی خسرەو وشیرین دا خانا دەڵێ:

ڕاستەن مواچان فارسی شەکەرەن
(ڕاسته کە دەڵێن فارسی شەکرە)
کوردی جە فارسی بەڵ شیرین تەرەن
(بەڵام کوردی لە فارسی شیرینترە)
پەی چێش؟ نەدەوران ئەی دنیای بەدکێش
(لەبەرچی لەم زەمانە ئەی دنیای بەدڕەفتار)
مەظوظە ن هەرکەس بەزوبان وێش
(هەموو کەس شانازی بە زمانییەوە دەکا)
مەعلومەن هەرکەس بەهەر زوبانێ
(ئاشکرایە هەموو کەس بەهەر زمانێک)
بواچۆ نەظمێ بەهەر مەکانێ
(شیعر بڵێ لە هەر جێیەک بێ)
وێنەی عوروسان زێبای موشک چین
(بەسەر بووکی جوانی گوڵاوی بە مێشکی چین)
بکەرۆش جە حوسن عیبارەت شیرین
(بە وتەی شیرین بەسەر جوانی هەڵبڵێ)
خاریج جە مەعنی نەبۆ مەضمونش
(ناوەرۆکی لە دەرەوەی مانا نەبێ)
کریابۆ چون شیعر(جامی) مەوزونیش
(وەک شیعری (جامی) مەوزوون بێ)
جەلای خیرەمەند دڵ پەسەند مبۆ
(لە لای عاقڵ دڵ پەسەند)
شیرین تەر جە شەهد شیرەی قەند مبۆ
(لە هەنگوین شیرینتر شیرەی قەند)
جە عەرصەی دنیای دون بەد فەرجام
(لە سەر عەردی دنیای نزم و ئاخر شەڕ)
بەدەستور نەظم (نیظامی) تەمام
(بە دەستووری شیعری مەقامی نیزامی)
بەلەفظ کوردی، کوردستان تەمام
(بە وشەی کوردی هەموو کوردستانی)
پێش بوان مەحظوظ باقی (والسلام).
(پێی بەختیار بێن باقی وە سەلام)

لە وەسـفی زمـانی کـوردیدا، خـانا ئـامـاژە بەوە دەدات هەروەک چۆن نیـزامی گـەنجـەوی، خـسـرەو و شـیـرینی هۆنیـوەتەوە، منیش بەزمانی شیرینی کوردی دەیهـۆنمەوە، تا تێکڕای خەڵکی کـوردسـتـان لێی بەهرەمـەندبن، خـانا لەو سـەردەمـەدا بە گـیـانێکی نەتەوەیی بەرزەوە لە ئاست بێ نـازی زمــانی کــوردیدا هەوڵی بەپێــشــەنگ دانـانی زمــانی کــوردی داوە، زمــانـیـش شــونـاسی نـەتـەوەیـە، لـە ڕێگەی زمانەوە لایەنی ناسیۆنالیستی خۆی پەرە پێداوە و لەو ڕێگەیەوە ویسـتـوویەتی دەری بخـات کـه زمـانی کـــوردیش وەک هەر زمـــانێکی تـر وەهایەو لەویش شیرینترە". لێرەوە ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت، ئەم شـاعـیـرە زاگـرۆسـیـیـەمـان گـەلێک ژیرتر و عـاقـڵـتـر و بەئەدەبتـر بووە، لەوانەی بە چاوێکی بەرز تەمـاشـای زمانی نەتەوە موسوڵمانەکانی هاوسێی کوردیان کردووە، بەڵام بە چاوێکی نزم تەماشای زمانی کوردییان کردووە، کەچی خانا دان بەوەدا دەنێ فارسی شیرینە، بەڵام کوردی شیرینترە".

ئەگەر سـەرنج لە دەوڵەمەندی وەرگـێـڕانی خـانا بدەین، بۆمـان دەردەکـەوێت ڕۆڵی چەندە بەرزی لە پێشخسـتنی ئەدەبی کوردیدا بینیوە، (خسرەو و شیرین ٥٥٢٦ بەیتە، شیرین و فەرهاد ٢٣٤٠ بەیتە، یووسف و زلێخا ٣٥١٩

بەیتــە، لەیل و مــەجنوون ١٦٤٩ بەیتــە...تاد) ئەم گـەنجـینە گـەورەیەی وەرگـێـڕانی خـاناش هەندێک لە نووسەران بە یەکەم وەرگێڕی کوردی ناوزەد دەکەن، وەک:

**حەکـیـمی مەلا سـالّح:** "خـانا بەم کـارانەی دەبێـتـە یەکـەمین وەرگـێـڕی کـورد و هەم مـێـژووی وەرگـێـڕان لە ئەدەبەکەمـاندا، دەگەڕێنێـتـەوە بۆ نزیکەی سێ سـەد سـاڵ بەر لە ئێستا."

**حەمەڕەشی ئەمینی:** "خانا یەکێک بووە لە یەکـەمین و گـەورەترین وەرگـێـڕانی چیـرۆکـە شـیـعـرییـەکـانی ئەدەبی فارسی بۆ زمان و ئەدەبی کوردی".

**کاروان عـوسمـان خەیات:** "دەتوانین بڵـێین خانا یەکەم وەرگێڕی کوردە و شانازی پێوە دەکەین".

سەرئەنجـام هەرچەندە ئەو چەند ڕایەی سـەرەوە ئاماژەن بۆ یەکـەمی خـانـا لەبواری وەرگـێـڕاندا، دەتوانرێت بڵـێین ئەگەر یەکەم کەسیش نەبێت وەرگێڕانی کوردی کردبێت، ئەوە یەکـێک بووە لەو کـەسـانەی کـە ڕۆڵـی کـاریـگەر و یەکەمیینەکانی بینیوە لە مێژووی وەرگێڕانی کوردیدا و یەکێکە لەو شاعیرە کوردانەی گۆران کە جێ پەنجەی لە دنیـای وەرگـێڕاندا کـەلێنێکی گـەورەی ئەو کـاتەی ئەدەبی کوردی پڕکردووەتەوە. پێوستە لێکۆڵـەران و نووسەرانی تایبەتی ئەم بوارە هەوڵی جددی بدەن بۆ زیاتر ناساندن و سەلماندنی ئەم لایەنە شاراوەیەی ژیانی خانای قوبادی.

**سەرچاوەکان:**


**١- خسـرەو و شیـرین، خانای قوبادی، لێکدانەوەی محـەمەد مـەلا کـەریم، لەچاپکراوەکـانی کـۆڕی زانیـاری کـورد، بەغـدا، ١٩٧٥.**

**٢- بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین، نەوشیروان مستەفا ئەمین، کتێبی یەکەم، الدار العربیة للعلوم- ناشرون، بیروت، ٢٠١٢.**

**٣- سـوڵتـان ئیـبـراهیم و نۆش ئافـەرین، خـانـای قـوبادی، کۆکردنەوەی حەمە ڕەشی ئەمینی، ئاراس، ٢٠١١.**

**٤- یووسف و زلێخا، خانای قوبادی، بووژانەوە و لێکدانەوەی حەکیم مەلا سالح، هەولێر، ٢٠٠٦.**

**٥- بەشـێک لە دیوانی خـانـای قـوبادی، کـاروان عـوسـمـان خەیات(ڕێبین)، چاپی یەکەم، ٢٠١٢.**

**٦- مێژووی ئەدەبی کوردی، د.مـارف خەزنەدار، بەرگی دووەم، چاپی دووەم، ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠.**

**٧- مـێژووی وێژەی کـوردی، صـدیق بۆرەکـەیی(صـەفی زادە)، چاپی یەکەم، ١٣٧٠ه.**

**٨- ئینسـایکلۆپیـدیای گـشـتی، یاسین صـابر صـالح، هەولێـر، ٢٠٠٥.**

# کاریگەریی ئیسلام لەسەر پەندی کوردیدا

تۆفیق کەریم
(سلێمانی)

## پێشەکی

بێ گومان پەندی پێشینان ڕوونترین ئاوێنەی قۆناغە جیاجیاکانی کۆمەڵگای کوردەوارین، لەوردبوونەوە لەو پەندانە، دەتوانین لە بیروباوەڕ و ڕەوشت و ئاکار و هەست و هۆشیاریی باب و باپیرانمان بڕوانین.

ئەگەر سەرنجی وردی پەندی کوردی بدەین و ماناکانیان لێکدەینەوە، دەردەکەوێت زۆربەی هەرە زۆریان لە چواچێوەی ئەوەی کە زانایانی موسڵمان پێی دەڵێن (المقاصد الشرعية) جێگایان دەبێتەوە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر کاریگەریی ئامانجەکانی شەریعەت لەسەر بیر و هۆشی باپیرانمان، ئەگەر بشوترێت مەرج نییە کاریگەریی شەریعەت بووبێت لەسەر ئەو پەندانەی وتراون، بەڵکو هاندان بۆ چاکە و ناشیرین کردنی خراپەیان مەبەست بووە، دەڵێین باشتر، چونکە ئەوە بەڵگەیەکە لەسەر گونجاوی شەریعەت لەگەڵ سروشتە پاکەکان (فطرت الله التي فطر الناس عليها)، هەرچەندە ئەگەر واز لەو ڕاستییەش بهێنین، ئەمەیان گومانی تێدا نییە کە کۆمەڵە پەندێکی زۆرمان هەیە ڕاستەوخۆ کاریگەریی شەریعەتیان بەسەرەوەیە، بە ئاشکرا لە ئایەتێک، یان فەرموودەیەکەوە وەرگیراون.

## پێناسە

ڕاستییەکەی (پەند) و (قسەی نەستەق) (درکە – کنایە) و (حیکمەت)، ئەمانە کێشەی زۆریان لەسەرە، کە چۆن سنوورێکی وایان لە نێواندا دابنرێ کە لە یەکیان جیا بکاتەوە و تا ئێستاش زانایان نەگەیشتوونەتە ڕایەکی وا بتوانرێ هەریەک لەم بەشانە بە تەواوی لەوانی دیکەی جیا بکاتەوە،(١) بۆیە ئێمە تەنیا پێناسەی پەند دەکەین و دەستەواژەکانی دیکە هەر لەو چوارچێوەدا مامەڵەیان لەگەڵ دەکەین.

وەک مامۆستا سەجادی دەڵێت: پەندی پێشینان عیبارەتن لە چەند قسەیەکی کورتی کوردی پێکەوە نووسراون و مەعنایەکی بەرزیان هەیە.(٢) یان پەندی پێشینان: ئەو وتە و ڕستە کورتانەیە کە مانایەکی قووڵ و فراوانیان هەیە و پێشینانمان لە ئەنجامی ئەزموونی خۆیاندا وتوویانە.

تا ئەمڕۆ چەندین لێکۆڵینەوە لەسەر پەندی پێشینان نووسراون و چاپ کراون و هەزاران پەند کۆکراونەتەوە و بە چاپ گەیەنراون، بەڵام زۆری دیکە ماون هێشتا لەسەر زارن و کۆنەکراونەتەوە.

**شایەتی شارەزایانی بوارەکە**

پێش ئەوەی ئەو بوار و نموونانە بهێنمەوە، دەمەوێت چەند پەرەگرافێکی پرۆفیسۆر عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ لەو بارەیەوە بهێنمەوە کە دەڵێت:

«ئەگەر ئەفسانە لە ڕووی ئایینەوە زۆر بیروباوەڕی تیابێت کە بە تەواوی لە ئایینی کۆنی پێش ئیسلامەوە وەرگیرابێت، ئەوا پەندی پێشینان بە تەواوی شەقڵی دەوری موسڵمانبوونی لە لایەکەوە تێدایە..... وەک:

(خاڵۆی دەسەوسان، چ خوای گەرمیان چ خوای کوێستان)، یان (ئەو کەسەی گیان دەدا، ئەو کەسە گیانیش دەسێنێ.)

ئەم پەندانە بە تەواوی ئاوێنەی بڕوای ئیسلامەتییە بە خوایەکی تاق و تەنیا، کە ژیان و مردن و بوونەوەر بە دەست ئەوە، ئەمە تەواو پێچەوانەی ئەو باوەڕەیە کە لە ئەفسانەدا دیمان، باوەڕ بوون بە خوای شەڕ و خوای خێر، کە لە ئایینی کۆنی پێش ئیسلامەوە وەرگیراوە، لەم جۆرە پەندانە زۆرن، وەک: (تا نەینایە تەبەق، نەیوت ئەڵڵاهو سەدەق) لێرەدا مەبەستمان وشەی ئەڵڵاهو سەدەقە، یان کورد دەڵێ: بانگی موحەممەد بە ئاشکرا خۆشە، هەرچەندە ئەم پەندە بۆ ئازایی بەکار دەهێنرێ، بەڵام دیارە کە لە چیرۆکە بە ناوبانگەکەی عومەری کوڕی خەتابەوە وەرگیراوە، یان کورد دەڵێ: (سۆفیلکەی بەرماڵ بە شان، بە ڕۆژ دەگەڕێ کۆڵان بە کۆڵان، بە شەو دێتەوە دەڵێ: (ئەڵڵاهو ئیمان)، دیارە مەبەستیش لێرەدا هەر وشەکەی دواییە.

پەندێکی دیکە دەڵێت: (کە وتی تیژ، تیژ)، ئەمیش ئەوەیە کە کابرایەکی شارەزووری لەویتر دەپرسێ: برا خوا چۆن ئەم دڕکانەی تیژ کردووە؟ ئەویش دەڵێ: (برا کە وتی: تیژ، تیژ) جا ئەمە هەرچەندە لە لێکۆڵینەوەیەکی سادەوە پەیدا بووە، بەڵام تەواو تێگەیشتنی ئەو ئایەتەی قورئانە کە دەفەرموێ:

(إنما أمره إذا أراد شيئا أن يقول له كن فيكون) ياسين (٢٨).

هەندێک پەند هەیە لە پەیڕەوێکی ئیسلامەوە وەرگیراوە، یان دیمەنێکی ژیانی موسڵمانی پیشان دەدەن، وەک دەڵێ: (تا فەرز وەستا بێ، سوننەت حەرامە)، یان کورد دەڵێ: (بوو بە بزنەکەی ئەخفەش)(٢) چیرۆکی بزنی ئەخفەش هەرچییەک بێت، هەیە، بەڵام دیارە کە مەبەست بزنی ئەخفەش، زانای گەورەی نەحوی عەرەبییە، ئەم پەندە تەواو پەندی کاتێکیشە کە کولتووری عەرەب لە ناو کورددا بڵاوبووەتەوە و زادەی بیری مزگەوتی کوردەوارییە، شایانی باسە کە ژیانی مزگەوت و جۆری خوێندن و گوزەرانی تایبەتی مەلا و فەقێ، پەند و قسەی نەستەقی زۆر زۆری هێناوەتە بەرهەم کە لە خانەی پەند و قسەی نەستەقی مزگەوتدا تۆمار دەکرێن.

هەر لەم بارەیەوە چەند پەندێکی دیکە هەیە کە دەبێ لێرەدا بنووسرێن، وەک ئەوەی دەڵێ: (عیسا نەبوو، مووسا بوو، خوا خواداری خۆی هەر دەکرد)، یان وەک دەڵێ: (کەسی بێکەسان هەر خوایە)، ئەم دوو پەندە لە پاڵ جەوهەری قووڵی کۆمەڵایەتییاندا، دەچنە پاڵ ئەو پەندانەی باسی تاک و تەنیایی و بوونی ئەزەلی خوا دەکەن».(٤)

بێجگە لە دکتۆر عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ، ئەو نووسەر و لێکۆڵەرانەی کە لەسەر پەندی کوردی نووسیویانە زۆربەیان ئاماژەیان بە کاریگەریی ئایین کردووە لەسەر دارشتنەوەی پەندی کوردی، لەوانە دکتۆرە شوکریە ڕەسووڵ کە دکتۆراکەی لە یەکێتیی سۆڤێتی جاران بە ناوونیشانی (پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی کوردی) وەرگرتووە، تێیدا دەڵێت: «مەسەلەی ئایین لە پەندی پێشیناندا جێگایەکی دیاری کراوی هەیەو زۆری لەسەر وتراوە، چونکە ئایین کارێکی بەهێزی کردۆتە سەر فراوانکردنی پلەی زانیاریی گەلی کورد، ئەم جۆرە پەندانە بوونەتە قوتابخانەیەکی فراوانی پتەوکردنی بڕوای ئایینی کە لەسەر بناغەی بڕوا بە ژیانی پاش مردن دامەزراوە»(٥).

کۆتایی ئەم باسە بە پەرەگرافێک لە لێکۆڵینەوەیەکی مامۆستا حامید حەمە عەبدوڵڵا دەهێنین لە ژێر ناوونیشانی:

(بەراوردێک لە نێـــوان پەندی کـــوردی و دەقی ئیسلامیدا)، لەو لێکۆڵینەوەیەدا دەڵێت:

بەراوردکردنی هەر بابەتێ دەگەڕێتەوە بۆ مەزەندەکردنی ڕوخسار و ناوەڕۆک، بە شێوەیەکی ئەکادیمی و خاڵی هاوبەش دەکرێتە پێوەریان، تا چەند هاوتابن، ئەوەندە هاوڕاز و هاوڕێبازن، ئەگەر لە ژێر ڕۆشنایی ئەم ڕێسایەدا بەراوردی نێوان پەندی کوردی و دەقی ئیسلامیی بکەین، بە ئاسانی بۆمان دەردەکەوێ، کە پەندی کوردی بە عەزمەوە شوێن پێی ئیسلامیی هەڵگرتووە و ئیمانێکی ڕەهای بە پەند و دەقەکانی هێناوە، بۆ ساغکردنەوەی ئەم بۆچوونەش تەماشای مێژوو دەکەین، کە گەلی کورد لە دێر زەمانەوە چەمک و فەلسەفەی ئیسلامیی کردووەتە کۆگای بیروباوەڕی و ملکەچانە شوێنی کەوتووە، بە شێوەیەکی وا هەرچی وتبێ، یان کردبێ، بە تایبەت پێشینان، لەو کۆگایە بردراوە، ئیتر بە ویستی خۆیان بێ، یان بەویستی خۆیان نەبێ، چونکە جام چی تێدا بێ هەر ئەوەی لێدەڕژێ، بێ گومان جامی ئەقڵی گەلی کوردیش بەگشتیی پڕە لە خوداناسی و باوەڕداری، بۆیە بێ پەروا دەڵێم پەندی کـــوردی ڕژاو و پژاوی ئەو جامەیە.(٦)

### کاریگەریی ئیسلام لە بوارە جیاوازەکانی پەندی کوردیدا

پاش هێنانەوەی چەند پەرەگرافێک لە وتەی شارەزایانی بوارەکە، سەبارەت بە کاریگەریی ئیسلام لەسەر پەندی کوردی بە گشتیی، بۆ زیاتر قووڵبوونەوە، وا باشە پۆلێنی چەند بوارێک بکەین و لەسەر هەریەکەیان کۆمەڵێک نموونە بهێنینەوە، لە ڕادەی کاریگەربوونیان بە ئیسلامەوە، ئەمانەش تەنیا بە نموونە، ئەگەر نا بە دڵنیاییەوە بوارەکان زیاترن لەم چەند بوارەی کە من ڕیزم کردوون، دیارە نموونەکانیش زۆر زیاترن، بەڵام ئەم نموونانە مشتێکن لە خەروارێک.

لە بواری بیروباوەڕدا وەک ئاشکرایە بەشێکی فراوانی قورئان و فەرموودە تایبەتن بە ناساندنی پەروەردگار بە مرۆڤەکان و نیشاندانی سیفەت و دەسەڵاتی، ئەمەش بە یەکەم بنەمای ئیسلام دەژمێردرێت، کە پێویستە هەموو موسڵمانێک بیزانێت، دیارە باپیرانی ئێمەش لەم ڕاستییە گەیشتوون، بۆیە ئەگەر گەشتێک بە ناو پەندی پێشینیاندا بکەین، بە ئاسانی دەبینین بە شێکی زۆری بیروباوەڕی ئیسلام بە پەندێک دەربڕاون، کە لە بنەڕەتدا مانای دەقێکی شەرعین، یان تێگەیشتنی تەواوی باپیرانمانە لە بیروباوەڕ، پاشان دەربڕین و داڕشتنەوەیانە لە چوارچێوەی ڕستەیەکی پڕ مانادا.

ئەمانەی خوارەوە کۆمەڵە پەندێکن لە بواری بیروباوەڕدا، بەرانبەرەکەشیان ئەو دەقە شەرعیانەن کە مەرج نییە لە سەدا سەد تەنیا لەو دەقانەوە وەرگیرابن، بەڵکو وا دیارە لە هاوشێوەی ئەو دەقانەوە وەرگیرابن کە لە قورئان و فەرمووده و وتەی زانایاندا نموونەیان زۆرن و هێندە دەبن کە پوختەی ماناکەیان بەو پەندانە تەعبیریان لێ بکرێت:

١- ئاگای لە خشپەی مار و مێرووە، ئەم پەندە پڕاوپڕ بە مانای ئەو ئایەتە پیرۆزە دێت کە دەفەرموێت: (وإن تجهر بالقول فإنه يعلم السر وأخفى). طه٧(٧).

هەروەها دەفەرموێت: (وأن الله قد أحاط بكل شيء علما) الطلاق١٢.(٨).

٢- ئەو کەسەی گیان دەدا گیانیش دەسێنێ:

قورئانیش دەفەرموێت: (والله يحيي ويميت والله بما تعملون بصير) العمران ١٥٦(٩)، هەروەها دەفەرموویت: (والذي يميتني ثم يحيين) الشعراء ٨٠.(١٠)

٣- ئەوەی لای بەندە خەیاڵە لای خوا بەتاڵە:

قورئان دەفەرموێت: (وما تشاؤون إلا أن يشاء الله رب العالمين) التكوير ٢٩.(١١)

٤- خوا بیدا لە هێلێک دەیدا:

قورئان دەفەرموێت (ومن يتق الله يجعل له مخرجا * ويرزقه من حيث لا يحتسب) الطلاق ٢-٣.(١٢)

٥- خوا دەردیش دەدا و دەرمانیش دەدا:

قورئان دەفەرموویت: (وإذا مرضت فهو يشفين) الشعراء ٧٩.(١٣)

٦- سەری بێ ڕۆزی لە ژێر خاکدایە:

قورئان دەفەرموێت: (كأين من دابة لا تحمل رزقها الله يرزقها وإياكم وهو السميع العليم) العنكبوت ٦٠.(١٤)

٧- خوا یار بێ دوژمن هەزار بێ:

قورئان دەفەرموێت: (كفى بالله وكيلا)(١٥) پێغەمبەری خوا دەفەرموێت:(وأعلم أن الأمة لو أجتمعوا على أن يضروك بشيء لا يضروك ألا بما كتب الله عليك)، واتە بشزانە ئەگەر هەموو خەڵک کۆببنەوە تا زیانێکت لە شتێکدا لێ بدەن، زیانت لێ نادەن مەگەر ئەوە نەبێت خودا لەسەرتی نووسیوە.

٨- کە وتی تیژ، تیژ:

قورئان دەفەرموێت (إنما أمره إذا أراد شيئا أن يقول له كن فيكون) يس٨٢.(١٦)

٩- هەر خوا خوایە دنیا کا و بایە:

قورئان دەفەرموێت: (كل من عليها فان ويبقى وجه ربك ذو الجلال والاكرام) الرحمن ٢٦-٢٧.(١٧)

١٠- خوا یار بێ با شیرت دار بێ:

قورئان دەفەرموێت (قل اللهم مالك الملك تؤتى الملك من تشاء وتنزع الملك ممن تشاء وتعز من تشاء وتذل من تشاء بيدك الخير إنك على كل شيء قدير) آل عمران ٢٦.(١٨)

١١- دەست لە دەست و قوەت لە خوا:

قورئان دەفەرموێت: (كان حقا علينا نصر المؤمنين) الروم ٤٧.(١٩)

ئەم مشتە پەندە بەشێکی کەمن لەو خەروارە پەندانەی کە دیارە پێشینان پاش تێگەشتنیان لە بیر و باوەڕ و دەسەڵاتی پەروەردگاریان دەربان بڕیون، بۆیە لە دارشتنیاندا دەڵێی مامۆستایەکی شارەزان و مانای ئایەتێک، یان فەرموودەیەکیان کردووە.

لە کاتێکدا کە پێش ئیسلام باوەڕی ئاگرپەرستی و زەردەشتی و خوا بە سێیان زانی مەسیحییەت و بتپەرستی و...تاد ئایینی دیکەش هەبوون، کەچی لە ڕووی بیروباوەڕەوە دەبینین بە هاتنی ئیسلام ئەوانە کاریگەرییان سڕاونەتەوە، ئەوەی سەرنجی مێژووی کورد بدات، ڕاستییەک دەبینێت، هەرچەندە میللەتی کوردیش وەک میللەتانی دیکە تووشی شەڕ و شۆڕ و زوڵمکردن و بەزاندنی سنووری شەرعییەکان بوون لە شێوەی: دزی و ڕێگری و فێڵ و...تاد ئەمانە وەک هەر مرۆڤێک تووشیان هاتووە، بەڵام باوەڕی پتەویان بە پەروەردگار هەرگیز لەق نەبووە، ئەگەرچی خەڵتە و شێواویشی تێکەوتبێت.

ئەو باوەڕە پتەوە لە ڕەفتاری خراپەکارەکانیشدا ڕەنگی دابووەوە، تەنانەت کابرای دز لە کاتی دزییەکەشدا هەر پەنای بۆ پەروەردگار بردووە و هاواری لێکردووە، ئەوەش نیشانەی باوەڕداریی باب و باپیرە کوردەکانمانە بە چاک و خراپیانەوە.

**پەراوێزەکان:**

**١- پەندی پێشینان و قسەی نەستەق د. شوکریە ڕەسوڵ ل٤٩.**

**٢- مێژووی ئەدەبی کوردی، عەلائەددین سجادی، بەغدا.**

**٣- بزنەکەی ئەخفەش: ئەخفەش زانایەکی گەورەی نەحو بوو، بەردەوام دەرسی وتۆتەوە، ئەگەر کاتێک فەقێی نەبووبێت بزنەکەی بەستۆتەوە دەرسەکەی لەبەردەمیدا شەرح دەکردەوە و بزنەکەش سەبر سەبر سەری بۆ لەقاندووە و بەدەم کاوێژ و مێش و مەگەز دەرکردنەوە، وەک بڵێی حاڵی بووم و تەعەقولم فەرموو، ئەم نموونەش بە فەقێی تەمبەڵ وتراوە.**

**٤- لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کوردی د.عزەددین مستەفا ڕەسوڵ ل١٢٢-١٢٣- ١٢٤.**

**٥- پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی کوردی د. شوکریە ڕەسوڵ ل٩٧.**

**٦- کاریگەریی دەقی ئیسلامیی لەسەر پەندی پێشینانی کورد، حامد حەمە عەبدول، ل١٤ دەستنووس.**

**٧- ئەگەر دەنگیشت هەڵبڕی، ئەو بە ڕاز و هێدییەکانیش دەزانێ.**

**٨- زانستی خوا هەموو شتی دەور داوە.**

**٩- خودایە کە ژینێ دەدا و دەشمرێنێ و هەر کارێکی ئێوە دەیکەن خوا دەیبینێ.**

**١٠- هەر ئەویشە دەمرێنێ و پاشان زیندووم دەکاتەوە.**

**١١- بە ویستنی خۆشتان نییە مەگەر خودای پەروەرندەی گشت جیهانێ خۆی حەز بکات.**

**١٢- هەرکێش لەخوا بترسێ، دەرووپەکی لێ دەکاتەوە، لەشوێنێکەوە بژێوی بۆ دەنێرێ کە بەخەیاڵیدا نایەت.**

**١٣- ئەگەر تووشی ناساغیش بم هەر خۆی چاکم دەکاتەوە.**

**١٤- ئای کە زۆرن تیرەی ئەو جانەوەرانە بژێو بۆ خۆیان پەنا نادەن، خودا بە ئەوان و بە ئێوەش ڕۆزی دەدات، بۆ خۆی بیسەر و زانایە.**

**١٥- کارسازت هەر خودا بێت بەستە.**

**١٦- هەر گا شتێکی بوێ پەیدا ببێ، بە فەرمان پێی ئێژێ: ببە، هەر دەسبەجێ پەیدا دەبێ.**

**١٧- هەر کێ ژینی لەسەر زەمینە نامێنێ، هەرخودانی خاوەن شکۆی بەرز و بەرێزت دەمێنێ.**

**١٨- بێژە: خوایە ئەی خاوەن هێز و دەسەڵات هەرکەس بۆ خۆت مەیلت لێ بێ دەسەڵاتی پێ دەدەیت و کێش تۆ حەزکەی دەسەڵاتی لێ دەسێنی، هەرکەسێکی وەقەدرخەی و هەرکەسێ زەبوونی بکەی و خۆت دەیزانی، چاکە هەربەدەست خۆتە و تۆ لەسەر هەموو شت توانای.**

**١٩- ئەوی بڕواشیان پێکردن، هەر خۆمان یارمەتیمان دان.**

# نەخشە (پلۆت) لە کورتە چیرۆکدا چییە؟

لە ئینگلیزییەوە: پشتیوان عەلی
(کەلار)


هەموو کورتە چیرۆکێکی چاپکراو نەخشە و چنینی خۆی هەیە، چیرۆکێک کە زنجیرە ڕووداوێکی ڕێکەوتی هەیە، ڕووداوی سەرەتا، ناوەڕاست و کۆتایی تێدایە. هەموو کورتە چیرۆکێکی باش، پاڵنەر، ململانێ، ترۆپک (کلایماکس)، بڕیار و پێکهاتە بنچینەییەکانی کورتە چیرۆکی تێدایە. بەبێ ڕووداوی سەرەکی، نووسەر کورتە چیرۆکی نەنووسیوە.

ئەم نووسینە ئەم لایەنانەی نەخشە (پلۆت) بەسەر دەکاتەوە:

* پێناسەی نەخشە (پلۆت)
* هونەری گێڕانەوە، یان پێکهاتەی نەخشە
* چیرۆک بەرانبەر نەخشە
* پێکهاتەکانی چیرۆک

### پێناسەی نەخشە (پلۆت)

نەخشە، چنین لە کورتە چیرۆکدا چییە؟ زنجیرە ڕووداوێکە چیرۆکەکە دروست دەکات، لە ناویشیدا سەرەتا، ناوەڕاست، کۆتایی هەیە. هەموو چیرۆکێک نەخشەی تایبەت و جیاواز بەخۆی هەیە. لە کورتە چیرۆکی "بنیادنانی ئاگرێک"ی (جاک لەندەن)دا، زنجیرە ڕووداوێکی ڕێکەوت هەیە کە پاڵەوانەکە پێویستە ڕووبەڕوویان بێتەوە کاتێک کە بەناو کەژوکێوەکانی یوکندا سەفەر دەکات. لە کورتە چیرۆکی "ئێڤلین"ی جەیمس جۆیسدا، پاڵەوانەکە دەربارەی زنجیرە ڕووداوێک بیر دەکاتەوە کە لە ڕابردوودا ڕوویان داوە، لە کاتێکدا لە هەوڵ و کۆششدایە بۆ بڕیاردان لە بارەی خۆشەویستی. کۆتا ڕووداو کۆتایی بە چیرۆکەکە دەهێنێت، بڕیاردەدات سواری کەشتییەکە نەبێت کە بۆ ژیانێکی نوێ لەگەڵ



جاک لەندەن

خۆشەویستەکەیدا سەفەر بۆ جێگەیەکی تر دەکات.

دوو جـۆر نەخـشـە هەیە نووسـەر دەتوانێت دروسـتی بکات. یەکـەم جـۆر، نەخشـەی (پلۆت)ی بـوون بەیەک. لەم جـۆرەیاندا چیـرۆکـەکـە ڕاسـتـیـیـە، کـارەکـتـەرێکی سەرەکی و ڕووداوی تێدایە، لە یەک شوێندا ڕوودەدات، هەمـیــشــە لە مــاوەیەکی کــورتی کــاتدا، بۆ نموونە کاتژمێرێک، چەند کـاتژمێرێک، ڕۆژێک ڕوودەدات. بۆ نموونە، لە چیرۆکی "گردەکان هەروەک فیلە سپییەکانن"ی (ئێرنیـست هیـمنگوای)دا، کـورتە چیـرۆکـێکە بناغـەی لەسـەر گـفـتـوگـۆیەک بەسـتـووە کـە لە تاکـە ڕۆژێکدا ڕوودەدات.

دووەم جۆری نەخشە، چنینی ئەوەیە نووسەر دەتوانێت بە نەخشەی زنجیرەیی بنووسێت. لەم جۆرەیاندا چیرۆکەکە کارەکتەری سەرەکی و ململانێی هەیە، ماوەی کاتەکە زیاتر دەخایەنێت. هەمیشە نووسەر تەکنیکی فلاشباک (بیـرکـردنەوە لە ڕابردوو) بەکـاردەهێنێت بۆ پێـدانی زانیـاری پاشـخـان، یان بۆ گـێـڕانەوەی چیـرۆکـەکـە. بۆ نموونە، لە کــورتە چیــرۆکی "مــردن بەهۆی دیمەنی دەشتودەر"ی مارگرێت ئەتهوود چیرۆکێک دەگێڕێتەوە کە لە تـەمـەنی هەرزەکـارییـەوە سـەردەکـێـشێ بۆ تـەمـەنی ناوەڕاست.

هەروەها نەخشە ڕوودانە لە کاتدا، ڕوودانە بە ڕێکەوت و ڕوودانە لە گـێڕانەوەیەکی بەجۆش و سـەرنجڕاکـێشـدا.

چۆن نەخشە (پلۆت) ڕوودانە لە کاتدا؟ کورتە چیرۆک لە کـاتێکی تایبـەتیـدا ڕوودەدات وەک گـفـتـوگـۆیەک، کاتژمێرێک، ڕۆژێک، هەفتەیەک، یان زیاتر. لە ماوەی چوارچێـوەی کـاتەکـەدا، کـارەکـتـەرە سـەرەکـییـەکـە هان دەدرێت بۆ بەدەستـهێنانی هەندێ مـەبەست لەم کـاتەدا ڕووبەڕووی ململانێ، یان تەگەرەکان دەبێتەوە.

چۆن چنین (پلۆت) ڕوودانێکە بە ڕێکەوت؟ کـورتە چیـرۆک بناغـەی لەسـەر زنجـیـرە ڕوودانێکی ڕێکەوت بەسـتـووە، یەک لە دوای یەک، تا کـۆتایی. نـووسـەر پێـویسـتـە چیـرۆکـەکـە لەسـەر بناغـەی هۆ و ئەنجـام بنووسێت. یەکـەم ڕووداو دەبێتە هۆکاری دووەم ڕووداو. دووەم دەبێـتـە هۆکـاری ڕووداوی سـێـیـەم، بەم شـێـوازە بەردەوام دەبێت. ئەگـەر نووسـەر ڕووداوێکی تایبـەتی ناسـاند، پێـویسـتـە پێـوەندییـەکی ڕێکەوتی بە ڕووداوی پێشترەوە هەبێت.

چۆن نەخـشــە (پلۆت) ڕوودانە لە گــێــڕانەوەیەکی کەمەندکێش کردندا؟ هەر کورتە چیرۆکێک بخوێنیتەوە، دەبینیت نووسەر ڕووداوەکان سەرنجڕاکێشانە دەگێڕێتەوە، نیگا بە خوێنەر دەدات و کەمەندکێشی دەکات بۆ ئەوەی لاپەڕە بە لاپەڕە هـەڵی بداتەوە و بەردەوامی بـکات لە خـوێندنەوە. گـێـڕانەوەی چیـرۆکـێک بە شـێـوەیەکی سیـحـراوی و سـەرنجڕاکـێـشـانە، نووسـەر پێـویسـتـە تەکنیکی" پیشاندان" بەکاربهێنێت، نەک بیلێتەوە. کە دیمەنی سەرنجڕاکێش دروست دەکات بۆ زیاتر کەمەندکێش کـردنە. دیمەنەکـە شـوێن، گـفـتـوگـۆ، ڕووداو، زانیـاری دەرخراو لەخۆدەگرێت، لەگەڵ ستایش کردنێکی تایبەتی و دیاردا. کورتە چیرۆک هەمیـشە چەندین دیمەنی تێدایە، هەریەکـێک لەو دیمەنانە دەبێـتە هۆی زیاتر کەمەندکێش کردنی خوێنەر، تا پۆپ (کلایماکس)، یان گۆڕینی بڕیاری چیـرۆکـەکـە، دیمەنەکـە زۆرترین گـێـڕانەوەی بەجـۆش و سەرنجڕاکێشی تێدایە، هەروەها نووسەر پیشاندان دێنێتە ئاراوە بەشــێــوەیەکی کــاریگەربوون، شــارەزایی و کارامەییەکانی کورتە چیرۆک ناگێڕێتەوە کە پێکهاتوون لە ململانێ، کۆسپەکان، ئەگەرونەگەری ڕووداو، هەروەها لەوانەشـە نووسـەر پێش دەرخستن (فـۆشـادەوینگ)،



ولیەم فۆکنەر

گێـڕانەوە ڕابردوو (فـلاشـبـاک)، دەرخـسـتـە لێـڵـەکـان بەکاربهێنێت.

## هونەری گێڕانەوەی کورتە چیرۆک

هەمـوو کـورتە چیـرۆکـێـک هونەری گـێـڕانەوە، یان پێکهـاتەی نەخـشـەی هەیە. هونەری گـێـڕانەوە ئەم پێکهاتانەی خوارەوەی هەیە:

* جۆش بە ڕووداودان
* هەڵکشانی ڕووداو، یان ئاڵۆزی نەخشە
* پۆپ(کلایماکس)، یان بڕیارگۆڕین
* بڕیار

نووسەر بە ڕووداوێکی بەجۆش و سەرنجڕاکێش دەست بە کورتە چیرۆکەکە دەکات، بە ڕووداوێک، کار، بڕیار کە ململانێ دەخولقێنێت، گێڕانەوەی سەرنجڕاکێشانە، پشێوی لە ژیانی کارەکتەری سەرەکیدا، کە دەبزوێنرێت، یان ئارەزوو دەکات کار بکات بۆ بەدەستهێنانی هەندێ مەبەستی تایبەتی. لە کورتە چیرۆکی "گردەکان وەک فیلە سپییەکان"ی (هیمنگوای)دا بەجۆشدانی ڕووداوەکە، دووگیانی پلان بۆ دانەنراوە. لە کورتە چیرۆکی "فیشەک بۆ بریەن"ی (تۆبیەس ئولف)دا، چیرۆکەکە بە ڕووداوێکی بەجۆش دەست پێ دەکات:

"ئەندرێس نەیتوانی بگاتە بانکەکە تا تۆزێک پێش ئەو داخرا، بۆیە هێڵەکە بێ کۆتایی بوو..."

هەمیشە نووسەر گێڕانەوەیەکی نەخشێنراو و کەمەندکێشانە دەهێنێتە ئاراوە بۆ ئەوەی هاوبەشی ڕووداوە بەجۆشەکە لەگەڵ خوێنەردا بکات. بۆ نموونە، لە کورتە چیرۆکی "هەوەسی جووتبوون"ی (سوسان مینۆت)دا، بە ڕووداوێکی بەجۆش و نەخشێنراو دەست پێ دەکات: لیۆ لە ماوەیەکی زۆر پێش ئێستاوە بوو، یەکەم کەس تا ئێستا من بە ڕووتوقووتی بینیبێتم. "

دواتر نووسەر هەڵکشانی ڕووداو، یان یەکێک، یان زیاتر ئاڵۆزییەکانی نەخشە دەناسێنێت. نووسەر ململانێ دەناسێنێت - پیاوێک دژ بەخۆی، پیاوێک دژ بە سروشت، پاڵەوان دژ بە پاڵەوان، ململانێیەکی ڕوحی، هەروەها نووسەر دەتوانێت تەگەرەکان بناسێنێت، کە ڕێگەی لە کارەکتەری سەرەکی دەگرێت لە بەدەستهێنانی مەبەست، یان ئامانجەکەی. بۆ نموونە، لە کورتە چیرۆکی "بنیادنانی ئاگرێک"ی (جاک لەندەن)دا، گەشتیارەکە، کە کارەکتەری سەرەکییە لە چیرۆکەکەدا، ڕووبەڕووی زۆر کۆسپ دەبێتەوە، لە کاتێکدا لە کۆششدایە و ماوەیەکی زۆرە بەناو بەفرە چڕەکەدا بۆ لای خێوەتگەکە ڕێ دەکات. ئێسقان ڕچا، بەفری قووڵ، سەرمابردن، کەوتنەناو بەفرەکە، کەوتنی بەفر بەسەر ئاگری خێوتگەکەدا، شەکەتی، وەڕسی، نەتوانینی دووبارە داگیرسانەوەی ئاگرەکە بە شقارتەکان.

دوای ناساندنی ئاڵۆزی نەخشە، یان هەڵکشانی ڕووداو، نووسەر لوتکە، یان گۆڕینی بڕیار دەنووسێت. ئەمە ئامانجی چیرۆکەکەیە بە زۆرترین گێڕانەوەی بە جۆشوخرۆشترین ڕووداو لە زنجیرە ڕووداوەکاندا کە چیرۆکەکە دروست دەکات. لەوانەیە کارەکتەرە سەرەکییەکە ڕووبەڕووی دوژمنەکەی بێتەوە، بڕیار بدات، چارەیەک بدۆزێتەوە، ئەزموونی دەرخستنی شتە لێڵەکان بکات، یان لە ئاگا لێبووندا بگۆڕێت. لە کورتە چیرۆکی "مردن بەهۆی دیمەنی دەشتودەر"ی (مارگرێت ئەتهوود)دا، گۆڕینی بڕیار دێتەبوون کاتێک کارەکتەری یارمەتیدەر لە گەشتێکی بەلەمی سەوڵدا دیارنامێنێت. لە کورتە چیرۆکی "گوڵ بۆ ئیمیلی"ی (ویلیەم فۆکنەر)دا، گۆڕینی بڕیار دێتەبوون کاتێک کارەکتەری سەرەکی، ئیمیلی، ژەهری جرج دەکرێت، تا بۆ کوشتنی خۆشەویستەکەی

بەکاری بهێنێت، هۆمەر بارەن، دوای ئەوە هۆمەر بڕیار دەدات کۆتایی بە پێوەندییەکە بهێنێت.

دوای ناساندنی گۆڕینی بڕیار، نووسەر بڕیاری یەکلاکەرەوە بۆ چیرۆکەکە دەهێنێت. نووسەر دەتوانێت کۆتایی بە چیرۆکەکە بهێنێت بە کۆتایی پێهێنانێکی والا، یان داخراو. کاتێک چیرۆکەکە بە کۆتاییەکی داخراو کۆتایی پێ دێت، نووسەر بڕیاری چیرۆکەکەی داوە بەهۆی وەڵامدانەوەی پرسیارە وەڵام نەدراوەکانەوە بەبێ پێچوپەنا وتوویەتی، یان لە چیرۆکەکەدا هەیە. هەندێ جار چیرۆکەکە بە مردن کۆتایی پێ دێت. جاک لەندەن کۆتایی بە چیرۆکی "بنیادنانی ئاگرێک" بە مردنی کارەکتەرە سەرەکییەکە هێناوە. ولیەم فۆکنەر کۆتایی بە چیرۆکی "گوڵێک بۆ ئیمیلی"بە مردنی کارەکتەرە سەرەکییەکە هێناوە. نووسەر دەتوانێت چیرۆکەکە بە کۆتاییەکی والا کۆتایی بهێنێت: تۆم بەیلی لە کتێبەکەیدا (نووسین لەسەر کورتە چیرۆکەکان) وتوویەتی"بڕیاردان کۆتایی چیرۆکەکەیە، بەڵام کۆتاییەکی پێویستانە نییە. " کاتێک نووسەر ئەم جۆرە کۆتایی پێهێنانە دەنووسێت، خوێنەر دەهێڵرێتەوە بۆ بیرکردنەوە و تێڕامان، یان بەگۆترە وای دادەنێت دواتر چی ڕوودەدات، دوای ئەوەی چیرۆکەکە کۆتایی هاتووە.

## نەخشە بەرانبەر بە چیرۆک

جیاوازی لە نێوان نەخشە و چیرۆکدا چییە؟ چیرۆک زنجیرە ڕووداوێکی پێکەوە بەستراوە کە چیرۆکەکە دەخوڵقێنن. نەخشەی چیرۆکەکە، لەلایەکی ترە، پرسیار دەکات بۆچی؟ بزوێنی کارەکتەرە سەرەکییەکەی تێدایە بۆ ئەنجامدانی ڕووداو، یان دووبارەکاردنەوە؟ ئەم بزواندن و جۆشدانەش یارمەتی دەدات بۆ دروستکردنی مانا، یان بیرۆکە، توانایی دەداتە خوێنەر بۆ ئەوەی قسە دەربارەی ئەوە بکات چیرۆکەکە چی سەبارەت بە هەلومەرجی مرۆڤ دەڵێت.

## پێکهاتەکانی کورتە چیرۆک

لە کتێبیی "نووسین لەسەر کورتە چیرۆکەکان"ی تۆم بەیلی، گفتوگۆی پێکهاتەکانی کورتە چیرۆک دەکات - کە هاوشێوەیە لەگەڵ ستراکچەری نەخشە، یان هونەری چیرۆک گێڕانەوە، بۆیە پێشنیار دەکات کە ستراکچەری نەخشە، چنین نییە، تەنیا پێکهاتەکانە کە بەشارەزایی و دانایی دادەنرێن، گەڵاڵە دەکرێن لە کورتە چیرۆکدا. ئەم پێکهاتانەش ئەمانەن:

* بزوێن - ئارەزوو و هەوەسی کارەکتەرە سەرەکییەکەیە بۆ قەومانی ڕووداو، دووبارەکارکردن.
* ململانێ - پیاو دژ بە سروشت، پیاو دژ بە پیاو، پیاو دژ بە کۆمەڵگە.
* ترۆپک - بەرزترین خاڵی گرژییە، بەتینترین ڕووداوە، کاتی گۆڕانی چیرۆکەکەیە.
* خستن بەلایەکدا - چیرۆکەکە کۆتایی پێ دێت.

بە پوختی، هەموو کورتە چیرۆکەکان هونەری گێڕانەوە، یان پێکهاتەکانی کورتە چیرۆکیان پێویستە: هاندان، ململانێ، خاڵی گۆڕین، بڕیار. بەبێ ئەم پێکهاتانە، کورتە چیرۆکێکی تەواوت نەنووسیوە.

**سەرچاوە:**

**www.questia.com**

# چاوخشاندنێک بەسەر بنەماکانی وەرگێڕاندا

د. کۆرشی سەفەوی
لە فارسییەوە: ئەحمەد چاک
(بۆکان)

ئەگەر وەرگێڕان بە شێوەی هەڵگەڕاندنەوەی نووسراوەیەک، یان وتەیەک لە زمانێکەوە وەک زمانی دەسپێک بۆ زمانێکی دیکە وەک زمانی مەبەست پێناسە بکرێت، باشترین جۆری وەرگێڕان کاتێک خۆی بەدەستەوە دەدا کە کارتێکەری و کاریگەری ئەم نووسراوەیە، یان ئەم وتەیە لەسەر خوێنەر، یان گوێگری زمانی دەسپێک بۆ خوێنەر و بیسەری زمانی مەبەستیش ڕاگوێزرێ. بە وتەیەکی باشتر، وەرگێڕان بریتییە لە وەرگێڕانەوەی دەقێک لە زمانی سەرچاوەوە بۆ زمانی مەبەست بە کەمترین زیاد کردن و کەمکردنەوە لە ڕوخسار و ناوەرۆکدا.

ئەم پێناسەیە، ئەگەرچی پێناسەیەکی وردبینانە و باشە، بەڵام تەنیا لایەنی تیوری هەیە، چونکە ناتوانین هیچ پەیامێک بەبێ ئاڵوگۆڕ لە ڕوخسار و ناوەرۆکدا لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە ڕاگوێزین.

ئەم بابەتە بۆ پێکهاتەی جیاوازی زمانەکان دەگەڕێتەوە. هەر زمانێک کەڵک لە وشەدانی تایبەتی خۆی وەردەگرێ؛ هەر کام لەم وشانەش واتا، یان واتاکانی تایبەت بە خۆیان هەیە؛ هاونشینی وشەکان لە هەر زمانێکدا پەیڕەوی لە یاساوڕێسای تایبەتی خۆیان دەکەن و لە کۆتاییشدا ئەو ڕستانەی کە لە هەر زمانێکدا بەدی دێن، دەتوانن واتا، یان واتای تایبەتی خۆیان هەبێ کە لە ئاکامی ڕاگواستنی هەر کامە لەم ڕستانەدا بە بێ دەستتێوەردان و سڕینەوەی هێندێک لە تایبەتمەندییەکان، یان زیادکردنی تایبەتمەندییەکانی دیکە، وەرگێڕان نایەتە دی.

بەم شێوەیە لە پەنای وەرگێڕان وەک پیشەیەک کە مێژووی چەند هەزار ساڵەی هەیە، زانستی

«وەرگێڕانناسی»ش بەدی هات هەتا بە تاووتوکردنی تیوری تایبەتمەندییەکانی ئەم بابەتەوە خەریک بێ.

لەو کاتەوە کە جاحیز (جاحظ) لە ناو موسڵمانانداا دەستی داوەتە تاووتوکردنی تایبەتمەندییەکانی وەرگێڕان و ئاراستەکردنی هێندێک بابەت سەبارەت بە وەرگێڕان زیاتر لە هەزار ساڵ تێپەڕیوە و مێژووی هێندێک لێکۆڵینەوەی تیوریش لە ڕۆژئاوادا دەگاتە پێنج سەد ساڵ و دەگەڕێتەوە بۆ ئێتێن دوولەی فەڕەنسی. لە درێژەی ئەم ساڵانەدا بەردەوام باس لەسەر ئەوە بووە کە وەرگێڕانی باش کامەیە؟ ئایا وەرگێڕان دەبێ لە زمانی سەرچاوەوە نیزیکتر بێ، یان لە زمانی مەبەست؟ ئایا دەبێ وشە بە وشە بێ، یان ئازاد؟ چۆن دەتوانین بە دەقی سەرچاوە وەفادار بمێنینەوە؟

بەکارهێنانی لە زێدەی وەرگێڕان، بەتایبەت لەم پەنجا ساڵەی دواییدا، پێویستی داڕشتنی بنەمای زانستیی بۆ وەها کارێک سەلماندووە. ئەوانەی کە خەریکی ئەم ئیشە بوون هەوڵیان دەدا هەتا ئاگادارییان لەسەر ڕێگاچارەی زانستی کێشەی وەرگێڕان هەبێ هەتا بتوانن ئامێرەکانی ئاراستەکردنی وەرگێڕانێکی باش بە شیاوی بەکار بێنن، بەڵام هەتا ئەو کاتە، ئەگەرچی هێندێک بۆچوون سەبارەت بە وەرگێڕان ئاراستە کرابوو، بەڵام هیچ کامیان سەرنجیان نەدابووە نەست و چۆنیەتی وەرگێڕان و بنەمایەکی زانستییان نەبوو. هەتا ئەوەی کە زانستی زمانناسی هاتە یارمەتی و بووە هۆی ئەوەی کە هێندێک هەنگاوی بەپێز لە ڕێگەی دەستەبەرکردنی بنەماکانی وەرگێڕاندا هەڵێندرێتەوە.

لە ڕێگەی زمانناسییەوە دیاری کرا کە داڕشتەی ڕواڵەتی و واتایی زمانەکان لەگەڵ یەکتریدا جیاواز هەیە و توخمەکانی پێکهێنەری هەر زمانێک لە هەموو ئاستەکاندا خاوەنی تەنراوە و نیزامێکی یەکپارچەیە. دیاری کرا کە لە ڕێگەی لێکدانەوەی بەرانبەرییەوە دەتوانین ئاستەکانی جیاوازی دەنگی، وشە و سینتاکسی زمانەکان لەگەڵ یەکتری هەڵسەنگێنین و لایەنی هاوبەش و جیاکەرەوەیان دیاری بکەین.

بەرەبەرە کەرستەی سەرەتایی بۆ تاووتوکردنی زمانناسانە، بە تایبەت لە کێشەکانی وەرگێڕاندا بەکار هاتن و بوونە هۆی خۆیا بوونی زانستێک کە ئەمڕۆ وەرگێڕانناسی پێدەڵێن.

## جۆرەکانی وەرگێڕان

وەرگێڕان لە یەکەم ئاستدا بە سەر دوو جۆری وەرگێڕانی زارەکی و وەرگێڕانی نووسراوەدا پۆلێنبەندی دەکرێ. وەرگێڕانی زارەکی وەرگێڕانی وتەیەکە لە زمانی سەرچاوەوە بۆ زمانی مەبەست، وەرگێڕانی نووسراوە دەگەڕێتەوە بۆ نووسراوە و وەرگێڕانی نووسراوەیەک لە زمانی سەرچاوەوە بۆ زمانی مەبەست. پێوەری بەکارهێنانی یەکێک لەم دوو زاراوەیە پێوەندی بە ئامێری بەکارهاتوو لە زمانی سەرچاوەوە هەیە، لە کاتێکدا کە بە ڕاستی چوار ئیمکانی خوارەوە بوونی هەیە:

- وەرگێڕانی وتەیەک لە زمانی سەرچاوەوە بۆ وتەیەک لە زمانی مەبەست.
- وەرگێڕانی وتەیەک لە زمانی سەرچاوەوە بۆ نووسراوەیەک لە زمانی مەبەست.
- وەرگێڕانی نووسراوەیەک لە زمانی سەرچاوەوە بۆ نووسراوەیەک لە زمانی مەبەست.
- وەرگێڕانی نووسراوەیەک لە زمانی سەرچاوەوە بۆ وتەیەک لە زمانی مەبەست.

دوو جۆری ئەلف و بێ بە لەبەرچاوگرتنی ئەلف وەک چەشنی سەرەکی، نوێنەری وەرگێڕانی زارەکی و دوو جۆری پێ و تێ بە لەبەرچاوگرتنی چەشنی پێ وەک چەشنی سەرەکی نوێنەری وەرگێڕانی نووسراوەن.

هەر کامە لەو جۆرە سەرەکییە خاوەنی تایبەتمەندی تایبەتی خۆیانن و لەگەڵ جۆرەکەی دیکە لایەنی هاوبەش و جیاوازییان هەیە.

## وەرگێڕانی زارەکی

بۆ بەدەستەوەدانی پێناسەیەک لە وەرگێڕانی زارەکی، دەتوانین بڵێین وەرگێڕانی وتەیەک لە زمانی سەرچاوەوە بۆ وتەیەک لە زمانی مەبەست بە شێوەیەک کە کارتێکەری وتەی باسکراو لەسەر بیسەری زمانی سەرچاوەوە ڕاگوێزرێ بۆ بیسەری زمانی مەبەست، وەرگێڕانێکی زارەکی ئاراستە کراوە. وەرگێڕانی زارەکی خاوەنی دوو جۆری سەرەکییە:

ئەلف- وەرگێڕانی هاوکات.

بێ- وەرگێڕانی ناهاوکات.

جیاوازی نێوان ئەم دوو جۆرەی وەرگێڕانی زارەکی لەو

بەشـە لەکاتدایە کە وەرگـێڕ بە ئانقـەست دەیبـڕێ هەتا باشـتـر لەنگەری لەسـەر بگرێت. لە وەرگـێـڕانی زارەکی هاوکاتدا، وەرگێڕ بە تێگەیشتن لە یەک، یان دوو وشەی سـەرەتایی وتەکـە لە زمـانی سـەرچاوەدا، خـەریکی وەرگێڕان دەبێ و بە کەمترین مەودای زەمانی دوای تەواو بوونی وتە لە زمـانی سـەرچاوەدا، وەرگـێڕانەکەی تەواو دەکات. لە وەرگێڕانی زارەکی ناهاوکاتدا، یان دوابەدوادا وتەکـەی زمـانی سـەرچاوە بەش بەش دەکرێ و وەرگـێـڕ دوای تێگەیشتن لە بەشی بەرباس کە زۆربەی جـاران لە ڕسـتـەیەک زیاترە، لە کـاتی ڕاوەسـتـانی بێـژەردا، وەرگـێڕاوی ئەو بەشـەی وتەکە لەبەردەست گـوێگر، یان گـوێگرەکـان دادەنێ، ئەگـەری بەکـار هێنانی وەرگـێڕانی هاوکـات پێـوەندی بە تەکـووزی وشـەکـانی دوو زمـانی سەرچاوە و مەبەستەوە هەیە.

بۆ باشتر تێگەیشتن لەم بابەتە، دەتوانین لە دوو زمانی ئینگلیـزی و فـارسی وەک زمـانی سەرچاوە و مـەبەست نموونە بهـێنینەوە. زمـانی ئینگلیـزی خـاوەنی تەکـووزی بنەمـایی svoیە. بەم شـێـوەیە کـە لە داڕشـتـەی باوی ڕستـەکانی ئینگلیـزیدا سـەرەتا بکەر s، دواتر کار v و دوای ئەو بەرکار o دێتە ناوەوە:

I hit the boy

s v o

بە هەڵسـەنگاندنی تەکـووزی بنەمـایی ڕسـتـەکـانی ئینگلیزی لەگەڵ فارسیدا کە خاوەنی تەکووزی بنەمایی sovیە دەتوانین ببینین کە وەرگێڕانی ڕستەیەکی سادە وەک نموونەکەی سـەرەوە پێـویست دەکـات کـە وەرگـێـڕ هەمـوو ڕسـتـەکـەی سـەرەوەی لەبەر دەسـتـدا بێ؛ مـەگـەر ئەوەی کە وەرگـێڕانێکی وشـەبەوشە بخاتە بەردەست کە پەیڕەوی لە زمانی سەرچاوەوە بکات.

بەم شـێـوەیە دەبینین کـە وەرگـێڕانی زارەکی لە زۆربەی زمانەکـانی سەرچاوەوە بۆ زۆربەی زمانەکانی مـەبەست، تەنیـا لە چوارچێـوەی وەرگـێـڕانی زارەکی ناهاوکـاتدا دەستەبەر دەبێت.

سـەرەکیـترین هۆکاری هەڵاواردنی وەرگێڕانی زارەکی و نووسراوە، هۆکاری زەمانە. زەمان لە وەرگێڕانی زارەکیدا لە چەند سـات، یان چەند خـولەک زیاتـر نیـیـە، ئـەمـە لە کـاتێکدایە کـە بۆ وەرگـێـڕانی نووسراوە ئەم گـرفـتـە لە گـۆڕێدا نیـیـە، ئەگـەری کـەڵـک وەرگـرتـن لە کـات لە وەرگـێـڕانی نووسـراوەدا هۆکـاری پوخـتـەتربوونی دەقی وەرگـێڕدراوە؛ کـەڵک وەرگـرتن لە ئامـێـری لاوەکی وەک فـەرهەنگ و قـامـووس دەتـوانێ یارمـەتی زیاتر بدات بۆ پوختتر بوونی وەرگێڕدراوەکە.

لە نێوان وەرگێڕانی زارەکی هاوکات و ناهاوکاتیشدا جیـاوازی بەرچاو دەبینرێ. لە وەرگـێـڕانی ناهاوکـاتدا، وەرگـێـڕ دەبێ هەمـوو بڕاوەی وتەیەک لە زەینی خـۆیدا ڕاگرێ؛ ئەم کارە زۆربەی جاران لەگەڵ نووسینەوە هاوکاتە و زۆرجار پێویستی بەوە هەیە کە وەرگێڕ لە تەکنیکەکانی توندنووسین، یان کورت نووسین بەهرەمەند بێت.

جـیـاوازی نێـوان چۆنیـەتی وەرگـێـڕانی زارەکی و وەرگێڕانی نووسراوە، جیاوازی نێوان وەرگێڕی زارەکی و وەرگـێـڕی نووسـراوەی بەدواوەیە. وەرگـێـڕی زارەکی بە دڵنیـاییـەوە وەرگـێـڕێکی نـووسـراوەیی باش نیـیـە، پێچەوانەی ئەم بابەتە زیاتر وەڕاست دەگەڕێ. وەرگێڕی زارەکی دەبێ زانیـاریـیـەکی باشی لەسـەر بابەتی بەرگێڕانەوە هەبێ، بەڵام ئەم زانیارییە تەواوە بۆ وەرگێڕی نووسراوە پێویست نییە. وەرگێڕی نووسراوە دەتوانێ بە هۆی هۆکـاری زەمـانەوە بەرەبەرە زانیـاری پێـویست بە دەست بێنێ.

لە لایەکی دیکەشـەوە نەبوونی کـات بۆ وەرگـێـڕی زارەکی، پاساو بۆ وەرگێڕانی ناشیاوی ئەو دەهێنێتەوە کە بریتـیـیـە لە لەبەرچاونەگـرتنی ڕیزبەندی وشـەکـان، بەکـارهێنانی تایبـەتمەندی وتەیی و لەوانە، وەها پاساوێک بۆ بەرهەمی وەرگێڕدراوەی وەرگێڕی نووسراوە لەئارادا نییە.

### وەرگێڕانی نووسراوە

بەسـتـێنی بەکـارهێنانی وەرگـێـڕانی زارەکی زۆر بەرتەسکە و زیاتر لە کـۆڕی سـیـاسی، وتوویژ و ئاخـاوتنەکـانی دەوڵەتیـدا بەکـار دێت. بابەتەکـانی بەر وەرگێڕانیش لە چەند بابەتی سیاسی، ئابووری و نیزامی و لەوانەدا کـورت دەکـرێنەوە، بەڵام لە وەرگـێـڕانی نووسـراوەدا وەها نیـیـە. ناتوانین بە هیچ سنوورێک بۆ وەرگـێـڕانی نووسـراوە قـایل بین. تەنیـا بەربەست، نووسراوەیی بوونی زمانی سەرچاوەیە و هیچی تر.

ناتوانین بەردەنگانی نووسراوە بە زمـانی سـەرچاوەش پۆلێنبەندی بکەین. هەر نووسراوەیەک دەتوانێ چینێکی

تایبەت لە خوێنەر بکاتە بەردەنگ و بەم شێوەیە، ئەوەی بەرتەسک دەبێتەوە، بەستێنی کاری وەرگێڕە. وەرگێڕێک کە لە بەستێنی کتێبی منداڵاندا شارەزایی بەدەست هێناوە، دەست ناداتە وەرگێڕانی کتێبی زانستی سەبارەت بە فیزیک و ئەوەی کە لە وەرگێڕانی فیزیکدا سەرکەوتووە، دەقێکی ئەدەبی وەرناگێڕێتەوە.

هەروەک پێشتریش ئاماژەمان پێکرد، ناشیاوی لە بەرهەمی وەرگێڕانی نووسراوەدا، هیچ پاساوێکی بۆ نایەتەوە؛ هەر بۆیە زانستی وەرگێڕانناسی زیاتر لایەنی وەرگێڕانی نووسراوەیی دەخاتە بەر سەرنج و هەوڵی تاووتوکردنی تایبەتمەندییەکانی هەیە.

## یەکەی وەرگێڕان

بڕاوەیەک لە زنجیرەی بەروەرگێڕان کە لە لایەن وەرگێڕەوە وەک یەکەیەک بۆ هاوسەنگ دۆزینەوە لەبەرچاو دەگیرێ، یەکەی وەرگێڕانی ناوە. یەکەی وەرگێڕان دەتوانێ وشە، ڕستە، یان زیاتر بێ. وەرگێڕان بە پێی یەکەی هەڵبژێردراو لانی کەم خاوەنی سێ قۆناغی ژێرەوەیە:

**ئەلف: وەرگێڕانی وشە بە وشە**

یەکەی وەرگێڕان لەم قۆناغەدا وشەیە، بەم واتایە کە لە بەرانبەر هەر وشەیەکی دەقی زمانی سەرچاوەدا، وشەیەک لە زمانی مەبەست دێتەوە. ئەم قۆناغە لە وەرگێڕان بۆ وەرگێڕانی زۆربەی ئەو شێوە ڕستە و وشە لێکدراوانە بەکار دێت کە هاوسەنگێکی باشیان لە زمانی مەبەستدا نییە.

بۆ نموونە چەند زاراوەی زمانناسی و هاوسەنگی فارسییەکەیان لەبەر چاو دەگرین:

| | |
|---|---|
| ژرف ساخت | deep structure |
| روساخت | surface structure |
| مشخلەهای واجی | phonological features |
| همنەی معنایی | semantic component |

لێرەدا دەبینین کە وەرگێڕانی وشە بە وشە بە تەواوی کارایە؛ بەڵام بە دەگمەن دەتوانین ڕستەیەکی تەواو بەم شێوەیە وەرگێڕینەوە، چونکە لە وەها هەلومەرجێکدا، یان دارشتەی ڕێزمانی زمانی سەرچاوە بەسەر زمانی مەبەستدا دادەسەپێ؛ بۆ نموونە:

He gave me a book to read

ئەو دای بە من کتێبێک بۆ خوێندنەوە، یان ڕستەی بەرهەم هاتوو لە زمانی مەبەستدا واتای ڕستەی زمانی سەرچاوە نادات.

He kicked the bucket

ئەو بە شەق لە سەتڵەکەی هەڵدا.

**بێ: وەرگێڕانی ڕستەیی:**

لەم قۆناغەدا، یەکەی وەرگێڕان ڕستەیە. لەم وەرگێڕانەدا یاسای ڕێزمانی و شێوەی ڕیزبەندی وشەکان لە زمانی مەبەستدا لەبەرچاو دەگیرێ. واتای ڕستەی هاوسەنگ بە پێی واتای ڕستەکە لە زمانی مەبەستدا لەبەرچاو دەگیرێ.

بەم شێوەیە هەر کام لە ڕستەکانی دەقی زمانی سەرچاوە بە پاراستنی واتای هەموو وشەکان بۆ ڕستەیەک لە زمانی مەبەستدا وەردەگێڕدرێتەوە.

**پێ: وەرگێڕانی ئازاد:**

لەم قۆناغەدا، یەکەی وەرگێڕان بریتییە لە چەن ڕستە، یان پەرەگراف. وەرگێڕ لە وەها قۆناغێکدا پەیامی دەقی زمانی سەرچاوە لە داپێچی ڕستەکانی زمانی مەبەستەوە بە دەستەوە دەدات. لەم وەرگێڕانەدا، زیاد کردن، یان کەمکردنەوە لە کۆتایی خۆیدا بەکار دێت.

بەم شێوەیە دەبینین کە ڕستە یەکەیەکی باشە بۆ وەرگێڕان، هەر چەندە وەرگێڕانی وشە بە وشە و ئازادیش لە هەلومەرجی تایبەتدا دەتوانن یارمەتی باشی وەرگێڕ بدەن. لە زۆربەی ئەو بابەتانەی کە دەقی زمانی سەرچاوە مۆرکی «وەرناگێڕدرێتەوە»ی پێوەیە، تەنیا چارە وەرگێڕانی ئازادە.

## وەرگێڕانی پێوەندییانە و وەرگێڕانی واتایی

لە ڕەوتی وەرگێڕاندا، وەرگێڕ لەگەڵ دوو زمانی سەرچاوە و مەبەست سەروکاری هەیە. ئەو دەبێ هەوڵ بدات کە خوێنەر لە وەرگێڕانەکەی حاڵی بێ، هەروەها پەیامی نووسەریش چەواشە نەکرێت و بە لاڕێدا نەچێ.

وەرگێڕ لەم ناوەدا بە پێی جۆری دەق و ئامانجی وەرگێڕان، جاری وایە زیاتر سەرنج دەداتە وەرگری پەیام و جاری وایە زیاتر سەرنج دەداتە بنێری پەیام.

لە وەرگێڕانی واتاییدا نووسەر گرینگتر لە خوێنەرە. وەرگێڕ لە وەها هەلومەرجێکدا هەوڵ دەدات، تەنیا

پەیامی دەقـەکـە ئاراسـتـەی خـوێنەر بکات؛ بەم جـۆرە بەردەوام، ئەگـەری ئەوە هەیە کـە دارشـتـەی ڕواڵەتی و واتایی نامۆ بێتە زمانی مەبەستەوە.

لە لایەکی دیکەوە، لە وەرگـێـڕانی پێـوەندییـانەدا، خوێنەر گرینگتر لە نووسەرە. وەرگێڕ هەوڵ دەدا هەتا ئەو جێیەی بۆی دەلوێ، دەقی وەرگێڕدراو بۆ خوێنەر ئاشناتر بکاتەوە، بەم شـێـوەیە، ئەگـەری ئەوە هەیە کـە دەقی وەدەست هاتوو، بە تەواوی وتەی نووسەر نەبێ.

لە وەرگـێـڕانی واتاییـدا هەوڵ دەدرێ هەتا هەمـوو نموونەکـانی دارشـتـەیی و واتایی زمـانی سـەرچاوە وەرگێڕدرێتەوە سەر زمانی مەبەست و زۆرجار بەسەریدا بسەپێ و سروشتییە کە ناتوانین وەها وەرگێڕانێک بە ساکاری بخوێنینەوە.

ئەوەی کـە پێـشـتـر لە ژێر سـەردێڕی وەرگـێـڕانی وشەبەوشەدا ئاراسـتـە کـرا، هۆگری بۆ لای وەرگـێـڕانی واتایی هەیە و وەرگێڕانی ئازادیش هۆگری خـۆی بۆ لای وەرگێڕانی پێوەندییانە نیشان دەدات.

بۆ باشـتـر تێگەیشتن لەم بابەتە، دەتوانین کـەڵک لە چەند نموونە وەرگرین:

More catholic than pope

وەرگێڕانی واتایی: کاتۆلیکتر لە پاپ

وەرگێڕانی پێوەندییانە: کوچکی گەرمتر لە ئاور

she looks like a red rose

وەرگێڕانی واتایی: وەک گوڵی سوور دەچێ.

وەرگێڕانی پێوەندییانە: دەڵێی مانگە.

He eats like a horse

وەرگێڕانی واتایی: وەک ئەسپ دەخوا.

وەرگێڕانی پێوەندییانە: وەک گا دەخوا.

هەر سێ نموونەی سـەرەوە، نموونەگـەلێک لە مـەسـەل و ڕستەی وێچواندن و ئەو زاراوانەن کە دەتوانن پاساو بۆ بەکارهێنانی وەرگێڕانی پێوەندییانە بێننەوە؛ هەر چەند وەها پاساوێک ڕەها و یەکجاری نییە، چونکە زێدەڕۆیی لە وەرگێڕانی پێوەندییانەدا دەتوانێ بۆنوبەرامە و ڕەنگی فەرهەنگی زمانی سەرچاوە بسڕێتەوە.

**سەرچاوە:**

**هشت گفتار دربارەی ترجمە دکتر کوروش صفوی، چاپ دهم، تهران نشر مرکز، سال ١٣٩٠.**

# چۆن خوێندنەوە لەلای منداڵەکانت شیرین دەکەیت؟

لە عەرەبییەوە: یاسین قادر بەرزنجی
(سلێمانی)

پەروەردەکاران لەسەر ئەو ڕایە کۆکن کە پێویستە خوێندنەوە لای منداڵان شیرین بکرێت، بە جۆرێک ڕابهێنرێن حەز بە خوێندنەوە بکەن تا لەگەڵ گەورەبوونیاندا ببێتە خولیایان و چێژی لێ وەربگرن، توێژینەوە زانستییەکان سەلماندوویانە کە پێوەندی توندوتۆڵ لە نێوان توانایی خوێندنەوەو سەرکەوتوویی لە خوێندندا هەیە.

چەندین گوتەو حیکمەتی زانا مەزنەکان لەمەڕ گرنگیی خوێندنەوە هەیە، لەوانە:

* بەزاندنی مرۆڤی خوێنەر کارێکی ئەستەمە.

* خوێندنەوە هەزار جار زیاتر لە خوێندنی قوتابخانە شتی فێرکردووم.

* هۆکاری سەرکەوتوویی و زیرەکیم هۆگربوونم بوو لەگەڵ کتێبدا.

* هەر چۆن لە یەکێک لە زانا بلیمەتەکانیان پرسیوە:

بۆچی ئەوەندە دەخوێنیتەوە؟ ئەویش وتوویەتی: چونکە بە تەنیا ژیانێک بەشم ناکات.

خوێندنەوە سوودی زۆر بە مرۆڤ دەگەیەنێت لە تەمەنی منداڵیدا، بازنەی زانیارییەکانی فراوان دەکات و دەرگاکانی ڕۆشنبیری لە بەردەمیدا والا دەکات، چێژی پێ دەبەخشێ و توانایی زمانەوانی بەهێز دەکات، بە شێوەیەکی باشتر دەدوێ و دەنووسێت، هەرچۆن ئەندێشەو بیرکردنەوەی گەورەتر دەبێت و ئاستی تێگەیشتنی باشتر دەبێت و وای لێ دەکات گرفتەکانی چارەسەر بکات.

چاندنی ئارەزووی خوێندنەوە لە ناخی منداڵدا لە ماڵەوە دەست پێدەکات، ئەگەر توانیت خوێندنەوە لای منداڵەکانت خۆشەویست بکەیت، ئەوە دیارییەکیان پێ دەبەخشیت کە لە هەموو شتێک زیاتر ژیانیان دەوڵەمەند

بکات، بەڵام ئەمە چۆن دێتە دی؟ بە تایبەت لەسەردەمێکدا دەژین سەرچاوەکانی کات بەسەربردن زیادیان کردووە و یارییە ئەفسووناوییەکان چەندین ساتی منداڵان داگیر دەکەن.

**شێوازەکانی خۆشەویست کردنی خوێندنەوە لای منداڵ**

١- پێشەنگی خوێنەر:

ئەگەر لە ماڵدا کتێبخانەیەک هەبێت، با بچووکیش بێت، کتێب و گۆڤاری سەرنجڕاکێشی تێدا دابنرێت و ئەندامانی خێزان بە تایبەت (باوک) خوێنەرێکی بەردەوام بێت، ئەوە منداڵیش چاوی لێ دەکات و فێری خوێندنەوە دەبێت، دەبێ ئەو منداڵانەش فەرامۆش نەکرێن کە هێشتا نەخراونەتە قوتابخانە، چونکە پسپۆڕانی پەروەردەو سایکۆلۆژیی خوێندنەوە پێیان وایە دەبێت لەوانەوە دەست بەو پرۆسەیە بکرێت و لەو تەمەنەوە فێر بکرێن چۆن کتێب دەگیرێت بە دەستەوەو لاپەڕەکانی هەڵدەدرێنەوە، هەرچۆن پێویستە دایک و باوک هەندێ کتێبی پڕ لە وێنە و سەرنجڕاکێش بخەنە بەردەستی منداڵە بچووکەکانیان.

٢- دەستەبەرکردنی کتێب و گۆڤاری تایبەت بە منداڵان:

گەلێک دەزگا و کتێبخانە بایەخ بەو چاپکراوانە دەدەن کە تایبەتن بە منداڵان، وەک گۆڤار و چیرۆک، پێویستە لەو چاپکراوانەدا ئەم مەرجانە هەبن:

أ- ناوەرۆکی پەروەردەییان هەبێت و لەگەڵ ژینگەی منداڵەکەدا گونجاو بن.

ب- لەگەڵ تەمەن و ئاوەزی منداڵەکەدا بگونجێن.

ج- خواستی خوێندنەوەی منداڵەکە بەدی بێنن.

د- بەشێوەیەکی هونەریی جوان و ڕەنگاوڕەنگ و پڕ لە وێنەی سەرنجڕاکێش و پیتی گەورە لە چاپ درا بن.

هەندێ دەزگای چاپ، داهێنان دەکەن و کتێب بەشێوەی یاری لە چاپ دەدەن و تۆماری دەنگی ئاژەڵ دەخرێنە ناویانەوەو کە منداڵ دەیخوێنێتەوە حەز بە بەردەوامی دەکەن.

٣- هاندانی منداڵ بۆ دروستکردنی کتێبخانەی تایبەت بەخۆی:

تێیدا کتێبی ڕەنگاو ڕەنگ و چیرۆکی سەرنجڕاکێش و گۆڤاری جوان هەبێت، ئازادی بە منداڵ بدەیت چ جۆرە چاپکراوێکی دڵخوازی خۆی هەڵدەبژێرێت.

٤- ڕەچاوی ئارەزووەکانی منداڵ:

ڕەچاوکردنی حەزەکانی منداڵ بۆ جۆری خوێندنەوەکانی، باشترین هۆکارە بۆ بەردەوامی لەسەر خوێندنەوە، منداڵ لەسەرەتاوە حەزی لە چیرۆکی ئاژەڵانە، دوای ماوەیەک حەز بە چیرۆکی ئەندێشەیی و سەرچڵی و قارەمانیەتییە، دەبێ بە گوێی بکەیت و ناچاری نەکەیت شتێک بخوێنێتەوە کە حەزی پێ نەکات.

٥- جێگای باش بۆ خوێندنەوەی لە ماڵدا.

جێگایەکی وای بۆ دیاری بکرێت کە هاندەر بێت بۆی و ڕووناکی تەواوی هەبێت و تێیدا هەست بە حەوانەوە بکات.

٦-دیاریکردنی کات بۆ خوێندنەوە لەگەڵیاندا:

دایک و باوک کاتێک دیاری دەکەن بۆ خوێندنەوەی چیرۆکە سەرنجڕاکێشەکان بۆ منداڵەکانیان، ئەگەر خوێندنەوەش فێربووبێت، بەوە پەرە بە ئارەزوویان دەدرێت بۆ خوێندنەوەی زیاتر، دەبێ حەزیان لەچی بوو، ئەوەیان بۆ بخوێنرێتەوە، گوزارشت لە کاتی خوێندنەوەدا بکرێت و واتاکان بە نواندنەوە بگەیەنرێت پێیان، دەبێ دەنگی جۆراوجۆر دەربهێنن، تا منداڵەکان چێژی لێ وەربگرن، سەبارەت ئەوەی دەیخوێنێتەوە گفتوگۆیان لەگەڵ بکرێت و هەندێ پرسیار سەبارەت بە چیرۆکەکان بکرێت لێیان، بەڵام پرسیاری ئاسان.

٧- سوودوەرگرتن لە دەرفەت و بۆنەکان:

وەک بۆنەی جەژنەکان کە دایک و باوک کتێبی دانسقەی تێدا بکڕن بۆ منداڵەکانیان، هەروەها کاتی گەشت و سەیران و سەردانەکان، بۆ نموونە بەر لە چوونە باخچەی ئاژەڵان چیرۆکی تایبەت بە جیهانی ئاژەڵان بخرێتە بەردەستیان.

٨- بەهەندوەرگرتنی ئارەزووەکانیان لە پێناوی خوێندنەوەدا:

هەموو منداڵێک ئارەزووی خۆی هەیە، وەک یارییە ئەلیکترۆنییەکان، بەستن و هەڵوەشاندنەوەی یارییەکان، پاسکیل سواری، وێنەکان، کۆمپیووتەر، تۆپی پێ و...تاد، پێویستە ئەو کتێب و گۆڤارانە بخرێنە بەردەستیان کە بۆ بابەتی ئارەزووەکانیان تەرخانن.

٩- خوێندنەوەو منداڵ و تەلەڤزیۆن:

زۆریی ئامێری تەلەڤزیۆن لەماڵدا وادەکات منداڵ

زۆربەی کاتەکان بەسەیری بەرنامەکانەوە بباتە سەر، بەڵام ئەگەر یەک تەلەڤزیۆن لەماڵدا بوو یەکێکی تر لە خێزانەکە تەماشای بەرنامەیەکی کرد کە منداڵەکە حەزی لێی نەبوو، ئەوە ناچار خەریکی خوێندنەوە دەبێت، هەروەها بوونی تەلەڤزیۆن لە ژووری منداڵدا وای لێ دەکات لەبری خوێندنەوە بەر لە خەوتن تەماشای بکات.

١٠- گەمەی خوێندنەوە:

هەندێ گەمە هەیە دەبێ لەگەڵ منداڵەکەتدا بکەیت، وەک نووسینی وشەکان بە شێوەی هەڵگەڕاوە تا بەڕاستی بیخوێنێتەوە، هەروەها نووساندنی وشەکان بە یەخچاڵی ماڵەوە تا بیخوێنێتەوە، لەگەڵ ڕاهێنانی بە خوێندنەوە، ئاماژەکانی هاتوچۆ لەسەر شەقامەکان.

١١- قوتابخانە و خوێندنەوەی منداڵەکەت:

بەردەوام چاودێری وانەی خوێندنەوەی منداڵەکەت بکە لە قوتابخانەکەیدا، سەردانی قوتابخانەکەی بکەو مامۆستای ئەو وانەیەی بناسە، ئاگاداری بکە لەوەی کە بایەخ بەو لایەنە دەدەین لای منداڵەکەت، هەروەها بزانە بە چ ڕێگایەک خوێندنەوە لای ئەو بەڕێوە دەچێت و بزانە لەوێ منداڵەکەت چۆنە و پەیوەندیی لەگەڵ کتێبخانەی قوتابخانەکەیدا لە چ ئاستێکدایە، بەوەش مامۆستاکەی هان دەدەیت تا زیاتر منداڵەکەت سەرقاڵی خوێندنەوە بکات، لەبیرت نەچێت بەرانبەر ڕەنجی ئەو مامۆستایە سوپاسگوزار بە.

١٢- منداڵەکەت و گەشتی قوتابخانە و هاوڕێکانی:

کاتێک منداڵەکەت بەشداریی گەشتی قوتابخانە دەکات، هەندێک کتێب و چیرۆکی سەرنجڕاکێشی پێ بدە تا لەگەڵ خۆیدا بیانبات، تا لەوێشەوە بگاتە دەستی هاوڕێکانی، بەڵام دەبێت سەرەتا مامۆستاکەی بیانبینێت، بەوەش منداڵەکەت پەرە بە هاوڕێیەتی ئەو قوتابیانە دەدات کە وەک خۆی حەز بە خوێندنەوەی دەکەن.

١٣- ئۆتۆمبێلەکەت و خوێندنەوەی منداڵەکەت:

هەندێک کتێب و گۆڤار بخەرە ناو ئۆتۆمبێلەکەتەوە تا لە دەرچوونەکانتاندا منداڵەکەت پێیانەوە خەریک بێت، بە تایبەتی ئەو دەرچوونانەی کاتی زۆر دەخایەنن.

١٤- ئەو کەسایەتییانەی منداڵەکەت خۆشی دەوێن:

هەندێک کتێب کە تایبەتن بە کەسایەتییەکان و منداڵەکەت خۆشی دەوێن، یان پێیان سەرسامە دابین بکە بۆی تا تەواو ئاشنا بێت پێیان و سوود لە ژیان و ئەزموونەکانیان وەربگرێت و زیاتر خۆشی بوێن.

١٥- چیرۆک و گۆڤارە ڕەونەقدارەکان لای خۆیانەوە:

ژمارەیەک گۆڤار و چیرۆک لە شوێنی تایبەت دابنێ، بۆ نموونە لە نزیک تەلەڤزیۆنەوە، یان شوێنی یاری کردنی منداڵەکەت، یان لە تەنیشت جێگای خەوتنییەوە، لێرەدا ئەو سەرچاوانە دابنێ کە بۆ خەولێکەوتنیش، یان بەر لە خەوتن سەرنجڕاکێشن.

١٦- ئەندامانی خێزانەکەت و خوێندنەوە:

لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەت بەردەوام بدوێ و باسی ئەو وتار و کتێبانەیان بۆ بکە کە خوێندووتنەوە، سەبارەت ئەوانە گفتوگۆیان لەگەڵ بکە، بەڵام بە ئامادەبوونی منداڵە بچووکەکانت، ڕێگایان پێ بدە ئەوانیش بەشداریی گفتوگۆکانتان بکەن، هەروەها سەبارەت خوێندنەوەی ئەوانیش بدوێن، بەوەش هانی زیاتریان دەدەیت بۆ خوێندنەوەو فێری ئەوەشیان بکە سەرنجی خۆیان سەبارەت ئەو چیرۆکانە لە دەفتەرێکی تایبەتدا بنووسن کە پێیان سەرسامن.

١٧-منداڵ و بەشانۆکردنی خوێندنەوە:

منداڵ بە ئاسانی ئەو باباتەنە دەخوێنێتەوە کە بە باشی تێیان دەگەن، هەر بۆیە لە چیرۆکەکاندا چەند دەورێک هەڵبژێرەو یەک لە دەورەکان (کارەکتەرەکان) بە منداڵەکەت بسپێرە تا لەگەڵ خوێندنەوەیدا نمایش بکات، بەمە منداڵەکە چێژی زیاتر وەردەگرێت و زیاتر ڕوو لە خوێندنەوە دەکات.

لە کۆتاییدا، پێویستە لەگەڵ گەورەبوونی منداڵدا هەلومەرجی خوێندنەوەی بەردەوامیان بۆ برەخسێنرێت، کاتێ دەبنە مێرمنداڵ دەبێ سەرچاوەی تەمەنی خۆیان بۆ دابین بکرێت تا بە گەورەییش هەمیشە خوێنەری بەردەوام بن.

**سەرچاوە:**

www.riyadhedu.gov

# میتافیزیک لە فەلسەفەی سەدەی حەڤدەی ئەوروپادا

د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەددین - کۆلێژی ئاداب)

١- دوور ناڕۆین ئەگەر بلێین فەلسەفە، ئەو سەدەیە لە سەرانسەری ئەوروپا جەنگی دەستەو یەخەی نێوان ئاراستەی هەردوو ڕێبازی ژیرەکی و ئەزموونی بووە کە لە سەدەی هەژدەدا لە بزووتنەوەی سەرتاپاگیری ڕۆشنگەریدا ئاوێتەی یەکتری کران. لە چوارچێوە و سایەی ئەو دوو ئاراستەیەدا میتافیزیک خەتوخاڵی داوە و ڕوخسار و ناوەرۆکێکی پێ براوە کە لەگەڵ ئەو ڕەوشە هەمەڕەنگەدا بێتەوە.

لەنێو ڕابەرانی ئەو ئاراستانەدا فرەنسیس بیکۆن و دیکارت و لایبنیتس و هیوم بەشێوەیەکی تایبەتی سەرنج ڕادەکێشن، هەریەکەیان لە ڕوانگەیەکی تایبەتی و لە سۆنگەی جیهاندیدەکەیەوە دەربارەی:

- ئۆنتۆلۆژی.
- ڕێبازی یەکڕەنگی و دوو ڕەنگی، هەمەڕەنگی.
- پاساودانی بوونی چاکەکاری و بەدکاری لە ژیاندا.
- چارەنووس و قەدەر.
- بنەمای هۆیەکی (هۆکار و ئەنجام).
- بوون و نابوونی ڕاستەقینەی جیهانی دەوروبەر.

هەڵوێستی خۆی نواندووە و بەپێی ئاراستەکەی خۆی وەڵامی ئەو پرسیارانەی داوەتەوە کە لە ناو جەرگەی ئەو کایە جیاوازانەدا سەرئاو کەوتوون.

- ئۆنتۆلۆژی وشەیەکی یۆنانییە لە دوو کەرت پێکهاتووە: Ontologie:
- ئۆنتۆ: بوون بەگشتی.
- لۆژی: زانست.

کەوابوو وشەکە (چەمکەکە) بەپێی واتا، بەگشتی زانستی بوون دەگەیەنێ، خۆی لە فەلسەفەی سەدەی حەڤدە لەنێو فەلسەفەدا ڕێبازێک بووە، بابەتی بوون لە

خۆیدا بەجیا لە ڕەوش و دیاردەکانی دەکات بە کەرستەی تاووتو کـــردن و توێژینـــەوە. بوونی ڕووت و بێگەرد ســـروشـــتی بوونەوەری ڕاســـتـــەقـــینەی هەڵکەوت (ڕیالیـستی) و گـەوهەرەکـەی، پێـوەندی نێـوان بوون و چییەتی، نێوان بیروبوون، دیاریکردنی نەزم و چەمک و گەوهەری بوونەوەر تانوپۆی ئەو لقەی فەلسـەفـەیان لێ پێکدێت. ئەڵقە بایەخ بە تایبەتمەندییە گشتییەکانی بوونەوەر دەدات، ئیتر ئەوانە گیـانی بن، یان ماددەیی، وەک بوون، شـــیـــاوەکی، هێـــزەکی، کـردەکی و بەردەوام بوون، ڕاستی بوون، نەک ڕوخسار و دیاردەکانی بابەتی توێژینەوە. لەنێـــو ئەو لقـــەدا دوو ئاراســـتـــە ســـەرنج ڕادەکێشن:

**یەکەمیان:** کۆشاوە ساغی بکاتەوە کە بوون بنەمایە و لەپێشـەوەیە و بیر پاشکۆیە و لێوەی دەکەوێتەوە و لە دواوەی دێت.

**دووەمیان:** بە پێچەوانەوە، بیرەکە دەکات بە بنەمای بنەڕەتی و بوون لەبیرەوە دەکەوێتەوە. بیر هەبووە و ئینجا بوونی لێکەوتۆتەوە، دیکارت و مـەتریالیـسـتـیـیـەکـان ڕابەری هەردوو ئاراســـتـــەکـــەن. بوونی ڕەب بابەتێکی سەرەکی ئەو لقـەیە و لەو کـایەیەدا بەڵگەی ئۆنتـۆلۆژی ساغ کردنەوەی بوونی ڕەب کە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا ئەنسلمی پاک دایناوە و لە فەلسەفەی نوێدا بەگشتی و لە میتافیزیکەکەیدا بە تایبەتی، ئەگەرچی کەم تا زۆر، گـۆڕانی بەسەردا هێنراوە، گەرمـوگـوڕی خـۆی لە دەست نەداوە.

هەردوو ئاراسـتـەی ژیری، ئەزمـوونی، ئایدیالیـسـتی مـەتریالیـسـتی بەدرێژایی ئەو قـۆناغـە لەیەکـتـری لە سـەنگەردا بوون و وەڵامی یەکـتـریان داوەتەوە. ئەگـەر ئایدیالیستییەکان کۆشابن بە بەڵگەی ژیر و تاڕادەیەک پشت ئەســـتـــوور بە لۆژیک بوونی ئەو هێـــزە ســـەروو سروشتییە ساغ و پشت ڕاست بکەنەوە، ئەوە بە هەمان گوڕ و تین، ڕێبـازەکـەی دیکە کـۆشاوە پێـچـەوانەکـەی، پشت ئەستوور بە ئەزموون و تاقیکردنەوە بسەلمێنێ.

لە ئۆنتـۆلۆژیدا بوونی تاک، ئەم، یان ئەو، کـەم تا زۆر مـەبەست نەبووە و بەهەند دانەنراوە. ئەوی گـرینگ بووە بوونی ڕەهایە، بوونە بەگشتی بەدەر لە دیاردە و ڕووکەش و خـەسـڵـەتی تایبـەتی و هەندەکی، بوون لە چوارچێـوەی گشتیدا.



فرەنسیس بیکۆن

٢- لەنێـو فـەیلەسـووف و بیـرمـەندانی سـەدەی نوێ لە ئەوروپادا دوو ئاراستە بەرچاوە کە بریتی بووە لە هەردوو ڕێبازی ژیرەکی و ئەزموونی. ڕێبازی ئەزموونی پتر بەلای زانسـتە سروشـتـییـەکاندا شکاندوویەتی، ئەگـەر هەوڵە زانستییە پەرشوبڵاوەکانی سەدەکانی ناوەڕاست بخەینە لاوە، دەکـرێ بوترێ لە فـەلسـەفـەدا فـرەنسـیس بیکۆن (١٥٦١- ٢٦٢٦ز) و تۆمـاس هۆبز (١٥٨٨-١٦٧٩ز) ڕکـەبەرێکی سـەرسـەخـتی مـیـتـافـیـزیکی بۆ مـاوەی سـەدەکـانی ناوەڕاست و سـەردەمی خـۆیان بوون. ئەوان کۆشاون بیری مـیـتـافـیـزیکی کـاڵ بکەنەوە و ئاراسـتـەی زانسـتی جێگیر بکەن. هەردووکـیـان گومـانیـان لەتوانایی ژیری مـــرۆڤ کــردووە و پشـــتـــوپەنایان بە ئەزمـــوون و تاقیکردنەوە بەستووە.

فرەنسیس بیکۆن لە سەرەتاوە کـۆشاوە بیـر لە هەڵە و بتەکـان ڕزگـار بکات و بەو پێیە کە زمـان دەربڕی هزرە، زمــانیش لە توانایی دەربڕیندا گـۆڕانی بەسـەردا دێت و دەتوانی ئەرکی زانســتـیـیـانە کـە پێی بسـپـێـردرێ، سەرکەوتوانە جێبەجێ بکات. ئەو قسەیە دراوەتە پاڵ ئەو هزرمەندە گوایە گوتوویەتی:

ڕابەرانی ڕێبـازی ژیرەکی وەک جـاڵجـاڵۆکـە لە تەونی ناخی خـۆیانەوە جـیـهـاندیدەکـەیان دەنەخـشـێنن، بەڵام

ئەزموونییەکان وەک مێروولە لە دەوروبەر شت کۆ دەکەنەوە و ڕێکوپێکی دەکەن!

بەلای بیکۆنەوە دەبێ فەلسەفە و ئایین، ژیر و باوەڕ لە یەکتری جیا بکرێنەوە، چونکە هەریەکەیان پێوەندی بە بابەت و کایەیەکی تایبەتی خۆیەوە هەیە، فەلسەفە و زانین و زانست هێز و توانایین و ئامرازن بۆ کۆنترۆڵکردنی سروشت. کەوابوو زانین سوودبەخشە و بۆ مەبەستی کردەکی سوودی لێ وەردەگیرێ، ئەمەش ئەو ڕێگایەیە کە دەبێ فەلسەفە و زانست پێیدا بڕۆن و لە میتافیزیک دوور بکەونەوە، چونکە میتافیزیک لوتکە بەرزەکەی زانین و زانینە سەرتاپاگیرەکەی زانین نەماوە کە مرۆڤ کۆششی بەدەست هێنان و پێگەیشتنی بکات.

ئەو ئاراستەیە لەلایەن فەیلەسووفی ئەزموونی و مەتریالیستی ئینگلیز تۆماس هۆبز پتر پەرەی پێ درا، ئەگەرچی کۆششی پووچەڵکردنەوەی میتافیزیکی کردووە، بەڵام نەیتوانیوە خۆی لە داوی میتافیزیک دەرباز بکات و لە چوارچێوە گشتییەکەیدا بچێتە دەرەوە.

هۆبز لە جیهاندیدەکەیدا لایەنگیری ڕێبازی میکانیزم بووە، بەپێی ئەو ڕێبازە هەموو شتێک لە مادده و بزووتنەوە پێکهاتووە(١).

داکۆکی لە ڕێبازی مەتریالیستی کردووە و بەلایەوە هەمەکییەکان لە چەند چەمک و ناوێکی گشتی بەولاوە نین و وشەکانی زمان دەربڕی بیرو هزرن. گەوهەری نا ماددی، نا لەشی لە وشەی پووچ بەولاوە نییە. بۆ دوورکەوتنەوە لە بابەتێکی سەرەکی میتافیزیک و بۆ ئەوەی خۆی لەوە ببوێرێ کە ڕەب بوونەوەرێکی نا ماددییە، لەو باوەڕەدا بووە کە ناکرێ ڕەب ببێ بە کەرستەی توێژینەوەی فەلسەفە و هەر شتێک لەو بارەیەوە بگوترێ بابەتەکە تەمومژاوی دەکرێ(٢) چونکە سنووری ئەزموون دەبەزێنێ.

– ئەو مەتریالیستییەی هۆبز داکۆکی لێ کردووە لە چوارچێوەی مەتریالیستی میتافیزیکی ناچێتە دەرەوە، بە تایبەتی لەوەدا کە هەموو شتێک وا لێکدەداتەوە کە لە مادده و بزووتنەوە بەولاوە نین، هەر ئەو خۆی دروشمی: «با مرۆڤ دروست بکەین»ی ڕاگەیاندووە. ڕاستە ئەو پشتی بە ئەزموون و تاقیکردنەوە بەستووە، بەڵام ئەو ئەزموونە لە تێبینی کردنی ژیانی ڕۆژانە تێ نەپەڕیوە. میکانیزم لەلای خۆیەوە نەیتوانیوە خۆی لە پریشکی میتافیزیک بە دوور بگرێ، ئینجا ئەو مەتریالیستەی ئەو پابەندی بووە، جۆرە ئەنجامێکی لێکەوتۆتەوە، دەکرێ بە جۆرە یەکڕەنگییەک لە بەرانبەر هەمەڕەنگی دابنرێ. بوون بەگشتی بەهۆی تاکە بنەمایەک لێکدەدرێتەوە کە ئەویش ماددەیە، تەنانەت دیاردە هەستی و گیانی و ویژدانییەکان چەند چالاکی و ئەرکێکی مرۆڤین و سروشتی ماددەییان هەیە.

٣- ئەگەر ئاراستەی فەلسەفەی زانستی سەدەی حەڤدە بەو ئاقارەدا بووبێ، ئەوەندەی بۆی بکرێ خۆی لە مەیدانی میتافیزیک دوور بخاتەوە، یان هەر نەبێ بە دوور بگرێ لەوەدا کە ئەگەر جاران سروشتی دەوروبەر کرابێ بە کەرستەی ساغ کردنەوەی دوو ڕەنگی، پشت ڕاست کردنەوەی بوونی بوونەوەرێکی ترانسندێنتالی سەرووسروشتی هێز و دەسەڵات لە ڕادە و سنوور بەدەر کە لە تەوراتی جوولەکە بە دواوە بە ڕەب ناوبراوە، ئەو ئەم ئاراستە نوێیەی سروشتی کردووە بە کەرستەی توێژینەوە بۆ شارەزابوون لە یاسا بنەڕەتییەکانی بەد مەبەستەیی بە جۆرێک کۆنترۆڵ بکرێت و سوود و قازانج و ژیانی خۆش و بەختەوەری مرۆڤی لێ بکەوێتەوە و پێی دەستەبەر ببێ. ئەو کارە سەرکەوتووانە لەلایەن نیوتن (١٦٤٢-١٧٢٧ز) و لایەنگیرانییەوە کراوە و دواتر بە ڕێکوپێکی لەلایەن فەیلەسووفی ترانسندێنتالی ئەڵمان کانت جێبەجێ کراوە، ئەو کار و چالاکییەی کانت بە دەستپێکی ئاراستەی مۆدێرنەی ئەوروپا دادەنرێ بە تایبەتی لە ئاراستە ڕەخنەگرییەکەیدا، بەڵام ئایا ئەو ئاراستەیە توانیویەتی بەتەواوەتی سنووری میتافیزیک ببەزێنێ، یان هەر لەو چوارچێوەیەدا چالاک و کارا بووە؟!

ئایا جێبەجێ کردنی بنەماو ڕێنماییەکانی دیاردە سروشتییەکانی سروشت بەسەر مرۆڤ و کۆمەڵگادا و داننان بەوەی کە بەپێی قانوونەکانی سروشت بژیابایە، دەبێتە مایەی ئەوەی ئایین و لاهووت بخرێنە لاوەو ڕێبازی گومڕایی (ئیلحاد) سەرئاو بکەوێ و میتافیزیک لە کایەی چالاکی هزری بیرمەندان دوور بخرێتەوە؟!

ئەگەر مرۆڤ سەرنجی ئەو بەرهەمەی فەیلەسووف و زاناکانی ئەو سەردەمە بدات کە بڵاویان کردۆتەوە، بۆی ڕوون دەبێتەوە کە دوو ئاراستەی لەیەکتری جیاواز هەبوون و بە تەواوەتی بە پێچەوانەی فەلسەفە و ئاراستە

زانستییەکانی سەدەکانی ناوەڕاست (مەسیحی) بوون:

– ئاراستەی ڕێبازی ژیرەکی بە ڕابەرایەتی هەر یەکێک لە:

دیکارت، لایبنیتس، سپینۆزا (١٦٣٤-١٦٧٧ز).

– ڕێبازی ئەزموونی ئینگلیزی سەرەڕای بیکۆن و هۆبز بە ڕابەرایەتی ئەو سێ فەیلەسووفە بووە:

جۆن لۆک (١٦٣٢-١٧٠٤ز) جۆرج بارکلی (١٦٨٥-١٧٥٣ز) و دیڤید هیوّم (١٧١١- ١٧٧٦ز).

پشت ئەستوور بەو ڕەوشە هەڵکەوتەی لە ئارادا بوو، ئینجا ئەو ڕاستییە گومان هەڵنەگرە کە فەلسەفە هەمیشە هۆکار و ئەنجام بووە:

– هۆکار، لەوەدا ئەو باوەڕ و قەناعەتەیان جێگیر کردووە کە دواتر ڕەنگی ڕوخساری سیاسەت و دامەزراو و دەزگا جۆربەجۆرەکانیان ڕشتووە ئەوان دەستپێشخەر بوون لە سەرنج ڕاکێشان بۆ کەموکورتی دامەزراوەکانی سەردەم و پێشنیاری ئەوانەیان کردووە کە لە دوارۆژدا سەرکەوتووانە بتوانن جێگایان بگرنەوە.

– ئەنجام بووە، فەیلەسووفەکان هەمیشە، لە هەموو سەردەم و قۆناغ و ژینگەیەکدا هزرمەندی ڕاستەقینەی سەردەم و وڵاتی خۆیان بوون(٣) و پریشکی هەلومەرجی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایینییان بەرکەوتووە، بەڵام ئەو پریشک بەرکەوتنەیان بە جۆرێکی تر بووە لە چاو کەسانی ئاسایی و هاووڵاتییانیان، بەوەی تۆمارێکی نارێی پەسیڤ نەبوون، بەڵکو هەمیشە کاراو ئەکتیڤ بوون، ئەمەش لەو بۆچوونە کاڵ ناکاتەوە کە فەلسەفە هیچ کات و لە هیچ جێگایەکدا نە لایەنی نەتەوەیی- نیشتمانی و نە ڕەهەندی نێونەتەوەیی- جیهانی جیهاندیدەکەی پشتگوێ نەخستووە و هیچیانی لەوەی تر لاسەنگتر نەکردووە و کۆشاوە بەپێی هەڵکەوتی لە ئارابوودا هەر لایەنە بایەخ و مافی شایستەی خۆی پێ ببەخشێ.

لە سەدەی حەڤدە هەرسێک بابەتی لاهووت (ئایین)، میتافیزیک لە چوارچێوەی فەلسەفەکەدا و پرۆسەی زانست ڕکابەری یەکتری بوون و هەندێک جار، بەڵام بە شێوازێکی جیاوازتر لە سەدەکانی ناوەڕاست، سەنگەریان لە یەکتری گرتبوو، بەڵام ئەوی پتر پشتی تێکراوە لاهووتەکە بووە و ئەگەر نەشتوانرابێ بە تەواوەتی لە کایەکەدا دوور بخرێتەوە، ئەوە چەمک و



**دیکارت**

کێشە و بابەت و پرسیارەکانی وەک جاران بایەخیان پێ نەدراوە و نەکراون بە کەرستەی توێژینەوە. بۆ نموونە هەوڵ دراوە ئەو بۆچوونە لە مێشکی هزرمەنداندا جێگیر بکرێت کە هەر کەسێک لە لاهووت و باوەڕ و ئیمانی کریستیان (مەسیحی) بە تەواوەتی شارەزابێ و لە فەلسەفەدا باڵا دەست و دەست ڕۆیشتووبێ، وا بە باش دەزانێ و بەکردەوەش جێبەجێی دەکات، کە لە کایە و دەڤەری بیرکردنەوەدا دەربارەی ڕەب(٤) و چۆنیەتی ساغ کردنەوەی، یان پێچەوانەکەی لەبیرکردنەوە و نووسیندا قرووقەپ بکات و بێ دەنگ بێ و هەر بەلایدا نەچێت! ئەو هەڵوێستە کاردانەوەی هەلومەرجی سەردەمەکە بووە کە ویستراوە زانست بۆ مەبەستی کاروباری دنیایی نەک ئاییني سوودی لێ وەربگیرێ.

ئەگەر فەلسەفە بەگشتی و میتافیزیک تاڕادەیەک لە کاروباری ئایین و لاهووت بەدوورگیرابێ، ئەوە میتافیزیک لەکایەیەکی تردا چالاک و کارا بووە و دوورنەخراوەتەوە، بەڵکو گۆڕان بەسەر میتودە و بابەت و ئەرکی سەرشانیدا هاتووە: کایەی پرۆسەی زانستی سەدەی حەڤدە بەگشتی و بابەتی میکانیک کە خەسڵەتی سەرەکی زانستی ئەو سەردەمە بووە و تایبەتمەندییەکەی لە هەردوو چەمکی: ماددە و

بزووتنەوەدا بەرجەستە بووە. لە میتافیزیکدا، پشت ئەستوور بەو ڕێبازەی میکانیک، هەرسێک بابەت: پێوەندی ڕەب بە جیهانەوە، کات و جێگای ڕەها دیارترین بابەت بوون کە نەک هەر فەلسەفە، بەڵکو زانستیش سەرگەرمی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەیان بووە.

لەچوارچێوەی ئەو جیهاندیدەدا کە لەوە دەچێ جێدەستی دۆگمەکانی کڵێسەی مەسیحی (کریستیان)ی پێوە دیار بووە، ڕەب هیچی تر بوونەوەرێکی لە ئاسمانی لەدنیاو ژیان دابڕاوی ترانسندێنتالی نەماوە، بەڵکو لە هەموو کەلەبەر و گۆشەیەکی جیهان و دنیا دایە و لە هەموو کات و جێگایەکدا ئێستایی و ئامادەیی هەیە و کارایە.

هەردوو چەمکی کاتی ڕەهاو جێگای ڕەها کە لە جیهاندیدی نیوتندا هاتوون، بابەتێکی تری میتافیزیکی ئەو سەردەمەن و بزووتنەوەی ڕەها لە هەردووکیان کەوتۆتەوە. لەو سیستمە زانستییە- میتافیزیکییەکەدا کە باوەڕی بە بوونی ڕەگەزی ئەوی تر هەبووە کە هەڵگری تیشکە، بزووتنەوە بەبێ کات و جێگا لە کردن نایەت، مادام ئەو دووانە ڕەهان، ئەویش ڕەها دەبێ. کات و جێگا دوو چوارچێوەی ڕاستەقینەی ڕەهان و سەربەخۆن لەو شتەی تێیاندایە و لەوەی تێیاندا ڕوودەدات. کاتی ڕەها هیچ پێوەندی بە شتی دەرەکییەوە نییە، بەردەوام لە جمیندایە و بە بەردەوام بوون ناودەبرێ. بەو شێوازە خۆی جێگای ڕەها هەمیشە نەگۆڕ و وەک خۆیەتی و ئەوی دەگۆڕێ و دەجوولێ. ئەوەیە کە لە جێگادایە نەک جێگا خۆی. تێکڕای گەردوون بەپێی بەدوای یەکتریدا هاتن لە کاتداو بەپێی ئەو شوێنەی لە جێگادا هەیەتی (جێگاو کات) دیار و دەستنیشان دەکرێ. ئەو شوێنەش بەهیچ جۆرێک نابزوێ، ئەوی دەبزوێ ئەو شتەیە کە تێیدایە، کەوابوو جێگاو کات ڕەهان(٥).

ئەو بۆچوونە میتافیزیکەی نیوتن کە وای داناوە جێگای ڕەها دەفرێکەو سنووری بۆ نییە و کات بەردەوام لە جمیندایە و ناکرێ سەرەتا و کۆتایی دیار و دەستنیشان بکرێت، ئەوەی لێدەکەوێتەوە کە ناکرێ بەهۆی هەستەکانەوە بەشەکانی جێگا پەیان پێ ببردرێ و لەیەکتری جیا بکرێنەوە، ئەگەرچی ئەو جۆرە پێناسە و دەستنیشانکردنەی کات و جێگا لەلایەن کانتەوە داکۆکی لێکراوە و پشت ڕاست کراوەتەوە، بەڵام لەسەرەتای سەدەی بیست لەلایەن ئاینشتاینەوە- تیوری ڕێژەیی- ناڕاستییەکەی ساغ کراوەتەوە.

هیچ کاتێک جێگا دەفر نەبووە و ناکرێ شتی تێدابێ ئەوی هەیە و بەناوی جێگا ناوبراوە، هەڵەیەکی بەکارهێنانی ئاسایی زمانی نازانستی ژیانی ڕۆژانەیە، جێگا خۆی لە پێوەندییە جێگایەکان بەولاوە شتێکی دیکە نییە، چەند پێوەندییەکە ئەگەر بەیەکەوە نەزم ئاسا ڕێک خرا و چوارچێوەیەک پەیدا دەبێ ناوی جێگای بۆ دادەنرێ. بابەتەکە لە چەمکی کاتیشدا هەروایە، لە چوارچێوەی بیرکردنەوەی تیورییانەدا هەمیشە کات بە فۆرمێکی بەرفراوانی هەموو ڕووداوێک دانراوە. کات بوونی دەروونی (سایکۆلۆژی) نییە و هێزێکی فیزیکی نییە لە تەنیشت شتەکانداو شان بە شانیان بێ، هەروەها بوونی سەربەخۆی نییە، بەڵکو سیمبۆلی بەیەکەوە گرێ درانی شت و ڕووداوەکان و بەدوای یەکتریدا هاتنیانە بەپێی پێش و پاش(٦).

ئەوەی نیوتن باسی کردووە، بریتی بووە لە ئەبستراکت کردن و دابڕینی کات و شوێن و سەرنجدانیان وەک دوو چەمکی ڕووت، بۆیە ئەو ئەنجامەی لێکەوتۆتەوە و خستوویەتییە نێو جیهاندیدی میتافیزیکییەوە. پۆلێن کردنی کات و جێگا بۆ نموونە پەیوەست کردنی بە ژیان و مرۆڤ، یان قسەکردن لە جێگاو کاتی بیرکاری و فیزیکی، جوگرافی شتێکە و سەرنجدانیان لە خۆیاندا شتێکی ترە، تەنیا بۆ مەبەستی توێژینەوە لە کردن دێت. ئەوەیە مەبەست کە خەسڵەتی درێژبوونەوە بە جێگاو بەردەوام بوون بەکات بەخشراوە و دەگوترێ ئەگەر شتمان دی، یان هەستمان بە ڕووداوێک کرد، ئەوکاتە جێگاو کات وەک قاڵب و وێنەیەک بەبیر دادێن، چونکە تەنیا لە مێشکدا و بۆ مەبەستی توێژینەوە دەکرێ ڕووداو لەکات و شت لە جێگا جیا بکرێنەوە. لێرەوە کێشەیەکی ئاڵۆزتر دێتە ئاراوە کە گرێ کوێرەی سەرەکی میتافیزیکی ئەو قۆناغە بووە:

- بوونی جیهان هەڵکەوت- دەوروبەر چۆن بوونەکەی ساغ و پشت ڕاست دەکرێتەوە؟!

لە فەلسەفەی سروشتیدا بوون، ئیتر بوونی مرۆڤ بێ، یان بوونی سروشتی، هەڵکەوتی دەوروبەر بەوەدا ساغ دەکرێتەوە کە لە جێگاو کاتی دیاریکراودا هەیە، ئایا دەکرێ ئەو بنەمایەی لەکات و جێگای دیاریکراو

هەبوونە، بەسەر جیهانی دەوروبەردا جێبەجێ بکرێت و لە بارەی بوونی نابوونی سەربەخۆیەوە بڕیار بدرێت، یان نا؟

ئەمە بووە کێشەی میتافیزیکی دەوروبەری هەڵکەوت کە بە زمانی ئەڵەمانی وشەی Wirklichkeit بۆ دانراوە!

کێشەکە لێرەدا چڕ دەبێتەوە ئەو هەڵکەوتەی بووە بەگرێ کوێرە و بە دەستەواژەکانی زمانی دەکرێ دەربپردرێ، دەکرێ وەک کۆی بابەتێکی سەرتاپاگیر، بەبێ بەشەکانی و نەزم و سیستەمەکەی قسەی لێ بکرێت؟ کە مرۆڤ دەڵێ بوون- نابوون باسی چی دەکات؟! لێرەدا بوونی «سروشت» کراوە بە کێشەیەکی سەربەخۆی میتافیزیکی و لەچوارچێوە گشتییە هەمەکییەکەیدا سەرنج دراوە و کراوە بە کەرستەی توێژینەوە:

ئەگەر لەسەردەمی سەدەکانی ناوەڕاست، پێشتر لەلای ئەفلاتوون و ئەرستۆ سروشت کرابێ بە (تابلۆیەکی جوان و ڕەنگینی هونەرمەندی) و لە سەدەکانی ناوەڕاست ماددەی سەرچاوەی بەدکاری بووبێ، ئەوە کراوە بە بەڵگەیەک بۆ ساغ کردنەوەی بوونی بزوێنەرێکی ئەندازیار کە نەزم و ڕێکوپێکی لە سروشتی یۆنانییەکاندا جێگیر کردووە و لە سەدەکانی ناوەڕاستیشدا داهێنراوی داهێنەرە ئەندازیارە سەروو سروشتییەکە بووبێ و کرابێ بە بەڵگەی ساغ کردنەوەی بوونەکەی، ئەوە دوای دەرکەوتنی گوڵی بەهاری سەدەی نوێ لە کەلەوە، ئەو بۆچوونەش گۆڕانی سەرتاپاگیری بەسەردا هاتووە، بەڵام ئەو گۆڕانە، بەپێی ڕەوشی لە ئارادابووی ئەو سەردەمە کە دەرفەتی لەوە چاکتر و پتری نەداوە، نەیتوانیوە ببێتە مایەی ئەوەی ئەو جیهاندیدە لە چوارچێوەی سەرنجدانە میتافیزیکییەکە بچێتە دەرەوە، لە هەندێک ڕەهەندیدا شوێنەوار و جێدەستی بۆ ماوەی ئایینەکە و دۆگمەکانی کڵێسەی مەسیحی هەر پێوە دیارە.

لە چوارچێوەی ئەو فەلسەفە سروشتییە خەسڵەت میتافیزیکییەکەدا، چەند چەمکێک هێنراونەتە سەر خوانی باسکردن و تاووتوکراون کە تا ئەم سەردەمە گەرموگوڕی خۆیانیان لە دەست نەداوە وەک:

– ماددە، هێزی کێشەکی، خێرایی، ئەتیر Ather کە پێشتر بە هەڵگری گواستنەوەی تیشک دانراوە، بۆشایی (فاکوئوم)، ئارامی، وزە، کۆن و نوێی جیهان و داهێنانەکەی.

زۆربەی فەیلەسووفەکان بە هەردوو ئاراستەی ژیرەکی و ئەزموونی بە پێچەوانەی جیهاندیدی کڵێسەی مەسیحییەوە لەو باوەڕەدا بوون کە جیهان مەرج نییە هەمووی بۆ سوود و قازانجی مرۆڤ داهێنرابێ، بۆ نموونە لە جیهاندا زۆر شت هەیە بە دڵی مرۆڤ نییە و سوودیشیان لێ وەرناگرێت(۷).

بابەتی ماددە کە لە جیاتی وشەی لاتینی Materie بەکارهاتووە کێشە و بەرەیەکی زۆر و زەبەندەی لەسەر بووە.

ماددە خۆی لەخۆیدا چییە، بنەمایە، هەوێنە، کەرستەیە، یان شتێکی دیکەیە؟ دەکرێ ماددە بەتواناییەکی شیاوەکی، هێزەکی دابنرێ کە دەکرێ ببێ بە بنەماو بنەڕەتێکی نارێی (پەسیڤی) گۆڕان، ئەو گۆڕانەی کە فۆرم و ڕوخسار و ڕەنگ دەڕێژێ، یان ماددە لەخۆیدا ئەو پێوەندییە نییە کە مرۆڤ دەیخاتە ناویەوە، بەڵکو شتێکی ڕاستەقینە لەودایە و کارایە؟! پێوەندی ماددە بە ئەتۆم، بە بۆشایی، بە وزەوە چییە و چۆنە؟! وەڵامی ئەو پرسیارانە تەنیا پشت ئەستوور بە ئامرازە سنووردارەکانی ئەوسای توێژینەوەی زانستی دراونەتەوە، بۆیە لە چوارچێوەی میتافیزیکدا تاڕادەیەک گیریان خواردووە. نیوتن سەرەڕای ئەو پێشکەوتنە گەورەیەی بەدەستی هێناوە، نەیتوانیوە لە زۆر ڕەهەندا چوارچێوەی باوی جیهاندیدی ئایدیۆلۆژی و لاهووتی کڵێسەی مەسیحی ببەزێنێ!

لە بۆچوونی هەندێک توێژەری سروشتی و فەلسەفەدا ئەو بۆچوونە باو بووە کە ماددە هەر کۆنە، سەرەتای نییە پەیدا نابێ و لەناو ناچێ! بەڵام دەکرێ ڕوخسارە کۆنەکەی لەدەست بدات و فۆرم و ڕوخساری نوێ بەدەست بهێنێ(۸).

– جیهان لە ماددە و بزووتنەوە پێکهاتووە. ژیانیش خۆی لە بزووتنەوە بەولاوە نییە، ئیتر دوای هەنگاوە دلێرەکەی کۆپەرنیکۆس هەڵیگرتووە، جیهان، سەرزەوی بۆتە جێگای ژیانی بێ گوناح، ئەو گوناحەی لاهووتی جوولەکە و مەسیحی بەهۆی ئادەمەوە بەسەر خەڵکیاندا سەپاندبوو، ئەوەش دەکرێ پێشبینی بکرێت ئەو پەرەداسە

(بەهەشتەی) کلێسە بەڵێنەکەی بە پیاو چاکان دابوو، دەکرێ لێرە لەسەر زەوی بەدی بهێنرێ. دنیا خراپ بوون نییە و کاول نابێ، ئەوی مرد دنیای لێ کاول دەبێ و ماڵی خراپ دەبێ. مادده کراوە بە کەرستەیەکی بێ لایەن، سروشت و ژێر تارادەیەک ئاشت کراونەتەوە، ئینجا هەرسێک بابەتی بوون: ڕەب، دەروون (نەفس-گیان)، جیهان، سیستەمە جیهانبینییە میتافیزیکییەکەی لێ دانراوە.

لەچوارچێوەی ئەو گۆڕانکارییانەی لەژێر دروشمی چاکسازیدا (ڕیفۆرم) بەسەر ئاییندا هێنراوە، ڕەب پێناسەیەکی دیکەی پێ بڕاوە، ئەرک و پێوەندی لەگەڵ مرۆڤدا گۆڕانی بەسەردا هێنراوە. «ڕەبی مەسیحی جاران نەماوە، وێنەکەی گۆڕاوە، نەتووڕەیە، نە غەزەبگیر و نە تۆڵە ستێن، بەهیچ جۆرێک هەقی بەسەر مرۆڤەوە نییە و دەست ناخاتە نێو بەڕێوەچوونی کاروباری ژیانی خەڵکی. گوناحی ئادەم کاڵ بۆتەوە و هیچی تر خەڵک نیگەران و نارەحەت ناکات، هیچ شتێک لە ئارادا نەماوە پێی بگوترێ نهێنی پیرۆز، ڕۆژوو گرتن بەسەرچووە، پێویست ناکات خەڵک بەتۆبزی بچن بۆ کلێسە(٩) ئینجیل بایەخی سنوور بەزێنی سەرووسروشتی لەدەست داوە. سرووش (وەحی) لەبیر خەڵک چۆتەوە خەڵک پێویستیان بەشەریعەتی کلێسە نەماوە بۆ ئەوەی بزانن ئەرکی سەرشانیان بەرانبەر بە ڕەب چییە و چۆنە، ژێر ڕابەر و ڕێنمایی کارە و پەیڕەوکردنی دەبێتە ڕەزامەندی ڕەب».

بەو پێیە بڕوا و باوەڕ بە ڕەب ماوە بەبێ وەحی (سرووش) و نوێژو ڕۆژووش پشتگوێ خراون. دەروون هیچی تر هۆکاری بەدکاری مرۆڤ نەماوە، بەڵکو بووە بە کەرستەی توێژینەوە. جیهان دەبێ بۆ دابین کردنی بەختەوەری مرۆڤ کۆنترۆڵ بکرێ. زانست نەک ئایین ئەو ئامرازەیە ژیانی مرۆڤ خۆش دەکات و بەردی بناغەی ئەو دوارۆژە دادەنێ کە مرۆڤ چاوەڕوانیەتی.

**سەرچاوە و پەراوێز:**


**1- Betrand Russell: Philosophie des Abend Landes. Munchen. 2000. S.557.**

**2- Betrand Russell: Ebenda. S.558.**

**3- Betrand Russell: Ebenda. S.9.**

**4- Heinerich Schmidinger: Metaphysik. 3 Auflage. Kohlhammer Verlog Stuttgart 2010.**

**٥- ئەو قسەیەی نیوتن لە ئینگلیزییەوە وەرگێڕدراوە و لەو سەرچاوەیەدا بڵاوکراوەتەوە:**

**- د. محمد عابد الجابري: مدخل الى فلسفة العلوم. بيروت ٢٠٠٦، ص٣٩١.**

**6- Ernst Cassirer: philosophie der symbolishen Formen. Dritter Teil. Meiner-Hamburg. 2010. 183. ff.**

**٧- ارثر لڤجوی: سلسله الوجود الكبرى. بيروت ١٩٦٤. ت: د. ماجد فخري. ص٢٨٤ فما بعد.**

**8- Friedrich Albert Lange: Geschichte des Materia Lismus. Bd. I. Stw. 70. Frankfurt am Main 1974. S.243. ff.**

**٩- پول هازار: أزمه الضمير الاوروبى. (١٦٨٠- ١٧٥٠ز). ت: جودت عثمان و محمد نجيب المستكاوي. دمشق ٢٠٠٤، أفكار (١)، ص٢٩٢-٢٩٣.**

# سەرەتاکانی فەلسەفەی ئاکاری کانت

سەعید کاکی
(زانکۆی سەلاحەددین - کۆلێژی ئاداب)

**ڕەخنەی عەقڵی کردەکی** (١)

١- سەرەتاکانی فەلسەفەی ئەخلاقی مۆدێرن

فەلسەفەی ئەخلاق، وەک تیوری زانین و مەنتیق و میتافیزیک یەکێک لە لقەکانی فەلسەفەیە. بابەتی سەرەکی ئەخلاق، دیاری کردنی بابەتگەلێکی وەک چاکە و خراپە نییە، یان ئەوەی کە چۆن دەبێ لە ژیاندا هەڵسوکەوت بکەین، بەڵام ئەوەی کە باش چییە و خراپ چییە و کێ مافی ئەوەی هەیە ئەم بابەتانە لێک بداتەوە، یان بابەتێکی وەک (دەبێ و نابێ) لە کوێوە سەرچاوەیان گرتووە ئەرکی ئەخلاقە. دیارە هەموو کەسێک لە ژیانیدا هەڵوێستێکی ئەخلاقی هەیە و هەندێک بابەت بە چاک دەزانێ و هەندێکی دیکە بە خراپە لە قەڵەم دەدات. هەندێکی تری لا باشە و پەسەندی دەکا، بەڵام لە قەزیەی ئەخلاقیدا بڕیار لەسەر سەلماندن، یان داماڵینی پێوەندی لەنێوان بابەت و باردا دەدەین. داوەرییەکانی ڕۆژانەی ئێمە لەسەر ئەخلاق، لە هۆشیاری ئاسایی، یان بڕیاری ئەخلاقی دەکەونەوە و بە تێکڕای ئەمانە ئەخلاقی پێ دەڵێن.(٢) دیارە فەلسەفەی ئەخلاق بۆ وەڵامی دوو پرسیار دەگەڕێ.

یەکەم ئەوەی کە چەمکە ئەخلاقییەکانی وەک؛ «چاکە» و «خراپە» و «ئەرک» لەسەر چ بنەمایەک دامەزراون؟ مانای وردبینانەی ئەم چەمکانە کامانەن؟ پێوەندی نێوان ئەم دوو پرسیارە، تەوەری سەرەکی بنەمای ئەخلاقی پێکدێنێ و جیاوازی بنەمای سیستەمە ئەخلاقییەکان لە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەدا دەردەکەوەن. دیارە ئەرکی فەلسەفەی ئەخلاق دەربڕینی پەند و ئامۆژگاری نییە. هەر داوەرییەکی ئەخلاقی بە دۆخێکی تایبەتەوە گرێ دراوە، فەیلەسووفی ئەخلاقی ئەرکی ئەوە نییە بڵێ دژی خراپە، یان خۆشەویستی باشە! بەڵکو دەیەوێ بزانێ بنەمای



کانت

داوەرییە ئەخلاقییەکانی ئێمە لە کوێوە سەرچاوە دەگرن(٣). لە لایەنی مێژووییەوە ڕۆشنبیرەکانی سەدەی هەژدە، هەوڵیان ئەوە بوو، مرۆڤەکان لە بیروباوەڕی مردووپەرستانەی ڕابردوو جیا بکەنەوە. ڕۆشنبیرەکانی بزووتنەوەی ڕۆشنگەری لایان وابوو دواکەوتوویی کولتووری ئەوروپا لە سەدەکانی ناوەڕاست کە سەدەی تاریکییان پێ دەوت، بەهۆی هەبوونی، دەبەنگی، وشک بیری و دەمارگرژی بوو، دادگەی دان پێدانانەکان و شەڕ و مارەکەی ئایینی و ئایینزاکان، دابڕانێکی کولتووری سازکردبوو(٤) و لەمپەرێک بوو بۆ پێشکەوتنی ئەخلاقی تاکەکان، هەر بۆیە پەل پەل بوونی کۆمەڵگەی سیاسی بە دواوە بوو، لایەنگرانی بزووتنەوەی ڕۆشنگەری بە پێچەوانەی فەیلەسووفەکانی پێش خۆیان هەوڵیان ئەوە بوو جیهان تەفسیر بکەنەوە و بیگۆڕن، هەر بۆیە فەیلەسووفانێکی گومانکاری وەک دەیڤید هیوم(١٧١١-١٧٧٦) دژ بە دەمارگرژییەکانی ئایین ڕاوەستا و تا ئەو ڕادەیە سەرجەم بابەتە ئەخلاقییەکانی گەڕاندەوە بۆ سەر هەست.

ئەوەی بووە هۆی پێشکەوتنی کولتووری ڕۆشنبیری و گەشەسەندنی زانیاری مرۆڤی مۆدێرن و شۆڕشێک لە بیر کردنەوەدا بوو، ئەوەندەی ئاڵوگۆڕییە سیاسییەکان کاریگەری لەسەر پێشکەوتنی کۆمەڵگە دانابوو، شۆڕشی کۆپێرنیکی لە زانستدا، هەروەها شۆڕشی مەعریفی کانت، کاریگەری لەسەر گۆڕانی هەڵوێستی مرۆڤ لە بیروباوەڕەکانیدا بوو. شۆڕش لە بیرکردنەوەی ئەخلاقیدا، مۆڵکی کولتووری فەلسەفی خۆرئاوایە، دەیڤید هیوم لە ڕێگەی گومانکارییەوە هەر بیروباوەڕێکی ئایینی تا ئەو ڕادەیە لە لا کاڵفامانە بووە بایەخی پێنەدا، هیوم دەیگوت، قەشە و مەلاکان وتاربێژانێکی هۆڤ و بەربەڕن تەنیا لە ڕێگەی ترس و دەمارگرژییەوە بیروبۆچوونی سەقەت بەسەر مێشکی مرۆڤەکاندا دەسەپێنن! ئەو مرۆڤە دواکەوتوو و دەمارگرژانەی کە لە ڕێگەی دەمارگرژی ئایینییەوە دژ بە هەر چەشنە شارستانیەتێک ڕادەوەستن، مرۆڤەکان دەبەنەوە بۆ ڕابردوو و ئازادی لێ زەوت دەکەن. دیارە ئەخلاق و بەها ئەخلاقییەکانی مۆدێرنیتە لەسەر بنەمای عەقڵ و بیری تاکی مۆدێرن دامەزراون. مرۆڤ خۆی عاقڵە پێویستی بە پەند و ئامۆژگاری نییە و سەربەستە، ئەو ئەخلاقە بەهادارە، کە مرۆڤ خۆی سەربەستانە هەڵی دەبژێرێ و ئایین هیچ پێناسەیەکی لەسەر ئازادی و عەقڵ نییە، ئایین مرۆڤی ترسنۆک و دەستەمۆ پەروەردە دەکات، وەک ئەفیونێک لە مێشکی مرۆڤدا تەتەڵە دەکات و وره و سەربەستی لێ زەوت دەکات. دانانی هێڵی سوور لەلایەن ئایینەکان لەسەر مرۆڤ هەمان خولقاندنی کۆمەڵگەی مێگەلە، هەر بۆیە فەلسەفە، ئەوەندە ورەت پێ دەدات خۆت سەربەستانە لەسەر هەموو شتێک بڕیار بدەیت و لێکیان بدەیتەوە، هەر بۆیە مرۆڤ خۆی دەتوانێت بابەتە ئەخلاقییەکان دیاری بکات و لە ڕێگەی پەروەردەوە مرۆڤ دەبێ بە مرۆڤ، ئەویش پەروەردەیە کە پشت بە میتودێکی زانستی ببەستێ، تا مرۆڤەکان بە سەقەتی پەروەردە نەبن.

کەواتە فەلسەفەی ئەخلاقی مۆدێرن چەند ڕێبازێکی لێکەوتەوە، هەندێ کەس دەیانویست بنەمایەکی عەقڵی بیرکارییانە بۆ ئەخلاق دابنێن، ئەم ئەخلاقە سکۆلارە، واتە ئایین هەڵدەپەسێرێ و باوەڕ دەبێ بە بابەتێکی دەروونی مرۆڤ، باوەڕ بابەتێکی تاکەکەسییە، مرۆڤ سەربەستە لەوەی کە چ ئایینێک هەڵدەبژێرێ، هەر بۆیە مرۆڤەکان بەناوی خواوە، مافی ئەوەیان نییە مرۆڤەکانی دیکە بە تاوانبار لە قەڵەم بدەن، یان ئەوەی کە بەچاوی

تاوانبار بڕوانێته مرۆڤ، قەشە و مەلاکان مافی ئەوەیان نییە بیانهێننە سەر ڕێگەی ڕاست! نیتشە وتەنی ئەم بیروباوەڕانە ڕیشەیان لە خولقاندنی ئەخلاقی مێگەلدایە. لایەنێکی دیکەی ئەخلاقی مۆدێرن بەرەودان بە سۆز و خۆشەویستی وەک بابەتێکی مرۆییە. کەسانێکی وەک هۆبز و جۆن لۆک لایان وابوو مرۆڤ پێویستی بە پەیمانی کۆمەلایەتی هەیە، واتە یاساوڕێسایەکمان پێویستە تا مرۆڤەکان بەرەو شارستانییەت هان بدات. ئایین لە ئەخلاق دامالراوە و ئەخلاق سەربەستانە وەک نەستە کۆی کۆمەلگە بایەخی پێدراو ئەخلاق و بەرپرسیاری لەگەل یاسادا یەکیان گرتەوە، واتە مرۆڤ خاوەن ژیارە، هەر بۆیە عەقل و ئەخلاق ڕێگەیان بۆ پتەوکردنی یاسا خۆش کرد. ئەمە یاسایە مرۆڤەکان لە کۆمەلگەدا پێکەوە گرێ دەدات، پێش کانت هەندێک لە فەیلەسووفەکان بە تایبەت، هاچسێن(٥) بنەمای ئەخلاقی لەسەر هەستی ئەخلاقی moral sense تایبەت بە مرۆڤەکان دامەزراند. هەر لەم ڕێگەیەوە، لە نێوان فەزیلەتی ئەخلاقی و زەبوونی ئەخلاقی جیاوازی دانا. فۆرمی ئەخلاق ئەوە بوو، مرۆڤ لەم دنیایەدا تا ڕادەیەک بە بەختەوەری و ئازادی بگات و لە سنوورەکانی ئازادی تێنەپەڕێت و سەربەستی مرۆڤەکانی دیکە زەوت نەکات.

### فۆرم و مادده لە ئەخلاقی کانت دا

کاتێ بمانەوێ بنەمای فەلسەفەی ئەخلاق دامەزرێنین پێویستە، بنەماکەی لەسەر عەقلێکی پەتی دابمەزرێنین. ئەم فەلسەفەیە، تێکەل بە دیاردە ئەزموونی و چەمکە عەقلییەکان نییە. ئەو تێکەلاوییەی کە لایەنگرەکانی وای بۆ دەچن، لە نێوان بیرکردنەوە و ئەزموونەندا، یەکسانییەک ساز بکەین. ڕێبازە ئەخلاقییەکان، ئەخلاق لەگەل سروشتی مرۆڤ و لە ڕێگەی ئەزموون و مێژووەوە تەفسیر دەکەن، سەرپاکیان لە ناتەواوییەکدا هاوبەشن و ئەوەیش کەموکورتی ئەوانە، بۆ دانانی یاسایەکی پەرگیر لەسەر ئیرادەیە، بە هۆی ئەوەی کە ئەم یاسا هەمەکییە لە ڕێگەی عەقلی پەتییەوە لێک دەدرێتەوە. ئەم دوو قوتابخانەیە بەسەر دوو گرووپدا دابەش دەبن:

١- گرووپێک کە لەسەر بنەمای هەست دامەزراوە.
٢- گرووپێک کە لەسەر بنەمای عەقل دامەزراوە.

گرووپی یەکەم، لایەنگری لە بیرۆکەی بەختەوەری دەکەن، بیرۆکەی بەختەوەری لەسەر بنەمای هەستی سروشتی و ئەزموون دامەزراوە، فەیلەسووفانێکی وەک «ئاریستیپ»، «ئێپیکۆر» و «هۆبز»و هاوبیرەکانی لایەنگری لەم جۆرە بیرە دەکەن، یان ئەوەی کە وەک «شافێتبێری» لایەنگری لە «سۆزی ئەخلاقی» دەکەن، گرووپی دووەم لایەنگری لە ئایدیای کەمال دەکەن. بیرۆکەی کەمالیش بە پێی بیروبۆچوونی لایب نیتز، دۆخێکی دەروونییە و لە ڕێگەی ویستەوە ڕوو دەدات، یان ئەوی کە لاهووتییەکان دەلێن خودا خۆی یاسا دانەرێکی گەورەیە (یوسف کەرەم، ل٤٩). لە ناو ئەم ڕێبازانەدا، ئەوەی دەبێ دوورەپەرێزی لێ بکەین، ڕێبازی بەختەوەری تاکەکەسییە، بە هۆی ئەوەی کە هەست، هەندەکییە و گۆڕانی بەسەردا دێت، هەر بۆیە دانانی یاسایەکی هەمەکی و پێویست لەسەر فەلسەفەی ئەخلاقی هەستەکی مەحالە. ئەم ڕێبازە، خێر دەگەڕێنێتەوە بۆ باوەشی قازانج و لە ئەنجامدا، خالی جیاوازیی نێوان بزوێنەرەکانی وەک فەزیلەت و پەستی دەسڕێتەوە، بێ گومان ڕێبازی سۆزداری ئەخلاقی بەرزترە، بە هۆی ئەوەی کە، دان بەوەدا دەنێ فەزیلەتێکی ئەخلاقییە، بەلام بەهۆی ئەوەی کە بەرژەوەندی هەستەکی هەمان ڕەزایەتمەندی دەروونییە. ئەم دوو ڕێبازە بە هۆی دلگرانی کە لە عەقل هەیانە، پەنایان بردە بەر سۆز، بەلام سۆزیش بابەتێکە گۆڕانی بەسەردا دێت و توانایی ئەوەی نییە وەک پێوەرێک بۆ خێر و شەر کەلکیان لێ وەرگرین. کانت دوو کتێبی بە ناوبانگی لەسەر فەلسەفەی ئەخلاق نووسیوە، لە کتێبی یەکەمدا لە سالی ١٧٨٥ بە ناوونیشانی «بنەماکانی میتافیزیکی ئەخلاق» و کتێبی دووەم لە سالی ١٧٨٨ بە ناوونیشانی «ڕەخنەی عەقلی کردەکی». پێوەندی ئەم دوو کتێبە وەک کتێبی «سەرەتاکان» لەگەل «ڕەخنەی عەقلی پەتی» وایە، بەلام جیاوازییان لەوەدایە لە فەلسەفەی تیوری کانتدا «سەرەتاکانی» سێ سال پاش «ڕەخنەی عەقلی پەتی» بلاو کردەوە، بەلام لە فەلسەفەی ئەخلاقدا، لە یەکەم هەنگاودا، کتێبێکی بچووکی بە ناوونیشانی «بنەماکانی میتافیزیکی ئەخلاق» نووسی، پاشان کتێبە سەرەکییەکەی خۆی، واتە «ڕەخنەی عەقلی کردەکی» چاپ کرد. سەرەڕای ئەوەی کە توێژەران دانیان بە ناکۆکی نێوان ئەم دوو کتێبە ئەخلاقییەدا ناوە، بەلام کتێبی یەکەم دەروازەی کتێبی دووەمە. هەندێک لە توێژەران

جۆرێک یەک نەگرتنەوەی بنەماییان لە نێوان فەلسەفەی ئەخلاقی کانت و فەلسەفەی تیوریکی دۆزیوەتەوە و بە هەڵە وای بۆ دەچن کە لە فەلسەفەی ئەخلاقی (کانت)دا جێ پەنجەی ڕەخنەیی پێوە دیار نییە، ئەگەرچی هەردوو کتێبەکە لە یەک کات و سەردەمدا نووسراون، بەڵام لە لایەنی مەنتیقییەوە، پێوەندیان بە سەردەمی پێش ڕەخنەییەوە هەیە. هاینە (١٧٦٩-١٨٥٦) شاعیری ئەڵمانی بە تەوسەوە وتبووی، کانت ئەوەندەش مرۆڤێکی ئەخلاقی نەبووە و ئەو بابەتانەی لەسەر بوونی خودا و هەتاهەتایی بوونی نەفس وتوویەتی، بۆ دڵخۆش کردنی کارەکەرەکەی خۆی «لامپ» وتوویەتی، لایەنگرانی ئەم جۆرە وتانە مەبەستیان ئەوەیە، وتەکانی کانت لەسەر ئەخلاق لە سەردەمی ڕەخنەییدا و ئەوەی دواتر باسی لەسەر کردووە یەکێکن و ئەم کەسانە هەوڵیان ئەوەیە بیسەلمێنن فەلسەفەی کانت دەروازەی فەلسەفەی پۆزیتڤیسمە و بیروبۆچوونەکانی دوای ئەو بەهایەکی ئەوتۆیان نییە. کانت لە بنەماڵەیەکی ئایینی سەر بە ڕێبازی "پیتیزم" گەورە بووە، بەڵام کانت بەرهەمی نووسەرە ئینگلیزییەکانی لەسەر ئەخلاق خوێندبوو، لە بیروبۆچوونەکانیان کەڵکی وەرگرتبوو، بۆ نموونە ئەو لە سەرەتادا وای بۆ دەچوو سروشتی مرۆڤ نەخۆشە و ئەخلاق دەبێ بە پێچەوانەی سروشت بجوولێتەوە. کانت لە شافێتبێری (١٦٧١- ١٧٢٣) فێر ببوو کە ژیانی ئەخلاقی پشت بە یەکگرتنەوەی نێوان حەزی تاکەکەسی و خێری گشتی دەبەستێ و لە ئەنجامدا فەزیلەت ڕەنج و کەسەر نییە، بەڵکو ئۆقرەیی و بەختەوەری بە دواوەیە(موجتەهیدی، ل١٠٢).

بەرهەمی نووسەرانێکی دیکەی وەک هاچسێن (١٦٩٤- ١٧٤٧) سەرنجی کانتی بەرەو لای ئەم خاڵە ڕاکێشا کە پێویستە ئەخلاق بابەتێکی هەمەکی بێ و شیمانەی هەیە، هەمەکی و جیهانیش بێ و ئیدی پێویست بەوە نەکا وەک باوەڕی کەونینەکان، بە تایبەت ڕۆمییەکان بۆ هەر کردەیەکی ئەخلاقی دەبێ لایەنێکی قارەمانانە و ئاوارتە بۆ کەسانێکی تایبەت لەئارادا بێ. کانت لەسەر بەرهەمەکانی هیوّم فەیلەسووفی ئینگلیزی، واتە ئەو فەیلەسووفەی کانتی لە خەونی دۆگماتیکی بەئاگا هێنا، ئەم بابەتە فێردەبێ کە پێویستە بەشی عەقڵ لە بەشی سۆز جیا بکەینەوە، هەر بۆیە هیوّم دەڵێ تیوری بەهۆی ئەوەی کە مۆرکی ژیانی پێوە نییە، پاڵنەر و هاندەری کردەی مرۆڤەکان نییە. کانت سەرەڕای ئەوەی کە بیروڕای نووسەرە ئینگلیزییەکانی ناسیوە، شارەزای بەرهەمەکانی ژان ژاک ڕۆسۆ (١٧١٢- ١٧٧٨) بووە و بە دڵنیاییەوە زیاتر لە هەموویان لە ژێر کاریگەری بیروبۆچوونەکانی ڕۆسۆدا بووە. لەسەر ئەم بابەتە هەندێک لە توێژەران لە دەربڕینەکانیاندا وتوویانە، تا ئێستا هیچ کەس وەک ڕۆسۆ، هێندە کاریگەری لەسەر کانت نەبووە. بە بۆچوونی کانت، هەروەها کە نیوتن بنەمایەکی لە زانستدا کەشف کردبوو، ڕۆسۆ سەرەتایەکی کەشف کردبوو، یەکەم ئەوەی کە کردەوەی مرۆڤی یەکخستەوە و لە هەنگاوی دووەمدا ڕوونی کردەوە ویستی مرۆڤەکان لەگەڵ یەکتردا، کاریگەرییان بەرانبەریان هەیە و خەڵکی لە لایەنی پەروەردەوە کاریگەری لەسەر یەکتر هەیە و لە ئەنجامدا فەزیلەت لە کەماڵی تاکێکدا کۆ نابێتەوە، بەڵکو لە پێوەندی نێوان خەڵکدا کۆ دەبێتەوە و دەبێ بە جۆرێک کۆمەڵێک لە ویستەکان پێکەوە سەر هەڵبدەن. کانت لە فەلسەفەی ڤۆڵف ئەم خاڵە گرینگە فێربوو، کە لە کردەی ئەخلاقیدا دوو لایەن هەیە:

١- بەڵێنی ئەخلاقی «obligation» لە ڕاستیدا فۆرمی کردەیە.

٢- کەماڵ، مەبەستی دوا ئامانجی کردەی ئەخلاقییە.

دیارە فەلسەفەی ئەخلاقی کانت لە ناوەرۆکدا لەگەڵ سەرچاوەی ئایینی و عیرفاندا جیاوازە، هەر بۆیە ناوەرۆکی فەلسەفەی ئەخلاقی کانت لە «ڕەخنەی عەقڵی کردەکیدا» لەگەڵ ئایین و عیرفاندا جیاواز و ناتەبایە. لە ئەنجامیشدا لێیان دوور دەکەوێتەوە، بەڵام فەلسەفەی ئەخلاقی کانت، چ لە ناوەرۆک و چ لە میتودیشدا لەگەڵ ئەو بیروبۆچوونانەی باسمان کردن جیاوازە. کانت ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ ڕەخنەی لە بیروڕای فەیلەسووفەکانی پێش خۆی گرتووە، هەر بۆیە لە بەرهەمەکانیدا نەک هەر باوەڕی بە تێکەڵ کردنی بیرکردنەوەکانی پێش خۆی نەبووە، بەڵکو مۆرکی ڕەسەنایەتی پێوە دیارە و کاریگەری پێشینەکان تەنیا لە ئاستی گەڵاڵەکردنی پرسیارەکاندایە و بەس. پرسیارێک لێرەدا دێتە ئاراوە، ئایا لە نێوان فەلسەفەی تیوریکی کانت و فەلسەفەی کردەکیدا جیاوازی و ناکۆکییەک هەیە؟ ئەگەر کانت لە کتێبی "ڕەخنەی عەقڵی پەتیدا" سنووری تیوری زانینی ئێمەی لە ڕێگەی هەڵومەرجی

پێشینانەی هەست، واتە کات و شوێنەوە دیاری کردووە، هەروەها زانینی ئێمە لە هەلومەرجی پێشینانەی تێگەیشتن، واتە کاتێگۆرییەکان تێناپەڕێ و گەیشتن بە هەر چەشنە یەقینێک لە ئاستی میتافیزیک بە گونجاو لە قەڵەم دەدات.

**فەلسەفەی ئەخلاقی کانت**

کەواتە کانت چۆن لە ئەخلاق و عەقڵی کردەکیدا، بابەتگەلێکی وەک ئیختیار، هەتاهەتایی بوونی نەفس و بوونی خودا دەسەلمێنێ؟ لە فەلسەفەی (کانت)دا، کاتێک پرسیارەکە ئاراستە دەبێ، پێویستە ئێمە خاڵی هابەش لەنێوان هەر دوو بواری عەقڵی تیوریک و عەقڵی کردەکی لێک بدەینەوە. بەڕای کانت عەقڵ یەکێکە، بەڵام عەقڵی کردەکی بەربڵاوترە لەوەی ئێمە لەسەر دیاردە ماددی و هەستەکییەکان بەکاریان بێنین، بۆچی؟ بەهۆی ئەوەی کە زەینی ئێمە ئەوەندە توانایی هەیە ڕەخنە لە ناوەرۆکی عەقڵ بگرێت. مەبەست لە ڕەخنە مانای ئەوەیە کە لە «فەلسەفەی ڕەخنەیی» (کانت)دا ناوبانگی دەرکردووە، هەر بۆیە بۆمان دەردەکەوێ چەمکی عەقڵی کردەکی بەربڵاوتر لە چەمکی عەقڵی تیوریکییە و زەینی ئێمە سەرچاوەیەکی گشتیتر و بەربڵاوتری هەیە، بە هۆی ئەوەی کە ڕەخنە لە عەقڵی تیوریکیش دەگرێ. کەواتە عەقڵی تیوریک بەشێک لە عەقڵە و لایەنێکی دیکەش لە عەقڵدا هەیە، ئەگەریش بە تەواوی لە عەقڵی تیوریک جیا نەبێتەوە، لانی کەم بە شێوەیەکی تر بە کاری دێن. عەقڵی کردەکی، عەقڵ لە مانا هەمەکییەکەیدایە و لە چەمکێکی وەک ویست کەڵک وەردەگرێ، کەواتە بابەتێکە ئەخلاقی کە کانتی بەرەو لایەنێکی بەربڵاوتر لە سنوورەکانی عەقڵی تیوریک هان داوە، چەمکی ویستە. هەر لە ڕێگەی ئەم چەمکەوە بۆمان دەردەکەوێ بەچی دەڵێن کردەی ئەخلاقی.

مەبەست لە ویستی چاکە «good will» چییە؟ ویستی چاکە لە ویژدانی گشتیدا دەردەکەوێ و دەبێ بە چەمکی ئەرکەوە گرێی بدەین و ئەرکیش دەستووورێکە ویستی چاکەی لە ئێمە دەوێ، کەواتە ویستی چاکە لە مرۆڤدا حەزێکی دەروونی، یان حەزێکی سروشتی نییە، بەڵکو ویستی چاکە لە عەقڵەوە سەرچاوە دەگرێ، واتە ئێمە لە پلەی یەکەمدا، بە ئەرکی خۆمانی دەزانین و ویستی چاکە هەوڵێکە بۆ جێبەجێ کردنی ئەرکێک، ئەگەر بە ڕاشکاوی چاو لە بابەتەکە بکەین، بۆمان دەردەکەوێ، ماهییەتی «ئەرک» لە بەرانبەر چەمکێکی وەک ئارەزوو دەردەکەوێ و سەرگرتنی ئەرکیش کاتێک بەهای ئەخلاقی لێ دەکەوێتەوە، مەبەستێکی، بێجگە لە ئەرکی بەدواوە نەبێ. لە بیرمان نەچێ کانت چەمکگەلێکی وەک: ویست، ئارەزوو و حەزی لێک جیا کردووەتەوە. ویست مانای بڕیاردان لەسەر بابەتێک دەگەیەنێ. هەر لێرەدایە کانت دەڵێ: بە مەرجێک کردەیەکی ئەخلاقی پەسەند دەکرێ بە هۆی نەفسی ئەرکەوە بێت و هاندەرێکی وەک ئەرکناسی بە پشتەوە بێ. کەسانێکی وەک شیلەر(٦) ڕەخنەی لە چەمکی «جێبەجێ کردنی ئەرک لە پێناو ئەرکدا» گرتووە و وتوویەتی، ئەم وتەیەی کانت ڕواڵەتێکی وشک و مۆن بەسەر مرۆڤدا زاڵ دەکات، کانت بۆ پارێزگاری خۆی لە بەرانبەر وتەکەی شیلەردا، لە نێوان دوو چەمکی ئەرک و فەزیلەتدا جیاوازی دادەنێ. فەزیلەت مانای ئەوەیە جێبەجێ کردنی ئەرک دەبێ بە مەلەکەی زەینی مرۆڤەکان، کانت دەیەوێ بڵێ: کاتێک ئێمە لە چەمکی ئەرک کەڵک وەردەگرین دەبێ لەنێوان کردەیەک کە بۆ لابردنی ئەرکە و کردەیەک کە بە بۆنەی نەفسی ئەرکەوە بەکاردێنین جیاوازی دابنێین. هەروەها کانت دوو وشەی دیکە لە ئەخلاقدا لێک جیا دەکاتەوە imperative دەستوور و فەرمان، command، کەواتە مەبەستی کانت دەستووری ئەخلاقییە، نەک ئەوەی کە فرمانێک بەسەر ئەخلاقدا بسەپێنێ (کۆرنێر، ل٣٨٢).

بەبۆچوونی کانت دەبێ لەنێوان ئەو کردەیەی بۆ لابردنی ئەرکی سەرشان دەیکەین و ئەو کردانەی بە بۆنەی نەفسی ئەرکەوە ئەنجامی دەدەین جیاوازی دابنێین. لە زمانی ئینگلیزیدا لە دوو ڕستەی inconformity with duty و in accordance with duty بۆ ئەم مەبەستە کەڵک وەردەگرین، بەڵام مانای وتەکەی کانت ناگەیەنێ، واتە مەبەستی کانت بەپێی ئەرک، یان لە پێناو ئەرکدا نییە، "پرۆفیسۆر پیتەن" بۆ شیکردنەوەی ئەم بابەتە دەڵێ: ئەگەر کردەیەک بە بێ هیچ هاندەرێکی ئەخلاقی ئەنجام بدرێت، بۆ لابردنی ئەرکە، هەر بۆیە دەڵێ: سیفەتی pflichtmassige لە زمانی ئینگلیزیدا مانایەکی سەرراست و وردبینانە ناگەیەنێ، باشتر وایە بڵێین کردەیەک ئەنجام دەدەین بۆ لابردنی

ئەركـێک لەسـەر خـۆمـان، هەروەها كـانت دەڵێ: بڕیار كـاتێک ئاكـارمـەندانەیە كـە بۆ ئەوە نەبێت، ئەركـێک لەسەر خۆمان لابەرین، بەڵكو بە هۆی نەفسی ئەرک، یان هاندەری ئەرک ناسی بێ (كـۆرنیـر،ل ٢٧٨). دیارە لە فـەلسـەفـەی ئەخلاقی «كانت»دا، ئەرک بەردەوام لەگـەڵ «حەز، یان مەیل» لە ناكۆكیدایە. كاتێ ماهییەتی خۆی دەست دەكەوێتەوە، بە تەواوی پەیڕەوی یاساكانی عەقڵ بێ و خـــۆی لەژێر حـــەز و مـــەیل دەرباز بكات. مل دانەواندن بۆ عـەقڵ، واتە مل دانەواندن بۆ یاسـایە كـە عەقڵ بەبێ گریمانە، یان مەرجێک بڕیاری لەسەر دەدات، كەواتە پێـویستـە ئەرک مـل بۆ یاسا دانەوێنێ. كـانت لە فەلسەفەی ئەخلاقدا، دوو چەمكی ئەرک duty و بەڵێن و پەیمانی obligation لێک جـیا كردووەتەوە. كردەی ئەخلاقی بەڵێن نییە و ئەركە. دەبێ بزانین پلە و پێگەی ماددی و هەستەكی ئەم یاسایە لای ئێمە چییە و چۆن بە شـێـوەیەكی كـۆنكرێت تێی بگەین؟ یان چۆن لە نێـوان یاسا و هەستدا پێوەندی ساز بكەین؟

هێـمـای پێـوەندی لە فـەلسـەفـەی ئەخلاقی كـانت، لە چەمكی ڕێـز لـێـنـان، Respect دایـە، ڕێز لـێـنـان لـە بابەتێک، نە حەز و ئارەزووی ئەو شتـەیە، نە داب‌ڕان لەو حەزەیە، سەرجەم هەستەكانی ئێمە بە بابەتێكی هەندەكی دیاریكراوەوە بەندن، ئەمـــە لە حـــاڵێكدایە هەست بە ڕێزلێنان، هەستێكی تایبەتە و لە هەستـەكانی تر جـیا دەبێـــتـەوە. ڕێز لێنان هەســـتـێكی تێكەڵاو بە لایەنی دەروونی، خـــۆشـــەویســـتـی و ڕق و قین نیـــیـــە و سـەرچاوەیەكی ئەزمـوونیـشی نیـیـە و لە چەمكێكی پەتییەوە سەرچاوە دەگرێت و فۆرمێكی پێشیانەی ap-rior هەیە، كەواتە هەستێكی وەک ڕێزلێنان تایبەت بە مـرۆڤـەكـانە و لە لایەن مـرۆڤـەوە پاوان كـراوە، ئێـمـە خـۆشـیـمـان لە ئاژەڵەكـانی دیكە دێت، بەڵام هەسـتی ڕێزلێنانمان كە بۆ مـرۆڤ هەیە بۆ ئاژەڵەكـان نییـە. كـانت دەڵێ: ڕێز لـێـنـان هەســـتـــێكە بە دوور لە ڕق و قین و پێـداهەڵدان و لۆمـەكـردنە، نەترسە و نە چاوەڕوانی ئەوە دەكەین كەسێک ئیشێكمان بۆ بكات، واتە (پاک و بێ گـەردە)، هەر بـۆیە ڕێز گـرتن لە كـەسێک بە هۆی ترس، یان حەزكردن نییـە. ئێمە مـاتڵی ئەوە نین خەڵاتمان بكەن، یان ئەوەی كـە تۆڵەمـان لێ بسـێننەوە، تەنانەت ئێـمـە سـتـایشی خـودی ئەو كـەسـانە ناكـەین، بەڵكو هەسـتی ڕێزگرتنی ئێـمە لە كەسەكە لێرەوە سـەرچاوە دەگرێت كە كـردار و وتاری ئەو بە یاسـایەكی ئەخـلاقـیــیــەوە گـرێ درابێ، هەر ئەمــەش لای ئێــمــە هەســتـی سـەربەرزی و مرۆڤەیاتی دەخولقێنێ.

ئێـسـتـا دەبێ بزانین تایبەتمەندی ئەم یاسایە لە چیدایە، وەها كــاریگەرییــەكی لەســەرمـــان داناوە؟ یەكـــەم تایبەتمەندییـە كـە لەم یاسـایەدا دەردەكـەوێ هەمـەكی «uneversall» بوونیـەتی. دەبێت ئەم یاسایە ئەوەندە هەمـەكی بێ و لەوپەڕی ویسـتی تاكـەكـەسی ئێـمـەدا ڕاوەسـتێ. كـانت لە ناو كـۆی ئەم بۆچوونەدا بە یەكـەم ڕێسای ئەخلاقی دەگات و دەڵێ:

«كردارت بە شێـوەیەک بێ، وەک ئەوەی كە دەستـووری كردەكەت لەسەر ویستی تۆ لەسروشتدا ببێ بە یاسایەكی هەمەكی».

كـانت لە نێـوان دەستـووری ڕەها categorical im-perative و دەستووری مەرجدار، یان گریمانەیی con-ditional hypothetical imperative جیـاوازی دادەنێ.

مـەبەست لە دەستـووری مەرجدار ئەوەیە كەسێكی وەک A شـتـومـەک بەگـران نافـرۆشێ و بەڵگەیشی ئەمـەیە، چونكە خـودا ئەم كـارەی خـۆش ناوێ [یان لەبەر خـاتری خودا] شـتەكان بە گران نافرۆشێ، ئەم كردەیە ڕاسـتە و كەسێكی وەک A ئەركێكی لەسەر شانی خۆی داماڵیوە، بەڵام ئەخـلاقی نیـیـە، چونكە لە ڕێسـای ڕەها كـەڵكی وەرنەگرتووە، تۆ دەبێ كردارت لەگەڵ نەفسی كـردەكـەدا یەک بگرێتـەوە، واتە كـردەكـەت لە پێناو نەفسی ئەركـدا بێ، كـەواتە كـانت دژ بەم جـۆرە ئەخـلاقـەیە لە دوای ئەنجـامی كردەكە بگەڕێین، واتە ئەخلاقی ئەفلاتوونی و ئەرەستۆیی، هەروەها ئەخلاقی قازانجخوازانە لە ئەخلاقی كـانتیدا جێگەی نییە (سالیوان، ل٥٨)، كەواتە بڕیاری ئەخلاقی زەرووڕەتێک لە ئێمەدا دەخولقێنێ كە كردەیەک لە لایەن ئێـمـەوە سەرهەڵبدا، بەڵام مـەبەست و ئامـانجی ئەم كـردەیە لە خـۆیدایە، نەک ئەوەی كـە ئەنجـامـێكی بەدواوە بێ. بۆ نموونە كاتێ دەڵێین؛ «نابێ درۆ بكەین»، یان «نـابێ كـەس بكوژین»، ئەم بڕیارانە بۆ ئەوە نیـیـە ئەگەر بێتو درۆ بكەین، یان ئەوەی كە مرۆڤێک بكوژین، تووشی چەرمـەسەری و گـیروگرفت دەبینەوە، بەڵكو درۆ نەكردن و نەكوشتن، دەبێ عەینی دەستووری ئەخلاقی بێ، هەروەها نابێ بیـری لێ بكەینەوە، مـەبەسـتی ئێـمـە ئەنجامدانی بڕیارەكە نییە، بە بۆچوونی كانت لە بڕیاری

مەرجداردا، جۆرێک بڕیاری شیکارییانە هەیە، واتە بارهەڵگر لە بار، یان بابەتەکەدا خۆی گونجاندووە، لە ڕێگەی شیکردنەوەی بابەتەوە لە بارەکە تێدەگەین، واتە بابەت مەرجێکە بۆ بار و پێوەندییەک لە نێوانیاندایە، هەر بۆیە بابەتەکە بەرەو لای ئەزموون ڕادەکێشێ. مەنتیقێکە لە بڕیاری مەرجداردا هەیە کە لە نەفسی زەروورەتی ئەخلاقی نەکەوتووەتەوە، بەڵکو ئێمە لە ڕێگەی کارێکی دەرەکییەوە پاساو بۆ کردەوەکانمان دەهێنینەوە. بۆ نموونە کەسانێک دەڵێن، "درۆ مەکە بۆ ئەوەی بەدناو نەبی" و کەسێکی تر بە پێچەوانەوە لە کۆمەڵگایەکی دیاریکراودا درۆ وتن بە بەدناوی نازانێ، بەڵکو درۆکردن لە پێناو بەرژەوەندی ئەو کەسەدایە"، یان ئەوەی کە تەقیە دەکات" کە لە هەندێ کۆمەڵگەی ئایینیدا نموونەیەکن لە بڕیاری مەرجدار، کەواتە بڕیاری مەرجدار جۆرێک یەکگرتنەوە و یەککەوتنی سروشتی مرۆڤەکانە و هیچ چەشنە بەهایەکی عەینی، یان دەرەکی لێ ناکەوێتەوە (موجتەهیدی، ل٣١١).

بەڵام بە پێچەوانەی بڕیاری مەرجدار، بڕیارێکی دەستووری و نامەرجدارمان هەیە و لە لایەنی فەلسەفییەوە لە جۆری بڕیاری لێکدراون. کردەی ئەم جۆرە بڕیارە نە لە بابەتەکەدایە و نە لە سەرەتاکانیشیدایە، هەروەها لە سروشتیشدا بەدی ناکرێت. تەنیا ئەوە نەبێ وەک هەبوویەکی خاوەن عەقڵ ئەرکی سەرشانیەتی بە ئەنجامی بگەیەنێ. بڕیاری نامەرجدار سیفەتێکی هەیە، لە بڕیاری مەرجدار جیا دەبێتەوە و ئەویش پێویستی و هەمەکی بوونیەتی. هەمەکی بوون، هەروەها کە پێشتر ئاماژەمان پێ کرد، بەو هۆیە گرینگە ویستی ئێمە بەرەو جێبەجێ کردنی بابەتێکی گشتی هان دەدا، هەروەها پێویستی و زەروورەتیش مەرجێکی سەرەکییە بۆ عەقڵی ئێمە. دوو سیفەتی هەمەکی بوون و زەرورەت، بڕیاری نامەرجدار و دەستووری پێشیانەی عەقڵە، کەواتە ئەم دوو بڕیارە لە ڕێگەی ئەزموونی هەستەکییەوە ناسەلمێنرێن. بە چڕوپڕی ئەمە دەگەیەنن کە ئەم بڕیارانە سەرچاوەیەکی هەستەکی و ئەزموونی نییە. سەرەڕای لێکدراوبوونی ئەم بڕیارانە و بە هۆی هەمەکی بوونیان، پێویستی و زەروورەتی پێشیانەیان هەیە. مەبەست و ئامانجێکە لە بڕیاری نامەرجداری لێکدراوی پێشیانەدا وێنا دەکرێ ژیرانە بوونیەتی و لە ئەنجامدا عەینی مرۆڤ بوونیەتی، واتە مرۆڤ بە هۆی ئەوەی کە خاوەن عەقڵە پێویستی بە ئەخلاقە و ئامانج و مەبەستی ئەو لەم کردە ئەخلاقییەدا مرۆڤ بوون و ژیربوونیەتی. ئەنجامی بەڵگەکەی کانت لەوەدایە نابێ وەک کەرەستە چاو لە مرۆڤ بکەین، بەڵکو دەبێ سەرپاکی مرۆڤەکان وەک ئامانجێک سەیر بکەین، هەر بۆیە لێرەدا دەستووری دووەمی کانت دێتە ئاراوە، «کردارت جۆریک بێ وەک ئەوەی کە مرۆڤەکان، خۆت بێ، یان کەسێکی دیکە، نەک وەک کەرەسە، بەڵکو وەک سەیری مەبەست و ئامانجێک بکەیت.»

لە یەکەم هەنگاودا پەسەندکردنی ئەم ڕستەیەی کانت ئاسایی نییە، بە هۆی ئەوەی کە لە کردەی ئەخلاقیدا، یان دەبێ «خۆ» وەک ئەمانجێک چاو لێ بکەین و ئەوانی دیکە وەک کەرەستەیەک سەیر بکەین، یان بە پێچەوانەوە، ئەگەر ئەوانی دیکە وەک ئامانجێک چاو لێ بکەین دەبی «خۆ» وەک کەرەستەیەک سەیر بکەین، هەنووکە لە نێوان ئەم دوو لایەنەدا دەبێ یەکێکیان هەڵبژێرین و وەڵامێکی بۆ بدۆزینەوە. یەکێکیان لە لایەنی عەقڵییەوە وەڵامی بۆ بدوزینەوە و ئەوی دیکەیان لە لایەنی ویستەوە وەڵامی بدەینەوە. لێرەدا مەبەستی کانت لە عەقڵ ڕوون و ئاشکرایە، مەبەستی ئەو عەقڵێکی سەربەخۆ لە هەر چەشنە تایبەتمەندییەکی دەروونی هەندەکی و تاکیەتییە، واتە عەقڵێکە مەبەستی سەرجەم مرۆڤەکانە و بۆ هەموو مرۆڤەکان یەکسانە، هەر بۆیە بڕیارێکە کانت دەیدا، دەبێ بە یاسایەکی هەمەکی و زەروری، هەر بۆیە ئیدی مەبەستی من، یان کەسێکی دیاریکراو نییە. لێرەدا دەبێ ئەم خاڵە ڕوون بکەینەوە، واتە «یەکگرتنەوە لەگەڵ یاسای گشتی» مەرجێکی پێویست و تەواوە بۆ بە ئەخلاقی بوونی دەستوورەکان، ئەمەش مانای یەکگرتنەوەی کردارەکان لەگەڵ ئەخلاقدا دەگەیەنێ. ئەم هەڵوێستە چەمکی هەمەکی و ویستی جەماوەری generalwill ڕۆسۆمان وەبیر دێنێتەوە، کەواتە ئێمە دەبێ لە نێوان ویستی هەمەکی و ویستی جەماوەر will of all جیاوازی دابنێین. ویستی هەمەکی ئەخلاقییە و کانتییە، بەڵام ویستی جەماوەر ڕۆسۆییە و تا ڕادەیەک لێڵە. ڕۆسۆ دەڵێ: کۆمەڵگە بوونێکی ئەخلاقی هەیە و خاوەن ویستە و ئەم ویستە هەمەکییە و بۆ هێشتنەوە و سەربەرزی تاکەکانی ناو کۆمەڵگە پێویستە. دەشێت سیستمێک لە کومەڵگەدا وەک نوێنەری ویستی هەمەکی خەڵک ئیش بکات، بەڵام

به باشی کارەکانی جێبەجێ نەکات و یاسای دژە ئەخلاق بەسەر کۆمەڵگەدا داسەپێنێ، بەڵام کانت بە هۆی ئەوەی کە ویستی هەمەکی وەک کەرەستەیەک سەیر نەکردووە و لە نێوان کردەی ئەخلاقی و نائەخلاقیدا جیاوازی دادەنێ. کەسێکە لایەنگری لە فەلسەفەی ئەخلاقی کانت دەکات، مرۆڤ وەک ئامانج، یان مەبەست سەیر دەکات نەک وەک کەرەستە، ئەگەر کەسێک ژنێکی هەبێت ئیدی لە ئەخلاقی کانتدا ڕێگە نادرێت دوو ژنی هەبێ، چونکە لای وایە مرۆڤ کەرەستە نییە، هەر بۆیە ئەخلاقی چەند ژنی وەک یاسای ئاژەڵان سەیری کردووە، چونکە لە پێناو هەوەسدایە(١)، بەڵام باس لەسەر وشەی ویست will ئەوەندەی دیکە ئاڵۆزبی بە دواوەیە. بە هۆی ئەوەی کە ویست لە ڕاستیدا من لە ئەوی دیکە جیا دەکاتەوە. ئێستا دەبێ چی بکەین ویستی من لەگەڵ ویستی کەسانێکی دیکە یەک بگرنەوە، یان بە پێچەوانەوە؟ کانت دەڵێ تاقە ڕێگا بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە یەکخستنەوەی ویست لەگەڵ عەقڵدایە. ئیرادە، یان ویستێکە سەر بۆ عەقڵ دابنەوێنێ، ئیدی لایەنێکی تاکەکەسی نییە، بەڵکو ویستێکی هەمەکییە (کۆرنێرل٢٨٢). لێرەدا دەستووری سێیەم لەسەر فەلسەفەی ئەخلاقی کانت بەم شێوەیە: «کردارت بە جۆرێک بێ، وەک ئەوەی کە ویستی تۆ، دەستووری کردارەکەی تۆ ببێ بە یاسایەکی هەمەکی.»

مەبەستی کانت لێرەدا ئەوەیە دەبێ ویست لەگەڵ عەقڵدا یەک بکەونەوە، ئەوسا یاسادانەرێکی هەمەکی لە قەڵەم دەدرێت و یاسای ئەخلاقی هەمان ویستی ژیرانەی هەمووانە. بە بیرکردنەوە لە دەستوورە ئەخلاقییەکەی کانت بۆمان دەردەکەوێت، هەموویان بڕیاری «نامەرجدار و دەستوورین» و لە جۆری «بڕیاری لێکدراون» و لەسەر بنەمایەکی یەکە دامەزراوە. لە هەر سێ دەستوورەکەدا چەمکی هەندەکی بووە بە هەمەکی و چەمکی بەرزیش بووە بە چەمکێکی زەرووری و پێویست، هەر بۆیە لە جۆری «بڕیاری لێکدراوی پێشینانەن». ئەم سێ دەستوورە نموونەی بڕیاری نامەرجدار و دەستووری و تەواوکەر لە قەڵەم دەدرێن، هەروەک نموونەیەکی نەگۆڕ و سەقامگرتوو بۆ سەرجەم بڕیارە ئەخلاقییەکان بەکاریان بێنین. ئەگەر ئەخلاق، بێجگە لەمەش بێ لەگەڵ پەند و ئامۆژگاری سەرقاڵ دەبین، بەڵام هیچ بەهایەکی ڕاستەقینەی ئەخلاقیان بەدواوە نییە. پرسیارێکی دیکە لێرەدا هەیە، ئایا لە فەلسەفەی ئەخلاقی کانتدا تاک لە کۆمەڵدا دەتوێتەوە؟ پێش هەموو شتێک بنەمای ئەخلاقی کانتی لەسەر یەکگرتنەوەی نێوان عەقڵی پەتی و ویست دامەزراوە، کاتێ باس لە ویست لای تاکەکەس دەکەین کە وا ئەم ویستە ئاوڕێک لە عەقڵ بداتەوە. ویستی بەرز ویستێکی ناجیاوازە، نەک هەر نەڵێ لە عەقڵ دەکات، بەڵکو ویستیش دەسڕێتەوە، بەڵام ڕەسەنایەتی ویست لە سەربەخۆیی و سەربەستیدایە، هەر بۆیە تاکی ئاکارمەند بە کەسێک دەڵێین، خاوەن ویستێکی سەربەخۆیەو کانت ئەمە ناو دەنێ ئەسڵی بەرزی ئەخلاقی. principle supreme ئەم سەربەخۆییە شیمانەی تێپەڕین لە خۆ و گەیشتن بە گشتێتی، یان هەمەکی بوونیەتی و لایەنگری لە عەقڵ دەکات، لە هەمان کاتدا ئازادی و ئاگامەندی مرۆڤ لەسەر ئەو بەهایانەی لە نەستی مرۆڤدا جێگیر بووە، مسۆگەر دەکات، بەڵام سەبارەت بەوەی کە چ هەستێک لەم تاکەدایە، کە مرۆڤ بەرەو بە ئەنجام گەیاندنی کردەیەکی ئەخلاقی هان دەدات، دەبێ بزانین ئەگەر ئەم هەستە حەزێکی سروشتی بێ، بە بۆچوونی ئەم هەڵوێستەی کانت ڕەتدانەوەی ئەخلاقی بەدواوەیە. هەست لێرەدا لووت بەرزییە و بەس، هەر بۆیە جۆرێک چێژخوازی و چێژبردنە. لێرەدا وتەکەی" لارۆشۆفکۆ"(١٦٨٠- ١٦١٣)" مان بەبیر دێنێتەوە کە وتبووی، ئەگەر سروشتی ئێمە وێڵ بکرێ، لە خۆشویستنی خۆیدا دەمێنێتەوە" هەر بۆیە، وێنای هەستێکی بێ چێژ لە مرۆڤدا چ نییە، بێجگە لە وەهم و خەیاڵ. هەر تاکێک بایەخ بە خۆی دەدا و هەوڵ دەدا ئەوانی دیکە لەگەڵ خۆی یەک بخاتەوە، هەر بۆیە کانت بە پێچەوانەی ڕۆسۆ، ئەخلاق لەسەر بنەمای سروشت دانامەزرێنێ و یاسای ئەخلاقی وەک هۆکاری سەرەکی هەڵوێستی ویست، یان ئیرادە سەیر دەکات، هەروەها کە پێشتر ئاماژەمان پێدا کانت ئەو هەستە پەتییەی کە وەک هێمای ڕاستەقینەی ئەخلاقی لە هەناوی سروشتدایە، هەست بە ڕێز لێنانە. ئەم هەستە تایبەتە، خاوەن سیفەتێکی هەمەکییە و لە هەناوی یاسای ئەخلاق دەکەوێتەوە و لە هەمان کاتیشدا واقیعییە. لە لایەکی دیکەوە ئەم هەستە نەک هەر لە ئێمەدا ئێشوئازار ساز ناکات، بەڵکو عەینی سەربەرزی ئێمەیە. هەست بە ڕێزلێنان زایەڵەی یاسای ئەخلاقی دەروونی ئێمەیە. لەم

ڕێگەیەوە ویستی ئێمە بڕیاری ئەخلاقی وەک بڕیارێکە لە خۆیدا سەری هەڵداوە پەسەند دەکات و لە جیاتی ئەوەی بڕیارەکەی خۆی داسەپێنێ، لە ناو کۆی هەستی ڕێزلێنانەوە دەبێ بە زاتێک بۆ ویست و ئیرادەی ئێمە و ویستێکی لە م شێوەیە پێکهێنەری کەسایەتی ئێمەیە، هەر بۆیە لە فەلسەفەی ئەخلاقی کانت دا تاک لە کۆمەڵدا ناتوێتەوە، بەڵکو تاکیەتی لە کەسایەتییەکی سەربەستدا دەتوێتەوە. تاک، لە ژێر کاریگەری دەروونی خۆیدا دەمێنێتەوە، بەڵام کەسێتی لایەنگری یاسای ئەخلاقییە، ئەگەرچی دەبێ بزانین، کەسیەتی هەمان گشتێتی و هەمەکی بوون نییە، بەڵکو زایەڵەی یاسا ئەخلاقییەکانی دەروونی ئێمەیە. لەم ڕێگەیەوە ویستی ئێمە بڕیاری ئەخلاقی وەک بڕیارێک لە نەفسی خۆیەوە دەری دێنێ پەسەندی دەکات، لە باتی ئەوەی کە بڕیارەکەی خۆی بەسەر بابەتەکاندا داسەپێنێ، لە ڕێگەی هەستی ڕێزلێنانەوە، لە زاتی ویستی ئێمەدا جێگیر دەبێ، ئەم ویستە هەمان کەسایەتی ئێمەیە، لە ڕاستیدا لە فەلسەفەی ئەخلاقی کانت دا، تاک لە کۆمەڵدا ناتوێتەوە، بەڵکو تاکیەتی لە کەسایەتیدا دەتوێتەوە، هەر بۆیە تاک لە ژێر کاریگەری کاردانەوەکانی نەفسی خۆیدایە، ئەمەش لە حاڵێکدایە "کەس" لایەنگر و پەیڕەوی یاساکانی ئەخلاقە. دەبێ لە بیرمان نەچێ، کەسێتی عەینی هەمەکی بوونە و زایەڵەی هەمەکی بوونی یاسای ئەخلاقی لای کەسەکەیە و بەس. مەبەستی کانت لە "کەس"، مرۆڤێکی ژیر و هەندەکییە و یاسای ئەخلاقی هەمەکی لە خۆیدا دەبینێتەوە. مەبەست لە هەندەکی ئەوەیە، لە بەردەم کردەکانیدا خۆی بە بەرپرسیار دەزانێ، کەواتە کەسە مرۆییەکان(٧) سەرەڕای جیاوازی نێوانیان لە یەکیەتی ناوەکیدا یەک دەگرنەوە. کانت پاش ئەوەی کە لە لایەنی فەلسەفییەوە بنەماکانی ئەخلاقی ڕوون کردەوە، هەوڵی دا ڕوونی بکاتەوە کە ئەخلاق سیستمێکی دەرهەست و فۆرمەکی نییە، بەڵکو ئەخلاق بابەتێکە پێویستی بە توێژینەوە و سەلماندنە و مرۆڤ شیاوی ئەویە بەرگی ڕاستی بە بەردا بکات، بەڵام دەبێ بە چ شێوەیەک موختاربوونی مرۆڤ بسەلمێنین؟ کۆمەڵێک لە فەیلەسوفەکان دان بەوەدا دەنێن کە مرۆڤ لە کردەکانیدا سەربەست و موختارە، پاساوی ئەوان بۆ ئەم وتەیە ئەوەیە، لە ڕێگەی دەروونبینی و ئەزموونی ڕاستەوخۆی دەروونییەوە بوونی ئیختیار لە مرۆڤدا دەسەلمێنن.

بەڵام کانت لە کتێبی «ڕەخنەی عەقڵی پەتیدا» سەلماندوویەتی ئەزموونی دەروونی، ئێمە لەگەڵ دیاردە دەروونییەکاندا ئاشنا دەکات، بەڵام لەسەر بابەتەکانی وەک ئیختیار و ئازادی مرۆڤ ئەنجامێکی ئەتۆمان وەگیر ناکەوێ. کانت لە ڕێگەی ئەو ئەمەکدارییەی کە بە میتودی ڕەخنەیی و بەرزە جێی خۆی هەیەتی، بابەتەکانی وەک «موختاربوون» و «دەتوانێ» و «دەبێ» مرۆڤی لە ڕێگەی «ئەرکداری» بەدەست هێناوە. ڕستە بە ناوبانگەکەی ئەو لەم بارەیەدا ئەوەیە:تۆ دەتوانی، چونکە ئەمە ئەرکی سەرشانتە. عەقڵ حوکم دەکات ئێمە پەیڕەو و لایەنگری یاسای ئەخلاق بین. ئەم بڕیارە کاتێک پووچەڵ دەبێتەوە کەرەستەیەکمان بۆ یەگرتنەوە و یەککەوتنەوە لەگەڵ عەقڵدا نەبێ. کانت وتەنی، هەر لە ڕێگەی زەرورەتی عەقڵانییەوە لە ڕێگەی گرێدانی ئەرک بە ئیختیار و ئازادییەوە باوەڕی مرۆڤەکان سەردەگرێ. ئێمە بە شێوەیەکی میکانیکی پەیڕەوی لە بڕیارە ئەخلاقییەکان ناکەین. بڕیاری ئەخلاقی جۆرێک لە دەستوورە و فرمانێکی زۆردارانەی میکانیکی نییە. ئێمە بە شێوەیەکی میکانیکی پەیڕەوی لە بڕیارە ئەخلاقییەکان ناکەین. کاتێ دەڵێین «چاکە بکە»، یان «کەس مەکوژە» ئەمە وەک ئەوە وایە بڵێین سەرەڕای ئەوەی دەتوانی ئەو کەسە بکوژی ئەم کارە ناکەی، یان سەرەڕای ئەوەی کە دەتوانی چاکە نەکەی، ئەم کارە دەکەی. کەواتە بڕیاری ئەخلاقی پشت بە ئازادی و ئیختیاری ئێمە دەبەستێ. ئەم بۆچوونەی کانت باسێکی بە ناوی مەرجی پێشیانەی عەقڵی کردەکی لێ دەکەوێتەوە.

ئەمە هۆکارێکە کانتی هان دا وەها بیروبۆچوونێکی وشک لەسەر سۆزی مرۆڤ بێنێتە ئاراوە، ئەمەیە کاتێ ئەو سەبارەت بە هێزی ڕێژەیی عەقڵ و حەزەکان، هەروەها شکستە ئەخلاقییەکان بیر دەکاتەوە، دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە ئێمە لە هەڵبژاردنی نێوان یاسا و ئەخلاق و حەزەکانماندا هەڵوێستێکی بێ لایەنی نەگرینەبەر. زۆرجار ئەو یاسا ئەخلاقییەی لە دەروونماندا فرمانمان پێ دەدا، پەیڕەو نەکەین پێویستە هەوڵ بدەین تا بە پێی ئەرکی ئەخلاقی عەمەل بکەین. کاتێ کردەیەکی نائەخلاقی چێژێکی بۆ ئێمە هەیە تا پارمەتی بەرژەوەندییە تاکەکەسییەکانمان بدا، لەو کاتەدا ئەو

کردەیەمان خۆش دەوێت. لێرەدا کانت وەبیرمان دێنێتەوە لە مێژوودا بە چ شێوەیەک مرۆڤەکان بەهۆی بەرژەوەندی تاکەکەسی خۆیان تووشی مەترسیدارترین کردەی کوشتن و برین بوونەتەوە، (بەڵام لەم سەردەمەدا ئەخلاقێکی «کەلبیانە» لە ناو ئایین و ئایینزا دەمارگرژەکاندا سەری هەڵداوە، ئەگەر بە لایەنێکی ئایینییەوە بگیرسێینەوە، ئەوە ژیانمان دەگۆڕێت و لە لایەنی ماددییەوە دابین دەبین. نەبوونی" دێمۆ"، یان خەڵکی دێمۆکرات و کۆمەڵگەی مەدەنی و یاسا، زۆر جار جیاوازی فەرهەنگی و ئابووری،کاریگەرییان لەسەر ئەخلاقی کەلبی و دەمارگرژانەی ناو ڕێچکە ئایینییەکانی کۆمەڵگە داناوە، تاک لە کەسایەتی و بەرپرسیاری ئەخلاقی پەرتەوازە بووە." ئەوی دیکە خوازی" واتە بیرورای جیاواز دەبێ بە دوژمن و لە ڕێگەی بڕیارەکانی وەک ڕەش و سپی، بێ دین و ئایینی، مرۆڤەکان مەحکووم دەکرێن و دەکوژرێن. کانت لە کتێبی""ئایین لە سنووری تەنیا عەقڵدا " Re-ligion within the limits of Reason alone شیکردنەوەی کێشەی ئەخلاقی مرۆڤی لەسەر بنەماکانی میتافیزیکی ئەخلاق پێشتر خستووە.

کانت لەو کتێبەدا دەڵێ : ئێمە لە لایەنی ئەخلاقییەوە، هێشتا دۆخی سروشتی بەسەر دەبەین. ئێمە تا ئێستا حەزێکی ڕیشەیی و زگماکیمان دژ بە یاسای ئەخلاقی گرتووەتە بەر. کانت لای وایە لە ئێمەدا حەزێک هەیە وای بۆ دەچین کە لە دنیایەکی ئەخلاق ناباوەڕی(٨) وەک دنیای"هۆبز" ژیان بەسەر دەبەین. (مرۆڤ گورگی مرۆڤە) و لە ئێمەدا دوژمنی و ڕق و قین زاڵە و هەوڵمان ئەوەیە بە هەر شێوەیەک لەو کەرەستانەی لە بەردەستماندایە بۆ گەیشتن بە دەسەڵات و سەروەت و سامان کەڵک وەربگرین. کانت دەڵێ منداڵەکان کاتێ خاوەن ئەخلاقن، بە تەمەنی عەقڵ گەیشتبێتن. عەقڵ ئەو دەرفەتەیان بۆ دەڕەخسێنێ تا یاسا ئەخلاقییەکان لە نەست و نەستە کۆیاندا بخەملێ و پەیرەوی بکەین، کەواتە گەیشتن بە تەمەنی عەقڵ هەمان بیرکردنەوەی ژیرانەیە. لێرەدا پرسیارێکی ئەخلاقی سەرهەڵدەدات، ئەویش ئەوەیە بۆچی حەز کردن لە شەڕ لە ئێمەدا هەیە؟ ئەگەر کرداری ئەخلاقی ئێمە بە بڕیارە ئازادانەکانی ئێمە گرێ دراوە ڕێگە چارەیەکمان نییە، بێجگە لەوەی کە بەرپرسیارین و نابێ هەڵەکە بدەینە پاڵ حەز و مەیلە دەروونییەکانمان، یان ئەوەی کە فلان بڕیار، یان فیسار کەس لە ئاییندا چی وتووە، کەواتە کانت لێرەدا دەڵێ چێژ و ئێش لە ئێمەدا حەز و دوورەپەرێزی ساز دەکات، هەر بۆیە لە یەکەم هەنگاودا بڕیار دەدەین لە باتی پەیڕەوی لە یاسای ئەخلاقی حەز و مەیلەکانمان تێر بکەین. کانت دژ بە ئەخلاقی ڕەواقی و زۆربەی ئەو فەیلەسووفانە ڕادەوەستێ کە بایەخیان بە یاسای ئەخلاقی نەدەدا و لایان وابوو بە سەرکوت کردنی حەز و مەیلەکان پەروەردەکردنی مرۆڤ جێبەجێ دەبێ. بە پێچەوانەوە بۆچوونی کانت لە کتێبی "ئایین لە سنوورەکانی تەنیا عەقڵدا" ئەمەیە، پاک بوونی سروشتی ئێمە خاڵی دەست پێکردنی ئەخلاق نییە، بەڵکو لە ئاژاوەگێڕی و شەڕخوازی ئیرادە، یان ویستی ئێمەدایە، بۆ ئەوەی ڕێسایەک بە پێچەوانەی ئەخلاقەوە هەڵبژێرێت. ناکۆکییەکانی ئەخلاقی دەروونی کە هەموو کەسێک ئەزموونی دەکات ململانێی نێوان حەزی زگماک لە چاکە، هەروەها لە بەرانبەردا حەزێکی بنەڕەتی لە خراپەدایە و دەرکەوتووە هیچ کات بنەبڕ نابێ. دیارە چارەسەری ئەم گرفتە لە ململانێی بەردەوام لە ڕێگەی دامەزراندن و پەرەپێدانی کۆمەڵگەیەکی ئەخلاقیدایە.

کانت لە بەشی «دیالێکتیکی تێپەڕ» لە کتێبی «ڕەخنەی عەقڵی پەتیدا» باسی لەوە کردووە کە هەندێ پرسیار لە زەینی ئێمەدا جێگیر دەبێ و گەڵاڵەکردنی ئەم پرسیارانە لە خۆیدا پاساو دەدرێن و لە تایبەتمەندییەکانی زەینی ئێمەن، بەڵام لە سنوورەکانی عەقڵی تیوریکدا وەڵامێکی بنەبڕی پێنادرێتەوە و ئەو فەیلەسووفانەی ویستوویانە بیسەلمێنن تووشی بیروبۆچوونی دۆگما بوونەتەوە، بۆیە زانیارییان لەسەر ئاستی سنوورەکانی عەقڵی مرۆڤ نییە، ئەگەر بە وردی سەرنج بدەین، زەینی ئێمە سەبارەت بەم پرسیارانە تووشی بڕیاری ئانتی نۆمی دەبێتەوە وەک:

١- ئازادی و ئیختیار ٢- هەتاهەتایی بوونی نەفس ٣- بوونی خودا

کانت لە کتێبی «ڕەخنەی عەقڵی پەتیدا»باسی لەم سێ خاڵە کردووە و هەوڵی داوە بە شێوەی تایبەتی خۆی وەڵامیان بداتەوە و لە ژێر ناوی مەرجی پێشەکی عەقڵی کردەکی کۆیان بکاتەوە (موجتەهیدی ٩٣١، ل٨١١).

پرسیاری یەکەم لەسەر ئیختیار و ئازادی مرۆڤە و کانت لە ڕێگەی ئەرکەوە دەیسەلمێنێ، بەڵام لە بابەتەکانی سروشتدا لە نێوان هۆ و هۆکردا پێوەندییەکی

نەگۆڕ و هەمەکی و زەروری هەیە و ناوی یاسای ئەخلاقی داوەتە پاڵ. پرسیارێک لێرەدا ئامادە دەبێ ئەویش ئەوەیە ئایا چەمکی هۆیەکی و چەمکی یاسای ئەخلاقی مانایەکی تایبەتی هەیە و لەگەڵ چەمکە بەردەوامەکانی ئەوان لەسەر سروشت بە تەواوی جیاوازە؟ لە وەڵامدا دەبێ بڵێین لێرەدا ئیدی باس لە زەرورەتی میکانیکی ناکرێ، بەڵکو باس لە دەستوورێک دەکرێ لە عەقڵەوە سەرچاوەی گرتووە و ویستی مرۆڤی پێکهێناوە. ئیختیار و ئازادی مرۆڤ مانای پەیڕەوکردنی یاسای ئەخلاقە و کاتێ ئیختیار دەبێ بە سەرچاوەی کردە و هۆیەکی لەگەڵ یاسای ئەخلاقیدا یەکبگرنەوە یاسای ئەخلاقی گەرەنتی ئیختیار و ئازادی ویست دەکات و پەیڕەویەتی. پێویستە ئیختیار و مەرجی پێشیانە و زەرورەت لە ئێمەدا هەبێ بۆ ئەوەی یاسای ئەخلاقی پێ جێبەجێ بکەین و ئیدی ئیرادەی موختار دیاردەیەکی نێوان دیاردە سروشتییەکان نییە، بەڵکو کاتێ ماهییەت و هێزی ڕاستەقینەی خۆی دەردەخات بە شێوەیەکی سەربەخۆ بابەتە دەروونی و دەرەکییەکان لە دەرەوەی کاتدا سەیری بکەین. مرۆڤ بە شێوەیەکی سروشتی دیاردەیەکی سەربەخۆ و موختار نییە، سروشتی مرۆڤ لە مرۆڤ جیا نابێتەوە، ئەوەی مرۆڤی بە مرۆڤ کردووە عەقڵییەتی و عەقڵی کردەکیش ئیختیار و ئازادی بۆ مرۆڤ دابین کردووە وەک مەرجێکی پێشیانە پەسەندی کردووە، واتە باوەڕ بە ئیختیار لای مرۆڤ بەبێ ئەوەی لە ڕێگەی بەڵگەوە بسەلمێنرێ لە لایەنی ئەخلاقییەوە پەسندکراوە و وەک پێش مەرجێک سەیری لێدەکەن. کانت هەروەک باسمان کرد هۆی سەرەکی ئازادی و سەربەست بوونی مرۆڤی لەوەدا دەبینییەوە، کە مرۆڤ خاوەن ئەرک و بەرپرسیاری بێ. لە لایەکی دیکەوە ئەم مرۆڤە ئازاد و خاوەن ئەرکە بە یارمەتی وەرگرتن لە عەقڵی خۆی زۆرینەی کردە ئەخلاقییەکان بەرەو لایەنێکی یەکە هان دەدا و کانت ئەمەی بەخێر و چاکە ناوزەد کردووە، بەڵام لە لایەنی فەلسەفییەوە پرسەکە ئەمە نییە بڵێین ئەخلاق لە چاکەی بەرز و خێری کەماڵدا مانای خۆی دەدۆزێتەوە: پرسەکە ئەمەیە چۆن بزانین خێر و چاکە چییە و چ پێناسەیەکی هەیە؟ هەر لە کۆنەوە فەیلەسووفەکان بە چڕوپڕی لیکۆڵینەوەیان لەسەر کردەی مرۆڤ و بەها ئەخلاقییەکان کردووە، بەڵام بۆچوونەکانیان جیاوازە و جاروباریش ناکۆکە.

گرووپێک خێر و چاکەی مرۆڤیان لە فەزیلەت و فەزیلەتیان لە زانستدا بینیوەتەوە، گرووپێکی دیکە چاکەی مرۆڤیان لە بەختەوەری و بەختەوەرییان لە گەیشتن بە چێژ و شتی دیکەدا بینیوەتەوە. کانت لە ڕێگەی بیرکردنەوە لە چەمکی خێری گشتی، بۆی دەرەکەوت فەزیلەت و بەختەوەری یەک ناگرنەوە. چونکە هەموو فەزیلەتێک بەختەوەری بە دواوە نییە، هەموو بەختەوەرییەک فەزیلەت نییە. مرۆڤ بەراز نییە هەر لە تێری بگەڕێ. کانت دەڵێ: کردەی ئەخلاقی یەکخستنەوەی بەختەوەری و فەزیلەتە بۆ گەیشتن بە خێرێکی هەمەکی و کامڵ، بەڵام پرسیارێک لێرەدا ئاراستە دەبێ کە چۆن فەزیلەت و بەختەوەری یەکدەگرنەوە؟ دیارە پێوەندی ئەم جووتە، واتە فەزیلەت و بەختەوەری لە جۆری شیکارییانە نییە، بەڵکو نزیکبوونەوەیان لەگەڵ یەکدیدا جۆرێک ناکۆکی ساز دەکات. بە هۆی ئەوەی کە فەزیلەت، پەیڕەوی یاسای هەمەکی ئەخلاقە.

بەڵام بەختەوەری تا ڕادەیەک پەیڕەوی لە یاسای هەندەکی سروشت دەکات، هەر بۆیە کانت هەر دوو ڕێبازی بە ناوبانگی فەلسەفەی ئەخلاق لە یۆناندا بە هەڵە دەزانێ، کانت دەڵێ: پردی پێوەندی لەنێوان بەختەوەری و فەزیلەتدا نییە، ئەگەریش پێوەندییەک هەبێ، لە جۆری بڕیاری لێکدراوە. کانت دەڵێ، ئەگەر مرۆڤ لەم جیهانەدا خاوەن فەزیلەت و بەختەوەر نەبێ، لانی کەم دەبێ خۆی بە ئاستی مرۆڤێکی چاک و لایەق بگەیەنێ. لێرەدا کانت ڕێگە بۆ باوەڕ دەکاتەوە. هەتاهەتایی بوونی نەفس لە فەلسەفەی ئەخلاقی کانتدا بۆ ئەوە نییە لە جیهانێکی دیکەدا سزا بدرێت، یان ئەوەی کە خەڵاتی بکەن، بەڵکو وەک مەرجی پێویستی فەزیلەت سەیری کردووە، هەتاهەتایی بوونی نەفس، بە دەستهێنانی بەردەوامی پێویست و گونجاو بۆ جێبەجێ کردنی یاسای ئەخلاقییە. گەرەنتی یاسای ئەخلاقی، خودایەکی کامڵی پێویستە، یەکگرتنەوەی فەزیلەت و بەختەوەری لە لایەنی مرۆڤەکانەوە جیبەجێ نابێ و خودا جێبەجێی دەکات، هەر ئەمەش بەڵگەیەکە بۆ هەبوونی خودا، سەرەڕای ئەوەی کە ئەخلاقی کانتی لە ئایین سەر دەردێنێ، بەڵام ئایین بناغەی ئەخلاق نییە، ئەخلاقی کانتی بەرزتر لە ئایینە و پێش ئایین دەکەوێت، واتە

ئەوکەسەی کە لە دەستووری ئەخلاق و یاسای ئەخلاقی پەیرەوی دەکات، دەبێ باس لە ئایین بکات، واتە ئەخلاق دەروازەیەکە بەرەو ئایین.

لە کـۆتاییــدا هەندێک لە بیــرمــەندان ڕەخنەیان لە فـەلسـەفـەی ئەخـلاقی کـانت گـرتووە، زۆربەیان دەڵێن ئەخـلاقی کـانتی فـۆرمـەکی و دەرهەسـتـە و باسـەکـانی هەمـەکین و لەگـەڵ واقیـعدا یەک ناگرنەوە. فـەلسـەفـەی ئەخـــلاقـــیی کـــانت باس لەوە ناکـــات خـــەڵک چۆن هەڵسـوکـەوت بکەن و ئەخـلاق جـۆرێک لە دەروونناسی خـەڵکی نیـیـە، گـرینگ ئەو مـیـتـودەیە کـە کـانت لە ئەخـلاقـدا کـەڵکی لێ وەرگـرتووە و مـیـتـودی ئەخـلاقی کانتی وەسفی ئەخلاق نییە، بەڵکو سەلماندنی ئەخلاقە. کانت باس لەوە ناکات کرداری مرۆڤ چۆنە، بەڵکو دەڵێ بۆ ئەوەی مـرۆڤ پێداگری لە ئەخلاق بکات پێـویسـتـە کرداری چۆن بێ. لە کۆتاییدا فەلسەفەی کانت سەرەتا و کۆتایی مۆدێرنیتەیە و زۆر ڕێباز و ڕێچکە لە فەلسەفەدا لە ژێر کاریگەری فەلسەفەی کانتدا سەریان هەڵداوە.

**پەراوێزەکان:**

**1- Critique of practical Reason.**

**٢- لە فەلسەفەی ئەخلاقدا سەرەڕای لایەنە جۆراوجۆرەکانی، بابەتێکی سکۆلارە و لە عـەقـڵی مـرۆڤـەوە سـەرچاوە دەگـرێ، فەلسەفەی ئەخلاق جۆرێک شیکرانەوەی چەمکە ئەخلاقییەکانە و بابەتێکی ئایینی نییە، ئامۆژگارییەکانی ئایین بەشێکی چکۆلەی ئەخلاق پێکدێنن، تەنانەت لە جیهانی مۆدێرندا، ئەخلاق جێگەی ئایینی گرتووەتەوە. و.ک**

**٣- ئەخلاق لە فەلسەفەی کانت، ڕاجێرسالیوان، وەرگێرانی: فولادوەند.**

**٤- نموونەی ئەم شتـانە لە کوردسـتـانی ڕۆژهەلات بەزەقی دیارە، هەبوونی چەند لایەنی ئایینی پاوانخـواز، وەک سـەلەفـیـیـەکـان، مەکتەبییەکان، ئەلقاعیدە و ئیخوان، مەترسین بۆ سەر کۆمەڵگە و دواخسـتنی بیری ڕۆشنبیـرانە و دەسـەلاتیش کـاری بە سـەریانەوە نییە، چونکە ئەمانە تەنیا بیر لە موسڵمان بوون دەکەنەوە و بایەخ بە کـێشـە سـیـاسـیـیـەکـانی کـورد نادەن، تەنانت بۆ تواندنەوەی ناسیۆنالیزمی کورد لە ڕۆژهەلاتدا بۆ دەسەلات کەرستەیەکی لەبار و گونجاون.**

**5- francis Hutcheson (1694- 1746).**

**٦- J.C.F.Shiller (1759- 1805). شـــاعـــیـــر و شانۆنووسی گەورەی ئەڵمانی بوو.**

**٧- زۆرجـار لە ئاییندا بێ ئەخلاقیـیـەکـان لە ڕێگەی پیـرۆزەوە دەپارێزرێت، یان لە ڕێگەی وتەیەکی کۆن بڕیارێکی نەگۆڕ بەسـەر بابەتە لێک نەدراوەکاندا دەسەپێنن.**

**٨- کانت کەس و تاکیەتی لە یەک جیا دەکاتەوە، کەس خاوەن کەسایەتیـیـە و بەرپرسـیـارە و لایەنگری یاسـای ئەخـلاقـە، بەڵام تاکیەتی هێـشـتـا پێ نەگەیشـتـووە و خاوەن کەسایەتی نییە، ئەم وتەیەی کانت سەرەتایەکە بۆ باسی نامۆیی کە دواتر هێگڵ پەرەی پێدا.**

**8- anmoral world.**


**بۆ نووسـینی فـەلسـەفـەی ئاکـاری کـانت کـەڵکم لەم کـتـێـبـانە وەرگرتووە:**

**١- "فـەلسـەفـەی ڕەخنەیی کـانت". ١٣٩٠ بیـروبۆچوونەکـانی "کانت" نووسینی کەریم موجتەهیدی.**

**٢- کانت، ئیشتفان کۆرنێر، ١٣٨٤ وەرگێڕانی فولادوەند.**

**٣- ئەخـلاق لە فـەلسـەفـەی کـانت، ١٣٧٨ ڕاجێـر سـالیـوان، فولادوەند.**

**٤- کانت، یوسف کەرم، ١٣٧٥ محەمەدی ڕەزایی.**

**٥- کانت، ئێسکروتین، ١٣٧٦ وەرگێرانی، عەلی پایا.**

**٧- کـانت، "وەخـەبەرهاتن لە خـەونی دۆگـمـاتیـزم"، ١٣٦٥، نوقیب زادە.**

**٨- کـانت، کـاپلسـتـۆن، ١٣٦٨ کـتـێبی ٦ ڤـۆلف تا کـانت، ئیسماعیل سەعادەت، بزۆرگمێهر.**

# ناپلیۆن لە ڕۆژهەڵات

**سەباح عەلی جاف**
**(زانکۆی گەرمیان، کۆلێژی پەروەردە- بەشی مێژوو)**

لەشکرکێشی بۆ سەر میسر بە دووەمین شەڕی گەورەی ناپلیۆن دادەنرێت کە ڕۆڵی گەورەی لە مێژووی ژیان و سەرکەوتنی ئەودا تۆمار کرد و فەرەنسای گەیاندە پێگەیەکی تایبەتی، لە ساڵی ١٧٨٩ز ناپلیۆن سەرکردەی سوپای فەرەنسای کرد بەرەو میسر بۆ دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتی فەرەنسی لە ڕۆژهەڵات، پۆناپەرت بە نهێنی بەندەری (تۆلۆنی) فەرەنسی بڕی و دوورگەی (ماڵتا)ی داگیر کرد و لەوێشەوە گەیشتە میسر و لەگەڵ سوپاکەیدا چوونە (ئەبی قیر)ی ڕۆژهەڵاتی ئەسکەندەرییە لە مانگی تەمووزی هەمان ساڵدا، هەرچەندە دانیشتوانی شارەکە ڕووبەڕوویان بوونەوە، بەڵام ناپلیۆن پاش گرتنی و دانانی سەربازگەیەکی بچووک گەیشتە قاهیرە، پاش ئەمەیش ملی نا بۆ (فەلەستین و سووریا)، لێرەدا بەشێوەیەکی پوخت، هەوڵ دەدەین قسە لەسەر ئەم بابەتە بکەین.

## کورتەیەک لە ژیانی ناپلیۆن پۆناپەرت (١٧٦٩- ١٨٢١)ز

ئەم سەرکردە سەربازییە فەرەنسییە لە دوورگەی (کۆرسیک) لە دایک بووە، دایکی (لتیشیا ڕامۆلیتۆر) و باوکی (شارل پۆناپەرت)یان ناو بووە، بۆ خۆیان بەشدارییان لەدەرکردنی فەرەنسا لەو دوورگەیەدا کردووە، بەڵام دواتر ئەم ڕاپەڕینە شکستی خوارد و باوکی ناپلیۆن کە پارێزەر بوو، ناچار بوو لە کێڵگەیەکدا لەو دوورگەیە کار بکات، ناپلیۆن دووەم منداڵی خێزانەکەیەتی و لە تەمەنی منداڵیدا خوێندنگەی سەربازی دەخوێنێت، پاشان دەچێتە ئەکادیمیای سەربازی لە پاریس و یەکێک لە ئامانجەکانی ناپلیۆن دەرکردنی فەرەنسییەکان بووە لە کۆرسیک، ئەمەیش وای لێ کردووە ڕقی لە فەرەنسییەکان ببێتەوە و لە کاتی بەرپابوونی شۆڕشی



ناپلیۆن

فـەرەنسـادا لە ١٧٨٩ز ناپلیـۆن بـەم شـۆڕشـە دڵخـۆش نەبووە و وەک ڕووداوێکی دڵخۆشکەر سەیری نەکردووە، بەڵام دوای گـۆڕانکارییـەکـانی پاش شـۆڕش کـە ئەو دوورگـەیە بە چەندین مـاف گـەیشت ناپلیـۆن لە بۆچوونەکـانی پێـشـتـری پاشگەز بووەوە و بوو بە ئەفسەرێکی بە ئەمەک بۆ فەرەنسا و شۆڕشەکەی، پاشتر ناپلیۆن بوو بە فەرەنسییەکی تەواو.

بەم شـێـوەیەو پاش ئەوەی ناپلیـۆن بڕیار دەدات دژی ئینگلیزەکان شەڕ بکات، دوای شەڕی (بەندەری تۆڵۆن) ئیـدی ناپلیـۆن ناوبانـگ دەردەکـات و پلەی لیـوای پێ دەبەخشرێت، ئەم سەرکردە سەربازییە لە ژیانیدا دەکەوێتە داوی ژنێـک بەناوی (جـۆزفین) و زۆری خـۆش دەوێت و لەم ڕووەوە چەندین بەسەرهات و ڕووداو باس دەکرێت کە دەوترێت ئەم ژنە بە هۆی ئەوەی کـە نەزۆک بـووە ناپلیـۆن لە خۆشـویسـتنی پەشیـمـان دەبێـتەوە، پۆناپەرت چەندین شەڕ بۆ سەرکەوتنی فەرەنسا دەکات، کە یەک لەو شەڕ و داگیـرکارییانە هێرشە بۆ سەر ڕۆژهەڵات و میـسـر، پاش کودەتایەک ناپلیۆن توانی ببێتە سەرکردەی ڕاستەقینەی فـەرەنسـا و لێـرەوە سـەردەمی کـونسـوڵیـیـەت دەست پێ دەکات کە ناپلیۆن توانی ببێتە یەکەم کونسوڵی فـەرەنسا و لە ژیانی سیـاسیی خۆیدا بڕیاری چاکسازی ئیداری و دارایی و یـاسـایی بە ناوی خـۆیەوە داوە، لە ١٢ی ئابی ١٨٠٢دا ناپلیۆن لە ڕاپرسییەکی گشتیدا بە کۆنسوڵی هەتاهەتایی ئەو وڵاتە هەڵبژێررا، ئەمەیش ڕێگەی خۆش کرد بۆ حوکمی ئیمپراتۆرییەت کە ناپلیۆن خەونی پێوە دەبینی و بەم شـێـوەیە بۆ چەندین سـاڵ لەسـەر تەخـتی ئیمپراتۆری فەرەنسا دادەنیشێت، بەڵام ئەمە زۆر درێژە ناکـێـشـێـت و چەندین هەوڵی تیـرۆرکـردنی پۆناپەرت دەدرێت و پاش چەندین سـەرکـەوتن سـوپای بەهێـزی ناپلیـۆن لە ساڵی ١٨١٢ز لە هێرشی بۆ سەر ڕووسیـادا شکسـتـێکی گـەورە ڕووبەڕوویان دەبێـتـەوە، پاشـان شکسـتی لە دژی ئینگلیـز، هەر بۆیە ئەم سـەرکـردەیە لەلایەن دەستەڵاتدارێتی فەرەنساوە بۆ دوورگەی (سانت هێلین) دووردەخـرێتـەوە و هەر لەو دوورگـەیە بە هۆی نەخـۆشی شـێـرپەنجـەوە لە ٥ی مـایسی ١٨٢١ز کـۆچی دوایی دەکات، ناپلیۆن لە دوورگەی سانت هێلین ڕۆژێک بە کـەسـانی چوار دەوری وت "ڕاسـتی ئەم ژیانەی من ڕۆمانێکی سەرسوڕهێنەرە".

### هۆکارەکانی لەشکرکێشی ناپلیۆن بۆ ڕۆژهەڵات (میسر)

لێـرەدا دەتوانین بە چەند خـاڵێکی خـێـرا وەک لە سەرچاوەکاندا باس کراوە لەشکرکێشی ناپلیـۆن بۆ سەر مـیـسـر بخـەینە ڕوو کـە دەکرێت لەپشـتی هێـرشی ئەو سـەرکـردەیەوە بن بۆ ئەوەی ڕوو بکاتە ڕۆژهەڵات کـە سەرکردەکانی ئەم وڵاتە پێشتریش بە ئاواتی دەست گرتن بەسەر مـیـسردا بوون، هەر بۆیە لە ڕێگەی جۆر بە جۆری وەک سیخوڕ و گەشتیار و بازرگان و قوتابییەکانیانەوە زۆر زانیارییان لەسەر ئەم وڵاتە کۆکردبووەوە:

١- ململانێی توندی نێوان فەرەنسا و بریتانیا کە هەر یەکـەیان دەیویست سنووری دەسـەڵاتی خـۆی فـراوان بکات، بە تایبەت لە ساڵەکانی سەرکەوتنی ناپلیۆن لە ئیـتـاڵیـا، کە ئەمە ڕۆژگـارێکی تاریکە لە لاپەڕەکـانی مێژووی بریتانیا لەو دەمانەدا.

٢- حەز و ئارەزووی پۆناپەرت بۆ فراوانخـوازی وەک هۆکارێکی دەروونی ئەو کەسایەتییە کە ئەمەیش وای کرد چەندین ئەندێشـە و حـەز و پلان بە مـێـشکـیدا بێت، ئەمەش بۆ ئەوەی ناوبانگی لە مـێژوودا بمێنێـتەوە، وەک لە مـێـژووی ژیانی کـەسـایەتیـیـەکـاندا دەبینرێت و ئەم کـارەی ناپلیـۆنیش بۆ ئەوەی ناوبانگی (ئەسکەندەری) پێ ببەخشرێت.

٣- مـیسر لە ڕووی پێگەی جوگرافیاوە دەکەوێتە سەر ڕێگەی (هند) کـە ئەو دەمـانە ئەم ڕێگەیە بۆ وڵاتە داگیـرکـەرەکـان گرنگ بووە، بەمەیش فەرەنسـا دەتوانێت دەست بەسەر ئەم ڕێگە بازرگانییەدا بگرێت و دەشتوانێت لەم ڕێگەیەوە هاوکاری بزوتنەوە چەکداری و ئازادیخواز و

یاخی بووەکانی وڵاتە داگیرکراوەکانی ئینگلیز بدات لە ناوچەکەدا، بەمەیش دەیتوانی لە بەرژەوەندییەکانی ئەو وڵاتە لە ڕۆژهەڵاتدا بدات.

٤- بۆرژواکانی فەڕەنسا بەتایبەت شارەکانی خوارووی ئەو وڵاتە پێوەندی بازرگانی باشیان لەگەڵ ڕۆژهەڵات، بە تایبەت میسر و سووریا و دوورگەکانی دەریای سپی ناوەڕاست هەبوو، ئەم بازرگانانە لە مێژەوە حەزیان دەکرد فەڕەنسا شوێن پێی خۆی لە میسر قایم بکات بۆ ئەوەی لایەنێکی سیاسی بەهێز و نزیک لە خۆیانەوە چاودێری و پارێزگاری ڕێگە بازرگانییەکانیان بۆ بکەن، کە ئەمەیش لە داگیرکارییەکانی ئەوروپادا بەردەوام ئەگەرێکی بەهێزکەر بووە بۆ لایەنی دەسەڵات کە سنووری داگیرکارییەکانی فراوانتر بکات.

٥- ناپلیۆن دەیویست میسر بگەڕێنێتەوە بۆ باوەشی ئەوروپا، وڵاتێک کە زەمەنێکی زۆر دوور بوون لێی و ئەو وڵاتە کە گەنجینەیەکی زۆری شوێنەواری هەیە و بۆ ئەوروپا بەردەوام گرنگ بووە، بەمەیش ناپلیۆن بۆ ئەوروپای ڕابگەیەنێت کە ئەو دەتوانێت ئەو خەونەیان بۆ بەدی دێنێت و بردنی گەنجینەی زۆری شوێنەواری میسر بۆ خۆی، سەرباری بردنی خێر و بێری ئەو وڵاتە بۆ فەڕەنسا بە تایبەت لە ڕووی کشتوکاڵ و بازرگانییەوە.

٦- گەندەڵی و دیکتاتۆریەتی پاشا و دەسەڵاتدارانی میسر کە میللەتیان دەچەوساندەوە کە ئەمەیش بەتەواوەتی هاووڵاتیانی بێزار کردبوو، هەرچەندە چەند ڕووبەڕووبوونەوەیەکیش هەبوو بۆ داگیرکاری فەڕەنسا، بەڵام ئەمانە کۆدەنگی گشتی دروست نەکرد بۆ داگیرکردنی میسر لەلایەن ئەو وڵاتەوە، بە پێچەوانەیشەوە ئاڵۆزی و گەندەڵی حوکم لە پاریس وای دەویست کە ناپلیۆن لە وڵات دووربکەوێتەوە بۆ ئەوەی گەر سەرکەوتوو بوو، ئەوە بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی بنکەی جەماوەری فراوان دەبێت.

٧- لاوازی دەوڵەتی عوسمانی و مەمالیکە فەرمانڕەواکانی ئەو وڵاتە وای کرد کە هێرشی ئەوروپاییەکان بۆ سەر ئەو وڵاتە دەست پێ بکات، ئەمەیش لە ڕاپۆرتەکانی باڵیۆزی ئەو کاتی فەڕەنسا لە ئەستانە (سانت پریست)دا دەردەکەوێت لە ساڵی ١٧٦٨ز دا کە ئاراستەی وڵاتەکەی کردووە.

٨- ناپلیۆن پێی وابوو کە ئەستەمە لە نێو کیشوەری ئەوروپادا لە بەرژەوەندییەکانی بریتانیا بدرێت و لەم ڕووەوە وتوویەتی "ئەوروپا وا دێتە پێش چاو کە ئاشتی باڵی بەسەردا کێشاوە" واتا بۆ فەڕەنسا ئەستەمە کە لە نێو خودی ئەوروپادا لە بەرژەوەندییەکانی بریتانیا بدات، ئەمیش بەهۆی ئەوەی کە ئەو وڵاتە، بێجگە لەوەی بەهێزە لە نێو دوورگەیەکدایە کە هێرش کردنە سەری ئاسان نییە، هەر بۆیە ناپلیۆن بیری لەوە کردەوە ڕوو بکاتە ڕۆژهەڵات بۆ لێدان لەو بەرژوەندییانەی کە بریتانیا لەو ناوچانە هەیەتی بەتایبەت ڕێگەی هند.

## شەڕەکانی (جەنگ) ناپلیۆن لە میسر و ڕۆژهەڵات

**یەکەم:** جەنگەکانی لە میسر، پاش دەرچوونی ناپلیۆن لە فەڕەنساوە بۆ ئەو وڵاتە ڕووبەڕووی چەندین جەنگ بووەوە. لە لایەن هاووڵاتیانی میسرەوە، کە ئەمەیش دەکرێت بە هەوڵەکانی ڕێگری لە داگیرکاری دابنرێن کە زۆرێکی ئەو جەنگانە لە بەرژەوەندی دەوڵەتی داگیرکەر شکاوەتەوە و لە زۆرێکیاندا خەڵکی سڤیل بوونەتە قوربانی، کە دەکرێت بە کورتی ئاماژە بە هەندێک لەو شەڕانە بکەین بۆ ڕێگری لەداگیرکاری لەو وڵاتە.

١- جەنگی ئەبی قیر: ئەم جەنگە لە نێوان کەشتیگەلی فەڕەنسی و بریتانی لەو وڵاتە لە ئەبی قیر لە تەمووزی ١٧٩٨ز ڕووی دا، لەم جەنگەدا کەشتیگەلی ئینگلیز گورزێکی کاریگەری لە گەشتی گەلی فەڕەنسا وەشاند، بەڵام دواجار فەڕەنسییەکان توانییان بگەنە ئەسکەندەرییە، ئەمەیش پاش گەیشتنی ناپلیۆن بۆ ئەو وڵاتە سەربازگەیەکی بچووکی لە ئەبی قیر دانا و بەرەو ئەسکەندەرییە بەڕێ کەوت.

٢- جەنگی ئەسکەندەرییە: ئەم جەنگە لە هەمان مانگدا لە نێوان خانەدانەکانی ئەو شارە و سوپاکەی ناپلیۆندا ڕووی دا، هەر زوو سوپاکەی ناپلیۆن بەسەر خانەدانەکانی ئەسکەندەریە و جەنگاوەرە میسرییەکاندا سەرکەوت.

٣- جەنگی ئەهرام: ئەم جەنگە یەکێکە لە جەنگە گەورە و کاریگەرەکان کە لە ٢١ی تەمووزی ١٧٩٨ز لە نێوان مەمالیکەکان (دەسەڵاتدارانی میسر) و جەنگاوەرەکانی ناپلیۆندا لە نزیک هەرەمەکانی (جیزە) لەنێو لمی بیابان و تینی زۆری گەرمای ئەو ڕۆژە ڕووی دا، ناپلیۆن لەم جەنگەدا بەسەربازەکانی وت "چل سەدەیە ئەو هەرەمانە نیگەرانی ئێوەن" بەمەیش دەردەکەوێت کە ئەم جەنگە کاریگەر و یەکلاکەرەوە بووە، بەمەیش فەڕەنسییەکان توانییان سەربکەون و مەمالیکەکانیش بە خێرایی شکان، ئەمەیش بە هۆی بێ پلانی و نەبوونی ستراتیجی جەنگی و سەرکردەی ئەم شەڕە (موراد بەگ) بوو کە خۆی و ژمارەیەک لە جەنگاوەرەکانی بۆ

(صەعید) هەڵهاتن.

٤- پاش ئەم جەنگە کە یەکلاکەرەوە بوو بۆ فەڕەنسا، ناپلیۆن توانی بچێتە ناو قاهیرەوە و داگیری بکات، کە لەو کاتەدا دوو کەس دەیانویست ببنە فەرمانڕەوا کە هەردووکیان مەمالیک بوون (ئیبراهیم بەگ، موراد بەگ) کە دواتر هەڵهاتن و پاش ئەمەیش بەشێوەیەکی گشتی فەڕەنسا توانی دەست بەسەر میسردا بگرێت و بە مەرامی خۆی بگات.

٥- جەنگی دووەمی ئەبی قیر: ئەم جەنگە لە نێوان تورکەکان و فەڕەنسییەکاندا ڕووی دا، بەڵام فەڕەنسییەکان دیسان سەرکەوتن.

گەر بەشێوەیەکی ورد تەماشا بکەین دەردەکەوێت، لە ماوەی چەند مانگێکدا فەڕەنسییەکان توانییان میسر داگیر بکەن، سەرباری ڕووبەڕووبوونەوە، بەڵام بە هۆی ناهاوسەنگی سوپای فەڕەنسا و شەڕەکەرانی بەرانبەریەوە، هەروەها کەمی چەک و تەقەمەنی و بێزاری خەڵک لە نەهامەتی و کەموکوڕی و ئیرادەی خودی ناپلیۆن بۆ داگیرکاری لە ڕۆژهەڵات وای کرد کە هەر زوو فەڕەنسا دەست بەسەر میسردا بگرێت و ڕەگی لێ داکوتێت و بە چەند ساڵێکی کەم، بەڵام گرنگ حوکمی ئەو وڵاتە بکات، کە ئەم داگیرکارییە کاریگەری ئەرێنی و نەرێنی لەسەر ئەو وڵاتە بەجێ هێشت.

**دووەم:** جەنگەکانی لە سووریا و فەلەستین، پاش ئەوەی ناپلیۆن توانی لەماوەیەکی کەمدا دەست بەسەر میسردا بگرێت، بەو ئومێدەشەوە ویستی داگیرکارییەکەی فراوان بکات، هەر بۆیە بڕیاری هێرش کردنە سەر فەلەستین و سووریای دا، کە بۆ ئەمەیش دەبوو سەرباری خەڵکی ڕووبەڕووی دەستەڵاتداری ئەو ناوچەیە بە پلەی یەک تورکەکان، پاشان بریتانییەکان ببێتەوە، هەر بۆیە لەشکرکێشی کردە سەر ئەو جێگایانە بە ئومێدی زیاتر دەست گرتن بەسەر ڕۆژهەڵاتدا.

١- پاش ئەوەی ناپلیۆن زانی کە عوسمانییەکان بە سوپایەکەوە بەرەو سووریا هاتوون ئەویش خۆی ئامادە کرد و بە سوپایەکی تۆکمەوە بەرەو سووریا و فەلەستین بەڕێکەوت بە هۆی زەبروزەنگ و توندوتیژییەکانییەوە شارەکان یەک لەدوای یەک داگیر دەکران، بەم شێوەیەش یەکەمین شار کە لەلایەن ناپلیۆنەوە داگیر کراو دەستی بەسەردا گیرا شاری (عریش) بوو، پاشان شاری (یافا) لە ١٤ ی مارسی ١٧٩٩ز هێرش کرایە سەری پاش ماوەیەک بەرگری کردن بە مەبەستی پاراستنی شارەکە لە داگیرکارییەکانی ناپلیۆن، بەڵام دواجار ئەو سەرکردەیە پەیامێکی ئاراستەی خەڵکی ئەو شارە کرد گەر بە ئاشتی خۆیان ڕادەست بکەن، ئەوە پارێزراو دەبن بە پێچەوانەوە تووشی کوشتن و بڕین دەبنەوە، هەر بۆیە ڕێگە چارەی دووەم لە لایەن خەڵکی شارەکەوە هەڵبژێردرا، هەر بۆیە لە ١٦ی نیساندا سوپاکەی ناپلیۆن بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە شارەکەیان داگیر کرد بەشێوەیەک تەنیا لە شەڕی ئەو شارەدا نزیکەی چوار (٤) هەزار سەربازی عوسمانی کوژران و بەم شێوەیە فەڕەنسییەکان توانییان لەم شەڕەدا بەسەر هاووڵاتیان و سوپای عوسمانیدا سەربکەون.

٢- شەڕی عەککا (ئاکر): ئەم شەڕە لە نێوان فەڕەنسییەکان کە ناپلیۆن سەرکردایەتی دەکرد کە سوپاکەیان لە ١٣ هەزار سەرباز پێکهاتبوو لەگەڵ تورکەکان کە دواتر ئینگلیزەکان هاوکارییان کردن ڕووی دا، لەبەردەم قەڵای ئەو شارەدا، لە ئەنجامدا سوپای ناپلیۆن شکستی هێنا و نزیکی سێ (٣) هەزار سەربازی فەڕەنسی کوژران و دواتر سوپاکەی پۆناپەرت لە ٢٠ی ئایاری ١٧٩٩ز بۆ میسر گەڕایەوە، ئەم شەڕ و دۆڕانە بەشێوەیەک کاریگەری لەسەر ناپلیۆن هەبوو لە کۆتاییەکانی تەمەنیدا داخی سەرکەوتنی هەڵدەکێشا.

هۆکارەکانی شکانی فەڕەنسییەکان لە شەڕی عەککادا:

بەشێوەیەکی گشتی دەکرێت ئاماژە بە چەند خاڵێک بدەین کە کاریگەرییان هەبوو لەوەی کە فەڕەنسییەکان لەم شەڕەدا تووشی ئەو شکستە گەورە بوون کە کاریگەری لەسەر ناوبانگیان لە ناوچەکەدا هەبوو لەوانە:

١- بڵاوبوونەوەی نەخۆشی تاعوون لەنێو سەربازەکانی ناپلیۆندا.

٢- سەختی قەڵای عەککا کە بەرگریکاران لەو شارەدا بوون بەشێوەیەک کە تۆکمەیی و قایمی قەڵاکە ڕۆڵێکی سەرەکی هەبوو بۆ سەرکەوتن.

٣- زۆری ژمارەی سەربازانی تورک لەم جەنگەدا لەچاو فەڕەنسییەکان، هەروەها بێزاری و ماندووبوونی فەڕەنسییەکان بەدەست شەڕە زۆرەکانی ناپلیۆنەوە.

٤- هاوکاری کردنی بریتانییەکان بۆ تورکەکان، ئەویش لە ڕێگەی هاوکاری کردنی چەک و تەقەمەنی و خۆراکەوە.

## ناپلیۆن لە قاهیرەدا

هەرکە ناپلیۆن گەیشتە قاهیرە لەو شارەدا وتارێکی پێشکەش کرد کە سەرەتای دەستپێکی وتارەکەی بە ناوی خوا و پێغەمبەری ئیسلامەوە بوو، پاشان باسی لە

هەر سێ چەمکی (ئازادی، دادپەروەری، مافی هاوولاتی بوون)ی بۆ کردن وەک بنەماکانی شۆڕشی فەڕەنسی ١٧٨٩ز، هاوکات بە توندی باسی لەوەیش کرد کە هەر کەس بە ڕووی سەرباز و فەڕەنسییەکاندا بوەستێتەوە ئەوە چارەنووسی بە خراپترین شێوە دەبێت لە کوشتن و برین، پۆناپەرت لە کەسایەتی و شێخەکانی قاهیرە ئەنجوومەنێکی پێکهێنا کە بە (دیوانی قاهیرە) بەناوبانگە و مەبەستیش لەم ئەنجوومەنە بۆ ڕایی کردنی کاروبارەکان بووە، بەڵام ئەم ئەنجوومەنە زیاتر ڕاوێژکاری بووە و زۆرتر لە خزمەتی فەڕەنسییەکاندا بووە، تەنانەت ئەندامانی ئەم ئەنجوومەن بەڵێنیان دابوو هیچ کارێک دژی فەڕەنسا و سوپاکەی لەو وڵاتەدا نەکەن، ناپلیۆن سیستمێکی بەڕێوەبردنی لە قاهیرە دانا، کە بە سیستمی (بەڕێوەبردنی ناپلیۆن) ناسراوە کە ئەو سیستمە بریتی بوو لە:

١- لە هەموو شار و گوندێکدا دەسەڵات لەژێر دەستی فەڕەنساییەکاندا دەبێت.

٢- پێکهێنانی لیژنەیەک لە میسرییەکان بۆ ڕاوێژکاری لە کاروبارەکاندا.

٣- تەواوەتی ڕێز لە ئایینی ئیسلام و پیاوانی ئایینی (مەلا) بە بگیرێت.

٤- پێکهێنانی (ئەنجوومەنی شاری قاهیرە) لە ژێر چاودێری خۆیدا.

٥- دەبێت باج و خەراج و دەرامەتەکان بە شێوەیەک بێت، خەرجی سوپا دابین بکەن.

## شۆڕشی میسرییەکان دژی فەڕەنسییەکان

لەبەرانبەر داگیرکارییەکانی فەڕەنسا لە میسر چەندین نارەزایی و ڕووبەڕووبوونەوە ڕووی دا کە زیاتر خۆی لە هەردوو شۆڕشی یەکەم و دووەمی قاهیرەدا دەبینێتەوە، کە یەکەمیان بریتی بووە لە شۆڕشی یەکەمی قاهیرە کە لەم شۆڕشەدا ژمارەیەکی زۆر لە هاوولاتییان لە چینی پیاوانی ئایینی و کرێکار و جووتیاران بەشدارییان تێدا کرد، ئەویش بە هۆی زوڵمەوزۆری فەڕەنسییەکان لەو وڵاتەو زیاد کردنی باجەکان، هەر بۆیە (مزگەوتی ئەزهەر) بووە شوێنی کۆبوونەوەی دەنگە نارەزاکان و بەم شێوەیە پێکهەڵپژان لە نێوان میسرییەکان و فەڕەنسییەکان لە ٢١ ی تشرینی یەکەمی ١٧٩٨ز ڕووی دا و هەر دەستبەجێ ناپلیۆن فەرمانی کرد ئەو دۆخە کۆنترۆڵ بکەن، بەمەیش ژمارەیەکی زۆر هاوولاتی کوژران و مزگەوتی ئەزهەر درایە بەر تۆپەکانی سوپای ناپلیۆن و نزیکەی چوار هەزار کەس کوژران و ئەم شۆڕشە بە دڕندانەترین شێوە سەرکوت کرا و ئەزهەریش داگیر کراو و سووکایەتی زۆریش بە پیرۆزییەکانی خەڵک کران.

پاش بەرپابوونی شۆڕشی یەکەمی قاهیرە و ستەمی زۆری فەڕەنسییەکان، ئەمەیش وای کرد کە گڕوتینی خەڵکی زیاتر بێت، هەر بۆیە شۆڕشی دووەمی قاهیرە بە ڕووی (ژەنەراڵ کلیبەر) بووە کە ناپلیۆن دوای خۆی کردی بە حاکم لەو وڵاتە و ئەمیش زۆر بە توندی دژی شۆڕشەکە وەستایەوە، بەڵام شۆڕش زیاتر پەرەی دەسەند، هەر بۆیە ئەمەیش وای کرد کە کلیبەر ناچار بوو داوای بەستنی پەیماننامە لە دەوڵەتی عوسمانی بکات، ئەمەیش پەیماننامەی (عەریش)ی بەدوادا هات لە ساڵی ١٨٠٠، بەڵام ئینگلیزەکان بەم پەیماننامەیە ڕازی نەبوون و لە ڕێگەی بەستنی پەیماننامەی (ئەمیان)ی نێوان فەڕەنسا و بریتانیا، فەڕەنسا لە کۆتایی ئازاری ١٨٠٢دا میسری بەجێ هێشت.

## دەرئەنجامی شاڵاوەکانی ناپلیۆن پۆناپەرت بۆ سەر میسر و ڕۆژهەڵات

سەرباری ئەوەی کە ناپلیۆن میسری داگیر کرد و خێرو بێری وڵاتەکەی لە زۆر بواردا بۆ خزمەتی خۆی و سەربازەکانی بەکارهێناو ژمارەیەکی زۆر لە نەیار و شۆڕشگێڕ و هاوولاتی سڤیلی کوشت و زۆر شار و گوندی وێران کرد، زۆر جار بێڕێزی بەرانبەر زانا و مەلاکان نواندووە، بەتایبەت لە شۆڕشی یەکەمی قاهیرەدا کە بە ئەسپەکانییەوە چووە نێو (ئەزهەر)ەوە، سەرباری هەموو ئەوانە دەکرێت بڵێین شاڵاوی فەڕەنسییەکان لە زۆر بواردا توانی خزمەت بە میسرییەکان و ڕۆژهەڵات بکات و گەلێک دەرئەنجامی هەبوو لەوانە:

* دەرئەنجامە کۆمەڵایەتییەکان: ئاشنابوونی میسرییەکان بە شارستانیەتی ڕۆژئاوا لە زۆر بواردا کە لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکیدا ڕەنگی دابووەوە، ئاشنابوونی میسرییەکان لە ڕووی سیستمی کارگێڕییەوە کە توانراوە لە ڕووی کۆمەڵاتییەوە سوودی لێ وەربگرێت وەک تۆمارەکانی لەدایک بوون و مردن و ڕێسا و یاسا دادوەرییەکان.

* دەرئەنجامە زانستییەکان: ناپلیۆن لە هێرشکردنیدا بۆ سەر میسر ژمارەیەک زانای لەگەڵ خۆی هێنابوو کە بریتی بوون لە (١٥٠) زانا و پتر لە (٢٠٠٠) پسپۆڕی هونەر و وێنە و تەکنیکی کە ئەمانە گەلێک کاری باشیان

کرد بەشێوەیەک لە نێوان ساڵانی ١٧٩٨- ١٨٠١ز دا ئەم زانا و پسپۆڕانە کتێبی (وەصفی میسر)یان نووسی کە ١١ بەرگەو زۆر لایەنی ژیانی میسری لە خۆ گرتووە و ئەم پەرتووکە گرنگە بۆ ئەو کەسانەی دەیانەوێت لێکۆڵینەوە لەسەر میسر لەو ماوەیەدا و کاریگەری بۆ ئێستا بکەن، بیرۆکەی هەڵکەندنی کەناڵی سوێس کە هەردوو دەریای ناوەڕاست و سووری بەیەک دەگەیاند، بەڵام ئەم پرۆژەیە لەو دەمەدا سەری نەگرت بەهۆی ئەو هەڵەیەی کە دەریای سوور لە دەریای ناوەڕاست بەرزترە، دۆزینەوەی هێمای زمانە کۆنەکانی میسر و خەتەکانیان (هیرۆگلیفی، هیراتقی...)، هەروەها دۆزینەوەی زیاتری شارستانییەت و لایەنەکانی ژیاری ئەو وڵاتە، کە میسریان بە شارستانییەتی فیرعەونەکان داناوە، لەم هێرشەدا یەکەم نەخشەی تیرەیی میسر کێشرا کە دواتر سوودی لێوەرگیرا.

* دەرئەنجامە سیاسییەکان: هێرشی فەرەنسییەکان بۆ سەر میسر وڵاتە ئەوروپییەکانی بە ئاگا هێنایەوە لەوەی کە میسر پێگەیەکی ستراتیژی گرنگی هەیە، بەتایبەت وڵاتی بریتانیا، وروژاندنی هەستی نەتەوایەتی لای میسرییەکان و یەکگرتووییان بەرانبەر دوژمن، بە تایبەت دەوڵەتی عوسمانی.

* دەرئەنجامە ڕۆشنبیرییەکان: هێنانی چاپخانەیەکی فەرەنسی بۆ میسر بە شێوەیەک کە باس دەکرێت یەکەمین جار فەرەنسییەکان چاپخانەیان بۆ ئەو وڵاتە هێناوە کە بە پیتی لاتینی و یۆنانی و عەرەبی چاپی پێ کراوە، دامەزراندنی یەکەمین کۆڕی زانستی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، هەروەها کۆڕی زانیاری میسری، دامەزراندنی قوتابخانەی فەرەنسی لەو وڵاتە بۆ منداڵانی فەرەنسی کە لەودا دەژیان، دوو ڕۆژنامەی بە فەرەنسی و ڕۆژنامەیەکی عەرەبی لەو وڵاتە بڵاوکردەوە کە ڕۆژنامە عەرەبییەکە ناوی (التنبیه) بووە و بەیەکەمین ڕۆژنامەی چاپکراو بە زمانی عەرەبی دادەنرێت.

لە کۆتاییدا دەکرێت ئەوە ڕوون بکەینەوە پاش ئەوەی بۆ ماوەی سێ ساڵ فەرەنسا لە میسر و ڕۆژهەڵات مایەوە بەشێوەیەک کە تا ئێستایش پاشماوە و کاریگەرییان لە ناوچەکەدا دیارە و هەندێک گۆڕی سەربازەکانیان هەر ماون و بە گشتی سەرکەوتوو نەبوون لە مانەوەیان لە میسر و ڕۆژهەڵات، ناپلیۆن بەهۆی هاتنی بۆ میسر و ڕۆژهەڵات خاوەنی چەندین وتە و قسە و پەندە کە بە هۆی هاتنی بۆ ناوچەکە کردوونی وەک ("ئەگەر بمتوانیایە دەسەڵاتداریەتی میسر بکەم، ئەوە نەمدەهێشت دڵۆپێک ئاو لە ڕووباری نیل بەفیڕۆ بچێت و هەمموویم لە بواری کشتوکاڵ و بەرهەمهێناندا بەکار دەهێنا"، "خۆشترین کاتەکانی ژیانم لە میسر بەسەر برد کە لە ئەوروپای هەوراویدا بواری بیرکردنەوەم کەمتر بوو، بەڵام گەر لەم وڵاتە بمێنمەوە و حوکمداری بکەم، ئەوە دەتوانم ڕەوڕەوەی مێژوو بگۆڕم"، "ئەگەر بە فەرمانڕەوای میسر نەبوومایە، ئەوە بە فەرمانڕەوای وڵاتی خۆیشم نەدەبووم"، "ئایینی ئیسلام وەک ئایینی مەسیحیەت سیاسەت گەناندوویەتی"). دوای کوژرانی (کلیبەر) حاکمی دوای ناپلیۆن لە میسر و مۆرکردنی ڕێکەوتننامەیەک لەگەڵ بریتانیادا، فەرەنسا لە میسر چووە دەرەوە، بەڵام پاشتر کێشەک بۆ وڵاتە ئەوروپییەکان دێتە پێشەوە کە بە کێشەی ڕۆژهەڵات ناو دەبرێت و پاشتر داگیرکاری وڵاتە ئەوروپییەکان بۆ ناوچەکە دەست پێ دەکات.

**سەرچاوەکان:**


**١- د. شوقي عطا الله الجمل ود. عبدالله عبدالرزاق ابراهيم، تاريخ اوروبا من النهضة حتى الحرب الباردة، القاهرة، ٢٠٠٠.**

**٢- يوسف سعد يوسف، نابليون بونابرت، الطبعة الاولى، مصر، ١٩٨٨.**

**٣- جفري برون، تاريخ اوروبا الحديث، ترجمة: علي مزروقي، الطبعة الاولى، عمان، ٢٠٠٦.**

**٤- حسن جلال، حياة نابليون، الجزء الاول، بدون سنة وموقع الطبع.**

**٥- ئێ، چ، تارلە، ناپلیۆن، وەرگێڕانی: عومەر ڕەسوڵ، چاپی سێیەم، سلێمانی، ٢٠٠٩.**

**٦- محەمود شاکر، پوختەی مێژووی شارستانیەتەکان، وەرگێڕانی:جرسی محمد عبدالرحمن، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، ٢٠١١.**

**٧- هـ.ا. ل فیشەر، مێژووی نوێی ئەوروپا، وەرگێڕانی: شکور سلیمان و سەردین ئەرجان، هەولێر، ٢٠٠٩ز.**

**٨- د. عبدالعزیز سلیمان نەوار، مێژووی هاوچەرخی ئەوروپا، وەرگێڕانی: خالد هەرکی، چاپی سێیەم، هەولێر، ٢٠١٢ز.**

**٩- نەوشێروان مستەفا ئەمین، بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین، کتێبی دووەم، بەرگی یەکەم، بیروت، ٢٠١٣ز.**

**١٠- هەورامان وریا قانع، شۆڕشی فەرەنسی ١٧٨٩، چاپی سێیەم، سلێمانی، ٢٠١٠ ز.**

**11- www.ar.wikipedia.org.**

**12- www.kenanaonline.com.**

# شانۆ نەمردووە، بەڵكو سەربەستە

**ڕۆبرت لۆپاژ**
**لە فارسییەوە: فاتیح فرومەند**
**(بۆکان)**

ڕۆبرت لۆپاژ لەدایک بووی ساڵی ١٩٥٧، دەرچووی "کۆنسێرڤاتواری هونەرە دراماتیکەکان (شانۆییەکان)ی، کێبێک (Quebec کەنەدا)یە، هەروەها خوێندنگەی "ئالن نەپ". پاش تەواوکردنی خوێندن لە ساڵی ١٩٨٠، گەڕایەوە بۆ شارەکەی (کێبێک) و دەستی کرد بە کارکردن، هەر لەوێ دەستی بە دۆزینەوەی شێوازی تایبەتی خۆی کرد و هاوکات بوو بە یەکێ لە ئەندامانی دەستەی شانۆی "ژاک لۆسارد". ناسینی ئەو لەگەڵ "لۆسارد" لە ڕێگای دەستەی "RSVP" بووە. ئەم گرووپە لە سەماکارانی دەستەی "ئانا و لۆرنس هۆلپرین" لە شاری سانفرانسیسکۆ پێکهاتبوو کە توانیبوویان لە تەک "لۆسارد" شێوازی تایبەت بە خۆیان دابهێنن. ڕۆبرت لۆپاژ توانی لە ساڵی ١٩٨٦ بە شانۆگەرییەکی یەک پێرسۆناژە (مۆنۆدراما) بە ناوی "ڤینچی" لە فیستیڤاڵی "ئاوینیۆن"، خەڵات بەرێتەوە، بەڵام شانۆگەری "تریلۆژی (سێینە) ئەژدیهاکان" (The Dragons Trilogy) کە ٦ کاتژمێر درێژ بوو، ناوی لۆپاژی بەرز کردەوە و بوو بە هۆی بەناوبانگ بوونی، هەروەها تواناییەکانی لۆپاژی لە بواری "دەرهێنان" بە باشی وە دەرخست.

خاڵە تایبەتەکانی بەرهەمەکانی لۆپاژ، شێوازی تایبەتی ئەو لە گێڕانەوەی چیرۆکی نا واقیعی، ئیش کردن لەسەر زمان، زاراوە و فرە میدیا بوونی (Multimedia)، لەم خاڵانەیە کە دەکرێ ورد بین لەسەری.

ڕۆبرت لۆپاژ لە شاری کێبێک، لە شەستەکان و حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا کە شانۆ ڕەوتێکی ماددی هەبوو کە تایبەت بوو بە چینی "بۆرژوا". کاتێک منداڵ بووم، ئێمەیان برد بۆ بینینی شانۆگەری "شەوی دوازدەم"،

من وام هەست کرد کە هۆکاری شادی و سەرگەرمی بینەران، دەرهێنەرەکەیە، چونکە زۆر بەتەمەن بوو، بەڵام کات بۆ منی سەلماند کە هۆکاری جوانی و سەرنجراکێش بوونی ئەم نمایشە "شێکسپیر" بووە. ئەم بابەتە، واتە گرنگی دەق، بوو بە یەکێک لە بەنرخترین فاکتەرەکانی بەرهەمەکانی داهاتووی من.

لە ساڵانی دواییدا، وە دەرکەوتنی هونەرمەندانی مۆزیکی "ڕۆک ئەند ڕۆل" (Rock’n Roll)، واتە هونەرمەندانێک بە قیافەیەکی زۆر سەیر و سەمەرە و بیر و بڕوایەکی نوێ، کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر من دانا.

سەرەتا، وەک ئەکتەر ئیشم دەکرد و پرۆڤەیەکی زۆرم دەکرد. هاوکات حەزێکی زۆرم لە بواری "دەرهێنان، نووسین و سینۆگرافیا" هەبوو. دەزانن کە ئەکتەرێک ناتوانێ ئەم هەموو کارە بەیەکەوە ئەنجام بدات، کەواتە بڕیارم دا واز لە قوتابخانەی شانۆ بهێنم و خۆم دەستەیەکی شانۆیی بچووک دابمەزرێنم. دەرەنجامی ئەم بڕیارە هەستێکی پڕ لە سەربەستی پێ بەخشیم. خەڵک حەزێکی زۆریان لە کارەکانمان بوو، بەڵام ئێمە، لە شێوازی بازرگانی شانۆمان نەدەزانی. نەماندەزانی لە چ ڕێگایەکەوە، پشتگیرییەکی ماڵی و ئابووری بدۆزینەوە، چونکە تەمەنمان ٢٠ ساڵان بوو، کەواتە چووینە دەستەی شانۆی "ژاک لۆسارد". هەڵبەت دەستەکەی ئەمیش، پشتگیرییەکانی خۆی لەدەست دا بوو، بەڵام ٥٠ دۆلاری لە بودجەکەی بە ئێمە دا تا بتوانین "کافە-شانۆ" یەک وەڕێ خەین. ئێمە تەنیا، ٣ جانتای گەورە و تابلۆیەکی گەورەی نیگارکێشیمان پێ بوو کە لە کۆتاییدا بوو بە هۆی دروست بوونی نمایشێکی سەرکەوتوو.

کێبێک، ماڵی منە و کۆمەڵگایەکی زیندووی هەیە، بەڵام هاوکات زۆریش داخراوە، لەگەڵ ئەمەشدا، هونەرمەندانێکی زۆر لە "کێبێک"ەوە دەچن بۆ سەرانسەری دنیا، پاشان لە گەڵ ئەزموونێکی زۆر دەگەڕێنەوە بۆ کێبێک، بەڵام ئەم بابەتە لە ناو شانۆکاراندا باو نەبوو. ئەمان لەچاو شانۆی دنیادا ٥٠ ساڵ لە دواتر بوون. من خۆم سەرم سوڕما بوو کە بۆچی دەبێ وابێ! پاش ماوەیەک بەم دەرەنجامە گەیشتم کە سەرنەکەوتنی شانۆ لە بەر "لاواز بوونی زمان بۆ پێوەندیگرتنە". کەواتە بڕیارم دا جۆرە شانۆییەک بەرهەم بهێنم کە زیاتر لە شێوازی "بینراو" (بصری) کەڵک



ڕۆبرت لوپاژ

وەرگرێت تا لە ڕوانگەی زمانەوە کێشەیەک دروست نەبێت. پاش ئەمە دەستمان کرد بە نمایش کردنی "تریلۆژی ئەژدیهاکان" لە سەرانسەری دنیادا.

من هەمیشە پرۆڤە بە نەخشەیەکی سادە دەست پێ دەکەم. هەموو ئەندامانی گرووپ، خەریکی هێڵکاری و نیگارکێشی دەبن و لە تەک یەکدا بەرەو پێش دەچن، تا ئەم ڕادەیەی کە وێنەکان (کە ئەوان دەیکێشنەوە) کتوپڕ، فاکتەرێک دەربارەی نمایشەکە بۆ من وەدەر دەخات. کاتێک پرۆڤەی "خەونی شەوی نیوەی هاوین"م لە شانۆی نەتەوەیی شاهانەی لەندەن دەست پێکرد، هیچ وێنا و خەیاڵێکم لە دەقەکە نەبوو. کەواتە خولێکی فێرکاریم وەڕێ خست. کاغەزێکی گەورەمان هێنا و بە ئەکتەرەکانمان وت هەرکەس خەیاڵی خۆی لەسەر ئەم وەرەقەیە بکێشێتەوە. ڕۆژی یەکەم بە دۆزینەوەی ڕەنگی گونجاو و قەڵەم و... تاد تێپەڕ بوو، بەڵام لەگەڵ تێپەڕ بوونی کات، بەرە بەرە نەخشەیەک دروست بوو. ئەکتەرەکان، داریان کێشابوو، کەواتە دارستانێکمان هەبوو. یەکێک لەوان خەونی بینیبوو کە لە ناو دەریاچەیەک خەریکە دەخنکێ، کەواتە دەریاچەیەکیشمان هەبوو. لەپڕدا بینیمان هەموو ئەمانە بوون بە نەخشەیەک

کە لە نەستەوە (لاشعور) دەرکەوتووە.

نیگارکێشی و کەڵک وەرگرتن لە وێنەکان، ڕێگایەکی باشە بۆ دۆزینەوەی خەیاڵ و تێگەیشتنی خەیاڵە دەروونییەکانی مرۆڤ. ئەمە خۆی شێوازێکی جیاوازە بۆ بینین، هەر ئەمەش بوو بە هۆکاری پێوەندی نەخشەکە لەگەڵ ئەندامەکانی گرووپ. دیار بوو هەموومان لە ناخەوە لەگەڵ ئەم شتانەی کێشابوومان لە پێوەندیدا بووین. پاش تەواوکردنی نەخشەکە چاومان تێبڕی و هەوڵمان دا لە ناو ئەم وێنە تێکەڵوپێکەڵانەدا، چەند خاڵێکی یەکسان و هاوبەش بدۆزینەوە. گرینگترین فاکتەرەکان لەم نیگارکێشییەدا، گڵ، ئاو و مانگ بوون. سینۆگرافیستەکەمان پێشنیاری کرد شانۆگەرییەکە لە ناو گڵدا نمایش بکەین، کەواتە لەگەڵ ئەم بیرۆکەیە دەستمان کرد بە کار. هاوکات "پێتسی ڕۆزنبێرگ" (Patsy Rosenburg) مامۆستای دەنگی گرووپەکەمان، چوو بۆ بەرێوەبەرایەتی ئاماری (سەرژمێری) شاری "ئستراتفۆرد" (شوێنی لە دایک بوونی شەکسپیر) تا پێوەندییەک لەنێوان ئەم شتەی کە لە دەقەکەدا هاتووە و بیرۆکەکانی ئێمە بدۆزێتەوە. دەرەنجامەکە ئەمە بوو کە لەم گەڕەکەدا، لە کاتی نووسینی ئەم دەقە، یەکساڵی تەواو باران باریوە.

لە یەکێ لە دیالۆگەکانی "تیتانیا" و "ئۆبرۆن" نووسراوە:

"بە هۆی ناکۆکییەکانی ئێمە، دنیا وەرگەڕاوەو بەردەوام باران دەبارێ. ڕیشەی گیاکان داکوتراوەو ئاژەڵە داماوەکان لەناو گڵدا گیان دەدەن ".

لێرەدا ئاماژە بە گڵ دەکرێ. ۳، یان ٤ جار ئەم وشەیە دووپات دەبێتەوە، ئەمە ڕووداوێکی سیحری بوو کە وای نیشان دەدا ئەم ڕێگایەی کە هەڵمانبژاردووە، ڕاستودروستە.

وەک دەرهێنەر دەبێ بەرانبەر بە دەوروبەرت، تێڕوانینێکی کتومتت هەبێ و سەر بە هەموو شوێنێکدا بکێشی. لە پرۆڤەی شانۆگەری "ئەم دیوی تری مانگ" لە دەوری مێزێکدا دانیشتبووین و سەبارەت بە چۆنێتی شێوەی نمایشەکە قسەمان دەکرد. لە ناو هۆڵی پرۆڤەدا، ئاوێنەیەکی گەورەی لێ بوو کە بێجگە لە خۆمان، بگرە زەوی هۆڵەکەشی نیشان دەدا. شانۆگەرییەکە دەربارەی پرۆگرامە فەزاییەکانی ڕووسیا بوو، بۆیە سەبارەت بەمە دەدواین کە نمایش دەبێ بریتی بێت لە بابەتگەلێکی وەک بێ کێشی، هەروەها ماناکانی گرنگی فەزا (جەو). لە سووچێکی هۆڵەکە، ئەندامێکی تەکنیکی شانۆکە، بۆرییەکی تل دەدا، کاتێک کە بۆرییەکە گەیشتە بەرانبەر ئاوێنەکە، وێنەکەی لەسەر ئاوێنەکە وەک بۆرییەکی "هەڵپەسێراو" (هەڵواسراو) دەرکەوت، هەر بۆیە لە کۆتایی شانۆگەرییەکە بۆ نیشاندانی "بێ کێشی" کەڵکم لەم وێنەیە وەرگرت. من خۆشم لە نمایشەکەدا نواندنم دەکرد و لە دیمەنی کۆتاییدا لەسەر ڕووی تەختەی شانۆ دەتلامەوە، کارێکم کرد کە وێنەی سەر ئاوێنەکە جەستەی من بە فۆرمێکی هەڵپەسێراو لە ناو فەزادا نیشان بدات. ئەم ڕووداوانە و گەیشتن بەم ساتانە لە قۆناغگەلێکی تایبەتدا پێش دێت. ئێوە دەبێ پرۆڤەکەتان وا ئەنجام بدەن کە بتوانن دەرفەتی پێشهاتنی ئەم ڕووداوانە بڕەخسێنن. دەبێ خۆتان لە شوێنێکی سەربەست و شپرزە ڕەها بکەن. تاکو ڕێگاکەتان لە ناو ئەم ڕووداو و کەرستە بەربڵاوانە بدۆزنەوە و بە دیسپلینێکی تایبەت بگەن.

بۆ گەیشتن بەم ئامانجە لە شانۆگەری" ئەو دیوی تری مانگ"، ٦ هەفتە پرۆڤەمان لە ماوەی ٦ مانگدا ئەنجام دا. لە هەفتەی یەکەم تەنیا لەگەڵ بیرۆکەکە یاریمان دەکرد، سەرپێی، یاریکردن لەگەڵ کەرستەکان و.. تاد، بەڵام هیچ شتێکی تایبەت ڕووی نەدا. پاش مانگێک وچان، بۆ خولی دووەمی پرۆڤە گەڕاینەوە، بەڵام ئەم جارەیان تەواوی ئەندامەکانی گرووپ، بەجۆرێک لەگەڵ ناوەرۆکی سەرەکی شانۆگەرییەکە، پێوەندییان گرتبوو. ئەمان بە بینینی ڕووداوی جۆراوجۆر، خوێندنەوەی کتێب و وتارەکان، خۆیان ئامادە کردبوو. من لە نێوان دوو بیرۆکەی سەرەکیدا مابوومەوە. بابەتگەلێک سەبارەت بە فەزا (جەو) و ماددە، هەروەها مردنی دایکم کە هەر لەم سەروەدەمەدا مردبوو و دەمویست دەربارەی قسە بکەم، پاشان بە ڕێککەوت، غەسالەیەکم لە ناو زبڵدا دۆزییەوە. بیرۆکەی سەرەکی لەوێدابوو. وەبیرم هاتەوە کاتێک کە دایکم منی لەگەڵ خۆی دەبرد بۆ وشک شۆری، ئەوێ پڕ بوو لە جلشۆرێکی زۆر گەورە کە کەشتی ئاسمانی وەبیر من دەهێنایەوە، کەواتە دوو بیرۆکەی سەرەکی لەگەڵ یەکتر پێوەندییان هەیە، بۆیە سەرنجم لێیان دا. دەمویست لە ڕێگای پێوەندی ئەم دوو بیرۆکەیە بە دەرەنجامێک بگەم. جلشۆرەکەم لەسەر دیوار دابەست،

بەڵام بۆ گۆڕینی دیمەنەکان دەبوایە بە جۆرێک لەوە دەرباز بوبنایە. پاش پشوویەکی یەک مانگە، لە پڕۆڤەکەماندا گەیشتین بە بیرۆکەی "دەرگای سکە (ڕاکێشراو)". بەم شێوەیە، سینۆگرافیای نمایشەکە فۆڕمی گرت. ئەم دەرگایانە یارمەتی ئەمەی دا کە لەو ساتەی پێویستمان بە جلشۆرەکە نییە، بە ئاسانی بتوانین لە چاوی بینەری بشارینەوە. ئێمە ئەم بیرۆکانەمان هەڵسەنگاند، پاشان لە قەوارەیەکی گشتیدا گونجاندمان. گەیشتن بەم بیرۆکانە هیچ کات لە ڕێگای بیرکردنەوە وەدەست نایەت. من هیچ کات چاوەڕێی ئەمە ناکەم بیرۆکەکان لە کەللەی سەرمەوە بێنە دەرێ. پێداویستییەکانی من بۆ خولقاندن، لێرەن، لە دەوروبەری من، بەڵام گرینگ ئەمەیە کە ڕوانگە و نیگای تۆ چ بێت.

خاڵی تایبەت لەم شێوازەدا ئەوەیە کە ناتوانی بڵێی چ بیرۆکەیەک لەلایەن چ کەسێکەوە هاتووەتە ناو شانۆگەریەکەوە؟ ئێمە لە ڕێگای "سەرپێی" دەگەینە "بیرۆکە"یەک. تەکنیککارەکان لە ڕێگای کۆمپیووتەر و ئینتەرنێت، دەربارەی "کەشپێوەکان" و "نەخشەکانی جەو و فەزا" زانیاری وەدەست دەهێنن. ئەمان ئەم ماتریالانەی کە پێویستم پێیەتی، بۆم دێنن و منیش لەگەڵ ئەم بیرۆکانە یاری دەکەم. تەکنیککارەکان دەبێ هەمیشە لە هۆڵی پڕۆڤە ئامادە بن. لە پڕۆڤەی شانۆگەری" حەوت جۆگەلەی چەمی ئۆتا" بە هۆی ئامادەبوونی تەکنیسیەنەکان، ئەم نمایشە پڕ بوو لە بیرۆکەی داهێنەرانە. دەرفەتێکمان ڕەخساند تا هەندێک ڕووداو پێش بێت و لە ئەنجامی ئەوەدا، هەندێک بیرۆکەی جیاواز پێکبێت.

لە شاری "کێبێک"، سەنتەرێکم دامەزراندووە بە ناوی ("La Caserne" واتە شوێنێکی کاتی، یان ئۆردووگا) کە تایبەتە بە دروست کردنی کەرستەی پڕۆڤە و سینۆگرافیا، هەروەها شوێنێکە بۆ تاقیکردنەوەی بیرۆکەی نوێ. شوێنێکی سادەیە، بەڵام لە ڕووی تەکنۆلۆژییەوە زۆر دەوڵەمەندە. ئێمە لەم ئیمکانیاتە بۆ بەرهەمە نێودەوڵەتییەکانی دەستەی شانۆکەمان بە ناوی "Ex Machina" کەڵک وەردەگرین. لەم شوێنە دەکرێ زۆر کار بکەیت کە ڕەنگە لە شوێنی تر نەکرێت، چونکە لێرە هونەرمەندانێک دەبینی کە لە بواری تەکنۆلۆژیاشدا پسپۆڕن. ڕەگەزی سەرەکی ئەم شوێنە ئەوەیە کە جێگایەکمان بۆ خولقاندن لەبەردەستدا دەنێ. ئێمە دەتوانین لە ماوەیەکی کورتدا شتگەلێک دروست بکەین کە خەڵکی تر ڕەنگە لە ماوەی **٣** هەفتەی پڕۆڤەدا بتوانن دروستی بکەن.

گرووپەکانی ئاکرۆبات، سەماکاران، پسپۆڕانی دەنگ و ڕووناکی، ئەندازیارانی تەلەڤزیۆنی HD و... تاد هەموو لە باشترینەکانن کە لەتەک ئێمەدا ئیش دەکەن. هەرکەس و بە هەر تایبەتمەندییەک کە هەیەتی لەم شوێنەدا ئیش دەکات. ئەمە یانی باشترین دۆخ، چونکە گەورەترین و دەوڵەمەندترین کۆمپانیاکانی دنیاش ناتوانن ئەم کارە بکەن. هاوکات من وەک ڕەخنەگرێک قسەم هەیە بۆ ئەم سیستمە (واتە سیستمی ئابووری). شانۆ دەبێ وەک نیگارکێشی سەربەست و ڕەها بێت، بۆ نموونە کاتێک کە نیگارکێشێک لە جەوی ڕەنگی شیندا بەسەر دەبات، دێت ئەم ڕەنگە لە قاڵبی فۆرم و ئەندازەی جۆراوجۆردا دەکێشێتەوە، لە شانۆشدا، تۆ بە نمایش کردنی هەر شانۆگەرییەک تابلۆیەک دەکێشییەوە. ئەمە سەربەستییەک بە تۆ دەبەخشێ. ئەم دڵۆپە ڕەنگانەی لە ساتی جۆراوجۆردا لەسەر یەک کێشاومانەتەوە، کتوپڕ، وێنەیەک دروست دەکەن. ئەم ڕەوتە، تەندروستترە لە سیستمی بە فیڕۆدانی پارە کە پارە بۆ هەموو شتێک سەرف دەکرێ بێجگە لە شانۆ.

یەکێ لەو شتانەی کە لە سەنتەرەکەمان تاقی دەکەینەوە، کارکردن لەگەڵ ئینتەرنێتە، هەرچەندە تا ئێستا سەبارەت بەمە ڕوانگەیەکی ڕوونمان بەدەست نەهێناوە، بەڵام بەردەوام بایەخمان پێداوە. من بڕوام وایە کە "خاڵێکی پێکگەیشتن" لە نێوان وێنەی زیندوو (ڕاستەوخۆ) و وێنەی تۆمارکراو هەیە کە ئەم دوو فۆڕمە دەکاتە یەک پێکهاتەی هونەری. هیوادارم لە ژیانمدا ئەم ڕۆژە ببینم کە پێکهاتەیەکی هونەری ئاوها گەیشتبێتە ئامانج. لە ئێستادا ئەم پێکهاتەیە تەنیا لە ڕێگای بڵاوکردنەوەی موزیک، یان فیلمێکی تۆمارکراو، ئەنجام دەدرێ، بەڵام بینەرەکانی ئەمڕۆ لەم دوو فۆڕمە، داخوازی و چاوەڕوانی پێوەندییەکی "ئۆرگانیک" و ململانێیەکی کاریگەرتر دەکەن. نازانم کە ئەمە سەر دەگرێ، یان نا، بەڵام دەزانم کە حەزێکی زۆرم لەو جۆرە کارکردنەیە. سەنتەرەکەی ئێمە ئامادە کراوە بۆ نمایشی ڕاستەوخۆ و تۆمارکراو، هەروەها تەواوی پڕۆژەکانمان هەوڵ دەدەن بۆ

گەیشتن بەم پێکهاتەیەی (پێککگەیشتنی دوو فۆرم) کە باسمان لێ کرد.

نمایش چ ڕاستەوخۆ بێت چ تۆمارکراو، یان هەر فۆرمێکی تر، لە پلەی یەکەمدا ئەوەی گرنگە چیرۆکە. لە کۆتاییدا ئەوە چیرۆکە دەبێتە هۆی کاردانەوەی دەروونی بینەر. من لەم بوارەدا تیوری تایبەتی خۆم هەیە. تاکو ناوەڕاستی سەدەی ١٩ی زایینی، نیگارکێشی تەنیا ڕێگا بوو بۆ گێڕانەوە و تۆمارکردنی مێژوو، تاکو بتوانێ دەموچاوی سیاسەتمەداران نیشان بدات، ڕووداوە گرنگەکان باس بکات، جەنگە گەورەکان بگێڕێتەوە. ئەم بابەتانە ئیشی نیگارکێش بوون و کەسی تریش نەیدەتوانی باشتر لەوان ئەم کارە ئەنجام بدات. پاش ئەم سەردەمە، فۆتۆگرافی هاتە ئاراوە و ئەمان زۆر باشتر لە نیگارکێشەکان ئەم ئەرکەیان ئەنجام دەدا. لەم سەردەمەدا ئەرکی تۆمارکردنی مێژوو لەسەر شانی فۆتۆگرافەکان بوو، ئیتر کەس بایەخی بە نیگارکێشی نەدەدا. لە ماوەی ٥٠ ساڵدا نیگارکێشی هونەرێکی مردوو بوو، بەڵام هاوکات کە مردبوو، لە نووسین و تۆمارکردنی مێژووش دەرباز ببوو، بۆیە توانی بە سەربەستییەکی فراوانتر هەر شتێک کە بیەوێت، وێنەی بکات و بیکێشێتەوە. پاش ئەمە، "دادائیزم" (Dadaism)، کوبیزم (Cubism) و "ئەمپەرسیۆنیزم (Impressionism) سەریان هەڵدا و نیگارکێشی، توانی ئەم بیرۆکە و هەست و مانایانەی کە بەر لەمە بە خۆی نەدیبوو، بە وێنە بکێشێت، بۆیە بڕوام وایە کە تەلەڤزیۆن نەبۆتە هۆی لە ناوچوونی شانۆ، بەڵکو بووەتە هۆی دەربازبوونی شانۆ لە کۆتوبەندەکان. فیلم (سینەما)، شانۆی نەکوشتووە. شانۆ، سەربەستە و هونەرمەندانێک کە ئەمڕۆکە بیرۆکە نەوتراوەکان بە وێنە دەکێشن، وەک نیگارکێشەکانی ئەو سەردەمانەن. ئەم بابەتە من بەرەو خۆی دەکێشێت. شانۆ نەمردووە، بەڵکو سەربەست و ئازادە. هەروەک "فرانک زاپا" (Frank Zappa: ی موزیسیەن، ئاوازدانەر و دەرهێنەری بەناوبانگی ئەمریکی) دەڵێ:

موزیکی جاز نەمردووە تەنیا بۆنێکی سەیری لێ دێت.

**سەرچاوە:**

**کارگردانی برای صحنه، پالی ایروین، ترجمه: مشهود محسنیان، هومن شباهنگ، انتشارات نمایش، تهران، ایران، ١٣٨٥.**

# مێشەهنگڤان
# «بەر ب رەخنەڤانیا سینەماییدا»

د. حوسێن حەبەش
(ئەڵمانیا)

**"بۆ بیرانینا هەردو زارۆفیلمێن منی دۆکومێنتال یێن د سالێن کۆچەبەرییا ناڤ وەلاتان دا هندابوونە"***

نڤیس لسەر ڤی فیلمی خوە لسەر من فەرزکر، کو جارەکێ ڤەگەرِم سالێن خوەیی خوەندەڤانی، سالەکە دوکتۆرایی، سینەمایی و خاسما دۆکومێنتالی.

مانۆ خەلیل سینەماڤانەکی کوردە، ل وەلاتێ چیکێ سینەما خواندی و وەک پرانیا پسپۆرێن کورد نەچاردبە ل وەلاتەکی بیانی جهواربیە، ژبەر هۆیێن سیاسی و ژ تنەبوونێ دەستپێدکە. گەر چڤاس ئەو د ناڤ ماکینەکە گۆشت دا هاتبە هێرین - چاوا د ئێپیسۆدەکە فیلمێ رێژێسیۆرێ سەرکەتی مەهدی ئۆمێد "تونێل" دا هاتبوو نماکرن - لێ ئەو بژینداری ژ ناڤ گویزانێن هێرینێ رزگاربوو، ئەو ژی بەختەوارییەکە ژێ را، چاوا کەس و دوجارکی بەختەوارییە ژ کوردان را. م. خەلیل جهێ خوە د سینەمایا کوردی دا دگرە، بەرهەمنە بەرخوەداری پێشکێشی نێرینڤانان دکە و پر خەلات لسەر فیلمێن خوە وەرگرتنە، ئەز هێڤیدکم ئەو هین بەرخوەدارتر ببە د وێ قادا پیرۆزدا.

دەما من کورتە نڤیسەک ب ئەلمانی لسەر فیلم خواند، بەری ئەو بێ پێشاندان، کو درێژاهیا وی (١٠٧) دەقیقەنە، من پر هزرکر و ژ خوە پرسیم، مەرایێ چاوا کانبە ئەونا دەم ب ناڤەرۆکا فیلم ڤە بێ زەمراندن بێی کو مەرا ژێ نەوەرەسە؛ ژێ ب دوورنەکەڤە و دەرهێنەر ژ هەر سانییەکێ را حەساب کربە، کو چ بێتە رابەرکرن. ئەڤ پرسا د قۆناخا یەکەمین دا ب هەر پسپۆرەکی را پەیدادبە، لێ دەما رێژێسیۆر ژ سالا (٢٠٠٩) ڤە دەست ب کارێ خوە کربە و د دەستپێکا سالا (٢٠٠٤)دا فیلم

بێ نیشاندان، وێ چاخێ مەرا دبێژە چاوا ئەز ژ ناڤ مژاد و مژادۆکان دەرکەڤم، وان نەیشینم و مافێ هەر کادرەکی سینەمایی بدەمێ.

د (٢٨-١-٢٠١٤)دا من "مێشەهنگڤان" ل بۆنێ تەماشەکر، مژار (سوژێت) ب کورتی وەهایە: ئیبراهیمێ گێزەر (ژ ڤروهادا ئیبۆ) مرۆڤەکی کوردە ژ باکوورێ کوردستانێ یە، خوەدیێ مالباتەکە (١١) هەندامی یە، ب پیشەیا خوە مێشەهنگڤانیێ دکە و ب قەزەنجا وی کاری دەبارا مالباتێ رِند تینەسەرهەڤ. رِەوشا سیاسی ل باکوورێ مالباتا وی ژی دگوهێرِە، گریلاییێن کوردستانێ تێن جەم، کەچەکە ئیبۆ ژی تەڤلی وان دبە، پاشێ ئەو جانگۆرِی دبە، دو کورِێن ئیبۆ ژی دکەڤن زیندانێن تورکیێ، هەروەها ئیبۆ ب خوە ژی د ور دا تێ ئێشکەنجە کرن. لەشکەرێ تورک (٥٠٠) شانەمێشێن وی بۆمبەدکە، مێشێن هنگڤ، کولیک، سرشت و هنگڤ ژی دکوژە. پشتی ئیبۆ ژ زیندانێ تێ بەردان ئەو هەفت سالان خوە ل چیاییێن کوردستانێ ڤەدشێرە، د وێ ناڤێ دا برەک ژ مالباتێ بەرڤێ خوە ددە ئاستانبولێ و ل ور هەڤژینا ئیبۆ نکانە رەوشا ژیینێ گۆتربکە، ئەو ب خوە بریارا نەمانا خوە ددە. ئیبۆ ل سویسەرا وەک پەنابەر دمینە، ژیانەکە نوو ب هەمی نەخوەشی و خوەشیان ڤە دبینە تا ل داویێ دگیهنە مەرەما خوە؛ بخوەدیکرنا مێشێن هنگڤ، کارێ ژ باڤپیرێ وەرگرتی.

د فیلم دا ئەم راستی ئیبۆیەکی حەرانی، پێخمبەرەکی هەڤدەم تێن، دەرهێنەر م. خەلیل ب هۆستایەتی هەمی ئالاڤێن دەربرِینی یێن سینەمایا دۆکوومێنتالی بکارئانینە. ئەو ژی هۆکاریەکە وجدانی، مۆرالی و دەروونی ل نرِینڤانان دکن، گەر ئەو د چ ژیێ دا بن، وەها ئەم ب کارەکی سینەمایی دۆکوومێنتالی رِا نە، کو گهیشتییە ئارمانجا خوە یە ئونیڤێرسال - ب واتەیا ئەرێنی - د هۆکاریێ دا، کو بینەر ب ئاوایەکی سینەمایی و تا رِادەیەکێ هونەری قەهرەمانەکی سادەیی کورد بناسە و ب رِۆژگارا گەلێ وی یێ ئاشتیخواز و تێکۆشەر رە ببە هەڤناس.

تەماشەڤان هنەکێ دکەڤن ناڤ هویرییێن سرشتا (ناسووت، خەرەکتەر) ئیبۆ، وەها ئیبۆ مرۆڤەکی مرۆڤحەزە، ئەو ب حەزکرنا هنگڤانی ب هاویردۆرێ رِا ددە و دستینە، ئەو پێڤەندیا سینۆرێن جڤاکی، زمانی، بیانیی - نەبیانی و عادەتی د ناڤ گەلان دا دقەتینە، مرۆڤ تەنێ ب مرۆڤاتیا خوە مرۆڤە، وەها ئیبۆ ڤێ گۆتیا فیلۆسۆفی ل سویسرا دچەسپینە.

ب زمانێ کوردی ئیبۆ دپەیڤە - ئەڤ تایبەتمەندیەکە پرِ ئەرێنیە ژ فیلم و خوەدیێ وی رِا - بینەرێن ئەورۆپی ژ زارێ ئیبۆ زانن، کو چڤاس چەوساندن ل سەر زمانێ کوردی ل تورکیێ هاتییە کرن، گاڤا ئەو ب هەڤۆکێن خوەیی سادە و کویرواتەیی دبێژە: کووچکەک کارە ب زمانێ خوە برەیێ، پسیکەکە کارە ب زمانێ خوە بکە میاو، میاو، لێ زمانێ کوردی ل کوردان قەدەخەکرنە. (ئەڤ گۆتنێن ئیبۆ رِێزدار م. خەلیل لسەر داخوازا من د (٤-٢-٢٠١٤)دا شاندن، بۆ وێ شاندنێ گەلەک سوپاس. ح.ح.) ئیبۆ ب لاقردی ژی رِۆلا پیڤازێ د ژیانا کوردان دا دنمینە، دەما تەماشەڤان ڤێ پێکەنۆکێ دبیهسن: لبەر کانیەکێ مێرەکی کوردی مری تێ دیتن، یەک عەجێبمایی دمینە، گاڤا د توویرکێ وی دا پیڤازەکێ دبینە و ژ خوە دپرسە، ژ چرِا ئەڤ مرییە، نە هێن پیڤازەک د توویرک دا مایی؟ و هێن ئیبۆ عادەتەکە کوردانی جڤاکی رِابەردکە، دەما ب گورمستێ پیڤازەکێ دپەلخینە؛ کێ پیڤازەکە وە پەلخاندی خواربە، زانە چێژا وێ چییە.

لێ چڤاس ڤینەکە ئیبۆ هێزدار هەبوویە، کو کانییە ئەونا بۆبەلاتان گۆتربکە و نەکەڤە ناڤ گێژیا تراومایێ (نەخواشییەکە دەروونی یە)، و وەها ئەم کەسایەتییەکە ئاوارتەیی د فیلم دا دبینن و نە هەر کەسەک کانە د ژیانێ دا بەرگریێ ل هەمبەر ئەونا بۆبەلاتە تراژێدیان بکە. ئیبۆ سیمبۆلا بەرخوەدانا دەروونی یە؛ سیمبۆلا راستیا مرۆڤێ کوردە. ئەو ب زارِۆیان رِا زارِۆ یە و ب مەزنان رِا مەزنە، چاوا کورد دبێژن. ئەو تایبەتمەندیا ئیبۆیی هۆکارییەکە مەزن و خاسما لسەر نرِینڤانێن ئەورۆپایی دهێلە. یەک ژ وان پەرِژەنگێن (بۆبەلات) ب سەرێ ئیبۆیێ باڤ دا هاتی ل تاراوگەیێ، دەما د رِۆژانامەیا "پۆلیتیکا" دا یا ب تورکی و هنەکێ ب کوردی دەردکەڤە جانگۆرِیا کورِێ خوە عەلی دخوینە، تو ببێژی کو جانگۆرِیا کەچێ؛ خوەکوشتنا هەڤسەرێ نە بەس بوون، ئەو ئاگاهیا تەپەلا (لوتکە) پەرِژەنگێ یە و ئەو ژ باڤێ شەهیدان رِا و ژ نرِینڤانان رِا دبە کولا کولان. باڤێ بریندار دکەسەرینە "من نکاریبوو، کو ئەز بچم

وەلاتێ خوە، سەر عەردا خوە، سەر گۆڕا کوڕێ خوە، دەستێ خوە ل سەر سەرێ وی بینم، دەستێ خوە ب سەر گۆڕا وی دا بینم، من نکاریبوو. تشتەک تەنێ من گرت، ئەو ژی کولمەک ئاخ ژ گۆڕا وی بوو و چیچەکەکە هشک، ئەز وان بێهن دکم، بێهنا کوڕێ من ژ وان تێ" (ژ ئەرشیڤا م. خەلیل). ئەڤ مەراقا باڤانی د فیلم دا ب ئاوایەکی دن هاتی، دەما باڤ داباشا گۆڕا کوڕێ خوە دکە، وەها د گوهێ من دا گۆتنا وی دەنگڤەدا: "کەزەبا من د وێ مەزەلێ دا یە، ئەز مستەک ئاخ ژ مەزەلا عەلی دخوازم، کو کولیکان تێدا بچینم". کولیک سیمبۆلا ڤەژینا تەنا (گۆڤدە، جسم) عەلی یە، بیهن ژی جانا وی یە؛ وەها باڤ ب ڤەژینەرێ خوە ڕا دژی، ئەو تم لبەر چاڤێن وی یە. ئەڤ ئێپیسۆدا "کوولمیناتسیا" (تەپەل، لوتکە) دراماتوورگیا فیلمە؛ مەرا کانی ئەو بکرا شاکارییەکە هونەری – دۆکوومێنتالی، ئەگەر مەرا ئالاڤا "مۆنتاژا بەرگەهێ" یا ئا. پێلێشیان ب "دیستانسیۆنی مۆنتاژ" ب ناڤکری و یەکەمین جار د دیرۆکا سینەما جیهانی دا، د فیلمێ خوە دا "ئەم" (١٩٦٨) ب کارئانی، لێ سەد جاری مخابن، کو دەرهێنەر، سیناریست و وێنەکێش مانۆ خەلیل بایەخەکە هونەری ئێستێتیکی نەدای وێ. ئەگەر مرۆڤەک کارێ سێ کەسان بکە، بێگومان وێ زیان ب پڕ دەران گیهنە؛ ئەم هەمی زانن، کو سینەما کارەکی کۆلێکتیڤی یە. ڕۆژا فیلمێ پۆرترێتی، دۆکوومێنتالی "ئەرکادی ڕایکن" یێ مامۆستەیا مە یا وێنەکێشیێ مارینا گۆلدۆڤسکایا د تێلەڤیزیۆنێ دا هات پێشاندن، مە بالا خوە داییێ، کو وێ تەنێ وەک دەرهێنەر ناڤێ خوە لبن دانیبوو؛ وێ چاخێ مە د سێمینارێ دا ژێ پرسی؛ چما وە ناڤەکی دن نڤسییە چاوا وێنەکێش، وێ بەرسڤاند و گۆت نە شێرینە، مەرا ب خوە هەر تشت بە، تەڤی کو فیلم ژ وێنەکێشیا منە.

هین چەند دیتنێن دن ژی لڤر ڕێزدکم، هێڤیدکم، کو ئەو ژ دەرهێنەر ڕا ئاریکاربن د کارێن پێش دا: لگۆر مژادا فیلمێ ئەو ئێپیسۆدا شاهیێ زێدەیە، وەک ئەز دبینم، مەرا وێنەیێن وە یێن ڕۆتینی د هەر شاهییەکێ دا دبینە. ژ من ڕا نە ئاشکەرە یە چ بایەخێن دەربڕینی، ئیستێتیکی د وێنەێن قەهرەمان دا هەنە، دەما ئەو خوە د ناڤ چەمەکی دا درێژدکە و تکایا داوییێ ئەوە، کو دڤێ مەرا پڕ هزر ل کادرێن فیلمێ بکە، تا ئەو نەبنە بار ژ بینەران ڕا، د چەند جهان دا ژی، د مێشەهنگڤان دا دڤیابوو هنەکێ بهاتا کورتکرن.

ئەڤ تێبینێن من ب گەلەمپەری بایەخا فیلم کێم ناکن، مەبەستا من تەکووزکرن و داخوازا پێشکەنێ یە ژ دەرهێنەر ڕا؛ ئەگەر م. خەلیل نە دەرکەتییێ دەزگەهەکە سینەمایی بوویا، من ڕایا خوە وەها نەددا و هەر ئەڤ گۆتارا ژی نەدنڤسی؛ ژبەرکو پڕ کوردێن مە ژ نرخاندنان حەزناکن، زوو دغەیدن.

و ل داوییێ، د وارێ ئالاڤێن دەربڕینێن سینەمایی دا؛ سیناری، مۆنتاژ، مووسیک، پەیڤ، وێنەکێشی هەمی ب هەڤ ڕا ب ئاوایەکی هەرمونی ئامێتەبوونە و بەرهەمەکە سەرکەتی هاتییە ئافراندن. مانۆ خەلیل چاوا دەرهێنەرەکی بەهرەدار ب فیلمێ خوە "مێشەهنگڤان" گولستانەکە مانۆیی، کوردانی ل ئەورۆپا ئاڤاکر؛ کولیکێن وێ گولستانێ ژ هەست، ڕامان، پەیڤ و ژ ڕاستیا مرۆڤ ئەڤینیا ئیبراهیمێ گێزەرن.

**بۆن، ئادار ٢٠١٤**

*** فیلمێ "سترانا ئێش و هێڤیێ" ب کوردی – ڕوسی، سالا (١٩٧٧)، (١٠) دەقیقە. ئەز پڕ لبەر نەمانا ڤی کاری دکەڤم؛ ماتەریالێن وی ل ئەرمەنستانێ من کشاندن، هەڤپەیڤینێن دیرۆکی ب عەرەب شەمۆ، حەجییێ جندی، قاچاخێ موراد و کەسێن دن ڕا کرن. جارا یەکەم د ژییانا خوە دا کەتم ئۆدەیەکە قوتابخانەیەکە کوردی ل گوندەکی کوردان و دەنگێ مامۆستە و شاگرتان تۆمارکرن. ئەڤ لسەر بەرهەڤدانا ڕەوشا کوردان یا سیاسی – چاندی ل سۆڤیەتستان و کوردستانێ بوو و خاسما پشتی تراژێدیا شۆڕەشا کوردی پشتی سالا (١٩٧٥).**


*** فیلمێ "سێ ڕۆژ ل ئەلمانیا فێدێرال"، سالا (١٩٧٨) ب ڕووسی (فیلمێ دیپلۆمێ بوو)، (١٦) دەقیقە. ئەڤ هەردوو فیلم ب سەرپەرشتیا مامۆستەیێ من، تیوریزانێ ناڤدار یێ سینەمایا دۆکوومێنتالی سێرگێی درۆبەشێنکۆ بوون.**

# زمانێک لە چەشنی هەنگوین

قادر عەلیخا
(بۆکان)

وەرگێڕان لە وڵاتی ئێمەدا مێژوویەکی دووردرێژی نییە، بەڵام لەو تەمەنە کورتەشیدا، هەوراز و نشێو و هەستان و کەوتنی زۆری بە خۆیەوە دیوە. سەرەڕای ئەو کەند و کۆسپانەی خراونەتە سەر ڕێگای، توانیویەتی گەشە بکات و خۆی پێبگەیەنێت و – هەم لە بواری ئەدەبی و هەم لە بواری زانستی و هەم لەبواری مێژووییدا – خزمەت بە زمان و هزری نەتەوەییمان بکات. ئەو نەمامەی لە ساڵە دژوارەکانی مێژووماندا، بە دەستی کەسانێکی وەک قزڵجی و هەژار و شکور مستەفا نێژرابوو، دوای خۆڕاگرتن لەبەر شەپۆلەکانی لێمشت و لافاوی ساڵە دژوارەکاندا و پاش ڕاوەستان لەبەر هەرەسی وشکەساڵی و توونییەتیدا، ئێستا خەریکە پژوباڵ دەردەکا و سای سێبەرەکەی، ڕەونەقی پەیدا کردووە و ڕێبوارە ماندووەکان بۆ حەسانەوە و ستارگرتن بانگ دەکاتە بن ئامێز و داوێنی خۆی و دەست بە نێوچاوانی ڕێبوارانی ڕێگای ژیاندا دێنێ و دەیانحەسێنێتەوە و ئارامییان پێدەبەخشێ. ئەگەر لە ساڵەکانی پێشوودا بە هەر چەند ساڵ کتێبێک و دووان وەردەگێڕدران و لەو هەلومەرجە سەختانەدا چاپ و بڵاو دەکرانەوە، ئەوە ئێستا بەخۆشییەوە ئەم چۆڕە چۆڕ و دڵۆپ دڵۆپە، بۆتە تاڤگە و شەپۆلان و زوو زوو کتێب وەردەگێڕدرێ و لە هەلومەرجێکی باشیشدا چاپ و بڵاو دەکرێتەوە. – هەرچەندە بەداخەوە ئێستاش هەڵەی تایپی هەر گاڵە دەکات – ئیتر زمانی کوردی لە ژێر سەوەتە هاتۆتە دەرێ و ژیاوەتەوە و بە خۆیدا هاتووە و گەشەی کردووە. دەمبێن لە دەمی قەڵەمی کورد داماڵدراوە و بە ئاسوودەیی دەم دەگێڕێ و هەناسە هەڵدەکێشێ.

دیارە هەر کار و پرۆژەیەک لە سەرەتاوە بێ ئەزموونی و کاڵی پێوە دیارە و بوونی لاوازی و هەڵە و پەڵە شتێکی چاوەڕوان کراوە. ئەگەر ئەم ڕەوتە وردە وردە بەرە و باشی و دەوڵەمەندی هەڵکشا، ئەوە جێی دڵخۆشی و ڕازی بوونە، کە بە خۆشییەوە ئەم ڕەوتە لە وەرگێڕانی کوردیدا بە تایبەت لە بواری ئەدەبیدا، کە من مەبەستم لەو بەشەیە لە وەرگێڕان – بە



خۆشییەوە بەرەو هەڵکشان و دەوڵەمەند بوون دەچێ – ڕەوتێکی باشی بە خۆیەوە دیوە و گەشەیەکی دڵ خۆشکەری کردووە. لەوەی کە لە ڕابردوودا، کەسانێکی وەک هەژار و شوکور مستەفا و عەبدوڵڵا حەسەن زادە کە لە بناغە دارێژەرانی وەرگێڕانن لەم بوارەدا.

لەم چەند ساڵەی دواییدا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان قەڵەمگەلێکی وەک محەممەد ڕەمەزانی، عەتا نەهایی، ئەمین گەردیگلانی، سەلاح نیساری، سەلاح ئاشتی، ڕەسووڵ وەیسی، محەممەد بەهرەوەر، ڕەسووڵ سوڵتانی، سەریان هەڵداوە و لەو بوارەدا کاریان کردووە و ڕەوتی وەرگێڕانیان بزواندووە و ژیانیان وەبەرهێناوەتەوە و گەشەیان پێکردووە، بە دڵنیاییشەوە، دەبنە هاندەر و پاڵنەر بۆ بەرەی داهاتووش، ئەمانە خەرمانەی ئەدەبی کوردی لە بواری وەرگێڕاندا سوور دەکەن و بە ماندووبوونی خۆیان، خزمەتێکی گرینگ بەزمانی نەتەوایەتیمان دەکەن و بەرەو ستانداردی کاملی دەبەن؛ بەخۆشییەوە بەرە بەرە ئاستی وەرگێڕان – سەرەڕای ئەو کەموکوڕیانەی هەیەتی – بەرەو کامڵ بوون دەچێ و دەبێتە پاڵپشتێکی گرنگ بۆ پەخشانی کوردی و لەوێشەوە بۆ نووسین و سەرهەڵدانی ڕەوتی ڕۆماننووسی خۆماڵی و خوجێی. ئەگەر لە نێو ئەدەبی فارسەکاندا کەسانێکی وەک عەبدوڵڵا کەوسەری، مەهدی سەحابی، ئەحمەدی گوڵشیری، هەن و کارەکانیان جێی باوەڕ و متمانەی خوێنەرن، ئەوە ئەم کەسانەی سەرەوەش کارەکانیان جێی متمانە و باوەڕی خوێنەری کوردین و خوێنەرەکان بێ دوو دڵی دەست دەدەنە کارەکانیان و دەیانخوێننەوە.

لەنێو ئەم وەرگێڕانەی لە سەرەوە نێومان هێنان، سەلاح نیساری نێوێکی دیار و بەرچاو و لە ماوەی ئەو چەند ساڵەدا توانیویەتی خزمەتێکی گرنگ و بەنرخ بە زمان و ئەدەبی کوردی بکاو زمانێکی خۆماڵی و ڕەسەن بە بزاڤی وەرگێڕانی کوردی ببەخشێت.

سەلاح نیساری سەرەتا وەک شاعیرێک هاتە نێو گۆڕەپانی ئەدەبی و شیعرەکانی لە گۆڤار و حەوتوونامەکاندا بلاوکرانەوە و لە بواری منداڵانیشدا، گەلێک خزمەتی شیاوی کردووە و ئێستاش بە خۆشییەوە لەو مەیدانەدا هەر بەردەوامە، ماندوو نەبووە و ئاوڕێکی دڵسۆزانەی لەو بوارە داوەتەوە و شێلگیرانە هەر کار دەکات.

یەکەم کتێبی کۆمەڵە چیرۆکی «تروسکەیەک لە تاریکیدا» بووە، کە وەک شاعیرێک، هەم لە بواری منداڵان و گەورە ساڵاندا و هەم وەک چیرۆکنووسێک خاوەن ئەزموون و کاری شیاوە و هەوڵێکی زۆری بۆ خزمەت کردن بە زمانی نەتەوەکەمان داوە.

زمانی سەلاح چ لە شیعر و چ لە نووسراوە و وەرگێڕەکانیدا، زمانێکی دەوڵەمەند و نەرم و شیرینە و لە تەواوی کارەکانیدا، ڕێزمان بە جوانی پارێزراوە و بە هەوڵ و تێکۆشانی ئەم چەند ساڵەی خۆی، سامانێکی زۆر گەورە و گرانبەهای، خستۆتە سەر یەک و خزمەتێکی گرنگی بە زمانی نەتەوەییمان کردووە.

یەکێک لەو بوارە گرینگانەی سەلاح نیساری کاری تێدا کردووە و هەوڵی تێدا داوە، دنیای وەرگێڕانە و لەو بەستێنەشدا توانیویەتی کارگەلێکی گرینگ لە زمانی فارسییەوە وەربگێڕێتە سەر زمانی کوردی و خزمەتێکی زۆری بە وشە و ڕوحی زمانی کوردی کردووە. چیرۆکە شیرینەکانی سەمەد بێهرەنگی کە خەرمانەیەکی بەپیتە لە چیرۆک و فۆلکلۆری ئازەربایجان و بە هۆی نزیکی کەوشەنی ئاخێوەرانی ئەو زمانە، لەگەڵ زمانی کوردی، تێکەڵییەک لەو چیرۆکانە پێکهاتووە، کەمتر دەناسرێتەوە کە ئەوانە تایبەت بە چ نەتەوەیەکیانن. هەر بۆیە وەرگێڕانی ئەو چیرۆکانە لە ڕاستیدا هێنانەوەیانە بۆ نێو سامانی فولکلۆری کوردیش.

ئەزموونی وەرگێڕانی ئەو کتێبانە و چەند کتێبێکی دیکە و هەوڵدان و ماندووبوونی ئەو چەند ساڵەی، کارێکی وای کردووە ئەو کارانەی پێشووی بۆ ئەو ببێتە ئەزموونگەلێکی ورد و بە دەست هێنانی شارەزاییەکی زۆر. ترۆپکی کارەکانی سەلاح نیساری وەرگێڕانی ڕۆمانی «ئاسکە خاتوون» نووسراوەی ڕۆماننووسی کوردی فارسی نووس، عەلی محەمەدی ئەفغانییە. زێدی ئەو ڕۆمانە شاری کرماشانە و زۆربەی کەسایەتییەکانی نێو ڕۆمانەکەش هەست و ڕوحی کوردانەیان تێدایە و ئەو دەقە

ئەدەبییە، لە ڕاستیدا کوردێکە و جلوبەرگی فارسی بە بەردا کراوە.

لەم ڕۆمانەدا کە مێژوویەکە لە شاری کرماشان و ئاوێنەیەکە لە ژیان و گوزەرانی خەڵکی ئەو شارە و شێوەی دابونەریت و ڕوانینی مرۆڤەکانی ئەو سەردەمە بۆ ژیان و بوون و مردن. لە لایەکی ئەم ڕۆمانەدا مرۆڤگەلێکی سەد ڕەنگ و فێڵباز و لە لایەکی دیکەش کەسگەلێکی هەژار و نەدار و چەوساوە، لە لایەکیش کەسانێکی بە مراد نەگەیشتوو و هیوا لە گۆڕنراو و نامراد دەبیندرێ و لاپەڕەکانی ئەم کتێبە پڕن لە ژیانی جۆراوجۆر و ڕەنگاوڕەنگ. سفرەی وا هەیە پڕیەتی لە تەعام و خواردنی ڕەنگاوڕەنگ و خوانی وا هەیە زار دا دەپچڕێ بۆ نانی وشک و ماڵی وا هەیە پڕە لە دڵی گەرم و پێخەفی نەرم و قاقا و خۆشی و شادی و ماڵی واش هەیە پڕیەتی لە نامرادی و دڵتەنگی و هەناسە ساردی. ڕۆماننووس لەو ڕۆمانەدا بایەخێکی زۆری بە ژیان و هەلومەرجی گوزەرانی ژنان لەو سەردەمەدا داوەتەوە و باسی کولەمەرگی و نەهامەتییەکانی کردوون. ئەم ڕۆمانە بە مێژوویەکی تایبەت و ١٩٣٤و لە شارێکی تایبەت «کرماشان» سەرهەڵدەدا و سەری هەودای باسەکە دوورودرێژە و خوێنەر بۆ بەئاکام گەیشتنی بەکێش دەکات و سەری ئەو هەودایەی لە سەرەتاوە بە یەکەم دێڕەکانی دەستی خوێنەر دەگرێ و لەگەڵ خۆی دەیبات و جار لەگەڵ جار تام و خوێی لێ زیاد دەکا و خوێنەر مەسخی ڕووداوەکانی دەبێ، ئەم ڕۆمانە ئەوەندە پڕ لە ڕووداو و ماجەرا و شیرینە، کە خوێنەر ناتوانێ دەستێ لێ هەڵگرێ و خۆی لێ بدزێتەوە. تامەزرۆیانە بەری نادا و هەتا دوا ڕستە و وشەکانی بە شوێنیدا دەڕوا و لێی ماندوو و وەڕەز نابێ. خوێی ڕووداوەکانی ئەم باسە جار لەگەڵ جار خوێنەر تێنووتر دەکات و بە شوێن سەرچاوە و کلیلی کانییەکاندا دەگەڕێ و جارێک دڵڕەقی و ناپیاوی و سەی میران، دەرهەق بە ئاسکە و جارێک ئەویندار و خۆشەویستی دەرهەق بە هوما دەبێتە پاوان و کۆت و خوێنەر ناتوانی دەستی لێ هەڵگرێ و وەلای نێ. هەوێنی ئەو ڕۆمانە باس لە ئەوینێک دەکات کە لە هەناوی سەی میرانەوە هەڵدەستێ و لە بەژن و بالای بەژن زراڤێک دەهاڵێ بە نێوی «هوما». ڕوحی ئەم ڕووداوە ئاوێزانە بە ڕوحی چیرۆکی شێخی سەنعانەوە و بە دڵنیاییەوە ئەو چیرۆکە دەورێکی گرنگی لەم ڕۆمانەدا بینیوە و نووسەر کەڵکێکی زۆری لە چیرۆکی شێخی سەنعان و کچی گاور وەرگرتووە و کۆڵەکەی باسەکەی لەسەر ئەو ڕووداوە ڕۆناوە. هەر لەوێشەوە ئاوڕێکی لە ژیانی تاڵ و ئازاری ژنی کورد داوەتەوە، کە هەم بەدەست دینەوە دەناڵێنن و هەم بەدەست دابەوە ئازار دەچێژن. سەی میران کوردی کرماشانی، وەک شێخی سەنعان بۆ کچە قەرەجێک دەست لە ماڵ و منداڵ و نێو و نێوبانگ هەڵدەگرێ و گۆشەی مزگەوت و سای سێبەری بارەگاکانی ئیمامەکان و نوێژ و ڕۆژوو، هەندێکیش لە پیاوەتی و نامووس پارێزی وەلا دەنێ و دەست دەنێتە نێو دەستی ناسکە هوماوە و هەتا وای لێدێ ئەو ئەوینەی پیرییە سەرەنجام لەسەر ساجی عەلی دادەنێ و دەستی لە زەرد و بەرد دەبێتەوە.

ئەوەندی محەمەد عەلی ئەفغانی، ئەو کەسایەتییانەی خوڵقاندووە و ژیانی پێ بەخشیون و کەسایەتی پێداون، سەلاح نیساری-ش لەوەرگێڕانەکەیدا بە جوانی جلوبەرگە فارسییەکەی لەبەر داماڵیون و کۆڵوانە و ڕانکوچۆغەی پێ پۆشیون و زمانی کوردی پێداونەتەوە. زمانی وەرگێڕانی ئەم کتێبە، ئەوەندە زمانێکی دەوڵەمەند و شیرین و هەنگوینی و بێ گرێ و شاعیرانەیە، خوێنەر بە هیچ کلۆجێک لە خوێندنەوەکەی ماندوو و وەڕەز نابێ و ئەوەندەی ڕستەی شاعیرانە و پەند و مەتەڵی شیرینی بەر چاو دەکەوێ و وا تێکەڵی ڕۆمانەکە دەبێ، هەست دەکات دەقێکی خۆماڵی و کوردی دەخوێنێتەوە. لەم ڕۆمانەدا نە نێوەکان نێو گەلێکی نامۆن و نە کەشوهەوای ڕۆمانەکە، کەشوهەوایەکی پێگمانەیە، هەر بۆیە خوێنەر کەم وا هەیە بە ئاسانی وەلای نێو لێی وەڕەز و ماندوو بێ. سەلاح نیساری لە وەرگێڕانی ئەم ڕۆمانەدا، توانیویەتی ئەم مێژوو و ڕووداوە و کەسایەتییانە، بە جوانی بدرکێنێ و ڕوحی کوردانەیان بە بەردا بکاتەوە و دەکرێ بگوترێ بە جوانی دەقەکەی ئافراندووەتەوە و کەمتر لە وەرگێڕان دەچێ و هەر دەڵێی وەک مامۆستا هەژار مەم و زینی خانی و شوکور مستەفا قەلای دم دمی عەرەب

شەمۆیان هێناوەتە سەر ڕێزمانی سۆرانی، ئەویش تەنیا ڕێزمانەکەی لە کەلوورییەوە گۆڕیوە. کارەکەی دەچێتە خانەی وەرگێڕانی ئازاد و ئەوەندە بە جوانی بای باڵی داوە و بە نەرمی دەستی بۆ بردووە نە ڕوحی مەبەستەکەی ئاڵۆز و پڕ گرێ کردووە و نە زمانەکەی شەل و کوت. هەمبانەی وشەدانی سەلاح نیساری لەم وەرگێڕانەدا ئەوەندە دەوڵەمەند و تەیارە، بۆ هەر مانایەک لە دەیان خوازە و وێچواندن کەڵک وەردەگرێ و بۆ هیچ شتێک دانەماوە، هەر ئەوەش کارێکی وای کردووە وەرگێڕانەکە ببێتە گوڵجاڕێکی ڕەنگاوڕەنگ لە وشەی جوان و ڕستەی ڕەنگین، کاتێک لە سروشت دەدوێ، هەر دەڵێی ئەوە سروشتە قسە دەکات و لە گوڵ و گیاو دار و چیا و جوانی ژیان دەدوێ. گوڵەکان و گیانلەبەرەکان وەک خۆیان دەدوێن و جوانییەکان دەردەخەن و خۆیان دەنوێنن و جوانی دەبەخشن. بە جوانی وێنەی گوڵ و دار و چیا و باغ و کانی و ڕووبارەکان، وێنا دەکات و لەبەر دیدەی خوێنەر دایدەنێ هەموو هەست و وجوودی پڕ دەکات لە ئامرازە سروشتییەکان، هەست دەکات لە نێو باغێک، لە قەراغ ڕووبارێک لە ژێر نسێی دارێکدا دانیشتووە و چێژ لە جوانییەکانی سروشت و ئاو و هەوای سازگار وەردەگرێ.

«لەم وەختەدا کەوا جەنگەی گەرما بوو، تۆ وات هەست دەکرد فێنکی ئێوارەیە، شۆڕەبی بە شانەی سروە بسکی دادەهێنا و سەری دەبەرخۆی نابوو، گوڵ بە دەم شنەوە زەردە دەهاتە سەر لێوی و خورینک و جۆگا وردە گۆرانییان بۆ بەژنی دارودرەخت و مێرگ و چیمەن دەگوت، گەڵا دەبوونە پەرژینی گوڵی زەرد و سوور و پەپوولە بە زیزی لەسای سێبەری داران دەخزان. ئاو، ئەو مایەی ژیانە، ئەو خوێنەی بە شاڕەگی سروشتدا دێت و دەچێ، خونچە گوڵ دەکاتە خەو، دەخزێتە بن دارودرەخت و مێرگ و گوڵجاڕان پاراو دەکا و بە داراندا هەڵدەچێ.»

سەلاح نیساری لەم وەرگێڕانەدا زۆر باش کەڵکی لە ئەزموونی شاعیرێتی وەرگرتووە و توانیویەتی ئەو زمانی شاعیرانە، بگوێزێتەوە نێو وەرگێڕانەکەی و کارەکەی پێ بە نرختر و شیرینتر بکات. زمان پاراوی و ڕەوانی بێژی ئەم وەرگێڕانە ئەوەندە بە نەرمی دەستی خوێنەر دەگرێ و لەگەڵ خۆی دەیبات کە دانان و وەلانانی ئەستەمە و خوێنەر وا مەستی بەسەرهات و ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە دەکات،کە لە کاتی خوێندنەوەدا هەست بە تێپەڕبوونی کات و ساتەکان ناکات.

ئاستی ڕەوانی زمانی ئەم وەرگێڕانە لە نێو دەقە ئەدەبییە کوردییەکاندا، بە تەواوی شان لە شانی نووسینە شاکارەکەی فەتاح ئەمیری ڕۆمانی (هاوارە بەرە و میرزا) دەدات. ئەوەندەی فەتاح ئەمیری بۆنی گوڵ و سروشتی کوێستانەکانی کوردستانی گوازتۆتەوە بۆ نێو لاپەڕە و دێڕەکانی ڕۆمانەکەی و خوێنەر هەست بە ڕەنگ و بۆن و هەناسەیان دەکات، سەلاح نیساری-ش بە زمانی ڕەوان و ڕەمزاوی پڕ لە پەند و تەمسیل، توێژە هونەرییەکانی سەرەوەی زمان، باس لە جوانی هوما و نەرمونیانی ئاسکە خاتوون و ڕاڕایی و سەر لێ شێواوی سەید میران دەکات، خوێنەر هەست بە ناسین و دیتنیان دەکات و وەک ناسیاوێک و هاوکارێک هەست بە نزیکایەتی و ئاشناییان دەکات.

خاڵێکی گرنگ لە وەرگێڕانی ئەم ڕۆمانەدا کە زۆر سەرنجی خوێنەر بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ، کەڵک وەرگرتنە لە پەخشانێکی جوان و سەرنجڕاکێش کە دەستی خوێنەر دەگرێ و بە ڕستەی نەرمونیان و زمانێکی ڕەوان و شیرین چاو و دڵی خوێنەر دەلاوێنێتەوە و ماندووی ناکات و جار لەگەڵ جار لە خوێندنەوە سەرخۆش و دڵگەرمی دەکات. چەندە جوان بە دەم و ڕاوێژی ئاسکە خاتوون دەدوێ و دەیگوێزێتەوە سەر زمانی کوردی، هەر دەڵێی نووسەرێکی کورد لە زمانی ژنێکی کوردەوە دەدوێت.

«-بە تۆ بلێ بۆ کوێ چووە، ئەمەش بوو بە قسە، بۆ مەگەر ئەو گفتی بە تۆ داوە ئەگەر لە ماڵ ڕۆیشتە دەرێ، پێت بڵێ بۆ کوێ دەچێ و لە کوێ بووە. ؟! ئەوە ماڵان گەرێکە ڕۆڵە لەبەر دایک هەڵدەگرێ، ئەتۆی بەستەزمان چەندە ساکاری وادەزانی منداڵ لە بێشکە دەنێی، جگە لەوە کەیفی خۆیەتی خوای دەکرد دەرپێکەی دەدا بە شانیدا! تۆ بۆچی خوێنی خۆت تاڵ دەکەی؛ نە کچی تۆیە پێی بێژی وا بکە و وامەکە، نە کلفەت و قەرەواشی منە تاکو دەستووری پێ

بدەم. ئافرەتێکە بە بێ مێرد، هەوساری لە ملی خۆیدایە. هەروەک خاتوو سەفییە دەڵێ تا ئێوارێ کولاّنان بگەڕێ کەس نییە بلێ بۆ وا دەکەی، ئەوە ئەگەر شتێکی لە بن سەردا نەبێ، با بچێتە دەرێ قەیدی چی دەکا. خۆ مریشک نییە لینگە کەوشی بە قاچەوە ببەستن. نەچێتە مالّی دراوسێ و جیران. ئەوە وەک ماکەو وایە لە نێرەکەو دەگەڕێ، ناحەقیشی ناگرم گەنجەو تازە هەوەڵی دەمیەتی، بێوەژنیش باسێکی تری هەیە. چی بکا، سبەینێ تالّی ڕەش لە سەریدا نەمێنێ، چرچی دەموچاوی شۆڕ ببێتەوە کێ هەیە پێی بلێ خالە کەرت بە چەندی! ؟ تۆ نازانی ئاگای لە خۆی براوە لە ماوەی ئەم سێ هەفتەیەدا کە هاتۆتە ئێرە ڕۆژ نییە نەپەڕێتە سەر سەربان، تۆ لە ماڵ نی ئاگات لێ بێ، سەر لە کاری دەرناهێنم لەم سەربانە چی دیوەتەوە. نەمدەویست لە لای تۆ دەنگ بکەم، بەینێکە کورەکەی فەرەج خانی مالک، بەیانی و نیوەڕۆ و ئێوارە بۆتە داهۆڵ لە سەری کۆلانەکە، هەر دەڵێی نۆبەدارە لەوێ ڕادەوەستێ، هاوسامالەکانی کۆلان لەو ڕۆژەوە ئەم خانمە لێرە گیرساوەتەوە، لێمان لووت خوارن. دەڵێن جاروبارە لات و بەرەڵلا سووسەی ئەم دەرک و بانە دەکەن، دیارە لە هەر لایەک کەلاک هەبێ قەل و داڵ پێ دەزانن. نەدەکرا ئەم شتانە لە تۆ بشارمەوە. بە بۆنەی ئەم سەرشینەوە سرت و خورت کەوتۆتە نێو خەڵکی گەڕەک، دەزانی من لە چی دردۆنگم؟»

یەکێک لەو لایەنانەی کە نووسین دەوڵەمەند دەکات و جوان و ڕازاوەی دەنوێنێ و ئاستی زمان دەباتە سەرێ، بەو زمانە هونەرییە دەڵێن کە لە ئاستی ئاسایی ئاخافتنی کۆڵان و شەقام خۆی هەڵداوێری، کەڵک وەرگرتنی بەجێ و شیرینە لە قسەی نەستەق و پەند و ئیدیۆمەکانی زمان، کەڵک وەرگرتن لەو تواناییانەی زمان - چ لە پەخشان و چ لە شیعر دا- لایەنی هونەری و تەکنیکی زمانەکە و نووسراوەکە دەباتە سەرێ و خوێنەر و بیسەر چێژی زیاتری لێ وەردەگرێ. هەر لەو چەند دێڕەی سەرەوەدا لە زمانی ئاسکە خاتوونەوە چەند قسەی نەستەق و ئیدیۆم و پەندی پێشینیانی وەک،«ڕۆڵە لەبەر دایک هەڵدەگرێ» ، «وادەزانی منداڵ لە لانکە دەنێی» ، «خودای دەکرد دەرپێکەی دەدا بە شانیدا» ، «هەوساری لە ملی خۆیدایە» ، «خۆ مریشک نییە لینگە کەوشی لە قاچ بەستین» ، «ئەو وەک ماکەو وایە لە نێرەکەو دەگەڕێ» ، «کێ هەیە پێی بلێ خالە کەرت بە چەند» ، «لە هەر لایەک کەلاک هەبێ قەل و داڵ پێدەزانن»ی هێناوەتەوە و ڕوح و ڕوالەتی وەرگێڕانەکەی پێ ڕازاندۆتەوە، کە جاری وا هەیە خوێنەر لە خوێندنەوەی چەند کتێبدا چاوی بە ئەوەندە پەند و قسەی پڕ مانا ناکەوێ. ئەو نووسراوانەی لەو لایەنانە - ئیدیۆم و قسەی نەستەق و پەند و مەتەڵ- بەتاڵن نووسراوەگەلێکی سارد و بێ ڕوح و بێ چێژن و ئەگەر خاوەن نێوەڕۆکێکی بە هێزیش بن، ئەوە خوێنەر ماندوو و وەڕەز دەکەن. هەموو کەسێک ناتوانێ بیانخوێنێتەوە و لێی وەڕەز دەبن و لە نیوەیدا وەلای دەنێن و بە ناچاری لە بەری هەڵدێن.

سەلاح نیساری لەو وەرگێڕانەدا زۆر بەجێ کەڵکی لە ئیدیۆم و قسەی نەستەق و پەند و مەتەڵە کوردییەکان وەرگرتووە و سنگ و بەرۆک و ڕوحی خوێنەر دەلاوێنێتەوە و وەڕەزی دەردەکەن، جاری وا هەیە هەر لە چەند جێیەک لە وەرگێڕانەکەیدا بە جێی و بێ زیاد و کەم، کەڵکی لە پەندگەل و قسەی نەستەق گەلێک وەرگرتووە، کە مانا و جوانی بە سەرلەبەری نووسراوە و کارەکە بەخشیوە. لێرە لە سەرەوە دیتمان هەر لەو چەند دێڕەدا چەند جوان کەڵکی لەو تواناییانەی نێو زمانی کوردی وەرگرتووە و نووسراوەکەی خۆی پێ ڕازاندۆتەوە.

ئەو ئەزمەی ئێستا بەر بینی بە نووسینی کوردی گرتووە و لە سەرو چاو شکاندن و شەل و پەت کردنی ڕستەو وشەکاندا هەیە و بوونەتە درک و نووسینەکەی نێو گوڵجار و زمانی ئەدەبیمان، لەو وەرگێڕانەدا نابیندرێ و ئەوەی نووسراوە و گوتراوە، لە هەموو لایەکەوە لەسەر جێی خۆیەتی و جوانی و دەوڵەمەندی زمانی کوردی لێرەدا بە جوانی وەک شەنگەر ڕۆژێکی بەهاری دیار و بەرچاوە و بێ ترس، خۆی دەنوێنێ. لەو لاشەوە ئەگەر لە ناحەزییەکان دوابێ، هەر بە شێوەی جوانییەکان، توانیویەتی ئەو لایەنەش برازێنێتەوە و ناحەزییەکانیش وەک هەن، پیشانی خوێنەرەکان بدات. ئەگەر بۆ هەمووی

ئەوانە نموونە بێنمەوە، دەبێتە هۆی درێژکردنەوەی وتارەکە، هەر ئەو نموونەی سەرەوە دەکەمە مشتێک لە خەڵوار و خوێنەران بانگ دەکەم بۆ خوێندنەوەی ئەو وەرگێڕانە بەنرخە. بۆ ئەوەی بە چاوی خۆیان ئەو جوانیانە ببینن و لەو کارە بە پێزەی نیساری بەهرە وەربگرن.

لەم ڕۆمانەدا زمانی وەسف، زمانێکی دیار و بەرچاوە و لە زۆر شوێندا کلیلی باسەکە بە دەستەوە دەگرێ و ئەو لایەنانەی دیکە دەنێتە ژێر تەوژم و چۆکی خۆی.

کەسایەتییەکان کەسگەلێکن سروشتیان هەڵدەگرێ، نووسەر پێیاندا هەڵ بلێ و سروشتی جوان و قەلافەت و بەژن و بالا زراڤەکانیان لەبەر چاوی خوێنەر جوان و شیرین بکات، هەر ئەوەش وای کردووە نووسەر پێیاندا هەڵ بلێ و بیاننەخشێنێ و وەک بووکێک وایان ڕازێنێ. نەرمونیانی و بەئەدەبی و کابانی و دڵسۆزی و سەرەژنی و کەیخودایی ناسکەخاتوون، جوانی و چەلەنگی و بەژنی زاقی هوما و کەیخودایی و ویقار و هەیبەتی سەی میران، بە هەموویان، کارێکی وایان کردووە ڕۆمانەکە ببێتە خاوەنی زمانێکی شاعیرانە و نیساریش توانیویەتی بە جوانی کارەکە لە کڵ دەرهێنێ و بیرازێنێتەوە و جوانی پێ ببەخشێ. کاتێک لە جوانییەکانی هوما و نەرمونیانی و ئەدەبی ناسکەخاتوون و کەیخوایی و گەورەیی سەی میران دەدوێ، دەردەکەوێ کە زمانی وەرگێڕ ئەگەر لە زمانی نووسەر دوڵەمەندتر نەبێ، کەمتریش نییە و لە ئاست ئەوودا کورتی ناهێنێ.

ئەوەی بایەخی ئەو کارە -واتە وەرگێڕانەکە- دەباتە سەرێ، ئەوەیە کە ئەو دەقە بەرەگەز کوردی و بە زمان فارسییە، دەیسەلمێنێ کە چۆن ئێمەش - ئەگەر باسکی لێ هەڵماڵین - دەتوانین ئاوڕ لە بەیت و چیرۆکە مێژوویی و ئەفسانەییەکانمان بدەینەوە و جلوبەرگی نوێیان لەبەر بکەین و بە زمان و مۆد و شێوازی تازە بیانڕازێنینەوە و بیانکەینە هەوێنی ڕۆمان و چیرۆکە مۆدێرنەکانمان و بە هۆی ئەوانەوە، خزمەت بە زمان و ئەدەبی نەتەوەکەمان بکەین.

بە دڵنیاییەوە عەلی محەمەدی ئەفغانی لە سەرەتاوە هەتا کۆتایی ئەم ڕۆمانە، ئەگەر لایەکی بیری لە لای دڵی سەی میران و هەستی ناسکە خاتوون و چاوەکانی ناسکە هوما بووە. ئەوە لایەکی بیریشی لە لای چیرۆکەکەی شێخی سەنعان بووە و دڵی ئەو و چاوە بازەکانی کچی گاوریشی لە بیر نەچۆتەوە. خوێنەر هەر لەگەڵ سەرهەڵدانی کەسایەتی هوما هەست دەکات ئەوەی شەیدای ئەو چاوانە دەبێ. شێخی سەنعانێکی تازەیە کە لەو ڕۆمانەدا سەر هەڵدەدا و سەی میران دەوری شێخی سەنعان بە جوانی دەبینێ.

ئەگەر خوێنەر بە وردی چاو ڕابخات و لە هەموو لایەنەکانی ئەم وەرگێڕانە بڕوانێت، ئەوە بۆی دەردەکەوێ چ سامانێکی مەزنە و چ ئەزموونێکی بە نرخە. وەرگێڕانی ئەو ڕۆمانە ئەوەندە بە وردبینی و وریاییەوە کراوە، هەست دەکرێ لە ئافراندنەوەی ئەو کارەدا وەرگێڕ دەستی هەیە و ئەگەر زۆر خوێنەری کورد هەست دەکەن هەژار و عەبدوڵلا حەسەن زادە کارەکەی «خەییام» و ئینجە مەمەدی «یاشار کەمال»یان، گەیاندۆتە ترۆپکی جوانی و لە زۆر لایەنەوە چوارینەکوردییەکانی جوانتر و ڕەوانترن لەچوارینە فارسییەکان و کارەکەی حەسەن زادەش شان لە شانی حەمەدۆکی یاشار کەمال دەدات، ئەوە نیساریش لەو وەرگێڕانەدا. کارەکەی ئەوانی دووبارە کردۆتەوە و دەبێ ئەم وەرگێڕانەش وەک وانە و ئەزموونێکی گرنگ لە جامخانەی ئەدەبی کوردیدا دابندرێ و چاوی لێ بکرێت و نەوەی نوێ، وەک قوتابخانەیەک چاوی لێ بکەن و دەرسی لێوەربگرن و ئەزموونەکانی بکەنە چرای ڕێگای داهاتوویان.

**سەرچاوە:**


**ناسکە خاتوون، بەرگی یەکەم و دووەم، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی ٢٠١١.**

# سانتیاگۆ دی کۆمپۆستێلا
# جوانی و گەڕیدەیی

هاشم سەڕاج

ڕۆمانی «سانتیاگۆ دی کۆمپۆستیلا»ی فەرهاد پیربالْ سالْی «١٩٨٩ -١٩٩١» لە پاریس نووسراوە، وەک نووسەر ئاماژەی پێ دەدات لە سەرەتای سالْی ٢٠٠٢ لە هەولێر پاکنووس کراوە، ئەم ڕۆمانە لە جەوهەردا دەقێکی ئێستێتیکییەو بە شێوازی نووسینی سپی نووسراوە، ئەم جۆرە شێوازەش زۆرتر لە ڕۆمانەکانی ئەلبێر کامو، بە تایبەتی لە دەقی بێگانە و (تاعوون)دا پراکتیزە کراوە، کە تێیدا کردەی نووسین بە دارِژانێکی ئاسایی و وەسف و ڕستەی کورت کورت و پشتگوێ خستنی ڕەگەزی ڕەوانبێژی گوزارە لە ڕووداو و شتگەل و دیمەنەکان دەکات و هاوکات هەلْگری ڕوانینێکی قوولْ و تایبەتە.

دەقی سانتیاگۆ سەرەڕای کارکردنی لە بواری ئێستێتیکدا، پرس و مەرگەساتە یەک لەدوای یەکەکانی «کورد»یشی بە هەمان شێواز و بەشێوەی پڕشنگ و ئاماژە خستووەتە ڕوو، بۆیە بڕێک جار مەرگەساتەکان بە زمانی بلاْچە دەگێڕدرێنەوە.




دەقی سانتیاگۆ وێڕای بایەخدانی بە ڕەگەزی گێڕانەوە کە زۆرتر ڕووداو و بەسەرهاتەکان لە زاری «دارا»ی کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکەوە دەگێڕدرێنەوە، لە هەمان کاتدا تەکنیکگەلێکی جۆراوجۆری دیکەی تێدا بەکار براوە، لەوانە دیالۆگ، فلاش باک، خۆ دواندن، نۆستالیژیا، هونەری نامەگۆڕینەوە، بەکاربردنی دەقی شیعری، گەڕاندنەوەی یادەوەرییەکان، بەلاْم دەتوانم بلْێم هونەری گفتوگۆ «دیالۆگ» بزوێنەری سەرەکی تێکستەکەیە، دەق لە دەسپێکی نووسینەوە بە دیمەنێکی سینەمایی مەینەتی ژیانی کۆچبەرەکان دەخاتە ڕوو، بە تایبەتی لە چێشتخانەی شاری تۆلْووز، کابرای پێست ڕەشی دەسگێڕ، کە جانتا ڕەش و گەورەکەی پڕ لە [ئەندگوستیلە و سەعات و گوارە و ددانە فیل و ملوانکەی زیوین]ە.

- مسیۆ، ناتەوێ دیارییەکی جوان بۆ خۆشەویستەکەت ببەیتەوە؟

بە هەناسەساردی و هیلاکییەوە، گوتم: نا، سوپاس.

کابرای ڕەشپێست جانتا ڕەشەکەی لەبەردەم مشتەرییەکانی چێشتخانەکەدا دەکردەوە و بێ ئەوەی کەس هیچی لێ بکڕێت. «دارا» لە هەمان شوێن شەپۆلی یادەوەرییەکان ڕایدەماڵن، وێنەی مامۆستاکەی ناجی ئەفەندی شێوەکاری بیردێتەوە، ئەو مامۆستایەی ڕۆنی لە پرچی دەداو بۆ سەرەوە دایدەهێناو هەمیشە مەرسەمەکەی وەک مەیخانەیەک لێ کردبوو لەوێ دەیخواردەوە، لێرەوە ئاماژەکانی جیهانی بەهرە و توانایی شێوەکاری تێکەڵ بە نەشئەکانی مەستی دەکرێن، ئەم دیمەنە هاوکات دیمەنی مامۆستای شێوەکار «فوئاد» ئەفەندیم بیردەخاتەوە، ئەویش بە هەمان شێوە پرچی بۆ سەرەوە دادەهێناو لە قوتابخانەی «ئیبن خەلەکان» وانەی ڕەسمی پێ دەگوتین، هەر جارەی دەفتەر ڕەسمی قوتابییەکی وەردەگرت و بە قەڵەمی ڕەنگاوڕەنگ وێنەیەکی جوانی کەڵەشێرێک، (مراوییەک)ی تێدا دەکێشا، مرۆڤێکی بێ دەنگ، مەگەر جار جارە زەردەخەنەیەک بکەوتایە سەر لێوی. ئەمە دەقی سانتیاگۆیە ئەم فەزایە بۆ خوێنەر دەکاتەوە و خەیاڵی لەلا دەورووژێنێت. من لەم نووسینەدا حەز ناکەم یەکە یەکەی ڕووداو و بەسەرهاتەکان دووبارە بگێڕمەوە، زۆرتر پێم باشە لە چەمکی جوانی و بەهرە و عیشق و نەشئەکانی حەشیش و توخمی شێتی بدوێم، کە تا دێت ئەم ڕەگەزانە لە بوونی هونەرمەندندا، بە تایبەتی هونەرمەندێکی شێوەکاری وەک «دارا»ی کارەکتەری دەقی سانتیاگۆدا گەشە دەکەن و پەرەدەسێنن، دارا لە سەرەتاوە گیانێکی لێوانلێو لە سەرچڵی و گەڕیدەیی و جەربەزەیی تێدا ڕسکاوە، بەشێوەیەکی شێتانە وێڵ و سەرگەردانی جوانییە، دارای شێوەکار لە ژیانی جێگیری فەڕەنسا و دووبارەبوونەوەی چرکەکان بێزارە، حەز دەکات مانەندی گەڕیدەیەک جانتاکەی بکاتە شانی و گەیشتە هەر شارێک ستاندو بۆردەکەی دابنێت و پۆرترێتی توویستەکان بکێشێت و بەرانبەر بەمەش پارەیەک وەربگرێت و پێی بژیت. مەبەست لەم حاڵەتەدا گەڕان و تێکەڵ کردنی ژیانە بە هونەر، چونکە نەژیان لە هونەر جیا دەبێتەوە و نە هونەر لە ژیان.

دارا کاتێک لە ئیسپانیا بۆ فەڕەنسا دەگەڕێتەوە، لەنێو شەمەندەفەرەکە چاوی بە کچێکی جوان دەکەوێت لەگەڵ پیرێژنێکدایە، لەبەر خاتری کچە جوانەکە، یان بەهۆی شەیدای جوانییەوە ڕێگەی خۆی دەگۆڕێت و مانەندی سەرگەردانێک بۆ «میلانۆ» بەدوایان دەکەوێت، دواتر پۆلیس ڕەوانەی فەڕەنسای دەکاتەوە، چونکە ڤیزەی ئیتاڵیای نییە، مەبەست لەم دیمەنە پارادۆکسییە، واتە کچێکی جوان کە گیانی مرۆڤ دەپرووکێنێت، لەم خاڵەوە دەق کاری لەسەر جوانی کردووە، چونکە جوانی دەروازەی ئاڵۆزی عیشقە و هەستی جوانیش ڕەگێکی لەشێتییە، بەڵام هاوکات جوانی لە قووڵاییدا هەڵگری جۆرێک لە مەینەتی و نەهامەتییە، دەکرێت بڵێین پیرێژنەکەی نێو شەمەندەفەر، کۆپی دووەمی «ڤینۆس»ە، کە زەبری زەمەن جوانییەکەی لەنێو بردووە، ئەم دیمەنە ڕۆمانی «وێنەی دۆریان گرای» ئۆسکار وایڵد و «مردن لە ڤینیسیادا»ی «تۆماس مان»م بیردەخاتەوە. کە یەکەمیان پابەندە بە کێشەی نێوان زەمەن و جوانی، چونکە جوانی ڕوخسار، تا سەر ناپارێزرێت، هەمیشە لەگەڵ زەمەن لە کێشەدایە، یان بەشێوەیەکی تر زەمەن دوژمنی جوانییەو هێدی هێدی لە خشتەی دەبات و نەهامەتییەکانی سەردەمی پیری دەخاتە ڕوو، هاوکات جوانی بە پڕشنگە خوداوەندی و ئاڵۆزەکانی دڵ و دەروون دەپرووکێنێت، زەینی مرۆڤ بەرەو شێتی و مەرگ ڕادەماڵێت، وەک جوانی تادزیۆ و مەرگی ئایشنباخ، هەروەها ڤینۆس لە دەقی سانتیاگۆدا ئەو جوانییەیە کە هونەرمەند بە دوایدا وێڵ و سەرگەردانە، هەمیشە سەرچاوەی هێز و توانایی جیهانی نیگارکێشی و داهێنانە، پاشان مرۆڤی هونەرمەند بەردەوام بڕوای بە ڕێکەوت هەیە و ئەوە ڕێکەوتە کە کچێکی ڕۆماننووس و سیناریۆنووسی وەک ئۆریانا ئیرنۆ بە دارای شێوەکار دەناسێنێت و دەربارەی چەمکی جوانی و ژیان گفتوگۆ دەکەن و لە ڕەهەندەکانی جوانی دەکۆڵنەوە، یان لە ماڵەکەی «فیلیپ» چاوی بە ڤینۆس دەکەوێت، کە لە بنەڕەتدا هێمای خوداوەندی جوانییە، لێرە لەم دیمەنەدا جوانی ڤینۆس شیاوی پەرستنە، ڕاستە تەنیا جوانی شیاوی

فیداکارییە، لەم خاڵەدا دەق ڕێگە بۆ وێڵ بوون و سەرهەڵگرتن خۆش دەکات و دارای شێوەکار بەدوای وەهمی جوانیدا دەگەڕێت، چۆن دەتوانێت جوانی بدۆزێتەوە، کە لە دووتوێی تێکستی سانتیاگۆدا بە ناڕاستەوخۆ ئاماژە بۆ شیعرێکی «ڕامبۆ» دەکرێت، کە جوانی هەرگیزاو هەرگیز دەسگیر نابێت.

ئۆریانا گوتی: گوێ بگرە، جوانی شتێکە کە هونەرمەند هەرگیز ناتوانێت بیکاتە هی خۆی، ئەمە شتێکی تراژیدییە، بۆیە دەقی سانتیاگۆ لە بنیادی قووڵدا هەڵگری دەلالەتێکە ئاماژە بە چارەنووسی هونەرمەند و چەمکی ترسناکی جوانی دەدات، لەبەر ئەمەشە دارا لە ئیسپانیا بەدوای جوانی ڤینۆس و هونەردا دەگەڕێت، هەڵبەتە ڕوویەکی تری تێکستی سانتیاگۆ، کارکردنە لەسەر مەینەت و ژیان و دنیابینی مرۆڤی، یان هونەرمەندی خۆرهەڵاتی کە لێوانلێوە لە دوورەپەرێزی و خەسڵەتی چەپاندن، یان بە شێوەیەکی تر هونەرمەندی خۆرهەڵات بەهێزی هەڵقوڵاوەی خەمۆکییەوە هەوڵی خولقاندنی جوانی دەدات، واتە جوانی و ژیان ئاوێزانی یەکتر ناکات، لە کاتێکدا جوانی و ژیان لێکدی جیا ناکرێنەوە، هاوکات دەقی سانتیاگۆ جۆرێک لە دیالۆگ لەنێوان جیهانی خۆراوا و خۆرهەڵاتدا دەخولقێنێت، چونکە لە بنەڕەتدا هونەر بەرهەمی چالاکییەکانی بوون و زەین و توانایی مرۆڤە، ئەو شوناسەی لە دیدگایەکی بنەڕەتخوازییەوە پێی دەدرێت بوونی نییە، چونکە گەمەیەکی ئێستێتیکییە و بەدوای واتای بووندا دەگەڕێت، ڕەنگە شێوەکارێکی گەڕیدە و ڕەوتەنی وەک دارا جیهانی ڕەنگ و ماڵی ڕاستەقینەی خۆی بزانێت، دواتر ئەم تێڕوانینە بونگەراییە لە ڕۆمانی «هوتێل ئەوروپا»دا کە «فەرهاد»ی شێوەکار کارەکتەرێکیەتی، بەهێزتر گەشە دەکات و پەرەدەسێنێت. وەک شێوەکارێکی گەڕیدە و ڕەوتەنی لە دوورگە جۆراوجۆرەکاندا چرکە ئێستێتیکییەکانی وێنا دەکات و بە ڕەنگ و بۆیە گوزارە لە نەهامەتییەکانی بوون و جوانی و تراژیدیای زەمەن دەکات، بەڵام دەقی سانتیاگۆ لە دوای گەیشتنی «دارا»وە بە سانتیاگۆ دی کۆمپۆستیلاو گەڕان بە ئەدرێسی «ڤینۆس» و گەڕیدە بوون لە کووچە و کۆڵانەکان و شەقامی پەرەدیس «کە بوونی نییە» و کەنیسەی سانت ژاک، [جانتایەک بە شانەوە، جانتایەکی دیکەش بەدەستمەوە، هەستم بە کەمێک تەنگەنەفەسی دەکرد] دواتر گیرسانەوە لە ژوورەکەی مەدام کارلۆس وەک کرێنشینێک.

ڕۆمانی سانتیاگۆ لێرەدا لایەنێکی ترسناکی ئەفسانەیی تێکەڵ بەشوێن دەکات، بە تایبەتی خانووەکەی ماڵی «ڤینۆس» کە «دارا» چەندین جار دەست دەخاتە سەر زەنگی دەرگەکە، کاتێک پیرێژنێکی ترسناک دەرگەی ماڵەکە دەکاتەوە، ئەم دیمەنە پڕ نەهامەتییە، ئاماژەیە بۆ چارەنووسی جوانی، جوانی لەش و جەستەو ڕوخسار، ئەم پیرێژنە تارمایی ڤینۆسە، یان هەر ڤینۆس خۆیەتی، کەواتە هەمیشە نەهامەتییەک، یان پووچییەک لە قووڵایی بوون و جوانیدا خۆی حەشارداوە، لە پڕێکدا دەردەکەوێت و حەقیقەتی بوونمان بۆ ئاشکرا دەکات، کەواتە هیچ شتێک لەم بوونەدا تاهەتایی نەمر و جاویدان نییە، کاتێک جوانی بەم شێوەیە لەنێو بچێت، ئەی چارەنووسی قێزەونی و ناشیرینی دەبێت چی بێت، نا نا لەژێر وەهمی هەر جوانییەکدا ناشیرینییەک، یان قێزەونییەک خۆی مەڵاس داوە، کەواتە بوون هەمیشە هەڵگری تراژیدیایە، کە هەریەک لە «نیتشە» و «هایدگەر» ئاماژەی بۆ دەدەن. بوون لای هایدگەر بێ بنەڕەتە، لای «دریدا» هەڵگری جۆرێک لە پووچییە، کەچی جوانی لە ئاکامدا هونەرمەند بەرەو شێتی دەبات، چونکە هەستی ئێستێتیکی ڕەگێکی لە شێتییە، شەیدابوون بە جوانی، جوانی سەرچاوەی نووسین و سەرچاوەی خولقاندنی شاکارە جۆراوجۆرەکانی بوارەکانی داهێنانە، دوای نەگەیشتنی بەجوانی ڤینۆس، یان دۆزینەوەی تارمایی قێزەونی جوانی کە لە پێرێژنەکەدا بەرجەستە کراوە، بە تەواوەتی شێت دەبێت و بە سەتڵ ڕەنگ و بۆیەی جۆراوجۆر بەسەری خۆیدا دەکات، کێ دتوانێت لەم وەهمی بوونەدا جوانی دەسگیر بکات و ئاوێزانی چرکە نەمرییەکانی زەمەن بێت، زەمەن سەیرورەیەکی بێ کۆتایی هاککەرە، جوانی سەرجەم بوونەوەرەکان لەنێو دەبات، هونەریش لەم جیهانەدا هەوڵ دەدات لە ڕێگەی وەهم و خەیاڵەوە جوانییەک

بخولّقێنێت پڕاوپڕ لە چێژ و دەلالەت و دنیـابینی، بەڵام هیچ شـاکـارێک ناتوانێت تا هەتایە داکۆکی لەبوونی خۆی بکات و توخمە جوانەکانی لە یارییـە بەردەوامـەکـانی «فـۆرم» بپارێزێت.

فۆرم بە مانا گشـتییـەکەی کە بە فەزای جۆراوجۆری کراوەوە پابەندە، دواجاریش جیـهانی ئێسـتێـتیـکی تێکست مانەندی پرشنگێک لە مانا و دەلالـەت لە زەینی خـــوێنـەردا دەمێنێتەوە، کەواتە نەک هەر جوانی جـەسـتـە، بەڵکو سـەرجـەم دەق و شـاکـار و بوونەوەر و شـتگەلەکـان لەنێـو بازنەیەکی گـەمـارۆدراوی زەمەنیدا لە جووڵەو بزاڤدان و هەوڵ دەدەن دژی زەبرەکانی زەمەن داکۆکی لە بوونیان بکەن، جوانیش بە هەمان شێوە لە توخمێکی پڕشنگداری بوون زیاتر نییە، ئەمە خوێندنەوەیەکە بۆ ڕۆمانی سانتیاگۆی فەرهاد پیربال، ڕەنگە ئامـــاژەم بۆ چەندین بابەت نەکردبێت، وەک برادەرەکانی دارا لە پاریس هەریەک لە شازادی شاعیر و حەسەن و بەهجەت وەلی...تاد، یان توحفە فرۆشەکەی ئیسـپانیا و زۆر بـابـەتی تـریش، بـەڵام زۆرتر هـەوڵـم داوە بەشـێـوەیەکی کـورت دەربارەی چەمکی جـوانی و ژیانی گـەڕیدەیی بدوێم کە وەک بابەتێک پانتاییـەکی زۆری لە ڕۆمـانەکە داگیر کـردووە و هاوکـات هەردوو حـاڵـەتی جـوانی و گـەڕیدەیی کە پەیوەستن بە جیـهـانی نیـگارکـێـشـان و شـێـوەکـارییـەوە، دواجار شـێوەکاری ئێسـتێتیـکی و گـەڕیدە پابەندی ئەو چرکـەیەیە کـە تێیدا دەژیت.

بەم جۆرە ڕۆمانی سانتیاگۆ کاری لەسـەر بەهرە و عـیـشق و جـوانی و نەشئەی حەشیش و سەرچڵی هەست و شێـتی و توخمـە شاراوەکـانی نێو دنیـــای داهێنان کـــردووە، چونکە «سـانتـیاگـۆ» لە کـۆتاییدا شـارێکی شین و شـاراوەی وەهمـیـیـە، شـاری دنیـــای یۆتۆپیـــای هونەر و جــوانی ئـەوەی پـێـی بـگـات ڕەنـگـە دوای شێتبوون سەربنێتەوە! سەیرە کە من ئێستا دەسبەرداری خوێندنەوەی ئەم دەقـە دەبم، هەست دەکـەم ٢١ سـاڵ بەسەر کردەی نووسینیدا تێپەڕیوە، کەواتە زەمـەن تیدەپەڕێت و دەقیش بەهێـزی مـەعریفی و ئێسـتێـتیـکی داکـــۆکی لە مــــانـاو دەلالـەتـە دواخـراوەکـانی دەکـات و خوێنەریش یارییـە جـۆراوجـۆرەکـانی ڕاڤـە و لێکدانەوەی تێـدا ئەنجـام بدات و بەدوای چێـژ و دەلالەتە نەگـوتراو و شـاراوەکـاندا بگـەڕێت و لەپڕێکدا بانگەشـــەی مـــەرگی نووســـەر ڕابگەیەنێت و چێـژ و خـەیاڵەکـانی خۆی بنووسێتەوە و بەدنیـابینییـەکی جیـاواز لە بوون و جـوانی و جیـهـان ڕابمێنێت.

**سەرچاوە:**

**ناوی کـتـێب: سـانتـیـاگـۆ دی کۆمپیۆستێلا – ڕۆمان**


**نووسینی: فەرهاد پیربال**

**بڵاوکراوەی ئاراس – ژمارە: ١١٩**

**چاپی یەکـەم: چاپخـانەی وەزارەتی پەروەردە– هەولێر ٢٠٠٢.**

# کۆندڕی مەرگ

جەلال سنجاوی




له بلاوکراوه‌کانی یه‌کێتیی نووسه‌رانی کورد- مه‌ڵبه‌ندی گشتی- لەم ماوەیەدا کتێبی (کۆندڕی مه‌رگ) له نووسینی (محه‌مه‌د که‌ریم نانەوا) له چاپخانه‌ی ڕۆژهەلات- له هه‌ولێر چاپ کرا و که‌وته به‌ر دیدی ڕۆشنبیران و که‌لێنێکی به‌تاڵی له کتێبخانه‌ی کوردی پڕ کرده‌وه.

وێنه‌ی به‌رگی کتێبه‌که دیمه‌نێکی شوومی ڕۆژگاره ته‌مومژاوییه‌کان و پرۆسه‌ی ئه‌نفاله به‌دناوه‌کانه که ده‌ستی که‌سێکی ئه‌نفالکراو نیشان ده‌دات وا خه‌ریکه له‌کۆندڕی مه‌رگ دێته ده‌ره‌وه که شه‌وی پێشتر له‌گه‌ڵ کۆمه‌ڵێک له براده‌ره هاوخه‌مه‌کانی له چاڵێکی شۆفه‌ڵ لێدراوی ده‌ره‌وه‌ی قه‌ڵای (نوگره سه‌لمان) کۆمه‌ڵ کوژ و زینده‌به‌چاڵ کرابوون، به‌ڵام ئه‌و به‌خت یاوه‌ری بوو گولله‌ی پێ نه‌که‌وتبوو له کۆندڕه‌که به‌شه‌و هاته ده‌ره‌وه و خوای میهره‌بان له‌م بیابانه دۆزه‌خییه‌ی ڕزگار کرد و گه‌ڕایه‌وه ناو خزم و هاوئازاره‌کانی گوندی و شه‌وانه لاپه‌ڕه ڕه‌شه‌کانی پرۆسه‌ی ئه‌نفال و ئێشوئازار و ئه‌شکه‌نجه‌کانی (نوگره سه‌لمان)ی ده‌گێڕایه‌وه و جگه‌ره‌ی ده‌کێشاو بۆ ئاییندەی ته‌ماوی میلله‌ته‌که‌ی ده‌گریا.

(لالۆ ئه‌سکه‌نده‌ر) ناهه‌قی نه‌بوو ده‌گریا، چونکه خۆی یه‌کێک بوو له‌و ئه‌نفالکراوانه‌ی له مردنێکی مسۆگه‌ر ڕزگاری ببوو، ئه‌و ئه‌نفاله‌ی ویژدان قبوولی ناکات و نموونه‌ی جینۆسایدی کورده، له‌لایه‌ن سوپا دۆڕاوه‌که‌ی عیراقه‌وه ده‌ستی پێکرد و به‌چه‌ند قۆناغێک جێبه‌جێ کرا که هه‌موو ئامانجه‌که‌ی قڕکردنی کورد و سڕینه‌وه‌ی ناسنامه‌ی نه‌ته‌وه‌یی کورد بوو، که سوپا ڕاسته‌وخۆ ئاراسته کرابوو بۆ وێرانکردنی سه‌دان گوند و گرتن و بێ سه‌روشوێن کردنی به‌کۆمه‌ڵی دانیشتوانی ئه‌و گوندانه و تالانکردنی ماڵ و سامان و ئابڕووبردنیان، ده‌کرێت ئه‌م کاره‌ساته شه‌رمه‌زارییه له‌گه‌ڵ (هۆلۆکۆست)ی نازییه‌کانی ئه‌ڵمانیا به‌راورد بکرێت که له دووه‌مین جه‌نگی جیهانیدا به‌رانبه‌ر به جووله‌که‌کان، ئه‌نجامیان دا به جیاواز له ژماره‌ی قوربانیانی ئه‌و دوو ڕووداوه.

(محه‌مه‌د که‌ریم نانه‌وا) پیشه‌کی

بۆ کتێبەکەی نەنووسیوە، بەڵام بە هەموو ئەو ئازیز و خۆشەویستانەی پێشکەش کردووە کە تاڵاوی بەندیخانەی نوگرە سەلمانیان چەشتووە، بە تایبەتی کەسوکاری سەربەرزی خانەوادەی شەهیدان و ئەنفالکراوەکان.

نووسەر لە دەستپێکدا بەدڵێکی خەمۆک و ئەندێشەیەکی ئاڵۆزکاوییەوە لە وەسفی ئەم قەڵا شوومەدا دەڵێ: «قەڵای نوگرە سەلمان لەرۆژگاری کۆندا شوێنێک بوو کە زارۆی مێینە جگەرگۆشەی خۆیان تیا زیندە بەچاڵ دەکرد، لە سەدەی بیستەمدا لە هەمان شوێن ژن و منداڵ و پیر و پەککەوتەی کوردیان تێدا زیندەبەچاڵ دەکرد، زۆر جاران حەمەشێت بەگریانەوە دەیگوت، دنیا سۆزانییەکی تەرپیری دۆخین شلی هەوەسبازە، هەر شەوە و لنگی بۆ بەدرەوشتێک قووچ دەکاتەوە، هەر ساڵەو بیژییەک لە دایک دەبێ و ئالای نەجیبزادەیی خۆی دەچەقێنێ...»ل٥.

بەڵێ، دنیا دەوران دەورانە، ساڵ دێت و دەڕوات، کەچی رۆژگار بەزەبرە، تەختوتاراجی زۆردار و دیکتاتۆران سەراو ژێر دەکات. لە بەهاران گەواڵە هەورەکان یەکدی دەگرنەوە و دەگرمێنن بە بارانی بەزەیی خاکی سووتاک دەشۆنەوە، دار و دەوەن، رەز و باخەکان لە نووکەوە شەخەڵ دەردەکەنەوە، دانیشتوانی گوند بەیانیان بە جۆشوخرۆشەوە لەگەڵ رەوەزە شاخ و نەمامی کێڵگە و باخەکان ئاوێزان دەبنەوە و لاپەڕەیەکی نوێ بۆ ژیان هەڵدەدەنەوە و بەرەو ئاسۆ، بەرەو ئاییندەیەکی گەشتر هەنگاو دەنێن.

لە گوندی (خاوێ)ی بناری قەرەداغ و لە شەوێکی ساردی زستاندا، لە دیوەخانی (لالۆ ئەسکەندەر) خەڵکی گوندی زۆر بە تاسووق و جۆشەوە دەوری ئاگردانی لالۆیان دەدا، بە پەرۆشەوە گوێیان بۆ کارەساتی گورجکبڕی ئەنفال و بەسەرهاتەکانی هاوگوندییان دەگرت و ئاخیان بۆ رۆژگاری تفتوتاڵی خۆیان هەڵدەکێشا.

(لالۆ ئەسکەندەر) کە لە (کۆندڕی مەرگ) رزگاری ببوو، دادەنیشت و جگەرەیەکی دەپێچایەوە و دایدەگیرساند، دوو- سێ مژی توندی لێ دەدا و بەچاوێکی فرمێسکاوییەوە دەیگوت:

«کورگەل... هەرچەندی دەکەم و سەردێنم و دەبەم، کەچی نازانم لە کامە کلۆفە سەرە داوێکی لێ بگرم و دەست پێ بکەم، ئەگەر بۆ تاوێکی کورتیش بێت، ختووکە بە ناسۆری دڵتان بدەم، بەڵکو ئەو هەموو رق و کینەی لەسەر دڵ و دەروونتاندا پەنگی داوەتەوە، بیرەوێنمەوە، باوەڕ بکەن زۆر گەڕام، وەلێ هیچ سەرەداوێکم بەچنگ نەکەوت، تاکو هێواش لێی هەڵبکەمەوە بە مەرجێک ئازار بە روحتان نەگەیەنێ..)ل٨.

لە بارەی چۆنیەتی ئەنفالکردنی گوندەکەیان و سەفەری مەرگ و رێگای هات و نەهاتی بیابان نووسەر دەڵێ: «بەسەدان قاتیرە و مەقتوورە و زیل و ئیڤای سەربازییان بە قەتار ریزکردبوو وەکو عەزیا دەمیان بەش کردبووەوە، بێ ئەوەی شەرم و حەیا لە خواوەندی مرۆڤ بکەن، خەڵکەکەیان لەسەیارەکان دەپەستا، ژن و پیاو کچ و کوڕی جحێڵ و جوان، چەند عاشق و مەعشووقی وەک (رۆشناو لاوکۆ) و پیر و پەککەوتە و منداڵی تازە ژیان دیو، بوونە سووتماکی رۆژە سەختەکانی ئەنفال و خوێنی ئاڵیان بەناهەق رژایە بیابان، یان کۆمەڵکوژ و زیندەبەچاڵ کران و هەزاران خۆزگە و ئاواتیان بردە ژێر خاک»ل١٤.

ڕووداوەکانی نۆڤلێتەکە لە کارەساتەکانی ئەنفالەکان هەڵێنجراوە و لە رووی تەکنیک و ناوەرۆک و لەبەیەکەوە گرێدانی گرتە ناسۆرەکان سەرکەوتنی بەدەست هێناوە و دەقاودەق گوزارشت لە رۆژگارە تاڵەکانی ئەنفالەکان دەکات و زیرەکانە گرێ کوێرەکان و رووداوە پەنهانەکان شی دەکاتەوە.

(لالۆ ئەسکەندەر) هەرچەندە خەمبار و بێ ئارام بوو لەدەست دنیای بۆگەن و لێخن، بەڵام هەردەم بەرهەڵستی دەکرد و دڵی فراوان بوو بەرەو ئاسۆی هیوای کورد.

ئێواران دوای نانخواردن، خەڵکی گوندی دەچوونە ماڵیان و چاوەنواڕی قسە خەفەتبارییەکانی (لالۆ) بوون بە مەبەستی ئاگاداربوون لە ئایینده و شوێنی کۆندڕی مەرگی دایک و باوک و خزم و کەسوکارەکانیان، ئەویش دەیگوت:

«دنیای نوگرە سەلمان، شارستانیەتی پێ پەتییەکان، کە بووە بە مردووخانەی زیندووان، بیابانێکە هیشک و برینگ، مەڵبەندی قالۆچە و مشک و مار و جورجە کۆرەیە، شەوان تەنیا گوێت لە حەپە حەپی سەگ و ویقەویقی

ڕێوی دەبوو، ئەو دەعبایانە بە بۆنی کەلاکی بنیادەمەوە دەهاتن، لە چوار دەورەی قەلای نوگرە سەلمان مروموێیان دەکرد و زگی کۆندڕەکانیان هەلدەکۆلی و گۆشتی مرۆڤەکانیان دەخوارد و هەرگیز بەگژ یەکتردا نەدەچوون و شەڕیان نەدەکرد، چونکە لەم بیابانە چۆلەی عەرعەردا گۆشتی کوردی ئەنفالکراو زۆر بوو، لەم سایەوە بە ئاشتی و دڵنەواییەوە دەژیان، وێڕای ئەمەش بۆ پاسەوانی (نوگرە سەلمان) هەردوو تاوانبار (حەجاج و شەمخی) سەگی ڕەش و سەگی سپییان فێر کردبوو کە تەنیا گۆشتی هەلاتووەکان و کوژراوەکان بخۆن»ل٣٦.

(لالۆ ئەسکەندەر) لە گێڕانەوەی کارەساتەکانی تراژیدیای سەفەری مەرگ و دەست لە یەک بەردان، زۆرزان و لێزان بوو، هەمدیس بۆ خەڵکەکەی ڕوون کردەوە کە پرۆسەکانی ئەنفال بەپێی سیاسەتێکی نەخشە بۆ کێشراو ئەنجام دراو بەعسییەکان پەیڕەوی ئەو یاسا جەنگییەیان دەکرد کە، دەڵێ:

«درندە دەبێ بکوژ بێ» و ئەنجامدانی سیاسەتی ڕەشەکوژیش لە کوردستاندا بۆ ئەوە بوو تا خەڵکەکە بە زۆر بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیان و ناسنامەیان بسڕنەوە و بیانکەنە مرۆڤی بێ هێز و بێ دەسەلات.

هەروەها دەیگوت: «لەم قەلای نوگرە سەلمانەدا، خۆزگەمان بەسەگە ڕەش و سەگە سپی دەخواست، ئەوان تێروتەسەل بوون، ئاوی ساردیان دەخواردەوە و لە شوێنی سێبەر و فێنک دەنووستن، کەچی ئێمە سەموونی هەتاو گازمان دەخوارد و لە بەرمیلی ژەنگاویدا ئاوی کولاوی بەر هەتاومان دەخواردەوە، بە حەسرەت بووین پیالە چایەک بخۆینەوە، سەرباری ئەوەش (سیسرکە و قالۆچە)ی زیندوویان دەخستە ناو چێشتی شلەو بۆ ئێمەیان دەهێناو دەیانگوت، یالڵا قوزەلقورتی کەن».ل٤١.

لالۆ لە شوێنێک باسی خۆی دەکات کە چۆن لەو نوگرە سەلمانە و ئەو ژیانە دۆزەخییە ڕزگاری بووە و بەدرێژایی شەو، تاک و تەنیا بە بیاباندا ڕۆیشتووە بەبێ ئەوەی شتێکی پێ بێ بەرگری و پاسەوانی لەخۆی بکات، ئەو نازانێ بۆ کوێ دەڕوا و بیابان ڕێگای تێدا نییە تا مرۆڤ بگەیەنێتە شوێنی مەبەست.

بەهەرحاڵ (لالۆ ئەسکەندەری) بێکەس و ماندوو گوتی:

«بەم شەوە لە بیابان هەر دەڕۆیشتم و دوور دەمڕوانی، بەڵکو کەسێک، ئاوەدانییەک ببینم، لە دوورەوە لە مەودای بینینی چاودا، ڕەشاییەک کەوتە پێش چاوم، وامزانی سەرابە، بەلام ئاوەدانی هۆبە ڕەشماڵێک بوو، بە پەلە بۆی چووم، لە ڕەشماڵ نزیک بوومەوە، شەو ڕاشکابوو، مێگەل لەهەوێزێ مۆلی دابوو، لە شوێنی خۆم ڕاوەستام و کەمێک بیرم کردەوە میوانی ناوەخت لەم شوێنە دوورە دەستە و بۆ غەریب و لێقەوماوێکی وەک من کوجا مەرحەبا، بۆیە شوێنێکی گونجاوم دیتەوە بۆ نووستن و خەوتم تا شوان و مێگەل لە ڕەشماڵ دوورکەوتنەوە، ئینجا لە دەرفەتێکدا لە ڕەشماڵەکە نزیک بوومەوە و چەند سەگێک شالاویان بۆ هێنام، بەلام ئافرەتێکی ڕەشپۆش و بەتەمەن، کە تفەنگێکی بەدەستەوە بوو، لە ڕەشماڵ هاتە دەر و سەگەکانی لێ پاس کردم و زۆر بەخێرهاتنی کردم و وەک دابونەریتێکی عەشایەری خواردنیان بۆ هێنام و خزمەتیان کردم، کە پرسیاری گەورەی مالم کرد گوتیان، ئێرە مالی شێخ حەسانە، ڕیش سپی هۆبەیە، ئێستا لە شارە و دوای نوێژی عەسر هاتەوە و زۆر بە گەرمی و ڕووخۆشی پێشوازی لێکردم...»ل٥١.

زۆر سەیرم بە چارەنووسی خۆم دەهات و بیرم دەکردەوە، لەلایەک بەدەستی عارەبان ئەنفال کراوم و بەموعجیزە ڕزگار بووم و لەلایەکی دیکەوە هاوارم بردۆتە بەر مالی عارەبان بۆ بەرگری لەخۆ کردن، بەلام پیاوی خانەوادە و نەجیبزادە لە دنیادا هەر ماوە و یەکێک لەوانە (شێخ حەسان) بوو کە زۆر خزمەتی منیان کرد، تەنانەت جلوبەرگیان پێدام و لەگەڵ شوانەکان بۆ ئاقار دەچووم و بەجۆرێک ئێشوئازاری جەستە و مێشکم هێور بووەوە، بەلام بەداخەوە ئەو ژیانەم تا سەر نەبوو، (خەڵەف)ی ناکەس بەچە کە دوو کوڕی لەشەڕی قادسیە کوژرا بوو، پێیان گوتبوو (کورد) کوڕی تۆی کوشتووە، ئیتر ببووە دوژمنی کورد، کە دوو ڕۆژ بوو (شێخ حەسان) سەفەری کردبوو (خەڵەف)ی ناپیاو خەبەری حکوومەتی داو هاتن منیان گرت بۆ بەندیخانەی (بادۆش) منیش کە ناسنامەم پێ نەبوو، بەهیچ

جۆرێک خۆم نەدا دەست و دەمگوت: ئانی فەقیر، غەوارە، ئیتر لەو بەندیخانە مامەوە بێ کەس و بێ سەروشوێن، تا ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ١٩٩١ بەندیخانە شکاو هەڵاتم... ل٥٨.

(محەمەد کەریم نانەوا) لە نۆڤلێتی (کوندری مەرگ)دا ڕووداوەکان و گێڕانەوەیان دەداتە دەست (لالۆ ئەسکەندەر) کە شاهیدێکی زیندووی کۆندری مەرگی ئەنفالەو وەک دۆکیومێنتێکی باوەڕپێکراو مامەڵەی پێدەکرێت و ئەم جۆرە بابەتانە بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن کە تا ئێستا لە کوردستاندا لە بارەی کارەساتی ئەنفالەکانەوە وتراون و بڵاوکراونەتەوە، لە زۆربەی هەرە زۆریاندا پشتیان بە گێڕانەوەی بەسۆزی ڕووداوە تاکەکەسییەکان دەبەست، کە بریتی بوون لەو دیمەنە دڵتەزێن و گورجکبڕانەی ئەم و ئەو کە لێرەو لەوێ کەسانی ڕزگار بوو لە ئەنفال بینوبیانن، یان بەسەر خۆیان هاتووە و بەشێوەی چیرۆکی گوێ ئاگردانی کوردەواری دەگێڕنەوە، بە تایبەتی دیمەنە تاسەباری و سەرنجڕاکێش و ناسۆرەکانی نوگرە سەلمان و تۆبزاوە و دووبز و...تاد، شاهیدە زیندووەکانی ئەنفالەکانیش ئەو چەند کەسە دەگمەنەن کە لەکاتی لە سێدارەدان و زیندەبەچاڵکردنی بەکۆمەڵ لە بیابانەکانی خوارووی ڕۆژئاوای عیراق بە موعجیزە ڕزگاریان بووە، بۆ نموونە، مێردمنداڵێک بەناوی (تەیفوور)، هەروەها پیاوێک بەناوی (حەمەعەلی) کە خەڵکی گوندی (عەلەیان)ی سەر بەدەڤەری گەرمیانە و لە ئیعدام کردنی بە کۆمەڵ ڕزگاری ببوو لە ساڵی ١٩٩٢، پرۆژەی (چاودێری مافی مرۆڤی کورد) و بە ئامادەبوونی نوێنەری (میدل ئیس ووچ) دیمانەیەکی دوو کاتژمێری لەگەڵ تۆمارکرد، هەروەها (ئەنوەر تەیار) و (لالۆ ئەسکەندەر)یش لە شاهیدەکانی پرۆسەی تاوانەکانی ئەنفالن.

محەمەد کەریم نانەوا لە ل٦٩ کوندری مەرگ باس لە دوا ساڵەکانی تەمەنی لالۆ ئەسکەندەر دەکات و دەڵێ:

لالۆ لە کاتی گێڕانەوەی بەسەرهاتەکاندا ماندوو بوون لە ڕوخساری دیار بوو، لە هیکەوە زمانی لەگۆ دەکەوت و ئەسپی خەیاڵ هەڵیدەگرت بەرەو ئاقارێکی دوور، فرمێسک لە کانیاوی چاوەکانی هەڵدەقوڵا و بەسەر ڕوومەتە چرچولۆچاوییەکانی غلۆر دەبووەوە و ڕێچکەی دەبەست بەناو ڕیشی چەرموویدا و دەگریا تا بەشێکی زۆر لە خەم و پەژارەکان بەری دڵیان بەردەدا، ئینجا سەری بۆ ئاسمان بەرز دەکردەوە و هەناسەیەکی قووڵی هەڵدەکێشاو دەیگوت:

پاش ڕزگاربوونم لە بەندیخانەی (بادۆش) بەبێ پارە و پوول و بە بێکەسی لەسەر ڕێگا ڕاوەستام و بەرەو مووسڵ لەناو بۆدی لۆرییەک خۆم مات کرد و لە بازگەکان دەرچووم و لەنەقلیاتی باکوور بە یارمەتی خێرخوازان گەیشتمەوە هەولێر، ئینجا شاری سلێمانی و لەگەڵ دابەزینم، یەکسەر لەسەر چۆک دانیشتم و خاکی پاکی کوردستانم ماچ کرد.

بەداخەوە لالۆ ئەسکەندەر لەدوا ساڵەکانی تەمەنیدا، دووچاری نەخۆشییەکی کوشندە ببوو، بەردەوام مەلوول و خامۆش و خەمبار بوو، گریان وازی لە چاوەکانی نەدەهێناو بیری لە چارەنووسی هاوخەمەکانی نوگرە سەلمانی دەکردەوە و جاروبار بە دەنگێکی بەرز هاوار و فیغانی بۆ ئاسمان بەرز دەبووەوە، ڕەفتاری گۆڕابوو، تاڕادەیەک تووڕە و توند و تیژ ببوو، باری دەروونی ناجێگیر بوو.

نووسەر لەم بارەیەوە دەڵێ: (حەیف و مخابن، لالۆ بەم دەردەوە هۆشی لەدەست دا و بە ڕیشی درێژ و ئاڵۆزکاو، وەک دێوانە بەکێوان کەوت و کەس سەرو سۆراغی نەدەزانی، تا ڕۆژێکیان شوانی گوندی دۆزبیەوە کە لە ئەشکەوتی (داری خلەی قەرەداغ) گیانی سپاردبوو، ئینجا خەڵکەکە بە ڕێز و شکۆمەندییەوە لە مەزاری شەهیدان بەخاکیان سپارد، مامۆستای قوتابخانەی گوندیش لەسەر کێلی گڵکۆکەی نووسی: (ئەوە نەعشی لالۆ ئەسکەندەرە، لە دۆزەخی قەڵای نوگرە سەلمان ڕزگاری بوو، بەڵام لە حەژمەتان بە پەتای لاڕەشە بەزگی دا).

# سروە و ڕامان، دوو ئەزموونی هەرمان، شاباڵی کەسکی پەیڤێک

**شەریف فەلاح**
**(سلێمانی)**

**وێنایەک لە پێوەندی نەریتی ئەدەب**

سەرەتاکانی دروستبوونی هەوێن و کاڵەی ڕۆشنبیریی گەلی کورد، لەو چاخ و سەردەمانەی کە هیچ ئامراز و کەرستەیەک بۆ پێوەندیی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی لە ئارادا نەبوو، بێ گومان حوجرەکانی فەقێ و مەلا و خانەقا و تەکیە و زۆرێک لە مزگەوتەکان بوون. ئەو شوێنانە، لەو سەردەمەدا مەکۆی کۆبوونەوە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکان بوون و هەر لەناو ئەو حوجرانەشەوە گەلێک شاعیر، نووسەر، مێژوونووس و کەڵە ئەدیبی دڵسۆز هەڵکەوتن کە توانییان بەردی بناغەی ئەدەب و زمان و ڕۆشنبیریی گەلەکەمان بنیاد بنێن. دەتوانین بێژین ئەگەر ڕۆژێک هەر لایەن و هەر کەسێک دەست بداتە نووسینەوەی مێژووی فیکر و ڕۆشنبیری و ئەدەبی نەتەوەکەمان، بەبێ ئاوڕدانەوە لەم قوتابخانە کلاسیک و سەنتەرە نەریتییانە، کەلێنێکی گەورە ساز دەبێت، کە بەداخەوە نەوەکانی ئەمڕۆ بەبێ هیچ خوێندنەوە و ئاوڕدانەوە لەو پاشخانانە، ئەو قۆناغانە بە سەردەمی تاریکی وەسف دەکەن و کارەکتەرەکانی ئەو سەردەمەش بە بیرتەسک و دواکەوتوو لە قەڵەم دەدەن، کە ئەمە بۆ خۆی خەسارێکە و پێویستە توێژەرانی ئەدەبی و کۆمەڵایەتی بۆ هۆکارەکانی بگەڕێن و کۆد و ڕەمزەکانی پسانی ئەم پێوەندییە لە نێوان نەوەکاندا بدۆزنەوە. یەکێک لەو هۆکارانەی بۆتە هۆی پچڕانی ئەم پردە پێوەندییە نەبوونی ئامراز و کەرستەیەکی ڕاگەیاندن بووە کە لەو سەردەمەدا نەبووە، هەتا پرس و بابەتە سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئەدەبییەکانی ئەو کۆڕ و مەجلیسانە تۆمار بکات، هەتا ئێمە ئەمڕۆ بیانناسین و خوێندنەوەمان بۆیان هەبێت، بۆیە ئەدەبی ئەو سەردەمە بە شێوەی زارەکی و دەماودەم و سینە بە سینە بۆ ئێمە ماوەتەوە و ئەگەر کەسێکیش دەستنووس، یان بەیازێکی ئەو دەمانەی هەبێت، لە ڕەوتی چەوتی ژیان و ماڵ بەکۆڵی و ئاوارەیی کۆمەڵگەکەماندا فەوتاوە و ئاسەوارێکی لێ نەماوەتەوە.

کاتێک ئەدەبی کوردی گەشە دەکات و لێرە و لەوێ، لە تاراوگە و لە بن ئەشکەوتان، یان لە پەراوێزی هەندێ میرنشینی و دەسەڵاتی بەرتەسکی خێڵ و عەشیرەتدا گۆڤار و نامیلکە و ڕۆژنامەی کوردی دێنە وەشاندن و چرای ماڵی ئەدەبی کوردی ڕووناک دەکەنەوە، ئیتر ئەدەبی نویسیاری سەرهەڵدەدات و بەرهەم و دەقەکان لە فەوتان قوتار دەبن. لەم دۆخەدا کە بۆخۆی لە هەر بەشێکی کوردستان و بەپێی هەلومەرجی سیاسی و باری فەرهەنگییەکەی، بەسەر چەند قۆناغدا دابەش دەبێت، ئیتر پرد و سەنتەری پێوەندی و ناسینی تاکی دەستەبژێر و ڕۆشنبیری کورد ئاڵوگۆڕیان بەسەردا دێت و لە دەروازەی نووسین و چاپ و بڵاوکردنەوە یەکتر ناسین دەست پێدەکات. لەم قۆناغەدا ئیتر جۆری پێوەندییە فەرهەنگییەکانی کورد لە شێوازی نەریتی و نامە و بەیازەوە دەگوازرێتەوە بۆ پێوەندیی سەردەمیانە و سیماکان خێراتر یەکتر دەناسن و تۆماری بەرهەم و خوێندنەوەی دەقی یەکتر ئاسانتر دەبێتەوە.

**"ڕامان" بە شنەبای "سروە" باوەشێنی ئەدەب دەکات**

بەم پێشەکییەوە دەمەوێ بڕۆمە ناو باسێکەوە کە ئەویش ئاوڕدانەوەیەکی سەرپێیانەیە لە مێژووی تەمەن و ژیانی گۆڤارێکی گرنگی فەرهەنگ، ئەدەبی و فیکریی نەتەوەکەمان کە ئەویش گۆڤاری "ڕامان"ە کە یەکێکە لە گۆڤارە سەرتۆپ و ڕچەشکێنەکانی کورد و چەند ساڵ دوای ئەزموونی ڕاپەڕین لە باشووری دڵی نیشتمان لەدایک بوو و بە نۆرەی خۆی بووە هۆی لێک گرێدانی ڕێگا دوورەکان و قەڵەم بەدەست و ئەدیب و ڕۆشنبیرانی

کوردی لەدەوری خۆی کۆ کردەوە. بۆ ئەم مەبەستەش من بۆ خستنەڕووی لایەنە بەرجەستەکان و کاریگەریی گۆڤاری ڕامان، لەگەڵ ئەزموون و ڕەوڕەوەی ژیانی کار و چالاکیی گۆڤاری "سروە" لە ڕۆژهەڵاتی نیشتمان بەراوردی دەکەم و کاریگەری و شوێندانەریی هەردوو گۆڤار بەپێی بۆچوونی خۆم لێک دەدەمەوە. بەبێ ئەوەی بڕیار بدەم و سەنگ و پێگەی ئەمیان بەسەر ئەوی دیکەیاندا فەرز بکەم، تەنیا کاریگەریی دوو لایەنەی ئەم هەر دوو گۆڤارە لەسەر ئەدیب، نووسەر و ڕەوتی ڕۆشنبیریی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان باس دەکەم و ئەو خەون و خولیایانە دەخەمە ڕوو کە نووسەرانی کوردی هەردوو پارچە بۆ ئەم دوو گۆڤارە ئەدەبییانە هەیانبووە.

هەروەک دەزانین، گۆڤاری "سروە" حەوت ساڵ پاش شۆڕشی گەلانی ئێران و ساڵی ١٩٨٦ لە قۆناغی سەرکوت و بێ دەرەتانی و لە گەرمەی شەڕی داسەپاو بەسەر گەلی کورددا لەدایک بوو، لە قۆناغێکی هەستیاردا کە شۆڕشی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵات بۆ دەستەبەربوونی مافەکانی چەکی بەرگریی لە فەوتان و نەمانی کردبووە شان و کوردستان لە ئاگردا دەسووتا. پاش کۆماری کوردستان ئەو ئەزموونە بەنرخەی کە




لەبواری ڕۆژنامەنووسی و خوێندن و نووسین بە زمانی کوردی و چاپ و وەشاندا هەیبوو، بۆ ماوەی ٣٨ ساڵ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە شێوەی فەرمی دەرەتان و هەلێکی وەها لە ئارادا نەبووە کە ڕۆژنامەنووسیی کوردی ببووژێتەوە (بێجگە لە هەندێ گۆڤار و دوو حەفتەنامە لە تاران، سنە و مەهاباد کە ئەویش لەژێر چاودێری و کۆنترۆڵی حکوومەتدا بوون)، یان (هەندێ جموجووڵی ڕۆژنامەنووسیی پەرشوبڵاو و پەرتەوازەی شاخ کە بە نهێنی لە شارەکان بڵاو کراونەتەوە) ئیتر لە ڕەوتی ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەنووسیی کوردی لە ڕۆژهەڵات لە ماوەی ئەو ٣٨ ساڵەدا هیچ ئاسۆیەک بەدی ناکرێت، کە بۆ مێژووی نووسین و ئافراندن ٣٨ ساڵ بێدەنگی گەلێک زۆرە و قەرەبووکردنەوەی ئەستەمە.

سروە ڕۆڵەی دەستی ئەدیبێکی عاشقە، کەسێکی سەوداسەرە کە گەلێک خەونی لە خەیاڵدایە، بەرهەمی ڕۆڵەیەکی نیشتمانە کە خەونەکانی لە کۆمارەوە هەڵگرتووە و لە باشوور و بەغدا و ئاوارەیی و دەربەدەریدا گەلێک کوێرەوەری چێشتووە. سروە چراوگی دەستی "هێمن"ـە، ئەو هێمنەی تەنانەت خەونە ڕەنگاڵەییەکانی لە هەناوی شۆڕشی کوردیشدا جێگایان نەبۆوە. ئەم دەسکەوتە کە بە هیمەتی مامۆستا هێمن و کۆمەڵێکی دیکە لە ئەدیب و نووسەر و کەسایەتی فەرهەنگیی کورد هاتە ئاراوە، دەسپێکی قۆناغێکی گرنگ و زێڕینە لە ڕۆژنامەنووسیی ئەدەبی کورد لە ڕۆژهەڵات کە لە جۆری خۆیدا بوو بە بنەمای قوتابخانەیەکی ئەدەبی و زمانی و بووژانەوەی فۆلکلۆر و لەڕاستیدا سەنتەر و مەکۆیەک بۆ ئەدیب و قەڵەم بەدەستان کە لەو دەلاقە و ڕۆچنەوە زۆر کەڵەنووسەر و شاعیر و چیرۆکنووس سەریان هەڵدا کە ئێستا کۆڵەکەکانی ئەدەبی کوردین لە ڕۆژهەڵات. هەرچەند ئامانج و مەبەستی حکوومەتی تاران لە دانانی "ناوەندی سەلاحەددین ئەیووبی و گۆڤاری سروە" لەڕاستیدا شتێکی دیکە و بە جۆرێک بەلاڕێدا بردن و سەرپۆش دانان بوو لەسەر پرسە سیاسییەکان و بەرتەسک کردنەوەی مافە زمانی و فەرهەنگییەکانی نەتەوەی کورد بوو لە ڕۆژهەڵات و دەیویست بیروڕای گشتیی پێ چەواشە بکات، بەڵام لەڕاستیدا بەڕێوەبەران و هەڵسووڕێنەرانی سروە کە هێمن سەرقافڵەیان بوو، بە خستنە سەر ڕێبازی ڕاستەقینەی سروە، بە ئاقاری خزمەت بە فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی، خەونی ناحەزان و پیلانەکانیانی کردە بڵقی سەر ئاو و سروە بوو بە سەرچاوەی هزر و ڕووگەی ئەویندارانی ئەدەب.

ئەوەی گرنگە و دەبێ لێرەدا بۆ مێژووی ڕۆژنامەنووسیی ئەدەبیمان باسی لێوە بکەین، ئەوەیە کە هەر لە ژمارەکانی یەکەمی گۆڤاری سروەوە دەبینین بەهۆی ئەوەی کە مام هێمن بۆ خۆی ئەزموونی ژیانی ئاوارەیی باشووری کوردستانی هەیە و پێوەندیی لەگەڵ زۆرێک لە ئەدیب و نووسەرانی ئەم بەشەی نیشتمان هەبووە، قەڵەمەکانی باشوور لە سروەدا دەردەکەون و کەم ژمارەی سروە هەیە کە بابەتی شیعر، چیرۆک و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی نووسەرانی باشووری کوردستانی تێدا بڵاو نەبووبێتەوە، هەرچەند مەرگ مەودای نەدا هێمنی سەوداسەر و عاشق، تەمەنی درێژ و پڕ ئەزموونی "سروە" ببینێ و پاش دوو ساڵ لە دانانی سروە، کۆچی دوایی دەکات. بناغە و ڕەهەندی فیکریی سروە کە هێمن و هەڤاڵانی دایانڕشتبوو، جۆرێک نەبوو کە بە نەمانی کەسێک، یان دوو کەس لاواز ببێت و تەمەنی ئەویش کۆتایی پێ بێت، بەڵکو شاگرد و قوتابیانی قوتابخانەکەی هێمن پشوودرێژانە درێژەیان بەم کاروانە دا. ئەوەی گرنگە و دەبێ هەڵوەستەی لەسەر بکەین، ئەوەیە کە لەم قۆناغەی ڕۆژنامەنووسیی ئەدەبیماندا پرۆسە و ڕەوتی پێوەندییە فەرهەنگییەکانی ئەدیبان و نووسەرانی کورد دەڕواتە قۆناغێکی ترەوە و لە ساڵی ١٩٨٨ کە کارەساتی هەڵەبجە ڕوو دەدات و دواتر لە سەرەتای نەوەدەکاندا کە پاش ڕاپەڕینی پڕشنگداری کورد لە باشوور و کۆڕەو دەست پێدەکات بە دەیان نووسەر و ئەدیب و هونەرمەندی کورد ڕوو لە ڕۆژهەڵات دەکەن و پێوەندییە ئەدەبییەکە چڕوپڕتر دەبێتەوە و ڕەنگدانەوەی ئەم پێوەندییەش لە دووتوێی لاپەڕەکانی سروەدا دەردەکەون و نامە گۆڕینەوەی نێوان ئەدیبانی باشوور و بەرپرسانی سروە، تەنانەت ئەدیبانی تاراوگەنشینیش خۆی جۆرێک لە ئەدەبی نامەنووسیی تازە بوو. گۆڤاری بەنرخی "سروە" کە شنەیەک بوو بەنێو ڕەشماڵی تاریک و نووتەکی ئەدەبی کوردیدا، لە ماوەی زیاتر لە ٢٦ ساڵ تەمەنی پڕ بەرهەمیدا، توانی بنیادی قوتابخانەیەکی ئەدەبی ڕەسەن دابنێت کە لەو قوتابخانەیەدا گەلێک ئەدیب، شاعیر، چیرۆکنووس و نووسەری پڕ بەرهەم هاتنە مەیدان کە قەڵەمی سروەیان بەدەستەوە بوو. ئەم گۆڤارە لە تەمەنی ٢٦ ساڵەی خۆیدا کە ٢٨١ ژمارەی لێ چاپ و بڵاو کرایەوە، بە چەند قۆناغی جیاجیادا تێپەڕیوە و لە هەر قۆناغێکدا کۆمەڵێک خاڵی لاواز و بەهێزی هەبووە. بەڵام بەداخەوە بەهۆکاری جۆراوجۆری وەک: "کۆچی دوایی ئاسایی نووسەران و بەڕێوەبەرانی سروە، کارەساتی ترومبێل، پرۆسەی لەسەرکار لابردنی نووسەرانی دڵسۆز لەلایەن دەزگا ئەمنییەکان و دەست لەکار کێشانەوە و دەست تێوەردان و کۆنترۆڵ و چاودێری کردنی دەزگای ئەمنییەکان لە کاروباری گۆڤاری سروە، بوونە هۆی لاوازیی گۆڤاری سروە و سەرەنجام بە داخرانی ئینتشاراتی سەلاحەددینی ئەیووبی (ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی) و گواستنەوەی بۆ شاری تاران و نەمانی ستاڤی سەرەکی و سپاردنی بە کەسانی دیکە و دیسان گواستنەوەی بۆ شاری سنە، بەشێکی تەرخان دەکرێت بۆ زمانی فارسی، بەم چەشنە ئیتر گۆڤاری سروە لە ماوەی دوو ساڵی کۆتایی تەمەنیدا لەڕاستەڕێی ڕاستەقینەی خۆی لادەدات و نووسەرانی کوردیش پشتی تێدەکەن و سەرەنجام هاوینی ساڵی ٢٠١١ بە بیانووی گرفتی ئابووری، لەلایەن وەزارەتی فەرهەنگ و ئیرشادی کۆماری ئیسلامییەوە بە یەکجارەکی دادەخرێت و تەمەنی کۆتایی پێدێت.

دەتوانین دەسکەوتەکانی سروە لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا دەستنیشان بکەین:

١- شکاندنی ڕچەیەک و دڕدان بە تاریکی لە قۆناغێکی هەستیاری ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

٢- بەڕای نووسەران، سروە لە ماوەی ئەو ٢٦ ساڵەی تەمەنیدا، وێڕای کەموکوڕییەکانی، توانیویەتی تاڕادەیەک ٣٨ ساڵ بێ دەنگی و نەبوونی ئەزموون و دەرەتانی ڕۆژنامەنووسیی ئەدەبی لە ڕۆژهەڵات قەرەبوو کردۆتەوە.

٣- بووژاندنەوەی گرنگی زمان و ئەدەبی کوردی پاش کۆماری کوردستان.

٤- مەکۆ و سەنتەرێک بۆ کۆکردنەوەی ئەدیب و نووسەران و ڕەخساندنی پردی پێوەندی لە نێوان ئەدیب و نووسەرانی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

٥- پێشوازی لە بەرهەم و ئاسەواری ئەدیب و نووسەرانی لاو و هاندانیان بۆ نووسین.

٦- ئاوڕدانەوە لە زاراوە و دیالێکتە جیاوازەکانی زمانی کوردی وەک: کرمانجی سەروو، هەورامی و کەلهوڕی.

٧- ئاوڕدانەوە لە ڕەوت و قۆناغە نوێیەکانی شیعر و ئەدەبی کوردی، بۆ وێنە وەڕێ خستنی ڕەوتی "ڕچە".

٨- پشتیوانی لە ئەنجوومەنە ئەدەبی و فەرهەنگییەکانی ڕۆژهەڵات و کۆکردنەوەیان لە ناوەندی سروە.

## ڕامان، ئەزموونێکی بەنرخ و کەڵکەڵەی زۆر

لە باشووری کوردستان و دوای ڕاپەڕینی بەشکۆ و پڕ دەسکەوت، شەپۆلێکی بەرین لە گۆڤاری وەرزی، مانگانە، دوو حەفتەنامە و حەفتەنامەی ئەدەبی،

فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و سیاسی و دەزگا و ناوەندی جۆراوجۆری ڕاگەیاندن دامەزران و دەستیان بەکار کرد. هاتنە ئارای ئەم ئەزموونە سیاسییە بۆ کورد کە بە درێژایی مێژووی سەدان ساڵەی خەبات و بەرخۆدانی سیاسی و نەتەوەیی و فەرهەنگی وێنەی نەبووە، ئەوە بوو بە دەرەتان و هەلێکی زێڕین بۆ ئەوەی کوردانی پارچەکانی دیکە، بەتایبەت نووسەر و ئەدیبان وەک ڕووگەی ئاوات و بەدیهاتنی خەونەکانیان چاوی لێ بکەن. یەک لەو ئەزموونە بەنرخانە و یەک لەو دەزگا فەرهەنگی و ئەدەبییانە کە توانی ببێتە مەکۆ و مەڵبەندی ڕاچەنینی ئەدەب "گۆڤاری ڕامان"ە کە ٦ ساڵ دوای ئەزموونی ڕاپەڕین و ١٣ ساڵ دوای گۆڤاری سروە لەدایک دەبێت و وەک شا پەیڤێک ئاسمانی ئەدەب ڕووناک دەکاتەوە.

خەونەکانی ڕامان بەرین و نەتەوەییانە بوون، سنوور و پەرژینە دەسکردەکانی نێوان پارچەکانی کوردستان لای دامەزرێنەر و هەڵسووڕێنەری ئەم گۆڤارە هیچ واتایەکیان نییە و بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدا بووە لە بەشەکانی دیکەی نیشتمانەوە زیاترین بابەتی تێدا بڵاو ببێتەوە و زۆرترین نووسەر و ئەدیب لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە. ئەوەی لێرەدا مەبەستمە ئاماژەی پێ بدەم، مەسەلەی ئاوڕدانەوە و گرنگیدانی گۆڤاری ڕامانە بە ئەدەب و نووسین و فەرهەنگ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ئەمە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە ئەگەر ڕۆژێک بێتو کەسانێک، یان لایەنێک بیەوێ مێژووی ئەدەبی کوردیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بنووسێتەوە، سەرەتا دەبێ لاپەڕەکانی گۆڤاری سروە و پاشان لاپەڕەکانی گۆڤاری ڕامان هەڵداتەوە و بیانکاتە یەکێک لە سەرچاوەکان، بەبێ ئاوڕدانەوە لەم دوو کانیاو و سەرچاوە بەپێزە، نووسین و لێکۆڵینەوەی لەبارەی مێژووی ئەدەبی کوردی لاسەنگی تێدەکەوێ. بەڕێوەبەرانی گۆڤاری ڕامان هەر لە سالانی کۆتایی دەیەی ٩٠ی زایینی بە جددی پێشوازییان لە ئەدیب و نووسەرانی ڕۆژهەڵات کرد، بەتایبەت لە سالی ٢٠٠٠ بەم لاوە نووسین و بڵاوبوونەوەی بابەتەکانی ئەدیب و نووسەرانی ڕۆژهەڵات، بەتایبەت ناوچەی موکریان لە گۆڤاری ڕامان بەربڵاوتر بۆوە، هەرچەند ئەم مەسەلەیە لەوانەیە زۆر جار وەک ڕەخنەیەک لە زۆر لایەنەوە ڕووبەڕووی بەڕێوەبەرانی ڕامان کرابێتەوە، بەڵام هیچ کاتێ نەبۆتە هۆکارێک بۆ پێشگرتن لە بڵاوبوونەوەی بەرهەمی نووسەرانی ئەودیو. ئەم گرنگیدان و بەدەنگەوە هاتنە دەتوانین وەک خاڵێکی جەوهەری و دوولایەنە لێی بڕوانین، چونکە ئەم پرۆسەیە لە جۆری خۆیدا بووە هۆی پتەوترکردنی پێوەندی ئەدەبی و فەرهەنگیی نێوان نووسەران و ئەدیبانی باشوور و ڕۆژهەڵات و ئاشنابوونیان بە نووسینی یەکتر کە یەکێک لە ئامانجەکانی هەر گۆڤار و بڵاوکراوەیەکی ئەدەبی و ڕۆشنبیرییە. لەلایەک نەبوونی دەرەتانی نووسین و بڵاوکردنەوە لە ڕۆژهەڵات و زاڵبوونی کەشودۆخی سەرکوت و زەبروزەنگ وای لە نووسەران کرد بۆ بڵاوبوونەوەی بەرهەمەکانیان ڕوو لە باشوور بکەن و گۆڤاری ڕامانیش بە هەست کردن بە بەرپرسیارێتی نەتەوەیی ئەم هەلەی قۆستەوە کە لە ئەنجامدا و لە ماوەی نزیک بە دوو دەیە ئەم دەور و ڕۆڵە گرنگەی بە باشی گێڕاوە. لە سالی ٢٠٠٠ بەم لاوە فراوانیی نووسینی نووسەرانی ڕۆژهەڵات لە ڕامان، بەتایبەت "دۆسیەی ئەدەبی و فەرهەنگی و هونەری" ڕووی لە فراوانی کرد. دەتوانین بڵێین گۆڤاری ڕچەشکێنی ڕامان و نووسەرانی ڕۆژهەڵات دوولایەنە کولتووری پێوەندی مۆدێرنی ئەدەبی باشوور و ڕۆژهەڵاتیان بنیاد ناوە کە لە جۆری خۆیدا لە گەشەکردنی بیری نەتەوەیی و نیشتمانیدا دەوری بینیوە و پێویستە زیاتر لەسەر ئەم تەوەرەیە لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون بکرێت. ئەو ڕایەڵە و پێوەندییە بەرینەی ڕامان لەگەڵ ئەدیب و نووسەرانی ڕۆژهەڵات لەوانەیە لە دنیای جەنجاڵ و پڕ لە پشێویی تەکنۆلۆژیای ئەمڕۆدا بۆ ماوەیەک گوم بێت و لەبەرچاوان نەبێت، بەڵام ئەگەر بە وردی لێی بڕوانین و بێ لایەنانە و کوردانە هەڵسەنگاندن بکەین، لە پانتایی ئەدەب و ڕۆشنبیریدا ئەوانە براوە و ڕووسوورن کە ڕچەشکێن و لە گشتی گرنگتر ئەوانە لە لاپەڕەکانی مێژوودا دەمێننەوە کە نییەت و مەبەستی پاکی خزمەت بە زمان و ئەدەبیان هەیە، کە بەڕای من گۆڤاری ڕامان ئەم تایبەتمەندییانەی تێدایە، چونکە ڕامان لە بوارەکانی "زمان و ئەدەبی زارەکی، شیعری کلاسیک، شیعری نوێ، هونەری شانۆ، سینەما، گۆرانی و مووزیکی ڕەسەن و شێوەکاری" بەپێی توانایی و دەرەتان ئاوڕی لە ڕۆژهەڵات داوەتەوە و لەو بوارەدا پشکی شێری بەرکەوتووە. ئەم وتانە بە واتای ڕەها نایەن کە ئیدی ڕامان هیچ کەموکوڕییەکی نییە و بێ نەقسە، چونکە ئەم گۆڤارە بەپێی سروشتی کاری و بەپێی ئاڵوگۆڕی هەلومەرجەکان لە هەندێ قۆناغدا لاواز بووە و لەوانەیە ئەو کاریگەرییەی کە جاران هەیبوو نەیمابێت، دیارە ئەمەش پێوەندی بە خوێنەر و بەردەنگ و بەگشتی هاتنە ئارای ڕاگەیاندنی مۆدێرن و کەناڵە ئاسمانییەکان و ئینتەرنێتەوە هەبێ کە سەرەڕای کاریگەرییە ئەرێنییەکانی، کاریگەریی نەرێنیشیان لەسەر هەموو لایەنەکانی کۆمەڵگەی کوردستان داناوە. بەڕای من یەکێک لەو بۆشاییانەی کە ڕامان بە درێژایی تەمەنی

هەستی پێ دەکرێت، ئاوڕنەدانەوەیە لە زمان و ئەدەبی کەلهوڕ، فەیلی، لەکی و بەگشتی زمان و کولتووری کوردانی ئیلام و کرماشان کە بەڕاستی پێویستییان بە ئاوڕلێدانەوە و پشتگیری هەیە.


گۆڤاری خۆشەویست و لەبەردڵانی ڕامان کە هەژدەساڵی ڕەبەقە لە چەق و مەیدانی ئەدەب و نووسین و داهێنانی کوردیدا چالاکە و هەگبەکەی پڕە لە ڕەمزی هەرمان، بۆتە هەوێن و ڕووگەیەک بۆ قەڵەمە بە بڕشت و جددی و کاراکانی ڕۆژهەڵات و باشووری نیشتمان، بۆتە پردە بازێک بۆ پەڕینەوەی نووسەران و ئەدیبانی کورد لە ڕووباری ئاڵۆزیی نووسین و بڵاو کردنەوە، بۆتە ڕچەشکێنی سنووربەزێن و ئاشنا کردنی نووسین و بەرهەمی ئەدیبانی ڕۆژهەڵات بە بەشەکانی دیکەی کوردستان و خولیاکانی ئەدەب و کاروانی ڕۆشنبیریی گەلەکەمانی ئەکتیڤتر کردووە. بە ڕەچاوکردنی تایبەتمەندی کە پێشتر بڵاوکراوەیەکی سەردەمیانە، ڕامان بۆتە قوتابخانەیەک و ئەگەر بێتو لێکۆڵینەوەیەکی زانستی و مەیدانی لەبارەی ئەدەب و ڕۆشنبیریی کوردییەوە ئەنجام بدرێ، بەبێ بەکار هێنانی ڕامان وەک بنەچە و سەرچاوە، بێ گومان غەدرێکە لە ئەدەب و ناسوپاسییە لە هەمبەر خزمەت و چالاکییەکانی ئەم گۆڤارە بەنرخ و بەپێزە و بەڕێوەبەرانی. ڕامان تاڤگەیەکە کە هەردەم هاژەی دێ، ڕووبارێکە بەردەوام دەخرۆشێ و دەڕژێتە دەریای زانیاری و شەپۆلەکانی ئۆقیانووسی مەندی ئەدەب و ڕۆشنبیری دەهەژێنێ. ئەوەی کە بووە هۆی نووسینی ئەم بابەتە، گرینگی و سەنگ و بەهای گۆڤاری ڕامانە کە هەژدە ساڵە بێ غەلوغەش لە بڵاوکردنەوەی بابەتی بەنرخ و پڕ ناوەرۆک درێغی نەکردووە. ١٧ ساڵە لە باسکەکانی پشتکۆی ئیلامەوە هەتا داوێنەکانی ئارارات و دالانپەڕ لە ڕۆژهەڵات، شارو شارۆچکە، کۆڵان و شەقام، بازاڕ و ئەنجوومەن و سەنتەر و ڕێکخراوە و کتێبخانەی کوردی بە پیت و وشە و دێڕی پڕ لە جوانی و داهێنانەکانی ڕامان ڕازاونەتەوە. نەناسینی سنوور و پشتگیری لە قەڵەم و نووسینە باش و شیاوەکان، پشتگوێ خستنی هەستی ناوچەیی و گرنگیدان بە پلۆرالیزمی بابەت و نووسین و فرەچەشنی و لە هەمان حاڵدا بڵاوکردنەوەی ڕەخنەی بابەتییانە و بنیادنەرانەی بەدوور لە شکاندنی کەسایەتی خاوەن دەق، کارێکی وایان کردووە کە هەر ڕۆژە بەها و سەنگی ڕامان ڕوو لە زیاد بوون بکات. ئەوکاتانەی کە من لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تازە لەگەڵ نووسین و ئەدەبیات دارە دارەم دەکرد، ناو بەناو دەگەیشتە شاری سنە و دەمخوێندەوە، هەر لە سەرەتاوە هۆگرییەکی سەیرم بەم گۆڤارە پەیدا کرد و بۆ دەست خستنی ژمارەکانی هەوڵێکی زۆرم دەدا، بەتایبەت لە ساڵانی ٢٠٠٠ بەم لاوە خوێنەرانی لە ڕۆژهەڵات زیادی کرد و ئەدیبان، نووسەران، شاعیران و خوێندکارانی کورد لە ڕۆژهەڵات بە پەرۆشەوە لە هەوڵی بە دەستخستنی ژمارەکانی گۆڤاری ڕاماندا بوون، بە چەشنێک زۆر جار بۆ بەدەستهێنانی ژمارەیەکی ڕامان گیانی هۆگرانی ئەم گۆڤارە لەسەر سنوورە دەسکردەکانی کوردستان دەکەوتە مەترسییەوە، بەڵام خۆشەویستی و جێکەوتنی لەلای نووسەران وای کردبوو کە لایەنی ماددی پشتگوێ بخرێ، تەنانەت گیانیشی بکەوێتە مەترسییەوە. ئاخۆ چ شتێک وا لە نووسەران دەکات کە بەم چەشنە خولیای گۆڤارێک بن، بێجگە لە دڵسۆزی و خەمخۆریی بەڕێوەبەرانی ئەم گۆڤارە نەبێ کە ئامانجیان تەنیا گرنگیدان بە بەرهەم و نووسینی ئەدیب و نووسەرانی کورد و خزمەت بە کاروانی ڕۆشنبیری و داهێنان و زمان و ئەدەبی کوردییە بەبێ جیاوازیی بڵاوکردنەوە.

بێ گومان ڕامان لە دیرۆکی ئەدەب و هونەر و ڕۆشنبیریی کورددا وەک ئاوێنەی باڵا نوێن و ڕەمزی هەرمان و هەوێنی داهێنان دەمێنێتەوە، ئەمەش بەدی نایەت، بێجگە لە خزمەت و دڵسۆزی و هاوکاریی هەمەلایەنەی ستاڤی گۆڤارەکە و هەموو نووسەران و ئەدیبانی کورد نەبێ کە جێگای ڕێز و پێزانینە، بۆیە دەستخۆشانە و ماندوو نەبوون لە سەرجەم بەڕێوەبەران و کارگێڕانی ماندوونەناسی گۆڤاری ڕامان دەکەم و سەرکەوتنی هەرچی زیاتریان بۆ بە ئاوات دەخوازم. پیرۆز بێ داگیرسانی مۆمی نۆزدەمین تەمەنی ڕامان.

*** ئەم وتارە لە ئێوارەی ڕۆژی یەکەمی سیمیناری دەرچوونی ٢٠٠ ژمارەی ڕامان لە هۆڵی کتێبخانەی زەیتوون لە ڕۆژی ٢٠١٤/٣/١٤ خوێنرایەوە.**

**** کاک شەریف فەلاح وەک ئاگادارێکی دوو قۆناغی گۆڤاری ڕامان ئەو وتارەی نووسیوە، قۆناغی یەکەم کە وەک خوێنەرێک ئاگاداری کاریگەری ڕامانە لەوکاتەدا کە لە شاری سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ژیاوە، قۆناغی دووەم ئاگاداری ئەو قۆناغەیە کە لە شاری هەولێر و دواتر لە شاری سلێمانی گیرساوەتەوە و لە نزیکەوە وەک نووسەرێکی بەشدار لە ژمارەکانی ئاگای لە کار و چالاکی و کاریگەریی ڕامان بووە.**

**«ڕامان»**






# بەگشتی نووسەرانیش ناخوێننەوە

**غەمگین بۆڵی**

کـۆی ئەو تەنگژانەی بەسـەر تاکی کـورددا هاتوون و دێن، وایان کـردووە هەمـیشـە هەست بە بۆشـایی ڕوح بکات، کـاتێک ئەم بۆشـاییـە ڕوحیـیـە بە خـوێندنەوەی کـتـێب و گـۆڤـار و ڕۆژنامـە و سـەیرکـردنی فـیلم و تابلۆ پڕ نەبێتـەوە، ئەوە جێگەی گومان نییە بۆشاییەکانی ڕوح فراوانتر دەبن، بۆیە قەیرانەکانی ئەمڕۆکە، دۆخێکی خراپیان دروستکردووە، تا کار گەیشتووەتە ئەوەی بە " مـەرگی کـتـێب" ناوزەندی بکەن، کە پێم وا نـیـیە ئەم ڕۆژگـاری مردنی کتێبە لە هیچ دۆخێکدا بێتەدی. ناشبێت ئەوە فەرامـۆش بکەین، کەناڵەکانی گەیاندن و تەکنۆلۆژیای سەردەم هۆکارێکی ترن، لەگەڵ هەمـوو ئەمانەیش، من وای دەبینم کە مرۆڤەکان بەگشتی بەرەو بە ئامێربوون دەچن، ئامـێر مرۆڤی داگیرکـردووە، کاتێکیش خوێنەر ئامـێر داگـیری دەکـات، بێ گومـان لایەنی ڕوحی لە ژیانیدا دوور دەکەوێتەوە. دنیـای ئامێر لە دەرەوەی مرۆڤـەوەیە، دنیـای کـتـێب پێویسـتی بە ناوەوەی مرۆڤ هەیە، کەوابێت ئەم بەریەککەوتنە وای کردووە، ڕێژەی خوێنەر لە ئاستێکی نزم خۆی ببینێتەوە. ئاخر بەشێکی زۆری تاکی کورد، زۆربەی کات بە فەیسبووکەوە سەرقاڵە، کە خوێندنەوەی ناو دنیای فەیسبووکیش جوایەزە لەگەڵ خوێندنەوەی کتێب. من بۆ خـۆم ئەوەندەی چێـژ لە خـوێندنەوەی کـتـێبی نـاو کـتـێبـخـانەکـەم دەبینم، ئەوەندە چێژ لە نووسین و کـتـێبەکانی ناو فـەیسبـووک و لاپتـۆپەکەم نابینم، بۆیە لەگـەڵ ئەوەدا نیم ئەم دۆخـە بە " مردنی کـتـێب" ناوببرێ، بۆیە دەتوانین بڵـێین: «کتێب ئەو بەها و پیرۆزییەی جارانی نەماوە، کە بۆ خوێندنەوە ئەو دەست و ئەو دەست بکات».

دەمـەوێت ئەوەش بڵـێـم: نووسـەران خـۆیان پێـشـەنگی ئەم تەنگژەیەن کـە کـتـێـبی تێکەوتووە، چونکە ئەم قـەیرانە تەنیـا لەلای خـوێنەر ناوەسـتـێت، نووسەرەکان خۆشیـان ناخوێننەوە.. بۆ ئەوەش ئاماژە بە هەقیقەتێک دەدەین، بەشێکی زۆری کتێبە شیعرییەکان تیراژیان لە پێنج سەد دانە تێناپەڕێت، کەچی نیـوەی لێ نافـرۆشێت، لەکاتێکدا ئەوانەی شـیـعـر دەنووسن و گـوایە شاعیرن ڕێژەکەیان پێنج تا شەش هێندەی تیراژی کتێبە شیعرییەکەیە، ئەگەر بڕیار بێت ئەوان بـخوێننەوە، ئاخۆ دەبێت بۆچی پێنج سەد دانە لە کـتـێبێکی شیعری نەفرۆشرێت؟ لەوەوە دەگەینە ئەو هەقیقەتەی کە ئەوانەی دەشنووسن، ناخـوێننەوە! ئەوە تەنیـا لە شـیـعـردا کـۆنابێتـەوە، هەر ژانرێکی دی بە نموونە وەربگرین، دەکرێت دروست بێت، بۆیە نووسـەران خۆیان بەرپرسن لەم قـەیرانە و پێویستـە بە خـۆیان بخوێننەوە و چیتر ئەم قسـەیە نەڵێنەوە، کە خوێنەری کتێب کەمبووەتەوە. بەشێکی زۆری نووسەرانیش تەنیا بۆ ئەوە دەخوێننەوە تا بڵـێن: ئەویش دەخـوێنێـتـەوە، یان تـەنیـا نووسـەرە هاوڕێیـەکـانی خـۆی دەخوێنێتـەوە، ئیـتـر لە هزری ئەوان پتر تێپەڕ ناکات و چاوی خـوێندنەوەی کتێبی تر نابینێت.